خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

---

سەرپەرشتیاری پرۆژەی چاپکردنی کتێب
د. لوقمان رەئوف
ئەرسەلان حەسەن
باوان عومەر
بابان ئەنوەر

# دەقی شیعری کوردی لەروانگەی سیمیۆلۆژییەوە

## (1950ـ1975) کرمانجی خواروو

د. لوقمان رەئوف

2016

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنور حسێن

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە( 149)

ناوی کتێب: دەقی شیعری کوردی لەروانگەی سیمیۆلۆژییەوە
بابەت: ڕەخنەی ئەدەبی
نووسەر: د. لوقمان ڕەئوف
تایپ و هەڵەچنی: کەیوان عومەر- نیاز کەمال - زریان ڕەحیم
دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئومێد محەمەد
ساڵی چاپ: 2016
تیراژ: 500 دانە
چاپخانە: حەمدی
نرخ: 4000 دینار
لەبڵاوکراوەکانی: دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
ideafoun@gmail.com
www.facebook.com/dezgai.idea

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردن( 1809 )ی ساڵی 2016ی پێدراوە

# دەقی شیعری کوردی
# لەڕوانگەی سیمیۆلۆژییەوە

## کرمانجی خواروو (1950ـ1975)

د. لوقمان ڕەئوف

2016

# پێڕست


پێشەکی............................................................................. 9


## بەشی یەکەم
## تەوەری یەکەم


-چەمك و پێناسەی سیمیۆلۆژیا.............................................................. 15
-مێژووی سیمیۆلۆژیا.............................................................. 31
أ .گريك ............................................................................. 35
ب. ڕەواقییەکان.............................................................................. 40
ج. قەشە ئۆگەستین.............................................................................. 45
د. سەدەکانی ناوەڕاست.............................................................................. 47
ه.سەردەمی نوێ ............................................................................. 49
1. پێرس.............................................................................. 52
2.سۆسێر.............................................................................. 54
3.روسيا.............................................................................. 56
4.بەریتانیا.............................................................................. 57
5.عەرەب.............................................................................. 58
6.کورد.............................................................................. 61
- بابەتەکانی سیمیۆلۆژیا.............................................................................. 69
ا. سیمیۆلۆژیاو لۆژیك.............................................................................. 71
ب. سیمیۆلۆژیاو زمانەوانی.............................................................................. 73
ج.سیمیۆلۆژیاو ئەدەب.............................................................................. 75


## تەوەری دووەم


-قوتابخانە سیمیۆلۆژیاییەکان.............................................................................. 78
-1 قوتابخانەی ئەمریکی.............................................................................. 78
-2 قوتابخانەی فەرەنسی.............................................................................. 81

ا- ئاراستەی سۆسێری........................................................81
ب- ئاراستەی پەیوەندیکردن...................................................82
ج- ئاراستەی دەلالەت..........................................................85
د- ئاراستەی پاریسی سیمیۆتیکی............................................89
هـ- ئاراستەی سیمیۆتیکای مادی.............................................90
و- ئاراستەی سیمیۆلۆژیای هێمایی...........................................90
3 .قوتابخانەی روسی...........................................................91
4 . قوتابخانەی ئیتاڵی..........................................................95

## تەوەری سێیەم

- میتۆدەکانی لێکدانەوەی سیمیۆلۆژیای ئەدەب...............................97
1.میتۆدی لێکدانەوەی سیمیۆلۆژی.............................................97
ا-میتۆدی لێکدانەوەی دابەشکاری...............................................99
ب- میتۆدی لێکدانەوەی چەمکی..............................................100
ج- میتۆدی لێکدانەوەی ئاماریی...............................................101
2 . میتۆدی تێل کێل..........................................................102
3.میتۆدی لوتمان...............................................................105
-4 میتۆدی سیمیۆلۆژیای هاوچەرخ.............................................107

## بەشی دووەم

-چەشنەکانی نیشانە لەشیعری شاعیراندا...........................................134
-پێناسەی نیشانە...................................................................134
-نیشانە لای هەریەکە لە :
1- پێرس ...........................................................................140
2 - سۆسێر.........................................................................149
-جیاوازی لەنێوان پێرس و سۆسێردا..............................................154
3- ئۆگدن و ریچاردز.............................................................156
4- مۆریس.........................................................................158

## لێکەوتەکانی بابەت

**1- ئایکۆن........................................................................................162**

قۆناغی یەکەم:  1950 - 1958..................................................................168

قۆناغی دووەم:   1958-1961.................................................................180

قۆناغی سێیەم:  1961-1970...................................................................185

قۆناغی چوارەم:  1970-1975.................................................................197

2-   **ئیندێکس**.....................................................................................205

قۆناغی یەکەم:  1950 - 1958................................................................208

قۆناغی دووەم:   1958-1961.................................................................221

قۆناغی سێیەم:  1961-1970...................................................................227

قۆناغی چوارەم:  1970-1975.................................................................238

**3- هێما..............................................................................................345**

قۆناغی یەکەم:  1950 - 1958................................................................248

قۆناغی دووەم:   1958-1961.................................................................255

قۆناغی سێیەم:  1961-1970...................................................................259

قۆناغی چوارەم:  1970-1975.................................................................265

## بەشی سێیەم

-جۆرەکانی سیمیۆلۆژیا لەشیعری شاعیراندا...........................................283

1-  سیمیۆلۆژیای ناونیشان.......................................................................283

مێژووی بەکارهێنانی ناونیشان...............................................................288

ا- لە ئەدەبی ئەوروپیدا..........................................................................288

ب- لە دەقی شیعری کوردییدا...............................................................289

گرنگی ناونیشان......................................................................................291

جۆرەکانی ناونیشان.................................................................................292

**1- سیمیۆلۆژیای ناونیشان لەشیعری شاعیراندا........................293**

قۆناغی یەکەم: 1950 - 1958........................................................................293

قۆناغی دووەم: 1958-1961........................................................................316

قۆناغی سێیەم: 1961-1970........................................................................324

قۆناغی چوارەم: 1970-1975........................................................................342

**2- سیمیۆلۆژیای کەسایەتی........................................356**

قۆناغی یەکەم: 1950 - 1958........................................................................363

قۆناغی دووەم: 1958-1961........................................................................375

قۆناغی سێیەم: 1961-1970........................................................................385

قۆناغی چوارەم: 1970-1975........................................................................392

**3- سیمیۆلۆژیای وێنەی شیعریی........................................399**

قۆناغی یەکەم: 195 - 1958........................................................................402

قۆناغی دووەم: 1958-1961........................................................................409

قۆناغی سێیەم: 1961-1970........................................................................411

قۆناغی چوارەم: 1970-1975........................................................................416

**4- سیمیۆلۆژیای شوێن........................................421**

قۆناغی یەکەم: 1950 - 1958........................................................................422

قۆناغی دووەم: 1958-1961........................................................................430

قۆناغی سێیەم: 1961-1970........................................................................434

قۆناغی چوارەم: 1970-1975........................................................................443

**- ئەنجام........................................................449**

**-سەرچاوەکان........................................................461**

## پێشەکی

زانستی سیمیۆلۆژیا، یەکێکە لە میتۆدە رەخنەییە نوێکانی پاش بوونیادگەری، لەگەڵ ئەمەشدا بۆخۆی پێشینەیەکی مێژوو هەیە، چونکە لەکۆنەوە لە کاری پزیشکی و لۆژیکدا، بیری سیمیۆلۆژی خۆی ناساندوە،دواتر لە لۆژیك جیابووەوەو وەك زانستێکی سەربەخۆ خۆی راگەیاند، پاشان لەبواری زمانەوانی، دواتر تەواوی بوارەکانی تری گرتەوە، بەهۆی ئەم پێگە گرنگەو گرنگی و دیاری قۆناغێکی دەقی شیعریی کوردی، کە قۆناغی(1950-1975)ە، کارمان بەم میتۆدە گرنگە کردوە، چونکە لەلایەك میتۆدێکی گرنگە بۆ دەق بە گشتی و دەقی شیعریی بەتایبەتی، بەوپێیەی خودی شیعر زمانەو هەڵگری کۆدو رەمزو نیشانەیە، لەلایەکی ترەوە کارکردن بەم میتۆدە لە ئەدەبی کوردیدا کەمەو خودی ئەم قۆناغەش، بە پچڕپچڕ لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە، نەك وەك قۆناغیکی گرنگی شیعری کوردی، جگەلەمەش لە دەقی شیعرییدا، نیشانەو ئاماژەکان بوونەتە چەقی سەرەکی دەقە شیعرییەکەو لەم روانگەشەوە کارکردن لەسەر دەق لە روانگەی سیمیۆلۆژیەوە، بووەتە پێویستییەکی دەقی شیعریی.

ئەم کتێبە، هەوڵدانە بۆ دیاریکردن وخستنەرووی پێگەو رۆڵی میتۆدی سیمیۆلۆیاو دواجاریش نیشانەو چەشنەکانی نیشانە لەناو دەقدا، بۆیە پێکهاتوە لە سێ بەش:

بەشی یەکەم: بریتییە لە سێ تەوەرە، تەوەری یەکەم: باسکردنە لە چەمك و پێناسەی سیمیۆلۆژیا، بۆ ئەم مەبەستەش وەك دەروازەی ناساندن، چەند پێناسەو بۆچوونێکی جیاواز لەم بارەوە خراونەتە روو، دواتر باس لە مێژووی سیمیۆلۆژیا کراوە، لەپێناوەشدا باس لە مێژووی سیمیۆلۆژیا لای هەریەکە لە( گریك، رەواقییەکان، سەدەی ناوەڕاست، پێرس و سوسێر،رووسیا،بەریتانیا، عەرەب، کورد) کراوە، دواتر بابەتەکانی سیمیۆلۆژیا کە بریتیین لە لۆژیك، زمانەوانی، ئەدەب خراونەتەروو.

لە تەوەری دووەمیشدا: باس لەقوتابخانە سیمیۆلۆژیاییەکان کراوە، کە بریتیین لە قوتابخانەی( ئەمریکی، فەرەنسی، روسی، ئیتاڵی)، پاشانیش لە تەوەری سێیەمدا باس لە میتۆدەکانی لێکدانەوەی سیمیۆلۆژیای ئەدەب کراوە،

کە خۆی لە میتۆدەکانی( لێکدانەوەی سیمیۆلۆژی، لێکدانەوەی دابەشکاری، تل کل، لوقمان، سیمیۆلۆژیای هاوچەرخ)دا دەبینێتەوە.

لەبەشی دووەمدا: باس لەچەشنەکانی نیشانە لەشیعری شاعیراندا کراوە، بۆ ئەم مەبەستەش چەندین پێناسەی نیشانە خراونەتەروو، پاشان نیشانە لای هەریەکە لە(پێرس، سۆسێر، ئۆگدن و ریچاردز، مۆریس)دیاریکراوە، دواتر رەگەزەکانی نیشانە کە بریتیین لە(ئایکۆن، ئیندێکس، هێما) کە بە چوار قۆناغ و بەپێی بارودۆخی سیاسی عیراق و هەرێمی کوردستان دیاریکراون، بریتین لە قۆناغەکانی(قۆناغی یەکەم: 1950-1958/7/13، قۆناغی دووەم: 1/7/14-958 1961/9/10، قۆناغی سێیەم: 196110/9/11-/1970/3/، قۆناغی چوارەم: 1970/3/11-1975)و نموونەی شیعریی بۆ هەریەکە لەم رەگەزی نیشانانە هێنراونەتەوەو بەپێی رۆڵی هەریەکە لەم چەشنانە، لێکدانەوە بۆ دەقە شیعریەکە کراوە.

بەشی سێیەمیش تایبەتکراوە بە جۆرەکانی سیمیۆلۆژیا لەشیعری شاعیراندا، لەم پێناوەشدا باس لە(سیمیۆلۆژیای ناونیشان، سیمیۆلۆژیای کەسایەتی، سیمیۆلۆژیای وێنەی شیعریی، سیمیۆلۆژیای شوێن) بەپێی چوار قۆناغەکە کراوەو نموونەی شیعریی بۆ هەریەکە لەم جۆرانە هێنراوەتەوەو بەپێی پەیام و رۆڵی هەریەکە لەم چەشنانە، لێکدانەوە بۆ دەقەکان کراوە.

**هۆی هەڵبژاردنی بابەت:**

•گرنگی بابەتەکە لە ڕەخنەو دەقە ئەدەبییەکاندا.

•قۆناغی شیعریی(1950-1975) لە شیعری کوردیدا قۆناغێکی گرنگە، ئەگەرچی لە روانگەی جیاوازو بە میتۆدی جیاجیا کاری لەسەر کراوە، بەڵام تاوەکو ئێستا بە میتۆدی سیمیۆلۆژی کاری لەسەر نەکراوە، بۆیە ئەم بابەتەمان هەڵبژارد.

**سنوری لێکوڵینەوەکە:**

لەبەرئەوەی سنوری کارکردرنی کتێبەکە، بریتییە لە ساڵی 1950-1975، بۆیە دیارترین شاعیری ئەم قۆناغەمان هەڵبژاردوە، تاوەکو گۆڕانەکان دیاریبکەین،

لەم پێناوەدا(14) شاعیرمان دەستنیشانکردووەو دەقەکانیانمان بەپێی میتۆدی سیمیۆلۆژی لێکداوەتەوە، شاعیرەکانیش بریتین لە(گۆران، دیلان، کامەران موکری، ئەحمەد هەردی، کامل ژیر، نوری وەشتی، حەسیب قەرەداخی، شێرکۆ بێکەس، عەبدوڵڵا پەشێو، ئەنوەر شاکەلی، جلالی میرزاکەریم، لەتیف هەڵمەت، ئەنوەر قادر محەمەد، سوارەی ئیلخانی زادە).

**•ئامانجی لێکوڵینەوەکە:**

1.دەرخستنی لایەنە شاراوەو گرنگەکانی قۆناغەکە.

2.ناساندن و دەرخستنی رۆڵ وگرنگی سیمیۆلۆژیا لە لێکدانەوەی دەقی نوێی شیعرییدا.

3.لێکۆڵینەوە لە چۆنییەتی بەکارهێنانی نیشانە و هێماکان، وەك هۆکاری پەیوەندی لەزمانێکی دیاریکراودا، هەروەها ئەو پەیوەندییەی کە نیشانەو رەمزەکان ئاماژەی بۆ دەکەن، یان پەیوەندی نیشانەو هێماکان لەگەڵ یەکتردا دەخاتەروو.

4.کردنەوەی دەرفەتێك بۆئەوەی لە داهاتوودا، شیعری کوردی بەگشتی و قۆناغەکانی تری شیعری کوردی بەتایبەتی، بەم میتۆدە کاری لەسەر بکرێت.

**گرفتی لێکوڵینەوەکە:**

1-زۆری زاراوەی بەکارهێنراو لەبەرامبەر وشەی سیمیۆلۆژیادا.

2- کەمی و بەگران دەستکەوتنی سەرچاوە نوێ و سەرەکییەکان.

**میتۆدی لێکوڵینەوەکە:**

1.بەمەبەستی بەخشینی سیمایەکی زانستی و ئەکادیمی بە لێکۆڵینەوەکە، میتۆدی مێژوویی و سیمیۆلۆژی بەکارهێنراوە.

2.لەم پێناوەشدا لە بەشی یەکەمدا بە پێی میتۆدی مێژوویی و لەبەشی دووەم و سێیەمدا بە پێی میتۆدی سیمیۆلۆژی کار لەسەر شیکارکردنی دەقەکان کراوە.

# بەشی یەکەم

**تەوەری یەکەم**

**-چەمك و پێناسەی سیمیۆلۆژیا**

**-مێژووی سیمیۆلۆژیا :**

**ا- گریك ب- ڕەواقی ج- قەشە ئۆگەستین د- سەدەکانی ناوەڕاست**

**ه- سەردەمە نوێ**

**- بابەتەکانی سیمیۆلۆژیا :**

**ا- سیمیۆلۆژیاو لۆژیك ب- سیمیۆلۆژیاو زمانەوانی**

**ج- سیمیۆلۆژیاو ئەدەب**

**تەوەری دووەم: قوتابخانە سیمیۆلۆژیاییەکان**

**1- قوتابخانەی ئەمریکی :**

**2- قوتابخانەی فەرەنسی :**

**3- قوتابخانەی روسی :**

**4- قوتابخانەی ئیتاڵی :**

**تەوەری سێیەم: میتۆدەکانی لێکدانەوەی سیمیۆلۆژیای ئەدەب**

**1.میتۆدی لێکدانەوەی سیمیۆلۆژی :**

**1.میتۆدی تل کل:**

**2.میتۆدی لوتمان:**

**3.میتۆدی سیمیۆلۆژیای هاوچەرخ :**

## تەوەری یەکەم: چەمك و پێناسەی سیمیۆلۆژیا

هەرچەندە سیمیۆلۆژیا هەردوو زاراوەی سیمیۆتیکا(SEMIOTIQUE) و سیمیۆلۆژیا(SEMIOLOGIE)ی بۆ بەکارهاتووە، بەڵام هەردووکیان لە وشەی(SEMIO)وەرگیراون و بنچینەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ وشەی یۆنانی(SEMEION) واتە نیشانە، بەڵام تەنها لەرووی سەفێکسەکانیانەوە(SUFFIXE) جیاوازن، بەوەی لە زاراوەی یەکەمدا(LOGIE) بنچینەکەی دەگەڕێتەوە بۆ وشەی یۆنانی(LOGOS) واتە گوتار، هەندێ جاریش بەواتای زانست هاتوە، لەزاراوەی دووەمیشدا(TIQUE) کە بنچینەکەی دەگەڕیتەوە بۆ زمانی لاتینی و بەواتای رێژەیەك لە دیالێکتیکی بەکارهاتووە1

لەهەمانکاتیشدا لەبەرئەوەی وشەی(SEMEION) واتای نیشانەی گەیاندوە، واتایەکی سنورداری لەبواری پزیشکیدا هەبووە، لەبەرئەوە یەکەم جار لەبواری پزیشکیدا بۆ ئاماژەکردن بەو نیشانانەی کە لە نەخۆشی(ئەفۆست) دا دەرکەوتن بەکارهێنراوە «2، واتە ئەو سیپتۆمانەی(اعراض) کە نەخۆشیەکە لەسەر نەخۆش دەریخستون، جگە لەمەش زاراوەی(SEMIOTIKE) لای دکتۆرەکانی گریك واتای توێکاری گەیاندوە، بەڵام واتا فراوانەکەی لە زانستی مرۆییدایە، چونکە لێکۆڵینەوەیە لە نیشانەکان لەناو سیستمێکی دیاریکراودا»3، هەروەها لای دکتۆرەکانی سەدەی ناوەڕاست بەواتای(سەرەنجدان لە سیپتۆمەکانی نەخۆش هاتوە، کەواتە نیشانەناسی لە زاراوەکانی زانستی پزیشکیدا بەکارهاتوەو کاری لەسەر سیپتۆمی نەخۆشی کردوە «4 چونکە «وشەی(SEMON) لە یۆنانی کۆندا بەواتای نیشانە بەکارهێنراوە، بۆیە لەکۆندا لەبواری پزیشکیدا بۆ هەر سیپتۆمێك، کە لە نەخۆشەکاندا دەردەکەوت بەکارهێنراوە و بەهۆشیەوە جۆری نەخۆشیەکە دەستنیشاندەکرا»5، کەوایە دیسانەوە لەبواری پزیشکیدا سیمیۆلۆژیا کارکردنە لەسەر واتای نیشانەکان و ئەو مەدلولانەی کە نیشانەکان گەیاندویانە.

بەڵام دواتر «جۆن لۆك زاراوەی(SEMIOTICA) ی بەواتای میتۆدە

مەعریفییە فەلسەفیەکان، پاشان بەواتای تیۆری نیشانەکان بەکارهێناوە»6، دواتر ئەم زاراوەیە گوازرایەوە بۆ بواری لۆژیك و زانستی زمان و دواتریش ئـەدەب و کلتورو....تاد، لێرەوە سیمیۆلۆژیا(SEMIOLOGIE) یان سیمیۆتیکا(SEMIOTIQUE) بریتییە لە»زانستی نیشانەکان»7 ئەمەش واتە کار لەسەر نیشانە(SIGN) و(واتا MEANING)دەکات.

زاراوەی (SEMIOITKE)لای ئـەفـلاتـون لـەپـاڵ زاراوەی (GRAMMATIKE) دەبینرێت، کە بە واتای فێربوونی نوسین و خوێندنەوە دێت و پەیوەستە بە فەلسەفەو هونەری بیرکردنەوەوە، جگە لەمەش ئەفلاتون وشەی(SEMIOTIQUE)ی بەکارهێناوە بۆ دەلالەت لە هونەری رازیکردن و جەختی لەسەر ئەوەش کردوە، کە شتەکان کرۆکیان جێگیرەو وشەش ئامرازی پەیوەندیە، بەم پێیەش لە نێوان وشەو واتاکەیدا گونجاندنێکی سروشتی لە نێوان دال و مەدلولدا هەیە، هەروەها ئەرستۆش لەم بوارەدا گرنگی بە تیۆری واتا داوە، بەتایبەتی لەبواری لوژیکی وێنەییدا کاریکردوە، دواتر رەواقییەکانیش کاریان لەسەر ئەم زانستە کـردوەو بنەمای بیری سیمیۆلۆژیان دامەزراند، بەوەی جیاوازیان لە نێوان دال و مەدلولدا کرد8، کەواتە سیمیۆلۆژیا لای یۆنانییەکان بریتی بووە لە پۆلێنی نیشانە بیرییەکان، لەپێناو ئاراستەکردنی لە لۆژیکی فەلسەفی گشتی و تەواودا، سیمیۆلۆژیای کۆن لایەنگری مەدلولە بیریەکانە، لەم ڕوانگەشەوە بەپێی هەندێ لە سیماکان، سیمیۆلۆژیا تێکەڵ بە لۆژیکی وێنەیی دەبێت، و زاراوەکەش بۆ ماوەیەکی زۆر پەراوێز خرا، تاوەکو جۆن لۆك هات لەژێر کاری SEMIOTIKE و دەلالەتێکی هاوشێوەی ئەوەی لە فەلسەفەی ئەفلاتۆندا هاتووە کاری لەسەر کردوە.9

(جـۆن لـۆك) لە کتێبی(نامەیەك بۆ تێگەیشتنی مـرۆڤ 1690)دا وشەی(SEMON)ی وەك شێوە یۆنانییەکە بەکارهێناوە و بەیەکێك لەلقە سەرەکییەکانی فەلسەفەی داناوە «10

«پێش ئەوەی جۆن لۆك سیمۆتیك(SEMIOTICE) لە دابەشکردنی

زانستەکاندا بەکاربهێنێت، کەسی دی وشـــەی(SEMEION)ی یۆنانی بەکارنەهێناوەو دواتریش سۆسێر زاراوەی SEMIOLOGY لێپێکهێناوە، جۆن لۆك زانستەکانی بەسەر سێ بەشدا دابەشکردوە:

1-زانستی سروشتی PHYSICA

2-زانستی پراکتیکی PRACTICQ

3- سیمیۆتیك SEMIOTIKE، واتــە ئـەو زانستەی لە نیشانەکان دەکۆڵێتەوە، نموونەی باڵای وشە زمانەوانییەکانن، هەندێك جار ناودەنرێت لۆژیك LOGIC، ئامانجی ئەم زانستە روانینە لە سروشتی ئەو نیشانانەی، مرۆڤ لەپێناو تێگەیشتنی شتەکان، یان پەیوەندی زانیاری لەگەڵ ئەوانی دی بەکاریاندەهێنێت «11

کەوایە جۆن لۆك یەکەم کەسە وشـەی(SEMIOTIKE)ی لەیۆنانییەوە وەرگرتووەو بە ئینگلیزی بەکاریهێناوە، بەڵام دواتر(لامپێرت)ی فەیلەسوفی ئەڵمانی لە سەدەی هـەژدەدا وشـــەی(SEMIOTIQUE) وەك هاوواتای وشەی لۆژیك بەکارهێناوە»12، پاشان «(سمارت بنجامین همفری) لە سەدەی نۆزدەمدا زاراوەی سیمیۆتیکی لە هەندێ کتێبیدا بەکارهێناوەو لەم بارەوە گفتوگۆیەکی چڕ لەگەڵ (جۆن ستیوارت میل)دا کردوە، بە تایبەتی لە کتێبی(پوختەی سیماتۆلۆجی13«OUTLIN OF SEMATOLOGY دواتر» فەیلەسوفی ئەمریکی(چارلس ساندرس پێرس)رابەری سیمیۆلۆژیا لەسەدەی نوێدا بە بەکارهێنانی سیغەی ئینگلیزی SEMIOTICS» کە بە شێوەیەك لە شێوەکان، دەگەڕێتەوە بۆ سیغەکەی جۆن لۆك بەکارهێناوەو لای ئەم لقێکە لە لقەکانی ئێپستمۆلۆژیاو یەکسانە بە لۆژیك و ئەو زانستەیە لە ژیانی نیشانەکان و جۆرو کارەکانیان دەکۆڵێتەوە»14واتە «پێرس زاراوەی سیمیۆتیکی لە زاراوەکەی جۆن لۆکەوە وەرگرتوە، چونکە جۆن لۆك بەهەمان شێوە ئەو زاراوەیەی بۆ زانستێکی تایبەت بە نیشانەکان و دەلالەتەکان و واتا جیاوازەکانی لۆژیك بەکاردەهێنا»(15) کەواتە «بەکارهێنانی وشەی سیمیۆتیکا(SEMIOTICS) بۆیەکەم جار دەگەڕێتەوە بۆ پێرس و مەبەستیشی

لەمە ئەو زانستەیە کە لە نیشانە دەکۆڵێتەوە»16، بەم پێیەش بێت پێرس و سۆسێر زاراوەکەیان لە جۆن لۆکەوە وەرگرتوەو بەپێی مەبەستی کارەکەیان زاراوەکەیان لێ دروستکردوە.

هەروەها (کارل بوهلیر) بە هەمان شێوە «وشەی(SEMATOLOGY) سیماتۆلۆجی بەکارهێناوە، کە مەبەست لەم زانستە لێکۆڵینەوەیە لە نیشانەو سیستمەکانی «17بەم پێیەش بێت سیمیۆلۆژیا»زانستێکی مەنهەجی سەردەمەو بریتییە لەتیۆری گشتی نیشانەکان، بەهۆی ئەمەشەوە بە سروشتێکی گشتگیرو فراوان وەسفدەکرێت، کە لە بنچینەدا دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکار، یەکێکیان تایبەتە بەخودی زانستەکەوە، ئەوی تریشیان پەیوەستە بە فرەیی کێڵگە سیمیۆلۆژییەکان و بوارەکانییەوە «18.

محمد عزام دەڵێت»سۆسێر یەکەم کەسە وشەی سیمیۆلۆژیا(SEMIALOGIC)و لە فەرەنسا بەکارهێناوەو جەخت لەسەر زمان دەکاتو دەیکاتە چەترێك، کە هەموو زمانە ئاماژەییەکانی تر(سیمیۆلۆژی) دادەپۆشێت»19.

کەواتە سۆسێر ڕابەری سیمیۆلۆژیای فەرەنسییەو، پێرس رابەری سیمیۆلۆژیای ئەمریکییە، هەر لەبەرئەمەشە ئارت ڤان دەڵێت» سیمیۆلۆژیا کوڕی دوو باوکە، یەکەمیان پێرس و ئەوی تریان سۆسێر، بەبێ ئەوەی یەکێکیان ئەوی دی بناسێت»20، بەڵام ئەو زاراوانەی کە بۆ ئەم زانستە بەکاردەهێنران بەپێی بڕیاری(کۆمەڵەی جیهانی سیمیۆتیکا)،کە لە پاریس لەساڵی 1969 دا بەسترا، لەژێر ناوی سیمیۆتیکا یەکیانگرت»21، بەڵام ئەم یەکگرتنە نەیتوانی ببێتە ڕێگر لە بەکارنەهێنان، یان بڵاونەبوونەوەی هەردوو زاراوەکە بەشێوەیەکی بەربڵاو، پاشانیش بەشێوەیەکی رونتر لە کارەکانی گریماسدا دەرکەوت کە ناوی نابوو(سیمیۆتیك)22.

«بەکارهێنانی سیمیۆلۆژیا بە ناولێنانە سۆسێریەکەوە پەیوەستە، هەرچی ئەمریکیەکانە سیمیوتیکا بەپێی ئەو بەکارهێنانەی لەلایەن فەیلەسوفی ئەمریکی(چارلسساندرس پێرس)ەوە بەکاربراوە، بەکاردەهێنن، بەڵام

عەرەبەکان بەتایبەتی مەغریبییەکان زاراوەی سیمیا وەك تەعریبکردنی زاراوەکە بەکاریدەهێنن»23

کەواتە ئەوروپییەکان لەژێر کاریگەری سۆسێر زاراوەی سیمیۆلۆژیا بەکاردەهێنن، بەو پێیەی لەوانەکانیدا بەکاریهێناوەو ئەمریکییەکانیش لەپێرسەوە وەریانگرتوە، بەڵام چ سۆسێر و چ پێرس لەناونانی ئەم زانستەدا، پشتیان بەبنچینە یۆنانییەکە بەستوە، سۆسێر سنوری زمانەوانیی بەرەو لێکۆڵینەوەی نیشانەکان لەژیانی کۆمەڵایەتیدا برد، واتە هەموو رووداوە دالیەکانی لەکۆمەڵگەدا تێپەڕاند، بەمەش سیمیۆلۆژیای فراوانکرد، هەر لەبەر ئەم دوور رۆشتنەی، سیمیۆلۆژیای بەزانستی هەموو شتەکان دانا کە واتا هەڵدەگرێت، ئیدی ئەو شتە هەستپێکراوبێت، یان پەتی و واتایی بێت وەك(بیرەکان، هەستو سۆزەکان)، بەڵام هەرچی پێرسە کارکردنی نیشانەی لە چوارچێوەی لۆژیك و دەلالەتە لۆژیکیەکاندا چڕکردوەتەوە.

سۆسێر لەبارەی سیمیۆلۆژیاوە دەڵێت» لە هەموویان گرنگتر ئەوەیە، دەتوانرێت وێنای ئەوە بکەین، کە سیمیۆلۆژیا زانستێکەو بابەتەکەی کارکردنە لەسەر ئاماژەی نیشانەکان لە کۆمەڵگەدا، ئەم جۆرە زانستەش بەشێکە لە دەروونناسی کۆمەڵایەتی و بەپێی ڕۆڵەکەشی بەشێکە لە دەروونناسی گشتی «24 کەواتە سۆسێر پێیوایە «زمان سیستمێکە لە نیشانەکان و گوزارشت لە بیرێك دەکەن، بەڵام قسەکردن کارێکی تاکی ئیرادی و عەقڵیە «25 کەوایە بیر بەبێ دالەکانو بە پێچەوانەوە بەهایان نییە.

هەروەها سۆسێر دەڵێت «زمان بریتییە لە کۆگایەك(مستودع) لە نیشانەکان و نیشانەش یەکەیەکی بنچینەییە لە پرۆسەی پەیوەندی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو و دوولایەنی سەرەکیش لەخۆدەگرێت، کە بریتین لە دال و مەدلول «26

ئەگەر زمانەوانی جیاوازی لەنێوان زمان و قسەکردندا بکات و بوونیان بەپێویست بزانێت بۆی، ئەوا سیمیۆلۆژیا» جیاوازی لەنێوانیاندا ناکات، چونکە لەیەکەمدا ناکرێت زمان بەبێ قسەکردن هەبێت، لە دووەمیشدا پێویستە دوای

زمان و قسەکردن بکەوێت، بەبێ ئەوەی بەیەکەوە لە لۆژیکی دەروونییەوە سەرچاوەبگرن»27 جگەلەمەش ئـەوەی سیمیۆلۆژیا لەگەڵ زمانەوانی جیادەکاتەوە، بریتییە لە دەلالەتی نیشانە لەروانگەی سیمیۆلۆژییەوە بەوەی «لەکارنامە کۆمەڵایەتییەکەیدا گەمارۆ دراوەو ئەم کارنامەش پابەندە بە بەکارهێنان، ئەم بەکارهێنانەش مەرجدارە بە کات و ساتێکەوەو ئەم کات و ساتەش شتێك نییە، جگە لە نیشانە بۆ ئەم بەکارهێنانە»28

زمان سیستمێکە لە نیشانەکان کە گوزارشتکردنە لە بیرەکان و دەتوانرێت ئەم سیستەمە بە سیستمی نوسین، یان ئەلفبێی بەکارهێنراو لای ئەوانەی بیستن و گۆکردنیان لەدەستداوە، یان بۆنەی(تقوس)ی هێمایی، یان سیفەتی رێزداری(مهەزەب)، یان نیشانەی سەربازی، یان ئۆرگانی تر دابنرێت، هەرلەبەر ئەمەشە سۆسیر دەڵێت «زمـان باشترین سیستمە کە دەتوانێت زانستێك دابمەزرێنێت،کە لە ژیانی نیشانەکان لەناو ژیانی کۆمەڵایەتیدا بکۆڵێتەوە و ناوی دەنێت زانستی نیشانە، یان سیمیۆلۆژیا و زانستی زمانیش دەبێتە بەشێك لە سیمیۆلۆژیا «29

ئەمەش ئەوە دەردەخـات، کە سۆسێر ئەم زانستەی لە لێکۆڵینەوەی نیشانەو لە دەلالەتە کۆمەڵایەتیەکاندا چڕکردوەتەوە، بە پێچەوانەشەوە پێرس هەوڵدەدات لەچوارچێوەی لۆژیکدا لێی بکۆڵێتەوە، چونکە «سیمیۆلۆژیای پێرس تەنها گرنگی بە نیشانەکان نادات، بەڵکو ئەو سنورە دەبەزێنێت، بۆئەوەی ئەم نیشانە بەرهەمبێنێت، ئیتر ئەوە لاوەکی، یان سەرەکییە گرنگ نییە، تا ئاستێك بەبەها بێت وەك بلیتی گەشت و چەکی بانك، یان شێوەیەکی ئاگادارکردنەوە وەك گوزارشت لەسۆزو گوزارشتی ئەدەبی «30 بەم پێیەی پێرس بێت، خودی نیشانەکە هۆکارە بۆ ئەو ڕۆڵ و بایەخەی کەبەکاردەهێنرێت، واتە نیشانە هۆکارە بۆ واتاو مەبەستێکی بایەخدار.

پێرس دەڵێت «سیمیۆتیکا بریتییە لە تیۆری نیشانەکان و تیۆری گشتیی نواندن، یاخود بریتییە لە میتۆدێك بۆ نیشانەکان 31«(DOCTRINE OF SIGNS

جوزیف ری دوبــوف(JOSETTE REY- DEBOVE) لەفەرهەنگی

زاراوەکانی(LEXICOGRAPHER)دا(سیمیۆتیکا-SEMIOTIQUE) دەگێڕێتەوە بۆ سۆسێر و بەوەی دەناسێنێت، کە زانستێکە کار لەسەر ژیانی نیشانەکان دەکات لەناو ژیانی کۆمەڵایەتیدا.32، بۆیە» سیمیۆلۆژیا لە روانگەی سۆسێرەوە، واتە ئەو زانستەی کار لەسەر نیشانەکان، یان نیشانەو کۆنتێکستەکان دەکات، بەم پێیەش سیمیۆلۆژیا زانستیکی گشتیەو دراسەی هەموو نیشانەکان یان سیمبوڵەکان دەکات، کە بەهۆیانەوە مەبەستی دیاریکراو دەگاتە خەڵکی و ئامانجی خۆی دەپێکێت، ئەم ئامانجەش لە ڕێگەی پەیوەستبوونی بەو رێساو یاسا دیاریکراوانەی، کە خودی سیمیۆلۆژیا وەك هەر زانستیکی تر هەیەتی دەردەکەوێت.

هەروەها سیمیۆلۆژیا «واتە زانستی لێکۆڵینەوە لە نیشانەکان بە شێوەیەکی بەهێزو ڕێکخراو»33. ئەم کارکردنەی لەناونیشاندا ئەوە دەخاتەروو، کە سیمیۆلۆژیا لێکۆڵینەوەیەکی وردو تۆکمەیە و رێڕەوی نیشانەکان لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و... تاد و ئەو یاسایانەی کە حوکم دەکەن دیاریدەکات. «سیمیۆلۆژیا ئەو زانستەیە کار لەسەر هێماکان دەکات، بەو ئەندازەیەی کار لەسەر ئاماژەکان دەکات، لەگەڵ گەڕان بەدوای پەیوەندیان لەگەڵ واتا و دەلالەتە جیاوازەکان، کە دەتوانریت ئاماژەیان پێبکرێت»34.

راستە سیمیۆلۆژیا لە بنچینەو بنەماو میتۆدیەتییدا، سەر بە بونیادگەریەو خودی بونیادگەریش میتۆدێکی ڕێکخراوە بۆ لێکۆڵینەوە لە ئاماژە جیاوازەکان لە ڕۆشنبیری گشتیدا، بەڵام بەهۆی ئەو گەشەکردن و رۆڵەی کە سیمیۆلۆژیا لە کایە جیاوازەکاندا دەیبینێت، بووەتە میتۆدی پاش بونیادگەری، ئەمەش بەهۆی ئەوەوەیە لەمرۆدا سیمیۆلۆژیا زانستێکە لقەکانی بەناو تەواوی ئاراستەکاندا درێژ بوونەتەوە و»(ئامبرتۆ ئیکو) دەرگای زۆری بۆ سیمیۆلۆژیا لە بوارە جیاوازەکاندا کردووەتەوە لەوانە( نیشانەکانی ئاژەڵ، بۆنکردن، پەیوەندی بەهۆی لەمسەوە، پەیوەندی بینین، تامکردن، جۆری دەنگ و ئاواز، INTANATION، دەستنیشانکردنی(تشخیص) پزیشکی، جوڵەو باری هەستی، مۆسیقا، زمانە وێنەییەکان و نوسینەکان و ئەلفبێ نادیارەکان، یاسای

ئاداب، چەشنی جلو بەرگ، ئایدۆلۆژیاکان، بابەتە ئیستێتیکی و ڕەوانبێژیەکان، هەندێکی تریش زۆرتر دەڕۆن لە فراوانکردنی بواری سیمادا وەك پەیوەندی لە نێوان خانە زیندوەکاندا BIONIQUEو تەنانەت پەیوەندیەکان لە نێوان ئامێرەکان 35 CYBERNETIQUE، هەروەها سەبارەت بەم بەرفراوانییەی سیمیۆلۆژیا(مایك ئابرامز)36 دەڵێت «سیمیۆلۆژیا تەنها بریتی نییە لە لێکۆڵینەوە لە نیشانەکان لەچوارچێوەی پەیوەندیەکانی وەك زمان، هاتوچۆ، بەڵکو زۆربەی چالاکی و بوارە مرۆییەکانی تری وەك ئاماژە لەشیەکان،نەریتی کۆمەڵایەتی، جلو بەرگ، ئامرازی کارکردن..... تاد، دەگرێتەوە و دەتوانرێت لێکبدرێتەوە «37

دواتریش رۆلان بارت جگە لەمانە «سیمیۆلۆژیای بردە نێو ئاماژەکانی مۆدێل و جل و بەرگ و وێنەی فۆتۆگرافی و تابلۆ و خۆشتن و مکیاج و سابون و چێشتلێنان، بەوپێیەی کاتێك لە مۆدێل دەکۆڵێتەوە، میتۆدی سیمیۆلۆژیای زمانەوانی بەسەردا پراکتیك دەکات، هەروەك بەسەر ئەفسانەشدا پراکتیزەی کردووە، واتە(دال + مەدلول = ئاماژە) و ئەمە گرێدەدات بە ماناو رەهەندی کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئابوری و کلتورییەوە»38، بۆیە دواتر سیمیۆلۆژیا «بووە بە میتۆدێك لە زانین و ئامانجیشی ڕوونکردنەوەی راستیە دروستەکانە لەهەموو بوارەکاندا، کە سیستمە نیشانەییەکانی تێدا بەکاردێت، زمانی و نازمانی وەك رژێمی جلو بەرگ و نیشانەکان، ئەوەی کە(رۆلان بارت) بۆی دەچێت، کە سیمیۆلۆژیا زانستێکی گشتیەو بنچینە تیۆریەکەی لە زمانەوە وەردەگرێت، چونکە لقێکە لە لقەکانی زانستی زمانی گشتی»39، هەر لەبەرئەمەش «ڕۆلان بارت لەساڵی(1967)دا ئەم بۆچوونە پێچەوانە دەکاتەوە لەپێناو هەیمەنەی نیشانە زمانییەکان، هەرچی فازل سامرە ناوی دەنێت(ئیمپراتۆریەتی نیشانە)و نموونە نیشانەییە زمانییەکان لە تەواوی کێڵگەکانی زانست و زانینە جیاوازەکاندا هەن «40، هەروەها بارت « لەگەڵ ئەوەی چەمکی دال و مەدلولی سۆسێری هێشتەوە، ئەوەشی دوپاتکردەوە کە زمان بەشێکە لە سیمیۆلۆژیا، بەڵام سیمیۆلۆژیا( زانستی نیشانە) لقێکە لە

زانستی زمانی گشتی» 41بەمەش زمانەوانی گەورەترو فراوانترە لە سیمیۆلۆژیاو بنچینەی بنیادنانییەتی، بۆیە ژولیا کریستیڤا دەڵێت» زمانەوانی دەتوانێت ببێتە نموونەیەکی گشتی بۆ هەموو سیمیۆلۆژیا، لەگەڵ ئەوەی زمان شتێك نییە جگە لە کۆنتێکستێکی تایبەتی لە ناو کۆنتێکستە سیمیۆلۆژییەکاندا»42، بەڵام بە بڕوای پێرس سیمیۆلۆژیا تیۆرێکی گشتگیرو فراوانە و سنوری زمان دەبەزێنێت، بە شێوازێك جیهان هەمووی ببێتە نیشانەو نیشانەکان دیاریبکات، بۆیە زمان بنەما سەرەکییەکەیەو لەم رێگەیەوە کار لەسەر سیمیۆلۆژیاو نیشانەکان دەکرێت وەك زانست، لەم روانگەشەوە هەریەکەیان زانستێکی سەربەخۆیە، بەڵام بەهۆی بەشداریکردن لە کەرەستەکاندا، وایکردوە ئەم تێکەڵبوونە بێتەئاراوە.

پاشان بوو بە میتۆدێك و گوازرایەوە بۆ مەیدانی ئەدەب و ڕەخنەو بوو بە «میتۆدی لێکدانەوەی سیمیۆلۆژیای دەقی ئەدەبی و رەخنەی سیمیۆلۆژی، چونکە دەق لە بونیادی فۆرمی و بونیادی قووڵ پێکهاتوەو پێویستە بەپێی ئاراستەی زانستی و ئایدۆلۆژی لە دیاریکردنی رەگـەزی بونیادگەریدا لێکبدرێتەوە، رابەرانی سیمیۆلۆژیا لەسەر دوو ئاست رێککەوتون، یەکەم بونیادی فۆرمی کە خۆی لە فۆرم و داڕشتنی گوزارشتی دەبینێتەوە، لێکۆڵەر تایبەتمەندی شێوەی ئەدەبی و تایبەتمەندی شێوازگەری لێکداوەتەوە، لەم ئاستەشدا دەتوانرێت لەپەیوەندی زمان بە کۆنتێکستی دەرەوە بکۆڵرێتەوە، بەڵام بونیادی قووڵ ئەو یاسایانە دەگرێتەوە کە جیهانی گێڕانەوە ملکەچی دەبن و گرنگی تایبەتی بە بینای کارنامەیی دەدرێت، لەگەڵ لێکدانەوەی پەیوەندیەکان لە نێوان هەردوو کارکراو لە ئاستی ستونی و ئاسۆیدا، هەرچی ئاراستەی دووەمە خۆی لە بونیادی زمانەوانی، کە ملکەچی یاسای پێکهاتەیی و رەوانبێژییە دەبینێتەوە» 43

بەمەش ئەوە روونەدبێتەوە، کە سیمیۆلۆژیا بە شێوەیەکی بەرفراوان چووەتە ناو هەموو بوارە جیاوازەکان و لەناو هەموو کایەکانی ژیاندا هەیە، هەر ئەمەش کارکردن لەناو سیمیۆلۆژیا گرانترو وردتردەکاتەوە.

سیمیۆلۆژیا زانستێکە کار لەسەر هەڵوەشاندنەوەو بنیادنانەوە دەکات،

لەگەڵ دیاریکردنی بونیاتی قووڵ، کە لەپشت بنیادە ڕووکەشەکەوە ئاستی دەلالی و پێکهاتەیی ڕازێنراونەتەوە، هەروەها سیمیۆلۆژیا بەرهەمهێنانی دەق و بنیادی ناوخۆیی لەخۆدەگرێت و بەدوای هۆکاری جۆربەجۆر و گوتارە بەردەوامەکان و دەقەکانەوەیە، هەوڵیشدەدات بۆ دۆزینەوەی بونیادی قووڵی جێگیرو سەرنج لە بنەمای جەوهەری لۆژیکی دەدات، کە ئەمەش لەپێش هۆکاری جیاوازی دەقەکان و ڕستەو گوتارەکانەوەیە، سیمیۆلۆژیا بەلایەوە گرنگە دەق لە شێوەی ناوەڕۆکدا چی دەڵێت، نەك ژیانی شاعیرو نوسەر، واتە گرنگی بە فۆرمگەرایی ناوەڕۆك دەدات، وەك لەم هێڵکاریەدا خراوەتە روو:




بەم جۆرە سیمیۆلۆژیا بەڕوخسارکردنی ناوەڕۆك و بەناوەڕۆك کردنی ڕوخسارە، لە ڕێگەی هێنانەگۆی شێوەو ناوەڕۆک تێپەڕدەبێت، کە ئیدی هەڵوەشانەوە بێت، یان بنیادنانەوە، یان لێکدانەوەو شرۆڤە، ئەمەش لەبەر بەرپرسیارێتی دالەکانە لەپێناوی بەدواچوونی زانیاری ورد لەبارەی مانای روخساری و قووڵەوە، زانستی نیشانە بریتییە لە لێکدانەوەی نیشانەکان، یان لێکۆڵینەوەیە لەڕێگەی کارکردن لە سیستمی نیشانەکاندا 44.

کەواتە سیمیۆلۆژیا ئەو زانستەیە لە ئاماژەو هێماکان دەکۆڵێتەوە، بەو ئەندازەیەی لێکۆڵینەوە لە پەیوەندیەکانیان بەواتاو دەلالەتە جیاوازەکان کە ئەتوانرێت ئاماژەی پێبکرێت دەکات45.

یان «زانستێکە گرنگی بە لێکۆڵینەوەی ئۆرگانی نیشانە، زمان، ئۆرگانی ئیشارەت، ڕێنمایەکان..... تاد دەدات، ئەم دابەشکردنەش وا دەکات زمان بەشێك بێت لەسیمیا «46

کەوایە سیمیۆلۆژیا زانستێکە لە ڕوانگە گشتیەکەوە، گرنگی بە نیشانەکان دەدات و لە ناوەڕۆکیشدا لێکۆڵینەوەیە لە ئۆرگانە هێمایی و نیشانەییەکان، بەڵام سیمیۆلۆژیا دژی هەموو ئەو دەقانەیە، کە لەناو خۆیاندا دەرگا لەسەر ئاماژەکان دادەخەن، ئەم دەرگا داخستنە نیشانەی لاوازی و سستی زمانی شیعرییە، لەبەرئەمە وەرگـر لەڕێگەی وێناکردنو بـەدوادا گەڕانی مانا شاراوەکانی ناو دەق، دەیەوێت لەناو دەقدا ئیستاو رابردوو ئاشکرابکات، ئەم ئاشکراکردنەش خوێندنەوەو لێکدانەوەکانی وەرگرە.

ژولیا کرستیڤا دەڵێت» سیمیۆلۆژیا زانستو لەهەمانکاتدا رەخنەیە لەزانست، لەلایەنی یەکەمەوە بەشێکە لەزانستەکان، چونکە بابەتی تایبەت بەخۆی هەیە، کەبریتین لەچەشنو یاساکانی دەلالەت لەکۆمەڵگەو بیردا، لەلایەنی دووەمەوە پارێزگاری لە میانەی تیۆرەکە دەکات کەوایلێدەکات بیر لەگوتارە زانستیەکان بکاتەوە47.

لەڕاستیدا ئەم هەموو پێناسەو ڕوانینانە لەوەوەیە کە» هەر هەوڵێك بۆ پێناسەکردنی سیمیۆتیکا، یان سیمیۆلۆژیا ناتوانین پێناسەیەکی وردو دیاریکراوی بۆ بکەین، بۆیە هەر هەوڵێك لەم بوارەدا رووبەرووی چەندین بۆچوونی جیاواز لە دیاریکردنی شوناسی سیمیۆلۆژیا دەبینەوە «48 بەڵام ئەم بۆچوونە بۆ ئەمڕۆ هەڵەیە، چونکە سیمیۆلۆژیا لە خودی چەمکەکەیدا پێگەی خۆی چەسپاندوەو شوناسی خۆشی ڕاگەیاندوە، ئەوەندەی هەیە کارکردن لەمیتۆدە جیاوازەکانیدا جیاوازە، نەك پێناسەکردنەکەی.

جان کلود کوکی (J.C.COQUET) یەکێکە لە ڕابەرانی قوتابخانەی پاریسی سیمیائی دەڵێت «خوێنەری ئاسایی، هەروەها لێکۆڵەر لەبواری زانستی کۆمەڵایەتیدا مافی خۆیەتی لە بابەتی ئەم زانستە بپرسن، لەهەمانکاتیشدا

بەلایەنی کەمەوە دەبێت بزانن پێناسەو دیاریکردنەکان جیاوازن، بەتایبەتی ئەگەر پەیوەست بێت بە بابەتێکی زانستیەوە «49.

سۆسێر دەڵێت» دەتوانین وێنای ئەوەش بکەین، کە سیمیۆلۆژیا زانستێکە دراسەی ژیانی هێماو دەلالەتە بەکاربراوەکان لەناو کۆمەڵگەدا دەکات، زانستێکە لە جۆرەکانی دەلالەتە زمانییەکان سودمان پێدەگەیەنێت، هەروەها بابەتەکەش لە کۆمەڵێك کۆنتێکست پێکهاتوە، کە لە خۆوە دەلالەتەکان بونیادنراون «50

(بییر گیرۆ) مامۆستای زانکۆی(نیس) لە فەرەنسا لەبارەی سیمیۆلۆژیاوە دەڵێت «سیمیۆلۆژیا زانستێکە گرنگی بە سیستمی نیشانەکان، زمانەکان، سیستمی ئاماژەکان، رینمایەکان... تاد دەدات، ئەم دیاریکردنەش وا دەکات، زمان بەشێك بێت لەسیمیۆلۆژیا»51 ئەمەش هەمان بۆچوونی سۆسێرە کە زمانەوانی بەبەشێك لە سیمیۆلۆژیا دادەنێت، بە پێچەوانەشەوە ڕۆلان بارت هاوکێشەکەی پێچەوانەکردەوە و جەختی لەسەر ئەوە کردوە، سیمیۆلۆژیا شتێك نییە جگە لە کۆپییەك لە مەعریفەی زمانەوانی.

هەریەکە لە جورج مونان GEORGE MOUNIN و پرییتو PRIETO، بویسنسBUYSSENS،مارتینێ MARTINET پێیانوایە سیمیۆلۆژیا(لێکۆڵینەوەیە لە تەواوی رەفتارەکان(السلوکيات) یان سیستمی پەیوەندیکردن 52

امبیرتو ئیکۆ دەڵێت «سیمیۆتیکا واتە زانستی نیشانەکان»53.گریماس GREIMAS، کوکی COQUET، أریڤ ARRIVE دەڵێن «سیمیۆتیکا دانانی تیۆریەکی گشتیە بۆ سیستمی دەلالەت»54.

کەواتە سیمیۆلۆژیا بابەتەکەی لێکۆڵینەوەیە لەسیستمی نیشانەکان، ئیدی سەرچاوەکەی زمانەوانی،یان ئاماژەیی بێت، هەروەها لە سیستمی نیشانەییە نازمانییەکانیش دەکۆڵێتەوە، بۆیە» سیمیۆلۆژیا بریتییە لە زانستی نیشانەو ئاماژەکان یان سنوری زمانەوانی(الدول اللغويه) یان هێمای شیعریی،ئیدی

سروشتی بێت یان دروستکراو، ئەمەش واتە ئەو نیشانانەی مرۆڤ دەیانکاتە زاراوە، ئەویش لە ڕێگەی داهێنان، یان دروستکردن و دواتر ڕێکەوتنی مرۆڤەکان لەسەر دەلالەت و مەبەستەکەی وەك زمانی مرۆڤ، زمانی ئاماژە، هێمای هاتوچۆ، یاخود سروشت ئەو زاراوانـەی بە شێوەیەکی سروشتی و لەخۆوە سەپاندونی و دەستی مرۆڤی تێدا نییە، وەك دەنگە سروشتیەکان، دەنگی ئاژەڵەکان، ئازار، هاوارکردن..... تاد.»55

«ئەگەر زمانەوانی(لسانیات) کار لەسەر ئەوەی زمانی و گۆکردنە بکات، ئەوا سیمیۆلۆژیا کار لەسەر ئەوە دەکات کە زمانی و نازمانییە، واتە لوژیك تێدەپەڕێنێ بۆ شتی بینراو وەك نیشانەکانی هاتوچۆ، یان زمانی کەڕولاڵ و کۆدی نهێنی... «56

سیمیۆلۆژیا بەپێی یاسای ڕێزمانی زمانی، کە لە ژینگەیەکی دیاریکراودا لەسەری ڕێکەتون، بەکارهێنانی سیستمێکی تۆڕیە لە پەیوەندیە سیستمیە بەدوایەکدا هاتوەکان، یان بریتییە لە پرۆسەی هەڵوەشاندنەوە و بونیادنانەوە، لەگەڵ دیاریکردنی بنیادە قووڵەکان کە لەپشت بنیادە فۆرمیەکەیەوە شاراوەن، واتە لێکۆڵینەوەیە لە فۆرمگەرایی ناوەڕۆك، بەمەش سیمیۆلۆژیا لێکۆڵینەوەیە لەچەشن و کۆنتێکستە نیشانەییە نازمانییەکان، لەگەڵ ئەوەی نیشانە خۆی لە بنچینەدا زمانی گۆیی و ناگۆییە، یاخود زانستی سیستمی نیشانەکانە

هەروەها هەریەکە لە «تۆدۆرۆف، گریماس، ژولیا کریستیڤا، جۆن دوبوا، جوزیف رای- دوبوف) پێیانوایە سیمیۆلۆژیا زانستێکە کار لەسەر نیشانەکان دەکات»57.

«بەپێی سیستمێکی میتۆدی لە نیشانەکان، سیمیۆلۆژیا بەشێکە لە زانستی زمان، یاخود لە نیشانەی تێکستە ئەدەبیەکان لە ژیانی کۆمەڵایەتی دەکۆڵێتەوە، یان ئەو زانستەیە لە تێکستی ئەدەبی و لەژیانی کۆمەڵایەتیدا ئاماژە و نیشانەکان دیاریدەکات و دەیەوێت سیستمێکی میتۆدی بەسەر هەموو ئاماژەیەکدا پراکتیك بکات، سا ئەو نیشانەیە لەناو زماندا بێت،یاخود لەدەرەوەی زمان «58.

د. میجان رویلی و د. سەعد بازغی دەڵێن «سیمیۆلۆژیا بریتییە لە زانست یان لیکۆڵینەوە لەنیشانەکان بەشێوەیەکی ڕێکخراو و تۆکمە»59 بەڵام «زانستی زمان تەنها لە زمان و نوسین و واژە دەکۆڵێتەوە، بەڵام سیمیۆلۆژیا سەرباری ئەمانە لە ئاماژەکانی دەرەوەی زمانیش دەکۆڵێتەوە، وەك ئاماژەکانی ئاخاوتن و نیشانەکانی هاتو چۆو زمانی کەڕولاڵان و کۆدی نهێنی و مۆدێلی جل و بەرگ و شێوەی چێشت لێنان «60.

«سیمیۆلۆژیا واتە لێکۆڵینەوە لە سیستمێکی دیاریکراو لە سیستمەکانی پەیوەندی لە ڕێگەی نیشانەو ئاماژەکانییەوە، هەروەها لێکۆڵینەوەیە لە دەلالەتی واتاکان کە لەهەر شوێنێکیدا ببینرێت، بەتایبەتیش لە سستمی زمانەوانیدا»61.

ژان ماری شیڤێر دەڵێت «سیمیۆلۆژیا بریتییە لە خوێندنەوەی نیشانەکان و کرداری راڤەکردنیان، بەم پێیە هەر شتێك بە نیشانە دادەنرێت، کەشیکردنەوەیەك بۆ شتێکی تر وەك نیشانە قبوڵبکات»62 لەبارەی بوونی پەیوەندی لە نێوان سیمیۆلۆژیاو هێرمێنۆتیکیدا بەو پێیەی کار لەسەر راڤەکردن دەکەن، ئامبرتۆ ئیکۆ لەساڵی 1988 دەڵێت «پەیوەندێکی قووڵ لە نێوان سیمیۆلۆژیاو هێرمێنۆتیکدا هەیە، بەڵام سیمیۆلۆژیای هاوچەرخ لەرووی مارکردن و ئەرکەوە سەربەخۆیە لە هێرمێنۆتیکی نوێ «63، هەروەها(میشێل فۆکۆ)ش لەبارەی سیمیۆلۆژیاو هێرمێنۆتیکەوە دەڵێت «هێرمێنۆتیك کۆمەڵێك تەرکیزو زانینییە، کە وا لە نیشانەکان دەکەن بدوێن، بەمەش لە واتاکان دەگەین، بەڵام سیمیۆلۆژیا ئەو زانین و تەکنیکانەن، کەوا دەکەن بزانین نیشانەکان لەکوێن و چی وایکردوە ئەمانە بن بە نیشانە» 64.

هێرمێنۆتیکا واتای مەبەستدارە لەکۆی گشتی دەقەکە، یان لە بەشێکی دەقە دیاریکراوەکەدا، هەرچی سیمیۆلۆژیایە نیشانەو واتاکان دەردەخات و

لە ڕێگەی نیشانەکانەوە هەوڵدەدات، واتای ڕاستەقینەی دەق بگوازێتـەوە بۆ دەرەوەی دەق، نەك بە پێچەوانەوە.

بۆیە لە کۆی ئەم روانینانە سیمیۆلۆژیا بریتییە لە زانستی شرۆڤەی واتای دەلالەتەکان و هێماکان و ئاماژەکان... تاد، لە بواری زمان و ئەدەب و ڕەخنەشدا بە نوێترین زانست دادەنرێت و بریتییە لە درێژەپێدەری زمانەوانی و گەشەپێدانی، چونکە لە بنچینەدا پشتی پێدەبەستێت، هەروەها گرنگی بە لێکۆڵینەوە لە نیشانەکان و زمانەکان.... تاد دەدات، بەدەر لەمەش

یەکێك لەو زانستە نوێیانەی ناو میتودی رەخنەیی،کەتوانی عەقڵی خۆرئاوا رووبەڕووی ئەبستمۆلۆژیای رەخنەیی بکاتەوە، سیمیۆلۆژیا بوو، چونکە بەشی گوتاری عەقڵی خۆرئاوای خستەژێر پرسیارەوە، جگەلەمەش سیمیۆلۆژیا میتۆدێکی رەخنەییە بۆ راڤەکردن،و دامەزراندنی پەیوەندی نێوان ئاماژەو زمانە، خوێندنەوەی ئەو ئاماژانەیە کەلەناو زماندا کاردەکەن65.

کەواتە سیمیۆلۆژیا زانستێکە لە نیشانەو ئاماژەکان دەکۆڵێتەوە، لەگەڵ دیاریکردنی پەیوەندییە کارنامە ناوخۆیی ودەرەکییەکانی دەق، بەڵام نیشانە بەتەنها نا، بەڵکو لەکۆی نیشانەکانی ناو دەق، چونکە خودی سیمیۆلۆژیا لێکۆڵینەوەیە لەو واتایانەی نیشانەکان لەخۆیان گرتوە و لەکۆی واتای نیشانەکان دەق لێکدەدرێتەوە، واتە سیمیۆلۆژیا میتۆدێکی تایبەتە بەواتا، نەك تەنها نیشانەکان لەچوار چێوەیەکی داخراودا، چونکە لە ڕێگەی لێکدانەوەی واتاوە، بەرهەمی هزری و ئێپستمۆلۆژیەکەمان بۆ دەردەکەوێت، بەواتایەکی تر زانستێکە کار لەسەر کۆی ئەو چەمکانە دەکات کە نیشانەو واتاو دەلالەتەکان لەخۆیان گرتون، کە مرۆڤ لەرێگەی نموونەو وێنەو هیماو زمانەوە لە کۆی زانستە جیاوازەکان بنیادیناون.



سیمیۆلۆژیا
نیشانە کوردی
سومة عربی
شیمیاء عیبری
Semiotique ئەمریکی
Semiologie فەرەنسی
Semiotike ئینگلیزی
Signum لاتینی
Semeion یۆنان
قۆناغی دوای زایین
قۆناغی پێش زایین
سەدەی بیستەم
سیمیۆلۆژیا گەشەو فراوان بوو:
* چەند لقی ئەبستمۆلۆژی.
*هەمەجۆری فەلسەفی
* لق و قوتابخانەی جیاواز.
(موسکو–تارتۆ، براغ)(دانمارک–کوبنهاگن) (فەرەنسا– باریس ، تێل کێل)( سویسرا -جنێف)
کۆتایی و سەرەتای سەدەی بیستەم
پێرس: سیمیۆلۆژیا بنچینیەکی فەلسەفی، لوژیکی هەیە .
سۆسیر: سیمیۆلۆژیا بنچینەیەکی زمانەوانییە
سەدەی حەڤدە
- جون لۆك، لایبینس
Leibniz- locke
سیمیۆلۆژیا: لیکۆڵینەوەیە لە رووەکانی دەلالەت
سەدەی چواردە
ئۆگۆستین
سیمیۆلۆژیا: لیکۆڵینەوەیە لە نیشانەکان لە چوارچێوەی پەیوەندیەکاندا
communication
قوتابخانەی رەواقی
stoics
سیمیۆلۆژیالیکۆڵینەوەیە لە نیشانەمرۆیی و کۆمەڵایەتییەکان و دوو رووەکەی نیشانە
قوتابخانەی گومانکردن
Scepticsim
*ئەمبریکوس
*جالینوس
سیمیۆلۆژیا۔ لیکۆڵینەوەیە لە نیشانەکانی نەخۆشی
Semiotic of diseases

## مێژووی سیمیۆلۆژیا

لەپێناو دیاریکردنی مێژووی هەر زانستێك، ناچارین بگەڕێینەوە بۆ بنەما فەلسەفییەکان، ئەمەش لەپێناو دۆزینەوەی ڕاستی دەستپێکردن، یان سەرەتای ئەم زانستە، لەبەرئەوە «پێویستە لە ڕەچەڵەکە سەرەتاییەکانی سیمیۆلۆژیا بکۆڵینەوە، بۆئەوەی لە ڕاستیەتی ئەم زانستە بگەین»66، ئەم هەنگاوەش بۆ سیمیۆلۆژیا گرنگترە، بەوپێیەی سیمیۆلۆژیا کارکردنە لەواتاو مەدلولدا، بۆیە ئەم بۆچوونە لە سەدەی بیستەمدا سەریهەڵنەداوە، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەرەنجە قووڵانەی کە لەبیری فەیلەسوفاندا بوونی هەبووە «ئەگەرچی کاری سیمیۆلۆژیا لە چەمکی نیشانەوە دەستپێدەکات و لە زمانە بیانییەکاندا بە(SIGNE) ناسراوە، کە داڕێژراوی وشەی یۆنانی(سیمون) ەو وەك زاراوەیەکی تەکنیکی(التقنی) لای(بارمنیدس، أبو قراط)و وەك هاوواتای وشەی نیشانە دەرکـەوت. ئەم چەمکە زمانییەش ئەوەمان بۆ دەخاتەڕوو، کە چەمکی ناوبراو جیاوازی نییە لەگەڵ لۆژیك، کە ڕێگەیەکە بۆ بەڵگەو نیشانەکان «67 جگە لەمەش «زانستێکە بنەماو پرنسیپەکانی پشت بە کۆمەڵێك کێڵگەی مەعریفی وەك زمانەوانی و فەلسەفەی لۆژیك و شرۆڤەی دەروونی و مرۆڤناسی دەبەستێت، لە ڕێگەی بەرهەمیشەوە لەواتای شتەکان دەکۆڵێتەوە و دەیکاتە تیۆری هێرمینۆتیکی، یان فۆرمی نوی بۆ مەسەلە فەلسەفی و مەعریفیەکان «68. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە لەمەسەلە سیمیۆلۆژیەکان ناگەین، ئەگەر لەو چوارچێوەیەدا کارنەکەین، بۆیە پێویستە پشت بەم میکانیزمە ببەسترێت لە لێکدانەوەو تێگەیشتنی راستیی دیاردە جیاوازەکان، لەهەمانکاتدا لە کرۆکدا یاسای جیاوازو لۆژیك دەنوێنێت، لەپێناو دەرهێنانی چەمکەکان و مەدلولە دیاریکراوەکانیان.

«زانستی سیمیۆلۆژی بە سی قۆناغدا تێپەڕیوە( قۆناغی یەکەم، لێکۆڵنەوەی مێژوویی بووە وەك لای برێل BREAL هەیە، لە قۆناغی دووەمیشدا، لێکۆڵینەوە بووە لە تیۆرو کێڵگە واتاییەکان، لە قۆناغی سێیەمیشدا، زانستی سیمیۆلۆژی بونیادگەرییە»69

ئیکۆ پێیوایە «دەروازەی بنچینەی سەرەکی سیمیا، لە لێکۆڵینەوەی ئەو فەیلەسوفانەدایە، کە دۆزی زمان و فەلسەفەی نیشانەیان پێشنیازکردو گەیشتنە ئەوەی، کە دەتوانرێ بەهۆی ئەم چەمکەوە لە فەلسەفەی کلاسیکی لەچوارچێوەی مەسەلەی نیشانەدا بگەین، یان بەشێوەیەکی ئاسانتر هەموو فەلسەفە دەشێ بگێڕینەوە بۆ سیمیا 70.

«روانینی ئیکۆ لەسیمیۆلۆژیای گشتی، شێوە سروشتێکی فەلسەفییەو لەکۆنتێکستێکی تایبەتی ناکۆڵێتەوە، بەڵکو لەو کەتیگۆریە گشتیانە دەکۆڵێتەوە، کە لە ئاسۆیانەوە دەتوانرێت جیاوازی لەنێوان کۆنتێکستەکاندا بکرێت، هەر کاتێکیش ئەم جیاوازیەی نێوان کۆنتێکستەکان روونبوویەوە، ئەو کاتە سیمای تایبەتی وێنادەکرێتو هەریەکەشیان لەکۆنتێکستێکی تایبەتی لەنیشانەکان دەکۆڵێتەوە، بۆئەوەی سیمای گشتی وەك زانستێکی گشتگیر بمێنێتەوە71.

هەرچی ئامبرتۆ ئیکۆیە لەساڵی 1932دا جەخت لەسەر ئەوە دەکات» پێویستە بەدوای بنچینەی یەکەمی سیمیۆلۆژیادا بگەڕێین، بۆئەوەی تێگەیشتنی حەقیقەتی لەسەر بنیادبنێین» 72 لەبەرامبەریشدا پێرس پێیوایە»لوژیك بە چەمکە گشتیەکەی شتیك نییە، جگە لە ناوێکی تری سیمیۆتیکا»(73 دۆزینەوەو ئاشکراکردنی ئەم زانستە لای پێرس بەرهەمی هەوڵێکی دورودرێـژە لەبیرکردنەوەو لێکۆڵینەوەی فەلسەفی، ئەمەش ئەوە دەردەخات، مێژووی سیمیۆلۆژیا زۆر کۆنەو دەگەڕێتەوە بۆ بیرە فەلسەفیەکانی یۆنان، بەمەش بنچینەی گوتاری سیمیائی لەو وتە فەلسەفی و بیریانەدایە، کە پێش هەریەکە لە سۆسێرو پێرس و هەر لەسەردەمی یۆنانەوە، لە ئەنجامی کەڵەکەبوونی مەعریفیان وتراون، یان لە بواری پزیشکیدا کاری لەسەرکراوە، تەنانەت «لە ئەوروپاو لە سەدەی نۆزدەشدا لە بواری پزیشکی چارەسەری دەروونی و نیشانەکانی نەخۆشەکان و سیپتۆمە هەستپێکراوەکاندا بەکارهێنراوە، لە بواری زامانەوانی نوێ و لێکۆڵینەوە ئەدەبی و رەخنەییەکاندا، لەسەرەتای سەدەی بیستەم و لە سەردەستی زامانەوانی سویسری دی سۆسێرو ئەمریکی

چارلس پێرس سەریهەڵداوە»74 کەواتە» لە سەردەمی کۆنەوە فەیلەسوفان و لوژیکدانەرەکان و دەستور ناسان، سەرقاڵی لێکۆڵینەوە بوون لەبارەی نیشانەکانەوە «75.

«(میشال بریال)76 لەساڵی 1897 ئەم زاراوەیە بە(زانستی دەلالەت) ناو دەبات و دەڵێت «زانستی زمان بایەخ بە فۆرمی وشەکان دەدات، بەڵام زانستی دەلالەت بایەخ بە کرۆك و ناوەڕۆکی وشەکان دەدات و لەسەر ئەو یاسایانە دەوەستێت، کە گۆڕین و پێشکەوتنی ماناکان ڕێکدەخەن»77.

ئەگەرچی سۆسێر سیمیۆلۆژیای لە پەیوەندیداری بەلایەنی پزیشکییەوە لە لانکی گریکی رزگارکردو ناویلێنا زانستی نیشانە، هەروەها یەکەم کەسیشە زمانەوانی لە سیمیۆلۆژیا جیاکردوەتەوە، سوریش بوو لەسەر ئەوەی کە سیمیۆلۆژیا بنچینەیە و زمانەوانی لقێکە لێی، هەرچی رۆلان بارتە بە وردی سەرقاڵی شرۆڤەی سیمیۆلۆژیا بوو، توانی وتەکەی سۆسێر پێچەوانە بکاتەوەو، رابەرایەتی ئەوەش بکات، کە زمانەوانی بەو سیفەتەی تەواوترین سیستمی نیشانەیە، بنچینەیەو سیمیۆلۆژیا لقێکە لێی، ئەمەش واتە سیمیۆلۆژیا لە لێکۆڵینەوەکانیدا لەبارەی سیستمە نازمانییەکانی وەك( جل و بەرگ، چێشت لێنان....تاد)دا پشت بە بەڕەگەزەکانی زمانەوانی وەك( دال و مەدلول، زمان و قسە،.....) دەبەستێت، لەپێناو هەڵوەشاندنەوەو بنیادنانەوەیاندا، ئەگەرچی جاك درێدا دان بە هەوڵەکەی بارتدا دەنێت، بەڵام لەهەمانکاتدا بانگەشەی بۆ پێچەوانەکردنەوەی وتەکەی دەکات و پێیوایە کاری(زمانەوانی و نوسین بەو سیفەتەی جێگەوتەیەکە) بریتییە لە سیفەت و ئاماژەیەکی گەورە و دەبێت ببێتە بنچینە و دواتر سیمیۆلۆژیاو زمانەوانی لێ جیابووەتەوە»78. لەگەڵ ئەمەشدا هەریەکە لە» پێرس فەیلەسوفی ئەمریکی، فرۆید پزیشکی دەروونناسی، فردیناد دی سۆسێرو A.Jگریماس زمانەوانی روسی خزمەتێکی باشیان بە سیمیۆلۆژیا لەسەدەی بیستەمدا کردوە «79

« لەگەڵ ئەوەی سیمیۆلۆژیا سەرهەڵدانی چەندین ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە، دەتوانێت ریشەی لە یۆنانی کۆن و لای ئەفلاتون، ئەرستۆ، سۆفستاییەکان،

ڕەواقییەکان، گرامەرزانەکان، پاشانیش لەقوتابخانەکاندا بدۆزینەوە، بەڵام بەهیچ شێوەیەك ناتوانین ئەم زانستە بە کامڵ بزانین و پێویستە بوترێت سیمیۆلۆژیا لە هەنگاوە یەکەمەکانیدایە و زانستی لێکۆڵینەوەی نوێ، دەتوانێت ببێتە هاوەڵی ئەم زانستە «80. لەراستیدا لەمڕۆدا ئەم زانستە ئەو قۆناغەی بڕیوەو بووەتە میتۆدێکی گرنگی لێکدنەوەی زۆربەی بوارەکان بەگشتی و دەقی شیعریی و ئاشکراکردنی پەیامی دەق بەتایبەتی.

لەگەڵ ئەوەی سیمیۆلۆژیا درێژەپێدەری زمانەوانی و گەشەکردنییەتی، لە ڕاستیشدا وشەکانیش هێمان، چونکە شتێکی تر بەدەر لەو گوزارشتەی خۆی دەگەیەنن، بەمەش مەبەستێکی ڕەوانبێژی دەبەخشێتە خوێنەر و ئاماژە بۆ دەلالەتی قووڵ دەکات، ئەمەش نرخی نیشانە لە ژیانماندا دەردەخات، بۆیە» سیمیۆلۆژیا لە پێگەی فیکری سەردەمدا، شوێنێکی باش داگیردەکات، کە بریتییە لە چالاکێکی مەعریفی خاوەن تایبەتمەندی، لە ڕوانگەی بنەما و درێژکردنەوەو شێوازی لێکدانەوەیی، جگە لەمەش زانستێکە بنچینەو پرەنسیپەکانی لە کۆمەڵێکی گەورە لە کێڵگەی مەعریفی وەك زمانەوانی و فەلسەفی و لۆژیك و لێکدانەوەی دەروونـی و ئەنسرۆپۆلۆژیاو لەم کێڵگانەشەوە، سیمیۆلۆژیا زۆربەی چەمك و ڕێگاکانی لێکدانەوەی وەرگرتوە، هەروەها بابەتەکەی لە بوارێکدا دیاریکراو نییە، چونکە سیمیۆلۆژیا گرنگی بە هەموو بوارە مرۆییەکان دەدات، ئامرازی خوێندنەوەی هەموو دیاردەیەکی ڕەفتاری مرۆییەو بەهەڵچوونە ئاساییەکانەوە دەستپێدەکات و بە بۆنە کۆمەڵایەتیەکاندا تێدەپەڕێت و بەکۆنتێکستە ئایدۆلۆژیە گەورەکان کۆتایی دێت «81.

ئەگەرچی گرنگیدان بە سیمیۆلۆژیا وەك چالاکیی بیری، خاوەنی پێگەی تایبەتی خۆیەتی و ڕۆڵیشی کارکردنە لەناو دەقەکانداو لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمیشدا دەرکـەوت، بەڵام باسکردن لەبنەماو ڕێچکە سەرەتاییەکانی سیمیۆلۆژیا، دەگەڕێتەوە بۆ چالاکیە ئێپستمۆلۆژییەکان لە بیری یۆنانی کۆندا، یاخود بۆ پێش یۆنان و بۆ لۆژیکی وێنەیی و پەیوەست دەبێت بەو

شێوە پەیوەندیە سەرەتاییانەی، کە مرۆڤ لە نێوان خۆی و جیهانی دەرەکیدا دروستیکردون، لەپێناو رزگاربوون لە جیهانی هەستپێکراو، ئەو کاتانەی مرۆڤ نیشانەکانی بەکاردەهێنا، بۆئەوەی لە مەدلولی شتەکان بگات.

**ا-گریك:**

«سیمیۆلۆژیا لەسەرەتادا لەڕێگەی وێناو بۆچوونو چەمکەکانەوە دەرکەوت، کەلەچوارچێوەی گوتاری فەلسەفی یۆنانیدا هەبوون، بەڵام وەك زانستێکی تەواوی کۆنتێکستە واتاییەکان، لەسەدەی بیستەمدا سەریهەڵدا «82.

دەستپێکردنی بیری سیمیۆلۆژی لای گریك» لەقوتابخانەی گۆمانکردن(SCEPTICISM) کەمەبەستیان گومانکردن بوو لەمەعریفە دەستیپێکردوە، ئەم ڕوانینەش لەسەدەی هەشتەمی پێش زاینو لەسەر دەستی(ئانیسیدیمۆس AENESIDEMUS) ی فەیلەسووف سەریهەڵدا، چونکە کاری لەسەر پۆلێنکردنی دە گوزاشت کردوە، کەپەیوەندێکی توندوتۆڵیان لەگەڵ لێکۆڵینەوەی پزیشکیدا هەبووە.83

پاشان ئەم ڕوانینە بەرەوپێشەوە چووەو» لەسەدەی دووەمی میلایداو لەسەردەستی پزیشك(ئەمپێریکوس EMPIRICUS) نیشانە نادیارەکانی پۆلێنکرد، بەڵام(گالینۆس GALENOS) جیاوازی لەنێوان نیشانەی گشتی و نیشانەی تایبەتیدا کردوە، کە لەو سەردەمەدا ئاماژە بە شتێکی دیاریکراو دەکات».84

«ئەفلاتون گرنگی بەنیشانە زمانییەکانو سروشتە لاساییەکەرەوەییەکەی(MEMITIQUE) وتایبەتمەندییە لەخۆوەییەکەی داوە، بەتایبەتی لە گفتوگۆی کراتیل کە لەنێوان کراتیل و هرموجیندا ڕوودەدات، بۆچوونیان جیاوازە لە بارەی پەیوەندی وشەکان و شتەکانیان، کراتیل پێیوایە پەیوەندییەکە سروشتییە، ئەوی تریان ڕێکەوتن و زاراوەیی، بەمەش لەدیالۆگەکاندا پەیوەندی لە نێوان وشەو مەدلولەکاندا دروستکرد».85

هـەروەهـا ئەرستۆ لـەتـیـۆرەکـەیـدا لـەبـارەی مـانـاو شیعرەوە« لەکتێبی(دەستەواژە -العبارە)دا سەرقاڵی نیشانە بووەو جیاوازیکردوە لەنێوان(قسە) و(شتەکان) و(بیرەکان)و(نوسین) بۆئەوەی تایبەتمەندی هەریەکە لـەم ڕەگـەزانـە بـدۆزێـتـەوەو سروشتی پەیوەندی نێوانیان روونبکاتەوە»86.

گالینۆس دەڵێت»خاوەن( راوبۆچوون و پێوانەکاران) لە نیشانەکانەوە بەڵگە بۆ هۆکارەکان وەردەگرن و لە هۆکارناسییەوە چارەسەرو تیمارکردن بەدەستدێنن، کەواتە لە نیشانە سەرەتاییەکانی نەخۆشی و سیمای کەسی نەخۆشەوە، بەڵگەکان وەك هۆکار لە خودی نەخۆشییەکەدا دەردەکەون، دواجاریش بە هۆیەوە نەخۆشییەکە دەناسرێت و دیاریدەکرێت، چونکە نیشانەکان دەبنە دیاردەی یارمەتیدەر لە تێگەیشتنی مانای نەخۆشییەکە، واتە ئەو دیاردەیەی بووەتە هۆی سەرهەڵدانی نەخۆشییەکە»87، هەروەها گالینۆس دەڵێت:» مانای ئەوەی من بە دیاردەم ناوبردووە، ئەوەیە کە بە نیشانە بەڵگەی لەسەر بهێنرێتەوە»88 لێرەشەوە دەکرێت بڵێین: نیشانەکانی نەخۆشی وەك دالن بۆ مەدلولەکان کە لەخودی نەخۆشیەکەدا بە هەموو سیماکانییەوە دەردەکـەون، تێگەیشتنیش لە ئاماژەکان رێگەن بۆ ناسین و دیاریکردنی دەرمانەکان، کەواتە ئەوەی وەك نیشانەی نەخۆشی دەردەکەوێتك بە ئاماژەو بەڵگەی تر دەناسرێتەوە، کە دەتوانین ناوی نیشانەناسی لێ بنێین.

لەمەوە تێدەگەین بەڵگە و نیشانە مانا دەگەیەنن، ئەگەر ئەمە لای گالینۆس نیشانەیەك بێت لەنیشانەکان، ئیتر سروشتی ئەو نیشانەیە هەرچۆنێك بێت، ناتوانرێت وێنای ماهیەتی نیشانە بکرێت، بەبێ وەستان لەسەر پەیوەندی بە ماناوە، ئەم پەیوەندیەش هاجسێکی ئێپستمی بۆ بیرکردنەوەی فەلسەفی کۆن دروستکردوە، هەر لەو کاتانەی کە دەستکراوە بە تێڕامان لە پەیوەندی نێوان زمان و بیر، وێنەو شتەکان لەلایەك و وشەو شتەکان لەلایەکی ترەوە، وەك گفتوگۆکانی کراتیلۆس و سۆفستاییەکان»89، بۆیە تێگەیشتن لەمانا لە روانگەی سیمیۆلۆژیەکانەوەك ناتوانرێت دابڕێت لە کۆنتێکستی فەلسەفی و زانستی، ئەمەش وای لە جۆن لۆك کردك بەرەو سیمیۆلۆژیا بڕوات و پەیوەستی بکات بە رەگەزەکانی تری زانینەوە.

ئەگەرچی باس لەوە کراوەك کە بنچینەی سیمیۆلۆژیا دەگەڕێتەوە بۆ وتەکانی سۆسێر و پێرس، بەڵام لە راستیدا بنچینەی ئەم زانستە مێژوویەکی کۆنتری هەیە، چونکە زۆرێك لە فەیلەسوفەکان قسەیان لەسەر نیشانەو فەلسەفەی زمان کردووە، بەمەش «پەیوەندێکی بەهێز تا ئاستی وەك یەکی لە نێوان سیمیائیات و لۆژیك و تیۆری زانیندا هەیە، بەمەش لوژیکی گریکی وەك لۆژیکی یەکەمی سیمیائیاتە، چونکە وتەکانی هەریەکە لە(دیموکریتس460 پ.ز، هیرقلیتس 5-76480پ.ز، پارمنیدس 50-4 470، سوکرات 46-9 399پ.ز، ئەفلاتون 42-7347پ.ز، ئەرستۆ 3-84322پ.ز) یارمەتییمان دەدات لەتیگەیشتنی پەیوەندی نیوان سیمیۆلۆژیاو لوژیك، چونکە لوژیکی یونانی پێگەیەکی بەهێز دەداتە زمان «90 جگەلەمەش» لای ئەفلاتون و ئەرستۆ باس لە( تیۆری مانا ) دەکەن و ئاماژەی جیا جیای لێدەکەویتەوە و ئەمە ناودەنێن سیمیۆ(SEMIO) کە لە بنەڕەتدا وشەیەکی یۆنانییەو بەمانای ئاماژە دێت»91، ئەفلاتون لە گفتۆگۆکانیدا لەگەڵ کراتیلیۆس(CRATYLOS) لە بنچینەی زمان رادەمێنێت92ئەدەبی ڕۆژئاوا هەر لەکۆنەوە تاوەکو فۆرمالیستە روسیەکان، لە لۆژیکی لاسایکردنەوە دەرنەچووە «93

«بەشێوەیەکی گشتی لەکلتوری رۆژئاواییدا، هەر شتێك پێش زانای سویسری سۆسیرو زانای ئەمرکی پێرسەوە دەربارەی نیشانەکان وترابێت، لەروانگەی سیمیۆلۆژیای مۆدێرنەوە بە سیمیۆلۆژیا لەقەڵەم نادرێت» «94، کەواتە،سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم زانستە یان بـوارە، تا ڕادەیەکی زۆر دەستنیشانکراوە و ئەو تەم و مژییەی کە لەرووی مێژووییەوە بە بوارە مرۆڤایەتیەکانی ترەوە دیارە،لە سیمیۆلۆژیادا بەدیناکرێت.

بەڵام ئەم بۆچوونە ئەگەرچی پشتراستکردنەوەی بۆچوونی(ئانە ماری دینەسن)ە، بەڵام بنچینەی سیمیۆلۆژیای پێرس لەسەر لۆژیك و کارەکانی جۆن لۆك بونیادنراوە و ڕێڕەوی ئەم مێژوەش «دەگەڕێتەوە بۆ لۆژیکی یۆنان، کە بەهەمان رێڕەو کاریکردوە، بەڵام تەواوی ئەو کارکردنەی چالاك نەبووە، وەك ئەوەی ئەم دوو زانایە ناساندویانە، کەوایە سیمیۆلۆژیا زانستێکە زۆر لەو مێژوە لەپێشترە.

پێرس پێوایە «وشەی SEMIOSIS لەسەردەمی گریکیەکاندا گوزارشتێك بووە «95 بەڵام( دوگلاس گرینلی) دەیگەڕێنێتەوە بۆ پێشنیارەکەی جۆن لۆکی فەیلەسوفی ئەزمونگەری، کە مەبەستی لە سیمیۆتیکا لۆژیکە، واتە هەموو کارێك بەسروشتی حال هەڵگری نیشانەیە بەهۆکاری زەینییەوە، کە وامانلێدەکات بە مەبەستی تێگەیشتن لە شتەکان، یان لەپێناو پێشکەشکردنی زانیاریەکانمان بەوانی دی بەکاریبهێنین «96

«فەلسەفەی سوکرات و ئەفلاتون بە پێی ئایدیا باڵاکانیان کۆنتێکستێکی فەلسەفی و لۆژیکی بنیاددەنێت و دەبێتە دەروازەی بیرکردنەوەی سیمیائی لای یونان و لە ڕێگەیەوە لە نیشانە دەگەن، بەو پێیەی وەکیەکی لە نێوان مادەو وێنەدا دەبێت، چونکە هەڵدەستێت بە پەیوەندیکردنی بەهێز لە نێوان بیرۆکەو وێنە حسییەکە، بۆنموونە دەوترێت سەیرکە چۆن سورهەڵگەڕاوە، پێدەچێت تای هەبێت، کەواتە ئەوە نیشانەیە»97.

«ئەرستۆ فەلسەفەی ئەفلاتونی بەهۆی هەوڵدان بۆ پێناسەکردنی بیرە بیرکاری و ئاکارییەکان تێپەڕاند، لێرەوە ئەرستۆ هاوتایی و هاوشێوەیی لەنێوان بیرو مانا، یان واتاو کرۆکدا دەکات، بەمەش ئاڵوێری گەورە لەبیری فەلسەفی هاتەئارا، کاتێك بیری(نموونەی باڵا)ی ئەفلاتونی گۆڕی بەبیری چەمك، ناتوانین چەمك لەسروشتی تێڕامانی شتدا، بەتێڕامانێکی بیری گیربکرێت(حەسر)، بەڵکو بەردەوامیەکەی دەرئەنجامە لەداماڵینی ئەزموونی هەستیدا «98 لوژیکی گریکی گرنگی بە نیشانە داوە، هەر وەك زمان «نیشانە لەبیرکردنەوەی گریکیدا دەلالەتی سیپتۆمێك لە سیپتۆمەکانی نەخۆشی گەیاندوە و ئەو کاتەش پێیانوتووە SEMEION، لەبەرئەمە ئەم زانستەك هەر لە کۆنەوە پەیوەست بووە بەلایەنی پزیشکیەوە، بەڵام ئەفلاتون زاراوەکەی پێشو دروستدەکات، بۆئەوەی لەلای هاوواتابێت بە نیشانەی زمانی»99، بەڵام ئەوەندە هەیە «نازانین دی سۆسێر ئەم چەمکەی لەدەرەوە وەرگرتوە، یان لە فەلسەفەی رەواقییەکانەوە هێناویەتی، جگە لەوەی ئەرستۆ جیاوازیەك لە نێوان تیۆری نیشانەی زمانی وتیۆری SEMION دا دەکات100

بەڵام بەدڵنیایەوە» لەبیری گریکیدا جیاوازیان لە نێوان نیشانەی زمانەوانی و وشەی SEMION کردووە «101، ئەم بنچینە زمانەوانییەش وای لە سۆسێر کرد، کە زاراوەی سیمیۆلۆژی لێدابتاشێتك، بۆیە ئەم بۆچوون و وێنایانەی کە لوژیکی ئەرستۆیی خستونییەتە روو، سەرەتایەکن بۆ سیمیۆلۆژیای هەستی، لەسەر ئەم بنەمایەش «تیۆری حوکمکردنی ئەرستۆیی بە هەردوو رەهەندی دەروونی و لۆژیکی و بە سروشتە ئارگیومێنتە زانستییەکەیەوە، لەیەکەی پێکهاتەیی و شرۆڤـەدا خۆی دەنوێنێت، کە نایەوێت لەکاتی کارەکانیدا لەیەکتری دابڕێت، خۆ ئەگەر پەتی بن، هەروەها پەیوەست دەبن بەو گوتارانەی کە لە هەواڵەکانەوە بەدەستدێت»102

لۆژیك بنەمای نیشانەناسی دروستدەکات، یاخود پێچەوانەکەشی ڕاستە و ساڵانێکە لەو بارەیەوە کارکراوە، چونکە پێرس پێیوایە «توانای جیاوازیکردنی دروست لە نادروست، بنەمای بیرکردنەوە دروستدەکات» 103 ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت «ئەو دوالێزمییەی کە ئەحکامەکانی تێدا ڕێکدەخرێت، لەسەر بەیەکگەیشتنی پەسەندو رەتکردنەوە چڕدەبێتەوە، لەم دوالێزمییەشەوە مەبدەئی دژیەتی سەرهەڵدەدات، هەرچەندە دژایەتیکردن نییە، ئەگەر هاوتایی لەنێوان پەسەندو رەتکردنەوەدا نەبێت، لێرەوە بنەمای لوژیکمان بەپێی چـوارلای سیمیائی، یان چـوارلای دەلالی بۆ دەردەکەوێت، کە بە گەورەترین ڕێگای بیرکردنەوەی سیمیائی لای گریماس دادەنرێت،و لەسەر سی پەیوەندی وەستاوە(ناکۆکی(التناقص)، تێهەڵکێش، دژەگەرایی) لەگەڵ ئەوەی گریماس و کورتاس دەیگێڕنەوە بۆ بنچینە زمانییەکان»104.

«کەتیگۆرییەکانی ئەرستۆ هۆکارێك بوون بۆ بیرکردنەوەی سیمیائی لای گریکیەکان، بەتایبەتی ئەم بنەمایانەی لە تایبەتمەندی زمانی یۆنانییەوە وەرگرتبوو، هەر وەك چۆن هەریەکە لە ئەمیل بێنڤێنست و ئەمبرتو ئیکۆ ئاماژەیان پێکردبوو «105

بەپێی بۆچوونی پێرس و(ش. و. مـورس) شرۆڤـەی لۆژیکی هاوتایە لەگەڵ شرۆڤەی سیمیۆلۆژی و مێژووی لۆژیك بە پێی وەسفەکەی، سیمایەکی نائامادەیی سیمیۆلۆژیایە لە مێژووی بیری کۆندا»106

لای ئەرستۆ لە پرسی تایبەت بە بەڵگەکاندا، شانبەشانی نیشانە چەمکی «ئیکۆس» هەیەو دەڵێت:» ئیکۆس و نیشانە پێشەکییەکی باشن، چونکە بوونەوەرو، بوون و نەبوون بە زۆری ئیکۆسن، بۆیە نیشانە لای ئەرستۆ بەشێکە لە پێکهێنەرەکانی پێناسەی وتاربێژی، چونکە وتاربێژی پەیامێکی زمانەوانییەو تیایدا»107

ئیکۆ پێیوایە» لۆژیکی ئەرستۆ کە لە فەلسەفەکەیەوە سەرچاوە دەگرێت،لەسەر بیرێك بنیادنراوە، کە بریتییە لەوەی دەتوانرێت لەبوونەوە بە ڕێگەی هەمەجۆر و جیاواز گوزارشت لە زمان بکرێت، بێگومان ئەم بیرەش دەگەڕێتەوە بۆ بیرو بۆچون و تێڕوانینی فەیلەسوفە سروشتیەکان، لەکۆتایشدا لە پەیوەندی واتاکان لەگەڵ شتەکان دەکۆڵێتەوە، ڕۆڵی لۆژیکی ئەرستۆش لە بنیادنانی سیمیائیاتدا بە جەختکردنەوە لە دوو چەمك کە ئەوانیش(نیشانەو خواستن)ن، وەك دوو کانگای گـەورەن و ئەرستۆ بە دامەزرێنەری دادەنرێت»108، واتە نیشانە لە کرۆکی لۆژیکی ئەرستۆوە سەرچاوە دەگرێت، کە بریتییە لەوێناکردن، ئەگەر لۆژیك لە ڕوانینی ئەرستۆدا بریتی بێت لە پرۆسەی شرۆڤەی بیرو جۆرو وێنەکەی، دەبێت یەکیەتی و پەیوەندی لە نێوان بیرو زماندا هەبێت.

لە کۆندا تێڕوانینەکان بە شێوەیەکی تایبەتی کارکردن نەبووە لە بواری روانینی تیۆری لە نیشانە، ئەوەندەی ڕوانین بووە لە کێڵگە فەلسەفیەکان، ئەم حاڵەتەش هەر لە بیرە فەلسەفیەکان و لای هەریەکە لە سۆکرات و ئەفلاتەن و ئەرستۆدا هەبووە.

## ب- ڕەواقییەکان(STOICS):

ڕەواقییەکان لەسەدەی سێیەمی پێش زایـن، گرنگیان بە بۆچوون لەبارەی نیشانەو کۆنتێکستە دەلالیەکان داوە لەبارەی(پێوانەی لۆژیکی SYLLOGISM)و پەیوەندی سنوری دۆزەکان بەجیهانی دەرەکی، بەمەش چەمکی نیشانە بریتییە لەو پەیوەندیەی کەلەنێوان وشەو شتەکاندا هەیە،

که لەجیهانی دەرەکیدا دیاریدەکرێت109،جگەلەمەش تۆدۆرۆڤ دەڵێت» ڕەواقییەکان یەکەم کەس بوون، باسیان لەدوو رووی نیشانە کە بریتییە لەدالو مەدلول کردوە110.

هەروەها ئیکۆ دەڵێت»ئەگەرچی نیشانە وەك ڕەگەزێك لەناو ڕێڕەوی دەلالیداو بوونی جیاوازی لەم ڕوانگەوە، هەر لەبیری یۆنانی و سەردەمی زێڕین لای ئەفلاتون و ئەرستۆ، بەو ئەندازەیە روون و ڕاشکاو نییە، وەك ئەوەی لای ڕەواقییەکان هەیە، چونکە لەناو هەر ڕێڕەوێکی سیمیائیدا جیاوازی لەنێوان(SEIMAINON) یان دال، یان گوزارشت، بەو سیفەتەی کیانێکی مادییە لەگەڵ (SEMAINOMENON) یان مەدلول، یان کرۆك و سرۆشتێکی مادی نییە لەگەڵ ( TYNCHANON) بابەت کە نیشانەکە بۆی دەگەڕێتەوە، کە لە سروشتە مادییەکەی رووداو یان کارەکەدایە»111.

جگە لەمەش» یەکێك لە مێزگردە گرنگەکان لەبارەی نیشانەکانەوە لەجیهانی کۆندا، لەنێوان رەقییەکان و ئەبیقۆریەکاندا لە(300پ.ز)لە ئەسینا روویداوە، ئەمەش بوویە خاڵێکی دیالێکتیکی گەورەی جیاوازی لەنێوان(نیشانە سروشتیەکان، کە بە شێوەیەکی لەخۆوە لەسروشتدا روودەدەن) و نیشانەی عورفییەکان(کە تایبەتە بەپەیوەندی شێوازێکی ورد)ەوە، رەواقییەکان بەشێوەی تایبەتی بۆچوونیان وایە نیشانەی نموونەیی ئەوەیە کە ناولێنانە پزیشکیەکان دەیگەیەنێت، واتە دەرکەوتەکان لەدەموچاوی نەخۆش نیشانەی نەخۆشیە «112.

فەلسەفەی رەواقییەکان خاوەنی پێشنیارێکی قووڵ و بەهێزی هزریە و تایبەتە بە پەیوەندی لە نێوان لوژیك و زماندا، بۆیە فەلسەفەی زمانیان دامەزراند، بۆیە «ئەگەر لەدایکبوونی زاراوەی سیمیائیات پەیوەستبکەین بە جۆن لۆکەوە، دەتوانین سەرچاوەی هەندی وێنای بیری فەلسەفی

بگەڕێنینەوە بۆ ڕەواقییەکان، دەتوانین بڵێین بنچینەی سیمیاگەری بەپێی مێژوو دەگەڕێتەوە بۆ بیرکردنەوەی لۆژیکبوونی ڕەواقییەکان»113 «ڕەواقییەکان مەسەلەی زمانەوانی دەگێڕنەوە بۆ بابەتە نەریتییەکان، بە وێناکردنەکانی تیۆری زانستی و ڕاستیە گشتیەکانەوە نەوەستان، بۆیە(ژیانی زمان) لەبازنەی بەکارهێنەرانی دەرناچێت، هەروەها سروشی کۆمەڵایەتی لەسەر فەلسەفەی ڕەواقی فەرزکردوە، کە لە دۆزە لوژیکەکاندا بیگونجێنێت، جگە لەمەش ڕەهەندێکی سیمیائی بخاتەسەر بەهۆی کارنامەی پەیوەندی، کە زمانەوانی نوێی تێدا سەرکەوتوو بوون، بەڵکو ئەوان تەنها خۆیان بەڕوانین لە نیشانە زمانەوانییەکانەوە گرێنەدا، بەڵکو تەرکیزیشان لەسەر نیشانە نازمانییەکان دەکـردەوە»114 «ڕەواقییەکان لەسەرەتای سەدەی سێیەمی پێش زایین لەپاڵ دال(SIGNIFIANT) و مەدلول(SIGNIFIE)دا باسیان لە نیشانە کردوەو لەوێشەوە بۆ قوتابخانەی فۆرمیەتی بەرابەرایەتی ئینیسید ئیموس ANESESID – EMUS سەدەی یەکەمی پێش زایین و کارکردن بووە لەسەر فۆرمەلەی لێکدانەوەی نیشانەکان، پاشان پۆلێنکردنیان لای شیشرونی(CICERO) ڕەخنەگر، لەگەڵ هەوڵەکانی هەریەکە لە فەیلەسوفی پزیشك(سیکۆس ئمبریکوس SEXTUS EMPIRICUS )لە پۆلێنکردنی نیشانە شاراوەکان و گۆلین GOLEN ی پزیشك لەجیاوازیکردن لە نێوان نیشانە گشتی و تایبەتەکان لەسەدەی دووەمی زایینیدا»115

لێرەوە ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە گرنگی فەلسەفەی ڕەواقییەکان، پەیوەستە بە نیشانە زمانییەکان و نازمانییەکان.»لوژیکی ڕەواقییەکان هەر لەسەرەتاکانییەوە خاوەن تایبەتمەندیی سیمیائییەو فەلسەفەشیان بە پێی ئەم خشتەیەی خوارەوە دابەشکردوە»116.




بروشار دەڵێت «لوژیکی ڕەواقییەکان لەسەر بنچینەی تیۆری نیشانەکان بنیادنراوە، بەتایبەتی لە تیۆری بەڵگەدا، وایان دەبینی پەیوەندیەکی بەهێز و پێویست لە نێوان نیشانەو ئەو شتانەی، کە واتاکە دەگەیەنێت هەیە»117، کەوایە ئەم لۆژیکی نیشانەیە وا دەکات کار، یاخود قسە لەسەر لوژیکی ڕەواقی و بیری گریکی بکرێت «هەرچۆنێك بێت لوژیکی ڕەواقییەکان، ئەگەر بخرێتەسەر دیالۆگەکانی سۆقرات و لۆژیکی ئەرستۆ و فەلسەفەی(دونس سکوت)، دەبێتە خاڵی یەکەمی پراگماتی پێرس و لە گەڵاڵەکردنی تیۆرەکەیدا، تایبەتمەندی لۆژیکی بەبەردا دەکرێت، کە لەبارەی نیشانەوە دروستیکردوە 118»

بەپێی بۆچوونی(ژولیا کریستڤا) «ڕەواقییەکان توانیان یەکەمین تیۆری تێروتەسەل لەبارەی نیشانەوە گەڵاڵە بکەن، دوای ئەوەی بنەما ئێپستمۆلۆژیەکانی گریکیان تێپەڕاند»119 فەلسەفەی ڕەواقییەکان، کە پەیوەستە بە زمان و نیشانەوە ڕۆڵێکی گرنگی لەسەر بیرکردنەوەی فەیلەسوفەکانی سەدەی ناوەڕاست هەبووە، هەروەها پشتیان پێبەست بۆئەوەی بۆچوونە میتۆلۆژیەکانیان(ئەفسانییەکان) بنیادبنێن، دوا بەدوای ئەوەی پەیوەستبووە بە دەقی لۆژیکی ئەرستۆییەوە.

لۆژیکی ڕەواقییەکانیش درێژەپێدەری لۆژیکی ئەرستۆ بوون، بەڵام چەند وتەیەکی نوێیان بۆ زیادکردوەو دابەشیانکردوە بۆ ڕەوانبێژی و دیالێکتیکی، نەك میکانیزمێك بێت بۆ بیرکردنەوە، چونکە کرۆکی لۆژیك لای ڕەواقییەکان بریتییە لەدیالێکتیك و دابەشدەبێت بۆ دال و مەدلول و دەرخەری چەمك وئەنجام و تیۆری مەعریفییە.

«ڕەواقییەکان پێیانوایە لۆژیك ئـەدات نییە وەك ئەرستۆ پێیوابوو، بەڵکو زانستی ڕاستەقینەیە و بەشێکی دانەبڕاوە لە فەلسەفە»120، کەواتە ڕەواقییەکان جەختیان لە بنەمای تیۆری زانستی لۆژیك دەکرد، هەروەها جەختیان لەسەر دەربڕاوە فەلسەفیەکان دەکرد، کە بیرۆکەی نیشانەی لەسەر دامـەزراوە، لەگەڵ هەلومەرجی بەرهەمی دەلالـی، کەوا دەکات نیشانە بکاتە فەزای دەلالەتە چاوەڕوانکراوەکان، کە بەپێی هەنوکەیی پێویستیەتی دیاریدەکرێت.

پێوانەی مەرجی لای ڕەواقییەکان، کە تایبەتمەندیی بنچینەییە بۆ لۆژیك، وایانلێدەکات لۆژیکی یەکەم بۆ بنیادنانی سیمیۆلۆژیای باش لە لۆژیکی ئەرستۆدا بگرنەبەرو بەپێی لۆژیکی نوێ کە لۆژیکی مەرجداریەتییە کاربکەن121

ڕەواقییەکان پێیانوایە «لۆژیك لەناو زانستی زماندایەو ئاماژە بەوەدەکات وشەو ڕستەکان نیشانەن، بەڵام چەمك و ئەنجام و تێگەیشتنەکان لەم نیشانانەوە ئاماژەیان بۆ دەکرێت، بۆیە لەسەر لوژیك پێویستە لەیەك کاتدا لەو نیشانە شەفەهی وئەو چەمکانەی بوونەتە مەدلولی بکۆڵێتەوە»122

لای ڕەواقییەکان شرۆڤەی لۆژیکی نیشانەکان هەوڵی لێکدانەوەی نیشانەکان تێدەپەڕێنێت، چونکە لێکدانەوەی نیشانە، تێیدا نەزان یەکسان دەبێت بە خوێنەوار، بۆ نموونە جوتیارەکان توانیویانە نیشانەی کەش و هەوا لێکبدەنەوە، بەڵام نەیانتوانیوە تیۆرە لۆژیکیەکان لێکبدەنەوە، بۆیە ناتوانن کورتیان بکەنەوە، یان حوکە لۆژیکیەکە پێشکەش بکەن «123.

ڕەواقییەکان دانیان بەوەدا ناوە، ناتوانن بەسەر هەموو بابەتەکاندا سەربکەون، بەهۆی ئامادەیی نیشانەکان، کە وادەکات ئەو بابەتانە هەست پێنەکراوبن، بەو پێیەی نیشانەی راستەقینەی حسی ئامادەیەو لەبری ڕاستەقینەی پەتی نائامادە، بۆیە ئەو بابەتانەی بە راستەوخۆ درکیان پێناکرێت، پشت بە نیشانە ببەسترێت، بۆئەوەی ئەو بابەتانە بهێننە ناو جیهانی بوونەوە 124»

ئەمبرتۆ ئیکۆ دەڵێت «ڕەواقییەکان لە کرداری هەستپێکردندا، جیاوازی لە نێوان سی حاڵەتی پێکەوە پەیوەستبوو دەکەن، یەکەمیان : ئەوەی مەدلولە بە ئاماژەوە، دووەم : خودی ئاماژەکە، سێیەم : بابەتی بیر، لەم ساتانەشدا ئاماژە بریتییە لە وشە کە مەدلولە بە نیشانەکەوەو ئەو ئاماژە بەواتای وشەکە دەکات، سێیەمیش بابەتی بیرەکەیە کە لە خودی خۆیدا هەیە «125.

کەواتە لوژیکی ڕەواقییەکان لە تیۆری نیشانەکاندا، لە هەیکەلی مەعریفیەوە هەڵێنجراوە، بەتایبەتی لە تیۆری سەلماندندا، چونکە هەر لەسەرەتاوە هەستیان بەوە کردووە، پەیوەندێکی بەهێز لە نێوان نیشانەکان و ئەو شتانەی کە دەلالەتیان لێدەکات هەیە.

ڕەواقییەکان وا سەیری لوژیکیان دەکرد، کە کۆنتێکستێکی هەڵێنجراویە، بە پێچەوانەی لۆژیکی ئەرستۆوە، کە زۆر لەسەر فەلسەفەی ماهیەت و کرۆك دەوەستا، ڕەواقییەکان وا چارەسەری ماهیەتەکەیان دەکرد، کە بەپێی وەسفکردنەکەی نیشانەن، بۆیە تیۆری نیشانە لای ڕەواقییەکان کارکردنە لەسەر ئەوەی زمانییە یان نازمانی.

**ج- قەشە ئۆگەستین:**

(قەشە ئۆگەستین) رابەرایەتی بیرکردنەوەی مەسیحی بەرەو تیۆری گشتی نیشانەکان برد، لەگەڵ یشیدا نیشانە زمانییەکان. گرنگیدان بەنیشانە لەئەوروپا بەدرێژایی سەدەکانی ناوەڕاستو راپەڕین بەردەوام بووە، بۆ نموونە لەسەدەکانی ناوەڕاستدا قەشە ئۆگەشین گرنگی بەمیکانیزمی مانا داوە لەنیشانە زمانییەکاندا126.

لای ئۆگەستین «نیشانە پەیوەست بوو بەبابەتی ترەوە، بەشێوازیك داهێنان نەبوون بەوەی پەیوەست بن بەنیشانەو سیمیۆلۆژیاوە، بەڵام هەوڵیدا نیشانە لەگەڵ شتە هەمەجۆرەکاندا تێکەڵبکات».127

لە کتێبی «سیانەیی(الپالوپDE.TRINITATE ) کە کتێبێکی لاهوتی مەسیحییە، ئۆگەستین بەمەبەستی خستنەرووی سیانەیی ئاینی کریستیانی لە کۆنتێکستی دروشمەکاندا نوسیویەتی، هەروەها لەکتێبی(پرەنسیپەکانی دیالێکتیکی) یان لەکتێبە بەناوبانگەکەی(بیرو باوەڕی مەسیحی)تێگەیشتنی ئۆگەستین بۆ نیشانە لەسەر وشە(VERBUM ) چڕدەبێتەوە، یان بەشێوەیەکی راستر بەرەو ناو دەڕوات و لەسەر پەیوەندی نیشانە/ چەمك دابەشدەبێت 128»

سیمیۆلۆژیا بەهۆی ئۆگەستین و بەپرسیارکردنی لەبارەی هێرمینیۆتیکا و تەفسیرەوە لەچوارچێوەی کێشەکاندا، هەنگاوێکی تری نا کە کاسۆلیکی لەبەرامبەر کتێبە پیرۆزەکاندا پێشنیازیانکردبوو»129 جگەلەمەش بەهۆی هەوڵە بیرییەکانی لەقووڵبوونەوە لەزمان و تێگەیشتن لەبیرو باوەڕی کریستیانی بە شێوەیەکی تەواو و دروست،کە لە هەموو ئەمانەشدا هەوڵدەدات ڕۆڵی نیشانە لەپەیوەندی و پەیوەندیکردندا دەربخات، جگە لەمەش» تێڕوانینەکانی ئۆگەستین ناوجەرگەی حەقیقەتی سیمیۆلۆژیایی لە گوتاری ئاینیدا پێکاوەو لە گرنگی نیشانە ئاگاداریکردوینەتەوە و لێکدانەوەی سیمیائی لەوانەیە کێڵگەی مەعریفی ئاینی ببڕێت، بەرەو تەواوی ڕۆشنبیری بڕوات» 130

ئۆگەستین کاریگەر بووە بە فەلسەفەی رەواقییەکان «ئەوەی خستوەتە ڕوو وێنای ڕەواقی بۆ نیشانە(دال / مەدلول) دەتوانێت لە ڕێگەی پرنسیپی لەخۆوە، هەموو شتەکان بگۆڕێت بۆ نیشانە، هەروەها جیاوازی لە نێوان نیشانەی ئاسایی، یان نیشانەی تردا کردوە»131.

«هەر یەکە لە( ئیکو، لامبرتینی، مارمو، تابارونی) ئەوە دەخەنە روو، کە ئۆگەستین زانستی نشانەکانی پێشنیار نەکردوە، هەرچی وشەکانە جیاوازیان هەیە(ONOMATA) بەو پێیەی ئاماژە، یان نیشانەکان(SEMEIA) دووجۆر یەکسانی وەك یەك یان هاوتان»132.

ئۆگەستین «بە نیشانەی دەوت زانستی سیـانـی(TRIVIUM) کە لە(زمانەوانی، لۆژیك، رەوانبێژی) پێکهاتوە» 133ئەم تێڕوانینە فەلسەفیەش بە شێوەیەك بڵاوبوویەوە، تاوەکو بوو بە چوارچێوەیەکی گرنگ بۆ لێکۆڵینەوە لە لۆژیك و زمانەوانی، بەڵام لەگەڵ فەیلەسوفەکانی مۆدێرنەدا ڕوانینەکان لەسەر ئەم مەسەلەیە بەرەو پسپۆڕی رۆشتن و بوون بەدوو تەوەرەوە(تەوەری لۆژیکی - فەلسەفی)،(تەوەری زمانەوانی ).

کارەکانی ئۆگەستین هەر بە پرسیارکردن(شرۆڤەکردن چی دەگەیەنێت) بووە، ئەمەش بەرەو هێرمینۆتیکای دەقی برد(هێرمینیۆتیکای دەقی پیرۆز )، ئەمەش لە ڕوانینەکانی ڤتگنشتاین دەچێت لەبارەی زمانەوە.

فریال جبوری غرول دەڵێت «گرنگی ئۆگەستین لەدڵنیا بوونییەتی لەچوارچێوەی پەیوەندی و بەیەکگەیشتن لە چارەسەرکردنی بابەتی نیشانەدا»134.

ئۆگەستین تیۆریەکەی لە نیشانە عورفیەکاندا گەشەپێدا(SIGN DATA) و بە پێچەوانەی کلاسیکیەکان، ئەم نیشانانەی وەك بابەتی گونجاو بۆ لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونی فەلسەفی خستەروو، ئەم بەرتەسکردنەوەیەش کە ئۆگەستین ئەنجامیدابوو، کاریگەری گەورەی لەسەر لێکۆڵنەوەی نیشانە هەبوو»135، بەوەی هەڵوێستی خۆی لەبارەی چۆنییەتی خستنەرووی وشەو بیریەکان دەربخات.

**د- سەدەکانی ناوەڕاست :**

لەئەنجامی کارکردنی رەواقییەکان و دواتریش ئۆگەستین بەشێوەیەکی بەرفراوان لەسەر نیشانە، و دروستکردنی بنەماو بناغەیەك بۆ دواتر، بووە هۆی فراوانکردنی بەکارهێنانی نیشانە لە ڕۆشنبیری سەدەکانی ناوەڕاستدا بەتایبەتی لاهوتی،دوای ئەوەی فەلسەفەی گریکی بە گشتی و ئەرستۆیی بەتایبەتی کەوتنە خزمەت ڕۆشنبیری کریستیانیدا.

سەردەمی ناوەڕاست سەردەمی تێڕامان بوو لە نیشانەکان و زمان، لەوانەش(بییر بیلار 91142-PIERRE ABELARD(107 فەیلەسوفی لۆژیك و لاهوتی فەرەنسی و(روجیر بیکون 1294 4-ROGER BACON 121) فەیلەسوف و لێکۆڵەری زانستی سروشتی بەریتانی، دواتریش «لەسەدەی حەڤدەمدا دەتوانرێت بوترێت قۆناغی جۆن لۆك بە قۆناغێکی راستەقینە دادەنرێت لە جیاکردنەوەی سیمیۆلۆژیا لە زانستەکانی تر، کە لەخۆی گرتون و لەگەڵ یدا تێکەڵ بوون، لەگەڵ ئەوەی زانستی بۆ سێ پۆلین دابەشکردبوو، لەهەمانکاتدا لەژێر زانستی سێیەمیشدا(سیمیا) زانستی تری وەك لۆژیك، تیۆری زانینی داناوە «136.

«سەدەکانی دواتریش لێکۆڵینەوە لە ئاماژە، یان لێکۆڵینەوە لەسیمیا کراوە، هەروەك لە کارەکانی(فیکو، لاینتز) لەسەدەی هەژدەمدا، هەروەها لە کارەکانی(کوندیاك) لە سەدەی نۆزدەدا بەوەی بەشێکی گرنگی لەسەر تیۆری سیمیا نوسی، پاشانیش لەلای ئەوروپیەکان گەشەی یەکەمی بەخۆوە بینی «137

«لەسەدەکانی ناوەڕاستدا تیۆری نیشانە گەشەکردنێکی باشی بەخۆوە بینی، بە شێوەیەك بووە یارمەتیدەرێکی بنچینەیی لە یارمەتیدەرەکانی بیرکردنەوەی زمانەوانی، چونکە تیۆری نیشانە لە خزمەتی لێکۆڵینەوە لاهوتیەکاندا بـووە، ئەمەش لای هەر یەکە لە( گویانم غیوم، د. ئۆکام GUILLANME D OCKHAM، جۆن دونس سکوت JEAN DUNS SCOT هەبووە، دواتر کاریگەری لەسەر سیمیائیەکانی پێرس هەبووە»138، چونکە کاریگەری سیمیائیاتی سەدەی ناوەڕاست لەسەر سەردەمی نوێدا هەبووە، بۆنموونە گریماس ئیلهامی چوار گۆشەی سیمیائی لە ئەنسالیمەوە(SAINT ANSELME DE CANTERBURY ) وەرگرتوە، هەروەك چۆن پێرس خۆی بە سکوتی دەزانی، واتە پێوەی کاریگەر بووە «139

«لـەتـەوەری زمـانـەوانـیـەکـانـدا لـە قـوتـابـخـانـەی چەشنە زمانەوانییەکان(MODIST GRMMARIA MODISTAE) لەسەدەی

سێزدەمدا لە کارەکانی هەریەکە لە(کلواردبی(KILWARDBY) و(رۆجر بیکۆن) دا دەرکەوتوە، بەپێی ئەم قوتابخانەیە، زمانەوانی زانستێکی پێوانەیەو هۆکاری راستیەکان ئاشکرا دەکات و بەوەسفکردن ناوەستێتەوە، ئامانجشی ئاشکراکردنی تایبەتمەندیەکانی زمانەوانی هەموو زمانەکانە لە ڕێگەی چەشنەکانی تێگەیشتنەوە کە پێوەی پەیوەستە»140

یاخود قوتابخانەی پۆڵ رۆیال....تاد بە گشتی کار لەسەر زمانەوانی و نیشانە زمانییەکان و پەیوەندی نێوانیان دەکردو لەچوارچێوەیەکی زمانەوانیدا مابوونەوە، دواجاریش سۆسێر سیمیۆلۆژیای لەم کانگایەوە وەرگرت، بەمەش ئەوە دەردەکەوێت، کە هەردوو تەوەری(لوژیکی و زمانەوانی) بوونە بنەمای سەرەکی بۆ بنیادنانی سیمیۆلۆژیای نوێ، کە ئەمیش دابەشدەبێت بەسەر قوتابخانەو میتۆدەکانی سیمیۆلۆژیادا.

**هـ- سەردەمی نوێ :**

ئەگەرچی فەیلەسوفە یۆنانییەکان و سەدەکانی ناوەڕاست چەندین وتەو بیرو بۆچوونی فەلسەفیان لەسەر گەردون و بوونی مرۆڤ و زمانەوە خستوەتەڕوو، بەڵام فەیلەسوفەکانی سەردەمی نوێ هەوڵی لەنگەرگرتنی سەرچاوەی بیری گەورە لەگەڵ ئەوەی کە پێشینان وازیانلێهێنابوو دەدەن، بەڵام فەیلەسوف و بیرمەندانی سـەدەی بیستەم «بەشێوەیەکی گشتی سەرقاڵبوون بە شرۆڤەی سەرچاوەی ئەو بنیاتە گەورەیە، کە پێش خۆیان بنیادیاناوە».141

سیمیۆلۆژیا لەسەدەی بیستەمدا گەشەیەکی باشی بەخۆیەوە دیوە، بەهۆی تایبەتمەندی بابەتەکانیو زۆری بەشەکانی، جگەلەمەش پەیوەستبوونی بەزمانو زمانەوانیو مۆسیقاو جل و بەرگ..تاد، لێکۆڵینەوە ئەبستمۆلۆژیە جیاوازییەکانی تر، ئەمە جگە لەو بایەخدانەی بەشێوەی ورد لەمیتۆدی کارکردن لەم بوارە جیاوازانەو کاریگەری لەسەر خوێنەر.

بەم شێوەیە رادەی سوودوەرگرتنی فەیلەسوفەکانی سەردەمی نوێ لە بیرو بۆچوونی فەلسەفی پێش خۆیاندا دەردەکەوێت، ئەمەش جوڵەی سەرەکی بیرەکانیانەو، پاڵنەربوو بۆ گەشەپێدانی گوتاری فەلسەفی و چەسپاندنی بنەماکانی لە لۆژیکی زانستیدا، بۆیە مۆدێرنە هەوڵیدا نیشانە لە بەندایەتی و وێناو تێرِامانی لاهوتی ئازادبکات.

سیمیۆلۆژیا لە شەستەکانی سەدەی بیستەم، وەك دیاردەیەکی جیهانی لە شەپۆلی زمانەوانی بونیادگەری گەشەیکرد، جگە لەمەش زۆر بەخێرایی لە ئەمریکاو ئەوروپای رِۆژئـاواو یەکیەتی سۆڤیەت، قوتابخانەی(پاریس، لینیگراد، مەجەر) دروستکرد، لە ساڵی 1969 کۆمەڵەی جیهانی بۆ سیمیۆتیکا دروستکرا، و(ا.ج گریماس) سەرۆکایەتی گرتەدەست و گۆڤاریکی وەرزی لەژێر ناوی(سیمیۆتیکا) دەرکرد، جگەلەمەش کۆنگرەو وۆرك شۆپی لەبارەی سیمیۆلۆژیاوە دەبەست، لەبەرئەمە کۆمەڵێك لێکۆڵەری گرنگی جیهانی لەخۆ کۆکردەوە لەوانە(ژولیا کرستیڤا، جان کلود کوکیە لە فەرەنسا، ئامبرتوئیکۆ لە ئیتالیا یوری لوتمان لە سۆڤیەت... تاد، بە سەرۆکایەتی(سیبیوك) ی ئەمریکی.142

هۆبز» کاریگەرە بە لۆژیکی رەواقی بە شێوەیەك رِوانیویەتە فکر(بە زمانەوانیشەوە) کە دەڵێت هاوکێشەیەکی ژمێریاری یان ئەندازەییە، ئەمەش وایکرد کە رِواڵەتی فەلسەفەکەی(ئەوەی کە دەڵێت بیرێك لە ئارادا نییە، بە تەواوی پەسەند بکرێ، بەبێ ئەوەی رِادەستی خودی زمان و فیکر بکرێت بەبی دوو دڵی، چونکە وشە لەخۆیدا زاراوێکی گشتیە»143.

«ئاراستەو بیرو بۆچوونی هۆبز مەسەلەیەکی وروژاندوە، کە بریتییە لەچەند نیشانەیەکی بیرکاری، یاخود زمانی بیرکارییە. ئەگەر هۆبز وتەی لەخۆوەی زمانی پەسەند کردبێ، ئەوە(جۆن لۆك )ە داوای لەخۆوەی بوێرانەی پێشنیارکردوە و بە هەموو کێشەیەکەوە باسیکردوە، ئەمەش بە دڵنیایەوە جارێکی دی دەمانخاتەوە بەردەم ئەو سەرچاوە شاراوانەی، کە سۆسێر فەلسەفەی زمانی لێوە وەرگرتوە»144

«هەر لە هۆبزەوە تاوەکو(رودولف کارناب RUDOF 911970-CARNAP-18) بەلامپێریشەوە هەوڵی ئەوەیان داوە هەندێ باری ئەندازەیی بۆ گەڵاڵەکردنی بۆچوونێکی لۆژیکی هەڵقووڵاوی بیرکردنەوە، لەبارەی نیشانەو فەلسەفەی زمانەوە بگرنەخۆ، ڕەنگە ئەمەش بۆ ئەو نەشوغا فراوانەی هەستکردن بگەڕێتەوە، کە گوایە زمانی سروشتی خاوەنی کەموکوڕیەو لە بەجێهێنانی ئەرکەکانی بە شێوەیەکی تەواو شکست خواردوە 145»

«کەموکوڕی زمانی سروشتی و شکستخواردنی، بووە هۆی ئەوەی گەلێك لە بیرمەندان بیر لە ئەلتەرناتیڤ بکەنەوە، لێرەوە(لایبتنز) بوو بە واژۆکەری لۆژیکی هێمایی و بەیاوەری لوژیك روویکردە بونیادنانی هەمان زانست، لەوەش دەرچوو کە وەك ئامێرێکی ڕوماڵکاری راست و درۆ کاربکات. ئەمەش وای لە پێرس کرد بڵێت لۆژیکی لایبتنز ناونانێکی تری سیمیائیەکانە، بۆچوونەکانی لایبتنز، دەربارەی دانانی بنەماکانی لۆژیکی هێمایی، ڕۆڵی لەدەستپێکردنی پەیوەندی لە نێوان بیرکاری و لۆژیکدا هەبووە... گەیشتە ڕایەك کە بیرکاری لەلای ئایدیالست و ماتریالستەکانەوە لە هەردوو سەدەی هەژدەهەم و نۆزدەهەم بنە نموونە بۆ هەموو زانستەکان، تەنانەت هەیمەنەی لەسەر عەقڵانییەتی سەردەمدا هەبووە»146

هەروەها «ئەو ئاراستە هێماییەی کەلایبتنز بەردی بناغەی بۆ دانا، کاریگەری کردە سەر(ئارنست کاسیرەر)، خاوەنی کتێبی(فەلسەفەی کێشە هێماییەکان) پێیوابوو بیرەکانی هێمایی واقیعین و لەم سۆنگەیەشەوە میتۆدی کاردانەوەی ڕەتکردەوە. قسە بەلایەوە تەنها ئامێرێك نییە، چونکە ڕۆڵی لەوەدا نییە، کە ناونانێکی راستەقینەی پێشووی دابینکردبێ، زیاتر ڕۆڵی وێناکردنی هەبووە،چاکەی کاسیرەر بۆ ئەو ورووژاندنەی یاسا تایبەتییەکان دەگەڕێتەوە، کە حوکم بەسەر سیستەمە هێماییەکان و ئەو جیاوازییانە دەکەن، کە لە نێوان بنەماکانی لۆژیکدا هەن»147

« لەگەڵ ئـەوەی ئەم فەیلەسوفانە بەپێی قۆناغەکان و بەشێوەی جیاواز کاریان لەبارەی نیشانەوە کردوە، بەڵام تاوەکو سەدەی بیستەم و لەسەردەستی هەردوو زانا(سۆسێر، پێرس) هوشیارییێك لەبارەی زانستی نیشانەوە دەرنەکەوت «148

**1-پێرس:**

کارەکانی پێرس بەشێکی گرنگن لە بیرکردنەوەی فەلسەفی و لۆژیکی لەسەر نیشانەو لێکدانەوەو پۆلێنکردن و میکانیزمی کارکردن، بەمەش لێکۆڵینەوەکان بوونە هۆکاری لەدایکبوونی کێڵگەی سیمیۆتیکا و گەشەکردنی پۆلێنەبەندیەکەی جۆن لۆك لەسەر زانست، هەروەها زاراوەکەش لە زاراوەکەی ئەوەوە وەرگرتوە، جەخت لەسەر ئەوەش دەکاتەوە کە» سیمیا خودی لۆژیکە بەهەرسی بەشەکەوە، کە بریتییە لە( زانستی فانیروسکوبی PHANERO SCOPIC نیشانەکان، واتە ئەو فۆرمەی کە(فانیرون PHANERONS) ەکان تێدا بەرجەستەدەبن، بەو وەسەفە سەرەتاییەی کە لە عەقڵی مرۆییدایە»149.

پێرس لە باسکردن لە نشانەو چەشنەکانیدا لە کتێبی(کتابات حول العلامە) پێش سۆسێر کەوتوە، واتە پێش بڵاوبوونەوەی کتێبەکەی سۆسێر(چەند وانەیەك لە زمانەوانی گشتی لە ساڵی 1916)150.

هەرچی پێرسە دەڵێت»ئەوەندە دەزانم رابەرم، یان بە شێوەیەکی دی بکەرەوەی دەرگای ئەم زانستەم»151

دولودال جەخت لەسەر پێشینەیی پێرس دەکاتەوەو دەڵێت»سیمیۆتیکای پێرس پێش سیمیۆلۆژیای سۆسێر بووەو شتێکە شیاوی گفتۆگۆ نییە «152 بەڵام(بێنڤێنست) پێیوایە کارکردنیان لە سەردەمێکدا بووە، بەبێ ئەوەی کەسیان ئەوی دی بناسێت»153.

بۆیە سیمیۆلۆژیا وەك زانستێك « لەگەڵ پێرسدا دەستپێکردووەو کار لەسەر هێماو دەلالەت و پەیوەندیەکان دەکات»154 لێرەوە پێویستە بوترێت» سیمیۆلۆژیا نەبووەتە زانست، تەنها بەو کارانە نەبێت، کە پێرس

ئەنجامیدان»155 راستروایە بووترێت سیمیۆلۆژیا نەبوویە میتۆدێکی کارکردن بە شێوە سیمیۆلۆژییەکەی، تا ئەو کاتەی پێرس و سۆسێر ناساندیان، راستە پێرس سیمیۆلۆژیا وەك زانستێك یەکسان کردوە بە لۆژیك، بەمەش سیمیۆلۆژیا بوویە تیۆرێکی گشتگیر و فراوان و سنوری زمانی بەزاند، بۆیە پێرس دەڵێت» لەم جیهانەدا ناتوانم لە شتێك بکۆڵمەوە وەك لە بیرکاری، ئاکار، میتافیزیك، هێزی ڕاکێشانی زەوی، گەردوونناسی، دەروونناسی، فۆنەتیك، زانستی ئابوری، مێژوویی،... تەنها وەك سیستمێکی سیمیۆلۆژی نەبێت»156، هەروەها پێیوایە سیمیۆلۆژیا دەروازەیەکی پێویستە بۆ لۆژیك «157 واتە «لە سیمیۆلۆژیادا پێویستە پەیوەندی لە نێوان بیرو نیشانەدا هەبێت، و واسەیری بیرکردنەوە دەکات کە نیشانەیە»158

«لەهەمان سەردەمی سۆسێردا، پێرس ڕوانینێکی تری بۆ ئەم زانستە هێنایە ئاراوە و ناوی نا سیمیۆتیکا، سیمیۆتیکاش لای ئەم لەلایەك لە لۆژیك دانابڕێ، بەو پێیەی یاسایەکی بنچینەییە بۆ بیرکردنەوە و بەدەستهێنانی دەلالاتی جۆراوجۆر، لەلایەکی تریشەوە لە فینۆمینۆلۆژیا دانابڕێت، بەو پێیەی بەوردی دەستبەکارە بۆ دیاریکردنی ئیدراك و بەردەوامی و ساتەکانی»159.

«تێگەیشتنی سیانی بۆ نیشانە لای پێرس بەشێوەیەك لە شێوەکان لە چوارچێوەی لوژیکدا دەردەکەوێت، کە بریتییە لە لوژیکی پەیوەندیداری لەلایەك و پراگماتی لەلایەکی ترەوە، ئەم پراگماتییەش لە جێبەجێکردنی ئەم لوژیکی سیمیائیەدا بەشێوەیەکی روون دەردەکەوێت و بەرەو شرۆڤەی پرۆسەی بەدەلالەتکردن(التدليل SEMIOSIS) دەڕوات، پێرس خاوەنی سێ بزوێنەرە لەسەر بنەمای کۆنتێکستی مرۆیی، لێکدەرەوە INTERPRETANT ناتوانێ پێی هەستیت، تەنها لەسەر بنەمای نوێنراو GROUND OF REPRESENTAMEN نەبێت، ئەو چەمکەی کە هەمەجۆرییەکان لە کۆنتێکستی بەردەوامی نیشانەداو لەگەڵ بابەتدا پێچەوانەدەکاتەوە 160، سیمیۆتیکای پێرس لەکارەکانی(چارلس مۆریس)ی فەیلەسوفدا ڕەنگیدایەوە، لەگەڵ شرۆڤەکردنی نیشانەکاندا، مۆریس هەوڵیدا تیۆریەکی

گشتی بخاتەروو، کە باس لە نیشانەی پێکهاتەیی(الترکیبە SYNTACTIC) و سیمانتیك(SEMANTIC) و پراگماتیکیەکان PRAGMATIC بۆ نیشانە زمانی و نازمانییەکان بکات، وا وێنادەکرا نیشانە هاندەرێك بێت بۆ جۆرە جیاوازەکانی ڕەفتار»161

لەبارەی نیشانەوە لە کتێبەکانی پێرسدا سێ قۆناغی کاتی دیاریکراو هەن، کە فەلسەفەی سیمیائی پێرس جیادەکەنەوە :

1.قۆناغی کـاتـی(1851 - 1870) کاتێك کە تیۆری نیشانەی لەلا پەیوەستبووبوو بە پێداچونەوە بە وتەکانی کانتدا لە کۆنتێکستی لۆژیکی ئەرستۆییدا.

2.قۆناغی لۆژیکی(1870 - 1887) ئەو قۆناغەیە، کە پێرس پێشنیاریکرد، تاوەکو لۆژیکی ئەرستۆیی، کە بریتییە لە لۆژیکی نیشانە، خۆی وەك لۆژیکێکی نوێی بخاتەروو.

3.قۆناغی سیمیۆتیکی(1887 - 1914) لەم قۆناغەشدا پێرس تیۆرەکەی لەبارەی نیشانەوە گەشەپێدا، بۆئەوەی تیۆرەکەی تەواو و پڕاوپڕ بێت و گرنگی بە لێکۆڵینەوەی کۆنتێکستە نیشانەییە جیاجیاکان بدات «162

**2- سۆسێر:**

ئەگەرچی سۆسێر لەوانەکانیداو لەسەرەتای ســەدەی بیستەمدا وشــەی(SEMIOLOGIE) بەکارهێناوە، بەڵام سەبارەت بە کارکردن لەناو زانستی زماندا» سۆسێر یەکەم کەسە مژدەی زانستێکی نوێ دەدات لەبارەی لێکۆڵینەوە لە ژیانی نیشانەکان لەناو ژیانی کۆمەڵایەتیداو ئەمەش لەڕێگەی ئاشکراکردنی یاسای نوێوە، کە دەتوانێت شوێنێکی گرنگ لە(مرۆیی، کۆمەڵایەتی) شرۆڤە بکەین لە ڕێگەی سەرلەنوێ داڕشتنەوەی سنورو فۆرمی ئەم کۆنتێکستانەوە «163

سۆسێر وای دەبینێت هەموو مانایەك لە دال و مەدلول پێکهاتوە، دال بریتییە لە وێنەی دەنگی وشەکەو مەدلولیش بریتییە لە مانای زەینی وشەکە،

پەیوەندی نێوان دال ومەدلول پەیوەندیەکی لەخۆوەیە و هیچ پێوەرێکی پێشوەخت وەرناگرێت.

ئەمیل بێنڤینیست ڕەخنە لەوە دەگرێت کە سۆسێر باس لە پەیوەندی لەخۆوەی نێوان دال و مەدلول دەکات، و لە بیریشدا پەیوەندی نێوان نیشانە بەهەردوو لایەنی(دال و مەدلول)وە، لەگەڵ لایەنێکی تر کە نائامادەیە لە پێناسەکەیدا، کە بریتییە لە شت – واقیع، واتە کانگا بوونی هەیە «164.

سیمیۆلۆژیای سۆسێر بەسەر دوو تێگەیشتنی جیای نیشانەدا دابەشبووە، بەردەوامی کۆمەڵایەتی و بنەمای دەروونی هەریەك لەم لایەنانەی نیشانەش واتە دال و مەدلول سروشتێکی دەروونیان هەیە، لەگەڵ ئەوەی پێناسەی سەرەکی بۆ زمـــان(LONGUE)و نیشانەکانی پەیوەستە بە سروشت و بەردەوامی کۆمەڵایەتی، ئەم جیابوونەوەیەش لەوەیە، کە سۆسێر نیشانەی لەسەر چوار چەمك دیاریکردوە،کە دوانیان لەپێناسەکەدا ئاشکراو دیارن و دوانەکەی تریان نائاشکران وەك(دال، مەدلول، واقیعی دەرەکی نیشانە، کانگا(مەرجەع).

« لەگەڵ ئەوەی سۆسێر باس لە وێناکردنی دەروونی بۆ نیشانە دەکات، بەڵام لەبیردا چەمکێکی تر هەیە، کە بریتییە لە بەردەوامی کۆمەڵایەتی و لە نێوان پێناسەی دەروونییانەی ناوخۆیی نیشانە و وێناکردنی کۆمەڵایەتی نا دەروونییەکەی نەیار دەبێت «165.

لویس هێلمسلیف166 یەکەم کەسە باس لە دژایەتیەکانی بیری سۆسێر دەکات و «وێناو روانینی سۆسێر بۆ زمان وا وەسفدەکات کە مادییەو بەتەواوی شێوەیی نییە.167

هێلمسلیف لەلایەن خۆیەوە چارەسەرێکی بۆ ئەم کێشە دوانەییە لێکدابڕاوانە داناوە، کە ئەوانیش :

1.دوانەی گوزارشت(EXPRESSIM) و ناوەڕۆك(CONTENT)ە، زمان و سیستمی لەم دووئاستە پێکهاتوە، زاراوەی سینیماتیکا(CENEMATICS) ی تایبەتکرد بـە لێکۆڵینەوە لـە ئاستی گـوزارشـت و زاراوەی

پلیریماتیکا(PLEREMATICS) تایبەتکردوە بە لێکۆڵینەوە لە ئاستی ناوەڕۆك.

2.دوانەیی فۆرم FORM و مادە SUBSTANCE بریتییە لە دوانەیی لێکدابڕاو، کە لەگەڵ دوانەیی یەکەمدا یەکدەگرێتەوەو، چوار ئاستمان لە لێکدانەوەی زمانەوانی و سیمیائی بۆ پێکدەهێنێت، کە بریتییە لە شێوەی گوزارشت، شێوەی ناوەڕۆك، مادەی گوزارشت، مادەی ناوەڕۆك.168

**3- روسیا:**

«زانستی سیمیۆلۆژیای روسی لە هەندێك شەپۆلی بنچینەی بیری روسی لەسەدەی بیستەمدا گەشەیکرد، لەماوەی گواستنەوەی نێوان سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیستەم ماتریالستەکانی وەك( ج. ف. بلیخانوڤ(1856 - 1918) و مارکسیەکانی وەك(ف. ا. لینین(1870 - 1924) تیۆری نیشانەکان و هوشیاریان لە کتێبە فەلسەفیەکانیاندا بەکاردەهێنا»169

گرنگترین ماوەی زانستی سیمیۆلۆژیای روسی ئەو ساڵانەیە، کە پێش شۆڕشی روسیا کەوتن، واتە لەساڵی 1917، سیرگی کارسیفسکی(1894 - 1955) لە وانەکانی سۆسێردا لە جنێف لە ساڵانی 1917 بەشداریکردوە، کە گەڕایەوە بیرۆکەی زۆری لەگەڵ خۆیدا هێنابووەوە، لەناو بازنەی مۆسکۆ بۆ زمانەوانی(1915 - 1921) جێگەی خۆی کردەوە، کە ئەوکات یاکۆبسۆن سەرۆکایەتی دەکرد.170.

دواتــر کـۆمـەڵـەی(بـتروگـراد) بـۆ لێکۆڵینەوەی زمـانـی شیعریی یان(1930 – 1916 (OPOJZA) سەنتەری شێوەگەریی روسی کەتێیدا(بوریس ئیخنبوم 1886 - 1959) و ڤیکتۆر شکلۆفسکی(1893 - 1971) یاکۆبسۆن جارێکی تر بەشداریانکردوە»171 رومان یاکۆبسۆن قوتابی زمانەوانی روسی نیکولای تروتسکوی(1890 - 1939)بـووە، کە یەکێکە لەوانەی لەسەدەی بیستەمدا ڕۆڵێکی گرنگی لەسەر سیمیۆلۆژیادا هەبووە، لەم بارەوە(ئیکۆ) دەڵێت «ئەگەر واش دابنێین یاکۆبسۆن کتێبێکی لەسەر سیمیۆلۆژیا نەنوسیبێت، بەڵام بوونی زانستیی وەك هەمووان نموونەیەکی زیندوە لەسەر

لێکۆڵینەوەو کارکردن لە سیمیۆلۆژیادا، جگەلەمەش» لەساڵی1941دا چووە ئەمریکاو بوویە مامۆستای زانکۆو لە دوای جەنگی جیهانی دووەم بوو بە ڕابەری سیمیۆلۆژیای ئەمریکی»172هەروەها «لەنێوان بیرە سەرەکیەکانی زانستی نیشانە لای یاکۆبسۆن و هاوڕێکانی، بیری بنیاتە و بەگەشە پێدراوی دەزانن نەك داخراوی»173

پاش ئەوەی یاکۆبسۆن لەساڵی1920 چوو بۆ پراغ، پەیوەندی لەگەڵ هاوڕێ فۆرمالیستەکانیدا نەپچڕاند، لەساڵی 1928 لەگەڵ تنیانۆف کتێبێکیان بڵاوکردەوەو لەم کتێبەشدا گەشەیان بە بیری بنیات دا و لەم بارەوە لیڤی شتراوس دەڵێت»ئەو بەرهەمە رۆشنبیریەی کە لەرووی زمانەوە بەهێزبێت، یاکۆبسۆن و تنیانۆف هەن و خاوەن بنیات و یاسای تایبەت بەخۆیانن، نەك هەر یاسا زمانییەکان» بنیاتەکان(تەنانەت ئەدەبیەکان) داخراونین، بەڵکو پێویستە بەکراوەیی لەسەر بنەماکانی تر دابنرێن «174

بەردەوام کارەکانی یاکۆبسۆن تێگەیشتنێك بۆ بەرهەمی دەلالەتەکان دەردەخات «بەوەی لە بنیاتی ئاڵۆزو بەیکداچوو پێکهاتوە، دوای ئەوەی نازییەکان لە ساڵی(1939)چیکۆسلۆڤاکیان داگیرکرد چووە وڵاتانی ئەسکندەنافی و لەزانکۆی کۆبنهاگن، ئوسلو، ئوبسالا) وانەی وتوەتەوە.175

**4- بەریتانیا:**

سیمیۆلۆژیا لای سیمیۆلۆژییە بەریتانییەکان بریتییە لە سیمیۆلۆژیای کۆمەڵایەتی و»سەرچاوەی نیشانەی کۆمەڵایەتی لەکاری زمانەوانی بەریتانی(م.ا.ك. هالیدای ) لە زانستی زمان و لێکۆڵینەوە ئەدەبیەکاندا کاریگەری زۆری دروستکردووە، پێیوانییە کەلێن لە نێوان زمان و قسەدا رەهابێت وەك سۆسێر بۆیچووە، بۆیە جەختی لەسەر گرنگی کرداری قسەکردن دەکردەوە، هەروەك چۆن(فولوشینۆف) دەیکردو لەکۆتایی بیستەکاندا لەبارەی جەختکردنەوەی لەسەر زمان ڕەخنەی لە سۆسێر دەگرت. لێرەوە لەنیوان قسەکەرو گوێگردا زمان بەرهەمدێت و کۆنتێکستە کۆمەڵایەتییەکە

لەناو خودی وتەکەدا دەردەکەوێت و لەدەرەوەی سیستم بوونی نییە «176 ئەمەش بەو مانایەی شاعیر لەناو مێشکیدا خاوەن فەرهەنگێکی ناوخۆییە و پڕە لەوشەو هەریەکە لەم وشانەش لەکاتی بەگەڕخستنیان، لەچوارچێوەی کۆددا، زۆر جار خوێنەر بەکاریدەهێنێتەوەو هەوڵدەدات ئەم کۆدانە بدۆزێتەوە و واتاکانیان لەچوارچێوەی دەقدا ئاشکرا بکات، ئەمەش بەمانای لێکۆڵینەوەیە لەدەق و پرۆسەی بەرهەمەکە، بۆیە ئەوەی نیشانەکە بەکاردەهێنێت لەگەڵ لەو هۆکارانەی کە نیشانەکەی پێ بەکاردەهێنێت و لە ڕێگەیەوە دەبێتە نیشانە، گرنگن.

**5- عەرەب:**

سیمیۆلۆژیا لای عەرەب بەشێوەیەکی دیار لەکایە جیاوازەکاندا کاری لەسەرکراوە، ئەم کارکردنەش کاریگەری لەسەر بوارەجیاوازەکان و ئایدیای کارکردندا هەبووە، چونکە غریب اسکندر دەڵێت» بیرکردنەوەی سیمیائی لە ئامێزی زانستە جیاوازەکاندا گەشەیکردووە، وەك ڕەوانبێژی، لۆژیك، وشەسازی، تەفسیر، زانستی پیتەکان،... تـاد»177، یاخود»بیری سیمیائی لای عەرەب لەچوارچێوەی زانینی گشتیدا جێبەجێکراوە «178، بەم پێیەش دەتوانین بڵێین بیرکردنەوەی سیمیائی لای عەرەب لەدوو ڕێڕەوەوەیە، ژیانی(حیاتی) کە لەسەر ئەزموون وەستاوە و جێبەجێدەکرێ و دێتەدی، وەك لە پێشودا هەر لە هاوکاری و ناسین و پەیوەندی و دوان و گفتوگۆکردندا، دووەمیشیان بیریەو لەسەر بەدەستهێنانی زانست و زانیاری وەستاوە، کە بەهۆی هۆکارەکانی یەکەمەوە بەدەستدێت.

ئەگەرچی وشەی سیمیولۆژیا SEMIOLOGY خاوەن دیالێکتیکێکە لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژ ئاوادا، زاراوەی جیاوازی بۆ بەکارهێنراوە، بەڵام دوا جار لەسەر پێناسەو ڕێڕەوی کارکردنی یەك هەڵوێستی دەنوێنرێت، بۆ نمونە لە عەرەبیدا «السیما، السیمیا، السیماء «هەموویان بە واتای نشانە بەکارهێنراون.

ابن منضور دەڵێت» سیمیا لە( السومه، السمه، السیمیاء، السیماء) واتە نیشانە بەکارهێنراوە»179 زانستی سیمیا لە( سیفەت، السمه ) وەرگیراوە، کە بریتییە لە نیشانە، واتە زانستی نیشانەکان و لەسەر هەڵچوونەکان بنیادنراوە، کە لە ڕێگەی هەموو پیتەکان و پێکهاتەی ناو وشەکانەوە واتاکە دەبەخشن 180

«سیمیۆلۆژیا لە ئەدەبی عەرەبیدا لەبەرامبەر( زانستی نیشانە، زانستی ئاماژە، سیمیۆلۆژیا، سیمیۆتیکا، زانستی دەلالەت، زانستی واتا..... بەکارهێنراوە»181، یاخود» السیمیاء، السیمیه، السیمیائیه، السیمیوطیقا، السیمیولۆجیا، الرموزیه، بەکارهاتوە»182

د. صلاح فچل دەڵێت» سیمیۆلۆژیا زانستێکە کار لەسەر سیستمی هێمایی دەکـات، لەهەموو ئاماژە دالیەکان، لەگەڵ خستنەرووی چۆنییەتی ئەم دەلالەتانە «183.

د. محمد السرغینی دەڵێت «سیمیۆلۆژیا ئەو زانستەیە لە سیستمە نیشانەییەکان دەکۆڵێتەوە، ئیدی سەرچاوەکەی زمانەوانی یان داڕێژراوی یان ئاماژەیی بێت «184

حنون مبارك دەڵێت» سیمیۆتیکا زانستێکە گرنگی بەو ڕێگا و میانانە دەدات، کە لە ڕێگەیانەوە زانین(مەعریفە)و فەلسەفە و ئاکار بەدەستدێن» 185

ئەگەرچی لای عەرەبەکان لەساڵانی حەفتاکانی سەدەی بیستەمەوە، بایەخیان بە زانستی سیمیۆلۆژیا داوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەندین کارو لێکۆڵینەوەیان لەسەر سیمیۆلۆژیادا ئەنجامداوە، ئاستی بەرەوپێشچوونیشی لە ئەدەبی عەرەبییدا لەگەڵ مێژووی کارکردن لەبواری سیمیۆلۆژیادا دەردەکەوێت، بۆنموونە:

1- لەساڵی 1976 حسام خطیب لە بابەتێکدا کاری لەسەر سیمیۆلۆژیا کردوەو لەبەرامبەردا وشەی(السیمیاء) ی بەکارهێناوە،هەروەها جمال شحید لە ساڵی 1976 کاری لەسەر سیمیۆلۆژیا کردوەو زاراوەی(السیمائیه)ی لە

گۆڤاری(المعرفه، ژماره(177) ی ساڵی 1976)دا بەکارهێناوە 186

3- لە ساڵی 1976 علی العشی لە بابەتێکدا کاری لەسەر لێکدانەوەی سیمیۆلۆژی کردوەو، زاراوەی(العلامه) وەك(المسدی) لە کتێبی(الاسلوب والاسلوبیه)دا بەکارهێناوە187

4- د. محمد مفتاح لەساڵی 1982 هەمان زاراوەی سیمیای لە کتێبی(فی سیمیاء الشعر القدیم) بەکارهێناوەو لەروانگەی سیمیۆلۆژییەوە کاری لەسەر شیعر کردوە.188

5- سامی سویدان لە کتێبی(مقاربه سیمیائیه قصصیه) دا کاری لەسەر کردوە189

6- لەساڵی 1982(محمد محمود) بابەتێکی بەناونیشانی(السیمیائیه) وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی190

7-لەساڵی 1987 حنون مبارك کتێبی(درس فی السیمیائیات) بڵاوکردوەتەوە191، هەروەها د. جوزیف لەساڵی 1987 کتێبی(دلیل الدراسات الاسلوبیه) کاری لەسەر سیمیۆلۆژیا کردوە192.

8- لەساڵی 1989 د. حمید لحمدانی، کتیبێکی ماسیلو اسکار وەرگێڕاوە193

9- عبدالعالی بوطیب لە بابەتی(جریماس و السیمیائیات السردیه) کە لە ساڵی 1996 بڵاوکردوەتەوە، کاری لەسەر سیمیۆلۆژیا کردوە.194

10-د. عبدالله مرتاچ لەساڵی 1992 بابەتی(التحلیل الخطاب الشیعری) دا ئەم زاراوەیەی بەکارهێناوەو لەروانگەی سیمیۆلۆژییەوە کاری لەسەر گوتاری شیعری کردوە195

11- لەساڵی 1997 د.رضوان ظاظا وەك کاری وەرگێڕان سیمیۆلۆژیای بەکارهێناوە196.

جگە لەم نوسەرانە چەندین نوسەری تری وەك(د.سیزا قاسم 1986 – 1995، د، صلاح فضل 1992، د.سامی حنا 1997، د. عبدالحمید ابراهیم شیحه 1991، د. مراد عبدالرحمن مبروك 1996،........تاد) چەندین نوسەرو لێکۆڵەری تر کاریان لەسەر سیمیۆلۆژیا لە ئەدەبی عەرەبیدا کردوە.

لەگەڵ ئەوەشدا چەندین زاراوەی جیاوازیان لەبەرامبەر سیمیۆلۆژیادا بەکار هێناوە، بۆ نمونە :

1-«حسام الخطیب لە ساڵی 1976 دا زاراوەی(سیمیا) ی بەکارهێناوە197 «دوا بەدوای ئەمیش هەریەکە لە سعد مصلوح لە کتێبی(شێوازگەری) و ئەنتوان ئەبو زید لە وەرگێڕانی کتێبەکەی بییر گیرۆدا، هەروەها(نصرت عبدالرحمن) لە کتێبی(رەخنەی نوێ) دا هەمان زاراوەیان بەکارهێناوە.

2-کۆمەڵێکی تر زاراوەی(علم الدلاله) یان بەکارهێناوە لەوانە(محمد عزام) لە کتێبی(النقد.... الدلاله1996).

3-زاراوەی(علم الدلالات، علم العلامات) لەلایەن هەریەکە لە(المسدی) لە کتێبی(شێوازگەری شێواز)، حمادی صمود لە گۆڤاری(الحولیات، ژمارە(15) ی 1977).198

4-زاراوەی(علم الاشـارە)، لەلایەن(محمد الحناش) لە کتێبی(البنیویە اللسانیات)دا بەکارهێنراوە.

5-زاراوەی(علم الادله)لەلایەن(محمد البکری) لە وەرگێڕانی کتێبی(رۆلان بارت) دا بەکارهێنراوە.

6-زاراوەی(علم الدلائل، الدلائلیە) لەلایەن(الطیب البکوش) لە وەرگێڕانی کتێبی(جورج مونان)دا بەکارهێنراوە.

**6- کورد :**

ئەگەرچی لای کورد بایەخدان بە زانستی سیمیۆلۆژیا وەك ڕێڕەوە دروستەکەی خۆی کارێکی نوێیە، بەڵام ئەمە ناکاتە ئەوەی کورد بە درێژایی مێژوو، خۆی لەم میکانیزمی کارکردنە بەدورگرتبێت، لەکۆی ئەو بابەتانەی کە لەسەر سیمیۆلۆژیا نـوسراون، یان ڕێڕەوە سەرەتاییەکانی سیمیۆلۆژیا دەربخەن، لەناو دەقی شیعریەکاندا(نیشانە) و لە لێکۆڵینەوەکاندا سیمیۆلۆژیا بەکارهێنراوە، بەگشتی لەلای کورد، بە پێچەوانەی عەرەبەکانەوە یەك زاراوەیی هەیە، بەم پێیەش سیمیۆلۆژیا لە ئەدەبی کوردیدا بە دوو قۆناغ بەکارهێنراوە :

**قۆناغی یەکەم:** بەکارهێنانی وشەی نیشانە وەك زاراوەی نیشانە لە شیعری شاعیرانی کلاسیکدا :

لەم قۆناغەدا ئەگەرچی وەك زانست و بەشێوەی ئەکادیمی کاری لەسەرنەکراوە، بەڵام بەهەمان مەبەست هەم وشەی(نیشانە) و هەم بۆ هەمان مەبەست بەکارهێنراوە، بۆ نمونە:

**1- مەلای جەزیری:**

**- ل دەرد و ئیشان پەیکان و نیشان**
**مە ژ هەر دو چەشمان کفشن عەلامەت 199**
**- وەك «نیشانی» نەقش و نیشانەك تە دی**
**ئی کو نیشانەك تە دی کانێ غەلەت 200**
**-وەرە نیشان «نیشانی» وەهـ خوە بی پەردە سەحەر**
**لی ژ خونی بکە پەر هێز کو شەهیدان چ حساب201**
**- جارەکێ گوهتی «نیشانی» نەمەلایی وەرە بانی**
**ئەڤ دخوەست مە ژ دل و جان د هەن و کامە لەبالەب.....202**
**- ژ حوسنا بی نشان ناوی نشانەك**
**نشانی گەر ژ دل نەکرا تە بەرهیز 203**
**-برهێن ژ قەوسی قودرەت نیشانەکر «نیشانی»**
**لامع ژ بەر دبارن ژ یەنگییەك وە پەردەش204**
**- خەگ و خالان نشان نیشانی دە**
**مە ژ ناڤی خوەرا ب دەفتەر کە 205**

**2- ئەحمەدی خانی:**

**-ئەنگوشتەری یێ د وە ئەڤانە**
**ئینانەم وی ژ بۆ نیشانە**
**مەم و زینا ئەحمەدی خانی، ل139**

**-نای و قەلەم و مداد و نیشان**
**تیرو هەدەف و کەمان و کیشان**

**مەم و زینا ئەحمەدی خانی، ل233**

**3- نالی :**
**-»نالی» ئەو نوقتەی کەوابوو بە نیشانەی چاوی**
**من لە سەفحەی روخی ئەو دولبەرە نیشانم دا**

**دیوانی نالی ل 89**

نالیش بەهەمان شێوە وشەی نیشانەی بۆ هەمان مەبەست بەکارهێناوە و لێرەدا خاڵی کردوە بە نیشانەیەك، بەسەر چاوی نالیەوەیە، کە پێشتر بە تەختی روی یارەوە بووە و من پێشانی ئەوم داو لەوەوە لەسەرچاوی ئەو جێی خۆی گرت.

**- ئەمە جێی رەمزو ئیشاراتی دەروونە، لە گەرووی**
**تەنگی پڕ غەرغەرەیی واعیزی غەڕڕا نییە باس**

**دیوانی نالی ل 247**

کۆڕی ئێمە کە کۆڕی دڵداریە، بە ڕەمزو ئاماژەی دەروون قسەی تێدا دەکرێت، نەك واعز بە گەروی گیراو هەناسە سواری قسە بکات.

**- ئەوا نیشانەیی مەرگم عەیانە**
**کەمن غەرقی خەم و خوێن و زوخاوم**

**دیوانی نالی ل 304**

بەئاشکرا شاعیر نیشانەی مەرگی خۆی دەردەخات، بەوەی نوقمی غەم و زوخاو بووە، کەوایە غەم و زوخاو بە نیشانەی مردنی خۆی لە ژیانی خۆی ئاشکرا دەکات.

**- نیشانەی پوختەگی بێ دەنگییە(نالی)! ئەگەر پوختەی**
**بەحوجەت تەی بکە نامە، بەحیدەت پەی بکە خامە**

**دیوانی نالی ل 481**

**4- سالم :**

**- رۆژ کە زاهر بوو نیشانەی دەفعی نسخەی زڵمەتە**

**زولفی تۆ بێ شەو لەرووی ڕۆژ کردی دەیجور ئاشکار**

**دیوانی سالم ل 63**

دەرکەوتنی ڕۆژ نیشانەی نەمانی تاریکیەو زولفی تۆش لە بەرامبەر ڕۆژدا بەئاشکرا و کردی بە شەوی دەیجور، بەهەمان شێوەش سالم وشەی نیشانەی بۆ نیشانە و مەبەستی نیشانە بەکارهێناوە.

**- دڵ قەفای خواردو شکا کردیە نیشانەی قیرقاج**

**گەردشی تیری نیگاهت لەقەفا مسلی قەجەر**

**دیوانی سالم ل 65**

دڵ لوول بوو شکا، ئەم شکانەش بوو بەنیشانەی قیرقاچ،گەروشی تیری ئاوڕدانەوەت لەو پێچەدا وەك قەجەرە.

**- بەمن بێ سینەی سەختم بە قەڵغانی نەزەر ناکەم**

**نیشانەی تیری خوێنرێژیت بەجوز لوختی جگەر ناکەم**

**دیوانی سالم ل 84**

بەمن بێ سینەی تەختم ناکەمە قەڵغانی سەیرکردن، نیشانەی تیری خوێنڕێژیت تەنها ئاراستەی جگەر دەکەم.

**5- مەحوی :**

**-دەمت چی ؟ پڕ لەدوڕ، دورجێکی یاقوت**

**نیشانە و مۆری چی ؟ خەتتێکی زمڕووت**

**دیوانی مەحوی ل 113**

دەمت دەم نییەو سندوقێکی پڕ لەیاقوتە، کە مەبەست لە دانەکانییەتی، ئەو نیشانەیەی کە بە سندوقەکەوەیە وەك خەتێکی زمڕوت شینە، گەنەموی تازەی سەر لێوتە، لێرەدا خەتی زمروتی وەك نیشانەی موی دەموچاوی بەکارهێناوە.

**-خۆی و هەموو سیفاتی کەمالی بووە و هەیە**
**دەشبێ ئەزەلیەتی ئەبەدییەت دەدا نیشان**

**دیوانی مەحوی ل 416**

لێرەشدا شاعر خواو سیفەتەکانی وەك نیشانەی کاملّی پیشانداوە و بەردەوامیش هەروا دەمێنێتەوە.

**6- مەولەوی :**

**- ئینە نەتیجەی دیای باڵای تۆن**
**نیشانەی وساڵ خاڵ ئاڵای تۆن**

**دیوانی مەولوی ل 38**

شاعیر لەم دێڕەدا وشەی(نیشان) ی بەهەمان واتا و مەبەستی نیشانە بەکارهێناوە و دەڵێت «ئەمە ئاکامی بینینی باڵای تۆیە، نیشانەی گەیشتی جوانی تۆیە.

**- دڵ تفل و ئازیز هەر رۆ نەشانێ**
**هەر لادێ تەرزی، هەر سات نیشانێ**

**دیوانی مەولەوی،ل91**

شیعرەکەی بۆ خاڵی نوسیوەو دەڵێت مافی خۆتە وا تێبگەی دڵی ئێمە منداڵ و تێنەگەیشتوە و ئازیزیش هەر ڕۆژێ خەریکی کارێکە، هەر ڕۆژێك بەجۆرێك خۆی پشاندەدات و نیشانەیەکی تایبەتی هەیە، لێرەشدا مەبەستەکە نیشانەیە وەك لەدێڕەکانی پاشتردا نیشانەکانی هێناوە بۆ مەبەستێکی دیاریکراو وەك(ستارە، قەمەر، خۆر... تاد).

**- بسم الله ئەو تیر پەڕ تێدا بەستەش**
**ئێد نیشانەی تەن صەد جار شکستەش**

**ل 93**

شاعیر ناوی خوا بۆ تیرێك دەهێنی کە تیرەکە تایبەتە و نوکەکەی لق و پۆپی پێوەیە، ئەمە نیشانەی جەستەی سەد جار شکستەیە،

**- ئەلوەدەی تاریخ کامەرانیمەن**
**نیشانەی ئاخر زیندەگانیمەن**

**ل 425**

ئەلوەدای مێژو و کامەرانییە و ئەمەش نیشانەی دوایی ژیانمە، لێرەشدا بەهەمان شێوە وشەی نیشانەی بەواتاو مەبەستی نیشانە بەکارهێناوە.

**7- بوولبول :**
**- نیشانەی ناوك نیگای نازاران**
**یانی سەر دەفتەر سوپای خەمباران**

**دیوانی مەولەوی، ل 172**

نیشانەی سەرەکی و روانینی نـازداران، ئەوەی لەسەر کاغەزەکەش نوسراوە غەمباری منە، بەڵام وەك رابەری غەمباران خۆی پیشانداوە، ئەمەش بۆ زیاتر دەرخستنی ئاستی غەمباریەکەیە.

**8- بێسارانی :**
**- ئەمانەت ئەوسا وەقەبرم بەران**
**نیشانەی جەستە(خەستەم) بکەران**

**دیوانی بێسارانی ل 42**

بێسارانیش بەهەمان شێوە وشەی نیشانەی بۆ واتا و مەبەستی نیشانە بەکارهێناوە، بۆ نمونە لێرەدا دەڵێت گۆڕەکەم بەگەڵای خەزان دابپۆشن، بۆئەوەی ئەم گەڵا خەزانییەی سەر گۆڕەکەم بێت بە نیشانە بۆ ڕەنگ زەردیم.
**-پایز نمانا**
**نیشانەش بە باد ستەم نمانا**

**دیوانی بێسارانی ل49**

بەهەمان شێوە دەڵێت پایز خۆی نواند و نیشانەی ستەمی خۆی لە ڕێگەی باوە پیشاندا.

**قۆناغی دووەم:**

هەرچەندە کارکردن لەناو دەقی ئەدەبی کوردی لە ڕوانگەی سیمیۆلۆژیەوە کارێکی نوێیە، بەو پێیەی تاوەکو ئیستا کارێکی تایبەتمەندی فراوانی لەسەرنەکراوە، بەڵام ئەمەش ناکاتە ئەوەی، کە نوسەر و لێکۆڵەرانی کورد خۆیان لێبەدور گرتبێت، بۆیە لێرەو لەوێ هەندی هەوڵی جیا جیا هەن، کە لە ڕوانگەی سیمیۆلۆژیەوە کاریان لەسەر دەق کردوە.

یەکەمین کار کە لە ڕوانگەی سیمیۆلۆژیەوە لەسەر دەق کرابێت، بابەتێکی د. محەمەد مەعروف فەتاح کە بە ناونیشانی(هێماکاری و زمانەوانی) لە گۆڤاری(کاروان) ی لەژمارە(28) ساڵی 1985 دا بڵاوکراوەتەوە، تێیدا نوسەر کاری لەسەر هێماو هێماکاری کردوە و باس لەهێماکاری لە ژیانی مرۆڤ و زماندا کردووە، هەروەها باس لە جیاوازی و لێکچوونی نیشانەو هێمای کردوە، لەم بارەوە دەڵێت»نیشانەی ئاسایی مانایەکی فراوانتری هەیەو هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە، کە لە بریتی شتی تر دادەنرێن و سەرنج بۆ شتێك رادەکێشن، کە خۆیان نین، لەبەرئەمە وشە بەنیشانە دەژمێرێ و زمانیش بە میتۆدێکی نیشانەیی دادەنرێ، ئەگەر نیشانە بەم واتا فراوانە بەکارهات، ئەوا دەبێت بە چەند جۆرێکەوە، وەك( هێما، ئیشارە......تاد» هەروەها دەڵێت» هێما بەلای زۆربەی زمانەوانانەوە، بریتییە لەو نیشانانەی کە مرۆڤ بۆ لەیەکتر گەیشتن یان وەك چەکێك بۆ بیرکردنەوە بەکاریاندەهێنێ، بەلای هەموو ئەو زمانەوانانەوە، کە نیشانەو هێما لەیەکتری جیادەکەنەوە، هەموو هێمایەك نیشانەیە، بەڵام هەموو نیشانەیەك هێما نییەو تەنها ئەو نیشانانە هێمان، کە بۆ لەیەکترگەیشتن، یان تێگەیاندن بەکاردێن و ڕەوشت و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی چەسپاندوونی یان بڕیاری کۆمەڵیان لەسەرە، بەواتایەکی تر هێما بەو نیشانانە دەوترێ، کە مۆری کۆمەڵیان لێدراوەو کۆمەڵ پەسەندی کردون و ئەندامانی کۆمەڵێك بۆ لەیەکتر گەیشتن بەکاردێنن»هەروەها لە ژمارە(37) ی گۆڤاری کاروانی ساڵی(1985) بابەتێکی تری بەناونیشانی( زمانی مرۆڤ و گلۆپی پەڕینەوە) بڵاوکردوەتەوە،تێدا باس لە زمان و کۆدەکان دەکات.

دواتر عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی لەرۆژنامەی(العراق) لە 1988/11/17 باسی وشە وەك دال دەكات، پاشان بەدوای مەدلولی جۆراوجۆردا دەگەڕێت، وشە یاخود دال هێزێکی سیمیۆلۆژیانەی هەیە، بەڵام وەك ئەو بۆی دەچێت لەبەر دووبارەبوونەوەیانو وەستانیان لەجوغزو ئاستێکدا. لەشیعری کۆنی کوریدا وایکردووە ئەو هێزە سیمیۆلۆژییانەیان کزبووە، بۆ نموونە مانگ وەك دالێك لەشیعری کلاسیکیدا مەدلولەکانی لای زۆربەی زۆری شاعیران وەستاون، جێگیرو نەگۆڕن، بۆ نموونە مانگ زۆربەی کات لەشیعردا ئاماژە بووە بۆ جوانی و رووی کچی قەشەنگ. لای زۆربەی شاعیران لەسنووری ئەم ئاماژەیەدا جووڵاوەتەوە، پێیوایە وەك نیشانەی ماتماتیك و ئەرکی ترافیکیان لێهاتووە، واتە سوور نیشانەیە بۆ وەستانو مەترسی و سەوز نیشانەیە بۆ دڵنیایی و رۆشتن.

ئەم نیشانانە لـەدەرەوی زماندان، بەڵام وەك دالێکیان لێهاتووە بۆ مەدلولێك، بەڵام نەگۆڕە، هەموو وەرگرێك بەیەك شێوە وەریاندەگرێ، تاکە مەدلولێکی وەستاویان پێدەگات. منداڵێك، ژنێك، گەورەیەك، شاعیرێك، مامۆستایەك، بەیەك شێوە مەدلولی نەگۆڕی سەوز، یان سوری تلافیك لایت وەردەگرن.

هەروەها بۆ ئەوە دەڕوات کە شیعری نوێ بەپێچەوانەوە پڕە لەنموونەی مەدلولی جوڵاو و گـۆڕاوی دالەکان، لەسەر ئاستە سیمۆلۆژییەکە چەند نموونەیەکی شیعری نوێ دێنێتەوەو بەدوای سەلماندنی مەدلولە هەمەچەشنەو گۆڕاوەکاندا دەگەڕێت و جەخت لەسەر دوالیزمی دال و مەدلول دەکات لەسیستمی شیعرییدا، واتە جەخت لەسەر دالیك دەکات سەربەست بێت تا مەدلولی جیاوازو بەردەوام ببەخشێت، ئەمە سیستمی سیمولۆژیی سەربەستی زمانە، وا دەکات دال لەجوغزێکدا جێگیر نەکرێت، بەڵکو بەبەردەوامی بخرێتە فەزای کراوەوە..

هەروەها لەلێکۆڵینەوەیەکی تردا کە لەگۆڤاری کاروانی ژمـارە(12) ساڵی(1992) بڵاوکردوەتەوە بەناونیشانی(جوگرافیای دەق و ئامادەبوونی

ڕەشی‌و سپی) لەسەر دەق دەوەستێت‌و دەکەوێتە شیکردنەوەی ئاستی دال‌و مەدلول‌و کاریگەریی سیستمی سیمولۆژی.

تێدا باس لەوشەکان‌و دەسەڵاتی فراوانی دەق دەکات، لەگەڵ پێکەوە بەستنیان بەهۆی کۆمەڵێك نیشانەو پەیوەندی هونەریەوە، هەروەها دەق بەنیشانەیەکی ئیقۆنی دادەنێت. لەکۆی ئەم ڕۆڵگێڕانەو پێگەی دەلالەت و نیشانەکان، زمان وەك سیستمێکی سیمیۆلۆژی دەناسێنێت‌و وشەش وەك یەکەیەکی گچکە وایە لەو سیستمە،و مەدلولێك لەزەیندا وێنادەکات، بەڵام هەموو دالێك لەشیعرو ئەدەبدا، دەبێت بەئاماژەیەکی سەربەستانە.

دواتـر نـەوزاد ئەحمەد ئەسوەد لە گۆڤاری(سەراب) ی ژمـارە(1) ساڵی(1997)دا بابەتێکی بەناونیشانی(خوێندنەوەیەکی سیمیۆلۆژییانەی ش و گەلە گورگ) ە بڵاوکراوەتەوە.

ئەگەرچی بابەتەکان قسەکردنە لەسەر مەدلولە جیاوازەکانی ناو دەق، بەڵام بە میتۆدێکی سیمیۆلۆژی کاری لەسەر نەکراوەو لەناو هەمووشیاندا د. محەمەد مەعروف فەتاح وردتر کاری لەزمان و لایەنە سیمیۆلۆژیەکەدا کردوە.

### بابەتەکانی سیمیۆلۆژیا

هەرچەندە بابەتی سەرەکی سیمیۆلۆژیا نیشانەیە، لەگەڵ ئەوەی بجوکترین یەکەی دالە لە سیستمی نیشانەکان» ئەم ڕوانینەش زیاتر لە قوتابخانەی سۆسێریدا لەبارەی ئەم سوژە(حەقل) دەبینرێت، جگە لەمەش نیشانە کرۆکێکی تەواوکاری لە خودی خۆیدا، یان مونادا(کرۆك MONAD) بە زاراوەی فەیلەسوفەکان نییە، بەڵکو ڕەگەزێکی سەرەکییە لە بواری پەیوەندیەکانی سیستمی سیمیائیدا،و کار لەناو سیستمدا دەکات، نەك لە دەرەوەی، بەمەش دەبێتە سیستمێکی سیمیائی، یان پرۆسەی بەنیشانەبوون(SEMIOSIS) بە زاراوەی پێرس، بریتییە لە بابەتی تیرامانی سیمیائی»206، هەروەها پێرس سەرقاڵە لە بیری سیمیائی بە ڕوانینێکی نیشانەیی، بەو پێیەی کە

دەینوێنێت، هەندێ جار بە زاراوەی نوێنراو(REPRESENTAMEN) ناوی دەبات، کە بڕیاردەری کۆمەڵێك پێکهاتەی مادی و بیرییە، هەڵدەستێت بە لێکۆڵینەوەی پرۆسەیەك، کە نیشانە واتاکانی خۆی وەردەگرێت، کە ناوی ناوە پرۆسەی(بەنیشانەبوون SEMIOSIS) و زیاتر سیمیۆلۆژیاکەی زانیارییە بۆ پرۆسەی بەنیشانەبوون لەوەی زانستێك بێت بۆ نیشانەکان.207

سیستمی سیمائی سیستمێکە لە کۆمەڵێك پەیوەندی بنیادنراو لە نێوان نیشانەکاندا پێکهاتوە، کە دەبنە بابەتی سەرەکی بۆ سیمیۆلۆژیا، نیشانەش تێیدا ڕەگەزێکی پێکهاتەیی سەرەکیە، بەهۆی ئەو ڕۆڵەی کە لەگەڵ خستنە رووی واقیع و بیریدا دەیگێڕێت.

سیمیۆلۆژیا لەلایەکی ترەوە هەنگاوی پێداچوونەوەیە بۆ ئەو ڕوانینانەی کە جۆری کێڵگە سیمیۆلۆژیەکان دەیبەخشن، هەروەها ئەمە هەنگاوی پێداچوونەوەن و بەشێکی گرنگن لەبیری سیمیائی، واتە میتا سیمیۆلۆژی، واتە ئەوەی لە پشت سیمیاوەیەو ئەو کۆنتێکستەی کە نیشانە بەرهەمیدێنێت، لێرەوە سیمیا دابەش دەبێت بۆ دوو بوار :

سیمیۆلۆژیای پراکتیکی کە کار لەسەر سیستمی نیشانە جیاوازەکان دەکات، لەگەڵ خستنەرووی بیروبۆچوونی لەسەر ئەم سیستمانە، چەند لقێکی سیمیائی پراکتیکی باش هەیە وەك(سیمیۆلۆژیای زیندەوەرناسیBIOSEMIOTICS) جاکوب فون ئۆکسکول(JAKOBVON YEXKULL) لەساڵی 1940 یەکەم کەس بوو بیرو بۆچوونی لەم بارەوە خستەڕوو، وایدادەنێت بوونەوەری زیندو نیشانەیە بۆ ژینگەکەی و چەمکی(UMWET) کە بە ئەڵمانی واتە رووبەری ژینگەیی، لەگەڵ سیمیائی ئاژەڵناسی(ZOOSEMIOTICS) چەمکێکە(سیبیوك) لە ساڵی 1972 خستیەڕوو، کار لەسەر بەردەوامی لەنێوان ئاژەڵەکان دەکات، وەك کارکردن لەسەر ئەو ریگایانەی کە ئاژەڵەکان لەپێناو پەیوەندی لە نێوان خۆیاندا بە ئاماژە جیاوازەکان بەکاریدەهێنن» 208 جگە لەمەش سیمیۆلۆژیای ڕەگەز، زمان، سیمیۆلۆژیای ئەدەب و سیمیۆلۆژیای ئاین وەك(تۆم مارفی) کاری لەسەرکردوە «209. لەگەڵ سیمیۆلۆژیای تیۆری کەبەشێوەی تیۆری باس لە سیمیۆلۆژیا لە بوارە جیاوازەکاندا دەکات.

«سیمیۆلۆژیا دوو بابەتی هەیە گرنگیان پێدەدات، یەکەمیان کە سەرەکیە و بایەخ بە دەلالەتی لەخۆوە دەدات، دووەمیشیان لاوەکیە و بە لێکۆڵینەوە لە دەلالەتە سروشتیەکانەوە پەیوەستە «210.

پانتایی زانستی سیمیا بریتییە لە نیشانە بەکارهێنراوەکان لە کۆمەڵگەدا، وەك زمان و دابونەریت و بۆنەکان» 211 ژولیا کریستیڤا دەڵێت «بابەتەکانی سیمیۆلۆژیا لێکۆڵینەوەیە لە ئۆرگانە شەفەهی و ناشەفەهیەکان و لەناویشیاندا زمان، بەوەی ئۆرگانێك یان نیشانەکان کامڵ و تەواو یان لەناو پێکهاتە جیاوازەکاندا لێکجودادەبنەوە، ئەمەش بابەتی زانستەکە دروستدەکات»212.

کەواتە کارو ئەرکی سەرەکی سیمیۆلۆژیا نیشانەیە و نیشانەش لەناو هەریەکە لە لۆژیك و زمانەوانی و ئەدەبدا پێگەو رۆڵێکی سەرەکی هەیە، بۆیە ئەمانە بوونەتە بابەتی سەرەکی سیمیۆلۆژیا.

**ا- سیمیۆلۆژیاو لۆژیك :**

«غرینلی ئەو پرسیارە دەکـات، ئەگەر سیمیای پێرس بریتی بێت لە لۆژیك،سودی چییە، ئایا ئەمەش واتە لەگەڵ جۆرە جیاوازیەکانی لۆژیکدا تێکەڵ دەبێت، واتە لۆژیکی تەقلیدی و هێمایی و.... تاد، بەمەش ئەوە هەڵدەهێنجرێت کە سیمیا بریتییە لە لقێکی تایبەتی لە لۆژیك وەك ئەوەی پێرس ناوی ناوە ڕێسا تێرامانییەکان»213.

«پێرس داوای دڵنیابوونەوە لەوە دەکات کە هەموو بیرێك لە بنچینەدا پەیوەستە بە نیشانەوە، چونکە هیچ بیریك بەبێ نیشانە بوونی نییە «214، هەروەها دەڵێت «ناتوانین لە هیچ شتێك بکۆڵینەوە، بیرکاری، ئاکار، میتافیزیك، جازبیەت، ژن، پیاو، یاری کاغەز... تاد، بەپێی لێکۆڵینەوەی سیمیۆتیکی نەبێت»215، چونکە هەریەکە لەمانە پێویستی بەلۆژیك و لۆژیك بەشێکی سەرەکی هەریەکەیانە.

لۆژیك لە ڕوانینی ئەرستۆدا بریتییە لە پرۆسەی شیکارکردنی بیرو کێشەکانی و جەختی لەسەر یەکییەتی نیشانە لە نێوان زمان و بیرو لۆژیکدا

دەکردەوە، بۆیە نیشانە بوونی نییە لە سایەی ئامادە نەبوونی وێنەی حسی، کۆنتێکستی سیمیائی ئەرستۆیی نیشانەکان پەیوەستدەکات، بە جیهانی بینراوی کارەکی و ئەم نیشانانە لەناو یاساکانی بووندا رێکدەخرێن، بۆیە دەڵێت «بوونی نیشانە بەو پێیەی کە هەیە ئامادەیە، ئەگەر ئامادەش نەبێت، کەواتە بوونی نییە «216

«پێرس لە سەرەتاکانی بیرکردنەوەی سیمیائیدا کاریگەر بوو بە شەپۆلی رەخنەی عەقڵی پەتی، بە ئەندازەیەك بیرەکانی بە تەواوی وەردەگرت و هەستی بە گرنگی بۆچوونە لۆژیکی و فەلسەفیەکانی کانت کردووە «217.

پێرس وای دەبینی»لێکۆڵینەوەی سیمیائی بەرەو تێڕامانمان دەبات لە دیاردەکانی ئاگایی، وەك هەستەکان، درككردن، سەرنجڕاکێشی، بەو پێیەی مەسەلەی سیمیۆلۆژین و لۆژیك لەواتا گشتیەکەیدا، شتێك نییە جگە لەناوێکی تر بۆ سیمیۆلۆژیا، کە زانستێکی پێویست و شێوەییە بۆ نیشانەکان»218.

ئیکۆ دەڵێت» مادام سیمیۆلۆژیا کار لەسەر واتا، یان مەدلول دەکات بە پەیوەندێکی بەهێزی مرۆڤ دادەنرێت لە بنیادنانی پەیوەندی لەگەڵ جیهاندا، جگەلەمەش تێگەیشتنی راستی شتەکان، کە لە لێکۆڵینەوەی فەیلەسوفەکان لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ بەرجەستەبووە»219کەوایە لۆژیك بریتییە لە چەمکە کلاسیکیەکەی سیمیۆلۆژیا.

هەندێکی تریش پێیانوایە، فەلسەفەی کانت ئاماژەیەکی مژدە بەخشە بۆ سیمیۆلۆژیا، ئیکۆ دەڵێت «خوێندنەوەی کتێبی لوژیکی کانت، دەبێت خوێندنەوەکەی بەپشت بەستن بێت بەو چەمکانەی، کە خاوەن سروشتێکی سیمیائین»220

فەلسەفە گرنگی بە ناوەڕۆك و کرۆك دەدات، بەڵام سیمیۆلۆژیا پشت بەفۆرمو چەمکی مرۆڤ بۆ ئەو فۆرمە دەبەستێتو لێرەوە دەچێت بۆ واتای مەبەستدار، جگەلەمەش فەلسەفە گەڕانە بەدوای کلیلی بووندا، بەڵام سیمیۆلۆژیا تەنها دەیەوێت نەخشەی بوون بزانێت.

د. ساندۆر هێرفی هەڵوێستی جۆراوجۆری لەبارەی پەیوەندی نێوان سیمیۆلۆژیاو فەلسەفە هەیە وەك:

1-سیمیا بەشێکە لە فەلسەفە، واتە بەشێکە لە لۆژیك، وەك جۆن لۆك و پێرس.

2-سیمیا زمانی سیفەت بەخشە بۆ هەموو سیستمەکان، ئیدی زانستی بن یان نازانستی، وەك هێلمسلیف.

3-سیمیا ئێپستمۆلۆژیایەکی گشتییە بۆ هەموو زانستەکان، وەك کریستیڤا و بارت.221

هەموو لێکۆڵەران لەگەڵ ئەوەدان کە سیمیۆلۆژیا لە هەموو زانستەکاندا کاری لەسەردەکرێ( لۆژیك، زمانەوانی، فەلسەفە، ئەدەب،...تاد)، بۆیە بە هەمەجۆری روانین ناسراوە، هەروەها تیۆرێکی ئامادەکراو نییە لە ڕێگەی چەمکی یەکگرتودا، بەڵکو بە پێچەوانەوە حاڵەتێکی هوشیاری مەعریفییە.

ئەمەش لەو روانگەوەیە»هەموو قوتابخانەکان کە کاریان لەسەر بابەتی نیشانە کردبێت، خاوەن بنەمای فەلسەفی بوون، وەك رەواقییەکان کە یەکەم کەسن وتویانە نیشانە دال و مەدلولی هەیە، سیمیۆلۆژە هاوچەرخەکان جەختیان لەسەر دۆزینەوەی یەکەم کردەوە «222

لیڤی شـتراوس(CLAUDE LÉVI-STRAUSS) دەڵێت «ئەگەر کلیل نەبێت، نهێنی شاراوەش نییە»223، کەوایە نیشانە کلیلی نهێنییە شاراوەکانی ناو دەقەو دۆزینەوەیان پەیوەستە بە دروست بەکارهێنانی ئەم نیشانانە بەپێی دەقەکە.

**ب- سیمیۆلۆژیاو زمانەوانی:**

ئەگەر سیمیۆلۆژیا زانستێك بێت بۆ لێکدانەوەی نیشانەکان، ئەوا خودی زمانیش پێکهاتەی کۆمەڵێك نیشانەیە، کە سیمیۆلۆژیا و زمان پێویست و پەیوەستداری(لازم و ملزوم) یەکترین، سۆسێر دەڵێت «زمان ئۆرگانێکە لە نیشانەکان کە یەکتری دەردەبـڕن»224 بۆیە ئەم پەیوەندیە ئەو ڕۆڵە

جیاوازەی زمانە، کە بەدەر لە واتا ئاسایییەکەی وشەکان، واتا نیشانەییەکانیش لەخۆدەگرێت، لەم ڕۆڵەشدا سیمیۆلۆژیا پەیوەستدەبێت بە زمانەوە، ئەگەرچی سۆسێر زمانەوانی بەبەشێك لە سیمیۆلۆژیا لەقەڵەمدەدا، بەڵام گرنگی ئەم سەرەکی بوونەی سیمیۆلۆژیای خستەڕوو، کە دەڵێت «زمانەوانی تەنها بەشێکە لەسیمیۆلۆژیاو ئەو یاسایانەی کە سیمیۆلۆژیا دەیاندۆزێتەوە، دەتوانرێت لەزمانەوانیدا بەکاربهێنرێت»225 بەڵام دیسانەوە ئەم بەکارهێنانەش بەلای سۆسێرەوە لە ڕوانگەی واتاو پەیوەندی زمانییەوە، ئەخاتە ئەستۆی دەروونناسەکان و دەڵێت «ئەرکی دەروونناسەکانە جێگەی وردی سیمیۆلۆژیا دیاریبکەن، چونکە ئەرکی زمانەوان پێناسەکردن و دەستنیشانکردنی ئەو شتانەیە کە لە زماندا هەن»226

بەڵام ڕۆڵان بارت لەبارەی پەیوەندی سیمیۆلۆژیاو زمانەوە، بەپێچەوانەی سۆسێرەوە پێیوایە «سیمیۆلۆژیا هەرکاتێك ڕووبەڕووی دیاردە نازمانییەکان دەبێتەوە، زوو یان درەنگ ناچار دەبێت بگەڕێتەوە بۆ زمان، وەك ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکەی خۆی»227، کەوایە بەلای بارتەوە سیمیۆلۆژیا بەشێکە لەزمان، بەڵام چ زمانەوانی و چ زانستی سیمیۆلۆژیا دوو زانستی سەربەخۆن و ئەوەی ئەشکالیەتی دروستکردوە، کەرەستەی هەردوو زانستەکەیە، کە زمانەو زمانو زانستی زمان پەیوەندیەکەیان سەرەکی ترو فراوانترە وەك لە سیمیۆلۆژیا، چونکە سیمیۆلۆژیا کار لەسەر هەموو وشەیەکی ناو زمان ناکات، بەڵکو نیشانە سەرەکیەکانی ناو دەق، یان زمان کەرەستەی سەرەکی و کارکردنی سیمیۆلۆژیان، بۆ دیاریکردنی واتای دەق، بەڵام لە زماندا کۆی گشتی وشەکان چ وەك وشە رۆڵی خۆی لەناو زانستەکەدا هەیە.

جگە لەوەش لەوانەیە زمانەوانی وەك زانست و سەرهەڵدانی کۆنترو بنچینەیی تربێت لە سیمیۆلۆژیا، بەڵام دواجاریش سیمیۆلۆژیا ئۆرگانێکی گرنگی خزمەتکردنی زمان و دیاریکردنی ئەرکی کەرەستەکانی رستەکەیە.

پییر گیرۆ دەڵێت «سیمیۆلۆژیا زانستێکە لە سیستمە نیشانەییەکان دەکۆڵێتەوە، وەك(زمان، کۆدەکان، سیستمە سگیناڵیەکان،....تاد) بۆیە زمان

بەشێکە لەسیمیۆلۆژیا»228لەم روانینەشدا پشتگیری سۆسێر دەکات، بەڵام ئەوەش دەخاتە روو سیمیۆلۆژیا لایەنی فراوانی هەیە وەك(وێنە، زمان، روانین....)بۆیە زمان کەرەستەیەکە لە کەرەستەکانی و ئیشکالیەتی سۆسێر و بارتیش هەر لەم خاڵەدایە.

هەرچی(رۆمان یاکۆبسۆن)ە لەبارەی ئەم پەیوەندیەی سیمیۆلۆژیا و زمانەوانییەوە دەڵێت «سیمیۆلۆژیا ئەو ئەڵقە ناوەندییەیە کە زمان دەورەی داوە، بەڵام پەیامەکان پێویستیان بەئاڵوگۆڕ هەیە، جگە لەمەش سیمیۆلۆژیاش ڕۆڵی سەرەکی بە زمان دەبەخشێت، بۆیە سیمیۆلۆژیا و ڕەگەزە زمانییەکان لە مەسەلە مرۆییەکاندا پەیوەندیان هەیە «229 بەم پێیەش یاکۆبسۆن پەیوەندی نێوان سیمیۆلۆژیا و زمانەوانی یەکسان دەکات و دەیخاتە یەك ئاست و هەردووکیان و پێویستن و ڕۆڵیان لەکایە مرۆییەکاندا هەیە.

هێرفی سێ هەڵوێستی نیشانەی زمانەوانی لەگەڵ سیمیادا، بەم شێوەیە کورتدەکاتەوە :

1.زمانەوانی بەشێکە لە سیمیۆلۆژیای، وەك سۆسێر دەڵێت.

2.سیمیۆلۆژیا بەشێکە لە زامانەوانی، وەك بارت و بێنفنیست دەڵێن.

3.سەربەخۆیی هەریەکەیان لەوی دی، ئەمەش بە گشتی هەڵوێستی سیمیۆلۆژیای فەلسەفییە.230

**ج- سیمیۆلۆژیاو ئەدەب :**

«ئەگەرچی سۆسێرو دواتریش(بالی) خوێندکاری، بایەخیان بەلایەنی ئەدەب نەداوە، بەڵام مارسیل کرسیۆ جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە(ئەدەب مەیدانی بێ رکابەری شێوازو لێکۆڵینەوەی زمانەوانییە»231.

هەرچەندە لەگەڵ بوونی نوسین،ئیدی هەر جۆرە نوسینێك بێت، بۆخۆی نیشانە بەشێك بووە لەم نوسینانە، هەر لەبەرئەمەشە(ژان ایو تادیە) لەبارەی پەیوەندی سیمیۆلۆژیاو ئەدەبەوە دەڵێت «ئەدەب هەر لەکۆنەوە سیستمێکی نیشانەیی بووەو لەبنەمای نیشانە زمانییەکانەوە سەریهەڵداوە، جگە لەمەش

ئەوەش رووندەکاتەوە، کە جیاوازی لەنێوان ئەدەب و هونەرەکانی تر لەرووی جۆری نیشانەکانەوە بوونی نییە»232

بێگومان کەرەستەی ئەدەب زمانە کە بیرەکانی لەخۆگۆتوە، لێرەوە نیشانەکان لەناو وشەکاندا شاراوەتەوە و زانستی سیمیۆلۆژیا، ئەم نیشانە شاراوانە دەگێڕێتەوە بۆ واتا دروستەکەی دەقەکە، بۆئەوەی دەق وەك خۆی، واتای راستەقینە بدۆزێتەوە، واتە لەدەقەوە واتاکانی دەرەوە ئاشکرا بکەین، نەك بە پێچەوانەوە واتای دەرەوە بەسەر دەقدا بسەپێنرێت.

سیمیۆلۆژیای ئـەدەب مەودایەکی فراوانی هەیە، چونکە بـەدەر لە نیشانەکان کە لەگەڵ زماندا تێکەڵدەبن، بەهەمان شێوەش سایکۆلۆژیا و کۆمەڵناسی ئامادەییان لەناو سیمیۆلۆژیادا دەبێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کارەکانی هەریەکە لە «ئیکۆ، گریماس، کریستیڤا... تاد»233 بۆ نمونە ئیکۆ دەڵێت «بەرهەم ئیدی هونەری، ئەدەبی، میوزیکی...تاد بێت، وەك دەزگایەکە لە نیشانەکان و لـەرووی شیکردنەوەوە بێسنورە، بۆیە ئەم کراوەییەی شیکردنەوە دەیکاتە بەرهەمێکی کراوە»234.

هەر کاتێك هەر بەرهەمێك کەرەسە زمانییەکان بەکاربهێنێت، چ وەك نوسین، چ وەك لێکدانەوە،ئەوا سیمیۆلۆژیا ڕۆڵی خۆی تێدا دەگێڕێت و تاکە میکانیزمی گەیشتنە واتای ڕاستەقینەی دەقەکە، یان بەرهەمەکەیە، لەناو ئەم بەرهەمە ئەدەبیانەشدا شیعر لەهەموویان زیاتر پێویستی بە زانستی سیمیۆلۆژی و لێکدانەوەکەی هەیە، چونکە نیشانەکان و لادان تێیدا زۆر بەرفراوانە، بە شێوازێك کۆی جوانی فۆرمی و واتایی لەسەر ئەمانە وەستاوەو تەنها سیمیۆلۆژیاش دەتوانێت لایەنی ناوەوەی و دروستیان لەناو دەقدا بدۆزێتەوە.

کەواتە سەرچاوەکانی بنیادنانی ئەم زانستەو تۆکمەبوونی بریتین لە:

1- فەلسەفەی پراگماتی: کەپێرس گەڵاڵەیکردو لەسەرەتای سەدەی

بیستەمدا بنەمایەکی ئێپستمۆلۆژی بۆ زانستی گشتی دانا، بەشێوەیەك لەهەموو جۆرەکانی نیشانە بکۆڵێتەوە.

2- زمانەوانی بونیادگەری، کەزانای زمانەوانی سویسری سۆسێر بونیادینا، لەو ماوەیەشدا تیۆرێکی نوێی بۆ لێکۆڵینەوەی نیشانە زمانییەکان دانا، کە چاوەڕێی ئەوەی لێدەکرا کە توانای ئەوە هەیە، زانستێکی گشتی بنیادبنێت کەلەهەموو جۆرەکانی نیشانە(زمانیو نازمانی) بکۆڵێتەوەو زمانەوانیش نوێنەرایەتی لقێکی ئێپستمۆلۆژی بکات.

3- فەلسەفەی شێوە رەمزیەکان، کەفەیلەسوفی ئەڵمانی ئارنست کاسیرر(E.CASSIRER)کە لە کتێبی(کرۆك و کارنامەکەی،1910)و(فەلسەفەی شێوە رەمزیەکان، ساڵانی 192-31929) دایناوە، لەپێناو بنیادنانی بۆچوونی ئێپستمۆلۆژی زانستی تەواو و زانستی سروشتی، هەروەها لەبارەی بۆچوونە قوولّ و دەوڵەمەندەکان، لەبارەی کۆنتێکستە رەمزیەکان، کە مرۆڤ بەکاریاندەهێنێت و لەناخیدا دەژین، بەوەی کاسیرر دەڵێت» مەبەست لە شێوەی رەمزی، هێزی گەردونی زەینییە، کە رێگە بە دانان، یان بەرهەمهێنان لەنێوان ناوەڕۆکی دەلالی زەینی ونیشانەدا دەدات، واتە شێوەی رەمزی ئەوەیە، کە دەتوانێت مادە بگۆڕێت بۆ دال لێرەوە دەڵێت» مرۆڤ ئاژەڵکی رەمزدارە(ANIMAL SYMBOLICUM)«235 بەواتا واقیع دەگۆڕێت بۆ هێماو شتەکان بۆ وشە، بۆئەوەی جیهانێکی هێمایی دروستبکات بۆ خۆی وەك ئەڵتەرناتیڤی واقیعی مادی.

4-لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکانی زمانو لۆژیك، لەناوەڕاستی سەدەی بیستەم و لەبۆچوونەکانی(لۆژیکی رەمزی) قوتابخانەی ڤیەننا، لەگەڵ فریج(G. FREGE)وکارناب(R.CARNAP)و راسل(B.RUSSEL) ڤتگنشتاین(L. WITTGENSTEIN) سەریهەڵداوەو گەشەیکردوە 236

**تەوەری دووەم: قوتابخانە سیمیۆلۆژییەکان**

سیمیۆلۆژیا بەوپێیەی میتۆدێکی شرۆڤەییە، بنچینەی لە زمانەوانی و بونیادگەری و فەلسەفەو لۆژیکدا هەیە، دابەشدەبێت بۆ قوتابخانەو ئاراستە جیاوازو جۆربەجۆر:

**1-قوتابخانەی ئەمریکی:**

ئەم قوتابخانەیە پەیوەستە بە فەیلەسوفی لۆژیکی(چارلس ساندس پێرس)ەوە، بەوەی زانستی نیشانەناسی ناونا سیمیۆتیکا، لەگەڵ ئەوەی لەسەر لۆژیك و فینۆمینۆلۆژیا و بیرکاری بنیادنرابوو، دواتر سیمیۆلۆژیا بوویە دەروازەیەکی پێویست بۆ لۆژیك، بۆیە «لای پێرس لۆژیك هاوواتای سیمیۆلۆژیایە «237هەر لەبەرئەمەشە پێرس دەڵێت «هەر کاتێك ئەم تیۆرە وەسفبکرێت بەوەی نیمچە زەروریە، یان شێوەییە، ئەوا دەمەوێت بڵێم ئێمە سەرنجی تایبەتمەندی ئەو دەلالەتانە دەدەین، کە دەیانزانین و خاسیەتی هەموو دەلالەتەکان لەلایەن عەقڵێکی زانستیەوە بەکاردێت، واتە لەلایەن عەقڵێکەوە کە توانای فێربوونی هەیە بەهۆی تاقیکردنەوەوە»238

بەم شێوەیە سیمیۆلۆژیا لای پێرس لەسەر بنەمای بیرکاری( داڕشتنی گریمانەکان) و هەڵێنجانی ئەنجامەکان لێی،و لۆژیك و فەلسەفەو فینۆمینۆلۆژیا بنیادنراوە.

لەمەشەوە ئـەوە ڕووندەبێـتـەوە، کە سیمیۆلۆژیای پێرس، وەك لێکۆڵینەوەیەکی هێمایی بەرفراوان وایـەو، پشت بە دەلالەتە زمانی و نازمانییەکان دەبەستێت، چونکە ئاشکرایە چەمکی بەڵگەکان(نیشانەکان) بەو شێوەیە نەدەبوون، ئەگەر فراوان نەبوونایە بۆئەوەی دیاردە جیاوازەکان و چۆنییەتی سروشتیان بگرێتەوە، لەبەرئەوە سیمیۆلۆژیای پێرس خاوەن کارنامەیەکی فەلسەفی و لۆژیکیە و ناتوانرێت لە فەلسەفەکەی داببڕرێت.

«دەتوانرێت سیمیۆتیکای پێرس، لەیەککاتدا وەك سیمیۆتیکای دەلالەت و پەیوەندی ونواندن دابنرێت، هەروەها کۆمەڵایەتی و دیالێکتیکییەو پشت بە سێ رەهەندی مەنهەجی دەبەستێ، کە بریتین لە(رەهەندی پێکهاتەیی،

ڕەهەندی دەلالی، ڕەهەندی مانا) هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی مانای نیشانە لای پێرس سیانییە، بەهۆی بوونی نوێنراو بەو پێیەی واتایە بۆ ڕەهەندی یەکەم، لەگەڵ بوونی بابەتی واتا لە ڕەهەندی دووەمدا، سێیەمیش خۆی لە لێکدراوەدا دەبینێتەوە، کە چۆنییەتی ناردنی واتا بۆ بابەتەکە تەفسیرەکات، ئەویش بەهۆی ئەو یاسا دەلالییەی کە تێیدایە دەبێت»239

سیمیۆلۆژیای مانا، کە پێرس بنیادی نا، ئەو ئاڕاستەیەیە کە پەیوەستدەبێت بەلاساییکردنەوەی زانستی و فەلسەفییەوە، پاشان چارلس موریس گەشەی پێدا، هەروەها ئەم ئاڕاستەیە پەیوەستدەبێت بەبۆچوونی لوژیکزانەکان و فەیلەسوفەکانی زمانەوە(کارناب، فریج، ڤتگنشتاین...تاد)240

«ئـەم سیمایەی پێرس پشت بە کۆنتێکستی فەلسەفەو تەفسیری دەبەستێت کە لـە( کانتو هیگڵ )ەوە هەڵیهێنجاوەو نـاوی دەنێت تیۆری کەتیگۆریا(THEORIE DES CATHEGORIES)کـــە بریتییە لەفینۆمینۆلۆژیای تایبەت، کار لەسەر ڕەگەزە دیارەکان(PHANERONS) لەسەر بنەمای بیر دەکات، بۆئەوەی جیاوازی لەنێوان پۆلێنەکاندا بکاتو بەپێی کەتیگۆریە گشتیەکان پۆلێنیان بکات،»241 ڕەگەزە دیاردەکانیش بریتییە لەهەموو شتێکی ئامادە لەبیردا بەهەر ڕێگەو مانایەك بێت، لەچوارچێوەی ئەم فینۆمینۆلۆژیایەشدا، پێرس جیاوازی لەنێوان سێ کەتیگۆریای بنچینەییدا کردوە، کەگوزارشت لەسێ چەشنی کەینونەیی ڕەگەزە دیارەکان دەکات، کەبریتین لە:-

**یەکەمین FIRSTNESS**

**دووەمین SECONDNESS**

**سێیەمین 242 THIRDNESS**

یەکەمین بریتییە «لە بوونییەتی شتی یەکەمین، یان سەرەتایی و پێشوو بۆ هەر پێکهاتەو دانراوێك، کە بریتییە لەشتی نائامادە، بەڵام لەخودی خۆیدا هەڵگری توانایەك بووەو وایلێبکات ببێت، یان نەبێت، بۆیە یەکەمین جیهانی ئەگەرەکان(LES POSSIBLES)و چۆنییەتییە(QUALITIES) پەتییەکانە243،

ئەو شتەیە کە بوونییەتەکەی لەخودی خۆیدایە، بەو پێیەی لەوەعیدا نییە و ملکەچی هیچ یاسا نابێت، واتە هەر شتێك کە یەکەم جار روویدات، دەبێ ئەوە کەسێك دیبێتی، یان بیزانێت، ئەگەر لەدوای رووداوەکـە نەبێت، کە بریتییە لە ئەگەری چۆنییەتی وەك کشانی ئەستێرە.

بەڵام دووەم بریتییە لە کەتیگۆریای بوون، واتە بوون یەکەمینو هێنانەدی لە کاتو شوێنێکدا، لەبەرئەوە بریتییە لەجیهانی بابەتو رووداو و بووەکان، بونموونە ڕووداني ڕۆژگیران»244

بەڵام سێیەمین بریتییە لەکەتیگۆریای هوشیاری و بەشداریدەکات بۆئەوەی پەیوەندی دروستبکات لەنێوان شتێك وەك( توانای چۆنییەتی پەتی)و لەنێوان بەدیدهێنانی فعلی لەجیهانی بووەکان و بابەتەکاندا245، بریتییە لە بیر یان یاسایەك کە بەپێی لۆژیکێکی پێویست، پەیوەست دەبێت لەنێوان یەکەمینو دووەمیندا، کە بەرەو رووداوی ئایندەیی دەڕوات246.

«نیشانە لای پێرس لەسەر سیستمێکی رێکخراوی سیانی بنیاتراوە، لێرەوە دیاردەگەرایی سیانی پێرس بریتین لە( جیهانی ئەگەرەکان/ یەکەمین، واتە بوونی شت لە خودی خۆیدا، بوونی بنچینەیی و ئازادو لەخۆوەیە، جیهانی بووەکان/ دووەمین، لێکۆڵینەوەیە لە یەکەمین، جیهانی ئەرکەکان/ سێیەمین کەتیگۆریایەکە میانەیەك لەنێوان یەکەمین و دووەمیندا دادەنێت و پەیوەندییەك لەنێوانیاندا هەیە کە مەدلول و بیرەکان لەچوارچێوەیەکی تایبەتدان)247، جیهانی یەکەم واتە بوونەوەر بە واتا فەلسەفیەکەی و دووەم کەتیگۆریای بوون، مەبەست لە سێیەمیش هەوڵدانە بۆ شرۆڤەکردنی شتەکان، بەم شێوەیە لێکدراوە بیر یان حوکم دەردەخـات، کە هاوکاریدەکات لە نواندنی نیشانە وەك نواندنێکی راستەقینە لەسەر ئاستی بابەت»248 لەگەڵ ئەمانەشدا پێرس لەکاتی جێگیربوونیدا سەیری نیشانە ناکات، بەڵکو لەکاتی جوڵەی ڕەگەزەکانی و پەیوەندیە بەرهەمهێنراوەکانی واتا بەبەردەوامی سەیری دەکات.

کەواتە لای پێرس نیشانە لەکیانێکی سێ ڕەهەندی پێکهاتوەو بریتییە

لەشتێك، كە بەپێی پەیوەندییەك یان سیفەتێكی دیاریكراو تەعویزی شتیكی تر بۆ كەسێك دەكات249،بەواتایەكی تر نیشانە بریتییە لەوەی(هەموو شتێك شتی دووەم دیاریدەكات، بۆئەوەی بینێرێت بۆ شتی سێیەم، كە شتی یەكەم بەهەمان رێگە بۆی دەچێت 250 شتی یەكەم بریتییە «نوێنراو REPRESENTAMEN )و شتی دووەم، بابەت(OBJECT) و شتی سێیەمیش بریتییە لە لێكدراوە(251) INTERPRETANT

**2-قوتابخانەی فەرەنسی:**

بەپێی ئەم قوتایخانەیە، سیمیۆلۆژیا دابەشدەبێت بەسەر چەند شەپۆل و تیۆرێكدا، لەوانە :

**ا- ئاراستەی سۆسێری :**

سۆسێر لە كتێبی (چەند وانەیەك لە زمانەوانی گشتی 1916) دانەری زمانەوانی و سیمیۆلۆژیای فەرەنسییە، واتە «سیمیۆلۆژیای سۆسێر لەو كاتەوە دەستپێدەكات، كە لەساڵی 1906 زانكۆی جنێف داوای لێكرا وانەی زانستی زمانەوانی ئامادەبكات بۆ ئەو ساڵەی خوێندن، كاریك بوو كە پێشتر نەیكردبوو، چونكە بابەتێكی باسكردبوو پێشتر بڵاونەكراوەتەوە، بۆیە لەساڵی 1913 كە كۆچی دوایی دەكات، قوتابیەكانی ئەم وانانەیان كۆكردەوەو لە ساڵی 1916 بڵاویانكردەوە.252

لای سۆسێر سیمیۆلۆژیا زانستی نیشانەكانە،و پێگەیەكی گرنگی بۆ دیاریكردوەو كردویەتییە زانستێكی گشتی و هەتا زمانەوانیش دەگرێتەوە،و كارنامەی كۆمەڵایەتیشی بۆ دیاریكردوەو پێشبینی ئایندەیەكی باشتری بۆ كردووە، بۆیە لەم بارەوە دەڵێت «دەتوانین وێنای ئەوە بكەین، كە زانستێكە بەدوای ژیانی دەلالەكاتەكانەوەیە لەناو ژیانی كۆمەڵایەتییدا، ئەمەش دەبێتە لقێك لە زانستی دەروونی كۆمەڵایەتی، هەروەها لقێك لە دەرونزانی گشتی، بەم زانستەش دەڵێن سیمیۆلۆژیا و لەرێگەی ئەم زانستەوە كارنامەی ئەم نیشانانە دەناسین، لەگەڵ ئەو یاسایانەی تەحەكومی پێوە دەكەن، چونكە ئەم

زانستە جارێ بوونی نییەو ناتوانرێت پێشبینی ئایندەشی بکرێت، تەنها مافی هەبوونی هەیە و پێشتر پێگەی دیاریکراوە»253

سیمیۆلۆژیا لای سۆسێر لەو کۆنتێکستانە دەکۆڵێتەوە، کە لەسەر لەخۆوەیی دەلالەتەکان وەستاوە، هەروەها مافی لێکۆڵینەوەی لەدەلالەتە سروشتیەکانیشی هەیە، واتە دووبابەتی سەرەکی هەیە مانای لەخۆوە، مانای سروشتی، لەسەروی ئەمەشەوە بۆئەوەی سیمیۆلۆژیا سەربەخۆی خۆی و بواری ئێپستمۆلۆژی دیارییکات، پێویستە پرەنسیپ و چەمکەکانی لە زمانەوانی بخوازێت وەك زمان و قسەکردن، سایکرونی و دیاکرۆنی.

لەبەرئەمە نیشانە لای سۆسێر لەسەر دال ومەدلول وەستاوە، و پەیوەندیەکەش پەیوەندیەکی لەخۆوەیە، جگە لەلاسایکردنەوەکانی سروشت و سیغەی سەرسورمان، لێرەوە نیشانە لە ڕێگەی بوارە مادیەکەوە یەکناگرێت، بەڵکو لە ڕێگەی پەیوەندیە جیاوازیەکان و دژەکان و لەسەر ئاستی هاوسێیەتی دال و مەدلولەکان دەبێت.

**ب-ئاراستەی پەیوەندیکردن:**

ئەم ئاراستەیە هەر یەکە لە(پریتۆ PRIETO) و(مۆنان MOUNIN) و(بویسنس BUYSSENS) و(گرایس GRICE) و(ئۆگەستین AUSTIN) و(ڤتگنشتاینWITTGENSTEIN ) و(ئاندری مارتینی MARTINET) دەگرێتەوە،ئەم ئاراستەیە پێیوایە نیشانە ئەداتی پەیوەندییە، واتە مەبەستی ئاگادارکردنەوەیە، ئەمەش واتە نیشانە لە سی ڕەگەزی سەرەکی پێکهاتووە:(دال، مەدلول، کارنامە، یان مەبەست)، «ئەو زمانەوان و لۆژیکناسانە، دال و نیشانە سیمیائییەکانیان لا گرنگ نییە، جگە لەپەیوەندی و کارنامەی پەیوەندییەتی. ئەم کارەش تەنها کۆنتێکستە زمانییەکان رایناپەڕێنن، بەڵکو سیستمی کلتوری نازمانی هەن، کە خاوەن کارنامەی سیمیۆلۆژی پەیوەندیین»254

سیمیۆلۆژیای پەیوەندی ئەم جۆرە لـەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە

سۆسێر دایناوە، چونکە»دەتوانرێت ئەم زانستە لەسەر بنەمای کارکردن لەژیانی نیشانەکان لەناو کایە کۆمەڵایەتیەکەدا بنیادبنرێت، ئەم نیشانانەش بریتیین لە(ئەلفبێی کەڕولاڵانو نوسینی پرایل و بۆنە هێماییەکان و ئادابی هەڵسوکەوت»255 لەسەر ئەم بنەمایەش زمانەوانی بەشێکە لەسیمیۆلۆژیاو کار لەسەر هەموو چەشنەکانی نیشانە دەکات، ئیدی زمانی بن، یان نا زمانی، بەڵام بەتەنها رۆڵی لەلێکۆڵینەوەی نیشانە زمانییەکاندا سنوردارەدەکرێت»256

«سۆسێر وایدەبینێت لەسەر سیمیۆلۆژیایە کە ئەزموونە زمانییەکان کۆپیبکەن، چونکە زمانەوانی پەردەی لەسەر پرۆژەی سیمیۆلۆژیا لادا، هەروەها ئەو کاتەی بنەمای تیۆریای بۆ زمان دانا، بەو سیفەتەی کۆنتێکستێکە لەنیشانەکان و لەسەر خاسیەتی کرۆکی هەموو نیشانە سیمیائیەکان وەستا، هەر ئەوش وایکرد، سۆسێر نیشانەی زمانی بکاتە نموونەیەك بۆ هەموو نیشانە زمانییەکان257.

«پرەنسیپی لەخۆوەیی لەپێناو دروستکردنی پەیوەندی لەنێون دوو کەسدایەو چەندێك جەختکردوەیە لەسەر لایەنی پەیوەندی و گواستنەوە، ئەوەندەش واتا کاریگەری دەبێت، کەوایە سیمیۆلۆژیای پەیوەندی «لەنیشانەکان دەکۆڵێتەوە کەلەپێوانەی بنچینەیەوە دەستپێدەکات کەبریتییە لەکارنامەی پەیوەندییەتی»258.

«هەندێك لەسیمیائیەکان لەوانە(بویسنس، بریتۆ، مونان) داوای خۆبە دوورگرتن لەبارەی بابەتی سیمیایان دەکرد، لەپێناو گەڕانەوە بۆ بیری سۆسێری، سەبارەت بە سروشتی کۆمەڵایەتی نیشانەکان، بۆیە سیمیۆلۆژیایان لەواتا وردەکەیدا لەبارەی لێکۆڵینەوەی کۆنتێکستی ئەو نیشانانەی خاوەن کارنامەی پەیوەندین حەسرکرد، بۆیە مونان دەڵێت «پێویستە لەپێناو دیاریکردنی ئەو روداوانەی، کە سیمیۆلۆژیا لێیاندەکۆڵێتەوە، پێوانەی بنچینەیی ئاماژەپێکراو جێبەجێبکرێت، بەوەی سیمیۆلۆژیا هەیە ئەگەر پەیوەندی ڕووبدات «259

پەیوەندی لە سیمیۆلۆژیادا لای بویسنس بریتییە لە ئامانجی مەبەستدار،

بریتۆش جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە» بەپێی بویسنس پێویستە سیمیۆلۆژیا گرنگی بە واقیعێك بدات، کە شیاوی هەستپێکردن بێت و پەیوەست بێت بە حاڵەتی هوشیاریەوەو بەمەبەست دروستکرابێت، لەپێناو ناسینی ئەم حاڵەتانەی هوشیاری، هەروەها لەپێناوی ئەوەی بینەر ئەوە بناسێت، کە رووبەرووی دەبێتەوە، پەیوەندی بە بۆچوونی بویسنس بریتییە لەوەی کە دەبێتە بابەتی سیمیۆلۆژیا «260

بریتۆ پێیوایە «ئەکرێت سیمیۆلۆژیای پەیوەندی بە لقێك لە سیمیۆلۆژیا دابنرێت و کار لەسەر بنیاتی سیمیۆتیکا بکات، ئیدی کارنامەکەی هەر شتێك بێت، سیمیۆلۆژیا لەم جۆرەدا چووە ناو زانستی مرۆیی، کە لە کۆمەڵەکەیدا لێیدەڕوانرێت، ئاشکرایە هەموو بابەتی زانستی مرۆیی بریتییە لە بونیادێکی سیمیۆتیکی و جیاوازی لە نێوانیاندا ناکرێت، تەنها بەکار جیادەکرێنەوە» 261

سیمیۆلۆژیای پەیوەندی دوو تەوەری سەرەکی هەیە(نیشانەو پەیوەندی)، هەریەکە لەمانەش چەند لقێکی لێدەبێتەوە و پەیوەندی سیمیائیش دابەشدەبێت بۆ پەیوەندی زمانی و پەیوەندی نازمانی، پەیوەندی زمانی لە ڕێگەی کاری قسەکردنەوە دەبێت، لای سۆسێر دەبێت قسەکەرو گوێگر هەبن، لەگەڵ ئەوەشدا ئاڵوگۆڕی گفتوگۆ لە ڕێگەی وێنەی دەنگی و وێنەی بیستنەوە دەبێت، لەگەڵ ئەوەی پەیوەندی لای شینون و ویفر لە ڕێگەی پەیامەوەو لەلایەن قسەکەرەوە بۆ ئایندە دەبێت، ئەم پەیامەش دەبێتە کۆدێك و لە ڕێگەی کەناڵێکەوە دەنێررێت، مەرجیشە روونی و ئاسانی لەمەبەستدا هەبێت، لەپێناو سەرکەوتنی پەیامەکە، بەمەبەستی ئەدای کارنامەکەی، دوای وەرگرتنیشی، وەرگر ئەم کۆدە هەڵدەوەشێنێتەوەو راڤەیدەکات»262

بەڵام پەیوەندی ناگۆیی یان نازمانی کە پشت بە سیستمی داڕێژراوی ناکۆنتێکستی زمانی دەبەستێت، بەپێی(بویسنس) پۆڵیندەکرێت بۆ سێ پێوەر:

1.پێوەری ئاماژەیی کۆنتێکستی: ئەم پێوەرە نیشانەکانی جێگیر و بەردوامە، بۆ نمونە(بازنەکان) سێگۆشەکان، چوارلا، نیشانەکانی هاتوچۆ.

2.پێوەری ئاماژەیی ناکۆنتێکستی(اللانسقیە)، ئەوانەی کە نیشانەکانیان

ناجێگیرو بەردەوام نییە، بەپێچەوانەی یەکەم وەك لەزگەی ریکلامەکان.

3.پێوەری ئاماژەیی: پەیوەندیەکە لە نێوان واتای ئیندێکس و شێوەکەیدا کرۆکییە، وەك دروشمە بچوکەکان، کە وێنەی لەسەر دەکرێت بۆ نمونە(کڵاو، چەتر)، پاشان لە تابلۆی مارکێتەکاندا هەڵدەواسرێن، ئاماژەن بۆ ئەو شتانەی کە لەناویدا بوونیان هەیە.263

لەروانگەی ئەم پێوەرەی کۆتاییەوە، دەتوانرێت باس لە پێوەرێکی تری ئاماژەیی خاوەن پەیوەندی لەخووە، یان روخساری بکرێت، وەك پەرداخی دەرمانخانەکان، کە ئاماژەیە بۆ دەرمانخانە، یاخود ئاماژەی تری لێدەبێتەوە، کە پەیوەندی لەنێوان واتای پەیام و ئەو نیشانەی، کە بە هۆیەوە پەیامەکە دەگوازرێتەوە هەیە، یاخود ئاماژەی تر «قسە پێوانەیە بۆ ئاماژەی راستەوخۆ، ئەگەر شتێك نەگۆڕێت لە نێوان ئەو دەنگانەی کە دەردەبڕێن و ئەو دەلالەتەی کە وێنەکەی بۆ دەکێشرێت «264

ئـەوەی بەلامانەوە گرنگە لەم سیمیۆلۆژیایەدا بریتییە لە بابەتی پەیوەندی، چونکە هاوسەنگی سیمیۆلۆژیای دەقەکان لە کارنامەی گوتارەکانی و دەربـڕراوە داهێنەرەکانی دەکۆڵێتەوە، بەمەش مەبەستە راستەوخۆ و ناڕاستەخۆکان دەردەکەون.

**ج- ئاراستەی دەلالەت:**

«ئەم ئاراستەیە ڕۆلان بارت R.BARTHES نوێنەرایەتی دەکات، سیمیۆلۆژیا لای بارت بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە سیستمی نیشانە، هەموو کۆنتێکست و رووداوەکان دەلالەتێك لەخۆدەگرن، هەیانە بەهۆی زمانەوە، بەوەی زمانێکی دەلالی تایبەت بەخۆی هەیە، مادام کۆنتێکست و رووداوەکان هەموویان دەلالەتن،»نەنگی نیە پێوانە زمانییەکان بەسەر کارە ناگۆییەکاندا جێبەجێبکرێت، واتە سیستمی سیمیۆلۆژیا نازمانییە، لێرەوە ڕۆلان بارت داوای تێکەڵبوونی زمانەوانی لەناو سیمیۆلۆژیادا دەکات،و ئەوە دوپاتکراوەتەوە کە زمانەوانی ئەگەر گونجاویش بێت، بەشێك نیە لەزانستی سیمیۆلۆژیا «265

«ئەم سیمیۆلۆژیایە لەوێناکردنەکانی سۆسێرەوە سەرچاوە دەگرێت، جگە

لەوەش پەیوەندی تێدەپەڕێنێت لەگەڵ ئەو مەبەستەی لای بەکارهێنەرانی نیشانەکان پێویستە، لەبەرامبەریشدا جەخت لەسەر میکانیزمی دەلالەتەکان لەناو ئەم نیشانانەو کۆنتێکستە سیمیائیەکان دەکاتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ئاڕاستەیە پەیوەست نەبوو بەزمانەوانی کارنامەیی(تروبتسکوی، دیکورتینای، یاکۆبسۆن،مارتینی)ەوە، بەو ئەندازەی پەیوەست بوو بەزمانەوانی هێلمسلیفیەوە266.

هەروەها ئەم ئاراستە لەکارەکانی گریماسدا، کە پەیوەستبوو بەگێڕانەوەو کاری کلۆد لیڤی شتراوس، لەبواری لێکۆڵینەوەی ئەفسانەکانو.....تاد دەرکەوت، ئەو بۆچوونانەی کە بارت پێشنیاریکردن بۆ بنیادنانی ئەم ئاڕاستەیە، بە نموونەیەکی نوێنراو لەم لایەنەدا دادەنرێت، چونکە پەیوەستن بە لایەنە گشتیەکان و بنەما یاساییەکانەوە، کەدەتوانرێت لە هەموو بوارەکاندا پشتیان پێببەسترێت. 262

بارت پرەنسیپەکانی میتۆدی سیمیۆلۆژی لەرێگەی چوار ئاستەوە سواغداوە، کە هەموویان لەزمانەوانی(سۆسێر، هێلمسلیف)ەوە کۆکردوەتەوە.

**1-ئاستی زمانو قسەکردن**

**2-ئاستی دالو مەدلول**

**3-ئاستی پێکهاتە (SYNTAGME)و کۆنتێکست(SYSTEME) واتە چەقی پێکهاتەیی و گۆڕاوی.**

**4-ئاستی دەستنیشانکردن (DENOTATION) و ئیحا CONNOTATION)268)**

«لەئاستی یەکەمدا بارت سەرەنجی ئەوەدەدات، کە بۆچوونی سۆسێری شڵەژاوی پێودیارەو کارەکە پەیوەستە بەکۆنتێکستە نازمانییەکانەوە، زمان لای سۆسیر بریتییە لەئاکامی قسەکردن، بەڵام بۆنموونە لەکۆنتێکستی جلوبەرگدا(یان لەکۆنتێکستی خۆراکو ناوماڵاو ئۆتۆمبێل) دەبینین زمان پێکهاتووە لەکۆمەڵێك بڕیار، ئەوەی لەسەر قسەکردنە(واتە بەکارهێنان) ئەم بڕیارانە پەرتێن بکات(یستهلك)و جێبەجێیان بکات بەبێ ئەوەی دروستیان بکات269.

لەئاستی دووەمدا بارت» لە چەمکی نیشانەی سۆسێریەوە دەستپێدەکات، پاشان لقەکانی هێلمسلیف،(فۆرم/مادە)ی بۆ زیاددەکات، کە وایدەبینێت بەسودە بۆ لێکۆڵینەوە لە کۆنتێکستە نازمانییەکان، بەتایبەتی کاتێك کارەکە پەیوەستە بە کۆنتێکستێکی چەند مەدلولییەوە، کە ڕۆچووە لە ناوەڕۆك، یان پێکهاتەی تردا، جگە لە پێکهاتە کۆنتێکستییە تایبەتییەکەی خۆی.270

بارت لێرەدا مەبەستی ئەوەیە، کۆنتێکستە دالییەکان خاوەن بەکارهێنەری بنچینەین، هەروەك(ملپێچی خوری) کەمرۆڤ لەقۆناغە سەرەتاییەکاندا بەکاریهێناوە، ئـەم کۆنتێکستانە پێیاندەوترێت(کارنامە-نیشانە)کان (FONCTIONS-SIGNES)، چونکە لەیەك کاتدا بەکاردێن و واتا دەبەخشن، بەبوونی کۆمەڵگەیەکیش، هەموو بەکارهێنانەکان(USAGE) دەگۆڕێن بۆ نیشانەی ئەم بەکارهێنانە، ملپێچەکە پەیوەستە بەساردی و بارانەوە، بەڵام لەهەمانکاتیشدا نیشانەیەکی دالیە بۆ حاڵەتێکی دیاریکراو، ئیدی حاڵەتی کەشو هەوا، یان حاڵەتی کۆمەڵایەتی، یان باری ئابوری، یان هەرشتێکی دی بن271.

«لەئاستی سێیەمیشدا بارت بۆچوون و ڕوانینی سۆسێرو یاکۆبسۆن بەکاردەهێنێت، لەبارەی لایەنی(سینتاگما(SYNTAGME) و جێگرەوەکەیدا لەکۆنتێکستەکانی جلوبەرگ و خواردنو ناومالا و بینادا جێبەجێیدەکات272.

لەئاستی چوارەمدا «بارت لەدوانەیی(دەستنیشانکردن /ئیحا) دەدات، و بەپێی جیاکاری دوو دەلالەتەکە لەکۆنتێکستی دەلالـی دەکۆڵیتەوە، جیاکراوەی یەکەم دالو مەدلول و پەیوندیە دەلالەتیەکە دەگرێتەوە، بۆیە ئەمە لایەنی دیاریکردنەکەیە(DENOTATIVE)و دەبێتە هۆی دلالەتێکی ڕاستەوخۆ، بەڵام جیاکراوەی دووەم لەسەرەتاوە کۆمەڵێك دال بۆ مەدلولی تر وەردەگرێت، بۆئەوەی پێکەوە چەند دەلالەتێکی تری ناڕاستەوخۆیان لێی بەرهەمبێن، واتە دەلالەتی ئیحائی273، وەك لەم هێلکاریەدا خراوەتەروو:

| | |
|---|---|
| دال / مەدلول | = دەلالەتی دەستنیشانکراو |
| مەدلول | = دەلالەتی ئاماژەیی |

بارت روانینی کارنامەییەکانی تێپەڕاند، کە نیشانەو مەبەستەکانیان پێکەوە دەبەستەوەو جەختی لەسەر کۆنتێکستی ناگۆیی کردوە و پێیوایە» رەهەندی دەلالی بەپلەیەکی زۆر بوونی هەیە، و زمان تاکە هۆکارە کە ئەم کۆنتێکست و شتە ناگۆیانە بکاتە دال، بۆیە هەموو بوارە ئێپستمۆلۆژییەکان خاون قووڵییێکی سۆسیۆلۆژی راستەقینەن‌و رووبەرووبوونەوەی زمانمان لەسەر واجبدەکات، چونکە شتەکان هەڵگری دەلالەتەکانن، لەوانەشە نەبوونایەتە کۆنتێکستی سیمیۆلۆژی یان کۆنتێکستی دالی، ئەگەر تەداخلی زمان نەبووایە، یان ئەگەر لەگەل زمان تێکەڵ نەبوایە، بۆیە سیفەتی کۆنتێکستی سیمیۆلۆژیا لە زماندا بەدەستدێنێت، بۆیە ڕۆلان بارت پێیوایە» گرانە وێنای بوونی مەدلولاتی کۆنتێکستی وێنە، یان شتەکان لە دەرەوەی زمان بکرێت، واتا بوونی نییە جگە لەوەی ناوی هەیە، هەروەها جهانی مەدلولاتەکان شتێك نییە جگە لە جهانی زمان.274 رولان بارت «رەگەزەکانی سیمیای دەلالەتی لە کتێبی( رەگەزەکانی سیمیۆلۆژیا)و لە دوانەییەکانی بونیادگەری وەك( دال و مەدلول، دەستنیشانکردن وتێهەڵکێش)، زمان و قسەکردن، چەقی جێگرەوە، چەقی پێکهاتەیی)دا حەسرکردو هەوڵیدا بەهۆی ئەم دوانە زمانەوانیانەوە لە دیاردە سیمۆلۆژیەکانی وەك ئەفسانە، چێشتلێنان، جل و بەرگ،...تاد نزیك ببێتەوە»275

### د- ئاراستەی پاریسی سیمیۆتیکی :

«هەریەکە لە(گریماس GREIMAS) و(میشیل ئاریڤی MICHEL ARRIVE) و(کلود شابرول C.CHABROL) و(جان کلود کوکی JEAN CLOUDE COQUET) نوێنەرایەتی دەکەن، کاری ئەم قوتابخانە زیاتر لە کتێبی»سیمیۆتیکا، قوتابخانەی باریس» کە لە ساڵی1982 لەلایەن کلود کوکیەوە بڵاوکراوەتەوە دەردەکەوێت، تێیدا ئەو هۆکارانەی کە وایکردوە ئەم ئاراستەیە بەکاربهێنن خستوەتەروو، رابەرانی ئەم قوتابخانەیە چەمکی سیمیۆلۆژیایان فراوانکرد، کە لە سیستمی نیشانەکان دەرناچێت بۆ چەمکی سیمیۆتیکا، کە مەبەستی لە زانستی سیستمی دەلالەتەکانە، ئەم قوتابخانەیە پشتیان بە لێکۆڵینەوەکانی، سۆسێر، هێلمسلیف، پێرس بەستوە، ئەمەش دوای وەرگێڕانی کتێبەکانیان لەلایەن دولــودال(DELLEDALLE)و جویل ریتوری(JOELLE RETHORE)، هەروەها رابەرانی ئەم قوتابخانەیە گرنگیان بە شرۆڤەی گوتارەکان و ڕەگەزە ئەدەبیەکان لە روانگەی سیمیۆتیکیەوە دەدا، مەبەستیان بوو یاسا جێگرەکانی بەرهەمهێنانی شتە دیارەکانی دەقە جۆر بەجۆرەکان ئاشکرابکەن»276 ئەگەر لە کارەکانی سەرۆکی قوتابخانەکە گریماس رابمێنین، زۆربەیان لەسەر دەقی گێڕانەوەیی داهێنانی حیکایەتی خورافین، لەمەشەدا کاریگەرە بە کارەکانی ڤلادیمێر بروب V.PROPP، گریماس لە لێکۆڵینەوەکانیدا گرنگی بە دەلالەت و فۆرمییەتی ناوەڕۆك دەدا، لەمەشدا «پشتی بە شرۆڤەی بونیادگەری دەبەست، وەك لێکدانەوەی پێویست و لەبەرچاوگرتنی گۆتارە دەقیە گێڕانەوەییەکان، میتۆدی سیمیۆلۆژیش پشتی بە دوو ئاست دەبەست(ئاستی روکەش، ئاستی قووڵ)، هەرچی ئاستی روکەشیە دابەشدەبێت بەسەر دوو پێکهاتەدا : پێکهاتەی گێڕانەوەیی کە خۆی لە حاڵەتەکان و تەسەلسولی گۆڕدراوەکان و لەبەرچاوگرتنی بونیادی کارکردندا دەبینێتەوە، بەڵام پێکهاتەی گوتاری کاری لەناو دەق و بە بونیادی کارلێکییدا دەکرد، لەگەڵ دیاریکردنی وێنەو جێکەوتەی واتا، بەڵام لەسەر ئاستی قووڵ قسە لەسەر دوو ئاست دەکرێت : ئاستی چوار لایی سیمیایی لۆژیکی،و ئاستی پێکهاتەی سیمیۆلۆژی «277

**ه- ئاراستەی سیمیۆتیکای مادی :**

«رابەری ئەم ئاراستەیە(ژولیا کریستیڤاJULIA KRISTIEVA)یـەو لە لێکۆڵینەوەکانیدا هەوڵدەدات گونجاندن، یان سەرکەوتن لە نێوان زمانەوانی و شرۆڤەی مارکسیدا بکات، ئەمەش لەپێناو دۆزینەوەی هاوسێیەتی لە نێوان دەرەوەو ناوەوەدا، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، گرنگی زۆری بە نیشانە داوە لەو پەیوەندیەی کە بە سەرچاوەی مادیەوە هەیەتی»278

«ژولیا زاراوە سیمیۆتیکیەکانی بەکارهێناوە، لەپێناو گەیشتن بە دەلالەتەکان لە دەقە لێکدراوەکاندا، کرستیڤا جەخت لەسەر بەرهەمی ئەدەبی دەکاتەوە لەبری داهێنانی ئەدەبی، ئامانجی دەلالەتەکە نەبوو، بەڵکو مەدلولیەتەکەیەتی، بۆیە زاراوەی خاوەن رەهەندی مارکسی وەك بەرهەمهێن و مومارەسەی دەلالەکان و بەرهەمهێنراو، تەوزیفدەکرد بە پێچەوانەی ئەو زاراوانەی کە لەبیری سەرمایەداری و لاهوتی وەك داهێنەرو داهێنانی هونەری تەوزیفکردوە «279

**و- ئاراستەی سیمیۆلۆژیای هێمایی :**

لەناو ئاراستە سیمیۆلۆژییە فەرەنسییەکان باس لەقوتابخانەی»(ئیکس) دەکرێت و رابەرانی بریتین لە(جان مولینۆ JEAN MOLINO) و(جان جاك ناتیی JEAN JACQUES NATTIERZ) سیمیۆلۆژیای ئەم قوتابخانەیە بە تیۆری ئیشکالی هێمایی ناو دەبرێت، هەر یەکە لە مولینۆ و ناتیی ئیلهامی زۆریان لە تیۆرەکەی پێرس، کە لە مەسەلەی نیشانەدا بەرفراوانە وەرگرتوە، لەگەڵ کارنامەو چەشنەکانی وەك ئاماژەو ئایکۆن و رەمز.

« لەگەڵ ئیستعابکردنی فەلسەفەی( کاسیرز)ی هێمایی،کە وا سەیری مرۆڤ دەکات ئاژەڵێکی هێمایە، ئەم سیمیۆلۆژیایەش کار لەسەر سیستمی هێمایی دەکات، ئەمەش لە جێگەی ئەو نیشانەی کە کاریان لەسەرکراوە، لە ئاراستەو قوتابخانە سیمیۆلۆژیەکانی تردا، لەمەشدا واتە لە کۆکردنەوەی بۆچوونەکانی هەریەکە لە پێرس و کاسیرز سەرکەوتوو بـوون، لێرەوە

لێكۆڵینەوەی ئەم ڕەگەزانە لە ڕوانگەی سێ ئاستەوە دەبێت، ئاستی شیعریی، ئاستی بێلایەنی، یان مادی، ئاستی ئیستاتیكی و جوانناسی، ئەم ئاستانەش بۆ رەمز وەك كارنامەن، ئاستی یەكەم: سەرقاڵی پەیوەندی بەرهەمهێن و بەرهەمە، ئاستی دووەم: سەرقاڵی بەرهەمە لە خودی خۆیدا، بەڵام ئاستی سێیەم: سەرقاڵی گرنگیدانی بەرهەمە لە پەیوەندی بەوەرگرەوە،»لە ئەنجامی گەشەكردنی ئەم ئاستانەش تێورەكانی وەرگرو قبووڵكردنو ئاراستەی دەقی زیاتر گەشەیانكردو بەشداریانكرد لەدەركەوتنی قوتابخانەی(كونستانس)ی ئەڵمانی و ئیستاتیكای وەرگر، لای هەریەكە لە جوس JAUSS و ئیزەر «ISER 280»

**3.قوتابخانەی روسی :**

هەرچەندە فۆرمالیستی دەرنەكەوت، تا ئەو كاتەی ئەدەب و رەخنەی روسی دووچاری قەیران بوو، بە تایبەتی پاش بڵاوبوونەوەی ئایدۆلۆژیەتی ماركسی و بڵاوبوونەوەی شیوعیەت و پەیوەستكردنی ئەدەب بەچوارچێوەی سۆسیۆلۆژییەوە لە شێوەی ئاوێنەیەكی رەنگدانەوەیی، ئەمەش لە یەككاتدا زیانی بۆ هونەر و ئەدەب هەبوو، لەگەڵ ئەمەشدا»فۆرمالیستی روسی بە لانكەی چالاكی كارەكی لێكۆڵینەوەی سیمیۆتیكی لە ئەوروپا دادەنرێت، بە تایبەتی فەرەنسا، ناوی ڕاِستەقینەشی كۆمەڵەی(ئۆپۆیاز-ئەبویاز (OPOIAZ ە، ئەم كۆمەڵەیەش وەك پەرچەكردار لە بەرامبەر بڵاوبوونەوەی لێكۆڵینەوە ماركسیەكان لە روسیا سەریهەڵدا، بە تایبەتی لە بواری ئەدەب و هونەردا، ئەم كۆمەڵەیە كۆمەڵێك ركەبەریان بەرامبەر دروستبوو، بە فورمالیستی تاوانبار دەكران، وەك تروتسكی لە كتێبی(ئەدەب و شۆڕش)دا كردویەتی و ماكسیم گۆرگی، ئەگەرچی ناتشارسكی لە ساڵی 1930 فۆرمالیستی بەوە وەسفكرد، كە تاوانیكی وێرانكاری خاوەن سروشتی ئایدۆلۆژییە «281.

ساڵی 1930 كۆتایی فۆرمالیستە رووسیەكان بوو، حەتتا یەكێك لە

سۆسیۆلۆژیە روسیەکان وەك( ئەرفاتۆف) هەوڵی بۆداو ویستی میتۆدی فۆرمالیستی لەگەڵ لێکدانەوەی مارکسیدا موتوربە بکات، هەرچەندە شەپۆلەکەی گواسترایەوە بۆ پراغی پایتەختی چیکۆسلۆڤاکیا، لەگەڵ ئەمەشدا یاکۆبسۆن حەلقەی براغی زمانەوانی لەگەڵ تروبتسکوی دروستکرد، پاشانیش زمانەوانی بونیادگەری و قوتابخانەی زمانەوانی کارنامەیی لێکەوتەوە، بۆماوەیەکی زۆریـش میراتی فۆرمالستی مایەوە، تاوەکو قوتابخانەی بونیادگەری سیمائی ئەدەبی و رۆشنبیری نوێی دەرکـەوت کە ناسرابوو بە(تارتۆ) بەهۆی زانکۆی(تارتۆ) مۆسکۆوە 282.

«لە ڕاستیشدا فۆرمالستی روسی بەهۆی دووکۆمەڵەوە گەشەیکرد :

1.حەڵقەی مۆسکۆی زمانەوانی 1915: کە گرنگترین کەسایەتی یاکۆبسۆنەو لەرێگەی لێکۆڵینەوە لە فۆنەتیك و فۆنۆلۆژیەکانەوە، گرنگی و بایەخی بە زمانەوانی دەدا، هەروەها شیعریەتیشی لەزۆر ڕوانگەی وەك ریتم و دەنگ و پێکهاتەوە دەوڵەمەند کردوە.

2.حەلقەی ئەبویاز لە لینینگراد: ئەندامەکانی خوێندکارانی زانکۆ بوون، بەڵام هێڵی بە یەکگەیشتنی نێوان ئەم دوو قوتابخانەیە، بریتی بوو لە گرنگیدان بە زمانەوانی و حەماسەت بۆ شیعری نوێ لە ئایندەدا «283.

فۆرمالستی روسی جەختی لەسەر دوو بنەمای سەرەکی دەکردەوە :

1.بابەتی ئەدەب ئەدەبیەتە، واتە جەختکردنەوە لەسەر تایبەتمەندی کرۆکی هەموو ڕەگەزێکی ئەدەبی.

2.تەرکیزکردنەوە لەسەر فۆرم بە مەبەستی تێگەیشتن لە ناوەڕۆك، واتە فۆرمییەتی ناوەڕۆك و رەفزکردنەوەی دوانەیی شێوەو ناوەڕۆکی نەگونجاو.

گرنگترین رابەرانی فۆرمالستی روسی بریتین لە(رۆمان یاکۆبسۆن، میخائیل باختین، شلوفسکی، ڤلادیمێر بـرۆب، یوری تینیانوف، بوریس ئیخنباوم، توماشفسکی، مکاروفسکی،.... )گرنگیدانی هەر یەك لەمانە، لەسەر بنەمای جیاوازی لە نێوان شیعرو پەخشاندا بووە، دواتر پەیوەست بووە بە وەسفی گەشەی رەگەزە ئەدەبییەکان، و زۆربەی لێکۆڵینەوەی فۆرمالیستەکان

بڵاوکرانەوە، پاشان وەرگێڕان و لە گۆڤاری شیعریەت(POETIQUE)و گۆڕان(CHONGE) دا بڵاوکرانەوە، لەگەڵ ئەوەشدا موکاروفسکی گرنگی و بایەخی بە وەسفی زمانی شیعریی دەدا، بەڵام یاکۆبسۆن گرنگی بە مەسەلەی شیعریی و زمانەوانی گشتی دەدا، بەتایبەتی دەنگسازی و فۆنۆلۆژیادا، بەڵام سیمیائی ڤلادیمێر بروب بایەخی زۆری بە حکایەتی سەرسوڕئامێزی روسی دەداو هەندێ یاسای بۆ دیاریکرد»284.

لێکۆڵینەوەی فۆرمالستە روسیەکان لە یەککاتدا تیۆری و پراکتیکی بـوون، دەرئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوانەش قوتابخانەی تارتۆ TARTU دەردەکـەوت، کە بە گرنگترین قوتابخانەی سیمیۆلۆژی روسی دادەنرێت، رابەرانی بریتین لە(یوری لوتمان) خاوەنی(بونیادی دەقی هونەری) پیتەر ئوسبینسکی،تۆدۆرۆف، لیکومتسیف، A.M. بینتگریسك)، کارەکانیان کۆکرایەوەو لە کتێبی(کارەکان لەبارەی سیستمی نیشانەکان... تارتۆ) 1976 بڵاوکراوەتەوە 285

**تارتۆ جیاوازی لە نێوان سی زاراوەدا دەکرد:**

1-سیمیۆتیکای تایبەتی، کە بریتییە لە لێکۆڵینەوە لـەو سیستمە نیشانەییانەی کە خاوەن ئامانجی پەیوەندین.

2-سیمێوتیکای مەعریفی، کە گرنگی بە سیستمە سیمیۆلۆژیەکان و ئەوانەی لەو دەچن دەدات.

3-سیمێوتیکای گشتی، کە دەبێتە کەفیلی تەنسیقی نێوان هەموو زانستەکانی تر، بەڵام تارتۆ سیمیۆتیکای خاوەن رەهەندی ئێپستمۆلۆژی هەڵبژارد»286.

بەم شێوەیە ئەم قوتابخانەیە گرنگی بە سیمیۆلۆژیای ڕۆشنبیری دەدا، بە شێوەیەك وای لێهات ئاراستەی سیمیۆتێکای تایبەت بە رۆشیریی، دوولقی لێبوویەوە(ئیتالی و روسی) واتە گروپی( تارتۆ- مۆسکۆ) گرنگی تایبەتی بەرۆشنبیری دەدا، بەوەی «دەفرێکی گشتگیرە هەموو لایەنە رەفتاریەکانی مرۆڤی تاك و کۆی تێدا کۆدەبێتەوە، ئەم رەوشتەش لەچوارچێوەی سیمیۆتیکادا

پەیوەستدەبێت بە بەرهەمهێنانی نیشانەکان و بەکارهێنانەکان، پێیانوایە نیشانە دەلالەتەکەی بەدەستناهێنێت، تەنها لەوبارەی کە لە چوارچێوەی ڕۆشنبیریدا هەیەتی، و هەرگیز سەیری نیشانە بە تاکی ناکەن، بەڵکو باس لە سیستمی دالی دەکەن، واتە لە کۆمەڵێك نیشانەوە سەیری دانەیەکیان ناکەن، کە سەربەخۆ بێت لە سیستمی تر، بەڵکو لەو پەیوەندییانە دەکۆڵنەوە کە بەیەکیانەوە دەبەستێت، ئیدی ئەوە لەناو ڕۆشنبیرییێکدا بێت(پەیوەندی ئەدەب بە بونیادە رۆشنبیرییەکانی تری وەك( ئاین، ئابوری، شێوەی سڵاو... تاد) یان دەیانەوێت ئەو پەیوەندیانە ئاشکرا بکەن، کە بەرزی رۆشنبیرییەك بە پێی گەشەسەندنی کاتی پێکەوە دەبەستێتەوە، یان لە نێوان ڕۆشنبیرییە جیاوازاکان، لەپێناو زانینی ڕەگەزە لێکچوو و جیاوازەکان، یان لە نێوان ڕۆشنبیری و نارۆشنبیریدا»287

**بەگشتی گرنگیدانی فۆرمالستی روسی و پشتگیریکردنی تیۆری و پراکتیکیان بەهۆی:**

1.گرنگیدان بە تایبەتمەندی ئەدەب و جۆرە ئەدەبیەکان، واتە گەڕان بەدوای ئەدەبیەت و ئەوشتەی ئەدەب دەکاتە ئەدەب.

2.فۆرمییەتی ناوەڕۆکە ئەدەبی و هونەرییەکان.

3.سەربەخۆبوونی ئەدەب لەهەر دەردانێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و مێژوویی(لێکۆڵینەوە لە ئەدەب وەك بونیادێکی سەربەخۆ لە کانگا).

4.یەکخستن لە نێوان بۆچوونی پێرس و سۆسێر لەبارەی نیشانەوە( بۆنموونە کارەکانی دیمێتری لیکوماسیف)

5.جەختکردنەوە لەسەر لێکدانەوەی پێویست و گونجاو، لەپێناو ئاشکراکردنی تایبەتمەندی کاری ئەدەبی.

6.بەکارهێنانی زاراوەی سیمیۆتیکا لەبری سیمیۆلۆژیا.

7.گرنگیدان بە سیمیۆلۆژیای مەعریفی و چڕبوونەوە لەسەر شێوە ڕۆشنبیریەکان.

8.پێداگری لەسەر خاسیەتی جیاوازی و لادان لە نێوان شیعرو پەخشاندا.

9.بڕوابوون بە پەرتێنبوونی(الاستهلاك) سیستمەکان و نوێبوونەوەیان و گەشەکردنیان بەبەردەوامی.

10.ئیکتیفا نەکردن لەکاتی تیۆری و پراکتیکی لەسەر کارە گرنگ و بەناوبانگەکان لەبواری ئەدەبدا، بەڵکو فۆرمالستە رووسیەکان ڕوویان لە رەگەزە ئەدەبیەکان کردوە، ئیدی هەر بەهایەکیان هەبوایە وەك ئەدەبی یادەوەری(مژکرات)و مراسلات، بە مەبەستی بەشداریکردن لە مەدحکردنی کاری گەورەدا، هەروەك چۆن میخائیل باختین لە ڕەگەزە میللیەکانی دنیادا لە کتێبی(شیعریەتی دوستویفسکی)دا کردی.288

**4. قوتابخانەی ئیتاڵی :**

ئەم ئاراستەیەش هەر یەکە لە ئامبرتۆ ئیلکو(U.ECO) و(روسی لاندی ROSSI LANDI)289 ڕابەرایەتیان کردوەو گرنگیان بە دیاردە ڕۆشنبیریەکانی دەدا، بەوپێیەی بابەتەکانی پەیوەندی کۆنتێکستی دەلالین، لەپاڵ سیمیۆتیکای ڕۆشنبیری لە روسیادا، ئامبرتۆ ئیکو پێیوایە «، تاوەکو ئەم سی مەرجەی بۆ دەستەبەر نەکرێت، ڕۆشنبیری گەشە ناکات:

1.کاتێك کەسی بیرمەند کارە نوێیەکەی پشت بەستو بێت بە شتێکی سروشتی.

2.کاتێك ناوی ئەو شتە نرا، بەو پێیەی لە شتێکی تردا بەکاردێت، مەرج نیيە هەرگیز ئەم ناوە بە دەنگێکی بەرز بوترێت، هەر وەك چۆن مەرج نیيە بە وانی تر بوترێت.

3.کاتێك ئەو شتە دەناسین، بەوپێیەی شتێکە وەڵامی کارێکی دیاریکراو دەداتەوەو خاوەن ناوێکی دیاریکراوە، مەرج نیيە جاریکی تر بەکاریبهێنین، چونکە ئەوەندە بەسە کە بیناسین 290

«ئیکۆ پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت، کە هەموو پەیوەندییەك بریتییە لە رەفتارێکی بە بەرنامە، و هەموو کۆنتێکستێکی پەیوەندیداری کارێك ڕادەپەڕێنێت، هەروەها لەوانەیە هەموو کۆنتێکستێکی خاوەن رەنگاڵەی

تێکەڵکراو، ڕۆڵێکی پەیوەندیداری ببینێت، جگە لەمەش ڕۆشنبیریی کارەکەی تەنها لە پەیوەندیدا قەتیس ناکرێت، بەڵکو تێگەیشتنی، دەبێت تێگەیشتنێکی ڕاستەقینە و بەبەرهەم بێت و، تەنها بەسیماو فۆرمی پەیوەندیداری نەبێت تەواو نابێت «291، بۆیە یاسای پەیوەندی بریتییە لە یاساکانی ڕۆشنبیریی، هەروەها سەرەنجی رادەی پەیوەندی و ڕێڕەوگرتن لە نێوان یاسا تۆکمەکانی پەیوەندی رۆشنبیری دەدەین، لەسەر ئەم بنەمایەش یاساکانی پەیوەندی بریتییە لە یاساکانی ڕۆشنبیریی، ئەمەش واتە یاسای کۆنتێکستەکانی سیمیۆتیکی، بریتییە لە یاساکانی ڕۆشنبیریی.

**(روسی لاندی) سیمیۆتیکا بەسێ جۆر دیاریدەکات :**

1.چەشنەکانی بەرهەمهێنان(کۆی هێزی بەرهەمهێنان و پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان).

2.ئایدۆلۆژییەکان(پلانە کۆمەڵایەتیەکان لە چەشنی گشتی).

3.بەرنامەکانی پەیوەندی(پەیوەندی گۆیی و ناگۆیی)292

ئەم سیمیۆلۆژیایە بە نەنزعەی مرۆیی دەگەشێتەوە، چونکە تەرکیز لەسەر مرۆڤ و مێژوو دەکاتەوە، هەروەها سیمیۆتیکا لای روسی لاندی «زانستێکی گشتگیری نیشانەو پەیوەندییە»293

د. جمیل حمداوی دەڵێت»جێگەی سەرنجە ئەم ئاڕاستە ئیتاڵیە لەگەڵ قوتابخانەی(تارتۆ) ی روسی لە تەرکیزکردن لەسەر سیمیۆلۆژیای ڕۆشنبیریی یەکدەگرێتەوە، چونکە دیاردەکانی ڕۆشنبیریی خاوەن مەبەستیەتی پەیوەندییەتین»294

مارسیلۆ داسکال بە گرانی بڕیار لەسەر باسکردنی یەك سیمیۆلۆژیا،یان تیورە سیمیۆلۆژیە هاوڕەگەزەکان دەدات، کە لەوانەیە قوتابخانەیەك یان ئاراستەیەکی بێلایەن بەتەنها دروستبکەن، لەم بارەوە دەڵێت» لەگەڵ ئەم نەواتە هاوبەش و گرنگەدا، هەروەها گرنگی پرۆژەکەو هیوایەکی دامەزراوەیی گەورەدا، پێویستە دان بەوەدا بنرێت سیمیۆلۆژیای گشتی ئەمڕۆ وەك زانست لەسەرەتادایە «295

بەڵام بوونی قوتابخانە و ئاراستەی جیاواز دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی

بۆچوونی رابەرانی ئەم زانستە(پێرس، سۆسێر) ئەمەش ئەوە دەردەخات سیمیۆلۆژیا میکانیزمێکی هەڵوەشاندنەوەو بونیادنانەوەیە، لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی جیاوازی یان لێکچوونە کۆنتێکستیەکانی بونیادگەری لەناو دەقەکان، یان گوتارەکان و چالاکیە مرۆییەکان وەستاوە، لەبەرئەوەی سیمیۆلۆژیا لەسەر کۆمەڵێك بنەمای رێڕەوی پێویست بنیادنراوە، لەوانە( هەڵوەشانەوەو بنیادنانەوە، دەلالەت و پەیوەندی، شرۆڤەو هێرمێنۆتیکا، روخسارو ناوەڕۆك)، چونکە سیمیۆلۆژیا مامەڵە لەگەڵ دەق و گوتارەکان، هەڵسوکەوتی مرۆیی، چالاکیە مرۆییەکان دەکات، بەوەی نیشانە، رەمز، ئاماژە، ئایکۆن، خواستنە دالیەکان، دەتوانن کرداری پەیوەندی بهێننەدی، هەروەها دەتوانرێ قسە لەسەر سیمیولۆژیا بکرێ، بەو پێیەی تیۆرێکی گشتییەو بۆ نیشانەکان فەلسەفەیەکی گشتگیرە، لەهەمانکاتدا دەبێتە پرۆگرامێکی پراکتیکی لێکدانەوەی دەق و گوتارەکان.

## تەوەری سێیەم: میتۆدەکانی لێکدانەوەی سیمیۆلۆژیای ئەدەب

### 5.میتۆدی لێکدانەوەی سیمیۆلۆژی:

بەو پێیەی سیمیۆلۆژیا کارکردنە لەناو نیشانەدا، لەبەرئەوە»زانستی سیمیۆلۆژیا لوتکەی لێکۆڵینەوەی بونیادی زمانەوانییە، چونکە جەخت لەسەر نیشانەی زمانەوانی دەکاتەوە، نیشانە زمانەوانییەکانیش دووڕووی یەکگرتویان هەیەو ناتوانرێت لە یەکتری جیابکرێنەوە(دال و مەدلول)، رەخنەی سیمیۆلۆژی وایدەبینێت ئەدەب سستمێکە لە نیشانەکان کە پشت بە ڕژێمی زمانی دەبەستێت، هونەرمەند یاری بە هێماکان دەکات، وەك ئەوەی ئەم چاوبەستە بزانێت، یاریەکەشی چێژ بەخشە و هەوڵیشدەدات ئەوانی تریش چێژی لێوەربگرن و لە وروژاندنەکەی بگەن، لێرەوە بارت دەڵێت «ئەو نازناوە لە سیمیۆلۆژیا دەنێم، لەبەرئەوەی کۆی ئەو پرۆسانەیە(العملیات) کە

ڕێگە بەیاریکردنی واتاکان دەدات، وەك ئەوەی یاری بە میانە جیاوازەکان دەکات، بەڵام بە وەهم دەیکات «296

«بارت لەو زانا سیمیۆلۆژیایانەیە کە بیرۆکەی پەیوەندی جێگیر لە نێوان دال و مەدلولدا رەفز دەکات، لەوانەیە کە وتویانە ئاماژەکان سەرئاو دەکەون، بۆئەوەی مەدلولەکان سەرەنجراکێش بکات، لەگەڵ یدا یەکدەگرێ و دەبنە چەندین مەدلولی تری چەندجارە، بۆئەوەی مەدلولی تری بۆ ڕابکێشرێت، ئەمەش وشەکە ئازاد دەکات و دەیکاتە(ئاماژەی ئازاد) و(حاڵەتی ئامادە)، چونکە لەبەردەمماندا ئامادەیە، لەبەرامبەریشدا(مەدلول) حاڵەتی(نائامادە) دەردەخات، چونکە پشت بە زهنی خوێنەر دەبەستێت، بۆئەوەی بیهێنێتە نێو دنیای ئاماژەوە، ئەم پەیوەندیەش تەنها بەکاری خوێنەر نەبێت گەشە ناکات، کە ئەم پەیوەندیە بونیاد دەنێت و لە نێوان دال و مەدلولدا هەڵیدەسەنگێنێت و ناوی دەنێت سیمیۆلۆژیا، چونکە پەیوەندی لە نێوان دالی ئامادە بریتییە لە(وشەکە) و مەدلولی نائامادەش(وێنە زهنییەکەی)یە، مەدلول پەیوەستە بە دالـەوەو زەحمەتە بەبی دال مەدلول وێنابکەین «297، لەپێناو ئەم هەنگاوەشدا پێویستە پاشخانێکی ڕۆشنبیری هەبێت، بە شێوەیەك وامان لێبکات ڕەگەزە نائامادەکان دیاریبکەین، خوێنەر لەسەریەتی ناوەڕۆکی دەق بخوێنێتەوە، هەروەك چۆن روخساری دەخوێنێتەوە، ئەمەش بۆئەوەی بتوانێت خەیاڵزایی(تخیل) بکات، دواتر باش شرۆڤەی بکات بە شرۆڤەیەکی سیمیۆلۆژی داهێنەرانە، ئەمەش مەهارەتێکە خوێنەری بەتوانا پاش ماوەیەکی زۆر بەدەستیدەهێنێت، بەمەش «خوێندنەوە دەبێتە کارێکی داهێنەرانە وەك نوسینی دەق، گومانی تێدا نییە، دەق بەداوی باوکێکەوەیە بیگرێتەخۆی، باوکیش خوێنەرێکی ڕاهاتوە، لە ڕێگەی ئەمەشەوە دەق لەگەڵ مرۆڤ و زماندا، دەکەوێتە ململانێیەکی هەڵچوونی داهێنەرانەوە»298.

«بارت ئەوە ڕەتدەکاتەوە، کە کاری ئەدەبی دەقێکی ئەدەبی(بەرهەم)

بێت، وایدەبینێت(نیشانە) لەسەر شتێکە کە لە پشتیەوەیەو کاری ڕەخنەگریش دەبێتە لێکدانەوەی دەلالەتەکان و ئاشکراکردنی سنورەکانیانە، بە شێوەیەکی بنچینەیش سنوری شاراوە(= مەدلول)، بۆیە بارت وایدەبینێت رەخنە بریتییە لە کارێکی شرۆڤیی بۆ هەر دەقێك، لەپێناو دۆزینەوەی واتای قووڵ، زمانی ئەدەبیش بریتییە لە کۆمەڵێك نیشانە، کە پێویستە شرۆڤەی بکات، بۆئەوەی ئاستی ژێرخانی بدۆزێتەوە، واتە مدلول، بەو پێیەی نیشانە پێکهاتوە لە دال و مەدلول، کاری رەخنەگریش پاڵنانە بە مەدلولەکانەوە بۆ دواوە، بەشێوەیەك کە کۆتاییان نییە.»299 ئەم میتۆدە چەند لقێکی لێدەکەوێتەوە :

**أ-میتۆدی لێکدانەوەی دابەشکاری:**

«ئەم جۆرە پشت بە تیۆری رەفتاری دەبەستێت و بلۆم فیڵدی ئەمریکی سەرۆکایەتی دەکات، پێیوایە وشەکان لـەدەرەوەی کۆنتێکستەکاندا هیچ واتایەکیان نییە، وشەکان کارنامەی خۆیان هەیەو نیشانەی وشەکان لەناو گوتارەکەدا و لەگەڵ وشەکانی تردا واتاکانی دیاریدەکات.»300

تیۆری رەفتاریش تەرکیز لەسەر ئەوە دەکات، کە بەکارهێنانی زمان لەپەیوەندی و پەیوەندیکردندا، پێویستی پێیەتی، هەروەها گرنگیدەدەن بەو لایەنەی کەدەتوانرێ بەئاشکرا چاودێری بکرێت، بەمەش نەیارە لەگەڵ تیۆری وێناکردن کە جەخت لەسەر بیر یان وێنادەکاتەوە، تیۆری رەفتاری بۆ ماوەیەکی زۆر دەستی بەسەر کێڵگەی سایکۆلۆژیدا گرت.»301

«بەڵام تیۆری کۆنتێکست کە میتۆدی دابەشکاری پشتی پێدەبەستێت، خـاوەن میتۆدێکی زانستیە و فیرپ FIRTH سەرۆکایەتی دەکـات و جەخت لەسەر کارنامەی کۆمەڵایەتی دەکاتەوە و دەڵێت «مانای وشە لەبەکارهێنانەکەیدایە، یان لەو ڕێگەیەی کە پێیبەکاردەهێنرێت، یان ئەو ڕۆڵەی کە دەیبینێت، واتاکەشی ئاشکرا نابێت، تەنها لە ڕێگەی کۆنتێکستی یەکەمی زمانەوانییەوە نەبێت، بەمەش لێکۆڵینەوە لە واتای وشەکان، داوای شرۆڤەی کۆنتێکستەکان و هەڵوێستەکانی وشە دەکات، کە دەیبینێت و مانای

وشەش یەکسانە بەو فرە کۆنتێکستیەی کە دەیبینێت( کۆنتێکستی زمانەوانی، سۆزی، ڕۆشنبیری.... تاد). یەکێك لەو زمانەوانانەی کە هەنگاوێکی بە میتۆدی کۆنتێکستی بەرەو میتۆدی لێکدانەوەیی نا(ئۆلمان OLLMANN)ەو پێیوایە لەسەر فەرهەنگزانە کە لەناو کۆنتێکستەکەیدا، ڕەچاوی هەموو وشەیەك بکات، پاشان هۆکاری هاوبەشی گشتی لە نێوان کۆنتێکستەکاندا چڕو کورت بکاتەوە.»302

**ب- میتۆدی لێکدانەوەی چەمکی:**

ئەم میتۆدە وەك دژە میتۆدی دابەشکاری سەریهەڵدا، بەوەی ڕووبەڕووی کۆمەڵێك گرفت بوویەوەو نەیتوانی لەرووی تەکنیکەوە چارەسەریان بکات، میتۆدی چەمکی پشت بە هەڵێنجان و عەقڵانییەت و زهنییەت دەبەستێت، ئەوەی کە پشتی بە میتۆدی وێنایی یان عەقڵانی دەبەست جۆن لۆکەو دەڵێت» بەکارهێنانی وشەکان پێویستە ئاماژەیەکی حەساس بن بۆ بیرەکان،چونکە ئەو بیرانەی کە نوێنەرایەتی دەکەن، دەبنە مەغزای راستەوخۆو تایبەتییان، ئەم تیۆرە زمان وەك هۆکارێك، یان ئەداتێکی پەیوەندی بیرەکان دەزانێت، بەڵام ئەم بیرانە کە لەزهنماندا دێن و دەچن، بەپێی ئەم بیردۆزە بوارێکی سەربەخۆیان هەیەو کارنامەشیان سەربەخۆیە لەزمان»303

کارەکانی ئەم میتۆدە بەهۆی بەرهەمەکانی هێلمسلیف و بەشداریکردنی لە دامەزراندنی یانەی زمانەوانی کۆپنهاگن لە ساڵی 1931 دا، پاشان گروپی(ئەلگلو سیماتیکی) ی زمانەوانی دادەمەزرێنێت، کە ئامانجی گەشەپێدانی چەمکی زمانە بە جۆرێك کە تێیدا قووڵ ببینەوەو وای دادەنێت فۆرمێکە خاوەن سەربەخۆیی تەواوی خۆیەتی، بەمەش لەوانی دی جیادەبێتەوەو لێکدانەوەی زمانەوانیش، پێویستە ڕێگە بدات بە گەیشتن بە زانین و دیاریکردنی ڕەگەزە کۆتاییەکانی زمان، چونکە «هێلمسلیف خاوەن روانینی تایبەت بە خۆی هەیەو ناچاربوو ئامێری زاراوە(جهاز المصگلحات) سۆسێریەکان بگۆڕێت بە ئامێری تایبەتی خۆی، بەوەی لای ئەم(دال، دەلیل، مەدلول) ی سۆسێری نەماو لەبریدا ئاستی گوزارشت و ئاستی کرۆکی دانا»304

هێلمسلیف بەهەمان شێوەی بارت سیمیۆلۆژیا لەزمانەوانی گشتیەو لەهەموو نەسەقەکان دەکۆڵێتەوە، لەگەڵ ئەوەی سەرەنج لەهەمەجۆری لەنێوان نەسەقە زمانی و نازمانییەکانیش داوە305، بۆیە لای هێلمسلیف هەموو نیشانەیەك دالو مەدلول، گوزارشت و ناوەڕۆك، شێوەو مادە، محورەی مانا «استبدالی»و محورەی پێکهاتەیی هەیە306،» بۆیە دەڵێت «هەموو نەسەقێك شیاوی ئەوەیە وەربگیرێت بۆ نەسەقی زمانیو ئەم نەسەقە زمانییەش، شیاوی ئەوەیە بێتە نەسەقی سیمائی گشتی»307 بەم پێیە هیلمسلیف پێیوایە «سیمای گشتی لەهەموو نەسەقەکان دەکۆڵێتەوە لەرێگەی دوو لقی گرنگەوە کە بریتین لە»سیمایی دیاریکراوی (SEMIOTIQUE DENOTATIVE) کە لەئاستی دیاریکردنی نیشانەکان دەکۆڵێتەوە، لەگەڵ سیمیائی ئیحائی(S. CONNOTATIRE) کە گرنگی بەئاستی ئیحائی ئەم نیشانانە دەدات308.

لای(هێلمسلیف) چەمکی کارنامە»(پەیوەندی لە نێوان زاراوەکان) ڕۆلێکی گرنگ دەگێڕێت، دەق بەوە جیادەبێتەوە کە خاوەن توانستێکی لێکدانەوەییە بۆ یەکەی بچوك و زۆر بچوکتر، بە پێچەوانەی شێوەکانی تری پەیوەندیکردن، وەك ئیشارەتەکانی هاتوچۆ(سەوز، سور) ئەم شێوە گوزارشتیانە ناوەڕۆکی تایبەتیان هەیە، لەگەڵ ئەوەی یەکەی لێکدانەوەی زمانی ڕەمزە و دەلالەتی خۆی هەیە «309

**ج- میتۆدی لێکدانەوەی ئاماریی :**

«ئەم میتۆدە کار لەسەر ئەوە دەکات، نەخشەیەك دروستبکرێت و هەموو وشە وەك یەکەکان،(لێوەرگیراوەکان) کە یەك بنچینەیان هەیە، پاشان کۆنتێکستێکیان بۆ بنیادبنرێت، بۆ نمونە بییر گیرۆ(250) وشەی لەواتای غەش کۆکردوەتەوە(غش، غشاش.... تاد)»310

زیف O.K.ZIPF زمانەوانی ئەمریکی دووبارە بوونەوەی وشە

لە دەقێك لـەدەقـەكـان، یـان لە كۆمەڵێك دەقـدا چەسپاند، لەجۆری دابەشكردنە جێگیریەكەیەوە سەیری دەكرێت، وشەكانی خشتەكەش بەپێی دووبارەبوونەوەیان دابەشدەكرێن، لەلایەكی ترەوە پەیوەندێكی بەهێز لە نێوان وشە چەندبارەبووەكاندا هەیە، ئەوانەش كە رێژەی دووبارەبوونەوەیان كەمە، ئەوا لە ژمارەیەكی زۆری وشە پێكهاتون، بۆنموونە ئەگەر لەدەقێكدا(600) وشە یەك جار بەكارهات، دەبینین(200) وشە دووجار بەكارهاتوون، یانیان سێ... ئەم رێژەیەش جێگیرو جیهانییە «311

ئەم میتۆدە پێشت بەوە دەبەستێت، كە بۆئەوەی لەواتای وشەكە بگەین، پێویستە لەواتای ئەو كۆمەڵە وشەی كە پێوەی پەیوەستن لە ڕوانگەی دەلالەتەوە بگەین، پاشان لە پەیوەندی نێوان وشەكان لەناو كێڵگە یان بابەتە لاوەكیەكە بكۆڵینەوە.

**6.میتۆدی(تێل كێل):**

«كۆمەڵەی(TEL QUEL) پێگەیەكی بەهێزی لە ڕۆشنبیری فەرەنسی بە گشتی و ڕەخنەی ئەدەبی فەرەنسی بە تایبەتی هەیە، هەر لەسەرەتای شەستەكانەوە تاوەكو ئەمڕۆ كۆمەڵێك بیرمەندو ڕەخنەگری گەورەی بۆ لای خۆی راكێشاوە و شەپۆلێكی ڕەخنەیی لە ڕۆشنبیری فەرەنسی سەردەمدا وروژاند»312

«ئەم كۆمەڵەیە دەستیانكرد بە بڵاوكردنەوەی گۆڤاری(تێل كێل)كە گۆڤارێكی ئەدەبی و رەخنەیی بوو، فیلیپ سۆلرز لە ساڵی 1960 لە پاریس دەریدەكرد، ناوەكەشی لە كۆمەڵێك وتاری(پۆل ڤالیری) وەرگیراوە، كە لە كۆلێژی(دی فرانس) دا پێشكەشیكردن، ئەم گۆڤارە گرنگی بە فۆرمەلیستە روسیەكان دەدا وپەیوەست دەبوو بە پێشنیارە فەلسەفی و ئیستاتیكییەكانی لینین و ماوتسی تونگی، دواتـر هەندێك لە دامەزرێنەرانی كشانەوە و هەندێكی تر هاتنە ناو گروپەكەی، لەوانە ژولیا كریستفای رەخنەگری

بولگاری کە هەندێك لە ئەدیب و ڕەخنەگرە گەورەکان لەگەڵی هاوسۆز بوون لەوانە(فۆکۆ، بارت، جیرار جینێت، تۆدۆرۆف).»313

«بەڵام لەقۆناغێکی دواتری گۆڤاردا وازی لە پێشنیارە چەپەکانی لە ئەدەب و ڕەخنەو سیاسەتدا هێناو گۆڕا بۆ ڕاستڕەوی لیبراڵ و وتەکانی مارکس و ماوی گۆڕا بە پێشنیارو بیری ئاینی، لەسەر ئاستی ڕەخنەش پەیوەست بوون بە بونیادگەری شێوەیی و بەشداریان لە هاندان و بڵاوکردنەوەی لێکۆڵینەوەی بونیادگەری و زمانەوانیدا کرد، زمانەوانی ئامانجیان نەبوو، بەڵکو هۆکاریك بوو لەپێناو دۆزینەوەی دەلالەتەکانی دەقی ئەدەبی «314

**«گرنگترین پرەنسیپە ئەدەبی و ڕەخنەییەکانیان لای ئەم کۆمەڵەیە بریتیی بوون لە :**

**ا- لە نێوان نوسین و خوێندنەوەدا :** لەسەر نوسین نییە کە لە کارنامەی بەرهەمهێنانیدا تەمسیلی واقیع بکات، بەئەندازەی ئەوەی واقیعێکی تایبەت بەخۆی بەرهەمبهێنێت، نوسین بەپێی فۆکۆ، خەیاڵ بەرهەمدێنێت، پەیوەست دەبێت بە ڕێگەیەکی لێکدراوەوە، و نوسین میانەیەك فەرزدەکات کە پەیوەست نییە بە جیهان، یان نەستەوە، نوسین دەلالەتێك نییە لەسەر ڕاستی و دەرفەتێك نییە بۆ بەرزڕاگرتن و دەرخستنی، بەڵکو بریتییە لە پێگەیەکی ڕەخنەیی،و تێیدا دەق وەك دەرئەنجامی دابەشکاری پەیوەندییەکان لە نێوان نوسین و قسەدا دەردەکەوێت، و نوسین سەرنتەریزم، یان چڕنابێتەوە لەسەر خود یان مێژوو، هەر جۆرە پەیوەندیەکی خودی لە نێوان نوسەرو نوسین دا دووردەخاتەوە، نوسین نوسەر لەخۆ دەگرێ و ئاراستەی دەکات نەك بە پێچەوانەوە.

**ب- دەق :** دەقی ئەدەبی نایەتەدی، ئەگەر وا سەیری نەکرێت، کە کردارێکی تەواوە لە کەرەستەی دەقیەتی ناسراودا، لەگەڵ ئەوەشدا دەق هەر ناتەواو دەبێت و کرداری تەواوکردنەکەش لە خوێندنەوەیەکی تەواونەبوودایە، مادام خوێندنەوەیەکی هەیە، تێگەیشتنی هەریەکەیان بەپێی پێکهاتە جیاوازەکەی جیایە، بۆیە دەق مادەیەکی کۆتایی پێهێنراو یان دیاریکراو نییە، واتە یەك بکەر

بۆ دەق نییە، بەڵکو بکەرەکانی زۆرن، دەق پرۆسەی بەردەوامی و گۆڕانە، ناشتوانرێ بەگوتارێکی ئاراستەکراو بۆ خوێنەر دابنرێ، یان کەرەستەیەك بێت ڕەهەندی جێگیری هەبێت، بەڵکو بریتییە لەتێپەڕاندنی واقیع و سنورو دینامیکیەتی جوڵاو، لێرەوە ڕەخنەگرانی کۆمەڵەکە بە دەق دەڵێن(دەقی حدی TEXTE LISMLTE)315

ئەگەر بمانەوێت بە وردی لە دەقێك بگەین، دەبێت لەهەموو ئەو ڕوانینانەی کە دەستیان بەسەردا گرتوەو لەو ژینگەیەدا گەورە بووە بگەین، هەروەها «لەو پەیوەندیە نوێیەی کە لەگەڵ ئەو چنینانەی کە بوونەتە هاوسێ،و ژینگە نوێکەش کە تێیکەوتوە بکۆڵینەوە، کەمەبەست لە لێکدان یان بە یەکگەیشتنی لاکانی دەقە، واتە دەق تاکە لە سیغەی کۆدا، دەق بەشێکە لە گشت و زیندووەو رابردو و ئیستاو ئایندەی هەیە، لەسەر ئەو کەسەیە کە کاری لەسەر دەکات، بگەڕێتەوە بۆ ژینگە و ریشەکانی و لەو گەشەکردنانەی بکۆڵیتەوە کەلەهەموو لایەنێکدا بەسەریدا هاتون و ناشتوانرێت لەجوڵەو مێژووی بگەین، تەنها بەپەیوەستکردنی بە جوڵەی گەردونەوە نەبێت وەك هەمووان.316

**ج- زمان و ریتم:** «رەخنەگرانی(تێل کێل) گرنگیان بە ئاشکراکردنی ڕەهەندەکانی زمانی شیعریی و تایبەتمەندیەکانی دەدا، نەك کۆتاییەکەی و بەریەککەوتنیان لەگەڵ زمانی ئاسایی، چونکە تێپەڕاند، هەروەها گرنگیان بە ریتمی شیعریی دەداو جیاوازیان دەکرد لەگەڵ شیعریی نوسراو شیعریی دەربڕراوەکاندا، لەگەڵ تایبەتمەندی هەریەکەیان، هەروەها گرنگیدان بە تۆمارکراوە دەنگەکانی شیعرو شێوەی بینراوی شیعر دەدا، هەروەها گرنگیان بەو ڕەشنوسانەی شاعیرەکان دەداکە لەخۆوە(عفوی) دەردەبڕران»317

**د- رۆمـان:** گروپی( تێل کێل) گرنگیان بە لێکۆڵنەوەی رۆمانی نوێ دەدا،(جـان ریـکـاردۆ) یەکێکە لە ئەندامەکانی، یەکێك لە رۆماننوسە دیارەکانی رۆمانی نوێ(ئالان روب گرێی)ە، سۆلرز لە کتێبی( دراما1965-)و( ئامادەکردن1968-)دا وازی لە کەسایەتیە رۆمانییەکان و پرەنسیپی گێڕانەوە

هێنا، بەو پێیەی ئەوانە پێکهاتەی هونەری لاساییکردنەوەن و لە رۆمانی یەکەمدا گوڕی بەجێناوی کەسی یەکەم و سێیەم، قسەکەرو نائامادە، لەرۆمانی دووەمدا کردی بە جێناوی من و ئێمە و ئێوە «318 لێرەوە بەرەوە قۆناغی سیمیۆلۆژی ڕۆشتن،بە گرنگیدان بە نشانە و جێگیرکردنی لەناو دەقی ئەدەبی و پەیوەستکردنی بە سیستمی سیاسی و کۆمەڵایەتیەوە.

**7.میتۆدی لوتمان:**

«یـوری لوتمان Y.LOTMAN دیارترین ڕەخنەگری هاوچەرخە لە روسیا، میتۆدێکی نوێ و تەواوی خستەروو، کە تێکەڵکردنێك بوو لە نێوان بونیادگەری و مارکسیەتدا و لەسەر رێگەی(گۆڵدمان )بوو، بۆیە رۆڵێکی گرنگی بوو، کەم و کوڕی ئەم دوو میتۆدەی پێشوو پڕکردەوە، بەلێکدانەوەی وەسفی بونیادگەری دەتوانرێت لە کەمتەرخەمی میتۆدی کۆمەڵایەتی لەبارەی چارەسەرکردنی شێوازدا دوربکەوێتەوە، بە لێکدنەوەی کۆمەڵایەتیش بۆ ناوەڕۆك، دەتوانرێت کەمتەرخەمی میتۆدی بونیادگەری لەبارەی چارەسەری ناوەڕۆکدا دووربکەوێتەوە، لێرەوە دەتوانین بوترێت هەردوو میتۆدەکە لە پەڕاوێکی نوێدا کامڵ بوون، کە بونیادگەری پێکهاتەییە»319.

«ئەم لێکچونییە لە نێوان میتۆدی گوڵدمان و لوتماندا، واتای وەك یەکی تەواو نییە، چونکە هەریەکەیان تایبەتمەندی خۆی هەیە، لوتمان سودی لە کلتوری رەخنەی ئەدەبی لەسەدەی نوێدا وەرگرتوە، بە دەسکەوتەکانی تیۆری مادی مێژوویی و قوتابخانەی فۆرمالیستی روسی دەستپێکرد، کۆتایی بە دەستکەوتەکانی زانستی نوێ(تیۆری زانیاری، زانستی پەیوەندیکردن، زانستی کۆنترۆڵی خودی( علم التحكم الذاتی، السیبرنطیقا)و بەتێپەڕ بوون بە بونیادگەریدا هێنا، لە هەمووشیان میتۆدی سیمیۆلۆژی دروستکرد، کە تایبەتمەندی هەواڵی هونەری و پەیوەندی دەق دەگۆڕێت.»320

«دەقی شیعریی لای لوتمان کۆنتێکستێکی زمانییەو لەسەر پرەنسیپی لێکچون و دژایەتی کاردەکات، ژمارەیەکی زۆر لە سیستمی زمانەوانی ڕێکدەخات، کە

بەردەوام لە حاڵەتی لێکداندان، لەم ڕێگەیەوە واتا بەرهەمدێت، کە ناتوانرێت لەدەق داببڕێت، کە جەخت لەسەر سروشتی نیشانەکان لە قەسیدەو، سیستمی دەنگیەکان و ریتمە پچڕ پچڕەکان دەکاتەوە، کە خودی نیشانەکان دروستیدەکەن، ئەوانەش مانای قەسیدەکە دیاریدەکەن، دەقیش لە دوالیزمییەکاندا دوو زمانی هەڵگرتوە، و مانای دەقیش دەرئەنجامێکە بۆ گەڕانەوە لە نێوان کۆدەکاندا، بەو پێیەی دەقی ئەدەبی فەزایەکی سیمیۆلۆژییە، تێدا هەردوو کۆدەکە ململانێ بۆ واتا دەکەن، ناتوانرێت دەقەکە دەورەبدرێت، تەنها لەڕێگەی دەورەدانی هەردوو زمانەکەوەو لە حاڵەتی کارلێکردنیاندا نەبێت»321

«میتۆدی لوتمانی ڕەخنەیی، لە هەوڵی تێگەیشتنی دیالێکتیکی دەقی ئەدەبییە لەناوەوەیدا و لەگەڵ ئەوەی دەورەیـداوە، لەناو دەقی ئەدەبیدا دیالێکتیکی بەردەوام لە نێوان ئاستە جۆر بەجۆرەکانی دەقدا هەیە(نەك تەنها ئاستەکانی زمانەوانی )و لەنێوان ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی هەموو ئاستێك لەم ئاستانە، دەق تۆڕێکی ئاڵۆزە لە پەیوەندیە دیالێکتیکیەکان لە نێوان ڕەگەزە پێکهێنراوەکان، ئەوەش تۆڕێکی داخراو نییە لەوەی دەورەیدابێت، یان ئەوەی لێهەڵدەهێنجرێت، واتە زمان تەمسیلی کۆمەڵگەو ڕۆشنبیری و داب و نەریت دەکات، ئەمەش واتە لوتمان لە(بونیاد)و(رژێم) دەگات لەسەر ئاستی دیالێکتیکی، نەجێگیرو نەدابڕاوە وەك ئەوەی لای هەندێك بونیادگەرە ڕۆژئاواییەکان هەیە «322

«تۆڕی پەیوەندی لە دەقی ئەدەبییدا دەلالەتی لەدەست نەداوە، بەڵکو مشتومڕو ململانی لەناو دەقی ئەدەبیدا ئاشکرا دەکات، ئەمەش لە نرخی ئێستاتیکی دەق زیاد دەکـات، لێرەدا لوتمان سورە لەسەر ئاشکراکردنی کارنامەی ئەدەبی»323.

«گرنگترین چەمکەکانی تیۆری گشتی لە میتۆدی لوتمانی رەخنەییدا، بریتییە لە چەمکەکانی(زانستی سیمیۆلۆژیا) و(چەمکەکانی بونیادگەری)، سیمیۆلۆژیا بریتییە لە زانستی نیشانەکان، کە کار لەسەر تایبەتمەندی بنچینەیی ئاماژەو پێکهاتەکەی دەکات، هەر وەك لەوشەو تێکەڵبوونی لەهەردوو زمانی سروشتی و دروستکراو وخواستەکانی زمانی شیعرییدا هەیە»324

## 4- میتۆدی سیمیۆلۆژیای هاوچەرخ:

بەگشتی کۆی روانینی میتۆدەکانی سیمیۆلۆژیاو بوونی جیاوازییەکان لەم میتۆدانەدا خۆی دەبینێتەوە:

1-ئاراستەی رۆلان بـارت لەگەڵ ئـەوەی کاریگەر بوو بە سۆسێرو کاری لەسەر سیستمی نیشانەکان دەکرد لە ڕوانگەی دەلالەتەوە، بەڵام بە پێچەوانەی سۆسێرەوە پێیوابوو سیمیۆلۆژیا بەشێکە لە زمان «325 لەگەڵ ئەمەشدا چوار رەگەزی دوانەیی دەستنیشانکردو دوانەیی دال و مەدلولی سۆسێری هێشتەوە،» دال( گوزارشت/دەرەوەی زمان/بەرگی دەنگ و مەدلول ناوەڕۆکەکەیەو پەیوەندی نێوان دال و مەدلول لای بارت لەسەر بنەمای هاوسەنگی و بەرامبەرییە، نەك لەسەر یەکسانی لەناو ئاماژە گشتییەکەدا، دال بە تەنها واتای نییە، مەگەر لەرێگەی ئەو پەیوەندییەی کە لەگەڵ مەدلولدا دروستیدەکات، لەگەڵ بوونی خوێنەر کە هەست بە بوونی دەلالەتی ئەم پەیوەندییە دەکات»326

دواتر بییر گیرۆ شوێنی کەوت و پێیوایە سیمیۆلۆژیا لقێکە لە زمانەوانی، نموونەشی بۆ ئەمە وەك فۆنەتیك و پێکهاتەکان و مۆرفۆلۆژیدا، ئەگەر دەنگسازی و مۆرفۆلۆژییەکان کار لەسەر بونییەی گوزارشتی بکەن، ئەوا سیمیۆلۆژیا کار لەسەر ئەو مانایانە دەکات، کە لەوانەیە گوزارشتیان لێبکرێت لەڕێگەی ئەم بنەما دەنگی و پێکهاتەییانەوە»327، بۆیە ئاراستەیەکیان پێیوایە سیمیۆلۆژیا لێکۆڵینەوەیە لە سیستمی دالەکان لە ڕێگەی دیاردە کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیرەکان، کە دەقیان رووپۆشکردووە، لەو روانگەوەی کە بەشێکە لەزانستی زمان.

2-ئاراستەی جورج مونان ئەمیش بەهەمان شێوە کاریگەرە بەسۆسێر، بەڵام کار لەسەر سیستمی نیشانەکان دەکات لەڕوانگەی پەیوەندیەوە و ئاراستەکەی بارت رەتدەکاتەوە، مونان و بریتو و بیزنز پێیانوایە بارت وا سەیری سیمیۆلۆژیا دەکات کە لێکۆڵینەوە بێت لە سیستمی دەلالەت، بەڵام لە بنچینەدا زانستی سیستمی پەیوەندیە، مونان پێیوایە» بارت کاتێك گرنگی بەسیستمی جل و

بەرگ و خۆراك و... تاد دەدات، واسەیری دەكات بە وەسفەكەی سیستمی داله، وكێشەی پەیام لە نێوان نێرەرو وەرگردا چارەسەركراوە، لەگەڵ ئەوەی خودی كێشەكە بریتییە لەوەی كە سۆسێر وروژاندنی كە بابەتە(سیمیۆلۆژیا) یە، بنچینەی پەیوەندی گشتیەو زمان یان كۆدی زمان، دەبێتە بەشێك لە سیستمی پەیوەندیكردن وەك ئاماژە. بارت خۆی لە كێشەی بنچینەیی لادا، كە پەیوەستە بە دەلالەتی كۆمەڵایەتییەوە «328

«بیزنز(E.BUYSSENS) لە كتێبی(چەند وانەیەك لەبارەی زمانەوانییەوە) لە ساڵی 1943 دا پشتی بە چەند كەتیگۆرییەكی سیمیۆلۆژیا بەست كە سۆسێر باسیكردون،و سەرقاڵی سیستمی زمانە سروشتیەكان، و سیستمی ئاماژە سیمیۆلۆژیەكان بوو، و پێشنیاری چەند چەمكێكی سیمیۆلۆژی جیاوازو گرنگی كرد، لەوانە(ئاماژە، كاری ئاماژە، ئاماژەی ناوخۆیی، ئاماژەی دەرەكـی و ئاماژەی ڕاستەخۆ... تاد)،بەڵام بریتو بازنەی گرنگیدانی بە جیهانی سیمیۆلۆژیای فراوانكرد، پڕۆژەكەی لەدیاریكردنی سیستمی ناردن و پەیوەندیكردنەوە دەخاتەڕوو، هەندێك لە سیستمەكانی ناردن لێكناترازێن و ڕێگەی ناردن تێیدا بەهۆی ئەو بەیاناتانەوە دەبێت، كە دابەش نابن بۆ یەكەی دالی، هەندێك لە سیستمەكانی ناردن پشت بە لێكترازانی یەكەم دەبەستن، ئەوەی كە بەیاناتەكەی دابەش دەبن بۆ یەكەی دالی و لەیەككاتدا بەشداریدەكەن لە شێوەو مانای گوزارشتدا، جگە لەمەش سیستمێكی ناردنی هەیە پشت بە چڕبوونەوەی دووەم دەبەستێت، رێگەی پەیوەندیكردن تێیدا پێكهاتوە لەیەكەی نا دالی، كە تەنها بریتییە لە یەكەیەكی فۆرمی و حاڵەتی جیاوازی هەیە، وەك لێدانی جەرەس و فوكردن بە بوقدا، كە هەر یەكەشیان پەیامێكی تایبەتن»329

كەواتە رابەرانی ئەم ئاراستەیە پێیانوایە سیمیۆلۆژیا لێكۆڵینەوەیە لە سیستمی پەیوەندی و لەخۆدی پەیوەندیە زمانییەكان و لە دەرەوەی خۆشیدا هەوڵی دیاریكردنی ئەم سیستمە جیاوازانە دەدات، بەپێی چەند ئاماژەیەك

و لەناونیشاندا گوتراوە زمانەکان، ئەوانەش ئەمەیان لەخۆ گرت بریتی بوون لە(جوج مونان، بریتو، بیرتر... تاد)، هەروەها پێیانوایە سیمیۆلۆژیا سیستمی پەیوەندیکردنی گشتیەو تەنها تایبەت نییە بە سیستمی دالەکانەوە.

«سیمیۆلۆژیای هاوچەرخ بە شەپۆلە جیاوازەکانییەوە نیشانەیان دابەشکردوە بۆ دوو روو، ئەوانیش(دال SIGNIFIER) و(مەدلول SIGNIFED)ن وەك لای سۆسێر، لەگەڵ دابەشکردنی نیشانە کە خاوەن یەکەیەکی سی لایەنییە کە پێرس داپناوە وەك( نوێنراو REP ESENTAMEN)، بابەت(OBJCT)، کانگا(REFERENT)330

ئەم ئاراستەیە هەوڵدەدات گونجاندن لە نێوان دوو ئاراستەکەی تردا بکات، لەوانە لە نێوان رەمزی زمانی و هێمایی نازمانی، بەو واتایەی لەگەڵ زانستی زماندا یەکتری تەواودەکەن، جگە لەمەش لە سیمیۆلۆژیادا هاوکارێکی سیستمی لەنێوان دەلالەت و پەیوەندیدا هەیە، لەسەر ئەو بنەمایەی کە دەلالەتی پەیوەندی لەسەر تیۆری بەرهەمی نیشانە وەستاوە، شیاوی سەرنجدانە نیشانە ناتوانرێت جیا بکرێتەوە لە تیۆری کۆد، کە بنچینەی دەلالەتە.

رولان بارت گرنگی بە سیمیۆلۆژیای دەلالەت داوە، بەپێچەوانەی بریتۆوە کە گرنگی بە سیمیۆلۆژیای پەیوەندی داوەو دەڵێت ئاماژە شێوەیەکی راشکاوی پەیوەندیە، واتە ئاماژە پەیامێکی هەواڵی دیاریکراو دەگەیەنێت، تاکە ئامانج لە ئیشارەتە مروریەکان، نیشانەی دەرمانخانە، یان دەقی نوسراو بریتییە لە پەیوەندی، بەپێی ئەم روانینە لێکۆڵینەوەی سیمیائی شرۆڤەیە لەرێگەی پەیوەندییەوە، بەڵام بارت گرنگیدانەکەی نەك لەسەر سیستمی پەیوەندی خاوەن بەرژەوەندی فراوانی وەك ئیشارەتە مروریەکان چڕکردەوە، بەڵکو لەسەر سیستمی پەیوەندی خاوەن رەهەندی کۆمەڵایەتی قووڵ، بۆیە جل و بەرگ و مەتبەخ و...بەزمانێك دادەنێت، کە دەلالەت لەسەر بەهای کۆمەڵایەتی دیاریکراو دەکات، لەبەرئەوە پرۆژەیەکی سیمائی پێشنیازدەکات،

که له لێکۆڵینەوە لەم زمانەدا کورت و پوختکراوەتەوە، بەوپێیەی خاوەن سیستم و کۆنتێکستی دیاریکراون»331

لەم ئارستەیەدا پەیوەندیکردن بریتییە لە بابەتی سەرەکی و لەڕێگەیەوە نیشانەو زانیارییەکان لەگەڵ پەیامەکە لەڕێگەی ئاماژەوە دەگوازرێتەوە بۆ خوێنەر.

3- ئارستەی ئەمبرتو ئیکۆ هەوڵیدا هەردوو ئاراستەی(بارت، جورج مونان) کۆبکاتەوە و هاوکاری سیستمی دەلالی و پەیوەندیکردن لە زانستی سیمیۆتیکا جێگیر بکات، وایدەبینێت نیشانە بەپێی کارنامەکەی دەچێتە ناو سیستمێکی خاوەن ئاستی جیاوازو ڕەگەزەکان لە ڕێگەی کۆد یان شفرەکانەوە بەیەکەوە دەبەستێت «332

لێرەوە پێویستە تیۆری پەیوەندیکردن هاوەڵی تیۆری دەلالەت بکات، سیمیۆتیکای پەیوەندیکردن لەسەر تیۆری بەرهەمی نیشانە وەستاوەو نیشانەش ناتوانێت جیابکرێتەوە لە تیۆری کۆدەکان،چونکە بنچینەی سیمیۆتیکای دەلالەتە333، ئەم هاوکاریەش لە نێوان پەیوەندی و دەلالەتدا لەسەر چەشنی سۆسێری وەستاوە، ئەو چەشنەی کە جیاوازی لەنێوان زمان LANGUE و قسەدا(PAROLE) دەکات،و لای سۆسێر دەگۆڕێت بۆ جیاوازیکردن لەنێوان توانست و ئەدا، یان لەنێوان کۆد، پەیامدا «334

## پەراوێزەکانی بەشی یەکەم:


1. عبدالواحد المرابط، السيمياء العامة و السيمياء الادب، منشورات الاختلاف،بيروت،2010،ص17

2.LEPETIT REBERT،DICTIONNAIRE ALPHABETIQUE AT ANALOGIQUE DE LA LANGUE FANCAISE، PARIS،1976،P163 .

3.JOLLE GARDES – TAMINE ، DICTIONNAIRE DE CRITIQUE LITTERAIRE ، CERES EDITIONS ، TUNIS ، 1997 ، P 279 .

4. انه ماری دینەسن ، در امدی برنشانه شناسی ،ترجمه: مضفر قهرمان، نشر پرسش،تهران،1380،ل 11 .5. محمد ضميران ، در آمدی برنشانة شناسی هنر ، نشر قصة ، ج2 ، تهران ، 1383 ، ص 7 .

5. محمد ضميران ، درآمدی برنشانه شناسی هنر ، نشر قصه ، ج2 ، تهران ، 1383 ، ص 7 .

6.TZVETAN TODOROV:THEORIE DU SGMBOLE ،PARIS.1971

7. فيصل الاحمر ، معجم السيميائيات ، منشورات الاختلاف،الجزائر ، 2010 ، ص 11

8. آنه ماری دینەسن، در آمدی برنشانة شناسی، ترجمة: مظفر قهرمان، نشر پرسش، ل16.

9. برنارد قوسان ، ماهي السيمولوجيا، ترجمة: محمد نظيف ، افريقيا الشرق ، ط 1 ، 1994 ، ص 37 .

10. بابك احمدی ، ساختار وتأويل متن ، نشر مركز ، چاپ هفتم ، تهران ، 1384 ، ص 21 .

11.JOHN LOCK ، AN ESSAY CONCERNING HUMAN UNDERSTANDING ، ABRIDGED AND EDITED BY

A.S.PRINGLE – PATTISON . THE HARVESTER PRESS ، NEWJERSEY . 1978 . P 370 .-

12. جان مارى و الاخـرون، العلاماتية و العلم النص، ترجمة: منذر عياشى، مركز الانماء الحضارى، سوريا،2009،ص33

13.BENJAMIN HUMPHREY SMART : BEGINNING OF A NEW SCHOOL OF METAPHYSICS ، 2004 ، P VII

14.CHARLES S.PEIRCE : COLLECTED PAPRES : THE BELKNAP PRESS OF HARVARD UNIVERSITY PRESS ، COMBRIDGE ، MASSACHUSETTS. 1965 ، P. 135 . -

15. نبيل راغب ، موسوعة النظريات الادبية ، الشركة المصرية العالمية للنشر ، مصر ، 2003 ، ص 366 .

16. محمد عزام ، النقد والدلالة، نحو تحليل السيميائى للادب، منشورات وزارة الثقافة، سورية، دمشق، 1996، ،ص7

17.KARL BUHLER ، THE KEY PRINCIPLE : THE SIGN – CHARACTER OF LANGUAGE ، IN : ROBERT E. INNIS : SEMIOTICS AN INTRODUCTORY ANTHEOLOGY، INDIANA UNIVERSITY. PRESS BLOOMINGTON،1985،P79

18. غريب اسكندر، الاتجاه السيمائى في نقد الشعر العربي ، دار الشؤون الثقافة العامة، بغداد، 2009، ص11 .

19. محمد عزام ، النقد والدلالة ، ص 7 .

20. - جان مارى و الاخرون، تاعلاماتية و العلم النص، ترجمة: منذر عياشى، مركز الانماء الحضارى، سوريا،2009،ص33

21. امبرتو ايكو ، البنيه الغائبة ، باريس ، 1972 ، ص 11 .

22. محمد عزام ، النقد والدلالة ، ص 8 .

23. د. ميجان الرويلي د. سعد البازعى، دليل الناقد الادبي، المركز الثقافي العربي،بيروت، طبعة الثانية،2000،ص 107

24. فردیناد دی سوسور ، علم اللغة العام ، ت: یوئیل یوسف عزیز، آفاق العربیة، بغداد ، 1985، ص34
25. ان اینو، السمیائیة الاصول و القواعد و التاریخ، ترجمة: رشید بن المالك، دار مجدلاوی للنشر و التوزیع، 2008 ، ص30
26. احمد مؤمن ، اللسانیات النشأة و التطور، د . ط، د.ت ، دیوان المطبوعات الجامعة ، الجزائر، ص127
27. د. بشیر تاوریریت، مناهج النقد الادبي المعاصر، الهیئة المصریة العامة للكتاب،2008،ص142
28. عبدالله ابراهیم واخرون ، معرفة الاخر ، مدخل الى المناهج النقدیة الحدیثة،المغرب، 1996،ص99
29. منذر عیاشی، العلاماتیة وعلم النص، المركز الثقافي العربی، الدار البیضاء، بیروت، لبنان، 2004،ص 28
30. د.محمد السرغینی، محاضرات في السیمولوجیا، دار الثقافة للنشر والتوزیع، الدار البیضاء، ط1987،1، ص 7
31. منذر عیاشی ، العلاماتیة وعلم النص ، ص 15 .
32.JOSETTE REY DEBOVE ، SEMIOTIQUE ، EDITION TRIMESTER ، UNIVERSITAIRE DEFRANCE ، 1979، P 129
33. د. میجان الرویلي د. سعد البازعی ،دلیل الناقد الادبي ، ص 106 .
34. د. فرج عبدالقادر طه و أخرون، موسوعة علم النفس والتحلیل النفسی، دار سعاد الصباح، الكویت، ط 1، 1993، ص403
35. د. عادل فاخوری، حول اشكالیة السیمیولوجیا، مجلة عالم الفكر،العدد(3) كویت، مارس، 1996 ، ص185
36. مایك هوارد ئابرامز(23 (M.H.ABRAMS/7/1912 رەخنەگری ئەمریكی و بەوە ناسراوە كە كاری لەسەر رۆمانسییەت كردوە.
37. M.H، ابرامز ، فرهنگی توصیفی اصطلاحات ادبی ، ترجمه : سعید سبزیان - مراد بادی ، ویرایشی هفتم ، انتشرات ، هما ، تهران ، 1382 ، ص237

.

38. - نـەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی،چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی،2011، ل87

39. محمد عزام ، النقدو الدلالة ، ص 38 .

40. ربعيه رويقى، سيمائية العلامة في المسرح الجزائرى، رسالة ماجستير، جامعة الحاج الخضر (بانته) الجزائر، 2011، ص11

41. فـيـصـل الاحــمــر، مـعـجـم الـسـيـمـيـائـيـات، مـنـشـورات الاختلاف،الجزائر،2010،ص42

42. جوليا كريستيفا، علم النص، ترجمة: فريد الزاهى،دار توبقال للنشر، المغرب،ط2، 1997،ص15

43. محمد عزام ، النقدو الدلالة ، ص 39 .

44. بولى كوبلى، ليتسا جانز، اقدم لك علم العلامات، ترجمة جمال الجزيرى، المجلس الاعلى للثقافة، 2005،ص10

45. د. فرج عبدالقادر طه واخرون، موسوعة علم النفس والتحليل النفسي، دار سعاد الصباح، كويت، ط1، 1993،ص 403

46. بيير غيرو ، السيمياء، ترجمة : أنطوان ابوزيد، منشورات عويدان ، بيروت ، باريس، 1984 ، ص 5 .

47.JULIAKRISTERA:SEMIOTIKE،RECHERCHÉ POUR UNE SEMANLYSE (ED.SEUIL،PARIS.1969.P20

48. عبدالرحيم جيران ، مفهوم السيميائيات ، الحوار الاكاديمى والجامعى ، العدد (1) ، السنة (1) يناير 1988، ص72

49.J.C.COQUETET AUTRES ، SEMIOTQUE : I ECOLE DE ، PARIS . HACHTTE ، 1982 PARES . P 5

50. فردىناد دي سوسير ، ترجمة عبدالقادر قنينى ، محاضرات في علم اللسان العام ، دار البيضاء ، افريقا الشرق ،1987، ص 26

51. بيير غيرو، السيمياء، ص 5 .

52.GEORGE MOUNIN : CLEFS POUR LALINGUISTIQUE ، COLLECTION ، CLEFS ، 19 E DITIONS ، PARIS 133

53.U.ECO: LA RECHERCH LA STRUCTURE ABASENTE. INTRODUCTION SEMIOTIQUE، PARIS،1972.P 8

54.COQUET ET AUTRES : LA SEMIOTIQUE : LE COLE DE PARIS ، PARIS 5

55. د. جميل حمداوى، بناء المعنى السيميائى في النصوص و الخطابات، المغرب،2011 ،ص34

56. هەمان سەرچاوە،ل34

57. محمد اقبال عروى ، السيميائيات و تحليلها لمظاهره الترادف في اللغة التفسير ، مجلة كويت عالم الفكر ، عدد (3) ، مارس 1996 ، ص 189 .

58. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی، چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، ،2011 ل85

59. د. ميجان الرويلى – د. سعد البازغى، دليل الناقد الادبى، ص105

60. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد ، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و رەخنەیی ، ل 86 .

61. محمد عزام ، النقد والدلالة ، ص 8 .

62. پی یر گیرو ، نشانه شناسی ، ترجمه : محمد بنوی ، انتشارات اگاه، چاپ دوم ، تهران ، 1383 ، ص 143 .

63. هەمان سەرچاوە، ص 143 .

64. پی یر گیرو ، نشانه شناسی ، ص 143 .

65. نیهاد جامی، سەرەتایك بۆ سیمیۆلۆژیا، گۆڤاری گەلاوێژ،ژ(27-28) ،ساڵی 2007، ل6

66. هواری حمادی ، سيميائيات المنطق اليونانى، جامعه معسكر، الجزائر ، مجله أيقونات ، عدد (2) ، 2008 ، ل17

67. هەمان سەرچاوە، ل17

68. هەمان سەرچاوە، ل17

69. محمد عزام ، النقد و الدلالة ، ص 31

70. هواری حمادی ، سیمیائیات المنطق الیونانی ، ل 18 .

71.UMBERTO.ECO:SEMIOTIGUE ET PHILOSPHIE DU LANGAGE (ED.P.U.F.PARIS 1988.P12

72. هواری حمادی، سیمیائیات المنطق الیونانی،ص15

73. سیزا قاسم ، نصر حامد ابو زید و أخرون ، مدخل الی السیموطیقا ، أنظمة العلامات في اللغة والادب والثقافة ، منشورات عیون المقالات ،الدار البیضاء ، المغرب ـ ط 1987 ، ص 137 .

74. WWW . KANADEELFKR.COM/ VB/ARCHIRE/- /INDEX‹PHP

75. انه ماری دینەسن ، در آمدی برنشانه شناسی ، ترجمان : مظفر قهرمان ، نشر پرسش ، ل 11 .

76. میشال جول ئەلفرێد بـریـال(MICHEL JULES ALFRED 26(1832/5/BREAL - /1915/10/25/ زانای زمانەوانی فەرەنسی

77. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد ، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و رەخنەیی ، ل 90 .

78. د. میجان الرویلي-د. سعد البازغی، دلیل الناقد الادبی، ص 107 .

79. آنه ماری دینەسن ، در آمدی برنشانه شناسی، ل 12 .

80. هەمان سەرچاوە، ل 16 .

81. سعید بنطراد ، السیمیائیات و مفاهیمها وتطبیقاتها ، ص 25

82. عبدالواحد المرابط، السیمیاء العامة و سیمیاء الادب، الدار العربیة للعلوم ناشرون، بیروت، 2010، ص7

83. د.محمد سالم سعدالله، مملكة النص، التحلیل السیمائی للنقد البلاغی، عالم الكتب الحدیث، الاردن، 2007، ص14

84. هەمان سەرچاوە،ص14

85. د. ابراهيم انيس، دلالة الالفاض، مكتبة الانجلو المصرية،ط5، 1985،ص63

86.ARISTOT:LAPPOETIQUE(E.D SEUIL،PARIS)1979.P5

87. عبدالرحمن بدوى، منطق ارسطو ، دار المطبوعات ودار القلم الكويت ، بيروت ، 1980 ،ص86

88. هەمان سەرچاوە،،ل86

89.VOIR PLATON، SOPHISTE ،TRED ، EMIK CHAMBRAY IN OCUVRES T،5 ED .GARNIER FRERES .PARIS 1939، ET ALAIN REY THEOTIES DUSIGNE ET DU SENT LECTURES I، ED ، KILINCKSIECK PARIS 1973 .P 15

90. د. وذنانى بو داود ، خطاب التأسيس السيميائى في النقد الجزائرى المعاصر ، مجلة الاثر ، جامعة عمار ثايجى الأغوط ،جزائر ، ص 11

91. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد ، فەرهەنگى زاراوەى ئەدەبى و رەخنەيى ، ل 89 .

92. بولى كوبلى ، ليتسا جانز، اقدم لك علم العلامات، ترجمة جمال الجزيرى، المجلس الاعلى للثقافة ، 2005 ،ص10

93. محمد مفتاح ، في سيمياء الشعر القديم ، دراسة نظرية و تطبيقيه ، دار الثقافة، المغرب ،1982 ، ص 50 .

94. سيميۆلۆژياى زمانى سۆفيگەرى لە شيعرەكانى (مەلاى جزيرى) دا، كامەران ئيبراهيم خەليل مشەختى ، نامەى ماستەر ، زانكۆى سەلاحەدين ، 2007 ، ل 5

95. مجلة العرب والفكر العالمى ، عدد (5) ، ص 144 .

96.GREENLEE ، PEIRCE S CONSEPT OF SIGN MOUTON ، 1973 . P . 19

97. هوارى حمادى، سيميائيات المنطق اليونانى ، ل 24 .

98. احمد يوسف ، السيميائيات الواصفة ، المنطق السيمائي وجبر

العلاقات ، مركز الثقافي العربي ، بيروت ، ط ، 2005 ، ص 21

99. هەمان سەرچاوە، ل20

100. هەمان سەرچاوە،ل20

101.F.DE. SAUSSRE .COURSDE LINGISTIQUE GENERALE.P 33-

102. احمد يوسف، الدلالات المفتوحة، مقاربة السيميائية في فلسفة العلامه، الدار العربية للعلوم، 2005، ص20

103. انه ماى دينەسن، درآمدى برنشانه شناسى، ص 95

104. احمد يوسف ، الدلالات المفتوحة ، ص 21 .

105. احمد يوسف ، الدلالات المفتوحة، ص 22 .

106. هەمان سەرچاوە، ل17

107. عبدالرحمن بدوى، منطق ارسطو،ص89

108. هوارى حمادى، سيميائيات المنطق اليونانى، ص 22

109. V.GOLDSCHMIDT:LESYSTEM DES STOICIENS ET PIDEE DU TEMPS ED.VRIN.PARIS.1969

110.TZVETAN TODOROV ،THEORIES OF THE SYMBOL،TEA:CA THERINE PARTET،CORNELL UNIVERSITY،LTHACA.NEW-YORK.1982.P15

111. امبرتو ايكو، العلامة، تحليل المفهوم و تاريخة، ترجمة:سعيد بنكراد، المركز الثقافى العربى،بيروت، ص51

112. ولى كوبلى ، ليتسا جانز، اقدم لك علم العلامات، ص11

113. احمد يوسف ، الدلالات المفتوحة ، ص 28 .

114.TODOROV .THEORIES DU SYMBOLE. P 21-

115. د. مراد عبدالرحمن مبروك ،السيميائيات في الدرس النقدى المعاصر ، مجلة (جسر الثقافة)، 9 / مايو / 2011 .

116. احمد يوسف ، الدلالات المفتوحة ، ص 26

117. هەمان سەرچاوە، ص 36 .
118. احمد يوسف ، الدلالات المفتوحة ، ص 41 .
119. عثمان امـين، الفلسفة الرواقية، مكتبة النهضة المصرية، ط2، 1958،ص109.
120. تريكو جول ، المنطق الصورى ، ديوان مطبوعات ، ط 1، 1992 ، ص 21 .
121. هوارى حمادى،سيميائيات المنطق اليونانى ،ص25 .
122. الكسندر ماكوفلسكى ، تأريخ علم المنطق ، ترجمة :علاء الدين و ابراهيم فتحى، دار الفرابي، بيروت ، ط ، 1987، ص178
123. عبدالقادر قصاصى ، السيمائيات و المنطق - حدود التقاطع وعقبات الممارسة ، مجلة أيقونات ،عدد الثانى ، الجزائر ،2011،ص56
124. هەمان سەرچاوە، ل57
125. UMBERTO ECO . SEMIOIQUE ET PHILOS OPHIE DU LANGAGE TRAD . MEYRIEM BOUZAHER . PARIS ED PUF ، 1988 . P
126. T.TODOROV:THEORIE DE SYMBOLE.(OP.CITE). PP.171
127. د.محمد سالم سعدالله، مملكة النص، ص15
128. . احمد يوسف ، السيميائيات الواصفة ، ص 34 .
129. غريب سكندر ، الاتجاه السيمائى في نقد الشعر العربي، ص7
130. . احمد يوسف ، السيميائيات الواصفة ، ص 28 .
131. مجلة سيميائيات ، عدد (1) جامعة وهران ، 2005 ، ص 167 .
132. UMBERTO ECO.ROBERTO LAMBRTINI ، COSTANTIO MARMOT ،AND AMDREA TABARRONI ، LATRATUS CANIS OR THE DOGS BARKING ، IN DEELY ، JOHN ، N . BROOKE WILLAMS ، AND FELICIA E . KRUSE ،

EDIT ORS FRONTIERS IN SEMIOTICS (BLOOMING TOR : INDIANA UNIVERSITY PRESS ، 1986 ، SEE P 65 .

133.STEPHEN MEIER- OESEV : MEDIVAL SEMIOTICS . IN : STAN FORD ENCYCLOPEDIA OF PHILOSOPHY ، HTTP : // PLATO . STANFORD . EDU/ENTRIES / SEMIOTICS – MEDIEVAL/-

134. د.فريال جبوری غرول، مجلة الف، جامعة الامريكية، مصر،عدد(32)2012،ص92

135. بولی كوبلی ، ليتسا جانز ، اقدم لك علم العلامات، ص 12 .

136. . غريب اسكندر ، الاتجاه السيمائی في نقد الشعر العربي ،ص 7 .

137. . مجلة، العرب و الفكر العالمی ، أمبرتو ايكو ، ملف خاص به ، عدد (5) 1989 ص 144

138. . حامد خليل، المنطق البراجماتی عند تشارلز بيرس، مؤسسة البراجماتية، دار ينابيع، سورية،1996،ص44

139. احمد يوسف ، السيميائيات الواصفة، ص31

140.STEPHEN MEIER- OESEV : MEDIVAL SEMIOTICS . IN : STAN FORD ENCYCLOPEDIA OF PHILOSOPHY ، HTTP : // PLATO . STANFORD . EDU/ENTRIES / SEMIOTICS – MEDIEVAL/

141. عبدالله ابراهيم وأخرون ، معرفة الاخر، مدخل الى المناهج النقدية الحديثة، المركز الثقافي ، بيروت ، ط 2 ، 1996، ص7

142. . محمد عزام ، النقد والدلالة ، ص 10

143. . مجلة الاثر، ص16

144. هەمان سەرچاوە، ل52

145. المجلة السيميائية والنص الادبی ، جامعة العناية ،مای 1995 ، ص 333 .

146. مجلة الاثر، ص19
147. المجلة السيميائية والنص الادبي ، جامعة العناية، 1995 ، ص 333 .
148. بولى كوبلى ، ليتسا جانز ، اقدم لك علم العلامات ، ص 13 .
149. CHARLES S.PEIRCE : COLLECTED PAPRES ، VOL .
P . 141
150. د. جميل حمداوي ،بناء المعنى السيميائى فى النصوص و الخطابات ، ص 11 .
151. معين زياده واخرون ، الموسوعة الفلسفية العربية ، لبنان ، 1986 ، ص 753 .
152. مجلة العرب والفكر العالمى ، عدد (3) بيروت، 1988 ، ص 114 .
153. اميل بنفنست، في مدخل الى السيميوطيقا، ت : سيزا قاسم ، ص 9
154. بسيام قطوس ، سيمياء العنوان ، وزارة الثقافة ، عمان ، الاردن ، ط ، 2001 ، ص 16 .
155. د.مـازن الوعر ،مقدمة علم الاشـارة ، دار طلال للدراسات و الترجمة،ط1، 1988، ص10
156. هەمان سەرچاوە، ل11
157. جميل الحمداوى، السيموطيقا و الفنون ، مجلة عالم الفكر، وزارة الثقافة ، الكويت، العدد (3)، مجلة 25، 199، ص84
158. احمد يوسف ، الدلالات المفتوحة، ص9
159. سعيد بنطراد ، السيميائيات و مفاهيمها وتطبيقاتها ، ص 87
160. د . يوسف اسكندر، السيمياء : مدخل فيلولوجى ، ص 24
161.CHARES MORRIS ،WRITING ON THE GENERAL THEORY OF SIGNS ( THE HOGUE : MOUTOM . 1971،P،366
162. جيرار دولودال، السيميائيات أو نظرية العلاقات،ترجمة : عبدالرحمن بوعلى، دار الحوار، سوريا،ط 1 ، 2004 ،ص19
163. سعيد بنطراد ، السيميائيات و مفاهيمها وتطبيقاتها ، ص 61 .

164. اميل بنفنيست ، واقع الدليل اللسانى، مجلة العرب و الفكر العالمى ، العدد الخامس، 1998 ، ص119

165. د.يوسف اسكندر، السيمياء : المدخل فيلولوجى، ص25

166. لويس هيلمسليف(LOUIS HJELMSLEV)3/10/-1899 1965/4/30 زاناى زمانەوانى دانيماركى.

167.L-HJELMSLEV ، STRUCTURAL ANALYSIS OF LANGUAGE . IN : JERROLD – KATZ . 2 ED . THE PHILOSOPHY OF LINGUISTICS OXFORD UNIVERSITY PRESS 1985 ، P 167 . -

168. يوسف اسكندر، اتجاهات الشعرية الحديثة، الاصول و المقولات، دار الشؤون الثقافة العامة، بغداد، 2004، ص111

169. بولى كوبلى ، ليتسا جانز ، اقدم لك علم العلامات ، ص 136 .

170. هەمان سەرچاوە، ل136

171. هەمان سەرچاوە، ل137.

172. بولى كوبلى ، ليتسا جانز ، اقدم لك علم العلامات ، ص150

173. هەمان سەرچاوە، ل148

174. هەمان سەرچاوە، ل138

175. هەمان سەرچاوە، ل150

176. بولى كوبلى، ليتسا جانز، اقدم لك علم العلامات، ص 171 .

177. د. حنون مبارك ، في السيميائيات العربية ، مجلة دراسات أدبية واللسانية ، عدد (5) ، 1986 ، ص 94

178. غريب اسكندر ، الاتجاه السميائى فى النقد الشعر العربي،ص 8 .

179. ابن منظور، لسان العرب ، نشر أدب الحوز . قوم ، ايران ، ج 12 ، 1405 ، ص 312 .

180. د. يوسف اسكندر ، السيمياء : مدخل فيلولوجى ، ص 18

181. ميشال آرفيه و آخرون، السيمائية،أصولها وقواعدها،ترجمة رشيد

مالك، منشورات الاختلاف، الجزائر ، 2002 ، ص 22
182. عزت محمد جاد، نظرية المصطلح النقدى، الهيئة العربية العامة ،د . ط ، د. ت ، ص 326 .
183. د. سعيد علوش ، معجم المصطلحات الادبية المعاصرة ، دار الكتاب اللبناني ، بيروت ، 1985 ، ص 118 .
184. د. محمد السرغينى ، محاضرات في السيمولوجيا ،ص 5 .
185. د. حنون مبارك: دروس فى السيميائيات،ص56
186. مجلة المعرفة ، عدد (177) ، دمشق، 1976 ،ص47
187. محمد عزام ، النقد و الدلالة ، ص 29 .
188. د.محمد مفتاح، في سيمياء الشعر القديم، دار الثقافة، 1982،ص5
189. سامى سويدان ، مقاربه سيميائية قصصية ، اللص والكلاب لنجيب محفوظ، الفكر العربي المعاصر، بيروت، 1982
190. مجلة الفكر العربي، عدد (29) بيروت ، 1982 .
191. د. حنون مبارك، درس في السيميائيات، ص96
192. د. جوزيف ، دليل الدراسات الاسلوبية الموسسة الجامعية لنشر ، بيروت ، 1987 ، ص 161
193. مارسيلو داسكار ، الاتجاه السيميولوجية المعاصرة ، ترجمة : د. حميد محمداني، دار آفريقا الشرق ، المغرب،ط1 ، 1987،ص49
194. مجلة (علامات) ،جزء (22) مجلد (6) 1996 ، ص 91 .
195. مجلة علامات النادي الادبي الثقافي بجده ، جزء (5) مج (2) 1992 ، ص 143 .
196. د. رظوان ظاظا ، مدخل الى مناهج النقد الادبي ، عالم المعرفة ، 1997 ، ص 219 .
197. مجله المعرفة ، عدد (177) ، 1976 .
198. مجلة الحوليات، عدد(10)،1977
199. صادق بهالدين ئامێدى ،ديوانى مەلاى جەزيرى، چاپى یەك ، كۆڕى

زانیاری کورد، بەغدا،1977، ل152

200. هەمان سەرچاوە ، ل 254

201. هەمان سەرچاوە ، ل 115

202. صادق بهالدين ئامێدی ،ديوانی مەلای جەزيری، ، ل 117

203. هەمان سەرچاوە ، ل 225

204. هەمان سەرچاوە ،ل 237

205. هەمان سەرچاوە ، ل 383

206. د. يوسف اسكندر ، السيمياء : مدخل فيلولوجى ، ص 26 .

207. فرانسواز ارمينكو، المقاربة التداولية، ترجمة، سعيد علوش، مركز الانماء القومى، بيروت،1987، ص15

208. ALEXEI SHAROR : WHATIS BIOSEMIOTICS ? ( WWW.GYPSMOTH . ENTO.VT.EDU / SHAROV / BIOSEM / GENINFO. HTML) . -

209. TIM MURPH : ELEMENTS OF SEMIOTIC THEORY OF RELIGION LEIDEN : 2003 . P 48 .

210. د. حنون مبارك ، دروس في السيميائيات، ص71

211. احمد مؤمن، اللسانيات النشأة والتطور2002 ، ص132

212. محمد إقبال عروى ، مجلة عالم الفكر ، العدد (3) ، مجلد (24)، كويت ، 1996 ، ص 191 .

213. GREENLEE : D : PEIRES CONCEPT OF SIGN ، MOUTON ، 1973 ، P.16 -

214. COLLECTED PAPRES . HARVARD UNIVERSITY PRESS ، 1931 . P 251 .

215. CHARLES PERCES . LETTERS TO LADY WELBY – ED PARLRW . LIED . 1953 P. 32 .

216. عبدالرحمن بدوى، منطق ارستو، ص100

217. عبدالقادر قصاصى ، السيمائيات المنطق ، مجلة أيقونات ، عدد الثانى، ص 28
218. – C.S.PERCE : ECRITS SUR LE SIGNE ،ED SEUIL . 1978 . P 120
219. هوارى حمادى، سيميائيات المنطق اليونانى،ل 17 .
220.UMBERTO ECO : KANT ET LORNITHORINQUE ، ED GRASSET ، 1997 ، P 70 . -
221. SANDOR HARVY : SEMIOTIC PORSPECTIVES ، GEORGE ALLEN ، LONDON ، 1982 ، P5
222. ان اينو و الاخـرون، السيميائية ، ألاصـول والقواعدو التاريخ ، ترجمة:رشيد بن المالك ، ص21
223. برنارد توسان ، ماهي السيميوجيا،ترجمة:محمد نظيف، دار افريقا الشرق،2000، ص50
224. فردیناد دی سوسور ، دورة زبانشناسی عمومی ، ترجمه : کورش صفوی ، ص 23 .
225. هەمان سەرچاوە، ل24
226. هەمان سەرچاوە،ل24
227. مهيار علوى مقدم، نظرية هاى نقد ادبي معاصر ، انتشارات ارمان مطالعة وتدوين كتب علوم انساني دانشگاه، تهران ، 1377 ، ص 183 .
228. پيير گيرو ، نشانه شناسى ، ص 157 .
229. فاطمة الطبال بركة ، النظرية الالسنية عند رومان ياكوبسن ، المؤسسة الجامعة للدراسة والنشر والتوزيع ، بيروت ، 1993 ، ص 149 .
230.SANDOR HARVY : SEMIOTIC PORSPECTIVES ، GEORGE ALLEN ، LONDON ، 1982 ، P5
231. بيير جيرو ، الاسلوب والاسلوبية، ترجمة: منذر عياشى، مركز الانماء القومى،لبنان،1985،ص 39

232. ژان ایو تادیه ، نقد الادبی در قرن بیستم ، ترجمة : مهشید نونهالی ، انتشارات نیلوفر ، تهران ، 1378 ، ص 242 .

233. هەمان سەرچاوە،ل242

234. ژان ایو تادیه ، نقد الادبی در قرن بیستم ، ص245

235. عبدالقادر فهیم الشیبانی، فلسفة الاشكال الرمزیة (WWW. PHILADELPHIA.EDU.JO/PHILADREVIEW/ISSUE5/.../15. (PD

236. عبدالواحدالمرابط، سیمیاء العامة و سیمیاء الادب،ص7

237. د. جمیل حمداوی ، بناء المعنی السیمیائی في النصوص و الخطابات ، ص 10.

238. PIERCE، ECRITS SUR LESIGNE ، SEUIL ، PARIS ، 1978 ، P 120 .-

239. د. جمیل حـمـداوی ، بناء المعنی السیمیائی في النصوص و الخطابات،ص11

240. عبدالواحد المرابط، السیمیاء العامة، وسیمیاء الادب ، ص79

241. هەمان سەرچاوە،ل80

242. CHARLES SENDERS PEIRCE : ECRITS SUR LE SIGNE(OP.CITE،P68

243. هەمان سەرچاوە، ل23

244. -CHARLES SENDERS PEIRCE : ECRITS SUR LE SIGNE(OP.CITE،P52

245. هەمان سەرچاوە، ل100

246. هەمان سەرچاوە،ل52

247. حمید لحمدانی، القراءة و بناء الدلالة، المركز الثقافی العربی، الدار البیضاء ،ط1،2003،ص169

248. د.جمیل حمداوی، بناء المعنی ،ص7

249. CH.S.PIRCE :ECRITS LE SIGNE .P.120

250. هەمان سەرچاوە،ل12

251. عبدالواحد المرابط، سيمياء العامة و سيمياء الادب، ص81

252. بولى كوبلى ، ليتسا جانز ، اقدم لك علم العلامات ، ص 15 .

253. F.D. SAUSSURE ، COURS DE LINGUISTIQUE GENERALE ، PAYOT ، PARIS ، P 33

254. د.جميل حـمـداوى، بناء المعنى السيميائى فى النصوص و الخطابات،ص14

255. F.DE SAUSSURE COURS DE LINGUISTIQUE GENERALE (OP.CITE.P 32

256. هەمان سەرچاوە،ل35

257. هەمان سەرچاوە،ل35

258. JEANNE MARTINET،CLEFS POUR LA SEMIOLOGIE COP.CITE P.15

259. عواد على ، معرفة الاخر ، مدخل الى المناهع النقدية الحديثة ، ص 85 .

260. عواد على ، معرفة الاخر ، مدخل الى المناهج النقدية الحديثة، ص 85 .

261. د. د. حنون مبارك ، دروس في السيمائيات ، ص 74 .

262. د.جميل حـمـداوى، بناء المعنى السيميائى فى النصوص و الخطابات،ص15

263. عواد على ، معرفة الاخر ، مدخل الى المناهج النقدية الحديثة ، ص 92 .

264. عواد على ، معرفة الاخر ، مدخل الى المناهج النقدية الحديثة، ص92

265. هەمان سەرچاوە،ل96

266. عبدالواحد المرابط، السيمياء العامة و سيمياء الادب ، ص71

267. هەمان سەرچاوە

268. ROLAND BORTHES: ELEMENTS DE SEMIOLOGIE (COMMUNICATION.N4)1964 REPRIS DANS R.BARTHES:I AVENTURE SEMIOLOGIQUE OP. CITE)P9

269. هەمان سەرچاوە،ل36

270. هەمان سەرچاوە،ل39

271. هەمان سەرچاوە،ل41

272. پێشو، ص56

273. پێشو، ص77

274. ئارنست کاسیرر 1874 1945- فەیلەسوف ومێژونوسی فەلسەفی، سەر بە قوتابخانەی (ماربورج)ی فەلسەفەی کانتی نوێ.

275. د. حنان مبارك ، دروس في السيميائيات ، ص 74 .

276. د.جميل حمداوی، بناء المعنى السيميائی فی النصوص و الخطابات،ص16

277. هەمان سەرچاوە،ل17

278. هەمان سەرچاوە،ل17

279. هەمان سەرچاوە، ل17

280. هەمان سەرچاوە، ل17

281. د.جميل حمداوی، بناء المعنى السيميائی فی النصوص و الخطابات،ص18

282. توماشفسکی، ترجمة : ابراهيم الخطيب ، الشكلانيون الروس ، نظرية المنهج الشكلي ، شركة المغربيه للناشرين المتحدين ، الرباط ، ط 1 ، 1983 ، ص 9.

283. د.جميل حمداوی، بناء المعنى السيميائی فی النصوص و الخطابات،ص18

284. د.جميل حمداوی، بناء المعنى السيميائی فی النصوص و

الخطابات،ص19

285. هەمان سەرچاوە،ل18

286. هەمان سەرچاوە،ل19

287. هەمان سەرچاوە،ل20

288. د. سيزا قاسم ، السيميوطيقا :حول بعض المفاهيم الابعاد ، مدخل الى السيموطيقا، منشورات عيون، المقالات، الدار البيضاء، المغرب، ص 40 .

289. د.جميل حمداوى، بناء المعنى السيميائى فى النصوص و الخطابات،ص20

290. (ROSSI LANDI) 1921-1985زانای سیمیۆلۆژی و فەلسەفەی زمان و ئابوری و سیاسی وئەنسرۆپۆلۆژی روسی

291. د. حنون مبارك ، دروس في السيميائيات ، ص 86 .

292. د.جميل حمداوى، بناء المعنى السيميائى فى النصوص و الخطابات،ص21

293. د. حنون مبارك ،دروس في السيميائيات ، ص 89

294. هەمان سەرچاوە،ل91

295. - د.جميل حمداوى، بناء المعنى السيميائى فى النصوص و الخطابات،ص21

296. مارسيلو داسكال ، الاتجاهات السيميولوجية المعاصرة، ص17

297. LE PETIT REBERT . PARIS 1976 . P 1633 .

298. محمد عزام ، النقد والدلالة ، ص 40

299. SCHOLES : SEMIOTICS . P 39 .

300. محمد عزام ، النقد والدلالة ، ص 42

301. هەمان سەرچاوە، ل31

302. هەمان سەرچاوە، ل32

303. هەمان سەرچاوە، ل33

304. محمد عزام ، النقد والدلالة ، ص 33

دمشق، عدد(2)، 2002
328. محمد عزام ، النقد والدلالة ، ص 16 .
329. جورج مونان ، مقدمة للسيميولوجيا ، باريس،1970 ، ص 196 .
330. محمد عزام ، النقد والدلالة ، ص 17 .
331. غريب اسكندر ، الاتجاه السميائى فى النقد الشعر العربى، المجلس تلاعلى للثقافة،2002،ص 15 .
332. محمد عزام، النقد و الدلالة، ص 114
333. امبرتو ايكو ، نظرية في السيميوطيقا ، لندن ، 1971 ، ص 13 .
334. محمد عزام ، النقد والدلالة ، ص 17 .
335. امبرتو ايكو ، البنيه الغائبة ، باريس ، 1972 ، ص 13

.305 هەمان سەرچاوە، ل34

306. LOUIS HJELMLEV.PROLEGOMENES A UNE THEARIE DU LANGAGE (OP.CITE.P146

.307 هەمان سەرچاوە، ل140

.308 هەمان سەرچاوە، ل145

309. LOUIS HJELMLEV.PROLEGOMENES A UNE THEARIE DU LANGAGE (OP.CITE.P155

.310 محمد عزام ، النقد والدلالة ، ص 34

.311 هەمان سەرچاوە، ل35

.312 هەمان سەرچاوە

.313 محمد عزام ، النقد والدلالة ، ص 59

.314 محمد عزام ، النقد و الدلالة ، ص 59 .

.315 هەمان سەرچاوە، ل61

.316 محمد عزام ، النقد والدلالة ، ص 62

.317 هەمان سەرچاوە،ل62

.318 هەمان سەرچاوە، ل63

.319 هەمان سەرچاوە، ل64

.320 محمد عزام ، النقد و الدلالة ، ص 70 .

.321 هەمان سەرچاوە،ل70

.322 هەمان سەرچاوە،ل70

.323 محمد عزام ، النقد والدلالة ، ص 71

.324 بارتون جونسون، دراسة يورى لوتمان البنيوية للشعر،ترجمة: سيد البحراوى،مجلة الفكر العربى، بيروت ،عدد(25)،ص 141.

.325 محمد عزام ، النقد والدلالة ، ص 72

.326 رولان بارت ،مبادي السيميولوجيا ، باريس ، 1962 ، ص 196 .

.327 د. وائل بركات، السيميولوجيا بقراءة رولان بارت، مجلة جامعة

# بەشی دووەم

# چەشنەکانی نیشانە
# لەشیعری شاعیراندا

-پێناسەی نیشانە

-نیشانە لای هەریەکە لە(پێرس، سۆسێر،ئۆگدن و ریچاردز،مۆریس)

-لێکەوتەکانی بابەت:

1-ئایکۆن

قۆناغی یەکەم: 1950 - 1958 قۆناغی دووەم: 1958-1961

قۆناغی سێیەم: 1961-1970 قۆناغی چوارەم: 1970-1975

2- ئیندێکس

قۆناغی یەکەم: 1950 - 1958 قۆناغی دووەم: 1958-1961

قۆناغی سێیەم: 1961-1970 قۆناغی چوارەم: 1970-1975

3-هێما

قۆناغی یەکەم: 1950 - 1958 قۆناغی دووەم: 1958-1961

قۆناغی سێیەم: 1961-1970 قۆناغی چوارەم: 1970-1975

**چەشنەکانی نیشانەلەشیعری شاعیراندا**

**پێناسەی نیشانە:**

مەسەلەی نیشانە، بە مەسەلەیەکی گرنگی دۆزە فەلسەفییەکان دادەنرێت، کە عەقڵی مرۆڤ پێشنیازی کردوە، جگەلەمەش نیشانە پێگەیەکی بەهێزی لە بیری نوێدا هەیە، چونکە لەخودی خۆیدا هەڵگری بیرەکانە، لەم روانگەوە نیشانە کارکردن، یان لێکۆڵینەوەیە لە هەڵگری ئەم بیرانەو دەرخستنی ئاست و رۆڵی بیرەکان لە جۆرەکانی نیشانەدا، بەمەش نیشانە دەبێتە بنەمایەك، لە بنەما سەرەکییەکانی دروستکردنی ماناو مەدلولی جیاواز لە دەقی شیعریی، بەگشتی و رۆشنبیری هاوچەرخ بەتایبەتی، لەم بارەوە بولی کوبلی و لیتسا جانز دەڵێن»لەسەرتە لە زانستی نیشانە بگەیت، بۆئەوەی لە رۆشنبیری هاوچەرخ بگەیت»1 کەواتە نیشانە لە رۆشنبیری هاوچەرخدا کلیلی تێگەیشتنی بابەتەکانە.

د. جابر عصفور دەڵێت»نیشانە ئاماژەو دەلالـەت بە شتێك دەکات، بەدەرلەوەی قسەکەر بەکاریدەهێنێت، جگەلەمەش نیشانە نە دالەو نە مەدلول، بەڵکو بونیاتەکەیانە، واتە ئەوەی هەڵدەستێت بەو پەیوەندی نێوان دال و مەدلول، لەگەڵ پەیوەندی نێوان خەڵکی و شتەکانی جیهان»2

نیشانە بەشێوە سادەکەی بریتییە لەوەی کە شتێك دەگەیەنێت، یان ئاماژە بۆ شتێك دەکات، ژولیا کریستیڤا دەڵێت» نیشانە ئەڵتەرناتیڤێکی بنچینەیی شتەو بە ئامادەبوونی نیشانەش، بێبایەخی ناکات و بەئامادە بوونیشی دەوڵەمەند دەبێت» 3هەرچی بابەتیشە بریتییە لەوەی، کە نیشانە نوێنەرایەتی دەکات، لەگەڵ ئەوەی تا ئاستێکی زۆر ئاڵۆزە، چونکە لەوانەیە بابەتێکی راستەوخۆ بێت، بابەتێك وەك ئەوەی نیشانە دەیخاتەروو، یان بابەتێکی دینامی بێت، چونکە بابەت سەربەخۆیە لە نیشانەو هۆکارە بۆ بەرهەمهێنانی نیشانە، بۆیە نیشانە» شتێکەو لە بۆنەیەکی تایبەتدا وەك شتێکی تایبەت، دەبێتە نیشانەو ئاماژەپێدەری شتێکی ترو گوتاری بۆ کەسێکە، واتە لە بیری ئەو کەسەدا نیشانە یەکسان و کامڵتر دروستدەبێت»4

چارلس مۆریس دەڵێت:»هەموو زانستێك نیشانە بەکاردەهێنێت و لەڕێگەی ئەم نیشانانەشەوە ئەنجامەکەی دەخاتەڕوو«5، کەواتە گەیشتنە ئەنجامی هەر زانستێك پەیوەستە بەنیشانەکانەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، تێگەیشتن لە زانستی نیشانە، هۆکاری گەیشتنە لە زانستی سەردەم، کەواتە واتا بێلایەن نییە لەشتەکەی، واتە هەر نیشانەیەك لەڕێگەی نیشانەکانی ترەوە دەزانرێت، بۆیە پێرس دەڵێت» واتای نیشانە نیشانەیەکی ترە، یان بەواتایەکی سادەتر واتای نیشانە ئامادە نییە«6 کەواتە هەردەقێك یان نیشانەو کۆدەکانی یەك مانا، یان چەند مانایی لەخۆدەگرێت، چونکە هەریەکە لەمانە خاوەن دەلالەتی مانایی جیاوازن و رامان لە هەرمانایەك بەرەو مانای ترمان رادەکێشێت، لەبەرامبەردا چارلس مۆریس پێیوایە»شت نابێتە نیشانە، ئەگەر لێکنەدرێتەوە، بەو پێیەی لای لێکدەرەوە نیشانەیە لەسەر شتێك «7، کەواتە نیشانە بەندە بەپێش خۆیەوە، بۆیە بەپێی ڕوانینە جیاوازەکان پۆلێندەکرێت» پۆلێنی نیشانە پشت بەپێوەری مادی خودی نیشانەکان دەبەستێت، نیشانە بەشێك لەکانگاکەی بەکاردەهێنێت بەو پێیەی داله، لەهەمانکاتیشدا ئیکۆ ئاماژە بە چەند ناوەڕۆکی یەك مەدلول دەکات«8، بۆیە «نیشانە ئاماژە بە خودی شتەکان ناکات، بەڵکو دەلالەت لە چەمکەکان دەکات، ئەم چەمکانەش لە پایەکانی بیرە نەك پایەی واقیع» 9

«وشەکان( وەك نیشانەو رەمز) لە بووندا دوو وێنەیان هەیە، بوونێکی بەهێزو بوونێکی کارەکی، هەموو وشەیەکیش ببیسترێت، یان دەرببڕرێت، لەجێکەوتەکەیدا کۆمەڵێك کاریگەری لەسەر بیری قسەکەرو گوێگر بەجێدەهێڵێت، هەر لەکاریگەری دەنگ، جوڵەی ئەندامانی ئاخاوتن»10جگەلەمەش «بەگشتی تا ئاستێکی دیاریکراو وشەکان خاوەن واتایەکی ناوەندی جێگیرن، بەڵام کۆنتێکستەکان دەتوانن نزیکایەتیەکانمان بۆ دیاریبکەن، یان کۆنتێکستەکان هاوکاریماندەکەن بۆ هەستکردن بە گۆڕینەوەی مانا بابەتی و سۆزی و هەڵچوونییەکان»11لەراستیدا وشە لەدەقدا بەتایبەتی لەدەقی شیعرییدا، چەند مەدلولی وەردەگرێت و بەپێی کۆنتێکستەکەی، مەدلولەکان دیاریدەکرێن، نەك خودی وشەکەی.

ئەو نیشانە جۆربەجۆرانەی، کە لە لۆژیك و لێکەوتەی بابەتدا رووبەروویان دەبینەوە، بریتین لە( ئایکۆن، ئیندێکس، هێما)، ئەم جۆرە نیشانانە زانیاری جۆراوجۆر لە بارەی پەیوەندی نێوان نیشانەو بابەت دەخەنەروو، بۆیە نیشانە هەندێك جار وەك ئایکون و هەندی جاریش وەك ئیندێکس، هەندجاریش وەك هێما سەیردەکرێت، ئەمەش بەپێی ئەو حاڵەتە، یان ڕۆڵەی کەنیشانەکە دەیگیڕێت، یان ئەو بەکارهێنانەی کە دەلالەتەکە پێیدەبەخشێت، کەواتە دەتوانرێت وێنەیەك، یان وشەیەك بەپێی رۆڵا و بەکارهێنانی ئەم رۆڵانە ببینێت.

«نیشانە لەوەدا کورتدەکرێتەوە، کە شتێکە دەخرێتە شوێن شتیکی دیکە، بەڵام وروژێنەرەکە تەعویزی ئەو شتەناکات و جێگەشی ناگرێتەوە، بەڵکو بەشێوەیەکی راستەوخۆ ئەو شتە دەوروژێنێت»12،هەروەها نیشانە لە سیمیۆلۆژیادا شتێکە ئاماژە بە شتێکی دی دەکات، یان ئەڵتەرناتیڤی شتێك، یان بیرێکە، بەوەی وا دەکات بە ئاسانی لەو شتە بگەین، یان شتێکە لەگەڵ ئەوەی یەکسانە بە شتێکی دی، لە هەمانکاتدا جیاوازە لێی، فیصل احمر دەڵێت» نیشانەی سیمیۆتیکی یەکەیەکە کۆدە جیاوازەکانی لێدروستدەکرێت، دواتر ئەم نیشانانە لەگەڵ ئەوانی تردا رێکدەخرێن، لەپێناو بنیادنان و پێکهێنانی دەقدا»13

«ئـەوەی وشەکان دەریـدەبڕن، بریتییە لەنیشانەکان و ئەو پیتانەی کەئەلفبێی پێدروستدەکرێت، دووبـارە بریتین لەنیشانەکان»14 دەکرێ وشەکان ببنە نیشانە، چونکە لەخودی خۆیاندا هەڵگری مەدلولن، بەڵام پیتەکان لەسەردەمی کۆندا وەك نیشانە بەکارهێنراون، بەڵام لەڕێنوسی نوێدا وشەکان نیشانەکان لەخۆدەگرن، بەڵام خاڵبەندی دەتوانێت رۆڵی نیشانە لەخۆبگرێت، چونکە هەڵگری مەدلولی جیاوازە. ڕۆلان بارت دەڵێت»ئەلفبێ،ناسێنەری وشەکان نییە، بەڵکو ناونەری بڕگەکانە، یاخود بەشێوەیەکی دیکە وشەکان لە قسەکردندا، گەشەو چالاکی پەیدادەکەن، نەك ئەو واتایەی کە وشەکان لە وشەدانەکاندا لەخۆیانگرتوە، بۆیە سەیری ڕەسەنترین بنچینەی ئەمانە دەکەم»(15)

نیشانە بەپێی میتۆدو بۆچوونە جیاوازەکان لەدالو مەدلول، یاخود دالو مەدلول و دەلالەت، یان دالو مەدلول و کانگا پێکهاتووە، لەگەڵ ئەمەشدا گرنگی هەریەکە لەمانە لەناو نیشانەدا دەردەکەوێت و ڕادەی پێکهێنانی نیشانە لەرێگەی هەریەکە لەمانەوە دەبێت، جگەلەمەش لە دیاریکردنی ئاستی مانادا، رۆڵێکی گرنگ دەگێرن، جگە لەمەش بەڵگە و بەڵگێنراو، یاخود ئەو شتەی بووتە بەڵگە، واتە «شت» لەگەڵ ئەوەی ئەو واتاو مەبەستەی، کە بەڵگەکە تایبەت دەکات بەو واتا مەبەستدارەوە(واتای بارکراو) گرنگی لەناو دەقدا هەیە، بەهۆی ئەمەوە گرنگیو بایەخی نیشانە لەناو دەقدا دەردەکەوێت.

دەکرێ نیشانە بەهۆی روانینێك، یان ئاماژەیەکەوە پەیامەکەی بگات، بەبێ ئـەوەی پێویستی بە وشە هەبێت، بەواتا ئاماژە جۆربەجۆرەکان هەریەکەیان نیشانەن و واتای جیاواز لەخۆدەگرن.

«بیرمەندانی پێشتر ئاگاداری ئەوەبوون، کە دەشێت نیشانە یەك مەدلولی هەبێت، یان فرە مەدلول بێت، واتە یەك وشە رەنگە چەندین دەلالەتی لە چەندین شتی جیاوازدا هەبێت، لێرەشەوە گەیشتنە ئەم پۆلێنە:

1- نیشانە تاك ماناییەکان: ئەو نیشانانەن تەنها یەك مانا» مەدلول»ێکمان دەدەنێ، وەك نیشانە ئەندازەییەکان(جەبریە).

2- نیشانە ناڕوونەکان: ئەو نیشانانەن، دەشێت چەندین مەدلولیان هەبێت، کە هەموویان مەدلولی بنچینەیین، کە تیایدا نیشانەیەك چەند مەدلولێکی دەبێت.

3- نیشانە فرە ماناکان: ئەو نیشانانەن کە لە ئاماژەکانیان، یان لە بنەما رەوانبێژیەکانیانەوە فرەیی وەردەگرن( واتە مەدلولێکی تری دەبێت، کە پشت بە مەدلولی یەکەم و پێشتری دەبەستێت)، وەك لە خوازەدا هەیە، بە تایبەتی لەو وشانەدا کە دوو مانایان هەیە.

4- نیشانە فراوانەکان: نیشانە هێماییەکانیشی پێدەڵێن و پەیوەندیەکی ناڕوونیان لەگەڵ زنجیرەیەك مەدلولدا هەیە»16، بۆیە ئەم جۆرەیان

بەدرێژایی مێژووی بیر بە ناڕوونی و نەچەسپاوی دیاریکراون، بۆیە بە ئاسانی ناناسرێنەوە، بەدەر لەم پۆلێنبەندیەی نیشانە بۆ مانا، نیشانە بە پێی میتۆدە سیمیۆلۆژییەکان دابەشدەکرێت و هەریەکەشیان بەپێی میتۆدی خۆی و مەبەستی میتۆدەکەی رۆڵدەگێڕێت، وەك لەم خشتەیەدا خراوەتەروو:




هەریەکە لەم نیشانانەش ئاراستەی دروستبوون و لێکدانەوەیان هەیەو بەپێی بنەماکانیان کاردەکەن، بۆیە گەر لەئاراستەی لێکدانەوەوە سەیری بکەین، لە لوتکەوە بۆ خوارەوەیەو لەرووی پێکهاتنیشەوە بەپێچەوانەوە لەخوارەوە بۆ سەرەوە دەبێت، وەك لەم هێڵکاریەدا خراوەتەروو:



**نیشانەی ئەدەبی لەسەر دوو گریمانە وەستاوە:**

یەکەم: ئـەوەی ئاماژەی بۆ دەکـات و بووەتە سیفەتێك بۆی و وەك رەنگدانەوەیەکە بۆ گوزارشتێکی تاکی لەرێگەی دالەوە، بۆئەوەی بەشێوەیەکی تەواو بگاتە خوێنەر.

دووەم: لایەنی بەرامبەرە، بەو پێیەی سروشتی دال کۆمەڵێك هێمایەو چواردەوری گومانەکانی خوێنەر دەدات، کە لێکدانەوەی جیاوازی بۆ هەیەو ناتوانرێت پێشبینی بکرێت.

«نیشانە لەپێناو گواستنەوەی زانیاری، یان وتنی شتێك بەکاردەهێنرێت، یان ئاماژەکردن بۆ شتێك، کە کەسێك دەیزانێت و دەیەوێت کەسێکی دیکە ئەم زانیاریە بزانێت، یان بەشداری تێدابکات، ئەمەش بەشێکە لەڕێڕەوەی پەیوەندیکردن(سەرچاوە، کەناڵ، نێرەر، وەرگر»17

«وێنەی زەینی نـیـشـانـە(INTERPRENTANT) زۆربــەی کـات وا سەیریدەکرێت، کە نیشانەیەکە لەبیردا، و لەئەنجامی بەیەکگەیشتنی زەین و نیشانە بەرهەمدێت. ئەم خاڵەش سەرەتایەکی نوێیە، لەگەڵ ئەوەی زۆر جێی تێڕامانە کە وێنەی زەینی نیشانە بەجۆرێك لە(ئەنجام) راستی دابنێین، بۆ نموونە دەتوانم ئاماژە بۆ ئاسمان بکەم لەبری ئەوەی دەلالەتی ئاسمان بنوسم، تۆ لە ئاراستەی پەنجەتەوە سەیردەکەیت، کە ئاماژەی پێدەکەیت، لەئاکامدا وێنەی زەینی نیشانە بەرهەمدێت، بۆنموونە ئازاد بە پیانۆ ئاوازێك بۆ ژنێك لێدەدات، ژنەکەش لەمانای ئاوازەکەی پرسی،ئازاد هیچی نەوت و بۆئەوەی وەڵامی بداتەوە چووەوە سەر پیانۆکەو جارێکی تریش ئاوازەکەی ژەنییەوە، هەستکردنێکی پەتی بە مۆسیقا بریتی بوو لە ماناکەی.18




## 1- نیشانە لای پێرس

نیشانە لای پێرس، پێکهاتەیەکی سیانییەو کۆی ئەم پێکهاتە سیانییەش گرنگی و ڕۆڵی نیشانە دەردەخات، پێرس سەبارەت بە نیشانە دەڵێت» نیشانە بریتییە لەو شتەی، بەهەر شێواز و ڕێگەیەك بێت، شتێك بۆ مرۆڤ تەعویز دەکاتەوە، چونکە لەلای پێرس نیشانەی هاوسەنگ، یان زۆر پێشکەوتوو دروستدەبێت، ئەو نیشانەش ناو دەنێت لێکدراوە بۆ نیشانەی یەکەم، ئەم نیشانەش جێگەی شتێکی دیکە دەگرێتەوە کە بابەتەکەیەتی»19

کەواتە نیشانە لای پێرس، بریتییە لەشتێك کەلەسەر شتێکی دی وەستاوە کەدەرکی پێدەکات، یان گوزارشتی لێدەکات، واتە لەعەقڵی کەسێکدا نیشانەیەکی هاوسەنگ، یان نیشانەیەکی پێشکەوتوو دروستدەبێت،»ئەم نیشانەش کە دروستیدەکات پێیدەڵێن لێکدراوە(گوزارشت(INTERPRETANT) بۆ نیشانەی یەکەم، نیشانە لەشتێکەوە سەرچاوە دەگرێ، کە بابەتەکەیە(OBJECT)، لەگەڵ ئەمەشدا ئەم سەرچاوە گرتنە لەهەموو لایەنەکانەوە نییە، بەڵکو گەڕانەوەیە بۆ بیرێك کەناوی ناوە بناغە»(GROND

) و لەپێناسەکەیدا جەختی لەسەر چەمکە فەلسەفیەکانی هەریەك لەئەرستۆ و کانت کردوە20، بەمەش نیشانە لای پێرس ئەوەیە وا لەشتێك دەکات شتێکی تر لەزەینیی مرۆڤدا بنوێنێت، بەهۆی بوونی پەیوەندیەك، یان لێکچوونێك، یان تایبەتمەندیەك، لەبەرئەمە نیشانە لای پێرس چەند پەیوەندیەکی لەگەڵ ئەو بابەتەی کەپێوەی گرێدەدرێتەوە هەیە، لەبەرئەمەش سێ چەشنی نیشانە ئایکون(ICON)، ئیندێکس(INDEX)، و سیمبوڵا(SYMBOL)دا دیاریدەکات و جیاوازی لەنێواندا دەکات.

لەم بارەوە ئیکۆ دەڵێت»پۆلێنەکانی پێرس لەرووی وردیو گشتگیرییەوە باشترین پۆلێنن، چونکە بە پێشکەشکردنی پۆلێنی گشتی و کوتایی نیشانەکان رازی نابێت، بەڵکو لەهەمانکاتدا ئاماژە بەبوونی زنجیرەیەك لەدانراوەکان لەنێوان نیشانە جیاوازەکاندا دەکات»21. نیشانە لای پێرس بەسەر نۆ بەشدا دابەشدەبێت، کەبریتییە لەبەرهەمی دابەشکردنی سیانی و لەسێ روانگەوە دەستپێدەکات(نیشانە لەخودی خۆیدا، نیشانە لەپەیوەندیان لەگەڵ بابەتەکەیان، نیشانە لەپەیوەندیدا بە لێکدراوەوە) نۆبەشەکەش هەریەکەیان لە سێ لق پێکهاتون و بریتییە لە :

1- رەهەندی نیشانە: لە سێ چەشن پێکدێت، کە بریتییە لە چەشنی نیشانە، مەبەست لە جۆریەتی پەویوەندییە کە نیشانە لەگەڵ لایەنەکانی تری نیشانەی سیانیدا دروستیدەکات وەك:

ا- پەیوەندی نیشانە بە نیشانەوە : بە وتەی پێرس نیشانە لە خودی خۆیدا(SIGN IN ITSELF) کە بریتییە لە نیشانەی چۆنییەتی(QUALISIGNE یان TON) کارەکە بە چۆنییەتییەکەوە پەیوەستەو وەك نیشانە کاردەکات، و سروشتێکی دالی هەیە وەك نەبرەی دەنگ، ڕەنگی قوماش و جل، یاخود بە وتەی جیرار دولودال گوزارشتی پەتییە لە یەکەمین.22

ب- نیشانەو پەیوەندی لەگەڵ بابەت: کە بریتییە لە نیشانەی تاکی SINSIGN یان TOKE لەگەڵ ئەوەی(SIN) لەلاتینیدا نوێنەرایەتی(SINEL)

دەكات، شتێك یان ڕووداوێك چێژ لە بوونی ڕاستەقینەی خۆی وەردەگرێت و وەك نیشانە كاردەكات 23، بۆیە ڕووداو یان بابەتێكی تاكییەو لەوەوە ڕوودەدات، وەك نەخۆشی، وێنەی فۆتۆگرافی، ئەو وتانەی لە بۆنەكاندا بەكاردێن، بۆیە گوزارشتی پەتییە لە دووەمین.

ج- نیشانەو پەیوەندی لەگەڵ لێكدراوەوە: لەم پەیوەندییەوە نیشانەی یاسایی بەرهەمدێت(LOGIC- SINGE) بریتییە لەنموونەیەكی پەتی نیشانەی جۆری(یاسا بریتییە لەنیشانە)، وشە بەپێی بەها دەلالیەكەی لە یاساكاندا پێناسەبكرێت، ئێمە لەرێگەی كۆپییەوە چەندین وشە دەناسین، لەگەڵ ئەوەی كۆپییەكە ناتوانێت ببێتە دال، ئەگەر یاسایەك دەلالەتی پێنەبەخشێت، ئەم جۆرە ئەوەی دەیگەیەنێت نایهێنێتەدی، بەواتا لەڕێگەی ڕێكەوتنەوە واتاكە دەبەخشێت، وەك وشەی زمانی سروشتی، هێمای بیركاری و كیمیائی، نیشانەكانی هاتوچۆ، كە گوزارشتی پەتییە لە سێیەمین24.

2-ڕەهەندی بابەت: بریتییە لە پەیوەندی بابەت لەگەڵ لاكانی نیشانەكانی تر، بەمەش سێ چەشنی لێدەكەوێتەوە، كە لای پێرس خۆیان لە( ئایكۆن، ئیندێكس، هێما) دەبیننەوە.

ا- بابەت و پەیوەندی بە نیشانەوە: كە خۆی لە ئایكۆندا نیشاندەدات، ئایكۆن»نیشانەیەكە دەلالەت لە بابەتەكەی دەكات، وەك ئەوەی وێنەی بكێشێت، یان لاساییبكاتەوە، بەڵام مەرجە لەهەندێك خاسیەتدا لەگەڵ یدا هاوبەش بێت «25 لەبەرئەوە ئایكۆن» كارنامەی وەك نیشانە وەلادەنرێت، ئەگەر بابەتەكەی وەلابنرێت، جگەلەمەش لێكچون لەبوونێكی واقیعیدا كورتناكرێتەوە، بەڵكو ئەمە تێدەپەڕێنێت بۆ بابەتی خەیاڵ لە ڕەسم و شانۆ و سینەما....تاد دەگرێتەوە»26

ب-پەیوەندی بابەت بە بابەتەوە: كە خۆی لە ئەندێكسدا دەبینێتەوە، بەوەی ئاماژە بە بابەتێك دەكات، كە دیاریدەكات، یان دەریدەخات، چونكە

لەراستیدا کاریگەرە بە خودی ئەو بابەتەوە، واتە بابەتەکە هۆکارە بۆ دروست بوونی ئەم پەیوەندییە.

ج- پەیوەندی بابەت بە لـێـکـدراوەوە: ئەمەش خـۆی لە هێمادا دەردەخات،چونکە هێما نیشانەیەکە ئاماژە بە بابەتێك دەکات، کە بەهۆی یاسایەکەوە ئەم نیشانە دەردەخات، هەر بەهۆی ئەمەشەوە لێکدانەوەی هێماکە بابەتەکەی دیاریدەکات، بۆیە هێما»نیشانەیەکی یاساییە»27 بەوەی پەیوەندی لێکچونی و هاوسێیەتی لەنێوان هێماو بابەتدا نییە

3- رەهەندی لێکدراوە: ئەمەش خۆی لە چەند چەشنێکدا دەردەخات:

ا-پەیوەندی لێکدراوە بە نیشانەوە: ئەم پەیوەندییەش تایبەتە بە چەمك، یان وێناکردنەوە(المفردە)(RHEMA)، وێنا نیشانەیەکە سەبارەت بە لێکدراوەکەی، بەوەی هەستی پێدەکرێت و لە توانای چۆنییەتیدایە، واتە هەواڵێك هەواڵی بارودۆخێکی لێهەڵدەهێنجرێت. 28




ب- پەیوەندی لێکدراوە بە بابەتەوە: پەیوەستە بە وتەی(DICENT)

لەگەڵ ئەوەی(DICENT) بەکرداری پەیوەستە بە وتەی تەواوەوە، نەك كەم و کورت، بۆیە زاراوەی پشتڕاستکردنەوە(التصدیق) بەرامبەریەتی29.

ج- پەیوەندی لیکدراوە بە لێکدراوەوە: ئەم پەیوەندیەش تایبەتە بە بەڵگەوە، بەمەش پەیوەست دەبێت بە یاساو جۆری بەڵگەكان لەناو دەقدا.

هەرچەندە چەمکی سیانی، چەمکێکە فەلسەفەی لۆژیکیی ئەرستۆیی




بنچینەكانی بۆ داناوە و زەمینەی بەشداربوونی بە پێرس بەخشی، بۆ ئیشکردن لەسەر نیشانەو دوورکەوتنەوە لە هزری دوانەیی( دال/ مەدلول)، بە واتایەکی تر سیانەیی نیشانە لای پێرس، لە سیانەیی ئەرستۆو كانتەوە سەرچاوەی گرتوە، چونکە نیشانە وەك ئەرستۆ بۆی چووە سێ جۆرە:» نیشانە لەسەر سێ لایەندا بوونی هەیە، وەك چۆن نێوەندێك لەشێوەكاندا هەیە، چونکە دەبێ یان لە شێوەی یەكەم، یان دووهەم، یاخود سێیەمدا بێت. وەك ئەوەی روونبکرێتەوە ژنێك کە پێشتر منالی بووە شیری هەیە، روونکردنەوەکە لە شێوەی یەكەمدا دەبێت، چونکە هۆكار و نێوەند لێرەدا ئەوەیە، كە ژنەکە شیری هەیە، كەواتە با «أ» دایك بێت و «ب» بوونی شیر بێت لە ژنەکەدا و «ج»یش ژنەکە بێت، حەكیمەكان چاكەیان هەیە لەبەرئەوەی «پتیکۆس» چاكەی هەیە، ئەمە لە شێوەی سێهەمدا دەبێت، كەواتە با»أ» خاوەن چاكان بێت و «ب» حەكیمەكان و «ج»یش پتیکۆس بێت، كەواتە راستەوخۆ دەبێت بوترێت( أ یان ب لەسەر»ج» ە ).30 كارلێك لە نێوان نوێنراو و بابەت و مانادا بریتییە لە «بەردەوامی مانا»31

ئەرستۆ ئـەوەی زیاتر دەرخستووە، کە بابەتی بەڵگەکان نیشانە و ئیکۆسن و هەموویان بە پێی پێوانەکاریی لۆژیکی ئیشدەکەن، بۆیە ئەوەی بۆ نیشانەیەك دەبێت، مەرج نییە لەو نموونانەی دەیانخاتە بەردەست بەسەر نیشانەیەکی تردا بەرجەستەبێت.

هەروەها لای کانتیش، عەقڵ سێ هێزی بنەڕەتی هەیەو ئەرکەکانیان بەم شێوەیە: دەرککردن، کردەی ویست، هەست.32 لە میانەی ئەم ئەرکانەوە لۆژیکی سێ ڕەهەندیی فەلسەفەکەی دیاریدەکرێت، چونکە جیهان بە جۆرێکە دەکرێت بە عەقڵ لێتێبگەین، نەك تەنها بە لایەنی هەستەکییەوە بێت، چونکە دەرککردن ڕێگەی گەیشتنە بە راستی(هەقیقەت، مەعریفە).

نیشانە لای پێرس لەو ڕوانگەوەیە سیمیۆتیکا»بریتییە لە بەرهەمهێنانی کۆنتێکستی فەلسەفی، کەپەیوەندێکی بەبیرکاری‌و لۆژیکەوە هەیە، بابەتی نیشانە چەند لقی و لایەنییە، بۆیە نیشانە بریتییە لە(دال،هۆکاری بابەت، لێکدراوە/ گوزارشت)و هەریەکەشیان خاوەن تایبەتمەندێکی گرنگە»32

سیانەیی نیشانە لای پێرس، بەو واتایەی هەموو نیشانەیەك پەیوەستە بەسێ شتەوە، کە بریتییە لە نوێنراو( REPRESENTAMEN)34 کە بەرامبەرە بەدالی سۆسێر، کە بریتییە لەوێنەیەکی دەنگی هەستپێکراو، کە لەئەنجامی ڕێکەوتن و دەربڕینی زنجیرەیەك دەنگی‌و دورستکردنی هەمان هاوکێشە لای گوێگر دێتەئاراوە، یاخود هەندێ جار نیشانەیەکی کەمێك گەشەکردوترەو ئەو نیشانەیەی کەدروستیدەکات، ناوی ناوە لێکدراوە(INTERPRETANT) بۆ نیشانەی یەکەم 35، لێکدراوەش یەکسانە بەمەدلولی سۆسێر و بریتییە لەبنچینەو بنەمای مانا، لایەنی سێیەم لە سێگۆشەی نیشانە بریتییە لەبابەت(OBJECT) و سۆسێر گرنگی پێنەداوە، چونکە لەدابەشکردنەکانیدا لەسەر ئەرکی نیشانە بەرامبەری نەبووە، بابەت بەشێکە لەنیشانەو شتێك نییە لەشتەکانی جیهانی بوون.36

بەم پێیەش نیشانە لای پێرس» بریتییە لە شتێك کە تەعویزی شتیکی دی دەکات، بەهەر سیفەت و ڕێگەیەك بێت بۆ کەسێکی دی، ئەو نیشانەی کە

دروستیدەکات، ناوی دەنێت لێکدراوە بۆ نیشانەی یەکەم، ئەم نیشانەیەش شوێنی شتێك دەگرێتەوە، کە بابەتەکەیەتی»37 بەمەش نیشانە بریتییە لەنواندنی شتێك، چونکە بەم ڕۆڵبینینەی بۆ شتێکی دی، نیشانەیی خۆی بەدەستدەنێت.

«لێکدراوە سێیەم ڕەگەزی نێو نەسیجی سیموزە38، بریتییە لەکۆڵەکەی سەرەکی، کە ناوەندێکی ئیلزامی پێکدەهێنێت و ڕێگە بەنیشانە دەدات، بەپێی هەلومەرجێکی دیاریکراو بابەتەکەی ئاراستەبکات، بۆیە ناتوانرێت قسە لەسەر نیشانە بکرێت، تەنها لەڕێگەی بوونی لێکدراوەوە نەبێت، بەوپێیەی ڕەگەزێکە کە گواستنەوە لەلێکدراوەوە بۆ بابەت، دەکاتە کارێکی شیاو»39. نیشانە بەپێی یاسا و بنەمایەك ئاماژە بەبابەتەکەی دەکات، بوونی ئەم یاساو بنەمایەش واتە سنوردانان بۆ لەخۆوەیی حاڵەتەکە.

«لێکدەرەوە نیشانەیەکە هەڵدەستێ بەوەرگێڕانی نیشانەی یەکەم، یاخود لێکدەرەوە بریتییە لەبیرێك، کە لەزنجیرەیەك نیشانەوە لەدایکبووە»40

نیشانە «لەلایەکەوە بریتییە لەنوێنراو و پەیوەستە بەدانراوەکان، یان بابەتەکانییەوە، لەلایەکی تریشەوە بە لێکدراوەکەیەوە، ئەمەش بەڕێگەیەك وا دەکات، پەیوەندی ئەم دانراوە بەو لێکدراوەوە وەك پەیوەندی نوێنراوەوە بەدانراوەکەیەوە، واتە نوێنراو بابەتەکەی دیاریدەکاتو لەگەڵ یدا گەشە بە پەیوەندیەکی دیاریکراو دەدات، لەهەمانکاتیشدا لێکدراوە دیاریدەکاتو لەنێوان ئەمو دانراوەکەدا پەیوەندیێکی شێوە وەك یەکی دادەنێت41.

«نوێنراو بریتییە لە خۆگر، یان هەڵگری نیشانەو لەهەمانکاتدا پایەکەیەتی، زۆربەی کات خۆی لەناو تێکەڵەیەك نوێنراوانی تردا دەردەخات، کە سەر بەنیشانەی ترن لەکۆنتێکستی تردا»42.

نیشانە بریتییە لەنوێنراوێك، کە لەلایەکەوە پەیوەستە بە دانراوەکەیەوە، لەلایەکی تریشەوە پەیوەستە بە لێکدراوەکەیەوە، بەرێگەیەك وا دەکات پەیوەندی ئەم دانراوە بە لێکدراوەوە لێکچونییە، وەك پەیوەندی نوێنراو بە دانراوەوە»43 دانراو برییتە لەوەی نیشانە دەینوێنێت، ئیدی ئەو شتە واقیعی

مادی، یان بیری بێت، یان وێنای خەیاڵی بێت، یان شیاوی وێناکردن بێت، یان نەبێت، پێرس دەڵێت» بابەتی نیشانە بریتییە لەو مەعریفەی کەنیشانە فەرزی دەکات، بۆئەوەی زانیاری زیاتر بدات کەتایبەت بن بەم بابەتەوە»44

بەڵام دانراو(لێرەدا زۆر لە مەدلولی سۆسێری دەچێت)و بریتییە» لەهەموو ئەو شتانەی کەنوێنراو بۆی دەچێت، ئیدی لەتوانای هەستپێکردندا، یان وێناکردندا بێت، یان هەتا لەتوانای وێناکردنیشدا نەبێت، بۆ نموونە هەستە شاراوەکان»45 کەواتە دانراو»بریتییە لەوەی کەنوێنراو دەینوێنێتو ئەوەی کەلێکدراوە مەبەستیەتی»46.

بەڵام لێکدراوە بریتییە لەمیانگیری نێوان نوێنراو و دانراودا، وا دەکات یەکەم ئاماژەدەربێت، یان مایل بێت بۆ دووەم47 پەیوەندی لەنێوان(نوێنراو و دانراو ) ئەگەر لەسوچی نوێنراوەوە سەیرمانکرد، شیاوەو ئەگەر لەلایەنی دانــراوەوە لێمانڕوانی ئامادەبووەو ئەگەر لەڕوانگەی لێکدراوەشەوە سەیرمانکرد هەستپێکراوە48.

«نـابـێـت تێکەڵی لـەنـێـوان لـــێـــکـــدراوە(INTERPRETANT)و لێکدەرەوە(INTERPRETE)، واتە کەسی باسکەردا بکرێت، چونکە لێکدراوە مەرج نییە لەلێکدەرەوە بێت، بەڵکو بریتییە لەپەیوەندیەك کە نوێنراو لەزەینی کەسەکەدا ڕۆشنی دەکاتەوە، واتە لەبیری لێکدەرەوەدا.49

لای پێرس هەریەکە لەم چەشنانە ئاستی تایبەت بەخۆیان هەیە، بۆ نموونە(نوینراو) دوو ئاستی هەیە، کە بریتین لە هەڵگری نیشانەو پایە، هەرچی دانراوە، دابەشدەبێت بۆ دوو بابەت( بابەتی راستەوخۆ(IMMEDIATE) ئەوەیە کەنیشانە لەخودی خۆیدا بۆی دەگەڕێتەوە، لەگەڵ بابەتی دانراوی ناڕاستەوخۆ(MEDIAT) یان دینامی(DYNAMIQUE) بریتییە لە دانراوی واقیعی، کە نیشانە ئاماژەی بۆ ناکات، مەگەر بە ئاماژە نەبێت و کاری دیاریکردنیشی بەجێدەهێڵیت بۆ لێکدەرەوە(واتە کەسی باسکەر)50.

بەڵام لێکدراوە دابەشدەبێت بۆ سێ جۆر: لێکدراوەی راستەوخۆ، تەنها پەیوەست دەبێت بەنوێنراو و بابەتی دانراوی راستەوخۆوە، هەرچی

لێکدراوەی ناڕاستەوخۆشە لەسەر حسابی بابەتی ناڕاستەخۆوە(الدینامیە) وەردەگیرێت، پاشان لێکدراوەی کۆتایی( FINAL) بەتوانای تەواوە لەبارەی گواستنەوە لەنێوان ئەوەی ڕاستەوخۆو ئەوەی ناڕاستەوخۆیە جیادەبێتەوە51

بێنڤینست(BENVENISTE) ڕەخنە لە پێرس دەگرێت بەوەی، زیادەڕۆیی زۆریکردوە لەمەسەلەی نیشانەدا، بەتایبەتی لەگۆڕینی هەموو دیاردەیەکی

| **پێکهاتەی بنچینەیی چەمکی نیشانە و لقەکانی لای پێرس** | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| **نوێنراو** | | **بابەت** | | **لێکدراوە** | | |
| **هەڵگری نیشانە** | **پایەی نیشانە** | **راستەوخۆ** | **ناراستەوخۆ** | **راستەوخۆ** | **ناراستەوخۆ** | **کۆتایی** |

بوون بۆ نیشانە، بێنڤینست لە وتاری( سیمیۆلۆژیای زمان)دا سەبارەت بە نیشانەکردنی شتەکان دەڵێت «پێرس لە چەمکی نیشانەوە دەستپێدەکات، لەپێناو پێناسەکردنی هەموو ڕەگەزەکانی جیهان، ئیدی ئەم ڕەگەزانە هەستی بن، یان پەتی(مجرد)، یاخود ئەم ڕەگەزانە تاك بن، یان ڕەگەزی بەیەکدا چوو، هەروەها مرۆڤ لە ڕوانگەی پێرسەوە، نیشانەیە حەتتا هەست و بیرەکانیشی، شیاوی تیڕوانینە ئەم هەموو نیشانانە لە کۆتاییدا ئاماژە بە شتێك ناکات، جگە لە نیشانەی تر، ئیدی چۆن دەتوانین لەچوارچێوەی ئەم جیهانی نیشانانە دەربچین، کە لەسەر خۆیان داخراون؟ پەیوەندێکی تێدا دابمەزرێنین، کە پەیوەست بێت بە نیشانەکان و هەموو شتێکی تر جگە لەخۆی»52.

سیمیۆلۆژیای پێرس بۆ جێبەجێکردنی بەسەر دەقداو لەچوارچێوەی لێك نزیککردنەوەی دەق و گوتارەکان، یان وەرگرتنی چەمکەکانی و لەرێگەی ڕەهەندە لێکدانەوەییە سیانییەکەیەوە گونجاوە، هەروەها بەهۆی چەمکە دەلالیەکانی تری وەك( ئایکۆن، هێما، ئاماژە)، چونکە زۆر لەبەرهەمە دەقی و داهێنەرییەکان، هەڵگری دەلالەتی ئایکۆنی بینراوین و لەرێگەی خوێندنەوەی نوێنراو و بابەتەوە، پێویستیان بە لێکدانەوەو هێرمێنۆتیکا هەیە، هەرچەندە

«پێریس بەگشتی شەست و شەش جۆر نیشانەی دیاریکردوە، پاشان ئەم هاوکێشە سیانییەی بەرهەمهێناوە، چونکە دواجار ئەمانە زۆرترین سودیان بۆ سیمیۆلۆژیا هەیەو خۆیان لە( ئایکۆن، ئیندێکس، هێما) دا دەبیننەوە»53

**2-نیشانە لای سۆسیر**

بەگشتی سوسێر جەخت لەسەر سروشتی نیشانەی زمانی دەکاتەوە، کە لە دوانەیەك پێکهاتوە( دال و مەدلول)و پێیوایە «نیشانە باس لە دەلالەتەکەی دەکات، کە دەرئەنجامی بوونی جیاوازیە لەگەڵ نیشانەی تردا، هەر ئەم جیاوازییەش توانای بوونی کۆمەڵگەیەکی زمانەوانی دێنێتەئاراوە، زمانیش لای هیچ قسەکەرێك تەواونییە، چونکە تەنها لەناو کۆمەڵگەدا تەواودەبێت، دەتوانین زمان وەك دۆلابێکی هاوبەش دابنێین، دەتوانین لە هەموو نیشانەیەکی جیاواز، کە لەم دۆلابـەوە دەربهێنرێت بگەین و لەپێکهاتەی حاڵەتێك لە حاڵەتەکانی قسەکردندا بەکاربهێنرێت» 54ئەگەر سۆسێر خۆی لەهەندێك ئاماژەبۆکراوی پێویستی وەك هێما، ئاماژە، ئایکۆن، لە نیشانەدا بە دوورگرتبێت، ئەوا»لەچوارچێوەی دوانەی دالو مەدولولدا حەسری کردوە»55 ئەمەش لەبەر گرنگیدانی بووە بەنیشانە زمانییەکان لەخودی خۆیاندا.

کۆنتێکستە زمانییەکان لای سۆسێر لەسەر بنەماو پرەنسیپی بەها دیاریدەکرێتو ناتوانرێت نیشانە بەهۆی لایەنی مادییەکەیەوە دیاریبکرێت، بەڵکو لەرێگەی یاساو بەسیستم بوونی لەناو کۆنتێکستەکاندا دیاریدەکرێت، کەواتە لەرێگەی پەیوەندیە جیاوازو دژە ئاڵوویرەکانی نێوان نیشانەکانی تری ناو کۆنتێکستە زمانەوانییەکەدا دەبێت 56، سۆسێر جیاوازی لەنێوان وێنەی وشەو چەمکەکەیدا کردوە، نەك ناو و ناولێنراو، جگە لەمەش جیاوازی لەنێوان ئاستی دەروونی و مادیدا کردوە، دەروونی بریتییە لە وەرگرتنی وێنەی بیستراویو چەمکەکە، بەڵام مادی بوونی دەنگە( شێوەی دەرەکی)، وەك لەم هێڵکاریەدا خراوەتەروو:

ئەو نیشانانەی کە سۆسێر باسیان دەکات، کیانێکی دوانەیان هەیەو لەدوو روو پێکهاتوە وەك رووی دراو، ناتوانرێت یەکێکیان لەوی دی جیابکرێتەوە،




رووی یەکەمی بریتییە لە دال(SIGNIFIANT) واتە وێنەی دەنگی، رووی دوەمیش بریتییە لە مەدلول(SIGNIFIE) واتە وێنەی زەینیی، بەپێی بۆچونی سۆسێر زۆربەی کات ئەو پەیوەندیەی کە دال و مەدلول پێکەوە دەبەستێتەوە، پەیوەندێکی لەخۆوەیە»56جگە لە پەیوەندیە زمانییە لاساییەکان «کە تێیدا دال لاسایی مەدلول دەکاتەوە»58

سروشتی لەخۆوەیی پەیوەندی نێوان دال و مەدلول شتێکی کرۆکییە لە تێگەیشتنی سۆسێری بۆ نیشانەی زمانی» ئەو نیشانانەی کە دەبنە کۆدی گواستنەوە لە نێوان دوو کەسدا، پێکهاتە یان کرۆکی مێشکی هەریەکەیان دەکاتەوە، ئەم ئاوێتەکردنەی پێکهاتەکانی بیر بە جۆرێکی تایبەت لە کۆدی نیشانە، هانی سۆسێری دا بۆ دانانی زانستێکی نوێ، بەڵام چۆن ئەم نیشانانە بەشێوەیەکی کارا کار دەکەن، کە زانستی نشانە کاریان لەسەر دەکات» 59دال لایەنی مادییەو مەدلولیش چەمکی زەینییە، هەرچی بونیادی رووکەشە لەسەر بونیادیك وەستاوە، کە بوونیادە قووڵەکەیەو بونیادی قووڵیش

لەڕێگەی ئاڵۆزێکی پێکهاتەیی نێوان قسەکەرو گوێگر بەرهەمهاتوە، وەك لەم هێلکاریەدا دیارە:

سروشتی لەخۆوەی پەیوەندی نێوان دال و مەدلول، شتێکی کرۆکییە لەتێگەیشتنی سۆسێر بۆ نیشانەی زمانی، سۆسێر دال ومەدلول دەچوێنێت




بەوەی، کەمرۆڤ پێکهاتووە لە جەستەو ڕۆح، یان بە پەسەندتری دەزانێت، کە بیانچوێنێت بە ئاو، ئاو لە دوو ڕەگەزی هایدرۆجین وئۆکسجین پێکهاتوە، ئەگەر هەر ڕەگەزێکیان بەجیا وەربگیرێت، خەسڵەتی ئاو تێدا بەدیناکرێت، کەواتە(دال و مەدلول)بریتین لە دِەنگ و بیر، بۆیە ناتوانرێت نە دەنگ لە بیر، نەبیر لە دەنگ جیابکرێتەوە60

کەواتە نیشانە لای سۆسێر، بریتییە لە کیانێکی دەروونی و پەیوەستە بە زمانەوە، خاوەن تایبەتمەندی لەخۆوەیە کە دال و مەدلول بەیەکەوە دەبەستێتەوە، ئیدی زمانی بێت یان نازمانی، جگەلەمەش ئەوەی گرنگە بەرهەمی نیشانەکەیە، بۆیە سۆسێر چەشن و جۆری نیشانەی دیاری نەکردوە، لەراستیدا بەهۆی دانانی پەیوەندی لەخۆوەیی نێوان دال و مەدلول وایکردوە، کە جۆری نیشانە لای سۆسێر دیارینەکرێت.

بنڤینێست ڕەخنە لە لەخۆوەیی نێوان دال و مەدلول دەگرێت و پێیوایە «ئەوە پەیوەندێکی پێویستە، چونکە بۆچوون و ڕوانینی مەدلول(BOEUF) گونجاوەو وەك یەکە لەگەڵ پێویستی هوشیاری دال دا و(BOF) هەردووکیشیان نەقشێکن لە زەیندا»61

جورج مونانG..MOUNIN پێیوایە» ئەم نەزعە دەروونییەی تیۆری سۆسێری، دەچێتە خانەی دەروناسی پەیوەندییەوە، هەندێکی تر جەختیان لەسەر بنەمای دوانەیی نیشانە لای سۆسێرو داخراوەییان لەسەر خۆیان دەکردەوە، بەهۆی وەلانانی سەرچاوەکەی، یان ئەوەی ئاماژەی بۆ دەکات»62بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سۆسێر کاریگەری زۆری لەسەر ڕەوش و نزیککردنەوەی سیمیۆلۆژی لە زۆر وێناو چەمك و زاراوە زمانییەکان کردوە، لەگەڵ کردنەوەی داخراوەیی دەقەکان و سەرلەنوێ بونیادنانەوەیان.

کەواتە سۆسێر وایدەبینێت دالو مەولول وەك دوو دیوی لاپەڕە، یان رووی دراو وان و لەیەك جیانابنەوە، و کاتێکیش کۆبوونەوە، واتە لە یەکەیەك لەیەکەکانی زمانەوە(= نیشانە) دەردەکەوێت، لاکان ڕەخنە لەم بۆچونانە دەگرێتو پێیوایە کۆکردنەوەی دالو مەدلول پەیوەندی ئالوێریو وەك یەکی لەنێوانیاندا پێچەوانە ناکاتەوە، چونکە بەردەوام بەربەستێك هەیە ڕێگری لەپەیوەستبوونی دال بەمەدلول و ئیحالەکردنیی بۆی، دەکات63

بەپێی بۆچونی لاکان» دال تەمسیلی مەدلول ناکات، بەڵکو بەشێوەیەکی سەربەخۆ کار لەدەلالەتەکەیدا دەکات بەدوور لە مەدلولەکەی، بەدەرلەمەش دال ئاماژە نییە بۆ مەدلول، بەڵکو ئاماژەیە بۆ دالێکی تر کەدالی سێیەمە لەناو زنجیرەیەك دالی تر کەسیستمی زمان دروستدەکات، بەڵام مەدلول لەژێر دالەکاندا دەترازێت، بۆئەوەی ئاماژە بن لەسەر یەکتری»64

پێرس و سۆسێر بناغەیەکی نوێیان بۆ نیشانەکان دامەزراند و پێیانوایە «مەسەلەی زانین پەیوەستە بە ناسینی ڕەگەزەکانی زمانەوە، زمانیش شتێك نییە کجگە لە کۆمەڵە نیشانەیەکی ڕێکخراو» 65بەم پێیەش بێت نیشانەکان

لەگەڵ زماندا هەبوون، لەگەڵ ڕێڕەوگرتنی زمانیشدا سیمیۆلۆژیا رۆڵ و ئەرکی خۆی بینیوە و هەبووە و تاوەکو سەردەمی پێرس هەر وەك زانستەکانی دی سیمیۆلۆژیا لەچوارچێوەی لۆژیکیدا بووە، پاشان هاتووەتە ناو زمان و ئەدەبەوە و وەك زانستی سیمیۆلۆژیا کاری لەسەر کراوە.

**تایبەتمەندیەکانی نیشانەی سۆسێری بریتییە لە:**

1.نیشانە وێنەیەکی دەروونییەو پەیوەستە بە زمانەوە نەك بە قسەوە.

2.نیشانە پشت بە دوو رەگەزی سەرەکی دەبەستێت(دال و مەدلول) لەگەڵ دوورخستنەوەی واقیعی مادی یان سەرچاوەیی، چونکە دورخستنەوەی سەرچاوە، واتە زمانەوانی سۆسێری فۆرمالیستییەو خاوەن رەهەندی مادی و واقیعی نییە، وەك لای ژولیا کریستیڤا.

3.لەخۆوەیی نیشانە کە بۆ لەخۆوەیی پەیوەندی نێوان دال و مەدلول دەگەڕێتەوە، لەگەڵ استسنای دەنگە سروشتیە لاساییکەرەوییەکان و سیغەی سەر سوڕمان.

4.نیشانەی زمانی لە لێکۆڵینەوەدا بە بنەماو بنچینەی نیشانەکانی تر دادەنرێت.

5.نیشانەی سۆسری بێلایەن و تەنها و سەربەخۆیەو لە خودو ئایدۆلۆژیای دوردەخاتەوە.

کەواتە سۆسێر ئیندێکسی پێویستی لە بەنیشانەبوونی وەك هێما و ئاماژە و ئایکۆنی لەبیرکردوەو نیشانەکەی لە نێوان دوانەی دال و مەدلولدا کۆتکرد، هەرچەندە سود لەم دوانەیە وەردەگرێت بۆ لێکۆڵینەوەی سیمیۆلۆژی لە لێکدانەوەی دەقدا، لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵیدا تەرکیز لە فۆرمییەتی ناوەڕۆك بکات، لەگەڵ دورخستنەوەی واقیع و سەرچاوە لەرێگەی جیاوازوە.

## جیاوازی لەنێوان پێرس وسۆسێردا




1- چ سۆسێرو چ پێرس هەردووکیان کاریان بۆ سەرهەڵدانی ئەم زانستە نوێیە کردوە، کە لەبوارە جیاوازەکاندا کار لەسەر نیشانە دەکات، بەڵام بەڕوانینێکی جیاواز لە لێکدانەوەی نیشانەکاندا، بەوەی سیمیۆلۆژیای فەرەنسی لە ئاماژەکانی زانستی زمان و وانە زمانییەکان دەکۆڵێتەوە، بەڵام سیمیۆتیکای ئەمریکی لە ئاماژەکانی لۆژیك فۆرمی هێمایی و ماتماتیك دەکۆڵیتەوە، هاوکات پێرس سیمیۆتیکا و لۆژیك وەك یەك سەیردەکات، بەڵام دواجار هەردووکیان کارکردنە لەسەر نیشانەکان، ئیدی هەرچیەك بن و ئامانجەکانیش دۆزینەوە و ئاشکراکردنی واتای نیشانەیە لەناو دەق و گرنگی رۆڵی نیشانەکانە لەناو دەقدا.

2-سۆسێر گرنگی بە ئەرکی کۆمەڵایەتی نیشانە داوە، بەڵام پێرس گرنگی بەبەکارهێنانی لۆژیکی نیشانە داوە.

3- نیشانە لای سۆسێر(دال، مەدلول) پێویستی بەتێکەڵبوون، یان گونجاندن لەگەڵ نیشانەدا هەیە، تاوەکو لە بەخشینی مانادا رۆڵبگێڕێت، بەڵام روانینی پێرس بۆ پرۆسە دەلالییەکە خاوەن دینامیکی ناوخۆییە.

4- ئەگەرچی سیمیۆلۆژیا لای سۆسێر زانستێکی گشتیە، کار لەسەر ژیانی نیشانەکان لەناو ژیانی کۆمەڵایەتیدا دەکات، بۆیە تێیدا کار لەسەر سروشتی

ئەم نیشانانەو ئەو یاسایانەی کەتەحەکومی پێوەدەکەن دەکات، بەڵام پێرس لەفەلسەفەی دیاردەگەراییەوە دەستپێکرد، بۆئەوەی زانستێکی شێوەیی بۆ نیشانەکان دابنێت، کەبریتی بێت لەلۆژیكو لەسەر بنەمای تایبەتمەندی نیشانە وەستابێـت و عەقڵی زانستی بەکاربهێنێت.

5- میتازمان گرفتێکی سەرەکی کارکردنی پێرس بوو، لەناو کارکردنی سیمیۆتیکادا، لەو کارکردنەشدا هیچ پەیوەندیك لەنێوان(بابەت/تەئویل)دا نییە، تەئویل سنورێکی ناکۆتا دەبەخشێت بۆ تێپەڕاندنی چەمکی ئاماژەکان، ئەوەش لای سۆسێر ونە، بۆیە پێرس لەئاستێکی فراوانترەوە کارلە ئاماژەکان دەکات، چونکە ئەگەر لای سۆسێر ئەو پەیوەندیە پایەکانی لەسەر دالو مەدلول دامەزرێت، ئەوا لای پێرس دەبێ بە(لێکدراوە، بابەت، نوێنراو)و ئەو(بابەتە) لای سۆسێر بوونی نییە، بەڵام پێرس بەدوو جۆر لەیەکتریان جیادەکاتەوە(دینامیکی/ راستەوخۆ) ئەمەش پەیوەندیکردنی ئاماژەیە بەپەیوەندیەکان، لەوەی تەنیا ئاماژە نییە نرخی پێدەدرێت، بەڵکو لەو کاتەدا ئاماژەی بەشەکان هەمان وەزیفەی کارای دەبێت، ئەوەش قووڵبوونەوەیەتی لەچەمکی فەلسەفی، چونکە پێرس دەیەوێ لەڕوانگەی فەلسەفیەوە لەناو ئاماژەدا کاربکات، بۆیە گەڕانەوە بۆ «کانت» دەکاتە(ئەیقونە) تاوەکو لە(لۆژیکی ئەرستۆیی ) وەربگرێت»65

6- پێرس کاری لەسەر چەمکی نیشانەو لێکۆڵینەوە لە بنەماو پێکهاتەکەیەوە کردوە، بەڵام سۆسێر کاری لەسەر رۆڵی نیشانە لە پرۆسەی پەیوەندیدا کردوە.

### 3- نیشانە لای ئۆگدن و ریچاردز

«(چارلس ئۆگدنو ئیڤۆن ریچاردز CHARLES OGDEN –IVON

(THE MEANING OF MEANING لەکتێبی(واتای واتا RICHARDS) رەخنە لە سۆسێر دەگرن، بەوەی ئەو شتانەی بەتەواوەتی وەلا ناوە، کە نیشانەکان شوێنیان دەگرنەوە»67، بۆیە نیشانە لای ئەمان لەو پەیوەندیەدا چڕبووەتەوە، کە پەیوەندی لە نێوان( شتەکان، بیرەکان، وشەکان)دا لە شێوەی هەرەمێکدا دروستدەکات و سێگۆشەی جیاکاری کەبەناوی سێگۆشەی(ئۆگدنو ریچاردز ) ناسراوە، بریتییە لە(دالو مەدلول، کانگا).




ئۆ گد ن و
ریچا ر د ز
پێیانوایە» سێ هۆکار هەنك هەموو نیشانەیەکی هێمایی لەخۆیان دەگرن، هۆکاری یەکەم: خودی هێما(THE SYMBOL) لەم حاڵەتەیدا بریتییە لە وشەیەکی دەربـڕاوك کە پێکهاتوە لە لەزنجیرەیەك دەنگی رێکخراو بەشێوەیەکی رێك وپێك وەك وشەی مێز.

دووەم: پێکهاتەو کرۆکی عەقڵێك کە لە زەینی گوێگردا ئامادەدەبن کاتێك گوێی لە وشەی مێز دەبێت، لەوانەیە ئەم پێکهاتە عەقڵیدە، وێنەیەکی بینراوی

بێت، یان پرۆسەیەك بێت لە پرۆسەكانی پێكەوە بەستنی زەینی و ناویان ناوە(بیرTHOUGHT )یان پێكەوەبەستنی زەینی(REFERENCE).

سـێـیـەم: خــودی شـتـەكـە، كـە لـــەرووی زەیـنـیـیـەوە بـە شتێكی تــرەوە پەیوەستدەبێت، ئەم شتەشیان ناوناوە پەیوەستبوون بەهۆی زەینەوە(REFERENT) و پەیوەندیەكەشیان لەنێوان ئەم سێ چەمكەداو لەشێوەی هەرەمێكدا روونكردوەتەوە(شت، هێما، نیشانەی گریمانكراو»68




«بەپێی ئەم ریزبەندییە پەیوەندی راستەوخۆ لەنێوان وشەو شتەكاندا نییە، پاشان چەند خاڵێك دانراوە بۆئەوەی دەلالەت لە نیشانەی گریمانكراو بكات، ئەگەر رێگەیەكی راستەوخۆ و كورت لەنێوان وشەو شتەكاندا نەبێت، بۆئەوەی ئەم وشانە دەلالەتی لێبكەن، ئەواپێویستە لەرێگەی بیرەوە بكرێت»69

ئۆگدن‌و ریچاردز راستكردنەوەیەكی كۆمەڵایەتیان لە پەیوەندی هێما بەبیرەوە لە زەیندا كردوە، هەروەها لستی واقیعیان خستە ناو جیهانی دەرەكیەوە، لەگەڵ رۆڵی لەدروستكردنی بیردا، دەتوانرێت لێكدانەوەی هۆیی بۆ پەیوەندی لەنێوان بیرو ئەوەی ئاماژەی بۆ دەكات، بكرێت، واتە بیر لەكرداری ئاماژە بۆ كراو لەدایكدەبێت، پەیوەندی لەنێوان هێماو ئاماژە بۆ كراودا دروستدەبێت.

هێما جێگەی شتێكی تر ناگرێتەوە، تەنها لەرێگەی پرۆسەی وەرگێڕانەوە نەبێت بۆ بیرەكان، هەرچەندە ئەم بیرانە یەكسان نابن لەگەڵ شتەكانك یان لە راستەقینەییەكەی دادەماڵرێت، بۆیە ئۆگدن‌و ریچاردز حەزەر لەسروشتی گومڕاكەر(وشە و نیشانە ) دەكەن.

دابەشکردنی سیانی و دیاریکردن، یاخود ناونانی سێ جەمسەرەکە جیاوازی هەیە، ئەگەرچی ئەم دابەشکاریە سیانییە رێکەوتنی لەسەر هەیە، بەڵام بەهەمان چەمك بەکارناهێنرێن، هەندێك وای بۆ دەچن مەدلول مەرجە، واتە ئێمە پێیدەڵێین مەدلول، بۆ نموونـە(BEDEUTENG) لای(فریجە) وەرگێڕاوە بۆ مەدلول، یان لای هەندێك واتاو لای هەندێکی تر بۆ سەرچاوەیی، ئەم جیاوازیەش، پێدەچێت رێڕەوێکی پەتی بێت.70 کەواتە مەبەست و ئامانج یەکەو تەنها رێگەی ناونانەکان، یان لێکدانەوەکان جیاوازە، وەك لەم هێڵکاریەدا خراوەتەروو:







### 4- نیشانە لای مۆریس

مۆریس ساڵی(1946) سێ رێگەی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ نیشانەدا پێشنیازکرد، ئەم جیاکردنەوەیەش دەنگدانەوەیەکی باشی لەناوەندە زانستیەکاندا هەبوو، بۆیە دەتوانرێ لەم سێ رەهەندەوە سەیری نیشانە بکرێت:

**1-رەهەندی دەلالی:** لەم رەهەندەدا وا دادەنرا، کە نیشانە بریتییە لەو

پەیوەندیەی، کە دەلالەتی لێدەکات، یاخود لەو پەیوەندیانە دەکۆڵێتەوە، کە لە نێوان نیشانە بەکارهێنراوەکانیدا هەیە، یان ئەو چەمکانەی کەلێیات دروستدەبێت.

**2-رەهەندی پێکهاتەیی:** وا سەیری نیشانە دەکرێت، کە توانای چوونە ناو پارچەکانی نیشانەی تری هەیە بەپێی یاساکان، مەبەست لە(پێکهاتە) لێکۆڵینەوەیە لەبنیادی ناوخۆیی سیمای دالی نیشانەکان لەسەربەخۆبوونی لە مەدلول کە نیشانە بۆی دەگەڕێتەوە «71

**3- رەهەندی مانا:** نیشانە لەم حاڵەتەدا لەرێگەی کارنامە سەرەکییەکەی و ئەو جێکەوتەی، کە خوێنەر باسی دەکات دیاریدەکرێت، واتە ئەو رێگەیەی خوێنەر ئەم نیشانەی لێوە بەکاردەهێنێت 72،واتە هەرچی مانایە لە ئاوازەکانی بەیەکگەیشتن دەکۆڵێتەوە لە نێو پەیوەندیەکاندا، واتە چی لە مرۆڤدا ڕودەدات، کاتێك پەیامێك دەنێرێت، یان پەیامێك کە دەگاتە مرۆڤ.

چارلس مۆریس پێیوایە» پەیوەندی نێوان سیمیۆلۆژیاو زانستەکانی تر، پەیوەندییەکی دوانەییە، چونکە سیمیا زانستێکە لە زانستەکان و لەهەمانکاتدا ئامرازی ئەم زانستەشە، لەلایەنی یەکەمەوە لەشتەکانو تایبەتمەندیەکانیان، لەبەکارهێنانیان وەك نیشانە، یان کارکردنیان دەکۆڵێتەوە، لەلایەنی دووەمەوە چەمکەکان وکەرەستەی زانستەکانی تر پێشکەش دەکات، بەوەی هەموو زانستێك نیشانە بەکاردەهێنن و بەهۆی نیشانەوە گوزارشت لەئەنجامەکەی دەکەن73

ئەگەر لای پێرس بابەت، بنچینەو بنەمای سیمیۆلۆژیا بێت، بەهەمان شێوەش لای مۆریس بابەت و سیمۆزە، واتە ئەو رێڕەوەی کە بە هۆیەوە شتێك وەك نیشانە کاردەکات، شاردنەوەی ئەم رێڕەوە بەوەی کە» شتێك لە رێگەی شتی سێیەمەوە شتێکی دی دیاریدەکات، لێرەوە سیمیۆزیش نیشانەیە، بەڵام لە روانگەی بەکارهێنانییەوە»74

**لای مۆریس نیشانە پێکهاتوە لە(سێ یان چوار) ڕەگەز:**

یەکەم: هەڵگری نیشانە، واتە لایەنی راستەوخۆ کە سەرەنج بۆ لای خۆی رادەکێشێت بەو سیفەتەی نیشانەیە، کە لێیەوە پرۆسەی لێکدانەوەیی دەستپێدەکات.

ڕەگەزی دووەم: بریتییە لەدیاریکەر، دیزاینەر DESIGNATUM) واتە ئەوەی هەڵگری نیشانە دیاریدەکات لەناو پرۆسەی لێکدانەوەدا.

ڕەگەزە سێیەم: نیشانە بریتییە لەلێکدراوە(INTERPRETANT)،واتە جێکەوتەیەك کەنیشانە لەکەسی لـێـکـدەرەوەدا(INTERPRETE) دروستیدەکات.

ڕەگەزی چوارەم: مۆریس بەزۆری تێکەڵی(دەمج) دەکات لەگەڵ ڕەگەزی سێیەم، بریتییە لە خودی لێکدەرەوە، کە دەبێتە ئەنجامی ڕێڕەوی هەموو ئەم ڕەگەزانە75

هەڵگری نیشانە ئەوەیە، کە وەك نیشانە کاردەکات، و دیاریکەر ئەوەیە کەنیشانە دیاریدەکات و لێکدراوەش بریتییە لەجێکەوتەی ئەنجامیی ئەمە، کە لای لێکدەرەوەوە دیاریکراوە،76

مۆریس جـیـاوازی لەنێوان دیـاریـکـەرDESIGNATUM)و شتی دیاریکراو(DESIGNATA) دەکات، دووەم کانگای دەرەکی(واقعی) یە، کە دیاریکراو بۆی مەیلانە، بەڵام دیاریکەر بریتییە لە خودی ئەو حاڵەتە ناوخۆییە، واتە لەناو نیشانەدایە77

مۆریس سورە لەسەر جیاکردنەوەی نێوان(لێکدراوە) و(لێکدەرەوە)(واتە کەسی باسکەر، یان وەرگێڕ)، ئەمەش لەئەنجامی ڕوانینی دوانەیی بۆ لێکدراوە، کە بەیەکێك لەڕەگەزە ناوخۆییەکانی نیشانە لەلایەك و لەلایەکی ترەوە بە جێکەوتەیەکی دەرئەنجامیی لەبیری بەکارهێنەری نیشانەدا(لێکدەرەوە) دادەنێت.78

کەواتە بەکارهێنەری نیشانە، لەیەککاتدا لێکدراوەو لێکدەرەوەیی دەنوێنێت، بۆیە نیشانەیە بەپلەی یەکەم بە پێکهاتەیەکی رەوشتی دەزانێت، لەم بارەوە نموونەی سەگەکە دەخاتەروو، سەگ بەدەم دەنگێکی دیاریکراوە دێت( هەڵگری نیشانە) بەهۆی چەشنی ئەم رەوشتەوە، کە بریتییە لە دەردانی لیك(لێکدراوە)، ئەم ڕەوشتەش،(ئەم لێکدراوە) بیری خواردنی لا دروستدەکات، یان ئاماژە پێکراوی بیری ئەم خواردنەیە(دیاریکەر)کە دەگەڕێتەوە بۆ خواردنێکی دیاریکراو کەلەدەرەوەی نیشانەکەدا هەیە. 79

مۆریس پۆلێنی نیشانە لەسەر بنەمای پێوەرەکانی رەوشت دەکات، بۆیە پێیوایە «نیشانە شتێکە رەوشتێکی تایبەتە بە بابەتێك و لەهەمانکاتدا ئەو شتەش دەوروژێنێت، لەم ساتەشدا( ساتی یەکەم) دروست ناکات، بەڵکو یەکەم جار نیشانەیە، پاشان دەبێتە رەوشت، واتە نیشانە وروژێنەری بەراییەو لەنائامادەیی وروژێنەری فیعلدا کاردەکات، واتە نیشانە بریتییە لەو وروژێنەرەو لەبری وروژێنەری تردا دێت» 80

مۆریس سێ چەشن پەیوەندی دوانەیی دیاریدەکات، کە گوزارشت لە سێ رەهەندی سیمیۆزیس دەکات، لەهەمانکاتدا سێ لقی مەعریفی لەناو سیمیۆلۆژیادا دیاریدەکات81

1-پەیوەندی نیشانەکان لەنێوان خۆیاندا( واتە پەیوەندی لەنێوان هەڵگری نیشانەکاندا)،چونکە هەموو نیشانەیەك پەیوەندی لەگەڵ نیشانەی تردا هەیە، نیشانە وادەکات لێکدەرەوە شتێك بزانێت و ناشتوانێت گوزارشتی لێبکات، تەنها لەرێگەی نیشانەوە نەبێت.

2-پەیوەندی لەنێوان هەڵگری نیشانەکان و دیاریکراوەکان، کە گوزارشت لە رەهەندی دەلالی سیمیوزیس دەکات.

3-پەیوەندی لەنێوان نیشانەو نوێنراوەکاندا، کە لەرەهەندی مانایی سیمیوزیس دەردەخات ولە مانەشەوە دەست پێدەکات.

## لێکەوتەکانی بابەت

**1-ئایکۆن(ICON)**

ئایکۆن یەکێکە لە چەشنەکانی نیشانەو لقێکە لە لقەکانی بابەت لای پێرس، بەو مانایەی بابەت پێکهاتەیەکی سیانییەو لە کۆی ئەم پێکهاتەیە مانای بابەت بەدەستدێت.

«ئایکۆن لەبنچینەدا وشەیەکی یۆنانییەو بەواتای وێنە، یان لێکچوو، یاخود نوسینی پیرۆز بەکارهاتوەو لای قەشە یوحنا مکسموفتش، بریتییە لەیەکگرتنی هێماو وێنەو وشەی ئایکۆنگرافیا(ICONOGRAPHY)ی بەکارهێناوە، کە لەدوو بەش پێکهاتوە(ICON)بەواتای رەسم(GRAPHY)کە لە وشەی یۆنانی گرافۆوە هاتوەو واتە دەنوسێت، بەمەش واتای وێنەی هەڵکۆڵراو، یان پەیکەری گەیاندوە، لەسەردەمی بیری لاهوتیدا بەواتای وێنەی سەلیب و دروستکردنی مرۆڤ وئایکۆنە»81بۆیە ئایکۆن پێش پێرس هەبووەو پەیوەست بووە بە بیری پیرۆزەوە، بۆیە» بەرهەمی سیمیۆلۆژیای پێرس نییە، بەڵکو ئەوە سیمیۆلۆژیایە پشتی بە ئایکۆن بەستوەو کردویەتییە رەگەزێکی سەرەکی بابەت»83

«ئایکۆن بە هەر هۆکارێکەوە بێـت، بووەتە میتۆدو چەند یاسایەکی چەسپاندن، لەپێناو جێبەجێکردنی و هێنانەدی مەبەستەکەی»84بە گشتی ئایکۆن بریتییە لە «بەڵگەیەك کە هەڵگری سیفەتێك، یان چەند سیفەتێکەو لە ڕێی ئەو سیفەتانەوە دەمانگەیەنێت بەو واتا، یان بابەتەی کە ماناکەیمان دەداتێ، ئیتر بابەتەکە بوونی هەبێت، یان نەبێت، یان» ئایکۆن شتێکە بە ڕوانین لێی لەو شتە دەچێت، کە سیفەتە هاوبەشەکەی پێدەدرێت و وەك بەڵگەیەك لەسەر ئەو شتەش بەکاردەهێنرێت85، واتە لە ئایکۆندا ماناکان پێشتر بوونیان هەیە، بەڵام کارنامەکان جیاوازی دروستدەکەن، ئەم کارنامەیەش لەوەی پێشووترەوە سەرچاوەدەگرێت، هاوکات ئایکۆن تەنها لە چوارچێوەی نێوان نوێنەرو بە وێنە هاوشێوەکاندا کاردەکات. نواندنیش بەم مانایە بریتییە لە» تاکە رێگەی راستەوخۆی گەیاندنی هزرو بیرێکە بە مانای ئایکۆن، هەموو

ڕێگەیەکی ناڕاستەوخۆیش بۆ گەیاندنی هزرو بیرێك، دەبێ پەیوەست بێت بە دانانی لە سەروبەندی بەکارهێنانی ئایکۆنەکەدا»85،یان «بریتییە لە لێکچون، یان لاساییکردنەوەی دال لە مەدلول و پەیوەندی ڕاستەوخۆ لە نێوانیاندا نییە(دیمەن، دەنگ، هەست، چێژ، بۆن.....»87 یان «وەك وێنەیەکی بچوك وایە لەسەر شاشەی کۆمپیوتەر، مەبەست لێی ڕونکردنەوەی کارنامەیەکی دیاریکراوی بەکارهێنانەکەیەتی»88 کەواتە ئایکۆن پشت بە تایبەتمەندی دەبەستێت و لەکۆی ئەم تایبەتییەش، دەشێ ئایکۆنەکە وێنەی فۆتۆگرافی بێت، ئیدی ڕاستەوخۆ بێت، یان ناڕاستەوخۆ.

یاخود بریتییە لەو شتەی کە بەپێی لێکچون پەیوەستە بەبابەتێکەوە،و پشت بە وەك یەکی خاسیەتە کرۆکیەکانیان دەبەستێت، لەگەڵ هەندێ تایبەتمەندی ئەم بابەتە،چونکە نیشانە خاوەنی تایبەتمەندی ئایکۆنییەو ئایکۆنیش گشت وێنەو بینراو زهنییەکان دەگرێتەوە، واتە هەردوولا پەیوەندیکی لێکچونی بەیەکیانەوە دەبەستێتەوە،ئەم لێچونەش وا لە خوێنەر دەکات، مەدلولەکەی ڕاستەخۆ بخاتەروو، بۆنموونە بوونی وێنە ڕاستەوخۆ خاوەنەکەی لەبیردا ئامادە دەبێتەوە، یان بیستنی دەنگی کەسێك بەبێ ئامادەبوونی خۆی، وێنەکەی لە بیردا ئامادە دەبێت، یاخود بریتییە لە پەیوەندی هاوشێوەیی وەك پەنجەمۆر، یان ڕەنگدانەوەی وێنە لە ئاوێنەدا، بەڵام بۆئەوەی ببنە کردارێکی سیمیۆلۆژی دەبێت جیاوازیان هەبێت، بۆنمونە بردنی دوو پەنجە بۆ دەم، نیشانەی داواکردنی جگەرەیە، ئامادەنەبوونی جگەرەش لای کەسەکە دەیکاتە کردارێکی سیمیۆلۆژی ئایکۆنی، پێرس پێیوایە» ئایکۆن چەند سیفەتێکی هاوبەشەو لەم سیفەتە هاوبەشانەدا لەبری یەکتر بەکاردەهێنرێن، دواتر ئەم هەستە هاوبەشانە لەبیردا دەوروژرێن»89

ئایکون لای مۆریس» بریتییە لە سیستمێکی تـەواو، کاتێك نیشانەکە لەگەڵ بابەتەکەیدا هاوواتایە»90 «یاخود بریتییە لەو نیشانە واتاییەی، کە بەهۆی لێکچونیان لەسەر بابەتەکە دادەنرێت، ئیدی لێکچونەکەیان بەهۆی

وێنە، یان لاساییکردنەوە بێت و نیشانەیەکە لەتایبەتمەندیەك کەدەیکاتە واتا پێکدێت، لەگەڵ ئەوەی بابەتەکەی ئامادەنییە، وەك جێکەوتی پێنوس بێت کەسێگۆشەیەك دەینوێنیت»91، بۆیە هەموو وێنەو هێڵکاری و دیزاینەکان و خواستنەکان ئایکونن، بەڵام پێرس ئایکون بە»نیشانەیەك دەزانێتك کە ئاماژە بۆ بابەتێك دەکاتك کە بەسروشتی خۆی گوزارشتی لێدەکات، چونکە نیشانەکە هەڵگری ئەم سروشتەیە، ئیدی بابەتەکەی هەبێت یان نا، ڕاستە ئایکون بەڕۆڵی خۆی هەڵناسێت، ئەگەر بابەتەکەی نەبێت، شتێکە دەبێتە نیشانە بۆ ئەو لێکچوونەی، کاتێك وەك نیشانە بەکاربهێنرێت»92 ئەم روانیینەش لەوەوەیە کە «پێناسەی ئایکون زۆرترین ئاڵوزی هەیە لەوانی دی، چونکە نیشانەی ئایکونی خاوەنی ئەو تایبەتمەندیانە نییە کەدەیگەیەنێت، مەگەر دەستوەردان(تداخل) هەبێت لەنێوان ئایکونو بابەتەکەیدا»93

ئەگەرچی ئایکۆن لەسەر بنەمای پەیوەندی لێکچوونی لەنێوان دالو بابەتدا دەبێت، بەڵام ئەم پرەنسیپی لێکچونەش لەگشتگیریەکەیدایە، بەوپێیەی لەگەڵ خۆیدا هەر جۆرە لێکچونێك لەنێوان نیشانەو ئەو شتەی ئاماژەی بۆ دەکات، فەرز دەکات، چونکە راستەوخۆ مەیلانە بەو شتەی کە لەپەیوەندییە لێکچونەکەدا ئاماژەی بۆ دەکات، لەبەرئەوە ئایکۆن» هەر شتێکە کە ئاماژە بە شتێکی دی بکات، بەهۆی ئەو خاسیەتەی کە هەیەتی، بۆیە هەموو شتێك دەتوانێت ببێتە ئایکۆن بۆ شتێکی دی، ئیدی ئەو شتە سیفەتە یان کائنێکی تاکی، یان یاسا تەنها لە ئایکۆن بچێت و ئەو شتە وەك نیشانە بۆی بەکاربێت»94

ئایکون لەپلەی یەکەمدا ئەو جۆرەیە، کە نوێنەرایەتی بابەتەکەی دەکات، لەڕێگەی لێکچون لەنێوان دالو ئەوەی ئاماژەی بۆ دەکات، پێرس دەڵێت:» دەکرێت شتێك ببێتە ئایکون بۆ شتێکی دی، ئیدی ئەو شتە سیفەت، یان کائنێکی تاك، یان یاسایەك بێت، تەنها بەهۆی لێکچونی ئەیکۆنەکە لەگەڵ ئەو شتەداو وەك نیشانە بۆی بەکاردەهێنرێت95پێرس جیاوازی لەنێوان سێ جۆر

ئایکۆندا دەکات کەبریتین لە(وێنە، وێنەی رونکردنەوەیی و بەیانی، خواستن96
لەسەر ئەو بنەمایەی کە پێرس بۆ ئایکۆنی دیاریکردوە، دەتوانین ئایکۆن بکەین بە چەند جۆرێکەوە:




ئایکۆن خۆی لە خۆیدا نیشانەیە، بۆیە» لە نیشانەیەکی لێکچوو دەچێت، کە لە واقیعی دەرەکیدایەو هەمان خاسیەتی ئەو شتەی هەیە، کە ئاماژەی بۆ دەکات»97ئایکۆنەکان کۆمەڵە وێنەیەکی بینراوی و زەینین، وێنە بینراوییەکان بریتیین لەو وێنانەی کە لە بەشە جیاوازەکانی زانستی بیرکاری و وێنەی فۆتۆگرافی و کاریکاتێریدا بەکاردێن، وێنە زەینییەکانیش ئەو وێنانەن کە لە سنوری دەرکپێکردنی زەینییەوە دێنەکایەوە، ئەو نیشانە جۆربەجۆرانەی، کە لە لۆژیکدا رووبەرووی دەبینەوە، بریتیین لە(ئایکۆن، ئیندێکس، هێما) ئەم جۆرە نیشانانە، زانیاری جۆراوجۆر لەبارەی پەیوەندی نێوان نیشانەو بابەت دەخەنەروو، لەبەرئەوە ئامانجی ئایکۆن» ئاشکراکردنی شتە شاراوەکەو رونکردنەوەیەتی، ئیدی ئایکۆنەکە هەرشتێك بێت»98بۆیە»بەگشتی بەرگو رەنگ، وێنەی سەر بەرگ و ناوی نوسەر، شوێنی چاپو ئاستی خەتو... تاد ئایکۆنێکی نیشانەییەو چەندین دەلالەتو ئاماژە بەشێوەیەکی تەواو دەگەیەنێت، بۆئەوەی تابلۆیەکی جوان دروستبکاتو خۆی بۆخوێنەر بخاتەڕوو، بەمەش دەسەڵاتی خۆی بەسەر خوێنەردا، بەهۆی وروژاندنی

خوێنەرەوە دەردەخات99، بەمەش»دەگۆڕێت بۆ ئاماژەیەکی دالی لەسەر ڕەهەندە ئاماژەییەکانی دەق»100

«ئایکۆن وەك بەشێك لە سیستمی سیمیۆلۆژیا، پشت بە ئاماژەکان یان نیشانەکان دەبەستێت، جۆری ئاماژەو نیشانەکان بەربڵاون و ناکرێت بخرێتە نێو چوارچێوەی سنورێکی زەمەنی، یان جێگەیی دیاریکراو، بەڵکو پەیوەستە بە جوگرافیای مرۆڤ و ئەفسانەو ئاین و سیاسەت و مێژوو و بارە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان، تەنانەت ئامرازو کەرەستەکانی سروشتیش بۆ خۆی رادەکێشێت و کارنامەیان دەداتێ»101

بۆیە «بەرگ بەشێکی شاراوەیە، کە لەگەڵ کرۆکدا دەڕوات102،یاخود وەك دەقی هاوسەنگ وایە، جیرار جینێت پێیوایە ئەوەی پێی دروستدەکرێت لەخودی دەق کتێبە، ئەوەی کە دەورەی کتێبەکەی داوە، وەك سیاجێکی یەکەم وایە، لەبەربەرستی بیزاوو زمانییدا»103.

ئایکۆن لەلایەن مرۆڤەوەو لەسەر ئەو شێوەی کە واتاکەی دەبەخشێت دروستدەکرێن، چونکە» شتێکە پەیوەندی هاوبەشی لەگەڵ شتەکەی تردا هەیە، و بەهۆی ئەم لێکچونەشەوە دەلالەتی لێدەکات، وەك ڕەنگدانەوەی شتێك لەسەر ئاو، یان لەئاوێنەدا، یان وێنەی کەسێك(PORTRAIT) یان وێنەی فوتۆگرافی، یان نەخشەی شوێنو شارێك»104

مارتینی جیاوازی لەنێوان دوو جۆر پەیوەندی کاتی لەنێوان ئایکونو ئەوەی واتاکەی دەگەیەنێت دەکات، بەوەی ئایکۆن هەیە لەڕووی کاتەوە پێش شتەکە واتاکەی دەگەیەنێت، وەك دیزانین( LE PLAN)، یان نموونەیەکی بەرجەستە(LA MANQUETTE) کەپشتی پێدەبەستین بۆ بنیادنانی ماڵ، یان باڵەخانەدا، کە دوای ئەو شتە دێت، کە واتای دەگەیەنێت هەروەك لەوێنەی فۆتۆگرافیدا هەیە.105

سەبارەت بە جیاوازی لەنێوان سیمۆلۆژیا و ڕەوانبیژیدا،سیمیۆلۆژیا زانستێکە کار لەسەر کۆی نیشانەکان دەکات و بەپێی جۆرو رۆڵی لەدەقدا کاردەکات، بەڵام ڕەوانبێژی بەدەرخستنی رووی لێکچوون تاسەو مەبەست

دەخرێتەروو، بەڵام سیمیۆلۆژیا کلیلە بۆ چوونە ناو دەق و لێکدانەوەی بەپێی نیشانەکان، بەمەش ماناکە دەداتە خوێنەرو هەریەکەشیان(خوێنەر، نوسەر) بەپێی تێگەشتن و لێکدنەوەی خۆی دەریدەبڕێ، بەواتایەکی دی لێچوەکان و رووی لێکچواندنەکان لای خوێنەر ئاشکراو وەك یەکەو داخراوین، بەڵام لە نیشانەدا دەق بڕیار لەسەر دیاریکردنی نیشانەکەدا دەدات و لەکۆی ئەو ئاماژانەی کە دەیگەیەنێت، واتە نیشانە خاوەن سیفەتی کراوەو بەربڵاوە، بەوەی بەچەند رستە، یان بەپەرەگرافێك ماناکەی دەدات بەدەستەوە، نەك بەبەرامبەردکردن. رەوانبێژی هێزی خۆی لە شیعری کلاسیکدا دەبینێتەوە، بەڵام سیمیۆلۆژیا لە تەواوی قوتابخانەکاندا رۆڵی خۆی دەگێڕێت، هەروەها سیمۆلۆژیا کۆنترەو رەوانبێژی دواتر سەریهەڵداوە، جگەلەمەش سیمیۆلۆژیا کار لەتەواوی زانستە جیاوازەکاندا دەکات وەك( پزیشکی، فەلسەفە، لۆژیك، زمان، ئـەدەب، رۆرشنبیری...تاد)، بەڵام رەوانبێژی لە زمان و ئەدەبدا کاردەکات.

د.محمد فکری الجزار دەڵێت» ئایکۆن لە هەموو رووەکانەوە، دەتوانێت ببێتە نوێنراو، بەڵام لێکچوون لە هەندێك رووەوە دەتوانێت ببێتە نوێنراو، جگەلەمەش ئایکۆن ئەوەی بۆی دەگەڕێتەوە، یان دەینوێنێت وەك یەکە یان هاوتایە لەگەڵ یدا، بەڵام لێکچوون وەك یەك و هاوتایە لەگەڵ ئەوەی دەینوێنێت، و جیاوازیەکەش گەورەیە لەنێوان ئیحالەکردن لە(ئایکۆن)دا و دەلالەت لە( لێکچوون) دا، یەکەم نایەوێت لە مێژووی دەربچێت، بۆئەوەی رۆڵی خۆی وەك نیشانە ببینێت، بەڵام لێکچوون بە حوکمی دەلالەتی نوێنراوی دەبێتە نیشانە»106هەروەها دەڵێت» جگەلەمەش ئایکۆن لە سنوری لێکچووندا ناوەستێت و سنورەکانی رەوانبێژی دەبڕێت بەهۆی بابەتەکەوە»107

**قۆناغی یەکەم: 1950-1958**

**1-گۆران:** لەشیعری( گوڵاڵە برایمە..گری..گری)(1951)دا دەڵێت:

**بەراست و چەپا ئەگەڕێ**
**خاپوور ئەکاو ئەکوژێ و ئەبڕێ**
**وەك دڕندە لاشەی نێچیر**
**شڕشڕ ئەکا بەکەڵبەی پیر**
**شەرمیش ناکا، داڕزیوە،**
**بەڵمۆزی خوێناویوە**
**رووی دەم ئەکاتە ئەنجومەن**
**ئاخ دەست ناگاتە ئەنجومەن!**
**ئەڵێ : هەر خۆمم پاسەوان**
**بۆ کۆتری ئاشتیی جیهان.. 240**

ئەگەرچی ئیمپریالیزم وەك دڕندەیەك و نەتەوەکان وەك لاشەی نێچێر شڕدەکات، بەڵام بەپێچەوانەی دڕندەوە، کە ئەمە کارە سەرەکیەکەیەتی، ئیمپریالیزم خۆی بەپاسەوانو زرگاریکەرو کۆتری ئاشتی جیهان دەزانێ، ئەمەش واتە ئەوەندە دیکتاتۆرە، کە دەبێت دڕەندییەکەشی بەئاشتی بزانێت، بەواتایەکی دی ئیمپریالیزم ئایکۆنێکی نوێتراوەو هەڵگری سفەتی دڕندەییە بەرامبەر بەو نەتەوانەی، کە لەگەڵ بەرژەوەندیدا نایەنەوە، یان بەرژەوەندیەکانی جێبەجێ ناکەن، بەو خاسیەتەش ئیمپریالیزم هەڵگری چەندین سیفەتی دڕندەییە.

یان لەشیعری( لە بەندیخانە)(1952/6/5) دا دەڵێت:

**وەك بزن مژ دەم بنێتە جواناوی نەوتی،**
**لێی دەرهێنێ دوا دەنكو فلسی دەستکەوتی!..ل218**

لێرەدا مەبەستی سەرەکی شاعیر ئەو دزە گەورانەیە، کە سەریان کردوەتە خێرو بێری وڵاتو هەرچی کانگای سروشتیە دەدزنو کەسیش نەیتوانیوە رێگری لەمە بکات، لەگەڵ ئەوەی هەموانیش دەزانن کەئەمە

دزیکردنە،هێنانی بزن مژیش ئایکۆنی لێکچوونەو نیشانەی بەردەوامی و هیلاکنەبوون و وشککردنە تاڕادەی لاوازی و سستکردن و پوکانەوە، یان کوشتنە، یاخود دەڵێت:

**خواتان لەگەڵ ، ئێوەش بڕۆن، لێرە ئاوابن،**
**با نەکەون وەك من کەوتم، ئەستێرەی چا بن،..ل219**

ئەستێرەش ئاماژەو نیشانەی پاکیەتی و بەرزی و جوانی و درەوشانەوەییە بۆئەوانەی کەدەیبینن، بەو پێیەی زەمەنی جوانییەکان بەسەرەچوە، یاخود دەڵێت:

**بەڵام من وەك منەکانی بەندیخانە،**
**دروست بووڼمان لەقوڕێکە ئەهرەمەنانە!**
**بۆ تاریکی، بۆ شەرم و عار، بۆ خەم خوڵقاوین**
**لەبەهەشتی ئەو دیو دیوار بێبەش کراوبن..ل216**

گـۆران خۆی وەك بەندکراوەکانی تری ناو بەندیخانە، بەکەسانێك دەزانێت کەلەبنچینەدا بۆ شەرم عارو خەم خولقاون، واتە ئەوانەی کە لە بەندیخانەن لەروانگەی کۆمەڵگەوە کەسانی شەڕانگێزو خراپن، ئەمەش لەو نادادییەی گۆرانەوە سەرچاوەی گرتوە، کە ئەم بەندکراوانەی لەبەهەشتی ئەو دیو دیوار، واتە سروشتی کوردستان بێبەشکردوە، بە مانایەکی تریش گۆران و هاوشێوەکانی، هەر لەسەرەتای دروستبوونیانەوە قەدەرێکی خراپ دەیانبات بەڕێوە، کە بێگومان دەبێت ئەنجامەکەش هاوشێوەی ئەو قەدەرەبن.

یاخود لە شیعری( گۆرانی قوتابییان)(1953)دا دەڵێت:

**بۆمبای ئەتۆم نایترسێنێ**
**هێزی لاوان خۆی بنوێنێ،**
**راوەستاوین وەك پاڵەوان**
**ئەجەنگین تاشەڕ نامێنێ**
**تا مەشخەڵی ئازادیی گشت**
**گڕ لەگشت لاهەڵئەسێنێ..ل411**

شاعیر هێزی لاوان بەهێزیکی پاڵەوانو بەهێز دەزانێ، بۆیە لاوانی کردوەتە ئایکۆنێك تاوەکو ئێمە بکاتە خاوەنی سیفەتی پاڵەوان، بەڵام هێزی پاڵەوانییەتی بۆ شەڕ نەقۆستوەتەوە، بەڵکو بۆ ئامانجێکی پیرۆزو مرۆیی بەکارهێناوە، کەرێگریکردنە لەشەڕو هەڵگیرساندنی مەشخەڵی ئازادیە، واتە پاڵەوانییەتەکەمان پاراستنی ئاشتییە، ئەمەش نیشانەی ئازادیو رزگاری مرۆڤەکانە لەژێر ستەمی دەسەڵاتەکان، واتە پاڵەوانییەتەکە لەنەهێشتنی شەڕو هێنانەدی و فەراهەمکردنی ئازادیە لەهەموو شوێنەکاندا، بەمەش هێزی لاوان هێزی دیارخەرو چارەنوسسازی وڵاتە، چ لەرووی پێشکەوتن، چ لەرووی ئازادی و سەربەستی یان....تاد، بۆیە هێزی لاوان هۆی هێنانە ئارای ئازادییە بۆ ئایندەی کۆمەڵ بەگشتی و لاوان بەتایبەتی.

**2-دیلان :** لەشیعری( رووناکی)(1953) دا دەڵێت:

**پەروانە بەشەو چرا ببینێ**
**بۆ رووناکی یەکەی خۆی ئەسووتێنێ**
**یا گوڵی گەورەی گوڵە بەرۆژە**
**ئەزانی بۆچی هەر رووەو رۆژە**
**بائێمەش وەك ئەو گوڵو مێرووە**
**کەبۆ رووناکی و گەشە تینووە**
**بۆ گەشەی گوڵی سەربەستی و شادی**
**بۆ هەڵاهاتنی رۆژی ئازادی**
**ئێمەی بۆ بادەی رزگاری تینوو**
**ببین بەخەڵووز، ببین بەسووتوو..ل21--22**

ئەوەی دیلان مەبەستیەتی بیخاتەڕوو، خستنەگەڕی گیانی قوربانیدانە لای خەڵکی، لەڕێگەی وشەکانی(پەروانە،گوڵەبەرۆژە)وە، واتە ئێمە بووەتە ئایکۆنی لێکچوونی سەرەکی و دەیەوێت بڵێت ئەوەی کەمەبەستە، یان دەتەوێت

بەبێ قوربانیدانو ئازار نایەتە دی، بۆ ئەمەش دوو نموونەی هێناوەتەوە، گوڵە بەرۆژە کە بەدوای رۆژەوەیە، کە لەگەڵ رۆژدا کراوەو سەربەرزە، پەروانەش لەپێناو رووناکیدا خۆی دەکاتە قوربانی ئەو خواستەی، بەمەش لەسەر ئێمەیە کەئەو هێزی قوربانیدانەمان هەبێو لەپێناو سەربەستیدا سڵ لەهیچ کۆسپێك نەکەینەوە، ئەگەر بە قوربانیدانی گیانیش بێت، واتە دەیەوێت لە رێگەی ئەم ئایکۆنەوە ئەوە بەخوێنەر بڵێت، کە دەبێت هەوڵبدەیت و سڵ لە هیچ نەکەیتەوە، ئەگەر نەتەوەو نیشتمان عیشقی تۆ بێت، ئەوا نابێت هیچ شتێك ببێتە رێگر لەگەیشتن بەم ئاواتە، یان دەڵێت:

**ئەو پرشنگە گڕێکی سوور**

**ئەخاتە ناو ئاسمانی دوور**

**هەروەك گوڵی بەردی ناو ئاو**

**دەورو پشتی هەموو تەنراو**

**بەشەپۆلو دڕکی دڕ**

**بەزەلکاو و چقلی چڕ..ل73**

ئەگەرچی باس لەوڵاتی گواتیمالا دەکات،بەڵام پێیوایە ئەو پرشنگە گری سووری بڵاوکردوەتەوەو بووەتە پەیامی ئاشتیو ئازادیو رزگاربوون، بۆیە هەر خواستێکی لەم شێوەش دوژمنی زۆرەو دەورە دەدرێت، بۆیە پرشنگ لەلایەك دەبێتە ئیندێکس و لە هەمانکاتیشدا ئایکۆنەو وەك گوڵی ناو بەردی ناو ئاوی دەزانێت، کەبەچەندین دڕك دەورەدراوە، بەڵام دواجار ئەم پرشنگە دەبێتە هێزی رزگاری گەلو هێنانەدی دادی کۆمەڵایەتی، لەلایەکی تریشەوە گواتیمالاش دەبێتە ئایکۆنێك بۆ مەڵبەندی شۆڕش و کۆڕی تێکۆشان دژ بە داگیرکەران وەك ئەوەی ئەم مەڵبەندە گوتارێك بێت بۆ سەرجەم هاوشێوەکان بە نموونەی کورد.

3- **حەسیب قەرەداغی :** لەشیعرێکی بێناونیشاندا(1953/3/16)دا دەڵێت:

**من کەمەجنون بم رەفیقان لەیل ئەبێ لەیلا نەبێ؟**

**عەرزی کەن توو چاوی لەیلا لەیلێیی کەی وا ئەبێ؟**

**لاشەکەی خەستەو زەبوونم بوو بەکۆگای دەردو ئێش**

**پێم بڵێن توخوا خەزێنەی رەحمی ئەو کەی ڕا ئەبێ؟**

**من ئەوا عومرێکی زۆرە لێم نەبیست جارێ بەڵێ**

**عەرزی کەن توخوا هەتاکەی جوابی ئەو هەر نا ئەبێ؟**

**شەرتە من هەر چەشنی خۆم بم کەم نەکا مەیلی دڵم**

**خۆری ئەو گەر خۆشی گوم کا، خۆری من ئاوا نەبێ**

**فەرهەنگی غەم،ل273..**

شاعیر پەیوەندی خۆشەویستی لەیلاو مەجنون دێنێتەوە، کەعاشق و مەعشوقی راستەقینەی یەکتری بوون، بۆیە لەیلاو مەجنون دوو ئایکۆنی نوێنراوی سەرەکین، بەڵام بەپێچەوانەی ئەم دوانەوە لەیلی شاعیر لەیلا نییەو پرسیار لەوەش دەکات چۆن دەبێت مەجنون بەبێ لەیلا بێت، کەواتە لەیلا نەیتوانیوە لەیلایی بۆ شاعیر بکات، چونکە لەیلا هی کەسێکی ترەو ئەو خۆی بەخۆشەویستی شاعیر دانانێت، بۆیە وەڵامی هەرنایە، بەڵام شەیدای مەجنونی شاعیرە وایکردوە کەبەردەوام لای شاعیر ئامادەیەو هەمان روانینی بۆی هەیە، واتە لەیلی من لەیلاکەی مەجنون نییە، چونکە لەیلی من هەر زوو پەیامی خۆشەویستییەکەی شکاندوە، بەپێچەوانەی لەیلای مەجنون، کەواتە لەیلاو مەجنوون، بوونی پەیوەندێکی دوولایەنەی بەهێزە، بەشێوازێك ئامادەی قوربانیدانی گیانی تێدابێت وەك چۆن شاعیر تاك لایەنانە ئامادەیی قوربانیدان و لەبیرنەچوونەوەی یاری هەیە، بۆیە دواجار دەگاتە ئەو بڕیارەی کە ئەوەی هەڵیبژاردوە لەیلایی بۆ شاعیر ناکات، بەڵام شاعیر سورە لەسەر مەجنوونی خۆی، بۆیە دواجار خۆی دەکاتە ئایکۆنێك بۆ بەردەوامی و قوربانیدان و پەیمان شکاندن.

یان لەشیعری(لەیلی لەخۆیایی)(1955/2/2) دا دەڵێت:

**راستە من رووم نایە ئێستە خۆم نیشانت دەم بەڵام**
**قەت ئەوەم لێ ڕامەبینە تۆم لەبیر چێ نەونەمام**
**رێزت لێ ئەگرم هەمیشە ئەتپەرستم وەك خودام**
**تا هەناسەم تیا بێ شەرتە یادت پیرۆز بێ لەلام**
**داخەکەم ئیستە ئەوەی تۆ خۆشتەوێ من نیمو نیم**
**گفتوگۆو پەیمانی جاران هەر خەوێکی خۆش بوو دیم**
**گەرچی نۆ غونچەی دەست بووم دانرام وشکم رزیم**
**ئیستە باوی دەوڵەمەندە، لاتی وەك من بۆچ بژیم.**
**دیتنی ئەمڕۆم حەرامە لات وەکو سەودایە دیت**
**تۆ لە دڵما هەر ئەمێنی گەر بۆ ئاسمانیش بچیت**

**فەرهەنگی غەم،ل265..**

خودی ناوی(لەیلی) دەرخستنی ئەو پەیوەندیە خۆشەویستیەی نێوان لەیلو مەجنونمان بیردەخاتەوەو لەمەشەوە هەمان ئەو ئاکامەمان پێدەڵێت، کەئەگەرچی ئێستە لەیەکتری دابڕاون، بەڵام خۆشەویستی لای شاعیر هەمان پێگەی خۆی و تا ئاستی پەرستن هەیەو هیچ بەربەستێك ئەم خۆشەویستیەی کەم ناکاتەوە، تەنانەت مردنیشی خۆشەویستری دەکات، ئەگەرچی بەرامبەرەکەی بەهۆی جیاوازی چینایەتیەوە شاعیری پەراوێز خستووە، کەواتە خۆشەویستیە شێتانییەکەی وەك مەجنون تاك لایەنەو بەردەوامیشە، لەگەڵ ئەوەی یەکەم خۆشەویستت بووم، گوایە خۆشەویستی بۆ یەکەم خۆشەویستە، بەڵام بۆ ئەم وانەبوو، بۆیە ئیدی ئەوەی ئەمی خۆش دەوێت، شاعیر نییە.

راستە شیعرەکە بە لەیل دەست پێدەکات، بەڵام لەرێگەی ئایکۆنی نوێنراوی(لەخۆبایی)ەوە هەر زوو تێدەگەین، کە ئەم لەیلە لەیلاکەی مەجنوون نییە، لەگەڵ ئەم جیاوازەدا، هێزو رێژەی مەجنونی خودی بکەری شاعیر هاوشێوەی مەجنوونی لەیلایە، بۆیە لەبەرامیەر ئەم خۆشەویستییەدا ئایکۆنی پەرستنی خودایی هێناوەتەوە، لەبەرامبەر سستی لەیلێشدا لاتی

هێناوەتەوەو کردویەتییە هەژاری و بێدەسەڵاتی بۆ خودی شاعیر، بەمەش مەجنوونی شاعیر لەڕێگەی ئایکۆنی( لەخۆبایی)بوونەوە دەیەوێت هێزی بەرامبەری لەیل نیشان بدات کە لە رووی خۆشەویستی راستەقینەوە لاوازەو بەراوردناکرێت لەگەڵ لەیلای مەجنوون.

یاخود لەشیعری(ئەی گەل)(1955/11/25) دا دەڵێت:

**بەسیە وەك دەروێش‌و سۆفی هەر بڵێ شاهم مەدەد**

**نوستن و ناڵە بەدەرت سوودێ نابەخشێ ئەبەد**

**فەرهەنگی غەم،ل263..**

ئایکۆنییەتی ئەم دێرە لەوەدایە سۆفی‌و دەروێش بەبێ بیرکردنەوەو هۆشیاری شوێنی شێخ‌و سەیدی خۆیان دەکەون و هاواریان لێدەکەن و چاوەڕێن خواستەکانیان بۆ بهێننەدی، لەمەش خراپتر دەیانکەنە هۆکاری فریاکەوتن‌و بەدەنگەوە هاتن، بۆیە هاواریان لێدەکەن، ئەوەی گرنگە ئەم هاوارکردنەیە، چونکە نوستن‌و بێگابوون لەگەڵ ئەم ناڵەو هاوارکردنە هیچ ئەنجامێکی نابێت، واتە لە ئەنجامی ئەم بێئاگاییەی خۆتە کە پێتوایە ئەم هاوارو ناڵەناڵکردنە سودی دەبێت، ئەگینا لەبنچینەدا هیچ سودێکی نییە.

4- **نوری وەشتی:** لەشیعری(تۆی خۆشەویستی راستی)(1955/10/28 ) دا دەڵێت:

**بێ تۆ تاڵە بەری ژیانم**

**ناتەواوە گوزەرانم**

**برسیم، رووتم، دەربەدەرم**

**لەباخچەی ژینا بێبەرم**

**بێ تۆ کەمە هیوای زۆرم**

**رۆژم هەروەك شەوی تارە**

**گیان راوەستاوی ژێربارە**

**تۆی گول**

**تۆی بولبول**
**مایەی ژینی**
**ئێستا تۆ**
**خۆشەویستەکەم**
**بویتە هیوام ..ل5-660**

ئەم شیعرە خستنەرووی پەیوەندییەکی خۆشەویستیە، بۆیە تەواوی پێوەرەکانی ژیان، هیوا، ژین، رۆژ...تاد دەبەستێتەوە بەخۆشەویستەکەیەوەو خۆری ژیان بۆ شاعیر لەمەوە سەرچاوە دەگرێت، بەبێ یار ژیان پێچەوانە دەبێتەوە، بۆیە ئایکۆنەکانی( تاڵی بەری ژیان، برسی و رووتی، بێبەری......)ئەو رەهەندانە دەخەنەروو، کە ژیانی چەندێك خۆش بێت، بەبێ یار ژیانی تاڵەو گوزەرانی ناتەواوە، کە ئەمانەش هەبوون، ئیدی مرۆڤ رووت و رەجاڵەو شەو و رۆژ بۆ ئەم یەکسان دەبێت، بەپێچەوانەشەوە شەو بۆ ئەم ئارامیە تاوەکو رۆژ، دواجاریش ئایکۆنی( گوڵ، بولبول)ی هێناوەتەوەو دەیەوێت ئەوە پیشانبدات ئەوە یارە ژیانی بۆ خۆشەویست کردوەو بەدەمیەوە پێدەکەنێت و بە هیواوە دەژێت.

یاخود لەشیعری(سیل)(1957/3/14)دا دەڵێت:

**سوپای مردن**
**پیشەی لەگیان کردن**
**وەکو رێگر**
**لەپڕ**
**وەکو هار، ئەکەوێتە پەلامار**
**بەرامبەر جوانان**
**بەرامبەر گەنجان**
**روو بەهەژار**
**بەچەوساوەی شەوی تار..ل124**

لێرەدا شاعیر ئایکۆنەکانی( رێگری، هـار)ی بەرامبەر سوپای مردن بەکارهێناوە، بەوەی سیل لە هەر شوێنێکدا بڵاوبوویەوە، یان سەرهەڵبدات دەبێتە رێگرو ناهێڵێت خەڵکی بەسەلامەتی رزگاریان ببێت، لەمەش خراپتر چەندێك خەڵکی خۆپارێزی بکات، بەڵام سیفەتی هاری بەخشیوەتە سوپای مردن، کە هەڵگری هەمان مانای سیلەو دەکەوێتە پەلاماردانی بەرامبەرو چینە جیاوازەکان بەبێ گوێدانە کات و سات، بەتایبەتیش رووبەرووی هەژارەکان دەوەستێتەوە، کەواتە مەرگی هەژارەکانە.

5- **کامەران:** لەشیعری( تینوومە)( 1957)دا دەڵێت:

**ئەمڕۆ تینوومە...**

**زۆرم تینوە، هەروەك بیابان**

**لمی سوتاوم، تاسەی تاساوم**

**تینوون، بۆ نەختێك دڵۆپی باران**

**شۆڕشی لێشاو**

**با هەستێ بەتاو**

**بۆسەر قەڵاکەی سەختی، دەروونی ..ل65**

تینویەتی شاعیر لەو شێوە نائاساییەدا خستویەتیە روو، کە بەراوردی کردوە بە بیابان و بیابانیش بێئەندازەیە، واتە تینویەتی ناشکێ، تینویەتیش فیزیکی نییە، بەڵکو واتاییە کە بریتییە لە ئازادی، واتە چەندێك بیابان دوورە لە ئاو چ ئاوی سەر زەوی یان ژێرزەوی، بەهەمان شێوەش شاعیر دوورە لە ئازادی، ئەمەش پیشاندانی ئەو تامەزرۆ و دەرونییەی شاعیر بۆ نەهێشتنی ئەو نائومێدیەی کە سەرتاپای دەرونی داگیرکروە، واتە هێنانی ئایکۆنی تینویەتی بیابان، لمی سوتاو لەپێناو دەرخستنی ئاستو رادەی هەوڵدان بۆ سەرکەوتن بەسەر نائومێدەکاندا، واتە ئەگەرچی وشەی تینو کرۆکی مانای دەقەکەیە، بەڵام گرێدانی لەگەڵ بیابان کاری ئایکۆنەکە قورسترو کاریگەرتر دەکات وەك ئەوەی بیابان پاڵپشتێك بێت بۆ جۆری تینویەتی.

یان لەشیعری( فریشتە)(1957) دا دەڵێت:

**روومەتی وەك پەڕەی بێ گەرد**
**قژی خاو ئاوریشیمێکی زەرد**
**کوا شیعرێك ورد، خۆشو گەرم**
**وەك ئەندامی لەشی...نەرم**
**کەشین ئەپۆشێ وەك ساماڵ**
**وەك مانگە لەئاسۆی خەیاڵ**
**من هەرئەوەندەم لەدەست دێ**
**کەدێت وەك کەو تێ پەڕ ئەبێ**
**پێشکەشی کەم، یەك هەناسە**
**پڕ لەپەرستن، لەتاسە..ل80**

لێرەدا وێنەی جوانی کچێك دەخاتەڕوو، بەشێوازێك جوانییەکەی زۆر باڵا دەکات،و هاوسەنگی کردوە لەگەڵ فریشتەداو دەیەوێت ئەم سیفەتی بەفریشتەبوونەی بخاتەروو، بۆیە شاعیر لەئاکامدا ناتوانێت شیعرێك بنوسێت، بەئەندازەی کچەکە جوانو ناسك بێت، لەگەڵ ئەوەی ئەم شیعرەی نوسیوە، بەڵام کچەکە لەشیعرەکە باڵاترە و خوشی ئەم حەقیقەتەی خستوەتەروو، کەواتە ئایکۆنی فریشتەی هێناوەتەوە، بۆئەوەی ئاستی ناسکی و جوانی پەنجەو قژەزەردەکەی کچەکە بخاتەروو، چونکە قژی رەش قژێکی ئاسایی کچانە، هەرچی لەشیشیەتی شیعر ناتوانێت پیشانی بدات بەهۆی جوانی و درەوشانەوەیی، بۆیە هاوسەنگی دەکات لەگەڵ فریشتەدا.

یان لەشیعری( لافاو)(1957) دا دەڵێت:

**دیسان هەستی هۆنراوەی دڵ**
**وەکو مەنجەڵ هاتۆتە کوڵ**
**ئەمجارە دڵۆپی ئەسرین**
**ئەکەوێتە هەڵبەست چنین..ل86**

ئەگەرچی شیعرەکە بۆ لافاوەکەی شاری سلێمانی نوسراوە، بەڵام ئەو

ئایکۆنەی کەشاعیر لەبەرامبەر ئەم رووداوە خستویەتەڕوو، زۆر کاریگەرو وروژێنەرەو ئەمەش لە ئایکۆنی هێنانە کوڵی مەنجەڵدا خستوەتەڕوو، بەمەش واتە پەیوەستبوونی رۆحی شاعیر بەرروداوەکەوە، بۆیە نەیتوانیوە ئەم دەقەی بۆ نەنوسێت، یاخود هەر شاعیرێك پێویستە رووداوەکان بەگشتی کاریگەریو جێکەوتەی لەسەری دروستبکەنو هەڵوێستی خۆیان بخەنەڕوو، بۆیە زۆرجار زۆر رووداو هەن هیچ جێکەوتێك لەسەر شاعیر بەجێ ناهێڵین، کەواتە هەستی هۆنراوەی دڵ لەبەرامبەر رووداوەکەدا پڕ لە غەمەو ئازارو هەست و خوێندنەوەو دەربڕینی جیاوازەو لەوێنەی هاتنە کوڵی مەنجەڵدا بەئێمەی دەناسێنێت.

**6- کامل ژیر:** لەشیعری(بۆ ئەوانەی دوور نەبینن)(1957) دا دەڵێت:

**دواییتم دێتەبەرچاو**
**تەلار لێت ئەبێ بەداو**
**وەك کەوی قەفەس گیراو**
**شادیو سەربەستی بڕاو**
**خشڵا ئەبێتە زنجیر**
**لەدەست و پێت ئەبێ گیر**
**فرێیشی دەی ئەو شیرگیر**
**رووت تێ ئەکا وەکو تیر**

**نازەنین ل26..**

دەقە شیعریەکە باسکردنە لەشوکردنی کچێك بەپیاوێکی پیر، ئەمەش بەکارێکی هەڵەو نەفامانەی دادەنێ، بۆیە لەرێگەی ئەم هەنگاوە هەڵەیەوە، ئایندەی کچەکە دەخاتەڕوو، بەوەی ژیانی خۆش بریتی نییە لەخشڵو تەلار، چونکە زۆرجار خشڵو تەلار دەبنە بەڵاو تەوق، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەو ئایکۆنەیە کە دوای شوکردن گرفتەکە بەفرێدانی خشڵەکان چارەسەر ناکرێت، بەڵکو هەر تەوقێکە بەملەوە، ئەگەرچی وا دەریبخات کەدڵخۆشە، بۆیە

وشەكانی( تەلاری داو، كەوی قەفەس، تیر) ئەو ئایكۆنەن كە لەگەڵ خۆیاندا واتای دورییان هەڵگرتوە كە بریتیین لە پەشیمانی، بەندكراوی و سەربەست نەبوون.....تاد، دواجاریش هەموو ئەمانە وەك تانەو توانج بەردەوام لەگەڵ یدا دەژین و رووبەرووی دەبنەوە، بەوەی ژیانت لێتاڵدەكەن و لە خەڵكیت دادەبڕن، بەهۆی ئەو هەڵەیەی كە لەپێناو پارەدا جوانی فرۆشتوە.

یاخود : لەشیعری(هەڵەشە)(1957)دا دەڵێت:

**لەبار نەوی بێ هەڵسەنگان**

**وەك پاڵەوان!! نایە سەرشان!**

**بەرەو هەوراز رێ گرتەبەر**

**رێ سەخت بوو نەگەییە سەر**

**لەنیوەی رێ واقی وڕما!**

**لەگەرد و لوول لەوژەی با!**

**ورەی بەردا تاپەشۆ كا**

**كەوت و گلا، باری رژا!**

**دەست كەوتنی، بوو بەزیان**

**پێكەنینی: بوو بەگریان**

**چاوی سەرنج بخەرەكارلەهاتووی(باڕ)كرژكە دەمار**

**تاپێشێل و خۆشی نەكەی**

**بەبیری نوێ گۆشی نەمەی**

**نەیخەیتە كار نەیدەیتێ بار**

**تانەنەوێت..تكاو هاوار**

**نازەنین، ل41 ..**

ئەوەی گرنگە ئەوەیە خۆی وەك پاڵەوان پیشاندەدات و بڕیاربوو ئەو كۆڵە لەو هەورازە سەربخات، بەڵام دواجار لەبەر رێ سەختیو هەورازو نشێوی گەردەلولو با شكستیهێنا، كەواتە پاڵەوان لەبنچینەدا لەهێزدایەو

نەدەبوو بەئاسانی شکست بێنێت، بۆیە هەموو کارێك بەهێزو پاڵەوانییەتی ئەنجام نادرێت، یان نابێت لەبەرئەوەی وەك پاڵەوان خۆت پیشانبدەیت، ئەنجامت بخەیتە مەترسییەوە، بۆیە پاڵەوانی لەم دەقەدا لەبیرکردنەوەو عاقڵیدایە، شاعیر دەیەوێت بڵێت سەرخستنی ئەم رێبازە بەهێزی بازونابێتو لەم پێناوەشدا کورد چەندین جار شکستی خواردووە، کەواتە ئایکۆنی پاڵەوان کە ئاماژەی بەهێزی و رووبەرووبوونەوەو گەیشتنە ئامانجە، بەڵام لەم دەقەدا پیشاندانی لاوازییە نەك دەرخستنی ئازایەتی، بەواتا پاڵەوانی بیرکردنەو پلانە، خستنەگەڕی عەقڵ و کارکردنە بەم لۆژیکە، نەك جەستەو قەبارە.

### قۆناغی دووەم: 1958-1961

**1- کامەران:** لەشیعری(سروودی سەرکەوتن)(1958/7/15)دا شیعرێکە باس لەگڕوتینی سەرکەوتنی کۆماریە بەسەر پاشایەتیدا، بۆیە شاعیر داوای ئاوازیك دەکات کە خاوەن خاسیەتو تایبەتمەدی بێت وەك دەڵێت:

**بەستەی گەرم وەکو هەتاو**
**هی هەڵپەرکێ ی کۆڕی خوێناو**
**شیعرێ بێ ئاگراوی بێ**
**وەك چنگی گەل خوێناوی بێ**
**وەك قینی دڵ جۆشی تیابێ**
**یادی تاڵ و خۆشی تیابێ**
**ئەی باڵداری وردیلانە**
**رۆژێك بوو، ئەم نیشتمانە**
**مەزاتخانەی لەشو گیان بوو**
**بازاڕی غەمو گریان بوو..134**

شاعیر لە پێشەکییەکی کورتی شیعرەکەدا نوسیویەتی» هەرئەبوو شۆڕش بەرپابێت، بەڵام بەبیرما نەئەهات ئاوا کتوپڕو بەم شێوەیە ئەموت شۆڕش

ئەبێت، بەڵام خوێن ئەبێ لاشە بەرێت»108کەواتە ئەو بەستە گەرم و شیعرە ئاگراویەی شاعیر داوای دەکات کەوەك هەتاو، چنگی گەل خوێناوی، هەڵگری قینو یادی تاڵو خۆشی لەخۆگرتبێت، لەوەوە سەرچاوەی گرتوە کە ئەم نیشتمانەی ئێمە، پڕە لەقوربانیدانو زیندانیو کوشتن و...تاد، کەواتە وشەکانی( هەتاو، ئاگراوی، خوێناوی، جۆش، مەزاتخانە) دەبنە ئایکۆنی جیاجیاو هەڵگری مەدلولی جیاوازن، ئایکۆنی مەزاتخانەی لەش ئەو دەلالەتەمان دەداتێ گیانی رۆڵەی ئەم نیشتمانە لای دوژمن بێبایەخەو هەرزانفرش کراوە، بەوەی دوژمن بێبەزەییانە کەوتوەتە گیانی ئەم گەلەو خەڵکی لێ شەهید کردون، بۆیە تۆڵەسەندنەوەی ئەم تاوانە رەشانە، هێزی گەلی دەوێ، پاراستنی ئەم تاوانانەش ئەرکی پەیامی شیعرەکەیە، لەهەمانکاتیشدا یادەکان لەپێناو پشوی دەروونییدا، پێویستیان بەیادە خۆشەکانی نیشتمان دەبێت، ئەو مەبەستەی شاعیر دەیەوێت، دەبێت زۆر گەرم و گوڕبوویت وەك گەرمی هەتاو، واتە هێزی بزاوتن و خۆشی و ئارامی تێدابێت، لەگەڵ یدا مێژووی لەخۆگرتبێت، بۆئەوەی ئەم مێژوە بەناسراوی بمێنێتەوە، لەگەڵ یشیدا ئەو پەیامە بگەیەنێت کە هەموو تاڵی و ناخۆشییەك، سەرکەوتن نزیك دەکاتەوە.

2- **گۆران:** لە شیعری( بۆ سەربازی جمهووریمان)( ئەیلولی1958)دا ئەو ئایکۆنەمان دەداتێ، کە لاوان ئاسودەن، چونکە رۆژی تار نەماوەو دەبێت لەم قۆناغەدا لاوان ببنە هێزی بەرگری وڵات و شێری مەیدان بە بێ جیاوازی رەگەزو ئاین و....تاد، بەشێوازێك ئیدی ئیمپریالیزم کە هێزی ئاژاوەگێڕی و نەهێشتنی پێکەوە ژیان و مردنی ئاشتییە، بێهیوا ببێت، وەك دەڵێت:

**بڕۆ ئەی لاو،**
**وەك کوڕی پیاو،**
**بەرگی خاکی بکەرە بەر،**
**لە قوببەی ئاسمان بسوو سەر!**

**وێنەی شێری چەش بنوێنە،**
**دڵی دوژمن داخورپێنە**
**ئەی رۆڵەی کوردا!**
**ئیمپریالیست ئەو باوکەی مرد**
**کە برای عەرەب لەگەڵ تۆ**
**وەك جاران بکا رەنجەڕۆ!..ل301**

واتە هاتنی سیستمی کۆماری، ئەو هێزە دەروونییە دەبەخشێتە لاوان، کە بەگیانێکی بەهێزو شێر ئاساوە، بەرگی نیشتمان لەبەربکات و گیانی برایەتی بۆ ئیمپریالیزم بسەلمێنێت، چونکە بەمە هیواو ئومێدو پیلانەکانی هەڵدەوەشێننەوە.

**3-کامل ژیر:** شیعری(کوردستانی من)(1959)دا باسکردنە لەکوردستانو خەباتکردن بۆ رزگارکردنی، وەك دەڵێت:

**ئەمڕۆ ئەبینم نیشتمان**
**وەك گوڵاڵەی بەهاری جوان**
**گوڵی سوورو چاوی گەشە**
**تومەز بیرێکی بێ خەشە**
**تیا بڵاوەو ئەڵێ: دەی زوو**
**بۆ کوردسانی یەکگرتوو**
**هەڵبەستەکان ل32..**

شاعیر سوری و چاوگەشی نیشتمانو گەشانەوەی وەك گوڵاڵەی بەهار، لەوەوە نییە کەهەواڵێکی خۆش، یان دیمەنی جوانی پیشانبدات، بەڵکو لەوەوەیە لەبنچینەدا کوردستان ئەمڕۆ بووەتە بیرێکی پاك و تەواو وبێغەش، کە خۆی لەداخوازی کوردستانێکی یەکگرتودا دەبینێتەوە، بەواتایەکی تر گوڵاڵەی بەهاری جوان ئاماژەی زیندویەتی و پاکی و جوانی و بەهارە، بەڵام

ئەو بەهارەی کە لە ئەنجامی بەخشینی چەندین قوربانی بەرهەمهاتوە، بەهۆشیەوە کوردستان لە سیستمی پاشایەتی رزگاری بووەو بووژاوەتەوە، بۆیە نیشتمان ئایکۆنێکە ئەو ئاماژانەمان پێدەبەخشێت، کە واتای یەکگرتویی گەل، خەبات، پاکی و هوشیاری دەگەیەنێت.

یاخود لەشیعری (گۆرانیی جەژن،1958)دا دەڵێت:

**بۆ بەرگری وڵاتمان**

**وەکو کاوەی قارەمان**

**نەڕە کوردین، جەنگاوەر،**

**شەڕکەرین، بەڵام شەڕکەر!!**

**هەڵبەستەکان ل28 ..**

رادەی بەرگری و بەهێزی جەنگاوەری کورد، پەیوەست دەکاتەوە بەو ئازایەتیو جەنگاوەریەی، کە کاوەی ئاسنگەری پێناسراوە، بۆیە لێرەدا لای شاعیر کاوەی ئاسنگەر ئایکۆنێکە هێزو بەرگری وتۆڵەسەندنەوەمان بیردەخاتەوە، چونکە کاوە توانی شۆڕشێك لەدژی دەسەڵاتو دیکتاتۆری بەرپا بکات و پۆتانێك بۆ رازینەبوون بە دیکتاتۆری و زاڵمی دابنێت، لەهەمانکاتیشدا شاعیر وڵات دەکاتە ئەو هێزەی، کە کوردان لەسەر قوربانیدان کۆدەکاتەوەو ئەو ناسنامەی، کە لە مێژە بەجەنگاوەر ناسراوە، دیسانەوە لێرە بیخاتەوەروو، کەواتە کورد خاوەن ئیرادەو هێزو بازوی شەڕکردنەو کەی بیەوێت دەتوانێت شکست بەزاڵمان بهێنێت.

4- **گۆران :** لەشیعری (بەرێگادا بەرەو کۆنفراس) (1960) دا دەڵێت:

**نەوەی شیرکۆ : سەلاحەدین**

**پاڵەوانی غەزای رێی دین!**

**ئەوەی بۆ پاسی قەڵای قودس**

**وەك بەردی رووی شوورا، بێ ترس،**

**لەبەرشیرو تیرا وەستا**

**تادەنگی(هەی ئامان!) هەستا ..ل313**

ئەگەرچی شیعرەکە لەلایەك باسکردنە لە رزگارکردنی قودس، لەلایەکی تریشەوە باسکرنە لە ناوچە جیاوازەکانی رێگای چـوون بۆ شەقڵاوە، لەهەمانکاتیشدا باسکردنە لە خەبات و هەوڵدان و شاعیر دەیەوێت ئەو پاڵەوانیو بەهێزیەی کورد بەدرێژایی مێژوو پیشانبدات، کە لەرێگە جیاوازەکاندا، ئەمەش بۆ ئەوەیە کەکورد ئەوەی مەبەستی بێت دەتوانێت بیکات، بەهۆی ئەو ئیرادە بەهێزەی کەهەیەتی، هەروەك چۆن توانی قودس رزگاربکات، رزگارکردنی قوس پاش ئەو هەموو شکستەی هێزی موسڵمانەکان بەگشتی و عـەرەب بەتایبەتی هات، تاوەکو سەلاحەدینی ئەیوبی هات قودسی رزگارکرد، ئەم سەرکەوتنەی سەلاحەدینیش بۆ ئەو خۆراگریەی هێزەکەی و لەناویشیاندا کورد دەگەڕێتەوە کە وەك قەڵای پۆڵایین بەڕووی شیری دەژمندا وەستاونەتەوە، نەوەی شێرکۆو سەلاحەدین هێزی ئایکۆنی لەوەدایە، کە کورد وەك بەردی شورا خراوەتەروو، ئەمەش واتە قەڵغان و هێزی رووبەرووبوونەوە، بەرەنگاری و بەرگری، ئەمەش ئەوەندەی تر جوانی بەدەقەکە بەخشیوە.

**5-دیـلان:** لەشیعری(رەشەبادا)(1960) باسی لەرەشەبایەك دەکات، ئەگەرچی وەك هێزێکی دیکتاتۆر پیشانیدەدات، بەڵام لەهەمانکاتیشدا دەڵێت:

**کەچی هەی هوو**
**هەی ڕەشەی رەشەبا وەك(فوو)**
**یا وەك(کەفی) کوڵی هەڵچوو**
**وەك(سەرابی) دەشتی خواروو**
**هەرچی بڵێ...بەوێنەی بڵقی سابوونە**
**«خێرابوون» زوو لەناوچوونە!..ل123**

ئەوەی جێگەی تێڕامانە بەراوردکردنی ڕەشەبایە بە(فوو، کەف،سەراب، بڵقی سابوون) کەهەر چواریان تەنها هــەوان، وێنەیەکی بێکردارین، لەگەڵ ئــەوەی ڕەشەبا خــاوەن هێزو کاریگەریو وێرانکاریە، بۆیە ئەم ئایکۆنانە(هەڕەشە) وەك چاوترسان و دەرخستنی هێزی فشارو(فوو، کەف،سەراب، بڵقی سابوون) ئەو ئاماژەمان پێدەڵێن، کە هێزێکی ناوەڕۆك فشەڵ و بێکاریگەرەو بە کەمترین بەرەنگاربوونەوە لەناودەچن، بۆیە ڕەشەباکەش تەنها هێزێکی ترسێنەری هەستپێکراویە، بەڵام خاوەن بنەمایەکی فشەڵە، چونکە هەلومەرجی زەمەنەکە ئەمەی بەرهەمهێناوە، ئەمەش واتە بەخشینەوەی هیواو ئومێد بەتاکەکان و ئایندەی کۆمەڵگە.

## قۆناغی سێیەم : 1961-1970

**1- گۆران:** لە شیعری( چیرۆکی برایەتی)( تشرینی یەکەمی 1961) دا ئەو ئایکۆنەمان دەداتێ، کە زۆردار ویستویەتی قۆناغی برایەتی و پێکەوە ژیان نەهێڵێت و ئەم برایەتییە بسڕێتەوەو لە ناخی خەڵکیدا تۆوی دووبەرەکی و ڕق و تۆڵەسەندنەوە بچێنێت، بۆیە هەموو ڕێگەیەکی گرتوەتەبەر، تاوەکو خەڵکی بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، لەبەرئەمە لەڕێگەی ئایکۆنەکانی(باوك کوژراو، زۆردار، مار)ەوە دەیەوێت ئەوە بخاتەروو، کە ئەم قۆناغە بۆ کورد قۆناغێکی دژوار بووە، چونکە دیسانەوە قۆناغی قوربانیدان دەستی پێکردوە، سەردەمی ئەژدەهاك هاتووەتەوە ناوەوە، بۆیە دەبێت چاوەڕێی هەموو شتێك بکەین، لەبەرئەوەی زۆردار خاوەنی سیفەت و خاسیەتی زوڵم و کوشتن و نادادیەو بە ناوهێنانی زۆردار لای هەریەکەمان ئەم وێنانەمان بۆ دروستدەبێت، وەك دەڵێـت:

**بە جووت هەردوو باوك کوژراو،**

**تك، تك.. خەممان تکا لە چاو،**

**دەست لەمل، بەسەر یەکترا**
**گریان کردینی بە برا**
**بەڵام زۆردار**
**کەللەی پڕبوو بۆمان لە مار**
**ئای لەژێر قورسایی بارا**
**ئارەقی ناوچاومان سڕی..ل320**

بەڵام لەپێناو بەردەوامی ئەم برایەتییەدا، کۆمەڵێك مەرج دادەنێت و دەیەوێت لەرێگەی ئایکۆنی لێکچوونەوە، دەرئەنجامی بەردەوامییمان پێبڵت، کە بریتییە لە باخچەی بەهار، چونکە باخچەی بەهار واتە جوانی و زیندویەتی و ئارامی و پێکەوە ژیان و ئاشتی، وەك دەڵێت:

**ئمانەوێ براییمان**
**میوەی شیرین بچنێ لە دار،**
**گوڵ بگرێ وەك باخچەی بەهار**
**ئەبێ: وەکو گەلانی تر**
**گڕی سپیی باڵی کۆتر**
**بۆ کام لا ئەبڕێ ئاسۆی شین،**
**سواری یەکیەتیی وشە بین..ل323**

هەروەها لەشیعری(بۆ لاوان)(1962) دا دەڵێت:

**وەك درێژیو رووناکی**
**شەبەقی،**
**مێشکتان پڕە لەبیر**
**وێنەی گوڵی زەمەقی**
**دڵتان پڕ لەپاکی**
**ئەی لاوان**
**کچان، کوڕانی رووی ئەرز!**

**باگۆرانیتان ئاسمان**
**کەڕ کات بەشەپۆلی بەرز!**
**بەسەد زمانی جیاجیا،**
**وەکو هەور بگرمینن**
**یەکیەتیی لاوانی دنیا**
**بەهەموو کەس بنوێنن!**
**بائەوانەی لەشەڕا**
**بزانن**
**چەك هەڵناگرێ لەبرا**
**هیچ لاوێ شەڕی ناوێ**
**هێزی ئاشتیو برایی**
**یەکی خستون لەباکور**
**وەك چەپکە گوڵی شایی**
**سپیو رەشو زەردو سوور**
**تێکەڵا بوون**
**بائەو چەکەی پێیانە**
**فڕێی دەنە بن دەریا**
**تا دنیا**
**داخەکەی هێروشیما**
**سارێژ ببێ لەدڵیا..ل330-321**

شیعرەکە باسکردنە لەو یەك هەڵوێستیو یەکبوونەی لاوان، کە لەکۆنفرانسێکی جیهانیدا کۆبوونەتەوەو تێیدا لاوان زۆر هۆشیارو بیرکراوەو پاك دەریاندەخات، ئەم بنەمایەش لەسەر هێزی ئاشتیو برایەتی بنیادنراوە، ئەمەش لەوەوە سەرچاوەدەگرێت، کە دژی شەڕنو داوای نەمانی چەكو فڕێدانی دەکەن، بۆئەوەی ئاشتی باڵ بەسەر جیهاندا بگرێت، ئەمەش خۆی لە ئایکۆنەکانی( درێژی و روناکی شەبەق، پڕی مێشك، دڵ پڕ لە پاکی،، چەك هەڵنەگرتن، چەپکە گوڵ، بن دەریا) کەواتە لاوان بیرکردنەوەیان جیاوازە، دەتوانن پێکەوە

بژین، دەیانەوێ ئایندەیەکی نوێ بنیادبنێن، ئەمەش لە هێزی فڕێدانی چەك لە بن دەریادا خستوەتەروو، کە ئیدی چەکەکان نە دەردەهێنرێنەوە، ئەگەر دەریش بهێنرێتەوە ژەنگیان گرتوەو بۆ هەمیشە بێدەنگ کراون، بەواتایەکی دی دەیەوێت بڵێت، لەئەنجامی پڕی بیرو یەکیەتییان، هۆکاری هەڵنەگرتنی چەکن بەرامبەر برای خۆیان، هوشیاری و جیاوازی ئەم نەوەیە لەپێش خۆی وایکردوە کە لاوان شەڕناکەن و ئاشتی خوازن.

2- **شێرکۆ بێکەس:** لەشیعری(دارئەخەوان)(1962) دا هەرچەند باسکردنە لەرابردوی شاری سلێمانیو ئارییاییەکانو ئەو مەردایەتیەی کەبەدرێژایی مێژوو نواندویانە، بەڵام دواجار قۆناغی زوڵمکردن لەم شارەدا دەستپێدەکاتەوە، بەمەش چۆنییەتی ئەو زوڵمە پیشاندەدات، کە عوسمانییەکان وەك عوسمانی و نوێنەری زاڵمان بەرامبەر بەم شارە کردویانە، ئەمەشی لەرێگەی ئایکۆنی جیاوازەوە ڕووندەکاتەوە، وەك دەڵێت:

**لەبیرێتی کەپۆستاڵی**
**چەندرمەکان**
**پێ شیلی کرد چەند منالّی**
**گڕوگاڵی**
**ساوای ژیان**
**لەبیرێتی کەچۆن دوژمن**
**وەك شێت و هار**
**کەوتنە شاڵاوی پەلامار**
**بۆ خوێن ڕشتن**
**تاڵان کردن**
**لەلادێ و شار**
**لقی سووتاوی ئەرخەوان**
**بوو بە تانەی خەمی کوردان**
**لەسەرچاوان**

**..تریفەی هەڵبەست،ل34**

ئەوەی جێگەی سەرەنجە، ئەو دەرخستن و روانینە وردەی شاعیرە لەبارەی گیانی تاوانکردن بەرامبەر بەکورد، بەمنداڵ و ژن و گەورەو ئەو تاڵانکردنەی کەبەرامبەر بەهەموو خەڵکی کوردستان کردویانە، واتە بەدەر لە هەموو پرەنسیپەکانی مرۆڤایەتی پەلاماریان داوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە دەخاتەڕوو، کەبەردەوام پایزو زستان نییەو بەهاریش هەیە، بەهاریش کە دەستپێکرد هەموو شتێك رادەماڵێ، بۆیە لەم دەقەدا ئایکۆنەکانی(پۆستاڵی جەندرمە،شێت و هاری، تاڵانی، سوتانی دارئەرخەوان..تاد) ئەو ئاماژانەن کە عوسمانییەکان چەندین دڕندەییان بەرامبەر کوردو قڕکردنی ئەنجامداوە، چونکە جەندرمە، واتە کورد کوشتن تاڵانکردن، سوتاندن،دڕندەیی، بەڵام کوردو کوردستان تەواوکەرو تەواوکراوی یەکترین و هەرگیز بەبێ یەکتری ناژین، لەهەمانکاتیشدا ئەوەندە بەیەکدا رۆچوون، هیچ تاوانێك ناتوانێت لە یەکتریان دابڕێت، بۆیە دەڵێت:

**بەڵام کاتێ کە بەهاری**
**لادێ و شاری**
**کەوتنە گەشە بوژانەوە**
**داری روتەڵ ڕوانەوە**
**وەکو جاران**
**سەوز بۆوە ئەرخەوانی**
**سەر گومەزەکەی بابانی**
**گردی سەیوان**
**ئەوساکە دوژمن پێی زانی،**
**رەگی ئەو دار ئەرخەوانە**
**بنجی قووڵی وەك ژیانە**

**..تریفەی هەڵبەست، ل35**

بەمەش ئایکۆنی بەهار، واتە ژیانەوەو زیندویەتی، گەشانەوە، ئەرخەوانیش واتە ژیان، بەهێزی، مێژوو، واتە ئەوەمان پێدەڵێت، کە کورد خاوەن مێژوویەکی

دوورودرێژو هێزی بەرەنگاری و قوربانیدایە، بۆیە بەم شاڵاوانە ناسرێتەوە.

3- **حەسیب قەرەداغی:** لەشیعری(ئەی شــارەکــەم)(1967/7/30)دا کە پێشکەشی شاری سلێمانی برینداری کـردوە، لەرێگەی ئەمەشەوە تاسەو خۆشەویستی خوی بەوپەڕی راستگۆییو گەرمییەوە بۆ دەردەبڕێت، بۆیە لەپێناو ئەم دەربڕینەشدا، ئایکۆنی لێچونی وەك(ژیان، ئاوی روونی کانیو گوڵی پشکوتی بەیانی.....تاد) بەکارهێناوە، هەموو ئەمانەش ئەو پەیوەستبوونو تەواوکەرو تەوارکاریەی ژیان پیشاندەدات، کەئەم دوو جەمسەرە بەیەکتری دەبەخشن، واتە جوتیاری داس بەدەست، واتە کار، ژیان، هێز، قبوڵنەکردنی هەژاری، سەربەرزی و ملدانەدان بۆ نامەرد، یاخود کریکاری بەهەوڵ و هەست، نیشانەو ئایکۆنی کارو خزمەتو دڵسۆزیە، یان پەڵەی گەنمی پڕدان، واتە بەبەرەکەتی، هیواو دەوڵەمەندی، یاخود نانی باوەشی شوان، واتە ئەمان، ژیان، کەواتە کۆی گشتی سلێمانی لای شاعیر بریتییە لە بوون و سەرچاوەی ژیان و کۆی گشتی جوانی و قوربانیدانەکان، وەك دەڵێت:

**خۆشم ئەوێی وەکو ژیان**
**بەدڵ، بەگیان....**
**وەکو زەردەی دەمەوبەیان،**
**وەکو ئاوی روونی کانی،**
**گوڵی پشکووتووی بەیانی،**
**وەك لێوی ئاڵ**
**وەك چاوی کاڵ**
**وەك جوتیاری داس بەدەست**
**کرێکاری بەهەوڵو هەست**
**وەکو پەڵەی گەنمی پڕدان**
**وەکو نانی باوەشی شوان**
**وەکو هەموو شتێکی جوان**

**..فەرهەنگی غەم1،ل405**

4- **کامەران موکری:** لەشیعری(مۆم)( 1968) دا دەیەوێت پەیوەندی خۆی و شیعر دەربخات، کە پەیوەندییێکی گیانی و دەروونییە،و لەم پێناوەشدا دەیەوێت لەڕێگەی توانەوەو قوربانیدانی مۆمەوە بیخاتەروو، بۆ ئەم مەبەستەش ئایکۆنی لێکچوونی جیاوازی لە بەرامبەر شیعردا بەکارهێناوە، دەڵێت:

**خۆزگە ئەمتوانی شیعری وام**
**ئەووت پڕی بوایە لەتام**
**شیعرێ بێ لەعەزرەتا خۆم**
**بتوێمەوە هەروەکو مۆم**
**خۆزگە یەك هۆنراوەم ئەوت**
**وەکو خۆم بوایە کتومت**
**وەك دڵی خۆم وەك دەروونم**
**وەکو هەستی پاكو روونم**
**ئاخ چەند لە دەمارم ئەخۆم**
**هۆنراوە من سوتاوی تۆم**
**ناتوانم دەست هەڵگرم لێت**
**ناشتوانم بڕۆم پێ بە پێت..ل238**

ئایکۆنی توانەوە وەك مۆم، واتە خۆکردنە قوربانی لە پێناو ئەوانی تردا، واتە سودمەندبوون و ژیان بۆ دەوروبەر، هەرچی هۆنراوە و دڵ و خودی شاعیریش ئەو ئایکۆنەن، کە دڵی شاعیر لانەی شیعرو خۆشەویستی و هەست پاکییە بەرامبەر دەوروبەر، شاعیر دەیەوێت شاعیریەتی بخاتە روو، چونکە شاعیرە، بەڵام شیعرێك بێت خاوەن تایبەتمەندی خۆی بێت، یان خۆزگەی توانینی نوسین شیعر دەخوازێت، هەموو شتێ لەپێناو چێژی خۆشیدایە، بۆیە شاعیر بەراوردی شیعر بەخۆی دەکات، بەوەی شیعرێك بێت وەك خۆی پەیامداربێت بەراستگۆیی، پاکی... تاد، بەشێوازیك بەهۆی بوونی ئەم سیفەتانە لەناو شیعرەکەدا، خۆی شەرمی لەو هەڵویستانە بکردایە، بەڵام نەیتوانیوە،

چونکە لەشیعردا ناتوانرێت نەپەیامداریو نەچاکیو پاکی....تاد، بەرجەستە بکرێت، چونکە شیعر بریتییە لەدنیای جوانیو ئیستاتیکای دەق.

یان لەشیعری(تەلار)(1969)دا ئایکۆنی ئـاواتو لەدەست چوونی دەهێنێتەوە، ئەمەش واتە گەڕانەوە بۆ خاڵی سفری ناخۆشییەکان، چونکە لە کیسچوونەکەی بەدەستی خۆی نەبووەو وەك خەو دەیخاتەروو، دواتر بـەراودی دەکات بەیارو باڵدار، لەکۆی ئەم بەراوردکردنەشدا دەیەوێت بڵێت زوو ئاواتیکم هەبووە، هەروەکو خەوێکی خۆش بووەو کاتەکەی بەسەرچووە، خەوی خۆش زەمەنی کورتەو لەبیرناچێتەوە، ئەم ئاواتەو خەوە خۆشەی یارێکی بووە زۆر پێوەی پەیوەست بووە، تائێرە شتێکی ئاساییەوە، بەهۆی دورکەوتنەوەو دابڕانەوە، ئەم پەیوەندیە دروستبووە، بەڵام ئەوەی ئەم دەقەی جوانکردوەو لێکدانەوەکەی بەهێزکردوە ئەوەیە، دابڕانەکە ناسروشتیەو کچە لەبەر کۆشكو تەلار دەستی لەشاعیر هەڵگرتوە، ئەمەش واتە ئاستەمە بەئاسانی بگەڕێتەوە، شاعیر یاری چواندوە بەباڵدار، فڕینی باڵداریش واتە دوورکەوتنەوەو دابڕان، واتە ئازادی لای مەل و خەم لای خاوەنەکەی، بەڵام لەئاکامدا مەل بۆی گریاوە، چونکە فڕینەکەی بەهۆی چاویەوە بووە، نەك عەقڵیو سەرئەنجام پەشیمانی دەردەبڕێ، بەڵام شاعیر ناگری، چونکە ویژدانی ئاسودەیە، لەهەمانکاتیشدا بۆ سەلماندنی خۆشەویستی راستەقینەی شاعیر سەردەخاتەسەر ئەژنۆی، کە وێنەی ئایکۆنییەو ئاماژەی جۆش دامانە بۆ ئەم حاڵەتەی یارەکەی، وەك دەڵێت:

**من ئاواتێکم هەبوو زوو**
**وەك خەوی خۆش لەدەستم چوو**
**یارێکم هەبوو، وەك باڵدار**
**فڕی بۆ ناو کۆشكو تەلار**
**مەل بۆم گریا نەگریام خۆم**
**سەرم نەنایە سەر ئەژنۆم**
**ئەی گولی گەشاوەی بەهار**
**با تۆ ماچ کەم لەجیاتی یار..ل241**

**5- لەتیف هەڵمەت:** لەشیعری(ناونیشان)(1968)دا کوردستان بەشارێکی زیندو و بەردەوام دەچوێنێتو وایدەبینێت کەکوردستان لەگەڵ گەردوندا بەردەوامو زیندوە، ئەم زیندومانەوەی تەنها بۆ خودا دروستە، ئەم وەسفە بەرزراگرگرتنی کوردستانە تائاستێکی زۆر، بۆیە خۆی و کوردستان بەیەکەوە پەیوەستدەکات و هەردووکیشیان زیندویەتی پێبەخشیون، کە بریتییە لە زیندویەتی وشەو ئاسمان، خاسیەتی وشەو ئاسمانیش هەتاهەتایی و نەمریە، کەواتە(وشە، ئاسمان) دوو ئایکۆنن و دەلالەتی بەرزی و بەردەوامی و مانەوە لەگەڵ گەردوندا پێدەبەخشێت، وەك دەڵێت:

**نەمن مردووم**
**نەکوردستان گۆڕستانە**
**من هەر زیندوم**
**تاسەر زیندوم**
**وەکو وشە**
**وەکو ئاسمان..ل25**

لەراستیدا ئەم بەردەوام بەخشینە لەوەوە سەرچاوەی گرتوە، کە کوردستان بەدرێژایی مێژوو و رووبەرووی زوڵم و زۆرو کاولکاری سوتانو ئەنفال.. تاد بووەتەوە، بۆیە لە زۆری ئەم تاوانانەو خۆڕاگری کوردستان سیفەتی بەردەوامییەتی بەخشیوەتە کوردستان، لەم پێناوەشدا ئایکۆنی(داربەڕوو) کە نیشانەی خۆڕاگرییەو داستان و سوتانی( زەلی زنج، دیـوار، بزمار) ی بەکارهێناوە، بۆئەوەی ئایکۆنە سەرەکی و بەهێزەکەمان پێبڵێت کە( خۆیەتی) بەوەی هێزی دەروونی و باوەڕی لەتیف هەڵمەت هێزی کۆڵنەدان و بەردەوامی و مانەوەیە لە وڵاتدا، وەك دەڵێت:

**کام دار بەرووم زۆربتەوە**
**هەڵئەکێشرێ لەبێخ و بنج**
**کام دارستانم جێی خەوە**
**ئەسوتێ وەك زەلی زنج**

**دارو بەردی زۆر کۆشکی قنج**
**لەوانەیە**
**هەموو ساتێکی ئەم ژینە**
**لێم راپەری وەکو کینە**
**وەکو دیوار**
**دڵ بسمێ وەکو بزمار**
**بەڵام هەرگیز هێزی زۆردار**
**ئەم وڵاتەم پێ چۆڵ ناکات..ل26**

لەگەڵ ئەمەشدا جەخت لەسەر مانەوەی کوردستان وەك ئەوەی کە چۆن ماوە، مانەوەش نیشانەی بوونییەتی مێژوو، بەهێزی و نەسرەوتنە وەك ئەو شاخانەی کە هەر لەسەرەتای مێژووەوە تاوەکو ئەمڕۆ، بوونەتە پشت و پەنای کورد، وەك دەڵێت:

**ئەم نەخشەیەی کەتیا ئەژیم**
**ئەو سنورەی کەکێشراوە**
**هەر ئەمێنێ وەکو ماوە**
**هەڵناوەشێ بەهیچ هێزێ**
**وەك شاخەکان..ل28**

**6- ئەنوەر شاکەلی:** لەشیعری(مردنی شــازادە)(1969/10/18) کە کۆی گشتی شیعرەکە بریتییە لەمردنی خەوێك لەشوشەداو پاش شکاندنی، دەبێتە هەڵبەستێکی جوان، کە خودی ئەم شیعرەیە، خودی ئەو خەونەش بەدیمەنیکی جوان دەیخاتەڕوو، بەوەی ئێوارەیەك بووە دوا فرمێسکی کچێکی شەنگ رژاوەو، ئەوەی ئەم دەقەی جوان کردوە ئەو ئایکۆنانەن کە لە( شوشەی پاش گەردەلول،گەردی خەست،تۆزی سور،ئازاری دڵداری...) خستونییەتە روو، کە هەریەکە لەمانە هەڵگری ماناو دەلالەتی جیاوازو تایبەتی خۆیانن،وەك دەڵێت:

ئێوارە بوو...
دوا فرمێسکی کچێکی شەنگ
رژایە سەر تەرمی خنکاوی لەبیرچوون
دیوارەکان، مناڵەکانی سەرشەقام
وەکو شوشەی پاش گەردەلوول
گەردێکی خەست
تۆزیکی سوور
وەکو ئازاری دڵداری
بەسەریانا ورد ئەباری
لەناکاوا وەکو شووشە شکاندمی
ئەزانن کێ بوونی منی وا لەناوبرد؟
وەکو شوشە شکاندنی ؟؟
وەکو شەوی فێنك خۆشە،
رەشە وەکو شەوی ئازار
خەوێکی زۆر شیرینم بوو لەشوشەدا
ئەژیا وەکو شازادەیەك
بردی، دزی
شوشەکەشی بۆ نەهێشتم
شکاندی،
بوو بەفەرهەنگی هەڵبەستی جوان

..پرۆژەی کودەتایەکی نهێنی، ل11

ئایکۆنی شوشەی پاش گەردەلوول واتە سەرگەردانی کردن، شکاندنی شوشەش واتە رووخان و شکاندنی دەروون، ئەمەش واتە نەگەڕانەوە بۆ دۆخی ئاسایی.

7- **عەبدوڵلا پەشێو:** لەشیعری(دەنگێك لەكوردستانەوە)(1969/12/5) یەكێكە لەو شیعرانەی لەگەڵ ئەوەی شاعیر كوردستانی گەورەی بەبەندیخانەیەك داناوە، ئەم ئایكۆنەش لەوەوە سەرچاوەی گرتوە، كە كورد دۆستی نییە، لەهەر چوار لاوە بەدوژمن بەستراوەو ناهێڵین كوردان نەدەنگ و نە ڕەنگیان هەبێت، لەهەمانكاتیشدا ئەوە دەخاتەڕوو، دەیەوێت وەك كوردێكو بەجلی كوردیەوە لەچیاكانی فەلەستین بەشداری شەڕكردن بكات و دژی ئەوانەی ژنو منداڵاو پیر لەمزگەوتو كلێساكان دەكوژن، بەڵام شاعیر ئەوەش بیردێنێتەوە كەبەهەمان شێوە كورد لەگەڵ ئەو هەموو زوڵمانەی كەلێكیراوەو ئەو سانسۆرەی كەخراوەتە سەری، بەڵام هەر دەنگ و رەنگی خۆی دەگەیەنێت، بۆیە بۆ ئەم زیندوڕاگرتنە لە ئایكۆنەكانی(داستانی سەلاحەدین، بوومەلەرزە،فەرتەنە، دابەشكردنی كوردستان، خەرمان، چەك هەڵگرتنی كورد بۆ ژیان)دا دەبنرێت، كەواتە دەیەوێت ئەوە راگەیەنێت، كورد دەتوانێت ئەو دەستانە ببڕێت، دەیانەوێت وڵاتانی تر داگیربكەن، وەك چۆن قودسی بۆ عەرەب رزگاركرد، بەڵام ئەمڕۆ بەهۆی داگیربوونی خۆی و دوژمنانی دەوروبەری بە خەرمانی جوتیاری چواندوە، جگە لە پاشماوەی دانەكەی هیچی تری بۆ نامێنێتەوە، بۆیە ئەمڕۆ خەبات لەپێناو كوردستاندا دەكات، وەك دەڵێت:

**چەند حەزئەكەم**
**بژیێنمەوە، داستانەكەی سەلاحەدین**
**دیسان... وەكو بومەلەرزە**
**راچڵەكێنم دڵی زەمین**
**تاو بسێنم وەك فەرتەنە**
**لەسەر لێوی،خاچ پەرستان**
**ریشەكێش كەم، زەردەخەنە!**
**بەڵام چی بكەم**
**خۆشم ئەمڕۆ وا دەست بەستەم**

**داگیرکەران لەچوار لاوە**
**ناهێڵن بجوولێ جەستەم**
**هەرچەند ئەمڕۆ، دەنگ هەڵبڕم،**
**دەنگم نییە**
**کوردستانی گەورەو مەزن**
**وەك خەرمانی جوتیاری کورد**
**بەشکراوە**
**بەڵام پەیمان**
**هەزار پەیمان**
**لەدوارۆژا**
**کەخۆم بینی**
**لەسێبەری کوردستانی رزگار بووما**
**لەکەی دیلی سڕاوەتەوە لەرووما؟**
**ئەوسا... منیش**
**وەك کوردێکی،خاوەن گیان**
**چەك هەڵگرم**
**بۆ هەر کەسێك بڵێ: ژیان ..ل109**

## قۆناغی چوارەم 1970-1975

**1- سوارەی ئیلخانیزادە:** لەشیعری(تۆ دەریامی)( 1972) دەیەوێت ئەو(کچ)ە بکاتە هێزو ژیانی خۆی، دەریاش خاوەن خاسیەتی توڕەیی‌و بێدەنگی‌و نهێنی‌و شاراوەیی، قووڵی و رامان...تاد، بۆیە ئەمیش یاری بەدەریا دەچوێنێ‌و کۆمەڵێك خاسیەت‌و تایبەتمەندی دەریای بۆ هەڵبژاردوە، لەوانە شەپۆل، توڕەیی جاربەجار، یان رۆح سوکی، کەواتە ئایکۆنی دەریا ئایکۆنێکە

هەڵگری یان لەخۆگری چەندین روانیین و وێنەی جیاوازەو بۆ شاعیر بووەتە هیواو ئارامی و حەوانەوە، لەگەڵ ئەوەی ناساندویەتی بەشێوەی تورەیی جاربەجار، وەك دەڵێت:

**تۆ دەریامی**
**بە شەپۆلی لەنجەو لارت**
**بەتورەیی جار بەجارت**
**بەشەنگە ژنین**
**تۆ رۆح سوکی وەك خەونی خۆش**
**وەك هەناسە**
**جێ ناگری لەتۆیی شیعرا چەشنی تاسە**
**تۆ تراوکەی**
**گاهێ دیاری**
**جارێ نەدیاری**
**هیوای بەتینی رێبواری**
**تۆ شۆڕەبی ناو شۆرەکاتێکی گەرمی..ل31**

کەواتە رۆح سوکی یارو خەون خۆشی هەمان خاسیەتی دەریان و دڵی مرۆڤ دەکاتەوەو ساتەکانی زۆر خۆشن بۆ شاعیر زۆر بەوردی خاسیەتی دەریای لەیاردا ناساندوە.

**2-حەسیب قەرەداغی:** لەشیعری(هاتوچۆیەك)(1972/4/3)دا شاعیر باس لەشاعیریو دڵداری خۆی دەکات، ئەم دڵداریە شاعیر لەگەڵ ئافرەتدایە، بەڵام لەبەرگی شیعرەکەیدا، بۆیە شاعیرو سەیرانەکەی لەناو پیتەکاندایەو دیلی ناو دڵیەتی لەشێوەی یادەکانی، یان بڕوای لەناو دڵدا هەڵگرتوەو تایبەتمەندە، چونکە خۆشەویستیش تایبەتەو لەناو دڵدا شاراوەیە، بۆیە دەیەوێت لەڕێگەی ئایکۆنەکانی( رۆژ،یاد، بڕوا) وە ئەوە بڵێت، تیشکی رۆژ بەخێرایی و هەموو

شوێنەکان دەبڕێت، بۆیە لەناو بیلبیلەی چاویدا هەڵیدەگرێت، ئەمەش ئاماژەی زۆر خۆشویستنی شاعیرە،دیلکردنیش نیشانەی ئیرەیی شاعیرو تەنها خۆشویستنە، وەك دەڵێت:

**من شاعیرم... من دڵدارم**
**لەناو حەرفا هەڵ ئەپەڕم**
**خۆمو دڵی سەوز و تەڕم**
**وەك رۆژ ئەتخەمە ناو چاوم**
**لەناو دڵما دیلیت ئەکەم**
**هەروەکو یاد**
**وەکو بڕوا**
**کێیە هێندە گێلو گەوچە**
**بێڵێ پایز بێ گوڵ بڕوا ؟!**

**..فەرهەنگی غەم،ل62**

شاعیر مەبەستییەتی بڵێت، چۆن رۆژ لەچاودا وەك خۆی بەهەموو هێزی سوتێنەریەوە هەڵدەگیرێت، بەهەمان شێوە هەڵتدەگرم ولە دڵدا دیلتدەکەم، چونکە دڵی جیگەی سۆزو خۆشەویستی و وەفادارییە، بەڵام بەبڕوایەکی بەهێزەوە.

**3- ئەنوەر شاکەلی:** لەشیعری(دوا لاپەڕەی رشتەی مرواری)(1972/8/27) باسکردنە لەپەیوەندیی هاوڕێیەتی دوو هاوەڵ کە سنورێکی دروستکراوی سیاسیو نەتەوەیی بەسەریاندا سەپێنراوەو دابڕیون، تاکە رێگەی بەیەك گەیشتنی،یان هەواڵ پرسینیش نامەیە، نامەکانیش دەبنەوە بەبەشێك لەمرۆڤەکانو باجی هەمان شت دەدەن، بۆیە هیوای هەڵبزرکاو، تاسەی دیداری کردوەتە ئایکۆنێك بۆئەوەی پەیامی دابڕان ودووری و بۆیەکتری

سوتان بەرجەستەدەکات، کە لە خودی پەیامیشدا هەیە، چونکە هەردوو شوێن هەمان دەسەڵات پەیڕەودەکەن، بۆیە ئەم ڕێگریە کەلە بنچینەدا ترسی ئازادییە، دەکاتە ئایکۆنی سەرەکی دەق، وەك دەڵێت:

**هاوڕێم...**
**هاوڕێی هەزار ساڵەم**
**نامەکانت**
**لەئاگری سنورەکانا ئەسووتێن،**
**لەدۆزەخی ئەو دیوەوە**
**بۆ دۆزەخی ئەم دیو نایەن**
**وەکو هیوای**
**هەڵبزڕکاومان ئەسووتێن،**
**وەکو تاسەی**
**دیداری یەکتری ئەخنکێن..**
**نامەکانت.. کەپێم ناگەن**
**لەپۆستەخانەی پایتەخت**
**پرسیار ئەکەم!**
**بۆچی ڕێگای**
**نامەی برا ئاوارەکەم**
**نادەن، بگات؟؟**
**ئەڵێن: چونکو**
**ئەو فەیلییە!!**

**پرۆژەی کودەتایەکی نهێنی، ل31..**

**4-ئەنوەر قادر:** لەشیعری (لەجانتای پۆستەبەرێکی شاری گریانا)(1972) دەیەوێت ئەو پەیوەندیە عاشقیانە پیشانبدات، کەدوانەی پەیوەندیدار لەرێگەی بەرامبەربوونی یەکتریەوە جوانیو ئێستاتیکا دەبەخشنە دەقەکە، بەواتا شاعیر دابڕاوەو دابڕاویشی ئەم تامەزرۆیەشی بەئەندازەیەکی زۆر بۆ دروستکردوە، بەپەرۆشەوە چاوەڕێی گەڕانەوەو لەئامێزگرتنە، بۆئەوەی ئەم خەم و دابڕانە بسڕێتەوەو هیواو جوانی دابگیرسێت، بۆیە لەرێگەی ئایکۆنەکانی( پزیسك، باران، هیوا) بەڵام لەگەڵ بەرامبەرەکەیاندا ئەو تاسەیە دەخاتەروو، وەك دەڵێت:

**وەکو پزیسکی ناو ئاسمان**
**باوەش ئەکەم بەئەستێرەی کوژاوەدا**
**وەکو باران باوەش ئەکەم**
**بەوشکە وەردی پایزا،**
**بەباڵی سوتاوی مەلا**
**وەکو هیوام،شەوی ژانو نائومێدیم**
**ئەسوتێنم**
**.. زریان و زایەڵەو زنار،ل8**

پەیوەندی پزیسکی ئاسمان و ئەستێرەی کوژاوەو باران و وشکەوەردی پایزو هیوا، دەرخەری ئەم دابڕان و دووریەن لەژیانەوەکەیان و لەرێگەی ئەم دوانەشەوە، هیوای ژیانەوە لەرێگەی پەیوەندێکی دابڕاوەوە دەخاتەروو.

**5- عەبدوڵڵا پەشێو:** لەشیعری(بۆ شاعیران)(1973/7/18)دا دەیەوێت رۆڵی وشە بخاتەڕوو، وشە ئایکۆنێکەو تەنها ئەوە نییە کەلەرستەدا ریزدەکرێت، بەڵکو چەکێکە هێزو کاریگەری خۆی هەیە، بۆیە وشە بەگوللەیەك دەزانێت، کەئازادیخوازیك بەکاریبهێنێت، ئەمەش واتە وشە چەکی بەرگریو ئازادیە، چەکی سەردەمو دیموکراسیە، لەپێناو هێنانەدی خواستەکان وگەیاندنی مەبەستەکان، ئەگەر وانەبێ، ئەوا وشە یان نییە، ئەگەر هەشە وەك نەبووە،

کەواتە وشە هێزی کاریگەریەو میکانیزمی واتابەخشین و گۆڕانکاریە لە خزمەت گەلدا، ئەگەر نا ئەوا وشە فڵچەیەکە هەموو کەسێك بە پێی مەبەستی خۆی بەکاریدەهێنێت، وەك دەڵێت:

**هەر وشەیێ،**
**وك گوللەیێ،**
**بۆ تفەنگی ئازادیخوا بەکار نەیێ،**
**هەر وشەیێ،**
**وەك دێمکە ئاوێکی باڵدار**
**وەك نۆردوە نانێکی باڵادار**
**نەفڕێ لەبنکەیەکەوە بۆ بنکەیێ**
**چاکتر وایە ئەو وشەیە**
**چەکمەی دوژمن بسڕێتەوە، وەك فڵچەیێ ..ل19**

**6-لەتیف هەڵمەت:** لەشیعری(دوو ئاگاداری لەلایەن هەستیارێکی نـەنـاسراوەوە(1973)دا، دەیەوێت ئەوە بەراوردبکات، کە شیعری ئەگەر بۆ پاشای شاریش بنوسرێت، واتە هەر دەسەڵاتدارێك بێت، بێبایەخ نەبێت بەو ئەندازەی، کەشیعر پێویستە وەك شیعر هەیمەنەی بمێنێتەوە، چونکە شاعیر شیعر بۆ شیعر دەنوسێت، بۆیە کۆمەڵێك لێکچونی خستوەتەروو، کە هەریەکەیان ئایکۆنێکەو لەگەڵ خۆیدا واتای بەرفراوانی هەڵگرتوە، بۆ نموونە وشەکانی ناکاتە(مێگەل)، چونکە مێگەل بەدەست شوانەوەیەو نایەوێت شوانی شیعری پاشا بێت، یان خۆی بکاتە(سەرکار)، بۆئەوەی مافوری بۆ رابخات، واتە شیعر بکاتە هۆی پێشوازی لێکردن و پیاهەڵدان و...تاد، کەواتە شیعر بۆ ئەو پەیامەیە، کە شاعیر بڕوای پێیەتی و دەیەوێت وەك ئەرك و پەیامی شیعر دەریبخات، بەمەش شیعری شاعیر شیعری یاخیبوونە لەو شەپۆلەی کە هەیە، وەك دەڵێت:

**من نامەوێ وشەکانم بفرۆشم**
**من نامەوێ وشەکانم وەکو مێگەل**
**بۆ پادشای شار بدۆشم**
**من نامەوێ ببم بەسەر کاری کافوور**
**هۆنراوەمی بۆ رابخەم وەکو مافوور**
**هۆنراوەمی بۆ ریز بکەم وەکو فەخفوور**
**هۆنراوەمی بۆ قاش بکەم وەك سێو وەك توور**
**هۆنراوەمی بۆ ئاگردەم وەکو بخوور**
**یاخییم یاخییم، با پاشای شار من بناسێ**
**چی لەدەست دێ**
**جگەلەوەی هەڵمواسێ ..دیوان، ل110**

واتە شاعیر دەیەوێت ئەگەر شاعیربوونی بۆ ناسینبێت، من نامەوێت خەڵکی لەرێگەی ئەو شیعرانەی کە بۆ کەسەکان دەنوسم بناسرێم، یاخود ئەگەر شیعر بۆ پیاهەڵدانی کاربەدەستانە، ئەوەش ناکەم تاببمە شاعیر، دواجاریش ئەگەر نەیکەم جگە لەکوشتن چیم لێدەکات، ئەمەش هەڵدەبژێرێت، نەك دەرباریو پیاهەڵدان.

7- شێرکۆ بێکەس: لەشیعری(هۆزی گــڕ)(1974)دا لەگەڵ ئەوەی باسکردنە لەو شەپۆلەی، دەیەوێ جیاوازبێت لەرابردو، واتە یاخیبوون لەنەوەی کـۆن، لەپێناو ئەمەشدا گرتنەبەری هەر هۆکارێك لەپێناو دووشتدا(دڵنیایی، نەسرەوتن) کەدوو شتی دژ بەیەکن، لەم هۆزە یان یاخیبوونەی وەك وشکایی دۆڵێك، یان بێدادی داگایەك دەزانێ، دادێك کەلەبەرامبەر هێزدا لاوازو ملکەچ، ماندوو بەکرێگیراو، بێ خاوەنە، بۆیە لەڕێگەی ئایکۆنەکانی( هاژەی چەم، تەرازوی داد)ەوە دەیەوێت ئەوە

بڵێت، که هاژەی چەم واته بەردەوامی و نەسرەوتن و گەیشتنه ئەنجامه، تەرازوی دادیش نیشانەی پاراستنی دادپەروەری و گەڕانەوەی مافەکانه، بەڵام خستنەرووی تەرازوی داد لەقاڵبی تەرازوی پشت هۆڵی دادگا تەنها وێنەیەکی بینراوەو بەس، واته مردن و نەبوونی داد، ئەمەش پێویستی به راپەڕینێکی بەهێز هەیه بۆ گێڕانەوەی، بۆیه فەزا سیمیۆلۆژییەکه بـواردەدات دەلالەت جێگیرەکان بگۆڕێ بۆ بواری چالاکی و فراوان له زمانی شیعرییدا، وەك دەڵێت:

**ئەوه منم...ئەوەش هەموو رێ وێڵەکان**

**ئەچینەوه سەر... دوو ڕیان:**

**دڵنیایی.. یان.... نەسرەوتن**

**رای پەڕانم...**

**هاژەی چەمێ... ڕای پەڕانم**

**لەسەرچاوه یاخی ئەبوو**

**ئەڕژایه ناو دۆڵێکەوە..**

**وشكو برنگ**

**وشكو برنگ وەك دەمی بەر سەنگەرەکان**

**وەك ئەو-داده- ی لەتەرازووی پشت دادگادا،**

**-هەڵواسراوە-**

**دادێ.. لەبەر چنگی هێزا گرمۆڵەیه**

**دادێ... خاچی وا لەکۆڵا**

**دادێ... دادێ.. پێڵاوێکه**

**وا لەپێی بەرازەکانی ناو دارستانی ڤێتناما**

**.. من تینویەتیم بەگڕ دەشکێ، ل64**

## دووەم : ئیندێکس(INDEX)

ئیندێکس(ئاماژە پێکراو، نیشاندەر)بریتییە لەنیشانەیەك پەیوەندی بەسروشتی هاوسێیەتی لەگەڵ بابەتەکەیدا هەیە، یان بەهۆیی پێوەی پەیوەستە، ئەم پەیوەندیە هۆییە، ئیدی بریتییە لەپەیوەندی راستەوخۆیی(دوکەڵ-ئاگر)، یان داوای کاتێك دەکات، تێپەڕبوونی کەسێك(شوێنی پێ(أپار)، بۆیە ئیندێکس نیشانەیەکە لەرێگەی پەیوەندێکی فیزیکییەوە بۆ ئەو بابەتە دەچێت، کە پێوەی پەیوەست دەبێت، کەبریتییە لەحاڵەتی پەنجەراکێشان بۆ بابەتێك، یان حاڵەتی سوڕانەوەی خوڵگەی هەوا، ئاڕاستەی باکە دیاریدەکات، یان دوکەڵ وەك بەڵگەی بوونی ئاگر109، واتە پەیوەستبوون بە بابەتێکەوە لەڕێکەی هۆکارێکەوە، کەواتە ئیندێکس بریتییەلە نیشانەیەك، کە پەیوەندێکی هۆیی پێکیانەوە دەبەستێتەوەو ئەو ئاماژەیەش کە بە نیشانەیەکی ئاماژەیی دادەنرێت، نایەتەدێ یان کارەکەی جێبەجێنابێت، بەبێ ئامادەبوونی بینەر، یان ئەوی تر، بۆیە ئیندێکس سیمایەکی تایبەتی ئاماژەیەو رۆڵی ئەوی تر یان خوێنەر بەشداری لە درووستکردنی نیشانەدا دەکات.

یاخود ئیندێکس «بریتییە لەو داڕشتنەی، کە دال لەخۆوەیی نییە، بەڵکو بەشێوەیەکی راستەوخۆ و بەڕێگەیەك(مادی، هۆیی)پەیوەست دەبێت بە مەدلولەوە و دەشتوانرێت ئەم پەیوەندی هەڵێنجانییە ببینین، وەك هەورە بروسکە،ئازار،گەرمی پێو، کاتژمێر، لێدانی موبایل»110 پێرس دەڵێت» پەیوەندێکی رەسەن لەنێوان ئاماژەو شتەکەدا هەیەو بەتەواوی پشت بە بیری لێکدەرەوە نابەستین»111بۆیە دەشێت پەیوەندێکی واقیعی و فعلی و مادی راستەوخۆ بێت، لەبەرئەوە پەیوەندی هاوسێیەتی لەگەڵ بابەتدا هەیە.

ئەلێزابیس براس(ELISABETH BRUSS)دەڵێت» ئیندێکس پەیوەندیە نەك سیفەت، بۆیە دال پێویستی بە خاسیەتی تایبەت نییە، تەنها ئەوەندە بەسە کە دەتوانێت بەڵگە لەسەر پەیوەندی بەشتی ترەوە بهێنێتەوە»112

جان مارتینی «پێشنیاری پۆلێنی نیشانەکان لەسەر بنەمای جیاوازیکردن لەنێوان نیشانەی سروشتی و نیشانەی دروستکراو لەلایەن مرۆڤەوە کرد،

نیشانە سروشتیەکان(خۆیان لەئیندێکسەکان)دا دەردەخەن و دال دەبێتە هەستپێکراو، یان دیارو زانـراو(PERCEPTIBLE)و مەدلولیش لەحەواسدا شاراوەیە، بۆ نموونە دووکەڵ ئیندێکسێکە، مادام ئاگرەکە نابینرێت، ئەم ئاماژانەش دەبنە سی جۆر:-

**1-پێشبینی(التوقعات/ التنبئوات) :** کەپێشتر دەلالەتی لێنەکراوە، وەك هەور ئەگەری بارانبارینمان بۆ دەردەخات، یاخود هۆکارە بۆ پێشبینی باران.

**2-دەرکەوتە(الاعراظ)** هاوکاتی وەك تا، یان سوربوونەوەی دەمو چاو کەئاماژەیە بۆ نەخۆشی.

3-**جێپەنجەو شوێنەوار:** وەك پەنجەمۆر و شوێن پێ لەسەر رێگە.113

هەروەها پێیوایە» ئیندێکس لەلایەن مرۆڤەوە بەکاردەهێنرێت و سروشتێکی دروستکراوی وەردەگرێت، کە دەچێتە سەر سروشتە سروشتیە ئەسڵیەکەی، بۆ نموونە مرۆڤ ئاگر دەکاتەوە، بۆئەوەی شوێنەکەی راگەیەنێت، لێرەدا دەشـێ ئاگر ئیندێکسێکی سروشتی بەپلەی یەك و نیشانەیەکی دروستکراو بەپلەی دووەم بێت114».ئەمە سەبارەت بەنیشانە سروشتیەکان «بەڵام نیشانە دروستکراوەکان هەریەکە لە(ئایکونو هێما) دەگرێتەوە»115

پێرس سەبارەت بە ئیندێکس دەڵێت»نیشانەیەکە ئاماژە بەو بابەتە دەکات، بەهۆی کاریگەری بەو بابەتەوە کە گوزارشتی لێدەکات، و ناتوانێت ببێتە نیشانەیەکی جۆری، چونکە جۆری،ماهیەتی سەربەخۆی لەشتێکی دیکەدا هەیە، ئیندێکس بەبابەتەکەی کاریگەرەو پێویستە بابەتەکەی لەجۆریەتەکەیدا بەشدارییکاتو ئیندێکسەکەش ماناکە دەدات، بەو سیفەتەی کە بە بابەتەکەوە کاریگەرە، بۆیە ئیندێکس جۆرێك لەئایکۆنی لەخۆگرتوە لەگەڵ ئەوەی ئایکۆن لەجۆری تایبەتە، تەنها رووی لێکچواندن نییە، هەتا بەو سیفەتەی بەرهەمهێنی نیشانەیە، چونکە هەر ئەوە وا لەئیندێکس دەکات ببێتە نیشانە، بەڵام»لێکدانەوەی تەواو و دروست کە لەبابەتەکەوە دەرچوە، وا دەکات کەئیندێکس بکاتە نیشانە.116

پێرس روونیدەکاتەوە کە» ئیندێکس، بەڵگە، یان نوێنەرە و لەبەر

لێکنەچوون و هاوشێوە نەبوون، زۆر نامانباتەوە سەر بابەتەکەی، بۆیە بەهۆی هەندێ ڕەفتاری گشتییەوە، کە بابەتەکە دەیەوێت هەڵگری بێت خۆی دەردەخات، هەروەها بەو هۆیەشەوە، لە پەیوەندیەکی داینامیکیدایە لەگەڵ هەردوو بابەتە هاوشێوەکەدا، واتە لەگەڵ بابەتێکی تاکی لە یەك دەستەدا، هەروەها لەگەڵ کۆمەڵێك مانا، یان یادەوەریی مرۆڤ، کە لە دەستەکەی تردا وەك بەڵگە کاردەکات. لەکاتێکدا ناوی ئاماژەو ناوە تایبەتەکان و ئیندێکسی ئاست نزمن، چونکە دەتوانن لە ناکاودا و ناڕاستەوخۆ مانا بە شتانێك بدەن کە هەن، ئەم ناوانە ڕاستەوخۆ بۆ شتی ترمان دەنێرن و تەنها پێویستییان بەو ناردنەیە کە هەیە.117

«ئیندێکس ئەگەرچی دراوسێیەتییێکی لەگەڵ هێماو نیشانەدا هەیە، کە جوداکردنەوەیان کارێکی ئاسان نییە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا بریتییە لە ئاماژەپێکردنی نیشاندەرێك لە نیشانەیەکی تردا، بەمەش فراوانکردنی زانیارییەکان یان گەیشتن بە چەمکی مەبەستییەتی نیشاندەرەکە، کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەکۆنتێکستی دەقەکەوە هەیە، واتە ئیندێکس بریتییە لە گۆڕینی ئاراستەی وشەیەك بۆ بازنەیەکی پڕ مانا، کە لە بنەڕەتدا پشت بە هۆکارەکان دەبەستێت»118

ئایکۆن تایبەتمەندی ونناکات، ئەگەر باسەکەی لەئارادا نەبێت، بەڵام ئیندێکس بریتییە لەو نیشانەی ئەگەر بابەتەکەی نەیەت، ئەو حاڵەتە گرنگەی نایکاتە نیشانە119، قەرینە بەشێوەی ڕاستەوخۆ دەلالـەت لەبابەتەکەی دەکات، و لەنێوانیاندا قەرینەی تر، یان کۆمەڵێك قەرینەی تر جیادەبێتەوە، بۆنموونە بوونی دووکەڵ قەرینەی بوونی ئاگرە، ئاگریش قەرینەی بوونی مرۆڤە، مرۆڤیش قەرینەی بوونی خواردنە «لەم لۆژیکەشەوە پێرس جیاوازی لەنێوان دوو جۆر لەقەرینەدا دەکات، قەرینەی ئەسڵی ئەو جۆرەیە، کە ئاماژە بە بابەتەکەی دەکات بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆیی، و قەرینەی مەیلان بریتییە لەوەی کەئاماژە بەبابەتەکەی دەکات، بەهۆی زنجیرەیەك لەقەرینەی

پەیوەندیدارەوە120،یاخود»ئایکۆن نیشاندەری راستی چۆنییەتییە120، بەڵام ئیندێکس رەنگدەرەوەی راستی رێژەیی، راستەقینەی یاسامەندیی رادەگەیەنێت.

واتە ئایکۆن سیفەتی هەمیشەیی پێکیانەوە دەبەستێتەوە، هەرچی ئیندێکسە هۆو هۆکار بەرهەمیدەهێنێت، کەواتە ئایکۆن هۆکارێکە بۆ لێکدانی شتە هاوبەشەکان و گواستنەوەی ئەو پەیوەندی و مانا هاوبەشانەی، کە لەڕێگەی ئەم دوو شتە لێکدراوە، یان لێکچوێنراوەوە بەدەستدێت، هەموو ئەم هاوسەنگکراوانەش لەپێناو بەهێزکردن و جوانکرنی مانای دەقەکەو دروستکردنی پەیوەندی بیری دەق و خوێنەرە، لەڕێگەی ئەو چێژە هزری و جوانناسیەی، کە دەقەکە بەرجەستەی دەکات.

نیشانە کە لە نێوان دال و مەدلول لەچوار چێوەی ئایکۆندا کۆدەبێتەوە، بریتییە لە نیشانەی نوێنراو، لێکچون و وەك یەکی، وەك نەخشەکان، وێنە فۆتۆگرافیەکان، وەرەقە چاپکراوەکان، کە راستەخۆ ئاماژەیە بۆ بابەتەکانی دەکات بەهۆی لێکچونەکانەوە، بەڵام پەیوەندی نێوان دالو مەدلول لە ئاماژە یان نیشانەی ئەندێکسیدا هۆیی و گرفتی و لوژیکییە، وەك پەیوەندی نێوان دوکەڵ و ئاگر، بەڵام ئەو پەیوەندیەی لە نێوان دال و مەدلول دا هەیەو پەیوەستە بە رەمزەوە، پەیوەندیەکی لەخۆوەیە.

## قۆناغی یەکەم:(1950-1958

**1-گـۆران:** لەپێشەکی شیعری(گوڵاڵە برایمە...گری گری)( 1951)دا دەڵێت»جیاوازی ئاینو ئایدیالو پێڕەوی فەرماندارى(سستمی حکومڕانی) چیان هەیە بەسەر هەستو عاتیفەوە کەلەقووڵایی سەرچاوەی ئینسانییەوە هەڵئەقووڵی؟باوەڕ ناکەم کەس بتوانێ زاتی رێ لێگرتنم، بەدڵا بهێنی»121 ئەمەش ئەوە دەردەخات گۆران هەرچەندە لەگەڵ گەلێکی ئازادیخوازدایە، بەڵام بەرژەوەندخوازو داگیرکەر بەردەوام دەیەوێت خۆی دەسەڵاتداربێتو هیچ کەس و لایەنێك نابێت ببێتە رێگر لەبەرژەوەندەیەکانی، بۆیە رێگەی

جیاواز بۆ بەرگریکردن لەخواستەکانی دەگرێتەبەر، ئەگەرچی لەم پێناوەدا لەکۆریای باکور سەرەتای ئازادی دەستپێکردوە، بەڵام هێزی دۆلار کەخۆی بەگەورەی ژیانی کەسەکان دەزانێ، دەبێتە میکانیزمی تێکدانی ئاشتی، لەبەرئەوەی خەڵکی هەژارن، پارە هۆکاری راکێشانو لادانی خەڵکییە، ئەمانەش ئەو هۆکارانە دەگرنەبەر، بۆیە بەخوای شەڕی تاوان دەیانناسێت، واتە ئەمانە وڵاتانێکن داگیرکەر، بۆیە رێگەی هەڵگەڕانەوەی خەڵکی، شەڕخوازی و دەم پیس،یان هەمووشێك لەپێناو ملکەچکردنیدا دەگرنەبەر، بۆیە وشەی(ئیستعمار، دۆلار) دوو وشەی تەواوکەری یەکترین و ئاماژەی هاتنی دەسەڵاتێکی داگیرکەر لەرێگەی دراو و دەیەوێت ئازادییەك تێکبدات، کە نەتەوەیەك بەدەر لە داگیرکەر بەدەستهێناوە، وەك دەڵێت:

**بەڵام هێشتا پەرچێك مابوو**
**نرکەی خوای دۆلار پەیا بوو**
**خوای بەدراو بەرچاو گێژکەر**
**باوەڕی لەق لەخشتەبەر**
**خوای شەڕ، گوناە، ستەم، تاوان**
**ئەهرەمەنی گەورەی دێوان**
**دەم ئاخنراو لەجنێوا**
**وروژان لەدەریاو کێوا**
**لەکێ؟ لەنەتەوەی کوریا**
**بۆچی؟ چونکە مەردەو وریا**
**ملکەچی ناکا بۆ ئیستیعمار**
**بۆ ناپاکی ناوخۆی زۆردار**
**ئەیەوێ ئازاد، یەکگرتوو**
**بژی، نەك وەك کوردی نووستوو..ل239**

خوا واتە لوتکەیی و ئەوپەڕی هێزو توانای بڕیاردان، خوای دۆلاریش واتە هێزو دەسەڵاتی پارەو دەتوانێت لەرێگەی پارەوە مەبەستەکانی بەدەستبهێنێت،

بۆیە خوای دۆلار ئیندێکسێکە ئاماژە بە وڵاتانی داگیرکەر(ئیستعمار) دەکات، کە لەپێناو پارەو ساماندا هەموو ڕێگەیەك بەبەرگێکی دیموکراسییەوە دەگرنەبەر لەپێناو ئامانجی خۆیاندا، لەهەمانکاتیشدا دۆلار ئاماژەیەکی ترسناکی بەجیهانیبوونی دراوی دۆلارە لەسەرجەم دراوەکان بە بوونییەتی خاك و نیشتمان و کەسەکانەوە تێکدەشکێنێت و هەموو سیاسەت وئابووری وڵات بەڕێوە دەبات.

یان:

**خۆت توندبگرە، ئەی ئیستیعمار**

**ئەهرەمەنی جەورو ئازار**

**لەبەر هێزی هەق خوراوا،**

**هێزی وەك ئاگر جۆشاوا**

**هێزی رۆژی بەرامبەر شەو**

**هی وریایی بەرامبەر خەو**

**هی یەکێتی، هی زات، باوەر**

**لەخۆ بوردیی... بەرامبەر:**

**هێزی ترسو لەرزو سستی**

**هیی گومانو خۆپەرستی**

**خۆت توندبگرە هێزی گومڕا**

**تا مەرگانت دێ لەپڕا..ل250**

نیشتمان ئەو ئەندێکسەیە، کە ئاماژەیەکی بەهێزی زوڵم و ستەمی داگیرکەرمان پێدەبەخشێ، لەهەمانکاتدا شاعیر ئاماژەو مژدەی ئازادبوونیشی لێ بەرهەمدێت، چونکە دوای تاوانەکان ئازادییەکان بەدەستدێت، بۆیە لەبەرامبەردا هێزی حەق و رۆژو وریایی.....تاد ئەو ئاماژانەن هێزێکی بەهێز، کە بریتییە لە هێزی گەل، هێزێکە ئەستەمە داگیرکەر خۆی لەبەردەمدا رابگرێت بەڕێوەیەو لەڕێگەی ئەم هێزەوە گەل لەدەستی داگیرکاری ئازادی دەبێـت.

**2-دیلان:** لەشیعری( بۆ پۆڵدی)( 1952)دا ئەو پەیامە دەخاتەڕوو،کە کورد بەدرێژای مێژوو ئاشتیخواز بووەو بەردەوام لەگەڵ ئاشتیدا بووە، هیچ کاتێکش هێرشی نەکردوەتە سەر خاکی کەس، تەنها بەرگری لەخۆی کردوە، بەتایبەتی لەو کاتانەی کەشەڕی پێفرۆشراوەو هێرشی کراوەتەسەر، بۆیە کورد بەردەوام هەوڵی ئاشتی داوە و لەبەرامبەر شەڕنەکردنیشدا قوربانی زۆری داوە، بۆیە ئیندێکسی( ئاشی پلان)ی هێناوەو کاری ئاشیش تەنها هاڕینی هەر شتێکە بکەوێتە بەری، بۆیە کورد لەپێناو خۆبەدورگرتنی لە کوشتن، جگەلەمەش لەپێناو هێنانەدی ئاشتیشدا، بەردەوام دەستی ئاشتی درێژکردوە وەك دەڵێت :

**منی کوڕی گەلێکی دوور**
**لەدنیای نوێ پڕ گوڵی سور**
**نیازی وایە چاو سووری شەڕ**
**ئاشی پیلان بخاتەگەڕ**
**وتت:ئێمەی کڕی شەڕ دیو**
**بەکۆمەڵ لەخاکا ڕزیو**
**نابین بەپێشەنگی ئاگر**
**نایبەینە سەرکەلی باگر**
**ئیتر.. دەستی جوانیو هونەر**
**دەستی(مۆسیقا)و دۆستیو فەڕ**
**ئەنێینە ناودەستی گەلان**
**ئاشتی ئەڵێین لەگەڵ مەلان**
**بلێین ئاشتی، ئاشتی بۆ گەل**
**دەنگ بداتەوە دەمی کەل...ل18**

کەواتە لەرێگەی ئیندێکسی(بەکۆمەڵ رزیو، دەنگدانەوەی دەم کەل) دا جەخت لەسەر ئەو خواستەی دەکات، کە ئاشتی خوازین و دەستی ئاشتی بۆ هەموو کەس درێژ دەکەین، ئاشتیش دەرئەنجامی ئەو ئاژاوە گێڕیانەیە، کە داگیرکەر گرتویەتییەبەر.

یاخود دیلان لە شیعری( رێگای خەبات)(1954) دا دەڵێت:

**تافرمێسکی رەهێڵەی خور**
**نەڕژێتە سەر**
**نەڕژێتە سەر چرۆی قوچاو**
**نایەتەدەر**
**پێناکەنێ بە بای شەماڵ**
**چاوی نوستوی**
**ژێر هەوری تار**
**ناکرێتەوە..ل60**

لەم دەقەدا تافرمێسکی رەهێڵەو خوری نەڕژێ، بە بای شەماڵ پێناکەنێ، چاوناکرێتەوە، یان ئەنجام بەری نابێت، کەواتە هەموو ئەمانە دەبنە ئەندێکسێك بۆ ئەو رووداوانەی، کە ئەم هۆکارانە دروستیدەکەن.

یان لەشیعری( گەشتێ)(1954) دا دەڵێـت:

**منیش یەکێ لەدوای هەزار لەپاش ملیۆنێ**
**دەستی گەرمی خەبات کردن رام ئەوەشێنێ**
**هانم ئەدا بۆ کۆڕی سوور، کۆڕی تێکۆشان**
**نەترسم بێ لەئازارو لەقووڵی زیندان**
**بگەمە جێ، ئاشتی وەك رۆژ دەرخا هەتاوی**
**قاقای نازدار، هاژە هاژو خوڕەی شەتاوی**
**پۆل پۆل مەلی ئاشتی جوانی ئاسمانی شینم**
**سێبەربکا بۆ چیمەن و گوڵی نەخشینم..ل67**

لەم دەقەشدا، دەستی گەرمی خەباتکردن ئیندێکسێکەو بووەتە هۆیەك بۆ سەرهەڵدانی کۆڕی سوورو تێکۆشان، ئەمەش نیشانەی کۆڵنەدان و گەیشتنە مەبەستە، کە ئازادی و ئاشتیی، هێنانە ئارای ئارامی و پێکەوە ژیانە.

یان لەشیعری(شەبەق)(1957)دا شەبەق دەکاتە شتێکی فیزێکیو لەمەشەوە دەیکاتە نیشانەیەك لەو نیشانانەی، کە هیوای نەتەوەیەکی لەسەر

بنیاددەنرێت، بەوەی شەبەق سورو خوێنین نییە، چونکە ئەوە رووداوەکانە شەبەقیان وا لێکردووەو کردویانە بەنیشانەی هەڵهاتنی ئازادیو زرگاربوون لەستەم، بەهۆی ئەو تاوانەی کە بەرامبەر بەم گەلە کراون، بەواتایەکی تر تا شەفەق سور نەبێت رووناکی و ئازادی بوونی نابێت، چونکە لەلایەك شەبەق بەتیری سەختو ژەهراوی و تیغی دووەم دەزانێت، ئەمانەش واتە نەمانو خستنی دیکتاتۆریو دەرکەوتنی خۆری ئازادی وەك دەڵێت:

**شەبەق رەنگەکەی سوورو خوێنینە**
**موژدەی رووناکی رۆژگاری ژینە**
**بۆ لەشی کشو ماتی بێ دەنگی**
**(دەرزی )جوولەیەو ئاگری تینە**
**بۆ جەستەی کفتی ئازاری مەینەت**
**مەرهەمی شەوقو دەرمانی بینە**
**شەبەق بۆ دڵی رەشی تاریکی**
**تیرێکی تیژو سەختو زەهرینە**
**بۆگیانی قورسو خوێناوی ستەم**
**تیغی دوو دەمی مشت ئاسنینە**
**دە ئەی شەبەقی شادمانی کورد**
**هەڵ بێ... کوردستان چاوەڕێی تینە..ل96**

**3-حەسیب قەرەداغی:** لەشیعری(زیارەتی ئاسانەی لەیلی دەربەدەر)(1953/5/10)دا ئەو ئیندێکسەمان پێدەبەخشێ، دەبینی ماڵی لەیلی چۆڵە، راستەوخۆ ئەو ئاماژەیە ئاشکرادەکات، کەهەواڵێکی نەخوازراو نائاسایی هەیەو شاعیر لێی بێئاگایە، چونکە پێشتر چەندێك هاتوە لەیلی، یان کەسێکی دی دیوە، بەڵام ئەمڕۆ ئەم حاڵەتە نامۆیە و دواجار رووداوی لەیلاو مەجنون بەبیر خۆیدا دێنێتەوە، بەڵام لێرەدا شوکردنی لەیلێ تراژیدیای شاعیرە، بۆیە ئیندێکسەکانی( خۆڵەقوڕنان، حەسرەتا کوانێ گوڵی من، کوا شەوی دەیجور،....

تاد) خستوەتەروو، هەموو ئەمانەش واتای لەدەستدان و بوونی غەم و کارەساتە، بەڵام دواجاریش پەیامی سەبووری خۆی لە ماچکردنی شوێنی لەیلێدادا دەرخستوە، بۆیە لەگەڵ ئەوەی چەندێك لەیلێی خۆشویستووە، بەڵام ئەم خۆشویستیە نەیتوانی ببێتە رێگری شونەکردنی لەیلی، وەك دەڵێت:

**تێپەڕیم ئەمڕۆ نزیکی ماڵی لەیلی دەربەدەر**
**دیم کەچۆڵە خۆم لەقوڕنا هەر لەپێ تاتەوقی سەر**
**بولبولی عەشقی زەبوونم وەك مونادی بانگی کرد**
**حەسرەتا کوانی گوڵی من ئەی خوا ئەینە لمەفەر**
**کوا شەوی دەیجووری زوڵفو کوا نەمامی سەروی قەد**
**کوا شوعاعی کوڵمی ئاڵاو جەبهەیی چەشنی قەمەر**
**هات نیدایێ تێیگەیانم لەیلەکەتیان دابەشوو**
**چوو لەدەست چوو، هەڵسە ماچ کە شوێنی لەیلت بێ خەبەر**

**فەرهەنگی غەم 1،ل271..**

کەواتە لەیلێ شاعیر هەمان لەیلی مەجنوون نەبوو، بەڵام مەجنوونی شاعیر هەمان مەجنونی لەیلێی بوو، دواجار لەرێگەی ئیندێکسی بێخەبەری ئەوە پیشاندەدات، کە خۆشەویستییەکە تاك لایەنە بووەو دابڕان لەنێوان شاعیرو لەیلێ دا هۆکاری شوکردنەکە بووە.

**4-نـوری وەشتی:** لەشیعری(بۆ نـەسریـن)( 1955/12/21) دا ئەو ئیندێکسەمان بۆ دەخاتـەڕوو، کە نەسرین دژی هەموو ئەو پێوەرانەی کەلەکۆمەڵگەدا هەنو لای شاعیر بنەمان، وەستاوەتەوە، بەوەی وەلایناونو دوای خواستی خۆی کەوتوەو گوێی لە هیچ سەرزەنشتو توانجێك نادات، ئەمەش واتە شوێن خواست کەوتن، حساب بۆ نەکردن گوێنەدان بەو بنەمایانەی کەهەن، رێز نەگرتن وەك دەڵێت:

**نەسرین سڵاو**
**کەبۆت دەرکەوت خراپەو چاکە**
**دڵ هەڵبژێرە**
**...........**
**چۆن هەڵخەڵەتای؟**
**چۆن دڵت هێنای؟**
**بە زەردەخەنەی ژەهراوی**
**بە خۆپیشاندانی فێڵاوی**
**دڵت بگۆڕی؟..ل61- 65**

کەواتە دڵ گۆڕینی نەسرین ئیندێکسێکە، هۆکاری تەفرەدراوی دابوونەریتێکە، کە نەسرینی هەڵخەلەتاندوەو دوای خواستی ژیان کەوتوە بەهۆی روکەشەکانییەوە، بەپێچەوانەی خواست و داواکەی شاعیر کە دواکەوتنی دڵە، بۆئەوەی ژیانی خۆشبەختی بێت، کەواتە دڵ گۆڕینەکە هۆکارێکی هەیەو هۆکارەکەش خستنەرووی ئەو فرِوفێڵانەیە، کە لەبەرامبەر جوانی نەسریندا گیراونەتەبەر.

یاخود لەشیعری(سیل)(1957/3/14)دا دەڵێت:

**بارەگا**
**هەڵ ئەدا**
**سوپا**
**ئەکەونە سەما**
**خۆش ئەکەن شوێن**
**تێکەڵی ئەبن بەخوێن**
**لەو تۆزە شوێنەدا**
**لەناو ئەو خوێنەدا**
**ئەکەونە زاوزێ..ل125**

سیل لەم دەقەدا تەنها بریتی نییە لەنەخۆشی سیل، چونکە نەخۆشی

پەیوەندی بەلاو وگەنجانەوەی نییە، بەڵکو تـەواوی قۆناغەکانی تەمەن دەگرێتەوەو پەیوەستە بەو ڤایرۆسی ئالودەبوونەوە، کە دەگوزرێتەوە بۆ نەخۆش، بەڵام لێرەدا سیل ئەو دەستە رەشـەی زوڵمە کەبەردەبێتە گەنجانو هەژاران...تاد، بەواتایەکی تر سیل ئەنجامی بارودۆخێکە ئەمەی خولقاندوە، ئەو بارودۆخەش ئایدیای ئەو دەسەڵاتەیە، کە بەرهەمهێنی شەڕو دژایەتیکردنە، واتە دەبێت هەلومەرج و کەشێك ئەمەی رەخساندبێت، ئەمەش نیشاندەری زوڵمکردنە لە خەڵکی لەو قۆناغەدا.

یان:

**بەشەری تێکۆشەر**

**لەچەرخی بیستەمینا**

**لەکاتی زەردەو هایدرۆجینا**

**تاکەی**

**نەڵێین ئۆخەی**

**تاکەی قەلاچۆ..ل129**

کەواتە ئیندێکسی( تاکەی نەڵێن ئۆخەی، تاکەی قەڵاچۆ ) ئەو راستییەمان بۆ دەردەکەوێت، کە ماوەیەکی زۆرە زوڵم و زۆر لە خەڵکی بەگشتی و لاوان بەتایبەتی دەکرێت، هەر ئەم بارودۆخەشە، کە ئەم بەرزبوونەوەی هاوارو ناڕازیبوونەوی دەرخستوە، بۆیە سیل ئەنجامی بارودۆخە سیاسیەکەیەو دووچاری لاوانی شار دەبێت.

**5-کامل ژیر:** لەشیعری(دەنگ لـەگـۆڕەوە)(1957)دا ئەگەرچی باس لەمردنی کەسێك دەکات و دوا پەیامی خۆی بۆ ژیان لەگۆڕەوە دەنێرێت، بەڵام گۆڕ شوێنی ژیان نییەو ئازارەکانیشی ئەو هۆکارانان کە نادادی کۆمەڵایەتی دروستکردوە، ئەمەش ژینی کردوەتە گۆڕستان، کەواتە گۆڕ مەبەست لە گۆڕی فیزیکی نییەو کۆی گشتی ژیانی کوردستان دەکاتە ئیندێکسی ئازاربەخش،

لەبەرئەوە رزگاربوون لەم گۆڕستانەش کارو هەوڵ تێکۆشانی دەوێت، بۆیە لەبنچینەدا گریانو ژین با بۆ مردنەکە نەبێت، بەڵکو بۆ هەژاریەکەی بگرینو چارەسەری گرفتەکانی بکەن، بۆیە لەرێگەی ئیندێکسەکانی( لانە، شڕبوو، تەمەن، بەناکامی چوو،....)ئەوە دەردەخەن، کە ژیانی هیچ کەمتر نییە لە شارێکی گۆڕستان و دەیەوێت بڵێت، ژیان بۆ خۆی لە گۆڕستان خراپترە، ئەگەر نادادی تێدابێت، بۆیە دواجار ئەو حەقیقەتە دەخاتەروو کە ژیان نەمانە، واتە یان بەخۆشی بژی یان مەژی، چونکە ژیان بریتییە لە ژیان، وەك دەڵێت:

**یەکەم هەنگاو و کردنەوەی دووچار**
**بۆ ناو جیهانی کەلو ناتەواو**
**لانە شڕێ بوو وێرانەو روخاو**
**یانەی کۆمەڵێ مارو مێرووی، ناو**
**تەمەنی لاویم، بەناکامی چوو**
**هەمووی ناسۆرو کوێرەوەری بوو**
**بۆ ژینی شادو تامی بەختیاری**
**تێکۆشام کەچی مەرگ راپەڕی**
**بۆ نەوجەوانیم مەناڵن مەگرین**
**بەشی هەژارە ژینی ناسۆرین**
**کەئەم ویست بژیم ژیانی ساکار**
**خۆم راگیر ئەکرد بۆ زۆرو ئازار**
**مەبەست کاتێ بوو کە بێو بەیەکجار**
**سەربەست و ئازاد: کۆمەڵی هەژار**
**وا من چنگی مەرگ ئاواتی وەران**
**پەیام بۆ ئێوە براو هاوسەران**
**نەکەن بلەرزن لەرێی تێکۆشان**
**نەمانە: ژیان، ژیانە: نەمان!**

**..هەڵبەستەکان، ل208**

**6- کامەران موکری:** لەشیعری(گۆرانیی مــن)(1957)دا ئەو ئاماژەیە دەردەخـات، ژیانێکی زۆر نائارامی هەیەو رێگە بە بەرزکردنەوەی دەنگی نادرێت، بەهۆی ئەمەشەوە وەرزی بەردەوام بێبەرەو پایزییە، ئەوەش بەهۆی ئەو سیستمە سیاسییەی، کە بەهەموو شێوەیەك رێگە لەئازادیو دەنگەکان، بەتایبەتی کورد دەگرێت، بۆیە ئەم گۆرانییە بەتاکە رێگەیەك بۆ دەرخستنی ئازادی ناخی دەزانێت، بۆیە هێلانەی تەنگ و بێدەنگی، نیشانەی بوونی پایزە لە هەموو وەرزەکاندا، ئەمەش ئەوەدەردەخات کە کامەران فشاری لەسەرەو رێگری لە دەنگ و بوونی دەکرێت، کەواتە تەنگی هێلانە و بێدەنگی ئاوازە، دوو ئیندێکسی سەرەکین و بوونەتە هۆی دەرخەری ئەو ستەمەی کە لە کامەرانی شاعیر و دواجار وەك کورد دەکرێت، واتە لەو ساڵانەدا کورد بە هەموو شێوەیەك چەوسێنراوەتەوە، تەنانەت ئەو دەنگانەش، کە بوونی کوردایەتی یان ئازایەتیان لێکراوە خەفەکراون، بۆیە بوونییەتی کورد لەم قۆناغەدا لە چوارچێوەی عیراقی بووندایە، نەك ناساندن وەك کورد، وەك دەڵێت:

**با هێلانەم هەر تەنگ بێ**

**ئاوازەکەم بێ دەنگ بێ**

**وەرزم پایزی زەرد بێ**

**لێ نیشتوی گوڵم گەردبێ**

**ئەگەر بڵێم کوردم.. من**

**یەکسەر زمانم ببڕن..ل75**

بەهۆی ئەم چەوسانەوەیە شاعیر خۆی وەك هەژارێك لەروانگە سیاسییەکەوە دەردەخات، دواجاریش کە مافە سیاسییەکان نەبوون، ئیدی دەبێتە ئاوارەی ناو وڵاتەکەی،ئەمەش ئەو ئیندێکسە گرنگەیە، کە وڵات ماڵی هەمووانە، بەڵام ئاوارەبوون لەناو وڵاتدا واتە چەوسانەوەو رێگریکردن، نەبوونی دادو بوونی جیاوازی رەگەزی و مەزهەبی....تاد، ئەمەش کۆی گشتی شیعرەکە لەو قاڵبە چەوسانەوەییەدا دەناسێنێ، کە کورد لەم قۆناغەدا تێیدا بووە، وەك دەڵێت:

**موچەم هەر داركاری بێ**

**ڕێم بە داو، تەنراو بێ..ل75**

یاخود لەشیعری(هێلانەی ئارام)(1957) ئەگەرچی لەدەقەکەدا بەگشتی باس لەکچێك دەکات‌و بۆی بووەتە هێلانەیەکی ئارام، بەڵام دواجار ئەم لانە گەرمە نامێنێت‌و لەڕێگەی چەند ئیندێکسێکەوە ئەوەمان پێدەڵێت ئەو پەیوەندیە گەرمەی هەبووە، چۆن لەڕێگەی ئاڵتوندا بەفیڕۆدرا، بەوەی ئەگەرچی ئاڵتون خواست‌و حەزی ژنانی زۆر لەسەرە، بەڵام ئاڵتون بەبێ هەست‌و ئەحساس دەزانێت، ئەم بێهەستی‌و ئەحساسیەی ئاڵتون دڵی مراندوە، بەمەش بووەتە هۆی ئابڕوبردنی ئاڵتون وەك دەڵێت:

**چاو، هێلانەی ئارامی دڵ**

**پەنجەی ناسك، دەستی وەك گوڵ**

**بابڕێژین تك تك لەگیان**

**خوای دڵداری بێتە گریان**

**ئەی زێڕی زەردی ساردو سڕ**

**چۆنت برد دڵی گەرم‌و گوڕ**

**تاژین وابێ دڵدارییە**

**كوشتەی دەستی زۆردارییە**

**تۆ ڕۆیی خوات لەگەڵ ئازیز**

**دڵت وەكو گوڵی.. پایز**

**تۆ نەمردوی ئاخ دڵت مرد**

**زێڕ ئابڕووی دڵداریی برد..ل66**

دەیەوێت لەڕێگەی ئیندێکسەکانی( زێڕ، دڵ، دڵداری)یەوە ئەوە رابگەیەنێت ئاڵتون ئەو کاتانە بەنرخە، کە بە شێوە دروستەکە بکڕێت، یان ببەخشرێت، بۆیە گەر وانەبوو ئەوا دڵی مرۆڤیش چەندێك زیندو بێت مردوە، ئەمەش نیشانەی تاوانە لە سیستمی دڵداریدا، چونکە دڵداری خۆشەویستی گیانەکانەو بەشداریکردنی ئاڵتون وەك کارئەکتەری سەرەکی، دەبێتە هۆی

سەرهەڵدانی لەخشتەبردن و زۆرداری و نەمانی پەیوەندییەکان. دڵداری واتە ئامادەبوونی دوو کەسی رەگەز جیاوازو دڵ سەرچاوەی پەیوەستبوونی خۆشەویستی و زێڕیش، واتە خواست و هۆکاری لە خشتەبردن.

7- **نوری وەشتی:** لەشیعری(بڵێسەی دەروون)( 1958/6/26)دا باس لەگۆرانییەکی دوای نیوە شەو دەکات، خەڵکی بائاگادێنێتەوەو لەسەر بیرێکی نوێ کۆیاندەکاتەوە، ئەو گۆرانییەش دەنگی ئازادیەو باسکردنە لەژیانو دروستکردنی کاروانێك، کەبەردەوامی بەم رێبازو بیرە دەبەخشێ، لەپێناو بەدێهێنانی ئەو خواستانەی کەبۆیان تێدەکۆشن، بەمەش ئەوە دەردەکەوێت، کە خودی کاتی گۆرانییەکە ئیندێکسێکەو ئاماژەدانە بەو دەستە تاریکانەی کە کوردی چەوساندوەتەوە، ئیندێکسەکانی(کاروان، ئاگری سور، ژیان) ئەوەمان پێدەڵین، کە گەیشتنە ئازادی، پێویستی بە کاروانەو کاروانیش قوربانی دەوێت و لەم رێگەیەشدا هێزی سور بووەتە وزەی کاروان، لەکۆی ئەمانەش یەکسانە بە ژیان، وەك دەڵێت:

**برا چیت داواکردوە؟**
**هانات بۆ لای کێ بردووە؟**
**بەم شەوە بۆ کێ ئەڕوانی؟**
**تاکو بۆت بڵێ گۆرانی؟**
**گۆرانییەکی دوای نیوەشەو**
**بڕەوێنێتەوە لەچاو خەو**
**کەهەر لەدەم بێتە دەرێ**
**رۆڵەی گەلی پێ راپەڕێ**
**کەدارو بەرد بلەرزێنێ**
**تۆوی بیری نوێ بچێنێ**
**کەسەرتاپا باسی ژیان بێ**
**گڕی مەشخەڵی کاروان بێ**

**رامەوەستە، ها ها لەدوور**
**لەو شوێنەی دیارە ئاگری سور**
**کاروان ئەڕوات دەنگی زەنگی**
**بەرزە، تاکو تۆش بجەنگی**
**دەسا برا رامەوەستە**
**بڕۆپشتیان پێبەستە**
**بەڵام ئەمە باش بزانە**
**کە ژیان بەری تێکۆشانە..ل156**

**قۆناغی دووەم: 195-81961**

**1- دیـلان:** لەشیعری(چواردەی تەموزی)( 1958) دا چەند ئیندێکسێك دەهێنێتەوەو لەرێگەیەوە ئەو واتا مەبەستدارانەمان بۆ دەردەخـات، کەبەهۆی رووداوی چواردەی تەموزەوە رویانداوە، ئەوەمان پێدەڵێت لەم راپەڕینەدا راستە کۆتایی بەسیستمی پاشایەتی کەبەکرێگیراوی ئیمپریالیزم بوون هاتووە، بەڵام لەم راپەڕینەدا، تەنها ئەو کەسە بچوکانەی کەسەر بەئیمپریالیزم بوون باجیانداوە، چونکە کەسە گەورەکانی ئیمپریالیزم رزگاریان بووە، یاخود هەروەك سەیرکەر لەدۆخەکە دەڕوانن‌و دەیانەوێت فیلێکی تر بۆ شکستهێنانی ئەم راپەڕینە بدۆزنەوە، وەك دەڵێت:

**با تولەمار لەژێر پێدا هەپڕوون بێ**
**بەڵام لەوبەر زیتەی چاوی رەش مارە...!!**
**زیتەی چاو وتیژکردنی ددانە**
**کلکە لەقێ‌و مڕەی مام ئیستعیمارە..ل99**

کەواتە تولەمار ئاماژەیە بۆ ئەو بەکرێگیراوانەی کە کار بۆ داگیرکەر دەکەن،بەکوشتنی ئەمانە گرفتی ژێردەستەیی چارەسەرناکرێت،بە واتایەکی تر تولەمار لای رەشـمار هۆکاری بەدەستهێنانی مەبەستە، بۆیە رزگاربوون بەرەنگاربوونەوەی رەشمارەکانە، و هەرساتێك داگیرکەر بیەوێت، دەتوانێت سیخور دروستبکاتەوەو هەوڵی خواستەکانی خۆی بداتەوە، بەمەش دەسەڵاتی داگیرکەر لەم قۆناغەدا لاوازبووە، نەك نەمابێت.

2- **گۆران: ل**ە شیعری( شۆڕشگێڕ)(تەمووزی 1958) دا کە بەهۆی هاتنی سیستمی کۆماری لە عیراق و رزگاربوون لە دەست سیستمی پاشایەتی نوسراوە، ئەو ئیندێکسەمان پێدەبەخشێت، کە لە سیستمی پاشایەتییدا، زوڵم و نادادی بەرامبەر گەل کراوە، ئەمەش لە رێگەی ئیندێکسی( کەڵبەکەوتوو) دا دەیبینیتەوەو کەڵبەکەوتووش ئاماژەی لە دەستدانی هێزی شەڕانگێزی و دڕندەییە، لەهەمانکاتدا هێزی بەرەنگاری و یەکدەنگی گەلی بەرهەمهێناوەو بوو بەهۆی هێنانە ئارای سیستمی کۆماری، وەك دەڵێت:

**بۆ ئێجگاری سارد بووەوەو دای چۆك،**
**کەڵبە کەوتووی بێ نینۆك..**
**لە کاتێکا لەناو خوێنا ئەگەوزا،**
**خزمەکانی لە تاریکی ژێر ئەرزا**
**دەستیان کرد بە چپەچپ**
.
.
**لە لێشاوی کۆبوونەوەی گەل، یەك دەنگ**
**وتی: سەرباز- بژی!- کوشتی بە تفەنگ..293**

هەروەها لە شیعری( تاسەی دیدار)(ئابی 1958) ئەو ئیندێکسە دەخاتەروو، کە لە سیستمی پاشایەتیدا خوێن رژاوەو خەڵکی گیراوەو ئازادی و ماف بوونی نەبووە، بەردەوام پەلامارو گرتن و کوشتن بەشی گەل بووە، ئەمەش لە ئیندێکسەکانی( مەلەکردن لە خوێناودا، دیلی، زەلیلی)دا خراوەتەروو، وەك دەڵێت:

**ڕۆڵەم لەگەڵ رۆڵەی دیجلە،**
**لەگەڵ رۆڵەی دیجلەو فورات:**
**لەخوێناوا ئەیکرد مەلە**
**رۆڵەم دیل بوو،**
**دیل زەلیل بوو،**

**رۆژی شەو بوو،**
**شەو بێ خەو بوو**
**پۆلیس وا بەسەریا زاڵ بوو**
**وەك كۆتر نێچیری داڵ بوو!**
**بەڵام رۆڵەی من و فورات**
**رۆژی پیرۆزی لێ هەڵات،**
**هەر رۆڵەی دوور كوردستانە**
**لە كۆشی دایكا میوانە!..297**

كەواتە هاتنی سیستمی كۆماری هۆكاری سڕینەوەی تاوانەكان و سەرهەڵدانی رۆژی ئازادی بووە بۆ گەلی عیراق بە گشتی.

هەروەها لە شیعری( بۆ سەربازی جمهووریمان)(ئەیلولی 1958) ئەوەدەخاتەروو، كە ئیدی ستەم و كوشتن نەماوەو دایكان بە هیواوە لە ژیان دەڕوانن و سنگیان ناكوتن، كەواتە ئیندێكسەكانی( سنگ ناكوتن، شیوەن ناكەن، دەستەو ئەژنۆ دانیشتن)ئەو ئاماژانەمان پێدەبەخشن، كە زوڵم و زۆر نەماوەو، لەگەڵ ئەوەی كوڕەكانیان چەك هەڵدەگرن، چونكە چەمكی چەكهەڵگرتن بریتی نییە لە كوشتن، بەڵكو فەلسەفەی چەك لەم قۆناغەدا واتە خزمەتكردن و پاراستنی نیشتمان، ئیدی رۆڵەكانیان بە ناحەق ناكوژرێن، لەگەڵ ئەوەی بۆ پاراستنی سیستمی كۆماری دەبنە سەربازو چەك هەڵدەگرن، چونكە ئێستا ئەم بڕیارە هەمەلایەنەو بۆ پاراستنی یەكیەتی و پێكەوە ژیانە، وەك دەڵێت:

**ئەی لاوەكان**
**ئێستا دایكان**
**لە سنگ نادەن،**
**شیوەن ناكەن،**
**كە كوڕیان ئەچێتە ژێر چەك!**
**باوكان دەستە ئەژنۆو خەمبار**

**دانانیشن وەك پار، پێرار**
**چونکە کوڕیان بوو بە سەرباز**
**ئێستە خوشکان**
**خەم سیس ناکا گوڵی روویان**
**بۆ دەزگیرانیان، بۆ براکانیان..ل299**

3- **کامەران موکری:** لەشیعری(ئەختەر)(1958)دا خەفەت و گریان و سلێمانی وەك ئیندێکس بە دوو ئاماژەیەکی گرنگ بەکارهێناوە، خەفەت و گریان، واتە بوونی ناخۆشی وزوڵم زۆر لەسەر خەڵکی، لەبەرامبەریشدا داوادەکات لەسەر ئەو پەیکەرەی لاوانی سلێمانی بۆ ئەختەری دروستدەکەن، لێی بنوسن سلێمانی، شاری هەڵمەتو قوربانی، چونکە خەڵکی سلێمانی بەنێرو مێیانەوە، خەڵکانێکن نەبەزین نازانن‌و دژی هەموو دەسەڵاتێکن، کە لەدژی بەرژەوەندی نەتەوەو گەلی کورد کاردەکەن، یان هەر هەنگاوێك لەم بوارەدا دەنێت، شاری سلێمانی لە رووبەروو بوونەوەو راپەڕین و قوربانیداندا، خاوەن مێژوویەکی دەوڵەمەندە، کەواتە بۆ لەسەری بنوسن سلێمانی، چونکە سلیمانیش شاری قوربانییدان‌و رازینەبوونە بە زۆڵم‌و داگیرکاریو ئەختەریش لەم هەڵوێستەیدا لەسلێمانی دەچێت، وەك دەڵێت:

**ئەی لاوانی کڵپەی ژیان**
**لەجیاتی خەفەتو گریان**
**لەم رۆژانەدا بۆ ئەختەر**
**پەیکەرێك بکەن، لەگەوهەر**
**لێی بنوسن(سلێمانی)**
**شاری هەڵمەتەو قوربانی**
**شانازی یە، بۆ گەورەو ورد**
**ژنی وای هەبێ گەلی کورد..ل116**

4- **کامل ژیر:** لەشیعری(کۆمیدیای برایەتی)( 1958)دا هەرچەندە لەدەستپێکی شیعرەکەدا نوسیویەتی «وتویانە: ئەو گەلە ئازاد نییە، کە گەلیکی تر دیل بکات، ئەمە راستە، هەروەها ئەو گەلەش کە هێشتا خۆی دیل بێ، ناتوانێ گەلێکی تری دیل، یان نیوە دیل رزگار بکات، ئەوەی داوای یارمەتی لێبکاتو لەسامانو توانای بەرێ، بەهەر ناوێکەوە بێت، زیاتر زیانی لێئەدانو تەوقی دیلێتی لەگەرندا قورس ئەکات»123، ئەمەش ئەوە دەردەخـات کەبرایەتی لەسەر بنەمای متمانەو مافدان و جێبەجێکردنی بەڵێنەکان دەبێت، نەك لەسەر بنەمای بەرژەوەندیو خواست، واتە تا ئەو کاتە براین، کە بەرژەوەندی من دەپارێزێت، لەم پێناوەشدا کورد بەگەلێکی ئازادو پەروەردەی شاخ دەناسێت، بەو مانایەی ئازاو شەڕکەرەو پشتو پەنای رۆژی پێویستە، لەم پێناوەشدا ئەندێکسەکانی( کۆڵەکەو قەڵغان، شاخ، گوڵ) ی هێناوەتەوە، بەوەی کورد لە ئاستێکدا گوڵێکە بۆ هەمووان بەسود و جوانە، بەڵام لەکاتی زۆرلێکردنیشدا بەپشتیوانی شاخ رووبەرووی هەموو زاڵمێك دەبێتەوە، چونکە شاخ هیواو ئومێدو هێزی کوردە، وەك دەڵێت:

**برای کوردی قارمانم**
**هاوبەشەکەی نیشتمانم**
**تۆ لەلای من خۆشەویستی**
**کۆڵەکەو قەڵغانو پشتی**
**تۆ پەروەردەی شاخو داخی**
**لەجوانیشدا گوڵی باخی**
**خانەدانی، جەوامێری**
**لەهەڵمەتدا وەکو شێری**
**ئەتکەم بەگژ هەزار دێوا**

**بەگژ دارو بەردو کێوا.. کوردایەتی، ل180**
**یاخود دەڵێت:**
**لەنیشتمانی پیرۆزم**
**لەنەتەوەو گەلو هۆزم!!**
**زویر مەبە ئێمە براین**
**لەجیهانی یەکێتییان**
**ئەوەی دژی ئەم بیرەیە**
**سا باوەڕی هەرچی هەیە**
**کللی بێگانەی خوێڕییە**
**بەشی هەرگیز سەرشۆڕییە**
**نابێ بژی، ئەبێ بمرێ**
**بمرێ و گوریس لە مل کرێ.. کوردایەتی، ل183**

کورد لەکاتی رووبەرووبوونەوەدا خاوەن یەکێتییێکی بەهێزەو ئیندێکسی( کلکی بێگانە)ش، واتە ئەو جاش و خۆفرۆشانەی کە لەگەڵ هەموو دەسەڵاتێکدا لە ناو کوردا دروستدەبن، و دەبنە خاڵی فشار لەسەر شۆڕش، بۆیە خۆفرۆش بەدەر لەرسوابوونی لەلایەن گەل و مێژووەوە، لەکاتی گرتنیشدا دەبێ لەسێدارە بدرێ، چونکە لەمانە خۆش نابێت، جگەلەمەش زۆرن ئەوانەی بەناوی نیشتمانەوە دەیانەوێت زیان لەنیشتمان بدەن، بەوەی بوونەتە داردەستی دوژمنو لەبەرگی نیشتماندا کاردەکەن، بەڵام ئەوەمان پێدەڵێت، هێڵی کارکردنی ئەمانە کورتەو لەگەڵ ئەمەشدا ئاکامەکەی سەرشۆڕیو رسیوابوونو لەسێدارەدانە، لەم پێناوەشدا ئیندێکسی گوریس لەمل کردنی هێناوەتەوە، چونکە ئەو حاڵەتە دەرئەنجامی ئەو هەنگاوە هەڵانەیە کە پێشتر ناویانە.

**قۆناغی سێیەم:1961-1970**

**1- گـۆران:** لەشیعری(وەڵامی پـــرس)(1962/7/25)دا دەیەوێت ئەو دڵسۆزیو پەرۆشیەی ئەو دکتۆرەی کەسەردانی گۆران دەکات لەخەستەخانەدا پیشانبدات، بەڵام پیشاندانەکەی لەرێگەی دایك و کچەوە دەردەخات، بەوەی سۆزی دایکایەتی، دڵسۆزیو راستەقینەترین سۆزەو لەدڵێکی پڕ لەهیواوە سەرچاوە دەگرێت، واتە ئەم حەقیقەتە تەنها لەدایکیدا بەدیدەکرێت، بۆیە گۆرانیش دەیەوێت ئەو پەرۆشیو بەسۆزیەی دکتۆرەکە، کە لەهی خۆشك زیاتر پیشانبداتو لەم رێگەیەوە لەسۆزی دایکیایەتی نزیکی بکاتەوە، چونکە سۆزی دایکایەتی، تەنها بەدایکی راستەقینە هەڵدەگیرێت، یان وێنادەکرێت، بۆیە دەیەوێت لەرێگەی دایکایەتیەوە، ئەم سۆزە پیشانبدات، ئەم هەڵوێستەش دەرئەنجامی بارودۆخی تەندروستی گۆران بەرهەمیهێناوە، بۆیە ئیندێکسی( هەڵڕشتنی فرمێسك)ی هێناوەتەوە، تاوەکو ئەو ئاماژانەمان بداتێ، ئەم پەیوەندی و سۆزە راستەقینەییە، بەزەیی کچەکەیە بۆ گۆران بەهۆی نەخۆشیەکەیەوە، چونکە دکتۆرەکە ئاگاداری حاڵەتی نەخۆشیەکەی گۆران و ئازارەکانییەتی، وەك دەڵێت:

**ناڵێم: وەك دایکێکی دڵسۆز**
**فرمێسکی بۆ هەڵ ئەڕشتم**
**بەڵام، تەواو وەك کچی خۆم**
**دەستی ئەخستە ناو مشتم**
**بەچاوی پڕ لەهەستی جوان**
**ئەیکرد تەماشای سروشتم..ل221**

بەشێوەیەکی گشتی دایك بۆ منداڵەکەی مەڵبەندی سۆزو خۆشەویستی و پەرۆشییە، بەڵام لەکاتی گرفت و نەخۆشیەکەدا، ئەوکات کانگافراوانەکەی سۆزی دایکایەتی دەبینرێت، لەم روانگەشەوە روانینی دکتۆرەکەو جوڵانی کانگای سۆزی بۆ گـۆران بەهۆی زانینی حاڵەتی نەخۆشییەکەی گۆران،

وایکردوە بەو شێوە هەستداریە سەیری گۆرانی کردوە، هەرلەبەرئەمەش پرسیاری غەمباری و ماتی لەگۆران دەکات، کەواتە بەسۆزیی دکتۆرەکە بۆ دروستکردنی هێزی جەستەیە، لەپێناو بەهێزبوونی بەسەر نەخۆشیەکەدا.

2- **شێرکۆ بێکەس:** لەشیعری(باوکی شەهیدم)( 1963)دا ئەو ئاماژەمان پێدەدات، ئەگەرچی خاوەن شەهیدو قوربانیدانین، بەڵام مادام بیری قوربانیدانو خەباتکردن هەیە، هیوای سەرکەوتنیش هەیە، بەواتایەکی تر مادام کەسێکی چەك لەشانمان هەیە، واتە هیوای رزگاربوونمان هەر هەیە،لەم پێناوەشدا ئیندێکسی( بیری تفەنگ لەشان) واتە بوونی زوڵم و زۆری و مافخواردن، چونکە ئەمانە بوونەتە هۆی بیرکردنەوە لە شۆڕشی چەکداری، هەرچی ئەندێکسەکانی( دڵ نەترس، خوێنی لا هەرزانە، نەمری) واتە ئەو هێزەی کە دەتوانێ رووبەرووی سەخترین دیکتاتۆر ببێتەوە، لەپێناو ئازادبوونیشدا چەندێك قوربانی بدات، هێزی زیندوبوونەوەو خۆراگری زیاتر دەبێت، وەك دەڵێت:

**بەڵام مادام، لاوێ مەردی، ئەم نیشتمانە**
**قاڵ بووی بیری شۆڕشگێڕی تفەنگ لەشانە!**
**راپەڕیووە، یەکگرتوە، گیان لەسەردەستە**
**جەنگاوەرە، دڵا نەترسە، خاوەنی هەستە**
**مادام خوێنی لاهەرزانە بۆ رێی سەربەستی**
**سەرشۆڕناکا بۆ ژیانی دیللیو ژێر دەستی!**
**هەرگیز نامرێ،هەر ئەگاتە، رۆژی ئازادی**
**دەستی هیوای، ئەکاتە مل، بەهاری شادی**

**...تریفەی هەڵبەست، ل20**

هەروەها لەشیعری(سێ هەڵبەستی تینوو)( 1968)دا شاعیر تینوی خۆشو ئارامی هیوای ژیانە، بۆیە تەواوی ژیانی بەئیندێکسی جیاوازو بەخەمبار ناساندوە، ئەمەش لەوەوەیە کەژیان بەخۆشیو ئارامییەوە ژیانە، ئەگەر نا

دەبێتە دۆزەخ، کەواتە لەم ئاماژەوە ئەوەیان پێدەڵێت، کەژیان بەگشتیو دەرونەکان بەتایبەتی ماتو پەستن، ئەمەش کاریگەری لەسەر ژینگەی ژیان کردوە، کەواتە کۆی ئەم پەستی و خەمی ژیانەی شاعیر و لەبەرامبەریشدا تینویەتی بۆ ئـازادی ئەوە دەخەنەروو کە ناخۆشی ژیان پەرچەکرداری بارودۆخی سیاسی عیراقە. وەك دەڵێت:

**شەوگار تاڵە، دەروون پەستە**
**ئەستێرەکان.. کزو زەردن**
**خەم لای ژیان خۆشەویستە**
**شیعرم کەوتە ئەشك ڕشتن**
**پایز لەگیانا میوانە...**
**بەهار گەڵای سەوزی وەری**
**داری یادم ئەرخەوانە**
**بۆیە ئەمشەو بەکوڵ ئەگری**

**..تریفەی هەڵبەست،ل23**

کەواتە( دەروون پەستی، کزی ئەستێرە، ئەشك رشتن، وەرینی گەڵای سەوز، بەکوڵ گریان) ئەو ئیندێکسانەن، کە پێماندەڵێن ئەو تاڵی و پەستی و ئەستێرە کزیە، هۆکاری ئەو بارودۆخە نالەبارەیە کە دەستی بەسەر جیهانی شاعیردا گرتوە، بۆیە شەوگار دەبێت ئارامبێت، نەك تاڵ بێت، خەم دەبێت ناخۆش بێت نەك خۆشەویست، ئەمانەش ئەوە دەخەنەروو، کە ژیان پڕە لە دەستێوەردان و ڕێگری و چەوسانەوە.

**3-عەبدوڵڵا پەشێو:** لەشیعری(کرێکارین)(1965) ئەو ئیندێکسەمان پیشاندەدات، کە کرێکار پـەروەردەی ئیشو ئـازارە، ئیش و ئازارەکەشی لەسەرچاوەی ژیانو کارکردنەکەیدایە، کەبەردەوام بەڕەنجی شانی نانی ڕۆژانـەی پەیدادەکاتو لـەوزەی ئەمیش سەرمایەداران پێدەگەن، هەم ژیانێکی بەئازاریان هەیە، چونکە ژیانیان پەیوەستە بەکاری ڕۆژانەوە، بۆیە

ژیان دەنێژن بۆئەوەی بژین، هەم چەوسانەوەیەکی دەرونیشیان هەیە لەلایەن سەرمایەدارانەوە، لەگەڵ ئەوەی کۆڵەکەی ژیانو بنیادنانەوەی بوارە جیاوازەکان لەسەربازوی کرێکار وەستاوە، ئەمەش واتە کرێکار تێکۆشەری ژیانو ئاوەدانکردنەوەی زەویە، کەواتە ئیندێکسەکانی( ئارەق ڕشتن، ژین ناشتن، تەمەنی پڕ مەینەتی) ئەوەمان پێدەڵێن، کەبەرهەمی کرێکار لەخزمەت سەرمایەداریدایە، بەو مانایەی کە کرێکار ئەگەر لەپێناو بژێوی ژیانی خۆیدا دەیکات، بەڵام ماف لەلایەن سەرمایەدارەوە خوراوەو زوڵمی لێدەکرێت، لەبەرئەوە لەگەڵ ئەم خزمەتە گەورەیەدا ژیانیان لە خراپترین دۆخدایە، وەك دەڵێت:

**کرێکارین، کرێکارین...**
**پەروەردەی ئیشو ئازارین**
**ئارەق رێژین**
**ژین ئەنێژین**
**تاکو بژین**
**کرێکارین، کریکارین**
**کۆڵەکەی ژینین، بەکارین**
**بەهەڵمەتی، بازووشمان**
**بەتەمەنی**
**پڕ مەینەتی تێکۆشانمان**
**شاخو داخی، پڕ مەترسی**
**بنکۆڵ ئەکەین..ل200**

4- **دیلان:** لەشیعری(تاوان2)( 1967) دا ئەو ئاماژە بەخوێنەر دەبەخشێ کە جاران کوردستان مەڵبەندی جوامێریو ئازایەتیو دڵسۆزیو...تا بووە، بەڵام ئەمڕۆ واتە سەردەم هەموو ئەمانەی کاڵ کردوەتەوە، ئەمەش ئەو ئاماژەمان پێدەبەخشێ، کەمرۆڤ لەگەڵ گەورەبوونو قۆناغەکانی تەمەنیدا، کاریگەری

جیاوازی لەسەر دەبێت، کۆمەڵێك پاڵنەرو خواست دێتەگۆڕێ،دەبنەهۆی گۆڕینی مرۆڤەکان، ئەمەش واتە گۆڕانی هەمووشتەکان، یاخود پێوەرەکان، بۆیە لەپێناو بەرژەوەندی و خواستدا، سپی رەشەو رەشیش سپی، بۆیە لەرێگەی ئیندێکسەکانی( مەڵبەندی جوامێری،بەرگی خوێناوی، گریان....) ئەو ئاماژانەن کە پێوەرەکانی ژیان و پەیوەندی گۆڕاون، وەك دەڵێت:

**ئەی نازەنین ئەم وڵاتە شیرینە**
**ئەم شاخانە، ئەم دیمەنە رەنگینە**
**جاری جاران مەڵبەندی جوامێری بوو**
**پڕ لەنرکەو پڕ بازرەقەی شێری بوو**
**کەچی ئێستا هەموو شتێ گۆڕاوە**
**رەشو سپی لەجێی یەك نەماوە**
**گوڵ بۆ ئاگر خونچە بۆ ناو توون**
**خانە درِكو داڵ هێنراوەتە ئینجانە**
**ئەی نازەنین..هەردوو بەرگ خوێناوین**
**هەردوو بە کوڵ بۆ ئەم کوردە گریاوین**
**گریانێکی لەداخا نەك لە ترسان**
**لەبێگانە. بۆ دوژمنی لە خۆمان..ل146**

بەواتایەکی تر تاوانەکە تاوانێکی ناوخۆیی کوردە، واتە خودی کورد تاوان لە کورد دەکات و بووەتە داردەستێك بۆ ئەنجامدانی تاوان بەرامبەر براکانی، هۆکاری ئەم تاوانەش بەرژەوەندی ژیانە، بەوەی لەپێناو هەندێك دەستکەوتدا ئامادەن جاشایەتی بۆ بێگانە بکەن.

5- **حەسیب قەرەداغی:** لەشیعری(ئەی شارەکەم)( 1967/7/30)دا کەلەسێ بەشك پێکهاتووە، لەبەشی دووەمدا ئەوە دەخاتەڕوو، کە دەسەڵات لەم شاردا لەهەر پەنایەکدا رێبەرێکی داناوە، بەڵام رێبەرەکە بە پەپوی چاو خوێناوی ناساندوە، کەواتە ئەوەمان پێدەڵێت: کەرێبەرەکان ئەو سیخوڕو پیاوکوژانەن، کەبەکوشتن ئارام دەبنەوە، بۆیە بەردەوام تەڵە بۆ خەڵکی

دەنێنەوەو ژیانو ژینگەی ئەم شارە تێکدەدەن، ئەمەش لەرێگەی وشەکانی( پەپوی چاو خوێناوی، خوماری خوێنی لاو، شاری بێ بەهار) دا ئەو ئایدیایە دەخوێنرێتەوەو لەگەڵ ئەمەشدا مێژووی دەسەڵاتێکمان پیشاندەدات، کە بە زوڵم و زۆرو سیاسەتی ترس و توقاندن، دەسەڵاتی خۆی درێژە پێدەدات، وەك دەڵێت:

**لەمسەر کۆڵان بۆ ئەو سەری**
**بۆ هەر پەنایەك رێ بەری**
**پەپوویەکی چاو خوێناوی**
**چنگ کۆڵەووز**
**سەرباڵ رەشی**
**ئەوەی ئەیڵێین نایڵێنەوە**
**لەسەر هەموو لقی دارێ**
**تەڵەی مەرگێ ئەنێنەوە**
**پێ بەخونچەو گوڵا ئەنێن**
**بەسەر هەموو رێچکەیەکا**
**رەنگی کینەو رق ئەڕێژن**
**کەرۆژهەڵهات**
**خوماریيان**
**بەخوێنی لاوێ ئەشکێنن ئەی شارەکەم**
**ئەی شارە بێ بەهارەکەم**

**..فەرهەنگی غەم، ل406**

دەیەوێت بڵێت رۆژانە دەسەڵات بەهۆی کوشتن و بڕینەوە، شاریان کردوەتە پایز وئەم شوناسەش لە ئیندێکسەکانی(چنگ کۆڵەوز،تەڵەی مەرگ،پێ بە خونجەدا نان، رق، خوێنی لاو...)دەیناسێت.

**6-لەتیف هەڵمەت:** لەشیعری(شەبەق لـەوشـەدا)(1968) ئیندێکسی دوکەڵمان پیشاندەدات، کەلەرێگەی ئەو ئاماژەیە ئەوە دەخاتەڕوو، کە کوردستان پڕە لەستەمو زوڵـمو نـادادی و بەهۆی ئەمانەشەوە گەلیك قوربانی دراوە، ئەم قوربانیدانەش ئیشو ئازارو برینەو هی نەتەوەیەکە، بۆیە بـەردەوام نەوە دوای نەوە، سـەردەم دوای سـەردەم هەر دەمێنێ، تاوەکو کاروانی ئازادیو رزگاری دەخاتەگەڕ،بەواتایەکی دی لەم هەرێمەدا گەردەلولی ستەم مێژوویەکی درێژی هەیە، ئەو مێژوە درێژەی تاوان ئەم گەردەلولەی دروستکردوە، گەردەلولیش زیانی گیانی و مادی هەیەو بەرپەرچدانەوەو رێگریش ئەو هێزەیە، کە خۆری نوێ بۆ ژیان دروستدەکات، وەك لە وشەکانی(دوکەڵ، گەردەلولی ستەم،هەڵمەتی شەڕ، کاروان، رۆژی نوێ،بوومەلەرزە)دا خستویەتیە روو، وەك دەڵێت:

**لەدوکەڵی گەردولوولی ستەما**
**لەلێڵایی کەفی بیابانی تەما**
**لەناو دەمی جۆشی هەڵمەتی شەڕا**
**لەسەر لێوی ئاگرینی سەنگەرا**
**کڵپەی گولله بەگەلێ لەشا ئەچزێ**
**بەڵام هیوا لەبرینی تێکۆشەردا**
**هەر ئەمێنێ بەژەنگی ئێش نارزێ**
**لەناوجەرگەی رێگای پڕ لەناحەزا**
**لەسامناکی ساڵگاری پڕ جەردەو دزا**
**لەژیانو سەرکەوتن و بیر پڕ ئەکرێ**
**بۆ کاروانی**
**تینووی تیشکی رۆژی تازە**
**ئەو کاروانەی کەوا لەرێ لانادا**
**ئەچێ بەگژ بوومەلەرزەی چیادا..**
**خۆرێکی نوێ دروست ئەکات بۆ ئاسۆی گەل..ل21**

یاخود لەشیعری(ئەم کولەکانە دەشکێنم )(1969)دا چەند ئیندێکسێکی جیاجیای بەکارهێناوەو هەر لەخودی ناونیشانەوە ئەوەمان پێدەڵێت، دەیەوێت بێدەنگیەکانی بشکێنێ، دەیەوێ سنوری هاواری فراوان بکات، دەیەوێت بەهەموو کەس بڵێ دەنگی لەگەڵ رەگی زەویدا رۆچـووەو شەپۆلەکانی ناوەستن، چونکە زیندوە، بەڵام زیندویەتییێکی جیاواز لەسەردەمەکەی، بۆیە تێنەگەیشتن لەگەڵ دەروبەرەکەیدا،بەتایبەتی ئەوانەی دەیچەوسێننەوە، ئەوانەی رێگەنادەن قسە بکاتو دەنگی هەبێت هەیە، بەڵام شاعیر بە ئاشکرا ئەوە دەخاتەڕوو ئەگەرچی ماندوە، بەڵام هەڵگری هێزی تۆڵەیە، ئەم هێزەش زیندویەتی شار دەردەخـات، بۆیە دەڵێت شار کەڕوی نەکردوە، چونکە کەڕوکردن، واتە وەستان لەجێگەی خۆو بێجوڵەیی، بەرەو مردنو خامۆش بوون، وەك دەڵێت:

**ئەمە باوەڕی منە**
**شەپۆلەکانم وەستانی نییە**
**کەس لەزبانم تێ ناکات**
**سێبەری هەنگاوەکانم**
**باخچەی گوڵە**
**نیگای چاوە ماندووەکانم**
**باررووتی تۆڵەیە**
**چی ئەڵێن بڵێن**
**ئەم شارە کەڕووی نەکردوە..ل48**

هەروەها دەیەوێت ئەوە بڵێت کەئەوەی تائێستا کراوە، بریتی بووە لەخزمەتکردنی شاو لەبەرگی پاسەوانی دەسەڵاتدا، لەمەش خراپتر ئەوانەی کوشتون، کوردن، بۆیە دەیەوێت ئەم کلتورە بسڕێتەوە، دەیەوێـت ئەم سیستمە هەڵگێڕێتەوە، دەیەوێـت بەپیاو بوون لە پێگە کۆمەڵایەتی و کلتورییەکەدا نەهێڵێت، کلتوری براکوشتنو هەژار کوشتن نەهێڵێت، وەك دەڵێت:

**لەبەردەرگای شادا پاسەوان بووم**
**ئەوەی ئەهات لەملیم ئەدا**
**کەلام کردەوە هەرچیم کوشتبوو**
**شێوەی وەکو خۆم وابوو**
**دووبارە شمشێرەکەم ساودایەوە**
**دایە بەبرا بچکۆلەکانم بلێ**
**بووکە شوشەکانیان پەراش پەراش کەن**
**بتەکانیان**
**هەپرون هەپرون کەن**
**ئەندێشەکانیان**
**لەژێر سەرینەکانیان حەشاردەن**
**با سامۆتکەی شەو**
**نەیدزێ..ل54**

7- **ئەنوەر شاکەلی:** لەشیعری(ون بوون لەناو وشەدا)( 1969/12/4)دا بەراشکاوی ئەو ئیندێکسە دەخاتەڕوو، کەشارەکەی کەوتوەتە بەر لێشاوی زوڵمو زۆرو تاوان، بەشێوازێك گڵۆپی شارەکەی، کە لەشەودا بەهاو بایەخ پەیدادەکەن، لەگێژاوی تەمی ڕەشدا ئەتوێنەوە، تەم خۆی سپیەو هیوای باران و ساردی سروشت دەردەخات، بۆیە ئیندێکسی تەمی رەش ئەو ئاماژەیە، کە تەواوی زوڵمو زۆری شاری کفری گرتوەتەوەو بەهۆیەوە خەڵکی بەگشتی و حەتتا باڵدارەکانیش ژیانیان لێتۆراوەو رۆژیان بووەتە شەوی تار، وەك دەڵێت:
**گلۆپەکان شارەکەم لەگێژاوی تەمی ڕەشا**
**ئەتوێنەوە، نیگای نەخۆشی کوێرێکن.**
**ئەڕۆم بەسەر شەقامێکا مەمك**
**لەژێر پێما ئەقیژێنێ،**
**باڵدارەکان شەقەی باڵیان دیاریی شەوە**

**ئەمڕۆ ژمارەی دوژمنی**
**راستەقینەم هەر زۆر ئەبێ**
**لە تاریکیی سوچەکانا**
**زۆر چەقۆی تیژ وەستاوە بۆم،**
**بەڵام ناڕۆم**
**ترپەترپی پێی دزی شەو**
**خەو ون ئەکا لەچاومانا**

**..پرۆژەی کودەتایەکی نهێنی، ل7**

**8- کامەران موکری :** لەشیعری(کامەران موکری)(1970) دا لەگەڵ ئەوەی کۆی گشتی باس لەزیندانو بیابانی نوگرسەلمان و ئەو ئازارانەی کەدیونی دەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەند ئیندێکسێکی گرنگمان دەداتێ، بەوەی ئەوەی کامەرانی والێکردوە، کە خۆڕاگربێت بەرامبەر بەو کۆسپانەی کە گرتن و دورخستنەوە بەسەریدا هێناوە، بۆیە رووداوەکانی رابردوی دەکاتە شوناسی خۆی، نەك ناوی و پرسیارکردن لە خۆی، واتە پێویست بەوە ناکات لەکامەران بپرسین کییە، لەگەڵ ئەوەی خودی شیعرەکە بەناوی ئەوەیە، بەڵکو دەڵێت لەکۆتو کەلەپچەی دەستی بپرسن، چونکە ئەوان دەیناسن، کەواتە کامەران پەیوەندی نزیکی لەگەڵ کۆتو زنجیردا هەیە، ئەمەش واتە هەوڵدانو کارکردن بۆ نەتەوەو نیشتمان، بەپێچەوانەی شەپۆلە سیاسیەکەو تاکە هۆکاری کامەرانیش کە ئەم کارەی بۆ کردوە، نیشتمانو نەتەوەو خاکە، بۆیە ئیندێکسەکانی(زیندان، برین، کۆت و زنجیر، کەلەپچە) هۆکارێك بەسەریدا هێناونی، کە دەسەڵاتی دیکتاتۆری عیراقە، لەبەرامبەریشدا دڵسۆزی کامەرانپیشاندەدات بەرامبەر خۆراگری و کۆڵنەدان. وەك دەڵێت:

**لەزیندانو لەبیابانی(سەلمان)**
**لەنیشانەی برینەکانی سەرشان**
**لەو ساڵانەی لەگەڵ زنجیرا ئەژیام**

**لەم هەرەسەی ژیان بەسەریا هێنام**
**لەو کەسانەی تادوێنێ بوو وەك دوژمن**
**کۆتیان کردە پێی سەدانی وەکو من**
**لەکۆتی پێ، کەلەپچەی دەست بپرسن**
**من چیم‌و کێم، ئەوان چاکم ئەناسن**
**قارەمان نیم، بەناوبانگ نیم، گەورەنیم**
**شاعیرێکم بۆ نەتەوەی کورد ئەژیم**
**چیم لەدەست هات کردم بۆ نەتەوەو خاك**
**چیم بەسەر هات دام بەخەندە بەبێ باك**
**سەرم بەرزە سەرشۆڕبوونم نەزانی**
**ئارامی خۆم، تاسەم کرد بە قوربانی...ل280**

هەروەها لەشیعری(ئەم ئادەمیزادانە)(1965)دا دەیەوێت ئەوەمان پێبلێت، هەندێ مرۆڤ بەپێی سەردەمەکان هەن خزمەتی ئاغا گەورەکانیان دەکەن، بەڵام ئەم خزمەتکردنە لەسەر بنەمای نزمکردنەوەو کەمکردنەوەی خۆیانە، بەواتایەکی تر ئەوە خودی مرۆڤەکانن ئەمانە بەسەرخۆیاندا گەورە دەکەن، هەموو ئەمەش لەنەزانی‌و گەمژەیی خۆیانەوەیە، بەردەوامیش بۆ راپەڕاندنی ئەو کارانەی کەئاغاکانیان ناتوانن بیکەن، بەپشتیوانی ئەوان‌و ترسانی خەڵکی دەیکەین، واتە دەیەوێت بڵێت ئەو زەلیلی و گەمژەییەی کە خەڵکی بۆ ئاغاکانی دەردەبڕێت، سروشتی نییەو خۆی بۆ خۆی دروستیکردوە، ئەوە خۆیەتی دەیەوێت بچوك و لاواز بێت، نەك لە بنچینەدا وابێت، وەك دەڵێت:

**کوڕی ئاغا پێیووت: بۆچی وەستاوی**
**لەجێی خۆتا وشك ئەڵێی رواوی**
**ئەم نزمییە تاکەی سەپانی هەژار**
**گەمژە نەبی ئاوا ناکەی بۆ زۆردار**
**دوای ئەرکی رۆژ بۆچی دێی هەڵئەوەستی**

**دیسان کەمەر بۆ کاری تر ئەبەستی**
**هەر بۆ نەختێ نانو چێشتی بەرماوە**
**دەستی سووکیت لەسەر کەمەرت ناوە؟**
**ورتە بکا یەکێکی وەك من بەدار**
**خپی ئەکەی لەسەر خاوەن زەوی و زار..ل304**

کەواتە ئەم نزمی و بچوك بوونەی سەپان بەهۆی هەژاری داراییەکەوە نییە، بەڵکو بەهۆی هـەژاری عەقڵی و ساویلکەیی خۆیەوە خۆی بچوك کردوەتەوەو ئاغاکەی گەورەکردوە، بەواتایەکی تر ئاغا گەورە نییە، ئەوە سەپانە خۆی بچوك دەکاتەوە، بۆئەوەی ئاغاکەی گەورە بێت، بۆیە لەرێگەی ئیندێکسی( نزمی، سوکی، ورتە)وە ئاماژەی زاڵمبوونی ئاغا دەخاتەروو، واتە بوونی زوڵم و زۆرداری و چەوسانەوە.

## قۆناغی چوارەم 1970-1975

**1- ئەنوەر شاکەلی:** لەشیعری(بروسکەیەك بۆ خوای تاوان)(1971/10/23) دا لەگەڵ ئەوەی باس لەو ملمهوڕیو دڕندایەتی دەکات، کە هەرەسی بەکۆماری مەهاباد هێناو قازی شەهید کرد، بەڵام ئەمە ناکاتە ئەوەی کە کورد(شاعیر ) سەری بۆ شۆڕ بکاتو پێیوابێت شکستیهێناوە، چونکە مێژوو هەموو ئەو هەستانەوانەی سەلماندوە، کەلەدوای شکستەکانەوە سەرچاوەیانگرتوە، بۆیە ئەم بروسکەیە کە خودی پەیامی شیعرە، دەکاتە ئیندێکسێکی دیارو ئاشکراو لەبەرامبەریشدا ئیندێکسی(نرکەو قیژەی نوێی چوارچرا) دەکاتە پەیامی هەستانەوەی کورد لە دوای قازی، هەروەها ئیندێکسی( قرچەی تەختی خوایەتیت) سەلماندنی سەرلەنوێ هەستانەوەو تۆڵەسەندنەوەیە. وەك دەڵێت:

**وامەزانە**
**سەرشۆڕ ئەکەم بۆ گەورەییت،**
**لەپی سواڵم درێژ ئەکەم بۆ بەزەییت.**
**با فریشتەی ژمێریاری چاکەو تاوان**

**بلیۆنێ جار**
**بەگومڕایەك تۆمارم كا،**
**گوێ شلكە بۆ نوكەو قیژەی نوێی چوارچرا،**
**بڕیارە تازەكەی سیزیف**
**سپارتاكۆس بخوێنەوە**
**بروسكەكەم بخوێنەوە**
**گوێ شلكە بۆ قرچەی تەختی خوایەتیەكەت**
**كەئەسوتێ لەئاگرا**

**..پرۆژەی كودەتایەكی نهێنی،ل39**

كەواتە نركەو مێژووی نوێی چوارچراو بڕیارە تازەكەی سیزیفو خوێندنەوەی سپارتاكۆس ئەو ئاماژانەن،كەئیدی هەریەكەیان بڕیاردەدات جیاوازتر كاربكات لەرابردووی خۆیو هەریەكەیان هەوڵ بۆ ئەوە دەدات، كەپێویستە بەدیبهێنێت.

**2- شێركۆ بێكەس:** لەشیعری(هەنگاوی سەرەنج)( 1973)دا لەباسكردنی ژیانو پاڵەوانییەتی سەلاحەدینی ئەیوبیدا، بەئاگرێكی سەركەوتنو نیشانەی هیوا لەسەر لوتكەوە دەستیپێكردوە، واتە هیوای عەرەبەكان بۆ رزگاركردنی قودس لەچیاكانی كوردستانەوە سەرچاوەی گرت، بەڵام ئەم هێزو هیواو پاڵەوانەی كورد، زەریا كوژانییەوە، یاخود بەهەتاوێكی دەزانێت كەلەسەر بەفر لەدایكبووە، واتە ئازادیو شەفەقێكە كەلەسەر بەفری كوردستانەوە سەرچاوەی گرت، بەڵام بەپێچەوانەوە لەسەحرادا تواوەتەوە، ئەمەش واتە ئەو ئاگرو هەتاوەی كەلەكوردستانەوە سەرچاوەی گرتو بوو بەهۆی ئازادی قودس لەدەستی خاچ پەرستەكانو هیوای بۆ عەرەبەكان گێڕایەوە، بەڵام ئەو ناوبانگییەی كورد زەریـاو بیابانی عەرەبی لەناوی برد، لەم پێناوەشدا ئیندێكسی( هەڵۆ، ئاگر)ی وەك نیشانەی سەركەش و پاڵەوانی لوتكەی چیاكان هێناوە،هەرچی( سەحرا)یە بووەتە شوناسی سڕینەوەو ونبوون، وەك دەڵێت:

**-سەللاحەدین..**

**ئەو هەڵۆیەی لەسەرابی... لما.. خنکا**

**ئەو بایەخەی رەنگی سووری:**

**بەسەر روو زەردییا.. تکا**

**-سەللاحەدین...**

**ئاگرێ بوو لەسەر لوتکە کرایەوە**

**لەزەریادا کوژایەوە...**

**هەتاوێ بوو... لەسەر بەفر لەدایك بوو**

**بەڵام لەناو چنگی گڕەی..،**

**سەحرای دۆزخا توایەوە**

**..من تینویەتیم،ل182**

یاخود لەشیعری(شاخ)( 1974/2/6)دا ئەوە دەخاتەڕوو ئەو ئەسپانەی لەشاخن پەیوەست بەشاخەوەو بەدوای ئەو خواستانەوەن کەبۆی دەکۆشن، لێرەوە ئەوەمان پێدەڵێت کەبڕینەوەی داری شاخ، واتە کۆچی باڵندەو گواستنەوەی بێچوەکانی لەگەڵ ئەو ئازارانەی کەبەهۆی هەڵکەندن لەزێدو بوونی خۆی دووچاری بووە، ئەمەش لە رێگەی ئیندێکسەکانی(بڕینەوەو هەڵکەندنی دار، ئەسپی خوێن، سەنگەر)ئەوە دەردەخەن، هەریەکە لەمانە زیان و بێ ئارامی لەگەڵ دایە و زیانبەخشن، بەڵام بوونەتە هێزی نەتەوەیی و شوناسی شاخ، لەگەڵ ئەوەی زاراوەی بڕینەوەی بەکارهێناوە، ئەمەش بەواتای تێکدان یان شکستپێهێنانە، بەڵام لەهەمانکاتیشدا هیوای سەرهەڵدانەوەی هەیە، لەگەڵ ئەمەشدا زاراوەی هەڵکەندنی داری بەکارهێناوە، ئەمەشیان ئیندێکسێکە بۆ سڕینەوەو کاولکردن، بۆیە دەڵێت بەهەڵکەندنی دارەکان باڵندەکان، بێچوەکان بۆ کونی شاخەکان دەگوێزنەوە، ئەمەش واتە گەڕان بـەدوای لانەی بەدیلدا، بەڵام کۆڵنادات و ئامادەی قوربانیدانە، لەپێناو مانەوەدا، وەك دەڵێت:

**نیشانە:هەموو بڕینەوەی دارێك**
**باڵندەكان فێر ئەكات چۆن**
**هێلانەكان بگوێزنەوەو**
**لەگەڵ ا ئازاردا كۆچ بكەن**
**-نیشانەیەك هەموو هەڵكەندنی دارێ**
**باڵندەكان فێر ئەكات چۆن**
**بەباڵی بێچوو بگوێزنەوە بۆ كونە شاخ**
**ئەسپی خوێنی ئەم شاخانە**
**لەو رۆژەوە ئەحیلێنێ**
**كە ئەستێرەی قوربانی خۆی**
**لە گۆمی سەنگەردا دیوە**

**..دیوانی شێركۆ،ل53**

3- **ئەنوەر قادر:** لەشیعری(ئێوە ئەو بایەن كێو لەبن دێنن)( ئابی 1973)دا ئەگەرچی لەكۆی شیعرەكە باس لەو هێزەی هەژاران دەكات، كەدەتوانن كێوی بەربەستی ژیان راماڵن، بەڵام لەناو ئەمانەشدا چەند ئیندێكسێكی جیاواز كەلەم تـەوەرەدا دەسوڕێتەوە دەردەخـات، وەك( گورگی رۆژگار، مل شكاندن، كوژانەوە، كێولەبنهێنان)و ئەوەمان پێدەڵێت، كە ئەو زاڵمانە(لەبەرگی جیاوازدا) كەچەندین سەدەیە ئەوەی بەدڵیان نییەو رقیان لێیەی شكستیان پێهێناوە، بەوەی ملی بەرخیان شكاندوە، واتە كوشتویەتی نەك خواردبێتی، بەوەی لەبەر برسێتی ئەمەی كردبێت، لەبەرامبەریشدا مەم و زین كەقوربانی ئەم تاوانانەن بەنموونە هێناوەتەوە، بەڵام نەمریو زیندوییان بەدرێژایی ژیان هێشتوەتەوە، بەمەش ئەوەمان پێدەڵێت ئەوانەی لەبەرامبەر خواستەكانیدا هەژارن، ئەو هێزەن دەتوانن هەمووشتێك راماڵن، وەك دەڵێت:

**گورگی رۆژگار بەرخی سێ سەدەی مل شکاندووە،**
**زامیش گوڵی کرد، بەڵام مەمو زین دوو ئەستێرەکەی**
**شەوی هاوینن یەکتر ماچ ناکەن ئەکوژێنەوە...**
**لەبەردەم خوادا لەناو گومانو دڵنیاییدا**
**هەڵەتو سوورکەی هەوری ئاسمانن**
**هەتا چاو بڕکا نابڕێنەوە**
**ئەی هەژارینە! ئێوە ئەو بایەن کێو لەبن دێنن..ل31**

**4-لەتیف هەڵمەت:** لەشیعری(بۆ ئەو رۆژەی کە هالی ئەکشێ)(1973)دا باس لەتاوانباریو بەشانۆ بوونی تاوانی شارەکەی دەکات، ئەم شانۆبوونەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە یاسا لەدەست تاوانباردایە، ئەمەش واتە هەڵگەڕانەوەی تـەواوی یاساکان وبوونی شانۆی تـاوان، چونکە دەکرێ گەندەڵیو کەم و کورتی هەبێ، بەڵام ئەو کاتانەی تاوانبار دادوەرە، هەرچی یاسای داد هەیە نایاساین، بەمەش چالاکی و دڵسۆزی دەبنە دیلی زیندان، بۆ ئەوەش پێغەمبەری بەدیلی زیندان داناوەو حەلاج لەخوێندا دەگەوزی و ئینجیلو قورئان لای ئەبوو لەهەبە، وەك دەڵێت:

**شارەکەی من.. یەکەم شانۆی تاوانە**
**جەردە یاسا بەدەستە**
**پێغەمبەر دیلی زیندانە**
**حەلاج نوقمی خوێنی خەستە**
**ئەبو لەهەب... خاوەنی ئینجیل و قورئانە..ل96**




واتە پێغەمبەرو چاکە لەتای تەرازوێکدایەو ئەبولەهەب و خراپە لەتای تەرازووەکەی تردایە، بەمەش کاری جێگۆرکێ دروستدەبێت، واتە پرەنسیپی دیالۆگی باختین یان کەرنەڤاڵی باختین ئەویش بەوەی خراپەکار رۆڵی پێغەمبەر دەبینێت و پێغەمبەریش لە زینداندا گوزەردەکات، بەو پێیەی گوناهێکیان دەرهەق بە ئەبو لەهەب ئەنجام داوە، هەروەك لە کۆمیدیای دانتیدا بەدیدەکرێت.

**5- عەبدوڵلا پەشێو:** لەشیعری(ئەگەر هاتی تەنیاوەرە)(1973/9/11) ئەگەرچی دەبوو بەهەر ڕێگەیەك بوایە، حەزی بەبینینی یارەکەی بکردایە، چونکە یاریەتیو بەبینینی ئارامی پێدەبەخشێ، بەڵام شاعیر بەمەرج داوای هاتنی دەکات، هۆکارەکەی ئەوە نییە کەیاری لا خۆشەویست نەبێت، بەڵکو بۆ ئەوەیە، خۆشی رازەکان لە نهێنێنیدا دەبینیتەوە، جگەلەمەش ئەو ئامادەسازیەی کەشاعیر بۆ یاریکردوە، بۆ تەنیاییە، نەك میوانداری کەسی تر، بۆیە ئەوەی شاعیر چاوەڕێیەتی و مەبەستییەتی بیڵێت، بەمیوانی تر لەوتنی بێهیوا دەبێت، واتە باران جوانە، ئارام بەخشە، بەڵام رەشەبا ئەم ئارامی و جوانییە تێکدەدات،کەواتە وشەکانی( پەستی، رەشەبا)ئەو ئیندێکسانەن، کە دەبنە هۆکاری تێکدانی ئەم ژوانە، شاعیر لەمەدا کەوتوەتە ژێر کاریگەری شاملۆوە، چونکە شاملۆ دەڵێت» ئەگەر هاتی بەئەسپایی وەرە، نەوەك چرپەت درزبکاتە شوشەی بینینەکانمەوە» وەك دەڵێت:

**ئەگەر هاتی تەنیا وەرە**

**ئەو بارانە پەستم دەکا**

**کەرەشەبای لەگەڵ بێ**

**پەست دەبم**

**بەو گوڵەگەنمەی**

**لەگەڵ ژەنگا پەنجەیان تێك هەڵکێشا بێ!**

**ئەگەر هاتی تەنیا وەرە**

**هەروەك لەناو دڵما تەنیای**

**سەرینەکەم بۆ دوو کەسە**

**دوو کورسی تامە زرۆم هەیە**

**دوو پیاڵەشم هەیە بۆ چای ..ل24**

**6- حەسیب قەرەداغی:** لەشیعری(ئاڵای بەرز)(1975/8/17)دا لەئیندێکسی بەرماڵی خوێنیندا ئەوەمان پێدەڵێت، چۆن ئەلەندیو لۆمۆمبا خەباتیان کردو قوربانیاندا، بەهەمان شێوەش شێخ موجیب خۆی کردە قوربانیو ئەم قوربانییەش پێشکەش قازی کرد، چونکە قازیش لەپێناو گەلەکەیدا خۆی کردە قوربانی، لەگەڵ ئەوەی دەیزانی ئارامی و ئاسایش لەلای گورگو چاو برسی نییە، کەواتە لەرێگەی ئەندێکسەکانی( گورگ،گیانی ورد،چەقۆ) ئەوەمان پێدەڵێن، کە ئەو گەلە گورگە هەموو ژیانیان لەپێناو ورگدایەو بۆ ورگ دەژین و ژیان لە پڕکردنی ورگدا دەبیننەوە، بۆیە هەمان سیفەتی گورگی پێبەخشیون و تەنها لەرێگەی هەستی برسی و چاوی خەشەوە پەلاماری خواستەکانی خۆیاندەدەن، وەك چۆن بەسەر قازیشدا هات، وەك دەڵێت:

**هۆ.. ئەلەندی، هۆ لۆمۆمبا**
**وا شێخ موجیب بەرماڵی خوێن**
**بۆ چوارچرای قازی ئەبا**
**هەی چنگ، هەی قەپ، هەی خوودەی رەش**
**هەی، هەی ئینسان...چاوی برسی**
**پێچکەی کورسی....تەختەی کورسی**
**وا شێخ موجیب لەبەر ماڵی خوێنی خۆیان پێچرایە**
**لەبەردەمی گەلە گورگی چیای خەشا**
**دوای سەلامی نویژی عیشا کرایەوە**
**هۆ گورگەکان، گورگەکانی نوێژی شێوان**
**چەند ناپیاون**
**ئینسان هەموو گیانی ورگە!**
**ئینسان چاوی چەقۆی خەشە**
**هەرچی تیایە لیستەی رەشە**

**..فەرهەنگی غەم 1، ل44**

**سێیەم: هێما**

هێما بریتییە کۆدێك، یان چەند کۆدێك، یان ئاماژەیەکەو پەیامێك دەگەیەنێت، ئیدی ئاشکرا بێت، یان شــاراوە، بەمەش هێما بریتییە لە قووڵبوونەوە لە واتای شیعریی و خستنەرووی تەواوی ئەو مانایانەی، کە هێماو نیشانەکانی ناو دەق، بەشێوەی جیاجیا، یان یەکگرتوو لەخۆیانی گرتوون.

یان هێما بریتییە لەپەیوەندێکی لەخۆوەیی یان هۆیی، یان لێکچون، یان پەیوەندی فیزیکی، یان نیشانەی هاوسێیەتی لەنێوانیاندا نییە، بەڵکو هێما لەخەیاڵزای گشتی دروستکراوە، وەك پەیوەندی کۆتری سپی بەئاشتیەوە، ڕۆژو ئازادی، کوندەپەپو و شومی، بەواتا هێما لەهەندی حاڵەتیدا دەچێتەوە بۆ ئەو دابە تایبەتانەی، لەهەموو کۆمەڵگەیەکدا هەن، بۆیە» توانای هێما لەرووی دەستنیشانکردن و کارەوە دیاریکراوە، هێما دەیەوێت خۆی لە یاساکان، یان وێنەکان بدزێتەوەو مانایان بداتێ «125، یاخود هێما نیشانەی لەخۆوەیەو لەپەیوەندیدا لەگەڵ بابەتەکەی پشت بەداب‌و نەریتی، یاخود کلتور دەبەستێت، دیارترین نموونە لەسەر ئەمە،نیشانەی زمانییە. 126

«بریتییە لەو دەربڕینەی کە تێیدا دال و مەدلول لەیەك ناچن، چونکە پەیوەندیەکە لە بنچینەدا لەخۆوەییەو پێویستە نیشانەکە جێگیربکرێت و فێری ببین»127یان بریتییە لە» گەڕانەوە بۆ شتێك لەسەر بنەمای یاسایەك، کە بەگشتی کۆمەڵێك بیری گشتییەو کار لەسەر لێکدانەوەی هێماکان دەکات»128واتە هێما پەیوەستە بەو پاڵنەرەی، کە لە بیری بەکارهێنەرەکەیدایەو هەر ئەم پاڵنەرە زەینییە پەیوەندییەکەش دروستدەکات.

پێرس پێیوایە «هێما نیشانەیەکە ئاماژە بەبابەتێك دەکات، کە لەڕێگەی کلتورەوە گوزارشتی لێدەکات، بۆیە هێما شتێکی گشتی، یان کلتوریە، واتە نیشانەیەکی کلتوریە131، هەروەها پێیوایە «هێما بەو پێیەی نیشانەیە ئاماژە بەشتێك دەکات، کەلەرێگەی رێکەوتنەوە( عورف) گوزارشتی لێدەکرێت»129

جان مارتینی دەڵێت هێما»بریتییە لەنیشانەیەك کەدەلالەت لەسەر شتێك دەکات بەپێی ڕێکەوتن، بۆ نموونە تەرازو نیشانەی دادپەروەریە، یان کۆتر نیشانەی ئاشتییە131

هێما بریتییە لەوەی بەهۆی یاسایەکەوە ئاماژە بەشتێك دەکات، کەبەگشتی پشت بە زمانی پەیوەندی لەنێوان بیرە گشتیەکاندا دەبەستێت، بەڵام بەشێوەیەکی سروشتی پەیوەست دەبێت بەدالو ئەوەی لەهێمادا ئاماژەی بۆ دەکات، عورفیەو ئاراستەکراوە، لەنێوانیاندا لێکچون، یان پەیوەندێکی فیزێکی، یان پەیوەندی هاوسێیەتی نییە.132

لەراستیدا هێما بەباشترین نیشانە دادەنرێت، چونکە نیشانەیەکی مرۆیی پەتییەو دەلالەت لەبابەتەکەی دەکات، بەشێوەو بارێکی پێچەوانە، کەهەریەکە لەئایکۆنو ئیندێکس لەسەرین، بۆ نموونە شێوەی سەلیب ئاماژەیە بۆ مەسیحیەت و شێوەی مانگ ئاماژەیە لەسەر ئیسلام و شێوەی تەرازوش ئاماژەیە بۆ دادپـەروەری، بۆیە هێما چەندین دەلالەتی هەیەو بەپێی سیستمێکی زمانەوانی، دەکرێت دەلالەتی نوێی بۆ زیادبکەین و ئەو دەلالەتەی دەیهێننەوە، تایبەتە بە بەڵگەیەك کە لەسەری رێککەوتوین.

گۆتە دەڵێت» هێما ئەزموون دەکات بە بیرۆکە و بیرۆکەیش دەگۆڕێت بە وێنە، بە جۆرێك ئەو بیرۆکەیەی لە وێنەیەکدا هەیە بە زیندوویی دەمێنێتەوە و بە زەحمەت پێیدەگەین. ئەگەر بە هەموو زمانەکانیش گوزارشتی لێبکرێت، بە ئاسانی گوزارشتی لێ ناکرێت. ئەم پێناسەیە ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت، هەموو ئەوانەی بە هێما ناودەبرێن، نیشانەی راستەقینە پێکناهێنن، ئەوەندەی دەبنە خەسڵەت و دەیانەوێ لای وەرگر بەشداریەکی ئەفرێنەرانە بکەن»133

لە راستییشدا، هێما، یان لایکەمی هێمای شیعریی، نیشانەیەك لە جۆرێکی تایبەت پێکناهێنێت: پرسەکە پەیوەستە بە کاریگەری مانای دەرەنجامێکی بەرهەمهاتوو لە ستراتیژی دەقێکەوە: دەکرێت هەر نیشانەیەك وشەیەك، رستەیەك، تابلۆیەکی هاتووچۆ، وێنە – مانایەکی هێمایی لە دەقێکدا هەبێت، بەوپێیەش هێمای شیعریی، دەبێ لە بازنەی تیۆری هونەردا قسەی لەسەر بکرێت، ئەمەیش بەسەر هەموو وێنە رەوانبێژیەکانی وەك خوازە و مەجازدا بەرجەستە دەبێت.

د زاهیر لەتیف دەڵێت» هێما نیشانەیەکە لە نیشانەکانی شێوازگەری، بەمانای دەربڕینە شـاراوەکـان دێـت، کە دەکەوێتە دەرەوەی بازنە هەستپێکراوەکان، وەك ئەوەی وشەیەك بـەدوای مانایەکی نەبیستراودا بگەڕێت، کە لەرووی کارنامەوە جیاواز بێت لە مانا بەکارهاتوەکە»134

بێگومان جیاوازی لەنێوان هێماو ئیندێکسدا هەیە، بۆ نموونە خۆڵەمێش کەبەهۆی ئاگرکەوتنەوە دروستدەبێت ئیندێکسێکە، بەمەش ئیندێکس گەڕانە بەدوای هۆو هۆکاردا، بەڵام لە هێمادا مەرج نییە هۆ و هۆکار هەبێت، بۆنموونە ئەگەر شاعیرێکی وەك گۆران باس لە پایز بکات، بەستویەتیەوە بە بارێکی دەروونی تایبەتی خۆیەوە، بەو مانایە مەرج نییە پایز لای شاعیرێکی تر هەمان مانای هەبێت، یاخود نەورۆز لای هەندێك شاعیر، پەیوەستە بە سیاسەتەوە، بەڵام لای هەندێکی پەیوەستە بە جوانی و سروشت و لایەنی نەتەوەیی، لەمەشدا دەبێتە هێما، بەڵام خۆڵەمێش ماناکەی جێگیرە.

کەواتە ئەنفال وەك ئیندێکس دەرئەنجامی دوو شتە:

یەکەمیان: داواکاری ئەنفالکراوەکان بە مافە رەواکانی خۆیان وەك خاك و نیشتمان و پێکەوە ژیان. دووەم: دڕندەیی ئەنفالچییەکان کە قایل نابێت بەم داواکارییە، بەڵام لە هێمادا ئەم هۆکارانە پێویست نین بەو پێیەی پێشتر رێکەوتنێك لە نێوان خوێنەر، یان وەرگرو هێماکەدا هەیە، بۆنموونە ئێمە هەموو لەسەر ئەوە رێکەوتین کە ئەفسانەی ئەدۆنیسی بەمانای بوژانەوە یان زیندوبوونەوە دێت، بەکارهێنانی ئەم هێمایە پێویستی بە وردەکارییە کۆنتێکستییەکانی ئەم هێمایە نییە.

لەبارەی جیاوازی ئایکۆن و هیماوە پێرس پێیوایە «ئایکۆن ئاماژیەکە پارێزگاری لە خاسیەتە مەعنەوییەکانی دەکات، ئەگەر کانگاکەشی ئامادە نەبێت، بەڵام هێما خاسیەتە دەلالیەکەی وندەکات ئەگەر لێکدانەوەکەی لەدەستبدات، هەروەك لە رستەی ئاساییدا هەیە، ئەگەر هەڵگری مانا بێت، چونکە ئێمە ئەم مانایەی پێدەبەخشین»135

## قۆناغی یەکەم 1950-1958

**1-گۆران:** لەشیعری(زیندانی ئەژدەهاك)(1953)لەم دەقەدا ئەژدەهاك هێمایە بۆ هەموو ئەو دیکتاتۆرانەی، کەبەدرێژایی مێژوو هاتونو لەئایندەشدا دێن، چونکە کۆی گشتی ئەم چەمکە، بریتییە لەدەرخستنی کۆمەڵێك خاسیەتو تایبەتمەندی کەسێك، کەبەرامبەر گەلەکەی یان مرۆڤایەتی دەیکات، هەر لەسزاو کوشتنو ئەشکەنجەدانو بەندکردن...تاد، جگە لەمەش هەموو ئەم شێوازانەی زۆرجیاوازە لەشێوازەکانی ترو هەموو هەوڵێکی بۆ مانەوەی خۆیو بەهێزی دەسەڵاتەکەیەتی، بۆیە سڵ لەهیچ شتێك ناکاتەوە، کە بەرامبەر گەلەکەی، یان ئەوانەی لەدژی دەوەستن بەکاربهێنێت، وەك دەڵێت:

**ئەژدەهاك! زیندانت قەڵا-قەڵایە**
**دیواری کۆنکرێت دەرگای پۆڵایە**
**ئەژدەهاك! کون بڕە، سەختە زیندانت**
**ناڕووشێ بەبڕبەن بەندی گرانت**
**هێزی لەش مرێنە کۆتو زنجیرت**
**کارییە لەدەمار ناپاکیی بیرت**
**هەرئەگری، ئەکوژی، ئەدەی لەگەردن**
**مێشك دەرخوارد ئەدەی بەماری نەوسن...ل268**

«لەهۆنراوەی(زیندانی ئەژدەهاك)دا گۆران توانیویەتی هێمایەکی مێژویی بە وردەکارییەکانییەوە بەسەردا ببڕێت، لەگەڵ ئەژدەهاکدا دەدوێت وەکو ئەوەی مێژوی هەزار ساڵێك گەڕاندبێتە دواوە، ئەم هێما مێژووییەی بۆ زیاتر کاریگەری بەسەر دەرونی خوێنەردا بەکارهێنا» 136لەراستیدا گۆران تەنها باس لەمێژوو ناکات، بەڵکو ئایندەش بەهەمان شێوە بە خوێنەردەناسێنی، چونکە ئەژدەهاك نیشانەیەکە بۆ هەموو زاڵمێك، دیکتاتۆیك....تاد، ئیدی لەهەر کاتو ساتێك دا بێت، ئەم پێناسەی بەسەردا دەبڕێت، وەك ئەوە وایە پێناسە بۆ کۆمەڵناسی کرابێت، ئیدی بۆ رابردوو بشێت بۆ ئایندەش دەشێت، بۆیە یەکێك لەخاسیەتەکانی نیشانە لەگەڵ خوێنەرەکانی زەمەنەکاندا گوزەردەکات

بەبێ داخراوەیی. بەهێزیو خۆشەویستی شاعیر، یان پەیوەستبوونی شاعیر بەجەستەو رۆح لەگەڵ رووداوەکـەدا، ناتوانیت دەستبەرداری بێت، بۆیە بەرۆح و لە قووڵایی خودیدا لەگەڵیدا ماوەتەوە، بۆنموونە»لەم هۆنراوەدا گۆران دەیەوێت رووی دزێوی فاشیزم و نۆکەرانی بخاتەڕوو، کەهەردەم لەبرژاندنی مێشکی رۆڵەکانی گەل تێر نابنو رایدەگەیەنێت کەرۆژێك دێت ڕیزەکانی گەل یەکدەخرێن، ئەوسا فاشییەکانو نۆکەرەکانیان لەبەرامبەر گڕی شۆڕشی رۆڵەکانی گەل دەبن بەشێرە بەفرینەو دەتوێنەوە»137

یەکێك لەکێشەکانی لێکدانەوەی دەقی شیعری کوردی، کە تائێستا کراوە ئەوەیە، نوسەر وشەیەك هەڵدەبژێرێت لەناو شیعرەکەداو بەبێ بەستنەوەی بەدەقەو وشەکانی تری ناو دەقەکەوە، بەتەنها لێکدانەوەو راڤەی بۆ دەکات، ئەمەش لەسیمیۆلۆژیادا ناکرێت، پێویستە لێکدانەوەکان لەگەڵ تەواوی جومگەکانی شیعرەکەدا بگونجێت، دەشکرێـت بۆ شاعیرێك بەپێی قۆناغی شیعریی، یان تەمەن هەمان پۆلێنی لاوی و پیری بۆ بکرێت، چونکە ئەو بۆچوونانەی کەلەقوناغەکانی کۆتایی ژیانیاندا لەگەڵ قۆناغەکانی سەرەتای نوسینیاندا جیاوازی هەیە،کارکردنی گۆران لەدوای ساڵانی پەنجاکانەوە «دەنگی ئەنتەر ناسیونالستی گۆران لەدوای 1952 رەنگرێژکراوی حاڵەتێکی تری لەت بوونی(ئێمە)و هەوڵدانێکی تری بـووە، لەپێناو رەوینەوەی دۆخی(منو ئەوان)»138 دا، بۆیە زۆربەی ئاماژەو ئەندێکس و هێماکانیش ئەنتەرناسیونالیستین.

2-**دیلان:** دیلان لە لەشیعری(نەورۆز)(1953)دا لەیەککاتدا نەورۆز وەك هێمایێکی ئازادیو هێزێك دادەنێت، بەوەی نەورۆز بۆ کورد هێزێکی مەعنەوی کوکردنەوەی تەواو چینو ئایدیا جیاوازەکانە، واتە هێزی بەرەیەکی یەکگرتوە، هەرئەوەش وایکردوە بەرامبەر هەموو سزاکانی دوژمن خۆراگربێت، لەگەڵ یشدا هێزێکی کرێکاری دروستکردوە بۆ رووبەڕووبوونەوەی دوژمن، لەگەڵ ئەوەشدا کاوەی ئاسنگەریش بووەتە هێمای تۆڵەسەندنەوەو شکاندنی کۆتی

ژێردەستی، بۆیە لێرەدا(ڕۆژی سور، چەکوش لە شان، کوڕی قارەمان) بووەتە هیمای هێزی کرێکاری و دواتریش کاردەکاتە نمایندەی ئەمانە، وەك دەڵێت:

**ئاوڕی...ئاوەڕێکی دوور**
**لەرۆژێ... رۆژێکی سوور**
**ئاوڕێ لەرۆژێکی سوور**
**لەتەختێ هەڵگەڕایەوە**
**لەکارێ دەنگی دایەوە**
**لەگەڵی چۆن ژیایەوە**
**کەڕاپەرێ لەخەو**
**بەرامبەر سامی شەو**
**بۆ زاڵمێ، دارێ، پەتێ**
**یا بۆ...وەحەی(زوحاك)**
**هیتلەرو چارو ماك**
**بۆ کۆشکێ بوو بەخاك**
**ئاوڕێ لەچەکوش بەشان**
**لەکوڕێ...کوڕی قارەمان**
**ئاوڕێ لەچە کوش بەشان**
**لەکاوەی قارەمان..ل31**

کەواتە کۆی ڕووداوەکانی ناو دەق بەرهەمی نەورۆزن، نەورۆزو هێزی کرێکاری و کاوەش وەك نوێنەری دوو هێزی تەواوکەری یەکتریو هێزی روخاندنی زوڵمو ڕووبەڕووبوونەوەی دیکتاتۆرین و بوونەتە هێمای ئازادی و سەرکەوتن و نوێبوونەوەو ڕامالینی دیکتاتۆری، بۆیە بەبێ گوێدانە رەگەزو ئاین و... کاوە بۆ وڵاتانی رۆژهەڵات بووەتە هێمای ئازادیو سەرکەوتن.

**3-کـامـەران:** لەشیعری(کۆتری ئـاشـتـی)(1954/8/5)دا لەگەڵ ئەوەی باسکردنە لەئازادیو دوورکەوتنەوە لەشەڕو چەوسانەوەو نەهێشتنی سەرمایەداریو داگیرکاری، لەپێناو کۆکردنەوەی تەواوی گەلەکەمان لەسەر خوانی هێمایەکی جیهانی، بەوەی کۆتری ئاشتی هێمایێکی جیهانییەو بووەتە هێمای ئاشتی و پەیامبەری، شاعیریش هەمان هێمای بۆ ئاشتی و یەکسانی بەکارهێناوە، بەشێوازێك گەنج و پیر لە تەواوی وڵاتاندا بەئارامی و یەکسانی بژین،و دواجاریش لەم ئارامی و یەکسانییەوە بە گژی شەڕدا بچینەوە، چونکە لەدوای شەڕ ئاشتی دەبێـت،وەك دەڵێت:

**تۆ بخوێنە**
**بۆ پیرو جوان**
**بۆ پاڵەو رەنجبەرو بۆ شوان**
**بانگی ئاشتی بۆ ئاوەدان**
**بەو جوانییە**
**بابێتەدەر**
**بۆ گشت بەشەر**
**بەئاوازی ئاشتی شیرین**
**بانگ دەبڵێ**
**تف بێت لەشەڕ**
**تف لەچارەی شەڕگێڕێ گەڕ**
**تف لەپارەو زێری گڵاو**
**تف لەئیستعماری بەدناو**
**تۆ بخوێنە بۆ زەردو سوور**
**بۆ میللەتان نزیك و دوور..ل351**

کەواتە شاعیر پەیامی کردوەتە پەیامی یەکسانی و دادپەروەری و نیشانەی پێکەوە ژیان و نەمانی جیاوازی چینایەتی و رەگەزو سیاسەت....تاد لەناو میللەتانی سەرزەویدا،هەموو ئەمانەش بۆ رزگاربوونی چینی کرێکاریە لەشەڕی داگیرکەران، بۆیە شەڕو ئیستیعمارو ژێردەستەیی بەرامبەر یەکتری داناوە.

**4-نوری وەشتی:** لەشیعری(سیل)(1957/3/14) دا سیلی وەك هێمایەك لەبەرامبەر سوپاو هێزی داگیرکەر بەکارهێناوە، بەوەی کەپەلاماری لاوان دەدات‌و لاوان دەکاتە ئامانجی لەناوبردن، هەرچەندە سیل هەلومەرجی درووست بوون، یان سەرهەڵدانی هەیە، بەهۆی ئەمەشەوە نەخۆشیەکە گەورەو بچوك ناناسێت‌و سنورەکانیش دەبەزێنێت، ئەمەش ئاماژەیە بۆئەوەی، کە هێزی شەڕ بەردەوام بەدوای لاوانەوەیەو کات‌و سات و هیچ سنورێك نابێتە بەربەست‌و رێگری لەپەلاماردانەکانی وەك دەڵێت:

**سیل**
**سامناك**
**بێباك**
**شاڵاوهێنەر**
**سوپای مردن**
**پیشەی لە گیان کردن**
**وەکو رێگر**
**لەپڕ**
**وەکو هار**
**ئەکەوێتە پەلامار**
**بەرامبەر جوانان**
**دەمیان**
**دانی ریچیان**
**چنگی تیژیان**
**هەر خوێنە**
**هاوار**
**سینە بوو بێزار**
**لەتاو ئیش‌و ئازار**
**لەتاو سوپای زۆردار**

**نەوەی دڕندەی هار**
**دیسان هاوار**
**چار**
**بۆ گەنجی بێزار**
**چار**
**بۆ بەشەری دەردەدار..ل124**

لەم دەقە شەوە ئەوە دەردەکەوێت، سیل دەسەڵاتی سیاسییەو دژی لاوان و هێزی گۆڕان و دژە دەسەڵاتە، دواجاریش دوای چارەسەر بۆ گەنجی بێزار لەدەسەڵات و لەمانیشەوە بۆ تەواوی مرۆڤایەتی دەکات.

**5-کامل ژیر:** لەشیعری(گوڵاڵە)( ئەبو غریب 1957)دا، ئەگەرچی بە باسکردنی سروشتی گوڵاڵە دەستپێدەکات، بەڵام لەبنچینەدا ئەم گوڵە پەیوەستە بەو زوڵمو زۆرەی کە سیستمی پاشایەتی لەعیراقدا بەرامبەر بەکورد ئەنجامیداوە، بۆیە گوڵاڵە سورە هێماو سمبووڵی هیواو ئومێدی سەرلەنوێ سەرهەڵدانەوەیە، ئەوە دەردەخات، کە خەبات لەکوردستاندا زۆر لەوە بەهێزترە، کەدورخستنەوەو بەندکردن کۆڵی پێبدات وەك دەڵێت:

**گوڵاڵە سوورەی هەڵچوو لەناو وەرد**
**یاقووتی گەشی چیاو دەشتو هەرد**
**نوخشەو نیشانی بەهاری شادی**
**مژدەو هەوێنی ژینی ئازادی..**
**بۆم دەرکەوت کەتۆ، تۆی بەرزو بەناو**
**لەخوێن دروست بووی نەك لەگڵو ئاو**
**لەرێتا گەلێ دڕك رواون..**
**بەڵام هێرشت کۆڵی پێداون**

**..هەڵبەستەکان، ل297**

کەواتە دروستبوونی گوڵێك بە خوێن و پیشاندانی بەرەنگی سووری، نیشانەی قوربانیدان و پەروەردەبوونە لەسەر هێزی گەل، دڕکیش نیشانەی بەربەست و ئازاردان و ڕێگەنەدان بەرەو خواست، بەمەش گوڵەکە بووەتە هێمای خەبات و کارکردنی، هەر لەبەر ئەم خەباتکردنەی وایکردوە بەربەستەکان بشکێنێت و دڕکیش بووەتە نیشانەی کۆسپ و ڕێگریکردن لە سەرکەوتن.

**6- نوری وەشتی:** لەشیعری(کوردو نەورۆز)(1958/4/10)دا بەجیاوازی لەوانەی دی، نەورۆز بەهەوارگەی راستەقینەی کورد دەزانێت، چونکە ئەم تاکە هێزی جوڵانەوەیە، کە دەتوانێت کورد بەهێز بکاتو ئارامیەکی دەروونیو هێزێکی جەستەیی پێبەخشێت، بۆیە بەهاوارێکی راستەقینەی دەزانێت، چونکە دەزانێت داری وشك، بەئاسانی رەشەبا لەبن دەریدەکات، ئەمەش ئەوە دەردەخات، کەنەورۆز بۆ کورد هێزی رەگداکوتانو زیندوبوونەوەو بەرەنگاریە، هێزی کۆکردنەوەی تەواوی کوردەکانە بەبێ جیاوازی ئاین و ناوچەو دیالێکت..، وەك دەڵێت:

**تاڤگەی خوڕ و بەتاوە بۆ جەرگەی شەپۆل ئەڕوات**
**رەشەبا داری وشکی گەلور لەبن دەرئەکات**
**وەنەوشەی شینی مل کەچ کەشایی لەلاشینە**
**ئێستا لەتەك گوڵاڵە چاوەڕێی هەڵپەڕینە**
**جوڵانەوەی تەواوی گەلێکی رێ رۆیشتووە**
**هاواری راستی کوردەو کەبەئاوات نەگەیشتوە.**
**زیرەی خۆڵی ژێر پێیە کەئیسكو گۆشتو خوێنە**
**داوات لی ئەکات ئەی کورد راپەڕەو بنەڕێنە..ل150**

کەواتە داری وشك هێمای بێهێزی و نەبوونی گیانی بەرگری و دابڕان لەوانیتر دادەنێت، بۆیە لە ناونیشاندا نەورۆزی هێناوەتەوە، بۆئەوەی ئەم گرفتانە چارەسەربکات.

## قۆناغی دووەم 195-81961

**1- گۆران:** لە شیعری(تاسەی دیدار)( ئابی 1958) دا، کونەپەپوی وەك هیمای شومی و مردن و قڕکردن و چۆڵکردن و ناوچەی قەدەغەکراو، بەکاردەهێنێت،قەل و گورگیش وەك هێمای چۆڵەوانی بەکارهێناوە، هەموو ئەمانەش لەبەرئەوەیە، کە سیستمی پاشایەتی سیستمی تاکڕەوی و چەوسانەوەی هەژاران و داگیرکردن بووە، نەك هەرئەمەش زوڵمەکانی ئەوەندە گەورەن ڕێگەی نەداوە بەبێ ئاگاداربوون، منداڵ شیری دایکی بخوات، کە سەرچاوەی ژیان و مافی تایبەتی خۆیەتی، هەرچی پڵنگی دوو پێی دارستانیشە، ئاماژەی بەهێزی و جەربەزەیی شۆڕشگێڕەکانە بەرامبەر بەم ستەم و نادادیەو سیستمی کۆماریش بەرهەمی ئەم ئازایەتییەیە، وەك دەڵێت:

**ساڵانی زوو...**
**کوندەبەبوو**
**کوندەبەبووی شوم ئەیقیڕان:**
**قەدەغەبوو لە منداڵان**
**بۆ گۆی مەمك بەرن دەمیان،**
**قەدەغەبوو دەستی دایك**
**بنێتە دەم ساوا مەمك**
**سەردەمێك بوو،**
**کوندەبەبوو،**
**قەل...ئەیقیران،**
**گورگ ئەیلووران،**
**پڵنگی دوو پێی دارستان**
**شارستانیی ئەلەرزان!..ل296**

2- **کامەران:** لەشیعری(توانەوەی بەفر)(1958) لەگەڵ ئەوەی بەیادی نەورۆزەوە نوسراوە، بۆیە دەیەوێت هێنانی بەهار، بکاتە هۆی توانەوەی بەفر، واتە هەموو شتێك وەرزی خۆی هەیەو وەرزی نەمانی دەسەڵاتیش بەڕێوەیە، کەواتە لەبنچینەدا توانەوەی بەفر، توانەوەی دەسەڵاتی زۆرداریە بەهۆی هێزی گەلەوە، چونکە نەورۆز هێمای پاککردنەوەی دەسەڵاتو ئازادکردنی گەلی کوردی، بۆیە بەراستەوخۆیی باس لە کاوەو هەوڵەکانی گەلو راپەڕین لەدژی زۆردار دەکات، چەکوشی کاوەش، بەهێزو بازووی گەلی زەحمەتکێش، کە تاوەکو ئەمڕۆش ئامادەیە لەپێناو ئازادیدا قوربانیش بدات، چونکە تاوەکو قوربانی نەدرێت، ئەم ئازادیە نایەتەدی، واتە نەورۆز لەم دەقەدا پەیوەستە بە لایەنە سیاسییەکەوە، نەك سروشتی و جوانییەکەی، بۆیە لەلایەك توانەوەی بەفر رەمزی راماڵینی دەسەڵاتەو کاوە هێزی رووبەرووبوونەوەی چینی کرێکارو سەرکەوتنە، ئاگریی گەشیش هێمای ئاگری نەورۆزو سەرکەوتنە،وەك دەڵێت:

**«کاوە»کە هەڵی کرد ئاڵا**
**گەل لە قەڵای زۆردار ئاڵا**
**ئەوچەکوشەی تاکو ئەمڕۆ**
**شانازییە بۆ منو تۆ**
**لەسەری دوژمنابوو**
**رزگاری بوو کوردی زیندوو**
**ژین کە دیلی بێ سەرو مڕ**
**ئیتر بۆچی نەبین بەگر**
**تا خوێنمان نەڕژێتە گڵ**
**هەرگیز ناگەشێتەوە گوڵ**
**بەم تێکۆشانە گەلی کورد**
**ئاگرە گەشەکەی هەڵکرد..ل361**

کەواتە هەڵکردنی ئاگری نەورۆز، دەرئەنجامی یەکگرتنی هێزی گەلە بەرامبەر ستەم، چەکوشیش هێمای کۆدەنگی و یەکهەڵوێستییە، کۆی ئەمانەش نیشانەی سەرکەوتنی گەلە بەسەر زوڵمو زۆرداری دەسەڵاتو داگیرکاریدا، نیشانەی کۆتایی هێنانە بەنادادیو چەوسانەوەو رزگاربوونە لەچنگی زۆرداری.

3- **گۆران:** لەشیعری(نەورۆز)(1960)دا کاوەو خەباتی وەك هێمایەك بۆ بەهێزیو خۆراگری کورد بەکارهێناوەو دەیەوێت ئەوە بڵێت، کە کوردیش وەك کاوە توانای بەرگری لەبەرامبەر زاڵماندا هەیە، دەتوانێ لەرێگەی هێزو بازوی خۆیەوە، خۆی لەو کۆتو بەندانە رزگاربکات، کەدەسەڵاتی دیکتاتۆرەکان بۆیان دروستکردوەو لەرێگەی ئەم نەپسانەوەو خەباتە بێوچانەی، دیلی بووەتە ئازادیو داپڵۆسینەرەکانی ڕامالّیو ژیانی شادیو ئاشتی بۆ گەل هێناوەتەدی، بۆیە رەمزەکانی( کاوە، رۆژی نەورۆز، ئەژدەهاك، پیکی ئاسن) تەواوکەری یەکترین و یەك ئامانج دەردەخەن، کە سەرکەوتنی چینی ژێردەستەیە بەسەر دیکتاتۆرییدا، وەك دەڵێت:

**ئەی نەتەوەی کاوەی زنجیر قەف قەف بڕ!**
**رۆژی نەورۆز دای بەهەوری زستان دڕ**
**تا زنجیری ئەژدەهاکی لەگەردن**
**نەتەوەیەك داماڵی پیکی ئاسن!**
**شەوی دیلی بوو بەرۆژ، خەم بەشادی**
**زستان گەڕا بەبەهاری ئازادی**
**ئەی هاوچینو هاو نەتەوەی کاوەی مەرد**
**تۆیش بەبازووی خەباتی سەختی وەك بەرد**
**شەڕ فرۆشو ئیمپریالیستو ناپاك**
**وا داپڵۆسە کەیەکسان بن لەگەڵ خاك..ل309**

واتە ئەوە هێزی کاوەو رۆژی نەورۆزە وایکردوە زنجیری ئەژدەهاك بپسێنێ،

کەواتە خودی نەورۆژ بۆ کورد ڕەمزی بوون و مێژو و نەتەوەوهەستانەوەیە.

هەروەها لە شیعری( نەورۆزی 61)( مارتی1961) نەورۆزی کردوەتە هیواو ئومێدو هێمای رزگاربوون لە ستەمکاری، چونکە نەورۆز هیوای یەکگرتن و جۆشدان و راپەڕینە، ئەمەشی لەو نموونانەوە وەرگرتوە، کە وەنەوشە ئەگەرچی لەناو دڕکدایە، بەڵام مژدەی هاتنی بەهارو نەورۆزی لەگەڵ دایە، ئەمەش واتە کۆتەکان هیواو ئومێدەکان بەهێزتر دەکەن، وەك دەڵێت:

**گوڵی وەنەوشەی ناو دڕك**
**مژدەی:»هات..نەورۆز!«ی داپێم**
**ئەی ئەو جەژنەی هاتیت و چوو**
**لەدەم، تاڵیی پاری مردوو!**
**ئەی ئەو جەژنەی هەزاران ساڵ**
**لە رابردووی کوردی زۆر تاڵ**
**تاقە بزەی یادگاریان**
**هەر تۆبووی: جەژن و بەهاریان**
**بەهاتنت یەك ساڵی دەق**
**کاروان پێش کەوت: بەرەو شەبەق..ل318**

واتە نەورۆز هێزی پوکانەوەی هێزی دوژمن و سەرلەنوێ سەرهەڵدانەوەی هیواو ئومێدەکانە، وەك دەڵێت:

**ئەوسا، نەورۆز**
**جەژنی نەورۆز!**
**دڕك ئەڕزێ و، داخی دڵی،**
**ئەبێ بە بۆگەن بۆ گڵی**
**تۆیش ئاهەنگی بەهارەکەت**
**گوڵێك ئەبێ لە مەیدانا..**
**هەر مرۆڤێ دی و بۆنی کرد**
**ئەڵێ: بژی نەورۆزی کورد..ل319**

## قۆناغی سێیەم 1961-1970

**1-شێرکۆ بێکەس:** لەشیعری(شارەکەم)(1963)دا باس لەوە دەکات، کەدەستە زۆردارەکان کەبەربوونەتە گیانی خەڵکی ئەم شارەو باس لەو دەنگانە دەکات، کەدەیەوێت ئەم شارە فریوو بدات، بۆیە لەلایەك شاری سلێمانی هێمای مانەوەیە، لەلایەك قەلی رەش نیشانەی شومی و چاو کوێریش نیشانەی دەجالی، هەر لەبەرئەمەش کە ئەو دەستانە وەك جاڕچیو قەلی رەشو وەك دەجال دەناسێنێ، کەچاوێکی کوێرەو لەپێناو ئەوەی خەڵکی شوێنی بکەوێت، هەموو شتێك دەکات، لەگەڵ دەرخستنی ئەم دەستەڕەشانەشدا، شاری سلێمانی وەك هێمای مانەوەو بەرگریو شکستپێهێنانی پلانی دوژمن دەناسێت، رەشەباش هێمای ئەو دەنگ وهێزە شاراوانەیە، کە لە ئەنجامی ئەو زوڵمانەی کە لێیکراون، کۆبوونەتەوەو دواجار دەبنە هێزی بەرەنگاری، وەك دەڵێت:

**جاڕ چی یەکی.. دەست بەپلان؟**
**کەوتۆتە ناو جادەو کۆڵان**
**وەك قەلی رەش ئەقیرێنێ**
**مناڵی خەڵق.. ئەترسێنێ؟**
**شوومەو نەگریس**
**چاوێکی کوێرەو ئەشەڵی**
**زەوی خراپە ئەکێڵێ**
**بنێشتی قسەی دەمی پیس**
**ئەجوێتەوە**
**دار بەتەڕی ئەبڕێتەوە**
**ئەو... ناشیانە... بەکورد ئەڵێ:**
**من ئاوی چاکە ئەدێرم!**
**ئێوە نابێ بڵێن کوێرم**
**ئەی شارەکەی ئارام نەگر**

**کەی لەکەی عارت بیستوە**
**ئەی چاوگی خوێن و ئاگر**
**کەی ناپیاویت پەرستوە**
**شارەکەم تاکەی بێ دەنگی ؟**
**هەڵکە رەشەبای دەرونت**
**راپێچیکە جاڕچیو دەنگی!**
**نیشانم بەئاسۆی روونت**

**..تریفەی هەڵبەست،ل78**

**2- حەسیب قەرەداغی:** لەشیعری(شاری کــپ)(1966/3/14)دا چەند هێمایکی وەك(عیسا، کونەبەبوو)ی هێناوەتەوەو هەردووکیان دوو هێمانو یەکێکیان هێمای ئارامیو ئاشتییەو ئەوی تریان بەپێچەوانەوە هێمای شەڕو نەهامەتیو کوێرەوەریەو رووبکاتە هەر شارێك، جگە لەمەرگو ماڵ وێرانی هیچ دیاریکی تر پێ نییە، کونەپەپوو وەك بەڵگەی شومی، زۆر زاڵمی دەسەڵات هێناوەتەوەو دەیەوێت ئەوەمان پێبلێت هیچ پەیامو پیرۆزیەك نابێتە رێگر لەبەردەم خواستە زاڵمانەکەیان، لەم پێناویشدا ئینجیلو حەق دەسوتێنن، هەورێکی رەشو چڵکن دەکاتە هێمای دەسەڵاتی زاڵم و دیکتاتۆر، کەشارێك بێدەنگو کپ دەکات، وەك دەڵێت:

**هەورێکی چڵکنو تاڵە**
**لیتەو هەشە**
**عیسا هێشتا هەڵواسراوە**
**چاوی گەشی**
**بەخۆڵی گۆڕستانەکان**
**پڕکراوە**
**لەبەرپێیدا**
**پەرەی ئینجیل**



**سوتێنراوە**
**کونەبەپوو هەر ئەقرێنێ**
**بەسەر دیواری لاشەوە**
**بەری داری ژیان و گول**
**ئەوەرێنێ**
**عیسا**
**سا تۆ کەی هەڵ ئەسی!**
**لەزەنگ بدەی**
**شاری کپم بۆ دەنگ بدەی**

**..فەرهەنگی غەم1،ل24-7248**

**3- شێرکۆ بێکەس:** لەشیعری(پەیامی وونبوو)(1967) دا خۆرو ئاڤێستای وەك هێمای ژیانو مێژو و دەسەڵاتو ئازادی بەکارهێناوە، واتە ئاڤێستا خۆرە، خۆریش ژیانەو ئەوە دەردەخات، کەکورد ئەو کاتانەی کەخاوەنی ئاڤێستا بووە، خۆریش کەهێمای ئازادیو هیوابووە لەژێر دەستی کورددا بووەو بەهۆی ئەم ژیاندۆستیو ئازادو مافەی کە کورد دەستەبەریکردبوو، بیرکردنەوە ئازادو بەبەرهەم بووەو ئەوەی کوردی لەم قۆناغەوە گواستەوە بۆ ژێر دەستی، ئەوانەبوون کە ئاڤێستایان دزی، وەك دەڵێت:

**تاکورد خاوەن ئاوێستا بوو**
**خۆریشی لەژێر دەستدابووا!**
**هەتاکو چرای ئاوێستا**
**دائەگیرسا**
**بەرچاوی بیرمان رووناك بوو**
**سەرچاوەی دەروونمان پاك بوو،**
**بەڵام کەئاوێستا.. برا..**
**درزاو گۆڕا**

**ڕووناكیمان كەوتە كزی**
**بەربووینەوە بەرەو نزمی**
**دەمو دڵو بیرمان بەسترا**

**..تریفەی هەڵبەست، ل31**

ئاڤێستا بۆ كورد واتە مێژوو و كلتور، ئاین، دەوڵەت، بۆیە هێنانەوەی ئاڤێستا بۆ ناو دەق، نیشاندانی ئەو توانستەیە، كە كورد لەمێژوودا هەیبووەو بەهۆشیەوە ئاڤێستا بووەتە ناسنامەو هێمای بوون و دەسەڵاتی كوردی.

4- **كامەران:** لەشیعری(شەوانی سلێمانی)(1968)دا باس لەسەردەمی سەفەر بەلەك دەكاتو هاتنی سوپای تورك بۆ سلێمانیو ئەو دڕندانەی كەنواندویانە، بەشێوازێك پەلاماری كچێك دەدەن، كچەش لەبەرامبەر ئەم تاوانەیاندا پییاندەڵێت ئابڕۆی دڕندەشتان برد، ئەمەش ئەوە دەردەخات كەدڕندە هیچ بەزەییەكی نییە، چونكە لەبنچینەدا نییەتیو ئەوەی ئەنجامی دەدات، بەشێكە لەپرۆسەی ژیانو پەیداكردنی خۆراك، بۆیە ناساندنی سوپای تورك بەدڕندە، ئاماژەو هێمای دڵڕەقو دڕەندەو پەلاماردەربوون لەسەر خەڵكی كورد، هێزێك بوون لەبەرگی ئیسلامدا هەموو كارێكیان كردوە، وەك دەڵێت:

**دوژمنیو ڕسواو ترسنۆك**
**بۆ دیلی شەنگ هاتە سەرچۆك**
**ژنە كوردی دیل بانگی كرد**
**(ئابڕوی دڕندەشتان برد)**
**ئێوەو گەورەكەشتان سوكن**
**پەروەردەی باوەشی ئەتكن**
**ئەمەی وتو خۆی ڕاتەكان**
**مێشكی خۆی بەبەردێك پژان..ل243**

**5- لەتیف هەڵمەت:** لەشیعری(شەبەق لــەوشــەدا)(1968)دا باس لەکاروانێك دەکات، شەیدای وشەو ڕۆژێکی نوێیەو دەیەوێت ڕێگەو ئاسۆیەکی نوێ بۆ گەلەکەی دیاریبکات، بۆیە کاروانێك دەکاتە هێمای ئەو هیوایەی کەدەتوانێت ئەم ئاسۆیە بۆ خەڵکی والآبکات، بەڵام کاروان لای شاعیر بریتییە لەکاروانی خەباتی کوردی کەتینوی ئازادیو ڕۆژی نوێیە، کاروانێکە ترسو تۆقاندن ناناسێت، دەیەوێت ئەو دەستانە ببڕێت کەنایانەوێت ڕۆژی کورد پەیامی خۆی بڵێو دواجاریش ئەو شەوە زەنگەیان نەهێشت، ئەم کاروانە دەبێتە هەوێنی ئارامیو پێکەوە ژیان، وەك دەڵێت:

**بۆ کاروانی**

**تینوی تیشکی ڕۆژی تازە**

**ئەو کاروانەی کەوا لەڕێ لانادا**

**ئەچێ بەگژ بوومەلەرزەی چیادا**

**سامی دیلیو چەوسانەوە ڕائەماڵێت**

**دەست ئەخاتە بینی کام شەو ناسازە**

**خۆرێکی نوێ دروست ئەکات بۆ ئاسۆی گەل**

**ئەوانەی وا ئەیانەوێ نەورۆز بمرێ**

**ڕێگا بگرن لەو کۆترەی کە ئەفڕێ**

**بەستەبڵێ بۆ بەهاری نەمری ساڵ**

**بەزیندویەتی دامان کوتن بەبزمار**

**زامی لەشمان پڕکەن لەرەگی دڕك و داڵا**

**کاتێ کاروانی سەرکەوت بەسەر کێوی شەوا**

**باوەشی کرد بەجیهانێکی نەوا**

**هەموو ئەبن بەخۆڵەمێشی بن ئاو**

**نەدیواری زەبریان ئەمێنێ نە ناو**

**ئەوسا شەبەق ماچمان ئەکا بەنیگای چاو..ل22**

کەواتە وشەکانی( کـاروان، خۆری نوێ، کۆتر، شەبەق) بریتین لەو هێمایانەی کە پەیامی سەرەکی دەق، کە پەیامی گەیاندنی دەنگ و ئازادی و سەرکەتنە دەگەیەنن.

**6- عەبدوڵڵا پەشێو:** لەشیعری(سێ نامەی کـورت)( 1969/9/13)دا لەنامەی سێیەمدا باس لەئەوانە دەکـات،و لەکۆی نامەکە ئەو هێمایەمان پێدەبەخشێت، کەئەوان بریتین لەدەسەڵاتو ئەوانەی کەدژی کوردو ئازادین، ئەوانەی نایانەوێت کورد دەنگو رەنگو وتەی هەبێت، وتەیەك کە پێویستی قۆناغەکەیە، بۆیە تاکە رێگەیەك بۆ نووسینی وشە لای شاعیری کورد، وشەو وتنێکە،کەهیچ دەنگو سەدایەکی نەبێت، بەوەی دابڕابێت لەئارەزو وەك مەلێکی مۆمیاکراو بن، ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە دەنگ و وشەی کورد، کاریگەری مەترسی هەیە لەسەریانو مەترسیەکەش لەروانگەی سیاسیو بیریەوەیە، کەواتە(وشە، مەلی مۆمیاکراو) دوو هێمای گرنگی دەقن و هەردووکیان یەك پەیامیان هەیە، کە گریانی دەنگی کوردو ژیان دۆستییە، وەك دەڵێت:

**ئەیانەوێ**
**وشەکانمان**
**کۆتو زنجیر، بۆ پێ یان بێ**
**سایەی سێدارە... جێ یان بێ!**
**ئەیانەوێ**
**وشەکانمان**
**بێ دەنگ... بکەون بەروودا**
**وەك حەزرەتی سمایل کەوت،**
**لەژێر رەحمەتی.. چەقودا!**
**ئەیانەوێ**

**بنووین... بخۆین... وەكو ئەوان**

**بنوسین.... بڕێسین..بڕۆین**

**وەكو ئەوان**

**ئەیانەوێ**

**كت ومت(ئێمە ) "ئەوان)) بین**

**وەك مەلێكی مۆمیا كراو**

**بێ ئارەزوو، بێ رەوان بین..ل103**

## قۆناغی چوارەم: 1975-1970

**1-حەسیب قـەرەداغـی:** لەشیعری(هەوەڵ مــــەزات)(1971/3/26) دا، ئەگەرچی كۆی گشتی دەق، باسكردنە لەهەراجكردنی وشەو شیعرو وتـار، بەڵام ئـەوەی جێگەی پرسیارە ئەو هـاوارەی شاعیرە، كە موسا و گوێرەكەی سامری وەك هێمایێك لەبەرامبەر راوەستانو كردنی بەسەرچاوە بەكارهێناوە، بەوەی شاعیر شیعری بووەتە رووگەو لەگەڵ یدا دەدوێ وەك موسا لە كێوی تور، هەروەها روو وەرنەگێران لەو چراوگەی، كە وەك سامریەكان گوێرەكەیان دروستكردو رویان لەموسا وەرگیراو كەوتنە پەرستنی گوێرەكەكە، ئەمەش نیشانەی نەزانی، دواكەوتوویی بێئیرادەیی‌و ترسنۆكی.. تاد، كەشاعیر مەبەستیەتی ئەوە بڵێت، لەگەڵ ئەوەی وشەو شیعر نرخی نەماوەو لەسەردەمی هەراجیدایە، بەڵام هێشتا نەگەیشتومەتە ئەوەی رووی لێوەربگیرم‌و خۆم بخەمە داوی ئەو شتەی كەنەزانم چیە، لەگەڵ ئەمەشدا بەهێزی ئەو شەپۆلی نەزانی و بێ ئیرادەییەی نەشاردوەتەوەو زۆری بۆ هێناوە، وەك دەڵێت:

**هەوەڵ مەزات، هەوەڵ مەزات**

**خواوەندی وەرزی بەهات**

**هەتا ئاوی رووم نەتكاوە**

**هەتا خامەم سەری بەرزە**
**لەبرسا لووتی نەشکاوە!**
**هەتا حەرفم، هەتا دێڕم**
**لەرێی(جەنگیزا) نەڕژاوە**
**هەتا پەرتۆكو پەڕاوم**
**ئاهێكی گەرمی تیاماوە**
**هەتا لە(تور)**
**رووم وەرنەگێڕاوە لەژوور**
**تا بۆ(گوێرەكە)ی(سامری)**
**دەستەو نەزەر نەوەستاوم**
**هەتا لێڵایی ئاخو داخ**
**نەی تەنیوە بەری چاوم**
**بێن بمگەنێ**

**..فەرهەنگی غەم1،ل71**

**2- ئەنوەر شاكەلی:** لەشیعری(بروسكەیەك بۆ خوای تاوان)( 1971/10/23) خوای تاوان هێمای هەموو ئەو دیكتاتۆرو سیستمانەیە، كە نەك رێگە بەژیانی گەلانی تری ژێر دەستیان نادەن، بەڵكو بەخراپترین رێگە قەتلو عامیان دەكەن، لێرەوە هاواری نوێی چوارچرا، دەكاتە هیمای چەوسانەوە، بۆیە نموونەی قازی و كۆماری مەهابادو گیڤاراو كاسترۆ، دواتریش ئاماژە بە شكستی سیزیف سپارتاكۆس دەكات، كەسەرلەنوێ بڕیارێك دەدەن، بەڵام بڕیاری نوێیان بریتییە لەبڕیاری هەستانەوەو خەباتكردن لەپێناو ئازادیدا، واتە پێچەوانەكردنەوەی ئەوەی ئیدی هەستانەوە خەوەو مەحاڵە، وەك دەڵێت:

**كاتێ دیوارو پەرژینی**
**كۆمارەكەی مەهابادم هەرەس دێنێ،**

**لاشەی قازی**

**لەچوارچرای گلێنەما**

**لەناو گڕی داخ و بێ دەسەڵاتی دا**

**پاشەڕۆژی ئەم وڵاتەو ئاواتی گەل ئەدۆڕێنێ**

**پشکۆی دەستی سەربازێکت**

**ریشی گیڤاراو کاسترۆ ئەسووتێنێ**

**گوێ شلکە بۆ نرکەو قیژەی نوێی چوارچرا۔**

**بڕیارە تازەکەی سیزیف**

**سپارتاکۆس بخوێنەوە**

**..پرۆژەی کودەتایەکی نهێنی، ل38**

**3-سوارەی ئیلخانی زادە:** لەشیعری(شار)(1971/6/18)دا شار وەك هێمای دەردو نەخۆشیو ژاوەژاوی ژیان و سەرچاوەی نەخۆشیەکان دەبینێت، شارێك کە هێمای باڵەخانەو منارەو پڕ لە ئاسنە، ئەمەش واتە دورکەوتنەوە لەلایەنی مرۆیی و سەرقاڵبوون لەگەڵ شتە بێگیانەکانو ژیان لەپێناو شتێکدا، کەناچاری تێیدا بژی، لەگەڵ ئەمەشدا هێمای جیاوازی چینایەتییە، لەراستیدا ئەم شیعرە لە ژێر کاریگەری جوانی سروشتی لادێ لەدایکبووە، بەواتایەکی تر لادێ شاری لەبەرچاو خست و دەیەوێ بگەڕێتەوە بۆ جوانی ژیان و بەرفراوانی، ئەمەش کاریگەری لای سوارە دروستدەکات، بۆیە بەیارەکەی دەڵێت هەرگیز هەرێمی زۆنگ نابێت بەجارە گوڵا، ئەگەرچی ئەمە پەیوەندی بیرکردنەوە سوارەوە هەیە، بەڵام پەیوەستی دەکاتەوە بەلایەنی عەشایەری، بۆئەوەی لەم رێگەوە خۆی رزگاربکات، وەك دەڵێت:

**ئەڵێم بڕۆم لەشارەکەت**

**ئەڵێم بە جامێ ئاوی کانیاوی دێیە کەم**

**عیلاجی کەم**
**کوڵی دڵی پڕم**
**چلون بژیم لەشارەکەت کەپر بەدڵ**
**دژی دزەو کزەم؟!**
**لەشارەکەت کە هێمای ئاسنو مەنارەیە**
**دووکەڵێ کەدێتەدەر لەماڵی دەوڵەمەند**
**تیشکی بێ گوناهی خۆرەتاو ئەخاتە بەند**
**لەشارەکەت زەلیلە شێر**
**باوی ڕێویە**
**گوڵم هەرێمی زۆنگو زەل**
**چلۆن ئەبێ بەجاڕە گوڵ؟**
**کێ لەشاری تۆ،**
**لەشاری قەتڵی هەژار**
**گوێ ئەداتە ئایەتی پەڕاوی دڵ**
**منێ کە گۆچی تاوی گەرمی بەر دەوارەکەی عەشیرەتم**
**بەدارە تەرمی کووچە تەنگەکانی شارەکەت**
**رانەهاتووە لەشم..ل23**




**4-ئەنوەر قادر:** لەشیعری(وەرزی سەرهەڵدانی فەرهاد)( 1973)دا، ئەگەرچی شیعرەکە باسی گەڕانەوەیە بۆ داستانی شیرینو فەرهاد، بەڵام شیرینو فەرهادو پیرەژن سێ هێمای سەرەکی ناو دەقن، بۆیە شاعیر ئەمانەی بەکارهێناوە، بۆئەوەی رووداوەکانی ناخی خۆی، بەهەمان بەرگو هەمان کاریگەریو زوڵمکردن بخاتەڕوو، واتە فەرهاد هێمای بەگژاچوونەوەی ستمەو شکاندنی بەربەستەکانە، لەپێناو گەیشتنە ئاکام، شاعیریش دەیەوێت لە رێگەی فەرهادی پاڵەوانی داستانەوە، هێما بۆ پاڵەوانێکی دی دەکات، کە دەبێتە رزگارکەرو وەستان لەبەرامبەر بەربەستەکانی شاردا، وەك دەڵێت:

**فەرهاد.. فەرهاد!**

قووڵنگەکەت بوەشێنە

لەدڵی رەقی بێستونا

بۆ شارێکی برسیو تینوو

ئاو دەربێنە...گوڵ بڕوێنە

بۆ هاتنت شار برسییە

شار تینووە

شار هەنگاوی بەرەوژوورکەی

رێبوارێکی پەك کەوتوە

شار هەنسکێکی ماندووە

پەرێزێکی گڕتێچووە

فەرهاد کەی دێی؟! فەرهاد کەی دێی؟ًا

رووباری ئاو کەی ئەرژێتە

گەرووی ئەم شارە داماوە.. ل13

کەواتە ئاودەرهێنان بۆ شار، ئاماژەیە بۆئەوەی شار سست و لاوازە، دابڕاوەو پێویستی بە زیندوبوونەوە هەیەو ئاویش هێزی زیندوبوونەوەیە، بۆیە فەرهاد ئەو هێمایەیە کە شار چاوەڕێی دەکات، تاوەکو تاسەکان بشکێنێت.

یان: پیرەژن

کەڵەشێرێکی ناوەختم

لەدەرگای ماڵەکانتانا ئەقووقێنم

پەپوویەکم لاوانەوەی وێرانکاری

لەهێلانەی پیرۆزەیی ئاسمانی شارا ئەخوێنم

فەرهاد کوژم، فەرهاد نایە

بەڵام گیانە!بەڵام ئەی دەنگ

**دیوانەو کەشکۆڵەکەم خەمی تیایە**

**بارانمو چاوەکانم لێزمەی تیایە**

**باخی زڕی لێوی زەردی مناڵەکان**

**زەردەخەنەی شیرین ئەگرێ**

**رووباری ئاو بۆ گەرووی شار رێگا ئەگرێ..ل1-319**

لێرەشەوە پیرەژن هێمای شـەڕو ئـەو بەربەست و دروستکردنی ئاستەنگانەیە، کە بەهۆیەوە خەم و دابڕان....تاد هەتا کوشتن بەدوای خۆیدا دەهێنێت، ئەمەش هۆکارە سەرەکییەکەی نەگەڕانەوەی فەرهاد و ئاوەکەیە بۆ شارو فەرهادیش هێمای سۆزو خۆشەویستی و دێوانەیی و خۆبەختکردن لەپێناو خۆشەویستیدا.

**5-لەتیف هەڵمەت:** لەشیعری(پێشنیاری رێبوارێکی دەربەدەر)(1973)دا ئەگەرچی فەرهادی وەك هێما هێناوەتەوە، بەڵام تەنها وەك فەرهادی کۆڵنەدەرو رووبەڕوونەوەی بەربەستەکان وەك هێمایەکی کۆڵنەدانو هەڵکەندی کێوی بێستون هێناوەتەوەو دەیەوێت ئەم کۆڵنەدانەی لێهەڵێنجێنێت و ئەوەمان پێبڵێت، کە شاعیریش وەك فەرهاد دەیەوێت کۆڵنەدەرانە رووبەڕووی ئەو نادادیە بێتەوە کەهەیەو ئەو دەنگانە بنوسێتەوە، کەژێر دەستەن، دەیەوێت کۆڵنەدەربێـت، شکاندنی کۆتەکانو بەرزکردنەوەی دەستی ئازادیو یەکسانی، ئەگەرچی ئەم خەباتەی بۆ سەردەمی خۆی بەرهەمی نەبێ، بەڵام ئەمە لەکۆڵنەدانەکەی لاوازناکات، بۆیە ئەوە دەخاتەڕوو، خەباتی ئەو بۆ ئایندەیە، چونکە کۆی ژیانی ئەگەر کۆڵنەدانیش بێت، زەحمەتە بتوانێت ئەو نادادیە بسڕێتەوە، بەڵام بەهیواوە لێدەڕوانێت کە دەتوانێ بناغەیەکی بۆ دابڕێژێت، هەروەها دەنگی بیلالیش بووەتە هێمای راگەیاندنی پەیام وسەردەمێکی نوێ، ئەمەش هەرگیز ناتوانرێت بمرێنرێت، چونکە پەیامەکەی پەیامی راستییە و راستیش لە هەڵکشاندایە نەك بەپێچەوانەوە، وەك دەڵێت:

منم فەرهاد..گیانە..گیانە..منم فەرهاد
بەڵام بەڵام هاتنی من، بۆ تاشینی بێستون نییە
هاتنی من لەبەرچاوی شیرین نییە
من ئەمجارە بەزەبری کینەی پاچی داد
ئەڕوخێنم دوا بناغەی کۆشکی شەداد
لاوانەوەی زۆردارەکان ئەنووسم
لەسەر بەردی هەوارەکەی بەهەشتی عاد
نامەیەتر بۆ هەژارەکان ئەنووسم
ئەیخەمە ناو پاپۆڕەکەی سیندەباد
ئەلەرزێنم لق‌و چڵی دارستانی دورگەی ئاوات
من هاتووم... پێتان بڵێم.. نامرێ نامرێ
هەرگیز دەنگی بلال نامرێ،
بانگی راستی بەهیچ هێزێك کپ ناکرێ..ل115

**6- شێرکۆ بێکەس:** لەشیعری(شاخ)( 1974/2/6)دا ئەگەرچی شاخ‌و کێوی لەسەرەتادا وەك شاخ‌و ناوە ئاساییەکەی بەکارهێناوە، بەڵام دواجار لەناوەڕۆکدا شاخ هێمای بەرگری و رووبەڕووبوونەوەو قوربانی‌و پێشمەرگەیە، بۆیە شاخ‌و پێشمەرگە ئاوێتەی یەکترین‌و بەدرێژایی مێژوو، شاخ بووەتە قەڵاو پشتی کوردو هێزی سەرخستنی شۆڕشەکان، وەك دەڵێت:

ئەم کێوانە ئەیانەوێ
بومەلەرزە رایان ژەنێ.
ئەیانەوێ خۆشەویستی‌و مەرگ
بەگەردوونیان بناسێنن
پشکۆ لەشەختەی سنگیانا دەربهێنن
ئەیانەوێ لووتکە نەگری‌و دنیا بەبارانێ تەڕ بێ

**کەئەستێرە کوژراوەکان جێ پێی بەهاری**

**هەڵگرن.**

**ئەم کێوانە ئەیانەوێ**

**پرشنگ لەئاسۆ دابگرن..دیوانی شێرکۆ بێکەس،ل51**

یان:

**ئەم شاخانە «گەزنەفۆن»ی**

**کۆنو نوێیان**

**خستۆتە ناو ئەشکەوتەوەو**

**دەمی ئەشکەوتیان بەتەرمی شەهیدەکانم**

**بەستوە**

**دیوانی شێرکۆ بێکەس،ل54 ..**

کەواتە گەزنەفۆنی کۆنو نوێ ئاماژەی راستەوخۆی هەموو ئەوانەن، دەیانەوێ کوردستان داگیربکەن، بۆیە شاخەکان دەکەنە گۆڕستان بۆیان،و بەو ئەندازەی کە پێویست بێت شەهیدیشی بۆ دەدەن، بۆیە شاخ هێزە، توانایە، پشتە.

یان:

**ئەم کێوانە لەسەر پشتیان**

**کاسە سەری دێوی ڕەشی**

**چاخەکانیان هەڵ چنیوە.**

**پشوونادا**

**ئەسپی خوێنی ئەم شاخە**

**لەم رۆژەوە ئەحیلێنن**

**کەهۆگری غارکردنن لەدۆزەخدا**

**لەو رۆژەوە ئەحیلێنن، پشونادەن**

**ئەسپی خوێنی ئەم شاخانە**

**لەم ڕۆژەوە ئەحیلێنێ**
**کەئەستێرەی قوربانیی خۆی**
**لەگۆمی سەنگەردا دیوە.**
**لەو ڕۆژەوە هەوری حیلەی ئەگرمێنێ**
**کەخۆی بەتۆفانی سەدەی،**
**مردن بەپێوە ناسیوە**

**..دیوانی شێرکۆ بێکەس..ل5-557**

7-**عەبدوڵلا پەشێو:** لەشیعری(لێت نەگۆڕێ)(1974/9/13) لەم شیعرەدا شاعیر ئەگەرچی نهێنییەکی خۆی بەکچێك دەڵێت، بەڵام لەگەڵ خستنەرووی ئەم نهێنییەشدا بە فۆرمی هێما بەکاریدەهێنێت، چونکە نهێنییەکەی(من چیاییم) چیایی شاعیرە، ئەم زاراوەش هێمایە بۆ دوو ئاڕاستە، یەکێکیان بۆ بەهێزی و قارەمانییەتییە، کە شاعیر لێرەدا مەبەستی نییە، بەڵکو ئاڕاستەکەی ترە، کە بریتییە لەدابڕاوی لەشارستانییەتو پەروەدە بوو بەکلتورو زاڵبوونی کلتور بەسەر شاعیردا، زاڵبونێك کەبەئاشکرا خۆی بەخەڵکی شاری(ئەستێ) کوژە بزانێت، کەواتە چیایش لای شاعیر، دواکەوتەیی و ناهۆشیاریو دابڕاویە، بەتایبەتی لەمەسەلەی ژنو مافی ژندانداندا وەك دەڵێت:

**نهێنی خۆم**
**تائێستا بەکەس نەگوتوە**
**بە تۆی دەڵێم:**
**من چیاییم،**
**خەڵکی شاری(ئەستێ) کوژەم...**
**هەموو ڕۆژێ،**
**خوێنی(زین)ێك لەخەنجەرم دادەچۆڕێ**
**گەر دێیتەلام، وریای خۆت بە**
**خۆشت نەویم لێت نەگۆڕێ!..ل29**

## پەراوێزەکانی بەشی دووەم:


. بولی کوبلی، لیتسا جانز، اقدم لك علم العلامات، ترجمه: جمال الجزیری، المجلس الاعلی للثقافه، 2005،ص9

2. د. عصام خلف کامل، الاتجاه السیمیولوجی و نقد الشعر، دار فرحه للنشر و التوزیع، مصر، 2003، ص33

3. جولیا کریستیفا، السیمیائیه علم نقدی، ت:جورج ابی صالح، مجله العرب و الفکر العلمی،عدد(2)،1988،ص26

4. بابك احمدی، از نیشانه های تصویری تا متن، نشر مرکز،تهران،1371،ص35

5.CH.MORRIS.FONDEMENTS DELAL THEEORIE DES SIGNES، IN LANGAGES.N35 SEPTEMBERE.1974.P16

6. بابك احمدی، از نیشانەهای تصویری تا متن، ص35

7. امبرتو ایکو، العلامه، تحلیل المفهوم و تاریخه، ترجمه :سعید بنکراد، المرکز الثقافی العربی، بیروت،2007، ص15

8. هەمان سەرچاوە، ل17

9. مجله جامعه دمشق، عدد(2)، 2002

10. ستیفن اولمان، دور الکلمه فی اللغه، ترجمه: کمال بشر، دار غریب للطباعه و النشرو التوزیع،القاهره،1974،ص35

11. هەمان سەرچاوە، ل71

12. امبرتو ایکو، العلامه، تحلیل المفهوم و تاریخه، ص12

13. فیصل الاحمر، معجم السیمیائیات، منشورات الاختلاف،الجزائر، 2010،ص219

14. امبرتو ایکو، العلامه، تحلیل المفهوم و تاریخه،ص56

15. رولان بارت، نواشتەی رولان بارت، ترجمه: پیام یزدانجو، نشر مرکز،1383، ل 194.

16. امبرتو ایکو، العلامه، تحلیل المفهوم و تاریخه، ص83

17.هەمان سەرچاوە، ل47

18. بولی کوبلی، لیتسا جانز، اقدم لك علم العلامات، 2005،ص 28

19. امبرتو ایکو، العلامه، تحلیل المفهوم و تاریخه، ص270

20. د. هاشم عبود الموسوی، نظریه العلامات (JUSTGOO.COM/T64-8TOPIC)
21. امبرتو ایکو، العلامه، تحلیل المفهوم و تاریخه،ص18
22. د. حنون مبارك، دروس فی السیمیائیات، دار التویقال،ط1،1987،ص53
23. امبرتو ایکو، العلامه، تحلیل المفهوم و تاریخه، ترجمه، ص89
24. غریب اسکندر، الاتجاه السمیائی فی النقد الشیعر العربی، دار الشؤون الپقافه العامه، بغداد،2009،ص33
25. هەمان سەرچاوە، ل33
26. غریب اسکندر، الاتجاه السمیائی فی النقد الشیعر العربی،ص34
27. هەمان سەرچاوە، ل35
28. عادل فاخوری،السیمیاء( التیارات فی السیمیاء) الموسوعه الفلسفیه العربیه، معهد الانماء العربی،ط1، 1988،،ص757
29. عادل فاخوری، السیمیاء،ص760
30. عبدرالحمن بدوی، منطق ارستو،کویت،1983،ص313
31. PEIRCE.COLLECTED OF CHARLES SZNDERS PIERCE، PARAGRAPH،5.489
32. محمد علی ابی ریان،فلسفه الجدیده، دار المعرفه،1999،ص227
33. معین زیادەو أخرون، الموسوعه الفلسفه العربیه، م2، ص758
34. سیزا قاسم، حول بعض المفاهیم و الابعاد السیمیوطیقا، مدخول السیمیوطیقا، دار الیاس المصریه، القاهره، ط1،1986، ص29
35. میشال اریفیه واخرون، السیمائیه احولها و قواعدها، ص26
36. سیزا قاسم، مدخل الی السیمیوطیقا، ص28
37.CH. S PEIRCE :ECRITE SUR LE SIGNE ،EDSEUIL،1978،P120
38. سیموز بریتییە لەو کارلێکە بەردەوامییەی کە لەناو رەهەندە( دەلالی، پێکهاتەیی، مانا)دا بوونی هەیە.
39. سعید بنکراد، السیمائیات مفاهیمها و تطبیقاتها، دار الحوار للنشرو التوزیع، سوریه ط3، 2012،ص101

40. امبرتو ايكو، العلامه، تحليل المفهوم و تاريخه، ص270

41.CH. S. PEIRCE :ECRITE SUR LE SIGNE ،EDSEUIL ،1978،P30

42. CH.S.PIRCE :ECRITS SUR LE SIGNE.P.30

43. هەمان سەرچاوە، ل30

44. هەمان سەرچاوە، ل124

45. هەمان سەرچاوە، ل112

46. هەمان سەرچاوە،ل124

47. هەمان سەرچاوە،ل23

48. هەمان سەرچاوە، ل215

49. هەمان سەرچاوە

50.CH.S.PIRCE :ECRITS SUR LE SIGNE.P.-53

51. سەرچاوەی پێشو،ل31

52. عبدالله ابراهيم، سعيد الغانمى، عواد على، معرفه الاخر، مدخل الى المناهج النقديه الحديثه،المركز الثقافى العربى،بيروت، 1996،ص 83

53. د.جميل حمداوى، بناء المعنى، ص12

54. بول كوبلى،ليتسا جانز، اقدم لك علم علامات،ص21

55. جميل حمداوى، السيميوطيقا و العنونه، مجله عالم الفكر، ص88 المجلس الوطنى للثقافهو الفنون الادب، كويت، مجله(25)، عدد(3) 19-97مجله 28، عدد1،1999

56.F.DE SAUSSURE: COURS DE LINGUISTIQUE GENERALE E.D.PAYOT.PARIS. 1985. P.154

57. محمد الصغير بنانى، المدارس اللسانيه فى التراث العربى و فى الدراسات الحديثه، دار المحكمه، الجزائر،ط 1، 2002، ص 62.

58. عبدالله ابراهيم واخرون، مدخل الى المناهج النقديه الحديثه، ص 76.

59. بولى كوبلى، ليتسا جانز، اقدم لك علم العلامات، ص 18.

60. شكرى محمد عباد،اللغه والابداع، 1988،ص46

61. مجله العرب و الفكر العالمى،عدد(5)،ص119

62. على عواد، معرفه الاخر، مدخل الى المناهج النقديه الحديپه، ص77

63. -JACQUES LACAN:ECRITS(ED،SEUIL،PARIS1966.P497

64. - JACQUES LACAN:ECRITS(ED،SEUIL،PARIS1966.P499

65. بڕوانە سیمیۆلۆژیای زمانی، ل 5.

66. نهاد جامی، سەرەتایك بۆ سیمیۆلۆژیا، گۆڤاری گەلاوێژ،ژ(2-7 28)،ساڵی 2007،ل6

67. CHARLES KAY OGDEN AND IVON ARMSTRONG-RICHARDS، THE MEANING OF MEANING،LONDON،1923،P8

68. ستیفن اولمان، ترجمه: کمال بشر،دور الکلمه فی اللغه، ص76

69. هەمان سەرچاوە،ل76

70. هەمان سەرچاوە، ل55

71. میلکا فینتش، اتجاهات البحث للسانی، ترجمه : سعد عبدالعزیز معلوم – وفاء کامل فاید، المجلس الاعلی الپقافه، الطبعه الثانیه، 2000، ص 352.

72. امبرتو ایکو، العلامه، تحلیل المفهوم و تاریخه، ص56

73. CHARLES MORRIS :FONDEMENT DE LA THEORIE DOS SIGNES IN LANGAGES N.35، SEPTEMBER 1974.P15

74. هەمان سەرچاوە، ل17

75. عبدالواحد المرابط، السیمیاء العامه و سیمیاء الادب،ص85

76. هەمان سەرچاوە،ل85

77. CHARLES MARRIES.P17-

78. عبدالواحد المرابط، السیمیاء العامه و سیمیاء الادب،ص85

79. هەمان سەرچاوە،ل85

80.CHARLES MORRIS :FONDEMENT DE LA THEORIE DOS SIGNES IN LANGAGES N.35، SEPTEMBER 1974.P15

81. هەمان سەرچاوە،ل15

82. WIKIPEDIA -

83. د. محمد فکری الجزار، سیمیوطیقا التشبیه، منتدی سور الازبکیه، مصر،2007،ص190

84. د. محمد فكرى الجزار، سيميوطيقا التشبيه،ص153
85.LA PHILOSOPHIE KANTIENNE SE DONNE POUR L OBJECT DE RESPONDER A TRIOS QUESTIONS QUE PUIS – JE SAVOIR ? PRES ET COMMENTAIRE BREAL 2001، P 102
86. LA PHILOSOPHIE KANTIENNE SE DONNE ، P 102
87. دانيال تشاندلر،اسس السيميائيه، ترجمه:د. صلاح وهبه،المنظمه العربيه للترجمه، بيروت،2008،ص81
88. دانيال تشاندلر، اسس السيميائيه،ص86
89. د.صلاح فضل، علم الاسلوب والنظريه البنائيه، دار الكتاب اللبنانى، بيروت دار الكتاب المصرى، القاهره، ط1،2007،ص630
90. امبرتو ايكو، العلامه، تحليل المفهوم و تاريخه، ص96
91. حنون مبارك: دروس فى السيميائيات، دار توبقال للنشر- الدار البيضاء، المغرب، ط1، 1987، ص55
92. سيزا قاسم، نصر حامد ابو زيد و اخرون، مدخل الى السيميوطيقا، انظمه العلامات فى اللغه والادب و الثقافه، منشورات عيون، الدار البيضاء، المغرب، ط1،1987، ص137
93. امبرتو ايكو، العلامه، تحليل المفهوم و تاريخه، ص95
94. د. بشير تاوريريت، مناهج النقد الادبى المعاصر، الهيئه المصريه العامه للكتاب،2008،ص141
95. امبرتو ايكو، العلامه، تحليل المفهوم و تاريخه، ل31
96. حسن مزدور، المرسله الشعريه، من اعتباطيه العلامه اللغويه الى الايقونه، مجله الموقف الادبى العدد(379) تشرين الپانى،2002
97. فاضل ثامر،اللغه الثانيه(فى اشكاليه المنهج و النظريه و المصطلح الخطاب النقدى العربى الحديث)، المركز الثقافى العربى، الدار البيظاء، المغرب، 1994،ص46
98. د. محمد مفتاح، التشابه و الاختلاف، المركز الثقافى العربى، مصر،1996،ص190
99. سعاد لعلى، محاوره الواجهه الاماميه للكتاب(مقاربه سيميائيه لواجهات المدونات الشعريه ل(عثمان وصيف)، مجله كليه الاداب و العلوم الانسانيه و

الاجتماعيه،عدد(6) جامعه محمد خيضر، بسكره(الجزائر) قسم الاداب، الاداب العربى2010،، ص51

100. مراد عبدالرحمن مبروك، جيوبوليتيكا النص الادبى(تفاريس الفضاء الروائى )، دار الوفاو، الاسكندريه،ط2، 2002،ص124

101. پ.د.زهير لەتيف، پرنسيپى ئايكون لەشيعرى( عەقڵ و تەمەن)ى عومەر عەبدولكەريم وەك نموونه، رۆژنامەی رەخنەی چاودێر، ژماره(318)

102. شارف مزارى، قراءه فى بنيه الشهاده و الاستشهاد روايه»التوابين» لعزالدين ميهوبى نموذجا-مجله الموقف الادبى، العدد(397) ايار 2004

103. محمد خان، العلم الوطنى «دراسه للشكل واللون، محاضرات المتلقى الوطنى، الثانى «السيماء والنص الادبى 1-516 ابريل 2002، منشورات جامعه محمد خيضر بسكر،ص18

104.JEAN NEMARTINET،CLEFS POUR LA SEMIOLOGY COP. CITE P.61

105. هەمان سەرچاوە،ل64

106. -محمد فكرى الجزار، العنوان سيميوطيقا الاتصال الادبى، ص154

107. هەمان سەرچاوە، ل186

108. عەبدەڵلا ئاگرين، ديوانى كامەران موكرى، چاپخانەی رۆشنبيرى و لاوان،1987، ل134

109. امبرتو ايكو، العلامه، تحليل المفهوم و تاريخه، ص91

110. دانيال تشاندلر،اسس السيميائيه، ترجمه:د. صلاح وهبه، المنظمه العربيه للترجمه، بيروت،2008،ص81

111. هەمان سەرچاوە، ل90

112. هەمان سەرچاوە، ل91

113.JEAN NEMARTINET،CLEFS POUR LA SEMIOLOGY COP. CITE،VOIR PARIS1973 P.55

114. هەمان سەرچاوە، ل56

115. عبدالواحد المرابط،السيمياء العامه و سيمياء الادب،ص70

116. سیزا قاسم، نصر حامد ابو زید و اخرون، مدخل الی السیمیوطبقا، ص142
117.LA PHILOSOPHIE KANTIENNE SE DONNE POUR L OBJECT DE RESPONDER A TRIOS QUESTIONS QUE PUIS- JE SAVOIR،P 102
118. چاوپێکەوتن لەگەڵ پ.د. زاهیر لەتیف،2013/4/3
119. معین زیادە و اخرون، الموسوعە الفلسفە العربیە، م2، ص753
120. هەمان سەرچاوە، ل142
121. أنە ماری دینەسن، ترجمان: مضفر قهرمان، در أمدی برنشانە شناسی، ص84
122. محەمەدی مەلا کەریم،دیوانی گۆران، کۆڕی زانیاری عیراق، 1980، ل235
123. کامیل ژیر، کوردایەتی و جوانی، چاپخانەی بابان، سلێمانی،2010،ل180
124. رۆژنامەی رەخنەی چاودێر، ژمارە(318)2012/6/18
125. امبرتو ایکو، العلامە، تحلیل المفهوم و تاریخە،ص91
126. دانیال تشاندلر،اسس السیمیائیە،ص81
127. هەمان سەرچاوە،ل85
128. معین زیاد، سیزا قاسم، ص142
129. روبرت شولز، السیمیاء و التأویل،ص 180.
130. -JEAN NEMARTINET،CLEFS POUR LA SEMIOLOGY COP. CITE،P72
131. سیزا قاسم، حول بعض،ص34
132. امبرتو ایکو، العلامە، تحلیل المفهوم و تاریخە، ص85
133. چاوپێکەوتن لەگەڵ د.زاهیر لەتیف،2013/4/3
134. المجلە الثقافە،الجامعە الاردنیە،العدد(56) أبریل 2002،ص 286.
135. هیماگەرایی، رەنگدانەوەی لەشیعری گۆراندا، عبدالسلام سالار، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ژمارە(10) ساڵی 2003، ل65
136. هەمان سەرچاوە، ل65
137. د.دڵشاد علی، گۆران داهێنان و نوێخوازی، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە(20) حوزەیرانی 2007، ل58

# بەشی سێیەم
# جۆرەکانی سیمیۆلۆژیا
# لەشیعری شاعیراندا

1- سیمیۆلۆژیای ناونیشان

قۆناغی یەکەم:1950 - 1958 قۆناغی دووەم: 1958-1961

قۆناغی سێیەم: 1961-1970 قۆناغی چوارەم: 1970-1975

2- سیمیۆلۆژیای کەسایەتی

قۆناغی یەکەم:1950 - 1958 قۆناغی دووەم: 1958-1961

قۆناغی سێیەم: 1961-1970 قۆناغی چوارەم: 1970-1975

3- سیمیۆلۆژیای وێنەی شیعریی

قۆناغی یەکەم:1950 - 1958 قۆناغی دووەم: 1958-1961

قۆناغی سێیەم: 1961-1970 قۆناغی چوارەم: 1970-1975

4- سیمیۆلۆژیای شوێن

قۆناغی یەکەم:1950 - 1958 قۆناغی دووەم: 1958-1961

قۆناغی سێیەم: 1961-1970 قۆناغی چوارەم: 1970-1975

## جۆرەکانی سیمیۆلۆژیا لەشیعری شاعیراندا

**1- سیمیۆلۆژیای ناونیشان**

ناونیشان سەرەتاو دیباجە، یان کلیلێکە لە کلیلەکانی دەق، یاخود پرۆسەیەکی پەیوەندییەو دەرگایەکە بۆ چوونە ناو دەق، چونکە دەق بەگشتی لە خودی خۆیدا خاوەن دەلالەتی جیاوازە، ئیدی ئەم دەقە کورت بێت، یان درێژ، نوێ یان هاوچەرخ بێت گرنگ نییە، بەڵکو گرنگ بوونی ئەو پەیوەندییانەیە کە لەناو دەقەکەدا هەن، چونکە سیمیۆلۆژییەکان باوەڕیانوایە شتێك لە دەرەوەی دەقەوە نییە، بەو پێیەی هەموو شتەکان گوتارن و بە شێوەیەك لە شێوەکان دەرەوەی دەق لەناو دەقدا لە ڕێگەی دەلالەتەکانەوە دەبینرێتەوە.

ناونیشان دەشێ وشەیەك، یان دەستەواژەیەك، یان ڕستەیەك بێت، ملکەچە بۆ چەندین ئەگەری دەلالی جیاواز، ئەمەش لە ڕێگەی لێکدانەوەو دەلالەتەکانەوە دیاریدەکرێت، لیۆ هـۆك(LEOHOEK) پێیوایە» ناونیشان کۆمەڵێك نیشانەی زمانییە(وشە، دەستەواژە، رستە....) کە لەسەر هەر دەقێك دادەنرێت و دەلالەت لە ناوەڕۆکی دەقەکە دەکات و خەڵکی بەهۆی ناوەڕۆکەیەوە دەوروژێنێت «1، محمد مفتاح ناونیشان بە سەری دەق دادەنێت2، واتە وەك کۆڵەکەی ڕاگر وایەو پەیوەندی نێوان دەقی هاوسەنگ و سەرەکەی رادەگرێت، د. خالید حسین دەڵێت «ناونیشان بریتییە لەناونانی دەق، یان پێناسەکردن و ئاشکراکردنی و دەبێتە نیشانەی سیمیۆلۆژی و مومارەسەی دەلالەتەکان دەکات، لەسەر میانەی نێوان دەق و جیهان شوێنی خۆی دەکاتەوە، بۆئەوەی ببێتە خاڵی یەکتربڕی ستراتیژی، کە دەق لە ڕێگەیەوە گوزەر بۆ جیهان دەکات، یان جیهان بۆ دەق، بە مەبەستی تێپەڕاندنی میانەی نێوانیان، هەریەکەیان پێویستی بەوی دی هەیە «3 بەواتا ناونیشان پێکهاتەو ناوەڕۆك یان ئاماژەکانی دەق دیاریدەکات.

جیرار جینێت دەڵێت» پاراتێکست PARATEXT شوناس دەبەخشێتە

دەقی سەرەکی و هۆکارێکە دەتوانێت دەقێك لە خودی خۆیدا بکاتە نوسین و خۆی پێشکەش بەخوێنەر بکات»4واتە پاراتێکست و دەق لەخودی نوسین بەرهەمدێنێت، کەواتە ناونیشان گەورەترین ڕەگەزە کە پاراتێکست پشتی پێدەبەستێت و وەك پێشەکی وایەو دەورەی دەقی داوە ، جگەلەمەش لەتوانایدایە بچێتە ناو قووڵایی دەق و هاوکاری لێکدانەوەو تێگەیشتنی دەقە، بە تایبەتی ئەگەر دەق دەقێکی داهێنراوی سەردەمی ئاڵۆز بێت.

لیۆ هۆك(LEO HOEK) دەڵێت «ناونیشان کۆمەڵێك نیشانەی زمانییە، کە دەتوانرێت لە سەر هەموو دەقێك دابنرێت، لەپێناو دیاریکردن و ئاماژەکردن بۆ پێکهاتە گشتیەکەی و سەرنجراکێشانی خوێنەر»5

«ناونیشان گرنگترین پێشەکی دەقـی هاوتەریبە و هـۆکـارە بۆ روونکردنەوەی دەلالەتەکانی دەق، و دۆزینەوەی واتا رووکەشی وشاراوەکانی، ئیدی تێگەیشتنی بن یان لێکدانەوەیی، یاخود هەڵوەشاندنەوەیی، یان بنیادنانەوەیی، جگە لەمەش ناونیشان کلیلی سەرەکییە بۆ چوونە ناو قووڵایی دەق و قووڵبوونەوە لەهێڵە نادیارەکانی»6

لەسیمۆلۆژیادا ناونیشان بە نیشانەیەك لە نیشانەکان دادەنرێت، بۆیە بایەخێکی زۆری پێدەدات، لەبەرئەوەی ناونیشان ئاماژەی دەلالی زۆر جیاواز لەخۆدەگرێت، چونکە کورتکراوەی واتای دەقە، بە واتایەکی تر بریتییە لە پاراتێکست لەگەڵ ناوەڕۆکی دەقدا، لەمبارەوە جیرار جینێت دەڵێت»»سیمیۆتیکا گرنگیەکی گـەورە بەناونیشان دەدات، بەو پێیەی زاراوەیەکی جێبەجێکاری سەرکەوتوە لە لێك نزیککردنەوەی دەقی ئەدەبیدا، چونکە کلیلی سەرەکی دەقە، هەروەها ناونیشان لە ڕێگەی بوونیاتە دەلالی و ڕەمزیەکانەوە دەق هەڵدەوەشێنێت، بۆئەوەی بونیادیبنێتەوە، یاخود ناونیشان کلیلێکی تەکنیکییەو پێوانەکانی دەقی پێدەدۆزرێتەوە»7

ئەگەر دەق سیستمی دەلالی بێت، بەهەمان شێوەش ناونیشان سیستمێکی دەلالیە، ئەگەرچی روانینێکی رووکەشی، یان سادەیی هەیە، بەڵام خاوەن بونیاتێکی قووڵە و وەك خوێندنەوەیەکی ناوخۆییە و ئەو کارنامانەی لە

شیعرەکەدا هەن، لەوانەشە هەروا بەسادەیی نەتوانین لەدەلالەتی ناونیشان و مەغزاکەی بگەین، بۆیە وامانلێدەکات، کە دەقەکە بخوێنینەوە، بۆئەوەی کۆدی ناونیشان بکەینەوە، بۆیە «سیمیۆلۆژیای ناونیشان نزیکترین وێنەی سیمیۆلۆژییە «8، ناونیشان بەو پێیەی خاوەن دەلالەتی کۆدی دەقەکانە، بۆیە ناونیشان بەهێزترین لایەنی ئیکۆنۆمی زمانە لە دەقی شیعرییدا، جگەلەمەش ناونیشان لەسەر ئاستی زمان بەپارچەیەکی زمانەوانی دادەنرێت و لەدەقەکەدا باڵا دەبێت و یاسا رێزمانییە سیمیۆلۆژییەکان تەحەکومی پێوەدەکەن.

جیرار جینێت دەڵێت «خودی پێناسەی ناونیشان، زیاتر لەهەر ڕەگەزێکی تری دەقی هاوتەریب، پێشنیاری هەندێك دۆز دەکات و داوای هەوڵی زیاتر لە شرۆڤەکردندا دەکات، بەو پێیەی ناونیشان هەر لەسەردەمی رێنیسانسەوە زیاتر شێوە پێکهاتەییە، لەبەرئەوەی ڕەگەزێکی ڕاستەقینەیەو خاوەن پێکهاتەیە و بە درێژی هەڵناسەنگێنرێ «9

ناونیشان بەو پێیەی پەیوەندییە لە نێوان نێرەرو وەرگردا، لەسەر وەرگر یان خوێنەرە ناونیشانەکە لە دووئاراستەوە بخوێنێتەوە :

1.وا سەیری بکات ناونیشان بونیاتێکی سەربەخۆیەو خاوەن دەلالەتی تایبەتی خۆیەتی.

2.پەیوەستە بە بەرهەمی دەلالەتەکەوە، بۆیە پێویستە لێرەوە بەرەو کارکردن و پەیوەستبوونی بە دەلالییەتەکەوە هەنگاوبنرێت.

واتە یەکەم کاری سیمیۆلۆژیا لە ناونیشاندا شیکردنەوەی ناونیشانە لە رێگەی ئەو دیالۆگەی، لێکۆڵەر لەگەڵ ناونیشاندا دەیکات،و خستنە ڕووی ئەنجامی ئەم دیالۆگە لەناو لێکدانەوەکەدا.

ناونیشان پەیامێکەو ئەم پەیامە لە نێوان نێرەرو وەرگردا دەگۆڕدرێتەوە و بەشداریدەکات لە گەیاندنی مەعریفی و جوانناسیدا، ئەم پەیامە بە کۆد رازێنراوەتەوەو پێویستی بە کردنەوە هەیە، چ لە ئێستا یان لە ئایندەدا، بۆیە ناونیشان کارنامەی دیاریکردن و وەسفی و ماناو سەرچاوەیی هەیەو لەسەر بابەتی پەیامەکە چڕدەبێتەوە، بەو پێیەی سەرچاوەو واقعێکی بنچینەییە،

که پەیامەکە گوزارشتی لێدەکات، کۆی گشتی ئەم پەیوەندییە کە ناونیشان لەڕێگەی کەناڵەکەوە ئاراستەی دەکات، گەیاندنی پەیامە مەعریفییەکەیە، وەك لەم هێڵکاریەدا خراوەتەروو:




لەراستیدا چەندین ناونیشان هەن و هەر ئەمانەش جۆری دەقەکە دەستنیشان دەکەن، وەك دەقی شیعر، چیرۆك.... تاد، لەهەمانکاتیشدا کاتێك دەچیتە ناو دەقەوە، نانیشانی تری سەرەکی هەن، وەك ناونیشانی دەقە شیعرییەکان، جگە لەمەش لەناو دەقە شیعرییەکەدا، بەدەر لە ناونیشانە سەرەکییەکە، ناونیشانی لاوەکی، یان لقی هەن و لەگەڵ پارچە کانی تردا جیادەبنەوە.

عمر سطایحی دەڵێت «مەبەست و دەلالەت لە ناونیشاندا دوو بنەمای سەرەکین، چونکە ناونیشان ڕۆڵێکی گرنگی لەسەر شیعر هەیە، بەو پێیەی ناونیشان لەخۆوە نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە نوسەر هەوڵێکی جدی دەدات، تاوەکو ناونیشانێکی گونجاو هەڵبژێرێت، کە لەگەڵ ناوەڕۆکەکەدا بگونجێت، ئیدی لەبەر هۆکاری هونەری، ئیستاتیکی، دەروونـی حەتتا بازرگانیش بێت»10، چونکە ئەمە وا لە خوێنەر دەکات، دوای ئەو مەبەستە بکەوێت، کە

ناونیشان لە ڕێگەی ڕۆچوون لەکرۆك و قووڵایی دەقدا پێیدەبەخشێت، ئەم لەخۆدا حەشاردانەی ناونیشان» ئیدی بیری سیاسی، مەزهەبی، ئایدۆلۆژی..... هۆکاری بەشوێندا چوونی دەقە، جگە لەمەش ناونیشان یەکەمین بەربەستە، یان رووبەڕوو بوونەوەیە لە نێوان خوێنەرو دەقدا و یەکەمین بەیەکگەیشتنی مادی(فیزیکی) هەستپێکراوە لە نێوان خوێنەرو نوسەردا»11

ناونیشان دەلالەت و ئیحالەیەکی دیاریکراوە لەسەر دەقێکی دیاریکراو، لەبەرئەمەش دەقی داهێنراوی نوێ، پێکهاتوە لە هاوکێشەی ناونیشان و دەق و ناونیشانیش تاجی دەقەکەیە و لە ڕێگەی ئەم تاجەوە دەق لێکدەدرێتەوە، یان سەیری دەقەکە دەکرێت، لەبەرئەوەی ناونیشان سیمای دەقەو لەو ناوەدا کورتکراوەتەوە.

عبدالله محمد الغذامی دەڵێت «شیعر لە ناونیشانەکەیەوە لەدایك نابێت، بەڵکو ناونیشان لەوەوە لەدایکدەبێت و هەموو شاعیرێك ناونیشان دوایین جوڵەی کارکردنییەتی لە دەقەکەدا «12 کەواتە ناونیشان ئەگەر دوایین کاری نوسەربێت، ئەوا سەرەتا و پێشەکی خوێنەرە، کە لە ڕێگەیەوە لەهەموو ڕوانگەکانی دەقەکەوە دەلالەتەکان دەپێوێت، جگە لەمەش «بریتییە لە کلیلی دەلالەتەکانی دەق و خوێنەر بۆ کردنەوە و روناککردنەوەی شوێنە تاریکەکانی دەق بەکاریدەهێنێت «13

جاك فونتانیل(JAQUEES FONTANILLE) پێیوایە» ناونیشان لەگەڵ نیشانەکانی تردا کە دەقی هاوسەنگە بۆی، بریتییە لە بەشە دەگمەنەکانی ناو دەق، کە لەسەر بەرگ ڕەنگ دەدەنەوە»14، لەگەڵ ئەمەشدا عبدالمالك مرتاض دەڵێت» ناونیشان پەیوەندێکی بەهێزی بەئۆرگانەکانی ئەو دەقەوە هەیە کە بووەتە ناونیشانی، هەروەها تەواوکەریەتی و جیاواز نییە لێی و بەوردی و ئەمانەتەوە رەنگپێدەری دەبێت «15، بەمەش ناونیشان وەك دەقێکی بچوك وایە و مامەڵە لەگەڵ دەقێکی گەورەدا دەکات.

لیۆ هۆك دەڵێت «قورسە پێناسەیەکی دیاریکراو بۆ ناونیشان دابنرێت، بەهۆی بەکارهێنانی لە واتا جیاوازەکانیدا»16،کەواتە پێناسەکردنی ناونیشان پێناسەیەکی کراوەو بەپێی مەبەست و مانای بەکارهێنراو دەتوانرێت پێناسە بکرێت.

## مێژووی بەکارهێنانی ناونیشان

### أ-لەئەدەبی ئەوروپیدا:

بەکارهێنانی ناونیشان کارێکی نوێ نییەو ئەوروپیەکان لە کۆنەوە کتێبیان نوسیوەو ناونیشانیان بۆ داناوە. ئەسینا گەورەترین ناوەندی زانست و کتێب بوو لە جیهاندا»17،بەڵام سەرقاڵ بوون بە دیاردەی ناونیشانەوە» لە ئەوروپاو لە ساڵی 1968 دەستپێکردوە، بەهۆی لێکۆڵینەوەی دوو زانای فەرەنسی(د. فرانسوا فوریە (FRANCOIS FOURIER) و(ئاندریە فینتنا ANDRIE FANTANA )لەسەر ناونیشان، بەناوی(ناونیشانی کتێبەکان لەسەدەی هەشتدا)»18 ئەم کارەش»خستنەڕووی یەکەمین کاری رەخنەییە، کە بایەخ بە ناونیشان بدات و کارێکە بووەتە سەرەتایەك بۆ سەرهەڵدانی زانستێکی نوێ کە خاوەن بنچینە و تیۆرو پەیڕەوی خۆیەتی، کە زانستی ناونیشانە «19

پاشان لەساڵی 1973(کلود دوتسی CLAUD DUCHET) کاری لەسەر ناونیشانی ڕۆمان کرد، دواتریش(لیۆ هۆك LEO HOCK)دا ڕۆڵی گەورەی بینی لە بنیادنانی زانستی ناونیشاندا، بە تایبەتی لەگەڵ دەرکەوتنی کتێبەکەی لە ساڵی 1974 بە ناونیشانی(سیفەتی ناونیشان)20. دواتر(چارلس گریڤال CHARLES GRIVELA لە کتێبی(بەرهەمی گرنگیدانی رۆمانوس)دا، بەشێکی تایبەت کردوە بە هێزی ناونیشانەوە.21

دواتر جیرار جینێت لێکۆڵینەوەیەکی تەواوی لەسەر هاوسەنگییەکانی دەق نوسیوەو کاری لەسەر ناونیشان و گرنگی و کارنامەی کردوە22، دواتریش(روبرت چولز(ROBERTE CHOLES) لە کتێبی(زمان و گوتاری ئەدەبی) و جان کوهن «JEAN COHEN» لە کتێبی(بنیاتی زمانی شیعریی) دا و جان مولینو(JEAN MAULINO) و هنری میتران (H. MITERAND) ڕۆڵیان هەبوو لەگەشەکردنی ئەم زانستە نوێیە لە ئەوروپادا»23

جگە لەمانەش» جون مولینۆ JEAN MAULINOو روبرت شولز(ROBERTE SHOLES) و جان کوهین(JEAN COHEN) گرنگیان بە ناونیشان داوە و ئەمڕۆ ناونراوە زانستی ناونیشان(LA TITRO LOGIE»24، بە شێوەیەك» رەخنەگران رەهەندی سیمیۆلۆژییان لە شرۆڤەی پەیوەندیە

دیالێکتیکییەکانی نێوان ناونیشان لە لوتکەی هەرەمەکەو بنیاتی پێکهێنراو لە کرۆکی هەرەمەکەدا بەکارهێناوە»25

ڕەخنە گران پێیانوایە پەیوەندی نێوان ناونیشان و دەق لەسێ شێوەی پەیوەندیدایە :

1.پەیوەندی سیمیۆلۆژی : ناونیشان دەبێتە پەیوەندێك لە پەیوەندەکانی کارکردن.

2.پەیوەندی بیناکردن: پەیوەندییەکان لەنێوان کارو ناونیشاندا لەسەر بنەمای بیناکردنەکە.

3.پەیوەندی ڕەنگدانەوەیی: تێیدا کارەکە دەخرێتە ناو ناونیشان بە شێوەیەکی تەواو26، هەموو ئەم ڕەنگدانەوەیەش لەوەوەیە کە ناونیشان «بەهێزترین رەگەزی سیمیۆلۆژییە بۆ دەق و نوسەر لە ڕوانگەی وەسفەوە، بەبێ ڕەگەزەکانی تر، چونکە سیما و ڕوخساریك بۆ دەق و قوڵایی و رۆچوونی بیرەکان دروستدەکات «27

**ب- لە دەقی شیعریی کوردیدا**

ئاشکرایە لەشیعری کلاسیکیدا، شیعرەکان ناونیشان بۆ دانەنراوەو شیعر بەبێ ناونیشان نوسراوە، بەڵام پاش هەوڵدان بۆ هاتنەئارای شیعری نوێ، لەگەڵ خۆیدا ناونیشان بوویە بنەمایەکی سەرەکی ئەم هەنگاوەو لەگەڵ خۆیدا ناونیشانی کردە شوناس و دەقی هاوسەنگ، بۆیە شاعیرانی کورد لەسەدەی بیستەمداو بەتایبەتیش لەدوای ساڵانی بیستەوە، بایەخ و گرنگێکی زۆریان بە ناونیشان داوەو ناونیشانیان کردوەتە دەروازەی شوناسی دەق، ئەم راستیەش بەسەرەنجدان لە ناونیشانی دەقە شیعریەکان دەبینرێت، بۆنموونە یەکەمین دەقی شیعری کوردی، کە ناونیشانی بەکارهێنابێت، شیعری(جووت و گا شتێکی چاکە)ی شێخ نوری شێخ ساڵحە و تێیدا ناونیشان بووەتە دەقی هاوسەنگ، وەك شاعیر دەڵێت:

**جووت و گا شتێکی چاکە**

**لەباس هەر شتێ پیاڕاگەیشتین ئێمە نوسیمان**

**ئیتر بابێینەوە سەر باسی جوتیاری و زەوی کێڵان**
**لەپایزدا خەریك جوت و تۆو چەندن ئەبێ تاسەر**
**لەماڵ خۆت ئەنویت و بێ عەزیەت ئاوی ئەدا باران**
**لەعەرزی وشك و رەق توتن پەیابێ و ئەشی فرۆشن**
**کەوابێ با هەموو دەس کەینە جووتیاری و زەوی کێڵان..28**

دووەمین دەقە شیعریی کە ناونیشانی بەکارهێنابێت هەردوو دەقە شیعریی( بۆ خاڵصە، حیکایەتی ئەم و ئەو)ی( م. فەوزی)یە، بۆنموونە:

**بۆ خالصە**
**ئافەرین ئیمان خاڵص وایە رێی پێ بردوە**
**وەك لە دوو یەك گرح ئەکا جەمعیشی ئەڵبەت کردوە**
**من ئەوا ئەحواڵی ئایر و خانەقایم پێ وتی**
**خولە تیکەش پرسی تەشریفت بە کەرکوك فەرموە**
**فەوزیا خاڵص کەسبی سۆفی و دەروێش ئەکا**
**بۆگوناهی خۆی مقەڕڕە تولە رێ لێتێکچوە..29**

**حیکایەتی ئەم و ئەو**
**تەصادف کەسێ چوو بۆ ئەو خوارە**
**دوانیش نزاعیان دەبێت بەم قەرارە**
**چە ئەمیان چە ئەویان ئیللا من لەپێشم**
**لەلای ئەو کەسەی وا لە عالەم دیارە..30**

سێیەمین دەقە شیعری کوردیش، کە ناونیشانی بەکارهێنابێت، دەقی شیعری( بەهار)ی زێوەرە، کە لە رۆژنامەی پێشکەوتن، ژمارە(52) رۆژی 1921/4/21 بڵاوکراوەتەوە، وەك دەڵێت:

**بەهار**
**وەرن یاران تەماشاکەن چە رەنگین نۆ بەهارێکە**
**لە فەیزی رەحمەت و بارش هەموو جێ سەبزە زارێکە..31**

## گرنگی ناونیشان

بەگشتی ناونیشان لەدەقدا، بووەتە پێویستێکی گرنگ و لە شیعری نوێشدا، بووەتە پێویستێکی سەرەکی دەق و هیچ دەقێك ناتوانێت بێ ناونیشان بێت، مەگەر شاعیر بیەوێت بەمەبەست و بۆ ئامانجێك ئەم کارە بکات، ئەویش دیسانەوە هەڵگری نیشانەو کۆدی خۆیەتی، بۆیە پێویستی بە لێکدانەوەی سیمیۆلۆژیانە هەیە، چونکە لە شیعری نوێدا، شاعیر نەك هەر ناونیشان بەکاردەهێنێت، بەڵکو هەوڵێکی جدیش دەدات تاوەکو وردەکاری و هونەری و ئیستاتیکی و... تاد تێدا بەکاربهێنێت، یان هەڵگری ئەمانە بێت، بۆیە ناونیشان لە شرۆڤەکردنی میتۆدی سیمیۆلۆژیدا، گرنگی و بایەخی دەردەکەوێت.

کارنامەی ناونیشان هەندێ جاریش لەرێگەی دەقەوە دیاریدەکرێت، واتە سروشتی دەقەکە ئەم کارنامەییە دیاریدەکات، چونکە خوێنەر، یان لێکۆڵەر لەسەرەتادا کارنامەو رۆڵ و گرنگی ناونیشانی بۆ دەرناکەوێت، تاوەکو دەقە شیعرییەکە نەخوێنێتەوە»32، چونکە لە رێگەی دەقەوە لە ناوەڕۆکی ناونیشان دەگەین، هەرچی ئامبرتۆ ئیکۆیە پێیوایە»کارنامەی تایبەتی ناونیشان، وروژاندنی بیرەکانە، نەك جێگیرکردنیان»33

سیمیۆلۆژییەکان گرنگیەکی زۆریان بە ناونیشان داوە، چونکە» ناونیشان پاڵپشتێکی بەهێزی هەڵوەشاندنەوەی دەق و لێکدانەوەیە لەسەری، چونکە زانیارێکی گەورەمان لەسەر گونجاندنی دەق و تێگەیشتن لە ئاڵۆزیەکانی پێدەبەخشێت»34، بۆیە بایەخدانی سیمیۆلۆژییەکان بە ناونیشان نە لەخۆوەیەو نە لە ڕێگەی رێکەوتەوەیە، بەڵکو ناونیشان «پێویستیەکی نوسینە»35 جگەلەمەش سیمیۆلۆژیا لەلێکۆڵینەوەی دەقی ئەدەبیدا، بە گرنگی ناونیشان دەستپێدەکات، بەلایانەوە ناونیشان وەك کرۆکی ناوەندی دەق وایە، رۆمان یاکۆبسن»باس لە کارنامە سەرەکیەکانی دەکات، کە بریتین لە(سەرچاوەیی، میتا زمانی، تێگەیشتنی، هەڵچوونی، سەرنجڕاکێشی و کارتێکردنی، پەیوەندی ) و ناونیشان لە مامەڵەکردن لەگەڵ دەقدا، لە ڕەهەندە دەلالی و رەمزییەکاندا، بە کلیلی راپەڕاندن دادەنرێت «36

کەوایە لەمڕۆدا ناونیشان بووەتە زانستێکی سەربەخۆو بنەماو یاسای خۆی هەیە، بۆیە هەموو خوێندنەوەو هەوڵدانێك بۆ دۆزینەوەی کۆدەکانی دەق، پێویستە لەناونیشانەوە دەستپێبکات.

**جۆرەکانی ناونیشان**

**1.ناونیشانی سەرەکی «LE TITRE PRINCIPALE»** : ئەو جۆرە نیشانەیە کە دیـوان، یان کتێب، یان سیمای شتەکەی پێ دەناسرێتەوەو خاوەنەکەی بە هەموو هێزو توانست و ئەزمونێکی خۆیەوە، هەوڵدەدات باڵای بکات، لەپێناو رووبەڕووبوونەوەی بەرامبەرو خوێنەر، ئەم جۆرە ناونیشانەش بە «ناونیشانی راستەقینە، یان بنچینەیی و سەرەکی ناودەبرێت «37، یاخود «پسوڵەی پێناسینەو شوناس دەداتە دەقەکە»38

**2.ناونیشانی ناسەرەکی، لاوەکـی(مـوزەیـەف) FAUX TITRE :** ئەو جۆرەیە کە لەدوای جۆری سەرەکی دێت و(بریتییە لە کورتکراوەو دووبـارەکـردنـەوەی جـۆری سـەرەکـی، کارنامەی ئـەم جـۆرە ناونیشانە جەختکردنەوەو بەرزڕاگرتنی ناونیشانی سەرەکییە)39 زۆر جاریش «لە نێوان بەرگو لاپەڕەی ناوەوەدا دێت»40

**3.ناونیشانی لقی(SOUS TITRE):** ئەو جۆرەیە کە لەدوای ناونیشانی سەرەکی و وەك سەرناوی پارچەو پەرەگرافەکانی شیعرەکەدا دێن، یان «زۆر جار وەك ناونیشانی بەش و بابەتەکان، یان پێناسەی ناو کتێبەکە دێت، هەندێك زانا بە ناونیشانی لاوەکی یان ناونیشانی دووەم ناوی دەبەن»41هەموو ئەمەش لەپێناو(تەواوکردنی واتاکەدا دێت)42

**4.ناونیشانی ئاماژەی فۆرمیی:** «ئەو ناونیشانەیە کە جۆری دەق و ڕەگەزەکەی لە ڕەگەزەکانی تر جیادەکاتەوە، وەك(چیرۆك، رۆمان، شیعر، شانۆ)،هەرلەبەر ئەمەش دەتوانرێت ناو بنرێت «ناونشانی فۆرمیی»43

5. ناونیشانی بازرگانی(TITRE COURANT) : ئەو جۆرە ناونیشانەیە کە خۆی لە بەرگێکی رازاوەی ئیستاتیکی و فکریدا دەردەخات و کارنامەی

ئەم ناونیشانە سەرنجراكێشانی خوێنەرە، كە ئەوەی بەلاوە گرنگە(ئیستاتیكا، بیر،....) لە ڕەهەندە بازرگانییەكاندا «زۆربـەی كاتیش ئەم جۆرەیان بۆ ڕۆژنامەو گۆڤارەكان بایەخی پێدەدرێت و بەكاردێت»44

بەگشتی ناونیشان رۆڵێكی گرنگی لە دەقدا هەیە، بەڵام جۆری ناونیشان و فۆرم و مەبەستی نوسینی ناونیشانەكە، رۆڵەكە فراوانترو گرنگتر دەكات، بۆنموونە ناونیشان پرسیار، یان نوێنراو و گشتی بێت، لەدەقدا چوارچێوەیەكی فراوان داگیردەكات و دەلالەتی جۆراوجۆر لەخۆدەگرێت، واتە هەڵگری دەلالەتێكی چڕن، بەمەش ناونیشان لە دەقی نوێ و هاوچەرخدا ئامادەییەكی زۆری هەیە.

## سیمیۆلۆژیای ناونیشان لەشیعری شاعیراندا

## قۆناغی یەكەم : 1950 – 1958

**1- هەردی :** لە شیعری(چەپكە گوڵێك بۆ ست فاتمە)(1950) ناونیشان بریتییە لە چەند وشەیەك و واتاكانیشیان لە ناونیشادا ئاسایین، بەڵام خوێنەر ناچارە دەق بخوێنێتەوە، بۆئەوەی لە پەیامی ئەو چەپكە گوڵەی هەردی بگات، لێرەدا گرنگ نییە ست فاتمە كێیە، ئەوەندەی گرنگە ئەو چەپكە گوڵەی بۆ ست فاتمە چەندێك جوانی و گرنگی تێدایە، چەندێك دەقی نەمرو پەیامی شیعریی دروستكردوە، ست فاتمە لە دەقدا ئەوەیە، كە چەپكە گوڵێكە كە وەك وەسفەكان ئەویش تایبەتە، بێگومان لەسەرخستنی، یان گەیاندنی پەیامی خۆشەویستی فاتمە، یان ئافرەتێك زۆر سەركەوتوو بووە، ئەگەرچی لەسەردەمی ئەو شیعرەدا فاتمە ناوێك خراوەتە ناو ناوانەوە، بەڵام هەردی شاعیر لە پێشەكی چاپی دووەمدا ئەو قسانەی رەتكردوەتەوە، بەڵام لەدوا چاوپێكەوتنیدا كە لە كەناڵی(KNN) پەخشكرا، نكوڵی لە پەیوەندیەكە نەكردو هاوسەرەكەشی ئاگاری خۆی لەم مەسەلەیە راگەیاند، بەپێی لێكدانەوەی دەقەكەش ست فاتمە ناوێكی خەیاڵزای خۆشەویستی شاعیرە، لەگەڵ ئەوەشدا دەربڕینی هەستێكی ڕاستەقینەی پیاوێكی هەژارە بۆ كیژێكی خانەدان، واتە خستنە رووی جیاوازی دوو چینی جیاواز لەبەرگی خۆشەویستی ست

فاتمەدا، چونكە لەدەقدا بەئاشكرا بە بوكی خەیاڵی دەناسێت، ئەمەش لەو بێهیوابوونەوە سەرچاوەی گرتوە، كە دڵنیابووە لـەوەی دابڕاندنەكە هەتاهەتاییە، چونكە لای هەردی بەڕاستی هەربووكی شاعیرە ، لەم بارەوە هەردی دەڵێت» بە بیرمدا هات كە چەند شیعرێكی دڵداری رێك بخەم كە لە ناوەڕۆكدا جیاوازی چینایەتی پیشانبدات، بەڵام بەجۆریك بێت كە لەگەڵ زەمینەی گشتی شیعرەكەدا بگونجێت، نەك بیروڕایەكی سانا بێت و بەزۆر ئاخنرابێتە ناو شیعرەكەوە»45 هەروەها دەڵێت» ئەو جیاوازیە چینایەتییەو ناگەڕێتەوە بۆ من و ئەو كچەی ناونراوە ست فاتمە، مەبەستم ئەوە نییە، كە ئەو جیاوازیە نەبوو، چونكە ئەو كات من بێكار بووم، بەڵكو مەبەستم ئەوەیە ئەگەر كچەكەش زۆر هەژاریش بوایە، هەر وام پیشاندەدا، كە لە چینێكی لەخۆم بەرزترە»46 لەراستیدا ست فاتمە لە گوندی عەبابەیلێ مامۆستا بووە و لەگەڵ هەردی بووە لە هەڵەبجە، جیاوازییەكەش ئایدۆلۆژی و حزبی بووە، نەك لەنێوان ئەم دوانەدا، بەڵكو لەنێوان هەردی و كەسوكاری ژنەكەدا بووە، هەر ئەمەش شكستی بەیەكگەیاندنیان بووە، دواجار خۆشەویستی شێتانەی ئەحمەد هەردی بۆ فاتمەو كارێگەری لەسەر خەیاڵزای شیعریی، وایكردوە شكستە راستەقینەكە، بخاتە قاڵبی خەیاڵی، لەپێناوی بەهێزی و نەمری شیعرەیدا، هەرئەمەش وایكرد، ئەم شیعرە ببێتە ناسێنەری توانستی شیعری شاعیر.

ئەگەرچی ناونیشان بریتییە لە چەپكە گوڵێك، بەڵام ئەم چەپكە گوڵە لە(خۆشەویستی، پەرستن، سكاڵا، راز) پێكهاتوەو ئەمەش ئەوە دەردەخات، كە فاتمەو شاعیر پەیوەندییان هەبووەو دواتر ئەم پەیوەندییە، بووەتە پەیوەندییەكی دوور بە دوور و فاتمە بووەتە هێزی دەق، وەك دەڵێت :

**فاتمە! دووچاوی مەستت، پڕ تەلیسمی جوانی یە**
**پڕ شەرابی خۆشەویستی و عارەقی یەزدانی یە،**
**بوكی ڕازاوەی خەیاڵم گیانەكەم ست فاتمە!**
**تاقە پڕشنگێكی چاوت ئەوپەڕی ئاواتمە**

**خۆشەویستی وا کە نامەی خوایە بۆ پێغەمبەران**
**بەرزو ناسك، وەك هەناسەی پڕ گوڵاوی دولبەران**
**نەك وەکو حەزکردنی دینارو گەوهەر پەروەران**
**ئەو کەسانەی بۆ قڕانێ، چەندە دڵتان هەڵوەران!**
**خەڵقی تر، پارە پەرستی، با بکەن، ست فاتمە**
**من بەتەنیا، تۆ پەرستی، ئەوپەڕی ئاواتمە.. ل 68**

لێرەدا شاعیر پەرستنی ست فاتمە دەکاتە ئەوپەڕی ئاواتی، کە ئەم کارەی زۆر بەئاسانی دەتوانێت بێتە دی، پەرستنی لای شاعیر رێگر نییە، بۆیە پەیوەندی دەق و ست فاتمە پەیوەندی دەق و پەیامی دەقییە.

کەوایە لەبەرامبەر ئەو وەسفانەی، کە شاعیر بۆ ست فاتمەی کردووە بە شێوازی جیاواز، شیاوی ئەو چەپکە گوڵەیە، کە کردویەتییە شوناسی شیعرەکەی، واتە ست فاتمە بەرهەمهێنی دەقێکی خۆشەویستیەو لەگەڵ دەرخستنی رادەی خۆشەویستی کچەکە لەبەرگی چینایەتی جیاوازدا لەلای شاعیر و رەتکردنەوەی جیاوازی و زاڵکردنی خۆشەویستی بەسەر بەرستەکاندا، کەواتە ئەم ناونیشانە نەهێشتنی جیاوازییە جۆربەجۆرەکانە لەناو دەقدا.

هەروەها شیعری(ڕازی تەنیایی)(1951) ئەگەرچی ناونیشانی دەقێکی شیعریە، بەهەمان شێوەش ناونیشانی دیوانە شیعری ئەحمەد هەردییە، بۆیە رازی تەنیایی لەم دەقـەو لەدیوانەکەشدا دەرخستنی ئەو لایەنە شاراوانەی ژیانی شاعیرە بە شێوەیەکی راست، یان بە ڕاشکاوی لە قاڵبی دەقی شیعرییدا، ئەمەش دوا دەریچە(مەنفەس)ی شاعیر بۆ خستنەڕووی لایەنە پەنگخواردوەکانی ناو دڵ و دەرونی، هەر لەبەرئەمەش ئەم ناونیشانە کراوە بە ناونیشانی دیوانەکە، ئەگەرچی راز هەردەبوو بەتەنهانی و پەنهانی بمایەتەوە، لەگەڵ ئەوەی هی تەنهایی خودی شاعیریش بن، بەڵام شاعیر مەبەستیەتی دەروونی خۆی بکاتەوە، ئەگەر بە دەریچەیەکی بچوکیش بێت، بۆیە لە خودی ناونیشانەکەوە خوێنەر راستەوخۆ وێڵە بەدوای رازەکانی شاعیردا بە گشتی لەناو دیوانەکەیداو لەناو ئەم شیعرەشدا بەتایبەتی، لێرەشدا

رازەکانی دوولایەنەن، ئەوانەن کە خۆی لە دڵی خۆیدا و بەتەنیا لە قاڵبی شیعریدا دەریبڕیون، چونکە لە دەقەکەدا ئەو رازانە دەخاتە روو، کە ژیان و ناخۆشی.... تاد بۆی دروستکردوە و لەلای کەس دەرینەبڕیوە، کە کاریگەریان لەسەر شاعیر هەبووە، بە پێچەوانەوە هەڵوێستی هەبووە، وەك دەڵێت :

**ژیان و ئەرکی ناخۆشی ی: پەپولەی ئارەزووی کوشتم**
**شەرابی جامی دڵداری، لەتافی لاوییا، رشتم.. ل 79**

کەواتە ژیان و ئەرکەو ناخۆشیەکانی تەمەنی دڵداری لێسەندوەتەوە، واتە یەکێك لە رازەکان لەبەر ژیان ناخۆشی نەیتوانیوە دڵداری بکات و زۆریش حەزیکروە بیکات، کە ئەمە مافێکی سروشتی هەموو مرۆڤێکە، بەڵام لەبەر واقیعی بیرکردنەوەی هەردی لەخۆی و بەرامبەرەکەی، بەوەی لەلایەك کێشەی ئایدۆلۆژیاو لەلایەك لایەنداری، ئەم حەزەی کردوەتە ڕازی شاراوەو لە کۆبوونەوەی ئەم ڕازەش، دنیایەك خەم و ناخۆشی لێکەوتوەتەوە، لەگەڵ ئەوەی نەدەبوو ئەمە ببێتە کێشەو بەربەستی دابڕان، وەك دەڵێت:

**تەمی ڕۆژانی پڕ مەینەت، وەها تاریك و چڵكن بوو**
**نیگاری خۆشەویستی دڵ، پەری ئاسایی، تیا ون بوو!**
**شەوی تەنیایی، رووناکی چرای ئاواتی، خنکانم**
**دەسی ناکامی، ئاوازی دەرونی کەلیی، تاسانم..ل79**

کەواتە ژیان و ئەرکە گرانەکەی کە ناچاریکردوە بە تەنیایی شەو، بۆیە دەیەوێت ئەم دەردە بە شیعر رابگەیەنێت، چونکە زاڵمی ژیان وایکردوە، ئیدی نەتوانێت لە ناخیدا ئەم هەموو تاسەیە بشارێتەوە.

لایەنەکەی تری ئەم ناونیشانە خستنەرووی تەنیایی و ئەو گرفتانەی، کە تەنیایی بۆی دروستکردووە، وەك دەڵێت :

**لەتەنیایی شەوی ژینا، ئەنێم هەنگاوی کوێرانە!**
**نی یە دەستێ، دەرمبێنێ لەناو ئەم گۆڕە وێرانە**
**نی یە تەنیا پەریزادێ، کە پاڵم پێوەنێ، نازی**
**کە بەهرەی سیس و ژاکاوم، ببوژێنێتەوە،**

**.. رازی تەنیایی ل 80**

کەواتە رازی تەنیایی بریتییە لە ژیانی شاعیر و رازەکانیش خۆیان لە ئەرکی ناخۆش و خەم و گرفت، تەنیایی شەودا دەبیننەوە، ئەمانەش واتە ژیان و رازەکانی شاعیر وەك لەم هێڵکاریەدا خراوەتەروو:




2- **گۆران:** لە شیعری(بەستەی نەبەز)( 1953 )دا ناونیشان دەستەواژەیەکەو نەبەز وەسفی بەستە دەکات، لە خودی ناونیشانەکەوە پەیامێکی بەهێزی لێدەخوێنرێتەوە، چونکە بەستە لەم شیعرەدا بریتییە لە پەیام و نەبەزیش، واتە ئەو دەنگ و پەیامەی کە مرۆڤی مەرد بەرهەمێدێنێت، ئەم ناونیشانە ئەگەرچی لەدوو وشەی جیاواز پێکهاتوە، وەك بەستەو نەبەز، کە بەتەنها هەریەکەیان کارنامەی خۆی هەیە، بەڵام پێکەوە پێکهاتەیەکی ئایدۆلۆژی، یان قارەمانی، یان کاریگەری دروستدەکەن، ئێمە لە راڤەی نەبەزەوە لەمانای بەستەکە تێدەگەین، کەواتە سەرەتا پێویستە جەخت لەسەر وشەی دووەم بکەین، مانای نەبەز چی دەگەیەنێت و کێ دەگرێتەوە، دواتر لەرێگەی بەستەو گرێدانی لەگەڵ نەبەزدا تێدەگەین، کە نەبەزەکە لەهەوڵی دروستکردنی گوتارێکدایە، دواتر لەڕێگەی دەقەکەوە، تێدەگەین جۆرو قەوارەی گوتارەکە چییە، واتە گۆران دەیەوێت رۆڵی کەسێکی نەبەزمان پێ نیشانبدات، تاوەکو خوێنەر بزانێت ئەو رۆڵە چییە، ئایا ئەم رۆڵە توانای گۆڕانکاری هەیە، بەو پێیەی کەسەکە نەبەزو قارەمان و چاونەترسەو گریمانەکان ئەوەدەخەنەروو، کە توانای گۆڕانکاری هەیە، چونکە تاکێکی ئاسایی نییە، لەسەرو ئەمانەشەوە بەستەی نەبەز، بەر لەوەی بیبەستینەوە بەدەقەکەوە بەمانای ئەوەدێت، کە نەبەزو نەبەردەکان هەمیشە دەنگیان بەرزەو ئەم دەنگانە دەبنە سرودو بەستە، کەواتە لێرەدا چەقی فرێزەکە خۆی لەوشەی نەبەزدا دەبینێتەوە، واتە دەبێت ئێمە پێشتر ئاگاداری سروشتی نەبەز بین و پێناسەی بکەین، ئەوانە

کێن کە نەبەزن، بۆچی نەبەزن، ئایا ئایدۆلۆژیایەك یان بیرێك لەپشت ئەم نەبەزیەوە هەیە، دواتر دێینە سەر وشەی یەکەم(بەستە)کێ دەگرێتەوە، ئازاو نەبەزەکەکان، ترسنۆکەکان، کەوایە بەستە لەگەڵ هاوشێوەکانیدا کاردەکات، کەوایە گۆران لەم دەقـەدا نەبەز و دژی دەسەڵاتەو بـەرووی دەسەڵاتدا دەچێتەوەو کەلەپچەو زیندان ناناسێت.

شاعیر هەر لە ناونیشانەوە ئەوە دەخاتەروو، دەکرێ بە جەستەو لە چوارچێوەی چەند دیوارێکدا دیل بێت، بەڵام پەیام و ئایدۆلۆژیاو بیرەکەی، لەپەیام و بوونییەتی بەرامبەرەکەی بەرزتر و بەهێزتر دادەنێت، بەواتایەکی تر(نەبەز) کە هەڵگری خاسیەتی تێکۆشانە، لەهەمانکاتدا دەلالەتە لە بوونی ستەم و چەوسانەوە، ئەمەش بەرهەمهێنی ئەم بەستەیە، بۆیە دەڵێت :

**من ئەو دیلەم لەزیندانی تاریکا**
**هەتاوی بیر رووناك ئەکا بەرچاوم،**
**بەناو هەزار حەلقەی داوی باریکا**
**قەفی زنجیر ئەپچڕێنێ هەنگاوم!**
**من ئەو دیلەم لەپشت شورای پۆڵاوە**
**ئاسۆی هیوای گەشم هەرگیز ون ناکەم.. ل 270**

ئەم بەستە نەبەزەش لای گۆران، بریتییە لەو هیوا گەشەی، کە لەبیریدا دەریدەخات، ئەگەرچی لەناو زیندانیشدایە، بەواتایەکی تر ئەگەر بەستەکەی نەبەز نەبێت، ناتوانێت قەفیی زنجیر بپچڕێنێت، لەگەڵ ئەمەشدا بەستەکەی بەستەی سورە و ئەم بەستەیان پەیامی تایبەتی نییە، بەڵکو گشتیە، بۆیە بەرزیەتی پێ دەبەخشێت:

**لەرووی ئاسمان و بەگڕی سوور نووسراوە**
**من ئەو دیلەم ئامانجم قیبلەی گشتە**
**باسامداربێ و پڕ دڕك بێ ڕێی ڕاستم**
**من ئەو دیلەم کە دیل کەری زۆردارم**
**دڵی لەبەر گوڕی ناڵەم ئەلەرزێ،**

**تا شڕتر کا کەڵبەی لەشی زامارم**
**خۆی خراپتر لەناو خوێنا دەگەوزێ!**
**من سەربازی ئامانجێکم: پیرۆزە،**
**فیداکاری ڕێگایەکم: بێگەردە،**
**ڕەنجێك ئەدەم ڕەنجی پیاوی دڵسۆزە،**
**لەڕێیەکا بێباك ئەمرم: ڕێی مەردە.. ل 270-271**

ناونیشانی( بەستەی نەبەز) کە لەم دەقە نـراوە، لەم دوا کۆپلەوە نەبەزیەکەی سەرچاوەدەگرێ، بەوەی سەربازی ئامانجی پیرۆزەو لەڕێی مەردایەتیدا دەمرێت، واتە تەسلیمبوون نازانێت، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا بەگشتی لە دەقەکەدا نەبەزین بەرجەستەبووە، چونکە شاعیر دەیەوێت ئەوە بڵێت لەگەڵ ئەوەی دیلە، بەڵام دیلکەری زۆردارە، تاکە هۆکاری دیلکەری زۆرداری شاعیر لەم ساتەدا، بەستە بەرزەکەیە کە وا لەشاعیر دەکات خۆڕاگربێت، ئیرادەی بەهێز بێت، بەم ئیرادە بەهێزیەش زۆردار دەکاتە دیلی پەیامەکەی، هەرلەبەر ئەمەش چەندێك لەشی زامدار بکات، خۆی لەبەر بەهێزی ئیرادەی زەجرکێش دەبێت، کەوایە بەستەی نەبەز ئەو پەیامە خۆڕاگری و نەبەزینەیە، کە لەبەرامبەر چاوسورکردنەو ئەشکەنجەدانی دوژمندا بەهێزبووە، هەموو ئەمەش لەپێناو پاراستنی ئامانجی پیرۆزدایە، ئەمەش مانەوەی سەرکەوتنەو مردنیش شەرەفی خەباتە.

کەواتە خودی ناونیشان بریتییە لە پاراتێکستی دەقە شیعرەکەیەو کۆی گشتی شیعرەکە، تەواوکەری ناونیشانە، یان بە پێچەوانەوە.

هەروەها لە شیعری(لەبنی بـیـرا)(1953) بەهەمان شێوە ناونیشان بریتییە لە دەستەواژەیەك و هاوەڵکاری شوێنە، لەبەرئەوە بەرلەوەی دەق بخوێنینەوە ناونیشان هەستێکمان لەلا دروستدەکات، بەوەی کارەساتێك یان کێشەیەك لەپشت ئەم ناونیشانەوەیە، بەوپێیەی بیر خۆی لەخۆیدا جێگەیەکی مەترسیدارەو چەندێتی تێدا شاراوەتەوە، بۆیە بنی بیر، واتە کانگای مەترسی، یاخود هەتا قووڵی بیرەکە زیاتربێت، ئەوا ڕێژەی ئازارەکان لەزیادبووندایە،

ئەم ناونیشانە ئاماژەیەکیشە بۆ کارکردن وەك ئـەوەی کرێکارێك لە زەمەنی رابــردودا لەنێو ئەم بازنەدا کاریکردوە، لەپێناو بژێویی ژیانی خۆی، لەهەمانکاتدا ئەم بنی بیرە دەبێتە فەزاێکی جێگەیی، یان شانۆیەك بۆ نمایشکردنی رووداوەکـان، ئەم بیرەش واتە هەستکردن بەئازارو ماف خواردنی کرێکار، ئەمەش تەقینەوەی بیری شاعیرەو لەهەمانکاتیشدا بخۆری رەنجی کرێکارانە، کەوایە بنی بیر شانۆی ئازارو گوتاری کرێکارە، لەمەشدا بانگەوازەکەی بانگەوازی سۆسیالیستی مارکسیە، بۆیە دژ بە سەرمایەدارو ئیمپریالیزمە.

ئەم ناونیشانە ئەو پەیامە دەبەخشێت، کە مرۆڤ لە قووڵایی و لە تاریکیدا رووبەرووی بەربەستەکان دەبێتەوە بۆ ئەوەی بژی، ژیان قوربانی دەوێ، ئیدی لە هەر شوێنێك بێت،واتە مرۆڤ کە قوربانیدانی هەبوو، ئیدی پۆزشی بۆ شوێنی ژیان نابێت، چونکە گرنگ دۆزینەوەی ئامانجە لە ڕێگەی هەوڵدانەوە، شاعیر ئەمەش هەر لە سەرەتای دەقەوە دەخاتە روو،وەك دەڵێت :

**وەك قرژانك و وەك مشك و مار**

**بەم کونەدا هاتوومە خوار..... ل 272**

شاعیر دەیەوێت ئەوە بڵێت کارکردن لەبیردا گرانە، بۆیە ناونیشان باسکردنە لەو نارەحەتی و ناهەمەتیانەی کە کرێکارێك لە بیری نەوتدا کاریکردوە، و هەموو دەردەسەریەکانی بۆ کرێکاری مەمری و مەژی دەبێت و خێرەکەشی بۆ خاوەن کۆمپانیاکە دەبێت، وەك دەڵێت:

**تا هەڵکەنم رۆتر دەچم**

**هەی قوڕ بەسەر کوڕو کچم!**

**بەو رەنجەی من بۆیان ئەدەم**

**تیکەی وشکیان ناگاتە دەم!**

**تەقەو رەقەی پارچە ئاسن،**

**کەدێ و دەچێ بۆ سەرو بن،**

**هاکات زانیی بە(گاز) خنکام!**

**یان ئاسنێك لەكەللەی دام**
**یان باسقەنەی نەوتی لەپڕ**
**بۆ ئاسمانی هەڵدام بەگوڕ!**
**كردەم بردەی كۆمپانیا بوو:**
**هەم رەنجم چوو، هەم نەوتم چووا ..ل272-273**

كەوایە ئازارەكانی بنی بیر لەوەوە سەرچاوەی گرتوە، كە لەهەڵكەندنی بیرەنەوتەكاندا، كاریان بە كرێكاری عێراقی كردوە، واتە كارە گرنگەكان لەسەر شانی خەڵكی بووە، بۆیە كاری ناوخۆیی گەل، پەیوەستدەكاتەوە بەژینی تاكەتاكەی ئەم وڵاتەو تاوەكو سیستمی كاركردن وابێت، نەوتی وڵات خێری بۆ وڵاتانی ترو شەڕی بۆ خۆیەتی، بۆیە دەڵێت : «

**تا گەل كاری ناوخۆی وابێ،**
**كوڕیش ژینی چاتر نابێ!**
**ئەویش وەك باوكی ڕێی كوڵۆڵی**
**ئەبڕێ و ئەبێ بەنەوت خۆڵی**
**ئەو نەوتەی مام كۆمپانیامان**
**پوختەی سودی خستە گیرفان**
**ئێمەش لە گەنجی رەنج و نەوت**
**ئاخمان بەركەوات،داخمان بەركەوت.. ل 273**

كەوایە ئەم ناونیشانە هەڵگری ئەو موعاناتانەیە، كە كرێكارێك لە كێڵگەیەكی نەوتدا دیونی و دەیەوێت ئەو موعاناتانە بناسێنێت، بەوەی نانی هەژارێك لەژێر عەرزدایەو لەپێناو ژیانیشیدا، ناچارە ئەم كارە گران و بەفیرۆدانی رەنج و نادادیە قبوڵبكات.

3- **حەسیب قەرەداغی:** لەشیعری(شاعیر كێیە)(11/مارت/1954) ناونیشان بریتییە لە رستەیەك و لەنیهادو گوزارە پێكهاتوە، بۆیە دەلالەتی سەرەكی لەم ناونیشانەدا رووننییە، بۆیە خوێنەر ناچارە ئەو پرسیارە بكات، ئەبێ

شاعیر کێ بێت، ئایا لەمڕۆدا بەکێ دەڵێن شاعیر، یاخود ناونیشان بریتییە لەو پرسیارەی کە ئایا شاعیر لەگەڵ چ بەرەیەکدایەو شیعر بۆ کێ دەنوسێ؟ بۆیە شاعیر کۆمەڵێك خاسیەت و تایبەتمەندی بۆ شاعیر دیاریدەکات، واتە کەسێکە ئەگەر دووریش بێت، بەڵام بەهەست و ژیان لەگەڵ موعاناتی گەلەکەی زۆر نزیکە، بەو واتایەی کەسێکە خاوەن هەستێکی بەهێزە بەرامبەر گەل و نیشتمان و خۆراگری بەرامبەر سامان، بەمەش کەسێکی خۆراگرو سەربەرز و لایەنە مرۆییەکە بە یەکەوە پەیوەستدەکات، لەبەرامبەر ئەمەشدا شاعیر وەك کەسێکی شۆڕشگێڕ سەیریدەکات، وەك دەڵێت :

**ئەو شاعیرەی کە ئەمڕۆ**
**روو ڕەش نابێ و ڕەنجەڕۆ**
**مێژوو ناوی بەبێ تۆز**
**بخاتە بەرچاوی هۆز**
**شاعیرێکە نیشتمان**
**نەدا بە کۆشك و سامان**
**شەخصێ خاوەن شعور بێ**
**لە گشت خەوشێ بەدووربێ**
**سەرکز نەکات بۆ بەهێز**
**لەبێ هێز نەکات تەرێز**
**شیعر نەکات بەدیاری**
**بۆ پێکهێنانی کاری**
**لەماڵی خۆی نان و جۆ**
**بخوا لەگەڵ نان و دۆ**

**..فەرهەنگی خەم، ل265**

بەدەر لەمانەش پێیوایە شاعیر راستگۆیە لەگەڵ گەلەکەی، چونکە ئامانجی قوربانیدانە لەپێناو نیشتمان و نەتەوەکەیدا، کەواتە شاعیر ئەو کەسەیە کە دەژێت بۆ گەل نەك بۆ خۆی، پەیامی بۆ گەلە، نەك بۆ ناوبانگی، وەك دەڵێت:

**گورگێ نەبێ و بەپێست مەڕ**
**ڕێوی نەبێ و باڵ و پەڕ**
**خاوەن فیزو درۆزن**
**نەبێ هەتاکو مردن**
**چرای ڕوونی ژیان بێ**
**زمانی بێ زیان بێ**
**فیدا بکات سەرو گیان**
**بۆ میللەت و نیشتمان**
**شیعرو وتەی هەمیشە**
**لە پۆیەوە تاڕیشە**
**عیبارەت بێ لە باسی**
**دەردی گەلی کەساسی**

**.. فەرهەنگی خەم، ل266**

بۆیە خاسیەتی شاعیریەتی لای شاعیر بریتییە لە( بەهێزی، سەرشۆڕنەکردن، شیعری هۆکاری نان پەیداکردن نەبێت، راستگۆبێت، بەو مانایەی درۆ لەگەڵ هاونیشتمانەکانیدا نەکات، بێ زیان بێت، گیان بەختکەر بێت، باسی گەل بکات) ئەگەر وانەبوو، ئەوا مشەخۆرە نەك شاعیر، بۆیە دووشتی پێچەوانەی هێناوەتەوە، بۆئەوەی فەزڵی سیفەتێکیان بدات بەسەر ئەوی تریاندا، وەك دەڵێت:

**ئەگەر هاتوو وانەبوو**
**یا هەتا سەر چانەبوو**
**رەنجی شیعری بێجایە**
**هەنگوینی وەك ژار وایە**
**میللەت بە پیسی و ناپاك**
**لەسەر زەوی لەناو خاك**
**ناوی ئەبات هەموو کات**
**مێژوو تفی لێدەکات**

**.. فەرهەنگی خەم،ل267**

**4- دیلان :** لە شیعری(کاروان)(1954) ناونیشان بریتییە لە وشەیەك و وەك ناوێك بەکارهێنراوە، کاروان لە ڕوانگەی شاعیرەوە بریتییە لەدوو جۆر خەبات، یەکێکیان خەباتی بیرو بڕوابوونە، ئەوی تریان خەباتی کارکردن و قوربانیدان، بەم دوو ڕوانینەی شاعیر ناونیشانی شیعر دەبێتە پاراتێکستی دەق و لێرەوە ئەوە دەخوێنرێتەوە، کە کورد پێویستی بە کاروانێك هەیە، کە تێیدا ماندو بوون و وچان نەزانێ و بەسەر بەربەستەکاندا سەربکەوێت، لەهەمانکاتیشدا کارکردن بۆ هێنانەدی دادوەری کۆمەڵایەتی، دەرئەنجامی ئەم کاروانەش گەیشتنە بەخواستی گەل و ئایندەیەکی گەش، بێگومان لەهەموو کاروانێکدا ئیدی کاروانی کورد، گەل...تاد بێت، دەرئەنجام گەیشتنە خواستی ئازادی، بۆیە لەپێناو سەپاندنی دەسەڵات، چەوسانەوەو دەرکردن و گرتن بوونی هەیە، لەبەرامبەریشدا کەوتن و هەستانەوە بەردەوامی هەیەو زاڵم باجی خۆی دەدات، ئەم کاروانەی دیلان دەیخاتەروو، کاروانی قوربانی و هیواو کۆدەنگیی و سەرکەوتنە، چونکە تەنها ئەم کۆدەنگییەیە کە هەر لەسەرتاوە هەناوی زاڵم دێنێتە خوارێ، لەلایەکی تریشەوە توانای بڕینی کۆسپەکان و گەیشتنە ئامانجی هەیە، وەك دەڵێت:

**کەوتۆتە ڕێ کاروانی ئەم کوردە بەجارێ**
**دەنگی زەنگی هەناوی(زۆر) دێنێتە خوارێ**
**ڕێ ئەبڕێ با هەورازو پڕ دڕك و داڵ بێ**
**تەکان ئەدات بەرەو هیوای گەیین بە شارێ**
**بەرەو جێیێ ئینسانەکان دەستی ماندویان**
**بخەنە سەر سکی تێری بەکەسب و کارێ..ل58**

کاروان هیوای ژیانە، بەو واتایەی خەباتە لەپێناو هێنانەدی ئازادی و نەهێشتنی چینایەتی، لەم سیستمە زۆرداریيانەدا مرۆڤ بە بازوی خۆی ژیانی خۆی دابینبکات، ئەم کاروانەش واتە کارکردن بۆئەوەی ژیانی چەوسانەوەو هەژارەکان دابینبکەن، لەگەڵ ئەوەی قسەو قسەڵۆکی زۆر بۆ ئەم کاروانە پڕ بڕوایە لەڕێگەی کەسی بێهەڵوێست و خۆفرۆشەوە دروستکراوە، بەڵام هێزی گەل هێزی راماڵینی سیستم و زۆرداریيە، وەك دەڵێـت:

**کەوتۆتە ڕێ کاروانەکەی پڕ چەك و بڕوا**
**نای وەستێنێ گەفینی سەگ گەزینی مارێ**
**بەناو دەرەو چیای سەختا بە چنگە کڕێ**
**سەر ئەکەوێ بۆ ئەو پەڕی دەشت و بەهارێ**
**تاکە تاکە لە ڕێچکەی دا سەر نەوی کردوو**
**سنگ ئەکوتێو ورِو لەسەرخۆ وەك زەردەمارێ..ل58**

سەرکەوتن بەچنگەکڕێ، واتـە نەبەزین، بـەردەوامـی و سوربوون، دواجاریش سەرکەوتن، ئەمەش بەوریایی و بەئاگابوون دەبێت، چونکە دواجار ئەم هێزو بەردەوامییەی هەژاران یەکسان دەبێت بە پانکردنەوەی سەری دیکتاتۆر، وەك دەڵێت :

**ئەبێ پێشەنگ ئاگاداربێ و ورد بۆی بنواڕێ**
**زەردەخەنەی زەهراویان بخاتە بارێ**
**هیچ نەهێڵێ بڕۆ جووت کەن سەر راوەشێنن**
**بە چەکوشی ئاسنینی سەریان بهاڕێ..ل59**

هەروەها لەشیعری(ڕێگەی خـەبـات)(1954)دا ناونیشان بریتییە لە دەستەواژەیەك و ئەوە دەخوێنرێتەوە کە هەموو ڕێگەی خەباتێك، پێویستی بە ئامادەباشی هەیەو دەبێت چاوەڕێی هەموو شتێکیش بکرێت، چونکە ئەم ڕێگەیە قوربانی و ماندوبوون و ئاوارەیی... تاد دەوێت، چونکە هەر ئەمانەش هێزی سەرخستنی ئەو خەباتەن، د. دڵشاد عەلی دەڵێت» ڕێگای خەباتی دیلان ئەو راستیە دەخاتە بەردەمی تێکۆشەران، کە بێ ماندووبوون و ئارەق رشتن و بێ ئیش و ئازارچەشتن و قوربانیدان، کاروانەکەی خەباتیان ناگاتە دوا مەنزڵی»47، بەواتایەکی تر وشەی ڕێگە ئاراستەی کارکردن و وشەی دووەم کە خەباتە هێزی ناونیشانەو خودی ئەم وشەش پێویستی بە کارو قوربانیدانەو شاعیریش بەئاشکرا داوای ئەمە دەکات، بۆیە دەبێتە هێزو قورسایی دەقە شیعرییەکە، لەبەرئەوەی ئەم خەباتەی شاعیر داوای دەکات، دەیەوێت وەك پێش خۆی نەبێ، ئەمەش وەك ناساندنێك وایە، کە دەبێت

چاوەڕێی هەموو شتێك بکەین، بۆئەوەی مەترسی و وازهێنان نەیەتەدی، بەواتا ئەگەر سەرکەوتنت دەوێت، دەبێت قوربانی بدەیت، چونکە هۆکاری گەیشتن بە کۆتایی ئەم ڕێگەیە، سەرکەوتن خەباتکردن و قوربانیدانە، بۆیە ناونیشانی(ڕێگای خەبات) ناونیشانێکە هەر لەسەرەتاوە دەیەوێت ئەو ڕێگایە بەتاکی کوردی بناسێنێ، لە بەرامبەر ئەو خواستەی کە هەیەتی بیهێنێتەدی، دەیەوێت ئەو پەیامە بگەیەنێت، کە هەموو دەستکەوتێك یان هێنانەدی خواستێك، ڕێگەی بەربەبستاوی لەبەردەمیدایەو بۆئەوەی لەم ڕێگەیەو کۆسپەکانیدا سەربکەوێت، پێویستی بە خەبات و قەربانی و هێزی جیاواز دەبێت، بۆیە هەر لەسەرەتای شیعرەکەوە ئاماژە بەم قوربانیدانە دەکات، وەك دەڵێت :

**تا.... فرمێسکی ڕەهێڵەی خوڕ**
**نەڕژێتە سەر**
**نەڕژێتە سەر چرۆی قوچاو**
**نایەتە بەر...!**
**پێ ناکەنێ بە بای شەماڵ**
**ناترووکێنێ**
**چاوی نووستووی**
**ژێر هەوری تار**
**ناکرێتەوە..ل 60**

ڕێگەی خەبات کەلێرەدا خەباتی ئازادییە، هەوڵدانە بۆ رزگاربوون لەژێر چنگی تۆتالیتاریزم، بۆیە ئەم خەباتەی بەبێ قوربانیدانی جەستەو خوێنی زۆر نایەتە دی، چونکە داواکردنی ئازادی، واتە نەمانی بەرامبەر ئەم نەمانەش بە خوێن دەسڕێتەوە، بۆیە کاروانی خەباتی سیاسی لە کوردستاندا، هەر لەسەرتاوە خەباتی قوربانیدان بووە، لەپێناو ئازادی و سەربەستیدا، ئەم جەختکردنەوەو دڵنیابوونەی شاعیریش لە گەیشتنەجێی ئەم کاروانە، ئەو بەردەوامی قوربانیدانەو کۆڵنەدانەی خەڵکی کوردستانە لەبەرامبەر هێنانەدی خواستەکاندا، وەك دەڵێت:

**ئەبێ بزانی ئەو پێ یەی**
**کەوتۆتە ڕێ**
**ئەگاتە جێ**
**ئەگاتە مەنزڵی شادی**
**بۆ ئازادی**
**بەفیڕۆی نادا**
**خوێناوی**
**بەلێشاوی.. ل 63**

**5-نـوری وەشتی:** لەشیعری(چۆن گەنجیکم)(1955/10/1) ناونیشان بریتییە لە ڕستەیەك و لە نیهادو گـوزارە پێکهاتوە، ناڕوونی ڕستەکەش وادەکـات دەلالەتی ناونیشان ئاشکرا نەبێت و خوێنەر ناچار بکات دەق بخوێنێتەوە، چونکە لێرەدا وشەی گەنج بریتیی نییە لە مانا سادەکەی، لەم پێناوەشدا شاعیر وێڵە بەدوای ئەو پرسیارەی کەدەیەوێت گەنجیەتی خۆیو چۆنییەتی بەختکردنی بخاتەڕوو، بەڵام گەنجی خۆی وەك نموونەی گەنجی کوردستان، چونکە مەسەلەکە گشتییەو پەیوەندی بەکۆی گەنجانەوە هەیە، هەرچەندە گەنجی واتە بەسەربردنی کاتی خۆش، گەشت و گوزارو گەڕان و سەرکێشی...تاد، بەڵام شاعیر دەیەوێت ئەوەمان پێبڵێت، کە چۆن گەنجیەتی لەژیاندا بەسەربردوە، چونکە پێیوایە ئەگەر ژیان نەبێت، گەنجیەتیش نابێت، لەبەرامبەر ئەمەشداو لەپێناو ژیانێکدا کەهێزەکەی ئازادییە، رووبەڕووی ئەو شەپۆلی سەرکوتکردنە بووەتەوە، بۆیە هەر لەسەرەتاوە باس لەبەهێزی خۆی بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەم شەپۆلە دەکاتو دەڵێت:

**بەڵێ گەنجم**
**خاوەنی مێشكو بازووی رەنجم**
**ژیانم لا خۆشەویستە**

**کامەرانیم پێویستە**

**ئەمەوێ شادمان بم**

**جوان وەك خۆری بەیان بم..ل43**

بـەڵام گرفتەکە لێرەوە دەستپێدەکات، کامەرانی نییەو شادمانی لێزەوتکراوە، بەواتایەکی تر کامەرانی و شادمانی لە ئازادییەکەدا دەستدەکەون وەك خۆری بەیانی کە لەئازادییەکەیدا ئەوشادییەی دەبینرێت، بۆیە لێرەوە سەرەتای خەمی گەنجیەتیو بەسەربردنی ژیانی تاڵی سەردەمی گەنجیەتی دەستپێدەکاتو وەك کوردێکی چەوساوە خۆی دەناسێنێ، یاخود لەناونیشانەوە چۆنییەتیەکەیمان بۆ دەردەخات، کە گەنجێکە کار بۆ رزگاربوونو ئازادی نەتەوەکەی دەکات، دەیەوێت بڵێت ئەمە حاڵی گەنجی کوردستانە بەدەست داگیرکەرانەوە، وەك دەڵێت :

**گەنجم**

**گەنجێکی سەر رووی زەمین**

**گەنجم**

**گەنجی وڵاتێکی دێرین**

**کوردم**

**کوردیکی چەوساوە**

**کوردم**

**کوردێك کەلەخەو هەڵساوە..ل44**

دەیەوێت بڵێت گەنجیەتی من، خۆ تەرخانکردن بووە بۆ خەبات، بۆ نەتەوەو خاك، لەم پێناوەشدا جیاوازە لە گەنجانی رابردوو، چونکە زۆرتر هوشیارە بە دۆزی نەتەوەکەی، بۆیە قوربانی دەدات، کەوایە گەنجیەتی لەدەقەکەدا گەنجیەتی بائاگاییە، ئامادەبوونە بۆ رووبەروو بوونەوە لەدژی ئەوانەی کە بەدرێژایی مێژوو، خەڵکی کوردستان دەچەوسێننەوە، هەروەها دەڵێت:

**کەهیوام بەرزو گرانە**

**شوێنم تاریکەو ناخی زیندانە**

**خوێن لەگیانم ئەتکێ**

**تیری ژەهراوی دڵم ئەپێکێ**

**نەمردن**

**نەچنگ لەقورگی گیرکردن**

**نەشەوی تار**

**نەپەلامار**

**نام ترسێنن**

**نام نەوێنن**

**ناتوانن ناوم بزرێنن**

**هیوای بەرزم لێ بسێنن..ل4-647**

کەوایە لەخەوهەستانی بۆ هیوای بەرزی گەنجییەتییە، ئەم هیوایەش بۆ ژیانی ئازادی و رزگاریە، کە خۆی لە خۆری بەیانیدا پیشاندەدات، لەپێناو گەڕانەوەی رووە گەشەکان، وەك دەڵێت:

**لەگەڵ ئەم تاڵی ژیانە**

**هیوام بەرزە**

**بڕوام بەهێزە**

**ئەمەوێ ژیان**

**ژیانی وەك خۆری بەیان**

**جوان،رازاوە،شیرین**

**رووی گرین بێنێتە پێکەنین**

**ژیان**

**بەڕاستی ژیان**

**ببێتە چرای رێگام..ل48**

ئەگەرچی ژیانی گەنجیەتی پڕمەینەتییە، تا ئاستێك قۆناغەكانی تری ژیانیش هەر لەگەڵ ئەم ئــازارەدان، واتــە كات رابــردوەو باسكردنە لە تێپەڕاندنی قۆناغی منداڵی و گەنجیەتی لەسایەی دەسەڵاتی زاڵمدا، ئەمەش واتە خستنەرووی رەشبینی، لەگەڵ ئەمەشدا باس لە ئایندەو بڕینی كۆسپەكان دەكات، ئەمەش واتە گەشبینی و هیوا، بۆیە ئامادەیە زیانی خۆی قەبوڵ بكات، لەپێناو ئازادبوونی گەلەكەیدا، ئەگەرچی مردنیش بێت، ئەمەش پەیامی سەرەكی ناونیشانی دەقە وەك:

**تەپاوتلمە لەم تاریكیەدا**
**هەنگاو ئەنێم بەم رێگایەدا**
**سیما گەنجێكی بەسەرچوو**
**بەجێ ئەهێڵم**
**بەڵكو ژیانی رابووردووم**
**رۆژانی بەناسۆری بەسەرچووم**
**فێریكردم كەمن چیم**
**كەگەیشتوو بەئاوات نیم**
**لەبەرئەوە ئێستاكە**
**رێگا ئەبڕم بۆ چاكە**
**چاوم بڕیوەتە ژیان**
**ئەگەر چی خۆم بكەم زیان**
**ئەڵێم: ژیان**
**ژیانێكی رازاوە**
**تا دوا كاتی ژیان**
**تالێك ئەنرێ پێڵوەكان**
**تا دڵ ئەوەستی لەلێدان**
**ئەڵێم ژیان..ل52**

کەوایە داواکـاری ژیان، داواکردنی ئەو ژیانەیە، کە مرۆڤ پێویستی پێیەتی، هەر لەئازادی و سەربەستی و یەکسانی و دابینکردنی خواستەکان، بەمەش هەر لە ناونیشانەوە دەلالەتێکی سیاسی و ناسنامەیەکی نەتەوەیی دەبەخشتیتە دەقەکە.

**6- کامل ژیر :** لەشیعری( دوا نـامـە)(1957) ناونیشان بریتییە لە دەستەواژەیەك ئەم نامەیە لەوشەی یەکەمدا(دوا) کۆدەبێتەوە، نەك لەنامەکەدا، چونکە هێنانی(دوا)بەخشینی دەلالەتی هێزێکە بۆ یەکلاییکردنەوەی ئەو ململانێیەی کە لە نامەکانی پێشوتردا هەبووە، لەهەمانکاتیشدا گۆڕەپانی یەکلاییکردنەوەی هەموو ئەو سکاڵانەیە، کە پێویستە لەو نامەیەدا بخرێتە روو، بۆ دواجاریش دەرگا لەسەر ئەم پەیوەندیە دابخات، چونکە خۆی لە خۆیدا باس لە کۆتاهاتنی پەیوەندی نێوان شاعیر ونازەنین دەکات، بەهۆی شوکردنی نازەنین و شکاندنی پەیمانی خۆشەویستی، لەپێناو پارەو ساماندا، شاعیریش بۆ دواجار وەك ئامۆژگاری ئەو و ئەوانەی وەك ئەو وان، دوانامەی بۆ دەنێرێت، لەراستیشدا شاعیر نازەنینی وەك هۆکاری نوسین بەکارهێناوە، ئەگینا خودی پەیام یان دوا نامە بۆ ئەوانی ترە نەك نازەنین، نازەنین ئەو شۆخەی کە پەیامی شیعریی شاعیرە، جگە لەوەی دیوانەکەی ناوناوە نازەنین، لەگەڵ ئەوەشدا لەزۆربەی شیعرەکانیدا نازەنینی بەکارهێناوەتەوە، ئەمە ئەوە دەردەخات کە ئاسمانی خۆشەویستی ئیلهامی شیعری لە نازەنینەوە سەرچاوە دەگرێ، لەم شیعرەشدا دیسان هەر بە نازەنین دەستپێدەکات وەك:

**نازەنین**
**خۆشەویستی دێرین**
**لەدوای سڵاو،**
**چەند راو پرسیارێك:**
**بۆتۆی ژین شێواو**
**نازەنین**

**تام نەکردوی خۆشی ژین**
**خانمی کۆشکی هەزار بەهەزار**
**بەندکراوی ناو دیواری تەلار**
**خاوەن خشڵی لێشاو**
**بەزنجیری زبر دەستو پێ بەستراو**

**.. نازەنین،ل 2-728**

بەپێی دەقەکەش دابڕانی شاعیر و نازەنین لەلایەك بەهۆی ڕێگەنەدانی باوکی بەشوکردنی بە شاعیر بە جیاوازی چینایەتی، لەلایەکی تریشەوە جۆرێك لە پەشیمان بوونەوەی نازەنین و دواکەوتنی پارەو سامان و بەگوێکردنی باوکی، بۆیە شاعیر لەدوا پەیامەکەیدا بە ژین شێواو و نائاسودە باسیدەکات، ئەمەش چەقی پەیامی ناونیشانەو وەك وریاکردنەوەو لەهەمانکاتدا دڵدانەوەی خۆشی پیشاندەدات، کەواتە شیعری دوا نامە بریتییە لەخوێندنەوەی ژیانی رابردو و ئێستای نازەنین و خستنە رووی دڵسۆزی و دوا هەستی شاعیر لە بەرامبەر نازەنین، هەروەها شیعری دوانامە لەگەڵ ئەوەی ئامۆژگارییە بۆ نازەنین و نموونەکانی، لەهەمانکاتدا بۆ گلەیی و بیرهێنانەوەی رابردو کە کاتی خۆشی و هیواکانە، بەڵام ئێستاو داهاتوو کاتی بێهیوایی و نائومێدییەو تازە ئەو هیوایە ناگەڕێتەوەو لەئەنجامی نەفامی خۆی ئەوەی بەسەرهاتوە، بۆیە دوا نامە وەك دوا پەیام، دووبارە ئامۆژگاری دەکاتەوە، وەك دەڵێت:

**گوێم لێ ڕاگرە**
**وریاو هۆشیار بە**
**بیرکەرەوە لە ڕۆژانی ڕابردوو**
**لە هەلی لەدەست چوو**
**لە هاوارو ئامۆژگاریەکانم**
**لەنامەو ئاگاداریەکانم**
**ئەو نامەیەی کە خستمە ڕوو**
**کە هەر تەنها بۆ تۆ نەبوو**

**..نازەنین،ل29**

هەروەها نامەیەکە بۆ ئەوانەی کە بەڵێن دەشکێنن و دوای پارەو سامان دەکەون، بەبێ گوێدانە کەسەکەو تەمەنەکەی، وەك دەڵێت:

**ئایا ئەمانە**
**ئەم هەموو گیروگرفتانە**
**ئەم سەر لێ شێوانە**
**نەم خستنە بەرچاو؟**
**بەرچاوی بەسامان گیراو!**
**بەڵام تۆی خەڵەتاوی نەزان**
**وات ئەزانی خۆشی ژیان**
**بە بەرگ و کۆشکە**
**بەخشڵو سامان**
**بۆیە دڵت دۆڕان**
**پەیمانت شکان**

**..نازەنین،ل30**

لەکۆتاییشدا ئەگەرچی شاعیر باس لە ناخۆشی و پیربوونی نازەنین دەکات،و تا ئەو ساتەش هەر خۆشی دەوێت، بەڵام بۆی نالوێ بیهێنێت، لەلایەك نازەنین تەمەنی تێپەڕیوە، لەلایەکی ترەوە شوی بە کەسێکی تر کردوە، بۆیە لێرەدا دەیەوێت بڵێت، ئیدی نازەنین لێرەدا کۆتایی بەم هەڵەیە بهێنە، تاوەکو نەوەکانی دواتر دووبارەی نەکەنەوە، وەك دەڵێت :

**بەڵام بێسودە**
**ماتیو گریان**
**هەنسك هەڵدان**
**ئاواتی دووری بێ هودە**
**چونکە کاتت تێپەڕی**
**گوڵی گەنجیت هەڵوەری**
**لەژێر دارێکی بێ بەری پیرا**

**ڕەنگت لێ بڕڕا**
**نازەنین**
**ئەمەیە باشترین**
**ڕێگای لەمەو دوات**
**تاکو بۆ وەچەی نوێ**
**کەڵکێکت ببێ**
**ئیتر خۆت و ڕات**

**.. نازەنین،ل3132-**

کەواتە دوا ئامۆژگاری شاعیریش بریتییە لە دوا وتەی نامەو پەیامی سەرەکی دەقەکە، ئیدی لەدوای خۆت ڕێگە مەدە ئەم هەڵەیە دووبارە ببێتەوە، بەواتایەکی دی پەیام بریتییە لە هەڵەنەکردن و دوانەکەوتنی سامان، دواپەیامیش بریتییە لەوەی ئەگەر خۆت وات کرد، با منداڵەکانت وا نەبن و لێرەوە کۆتایی پێبهێنرێت، واتە سەربەستی دەکات لە وەڵامدانەوەی، ئەمەش دوادەرفەتە بۆ گەڕانەوەی نازەنین بۆ ڕێگە دروستەکەی ژیان، ئەمەش یەکێکی ترە لە دەلالەتی ناونیشان.

7- کامەران موکری : لەشیعری( گریانی خۆش)(1957) ناونیشان بریتییە لە دەستەواژەیەك و وشەی خۆش وەسفی گریانەکە دەکات، لەگەڵ ئەم وەسفەشدا دوو شتی دژ بەیەك لێکدراون، چونکە دەکرێ گریانی ناخۆش هەبێت، بەڵام هێمای هاوەڵناوی خۆش بۆ گریان، دەبێتە دژە گریان، بۆیە ناونیشان بۆ خۆی پرسیارە، بەوەی ئەبێت گریانی خۆش هەبێت، یان مەبەستی لە چۆنییەتی گریانەکەیە ؟ ئەمەش لە خودی دەقدا وەردەگرینەوە، بە تایبەتی بەدوا دێڕی شیعرەکەدا، چونکە بەهەمان وشە واتە(گریانی خۆش) کۆتایی بە دەقە شیعریەکە هێناوە، وەك دەڵێت:

**گوڵی دڵداریم هەڵوەری**
**کە دیم نازەنینم ئەگری**

**تك تك، دڵۆپی ئەسرینم**
**ڕژا لەچاوی غەمگینم**
**یارو، تەلارێك و، گریان**
**دڵداری و ناسۆری ژیان..ل60**

لێرەدا گریان بۆ ناخۆشیی و غەمگینییە، چونکە لەلایەك بۆ دابڕانی شاعیرو خۆشەویستەکەیەتی، لەلایەکی ترەیشەوە پاش شوکردنی یار بە دەوڵەمەند، ژیانی ناخۆشەو دەگری، ئەم گریانەش هەم بۆ ژیانە ناخۆشەکەیەتی، هەم بۆ دڵدارەکەی، کەواتە چۆنییەتیەکەو کردارەکەش بۆ خودی فرمێسکەکە لە دڵەوە سەرچاوەی گرتوە، چونکە دووبارە بیرکردنەوەی ناسۆریەکانی یارو چوونەوە سەر گۆڕی یار، ئەو گریانە نیشاندەدەن کە وەك منداڵ گریانێکی خەماوی و تاساوی گریاوە، ئەمەش گریانی خۆش نییە وەك دەڵێت:

**دیسان گریام، نەختێ بەکوڵ**
**رام چەنانەوە، پەریی دڵ**
**دوای حەوت ساڵی ئازاراوی**
**شەوی ماتەم و خەماوی**
**چوومە، سەر تەرمی، یارەکەم**
**بووکی ناکام، دڵدارەکەم**
**دامە تاوی هەنسك، بەگوڕ**
**ئەگریام وەك مناڵ بەخوڕ**
**تێر تێر گریان لەسەر تەرمی**
**شینێکم گێڕا بە گەرمی..ل 61**

مادام ناونیشان چەندین پرسیار دروستدەکات، کەواتە بەر لەوەی دەق بخوێنینەوە، دەقێك لە تێکستدا وێنا دەکەین، بەمەش پاراتێکستێك دروستدەکات و ڕەنگدانەوەی لەسەر هەم خوێنەر، هەم دەق دەبێت، بەڵام ئەوەی گرنگە پەیوەندی و هاوسەنگی ناونیشانو دەقە، بۆیە لێرەوە شاعیر گریانێکمان پێ دەناسێنێ، کە دڵ سەرچاوەو فرمێسك هێزەکەیەتی، لە

ڕاستیشدا راستەقینەیی گریان ئەم دوانەن، بۆیە گریانی خۆشیش لەلایەك بەرز ڕاگرتنی ماتەمینییەکەیە، بەپێچەوانەی گریانی شین و شەپۆڕ، کە زۆر جار راستی بەدواوە نییە و بۆ خۆدەرخستنە، وەك دەڵێت :

**ئۆخەی کە دڵم تێر گریا**
**بە کوڵ. بەخۆش. بەئاشکرا**
**ئەی فرمێسکی دڵی بێ هۆش**
**بۆم بگێڕە، گریانی خۆش.. ل 61**

## قۆناغی دووەم 1958– 1961

**1- دیـلان:** لە شیعری( چـواردەی تەمووز )( 1958)کـە بریتییە لە خستنەرووی ئەو خواست و هیوایانەی کە دوای ئەو زوڵم و تاوانانەی کە بەرامبەر گەل کراون، بۆیە چواردەی تەمووز کە چەقی گەرمای هاوینە، بەڵام شاعیر بەوەرزی بەهاری دەناسێنێت، چونکە ئەم ساتە ساتی ژیانەوەو هاتنە ئارای ئازادی و گەشانەوەی هیواکانە، کەواتە وەرزی هاوین وەرزی کات و ساتەکان نییە، بەڵکو وەرزی بەدەستهێنانی خواست و هیواکانەو ئەمەشی لە چواردەی تەموزدا بینیوەتەوە، بەواتایەکی تر چواردەی تەموز بەهاری گەلی عیراقە، وەك دەڵێت:

**بۆم بخوێنە ئەی بولبولی ئاوارە**
**بەستەی دڵی، سەرمەست و گەشکەدار**
**بەستەی دڵی، پڕ لە تریقەو هەستە**
**مەستی کاتێ( لە هاوین دا بەهارە)**
**بەستەیەك بێ گوڵ پڕ بکا لە ورشە**
**بلێ(شادی) لە جێی نووکی جەخارە**
**بلێ لە جێی پەت و داری قەنارە**
**وا ناشتنی چنارو دار هەنارە**
**بەستەیەك بێ بلێ هانێ سەربەستی**
**گەلیش ئەوا ئازادو بەختیارە..ل98**

2- **هــەردی :** لەشیعری(پەیامی یـــار)(1958) ناونیشان بریتییە لە دەستەواژەیەك و هێزی ناونیشان لە دیارخەردایە، چونکە پەیامەکە گشتییەو یار بارگاویی مانایی دەکات، بۆیە بەپێی ناونیشان خوێنەر لەناو دەقەکەدا چاوەڕێی جۆری وەڵامەکەی یار دەکات، بەڵام شاعیر بە پێچەوانەوە، بەبێ ئەوەی ئەم ناوەڕۆکە دەربڕێت، لە وەسفی روخساری نامەکەدا ناوەڕۆکی نامەکەت بۆ دەردەکەوێت، کەوایە پەیامی یار بە هەردوو رووی ڕوخسارو ناوەڕۆکی هەریەکەیان، پێگەو بایەخی خۆی هەیە، بۆیە شاعیر ئەگەرچی پەیامەکە ماوەی بەسەردا چووە، بەڵام گرنگی یارەکە لە خودی یاردا دەردەبڕێ، نەك لە نامەکەیدا، بەمەش نامەکە چەندێك سادە یان بەهێز بێت، لای شاعیر یەك ڕەنگدانەوەی هەیە، کە کرانەوەی دەروونی شاعیرە، وەك دەڵێت:

**لە یارەوە :**
**لەشۆخ و شەنگی پارەوە،**
**لەرازی... پڕ نهانی یا،**
**لەتەك شنەی بەیانیا،**
**پەیام لە یاری جوانەوە،**
**گەیشتە لام..**
**یان : چ نامەیێ ؟**
**چ پەنجەیێ چ خامەیێ؟**
**ئەوەندە دڵ ئەکاتەوە ؟!**
**خەفەت لەبیر ئەباتەوە،.. ل 85**

کەوایە ئەم پەیامە جیاوازە لە پەیامەکانی تر چ لەرووی نوسین یان پەنجەو خامەی نوسین،چ لەرووی ستایلی نوسین، چ وەك ناوەڕۆك، بۆیە هەردووکیان بەنهێنی و پەنهانی دەردەخـات، بەڵام هەڵگری خاسیەت و تایبەتمەندی لەبیربردنەوەی خەمن، بەواتا پەیام پەیامی یارو جوانترین نامەیە، چونکە بەجوانترین پەنجەو خامە نوسراوە، هەرئەمەش بووەتە خەمرەوێنی دڵی شاعیر.

**3-کـامـەران موکری:** شیعری(ئاگرو هەنگوین)( 1959) ئەگەرچی دووشتی ناتەبان و تا ئاستێکیش دژ بە یەکن، لەگەڵ ئەمەشدا شاعیر لەگەڵ یەکتری کۆیکردونەتەوە وەك(ئاگر + گەرمی + سوتان - شیرین - شلی - تام) بەڵام(هەنگوین + شرینی + شلی +تام - گەرمی - سوتان ) بەڵام کۆکردنەوەی ئەم دوانە و بەخشینی ئەو دوو سیفەتە جیاوازانە، جوانی دەبەخشێتە هەم ناونیشان هەم شیعرەکە و دەبێت شاعیر لەم هەنگاوەدا، ئەمەی بەسەرکەوتویی ئەنجام دابێت، ئەگینا کۆکردنەوەی ئەم دوو دژە بەبێ گونجان، دەق بەهەردووبەشی پاراتێکست و تێکست دەکوژێت، وەك دەڵێت:

**نوێنت ئەگری بۆ تەنیایی**

**سنگت ئاگرە، هەنگوینە**

**ژینی ئاڵۆز، بە خۆڕایی**

**کوشتنی ئەو سنگە شیرینە..ل 186**

یان :

**ئەزانم دەماری لەشت**

**وەك دەماری پڕ باروتن**

**خۆ کچی جوان چاوی گەشت**

**پشکۆی ئاگرێکی ڕووتن**

**بەڵام بیری باخەوانت**

**کۆنە، وەك، چیرۆکی جاران**

**شوو بۆ دڵی پڕ لە ژانت**

**لای ئەو، مل کەچی یە ئەی جوان..ل 187**

کەواتە پەیام و دەلالەتی ئاگر بریتییە لەو لەنجەولارو نازو مەکرانەی کە ئەو شۆخە دەیکات، هەرچی هەنگوینە ئەو خۆشیانەیە کە دەیبەخشێت، بەمەش شۆخەکە لە یەککاتدا ئاگرو هەنگوینیشە، ئاگری ئەو قەدەغەییە

دروستی دەکات کە ئاین و کۆمەڵگە بۆی داناوەو هەنگوینیش بریتییە لەو پەیوەندیەی کە لە نێوان هەروو رەگەزدا هەیە.

هەروەها لە شیعری(ژیان و تەمەن)(1959 )خودی ناونیشان بریتییە لە بەکارهێنانی دوو ناو، لەهەمانکاتیشدا ئەو پرسیارەیە ئایا هەموو ژیانێك بە ژیان دادەنرێت، یاخود تەمەن بریتییە لە گوزەراندنی ژیان، ئایا ژیان بەسەربردنی کاتەکانە؟ بێگومان ئەمە ئامانجە سەرەکییەکە نییە، چونکە ئەگەر وا بوایە، ئەوا ناونیشان نە پەیامێکی پێیە، نە دەبێتە پاراتێکستی دەق، چونکە لای هەموان ئەوە ئاشکرایە، کەواتە شاعیر هەموو کات و ساتێك بە گوزەران و ژیان نازانێت و ژیان ئەو سەردەم و تەمەنەیە، کە لەپێناو گەل و نیشتماندا بەکاردەبرێت، ئەو ژینەیە کە تێکۆشان بووەتە هێزی سەرکەوتنی، جگەلەمەش لەگەڵ ئەوەی ئەم دوو وشەیە پێویست و پێویستراوی یەکتریت، لەهەمانکاتدا دەیکاتە پرسیارێکی سەرسوڕئامێز، راستە تەمەن لە ژیاندا بەسەر دەبرێت، لەمەشدا ئەوە دەخوێنرێتەوە کە ژیان بریتییە لە کارو خەبات و تەمەنیش هەر تێپەڕاندنی ساتەکان دەگرێتەوە، واتە ژیان هەر بریتی نییە لە بەسەربردنی کات و خواردن و.... تاد. لەم دەقەدا شاعیر ژیان و تەمەن پەیوەست دەکات بە تێکۆشان بۆ خاك، ئیدی ئەو تێکۆشانە هەر جۆرێك بێت، بەو مەرجەی تێکۆشانەکە بۆ کوردستان بێت، بەڵام خودی شاعیر بەگومانە لەو هاوکێشەو بەردەوامییەی تێکۆشان، چونکە ئەوە دەخاتەروو کە دڵسۆزی و تێکۆشانی کورد ماوە کورتە، بەمەش نائومێدو رەشبینە بەرامبەر کاتی تەمەنی ژیان، وەك دەڵێت :

**ژین لەلای دڵسۆز هەر تێکۆشانە**
**هەوڵە بۆ خاکی ئەم کوردستانە**
**خۆزگە ئەندازەی ژیان و تەمەن**
**تێکۆشان بوایە بۆ خاکی وەتەن**
**(ئاخۆ تەمەنی کام دڵسۆزی کورد)**
**(لەچوار پێنجساڵی تێپەڕی ئەکرد!!)..ل 153**

کەواتە دەیەوێت بڵێت کورد تەمەنی زۆرە، بەڵام لەچاو تەمەندا خەباتی کەمە، رزگاری و ئازادیش پێویستی بە خەباتی بێ پسانەوەیە.

**4- کامل ژیر:** لە شیعری(کوردایەتی)( 1959)خودی ناونیشان بریتییە لە ناوێکی واتایی،و لەگەڵ ئەوەی ئاشکرایە کوردایەتی لەو قۆناغەدا چی گەیاندوە، بەڵام کردنی بە ناونیشان ئەو پرسیارەیە کە کوردایەتی چییەو کامەیە کوردایەتی، ئایا هەموو کارێك کوردایەتییە؟ بۆیە ئەو فەزایەمان بۆ دەکاتەوە، کە هەموو کارێك لەپێناو نەتەوەو نیشتماندا، بەومەرجەی دڵسۆزی و ئیرادەی تێدابێت و بەدوور بێت لە چاوەڕوانی پاداشت، کوردایەتییە، وەك دەڵێت» لەراستیدا کوردایەتی قۆناغ نییە، بەڵکو راستییەکی مێژوییە خۆی لە شێوەی بیروباوەڕێکی نەمری پێشکەوتودا پیشان ئەدا، بیروباوەڕی بەرز و پاك و نەمر، کە هۆیەك بێ بۆ پاراستنی نیشتمان و بەختیاری گەل«48

شاعیر لەم دەقەدا پاراتێکستی لەگەڵ دەقەکەدا خولقاندوەو ئەوە دەخاتە روو، کە کوردایەتی بیرێکی پاکەو خەبات و تێکۆشانە، لەپێناو سەربەخۆیی گەل و نیشتماندا، وەك دەڵێت :

**من پێت بڵێم راستی و پەتی**
**بیری پوختی کوردایەتی**
**بیرێکە پاك و بێگەردە**
**هەڵگری ئاڵای: نەبەردە**
**کوردایەتی، واتا، ژیان**
**واتا خەبات و تێکۆشان**
**کوردایەتی شانازییە**
**بۆ خۆش بەختی و ئازادییە**
**بۆ ڕۆژێکە کە کوردستان**
**سەربەخۆبێ و گەلی یەکسان**

**..هەڵبەستەکان، ل 36**

جگە لەمەش بیرێکە کار لەسەر رێگەی ئازادی و رزگاری کورد دەکات، هێزی ئەم کوردایەتییەش، بوونی ئەو گیانی قوربانیدانەیە، کە لای ئەو کەسە ئامادەبوونی هەیە، بۆیە کوردایەتی تەنها بە سەربەخۆیی و یەکسانی گەل کۆتایی نایەت، بەڵکو پرۆسەیەکی بەردەوامە لەگەڵ نەتەوەیەکدا هەر بە

خزمەتکردن لەبوارە جیاوازەکاندا، تاوەکو خەباتی چەکداری و شۆڕش، کەواتە کوردایەتی ئەو رابەرایەتییەی گەلە کە خۆی بۆ خزمەتکردنی تەرخاندەکات، بۆیە شاعیر دەڵێت :

**کوردایەتیم(قۆناغ) نییە**
**ئامانجێکە نەمر، پیرۆز**
**مەشخەڵێکە بۆ گەل و هۆز**
**فەلسەفەو باوەڕەو بیرە**
**کاکی برا، هۆ خوشکی کورد**
**لەهەر کوێ هەی، شەنی یا گرد**
**وەرە بۆ ئەم بیرو رێیە**
**بۆ ئەم گەل و خاك و جێییە**
**ببین بە تۆزی خۆڵەمێش**
**چاوی دوژمن بێنینە ئێش**
**چەندە خۆشە وەك مەشخەڵێ**
**پیاو بسوتێ بۆ رێی گەلێ**
**چەندە شادییە باوەڕکردن**
**بەژیانی بۆ ژین مردن**

**..هەڵبەستەکان،ل3-637**

**5-دیلان :** لەشیعری(من ئینسانم)( 1960) ناونیشان بریتییە لە رستەیەك و گومان لەوە نییەکە(من) واتە کەسەکە یان شاعیرو مرۆڤە، بەڵام لێرەدا پرسیار لەسەر ئەوەیە بۆچی حساب بۆ مرۆڤبوونی ناکرێت، بەواتایەکی تر ئەوە چییە وادەکات من لە مرۆڤبوون داماڵێت، هەرئەمەش بووتە پەیامی سەرەکی ناونیشان، بۆیە خودی ناونیشان پرسیارە لەسەر ئەوانەی ئەم پێوەری جیاکاریە دادەنێن، بۆیە ئەو ئایدیایەمان پێدەبەخشێت، کە پەیامی شیعر پارێزگاریکردنە لەخود وەك مرۆڤ، یاخود ئەو هۆکارانەی کە بوونەتە

بەربەستی سەیرنەکردنی وەك مرۆڤ یان نەتەوە... تاد، بۆیە ئەم ناونیشانە ئەوەی لێدەخوێنرێتەوە کە بانگەوازێکی مرۆییە بۆ مرۆڤایەتی، بەو مانایەی مرۆڤ لە هەموو شتێك پیرۆزترەو پێویستە ئەمە بکرێتە خاڵی سەرەکی، پاشان یەکسانی لە نێوان مرۆڤەکان و نەهێشتنی ئەو بۆچوونە دواکەوتوانەی کە نەتەوەو گەلەکان پلەبەند دەکەن، واتە ناونیشان بریتییە لە خستنەرووی ئەو جیاوازییەی کە بەهۆی ڕەگەز یان پێستەوە دروست بووە، وەك دەڵێت :

**پێسم ڕەشە وەك شەوە زەنگ**

**لێوم ئەستوور لچم زەقە**

**نیگام ماتە وەك گۆمی مەنگ**

**بزەم نەرم و سەرم رەقە**

**من ئێستاش لەهەندێ جێگا**

**رەشیم مایەی قێزو بێزە.. ل 113**

شاعیر هۆکاری بەدەر لەمرۆڤ بوون دیاردەکات، کە خۆی لەرەنگەکانی(رەش،سپی، زەرد) کە نیشانەی رەگەزپەرستی و چینایەتین، کە ئەمڕۆ لە وڵاتە جیاوازەکانی جیهاندا بوونی هەیە، بەڵام وڵاتی چینی وەك نموونەیەك بۆ رزگاری و شوێنی نەهێشتنی ئەم رەگەزپەرستییە هێناوەتەوە، وەك دەڵێت:

**من رەنگم زەردو لووت پانم**

**رووم پڕ بوو لە لۆچ و چرچی**

**دیلی رژێمی خۆ فرۆش**

**بەشم توانج و تانە بوو...!**

**بەڵام ئیمڕۆ منی ڕەنگ زەرد**

**خۆم خاوەنی کارو بارم**

**منم لە«چین» من ئینسانم**

**من رێك خەری ژیانمم**

**فێرکردنە تێکۆشانم**

**خۆم گەورەی نیشتمانمم..ل 114**

لەبارەی کوردیشەوە باس لە کوردەکانی تورکیا دەکات، کە قسەکردن بە زمانی دایکیان لێقەدەغەکراوە و پێیاندەڵێن توکی چیا، واتە ئەو جیاکارییەی کە لەبەرامبەر کورد دەگیرێتە بەر، بۆئەوەی لەم بازنەیە دەریبکەن، مەبەستی سەرەکی منی ناونیشان ئەم منە کوردەیە، لەم بارەوە د.دڵشاد عەلی دەڵێت»لە(من ئینسانم)ەکەیدا، دەنگی زڵاڵ و شۆڕشگێڕانەی کوردی چەوساوە لە هەموو کوردستانە پارچە پارچە کراوەکەیدا، دەبێتە دوا دەنگ و وەك ئەلقەیەك بە زنجیرەی خەبات و تێکۆشانی گەلانی جیهانەوە گرێ دەدرێ»49 وەك دەڵێت:

**منم بە تەنیاو بە تاکی**

**لێم قەدەغەیەو تاوانە**

**(دووان) بە ووشەی زگماکی**

**ئەنجامی کۆت و زیندانە....!!**

**من لەکوێ ؟... لە تورکیا**

**سەیر گۆڕاوە ناونیشانم**

**بە(من) ئەڵێن تورکی چیا**

**وەك روو چوو بێ کوردستانم...!**

**بەڵام... منی کورد ئینسانم**

**وەکو تۆ ئەی برای ڕەشم**

**خاوەنی نرکەو هەستم**

**هەرچەندە ئێستا دابەشم!**

**منیش وەکو تۆ ئینسانم**

**ئەی(کاکە) ئەی برای زەردم**

**سا ئیمڕۆ بێت یان سبەی**

**ئەگەمە سەوداو مەبەستم..ل 115**

## قۆناغی سێیەم : 1961 – 1970

**1- گـۆران:** لەشیعری( چیرۆکی برایەتی)( تشرینی یەکەمی 1961) دا لەناونیشانەوە ناوەڕۆك دەخوێنینەوە، چونکە ناونیشان ئەو پەیامەمان دەداتێ کە کوردو عەرەب لەپێناو گەیشتنە خواست و ئامانجیان، باجی زۆریان داوە، بۆیە برایی کوردو عەرەبی، برایی ئایدۆلۆژی و خەباتە لەپێناو ئازادییدا، ئەم ئامانج و برایەتییەش لە مەبەست و راستکردن لەگەڵ ئایدیاو ئامانجەکەیدا دێتەدی، کەواتە چیرۆکی برایی بریتییە هەمانگرفتی و تەبایی بیرو ئایدۆلۆژیاو پاکیەتی و راستگۆیی، پێکەوە ژیان و گرتنی رێگەی راست لە خەباتکردندا، وەك دەڵێت:

**برای عەرەب!**
**چەخماخەی شمشێری زۆردار**
**ئا لەو خوێنەدا ئاوابوو**
**کە لە ملی باوکت، باوکم**
**ڕژایە سەر ملی مێژوو**
**برای عەرەبی چاو رەشم**
**تاڵ بوو بەشت، تاڵ بوو بەشم!**
**ئێمانەوێ براییمان**
**میوەی شیرین بچنێ لە دار**
**ئەبێ بەرەو ئاسۆی رووناك**
**رێی راست بگرێ نیازی پاك!**
**تا ئەگەینە دوا ئامانجی هەرە شیرین..ل321323-**

**2- نوری وەشتی:** لەشیعری(نەبەزین)(1962)دا ناونیشان بریتییە لە ناوێکی واتایی و لەم ناوەوە وێڵە بەدوای سیفەتی نەبەزیدا، بەمەش دەیەوێت بڵێت نەبەزین چ جۆرە هەڵوێستێکەو کێ نابەزێ و سورە لەسەر ئەم نەبەزینەو دەیەوێـت ببێتە خاوەنی ئەم سیفەتە، لە بنچینەدا کەسێك نەبەزە کۆڵنەدەربێت و بەردەوام بێت لەسەر خواست و ئامانجەکەی، بەتایبەتی

ئەگەر لەپێناو نەتەوەو نیشتماندا بێت، هەموو ڕێگەیەك بگرێتەبەر بەبێ گوێدانە بەربەست و شکستەکان، ئەمەش لەبەرگی پێشمەرگەدا دەبینێتەوە، بۆیە دەیەوێت ئەوەمان پێبڵێت نەبەزین تەنها بریتی نییە لەخەباتکردن، بەڵکو بریتییە لەبەردەوامیو چەند جار قوربانیدان، نموونەی ئەم نەبەزینەش پێشمەرگەی کوردستانە، چونکە پێشمەرگە بڕیاری ژیانو خەباتی ئازادی داوەو ئامادەنییە دیلی قبوڵ بکات، ئەمەش هێزو دینامیکی نەبەزینی تاك یان گەلو شکستو بەزینی دوژمنەکەیەتی، وەك دەڵێت:

**دایە گیان تو خوا بەسێتی گریان**

**بەسییە ئاخ وئۆف بەسییە سنگ کوتان**

**کوردۆ شەهید بوو من لەشوێنی ئەو**

**شەرتە خەبات کەم چاو نەنێمە خەو**

**تاکو ئەبینم بەزینی دوژمن**

**کورد هەڵئەکات ئاڵای سەرکەوتن..ل172**

کەواتە خاسیەتی نەبەزین لەو بڕیارەدایە کە کوردۆ شەهید دەبێت، بەڵام بڕیاری جێگرەوەی دەدات، ئەمەش واتە گوێنەدان بە مردن، سوربوون لەسەر سەرکەوتن، چاونەنانە خەوتنیش، واتە بەردەوامی و نەوەستان، ئەمانەش سیفەتی کەسێکە کە نەبەزێت، ئەگەر وانەبێت ئەوا دەبێت بە ژیانی دیلی ڕازی بێت، وەك دەڵێت:

**دایکی خۆشەویست نامەوێ بگریم**

**هیچ ئامادەنیم بەدیلی بژیم**

**کوردێکم لەڕێی خاکی کوردستان**

**وەك پێشمەرگەیەك ئەبم بەقوربان..ل172**

**3-گۆران:** لەشیعری(وەڵامی پرس)( 1962/5/25) ناونیشان بریتییە لە دەستەواژەیەك و ئەوەی ناونیشان دەکاتە کۆدێکی ئاڵۆزو نەکراوە بەبێ دەق، وشەی دووەمە کە نهێنی و شاراوەیی پرسەکەیە، بۆیە ناونیشان دەیەوێت وەڵامێك بە ئێمە بڵێت، بەڵام کام وەڵام و هی کام پرسیار، ئەمەش خوێنەر ناچار

دەكات دەق بخوێنێتەوە، هەرئەمەش ناونیشانەكەی كردوەتە چەند واتایی، بەوەی لەلایەك وەڵامە بۆ دكتۆرەكەو لەهەمانكاتدا وەڵامە بۆ خوێنەر، كە كۆی زویری گۆران بۆ نیشتمانەو زۆر بەئیرادەو بەهێزە بەسەر نەخۆشیەكەیدا، كەوایە شیعرەكە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەیە كە دكتۆرەكە لەكاتی هاتنی بۆلای گۆران، وەك هەموو دكتۆرێك بۆ نەخۆشەكەی پرسیاری لێكردوە، چونكە پێیوابووە بەهۆی بێهیوایی نەخۆشییەكەیەوە ماتە، هەرچەند خوێنەر لە دەستپێكی شیعرەكەدا وا هەست دەكات كە گۆران ماتی نەخۆشیەكەیەتی كە شێرپەنجەیە، بەڵام لە كۆتایی شیعرەكەدا وەڵامی پرسیارەكە دەداتەوە كە ماتی وڵاتە، واتە بیری وڵات گۆرانی بێهێز كردوە، نەك ترس لە نەخۆشییەكەی، چونكە ئێمە لە وڵاتێكداین بەردەوام ئازارو ئەشكەنجە بەشیەتی و چەندین سەدەیە لەهەوڵی هێنانە ئارای قۆناغێكی نوێداین و تازە خەریكە ئەم هەڵوێستە بەردەگرێت، بۆیە لای گۆران وەڵامی پرسەكە خودی ناونیشانە، بۆیە ئەم ماتییە هەر گۆران نەبووە، بەڵكو بە گشتی هەموو مات بوون، بەهۆی ئەو بارودۆخەی كە لە كوردستاندا هەبووەو خەڵكی چەوسێنراوەتەوە، وەك دەڵێت:

**راكشابووم لەسەر پشتم**

**دكتۆرەكەم**

**ماری شێرپەنجەی ئەكوشتم..ل221**

**یان:بەڵێ، دكتۆر! خوشكان! ماتم،**

**هەر من نیم(مات) ی وڵاتم،**

**لەناو هەزارانا : تاك تاك**

**لێومان هەیە پێ بكەنێ**

**لای ئێمە بۆ دونیای شادی**

**وا تازە خەڵك هەنگاو دەنێ!.. ل222**

4- **شێركۆبێكەس:** لەشیعری(ئێوارەی غەمگین)( 1962) ناونیشان بریتییە لە دەستەواژەیەك و لە دوو وشە پێكهاتوەو بەشی دووەم( غەمگین)

ناونیشانی هاوسەنگی دەق کردوەو کردویەتییە پرسیار بۆچی غەم، لەکاتێکدا ئێوارە وشەیەکی ئاساییە، بەڵام هێنانی لەگەڵ غەمەکەدا، ئەو ڕەهەندە واتاییەی وەرگرتوە، کە هەموو شتەکان بەرەو کۆتایی دەڕۆن و ئاوادەبن، بەڵام ئاوابوونێك بەرەو رەشایی و تاریکی شەو، لەبەرئەوە شیعرێکە کار لەسەر ئەو غەمەو نەهامەتیانەی کە دەروونی مرۆڤ دەگرن دەکات، هەر ئەمەش وایکردوە ئێوەری غەمگینی بەهار بخاتەروو، ئەمەش واتە رەشبینی و بێهیوایی، هەرلەبەر ئەمەش هەموو شتێك بە بڕانەوە مەحکوم دەکات، چونکە بەهار سەرچاوەی خۆشی و هیواکانە، وەك دەڵێت:

**خۆرنشینی ئاسۆی بەهار**
**لە خوێناوی ئاوا بوونا..**
**وردە وردە ئەچێتە خوار**
**گڵپەی دوایی لە دەروونا**
**کام شەوقی جوانی رووی تیایە**
**وەك هەناسەم ئەبڕێتەوە**
**کام دنیا پڕ لە خۆشیە**
**دوور لەرەنگی رەش پۆشیە**
**ئەبڕێتەوە، ئاوا ئەبێ**
**رۆژی لەناو شەوا ئەبێ**

**.. تریفەی هەڵبەست،ل 53**

هەرچەندە شاعیر ئەم ئێوارەیە دنیای جوانی وەك ساوایەکی دڵ پاك و بزەی ئارام دەخاتەروو، بەڵام بۆ شاعیر لەبەرئەوەی تەنهایە دەروونی پەستەو وەك سەیوان غەماوی و ماتە، هەروەها دڵی پڕی وەك منداڵ خەیاڵی لە شوێن یاریدایە، لەلایەك لەدووری یار، لەلایەك بیرکەوتنەوەی رابردوو، لەلایەك خودی ئێوارەی خۆرنشین، دیمەنێکی ناسك و سۆزداری هەیە، کە هۆکاری دروستیکردنی ئەو غەمگینییەی شاعیرە، کە پەیوەستکردوە بەرابردو سەیوانی ماتەوە، چونکە دنیا مژدەی جوانی پێیە، بەڵام شاعیر روو لە ئاسۆ لەراماندا

دابڕاوە لەم جوانییە، ئەم دابڕانەو سۆزداربوونی دیمەنی ڕۆژئاوا، پەیامی سەرەکی ناونیشانە، وەك دەڵێت:

**دڵی پڕم...وەك منداڵی..**
**خەیاڵی وا لەشوێن تۆیە**
**دەروونی بەئاخی ناکامی**
**پەستە وەك سەیوانی ماتەم..**
**دە ئەی ئێوارەی خۆرنشین**
**مەڵبەندی تاسەی تەنیایی**
**منیش وەك تۆ لە ئاسمانی**
**نائومێدی دڵا وێڵم**
**وەك تۆ بەهاری ژیانی**
**تەمەن کورتی جێ ئەهێڵم**

**-5455 ل ،تریفەی هەڵبەست..**

**5-حەسیب قـەرەداغـی:** لەشیعری(بەهاری عـومـرم)(1963) خودی ناونیشان لەدوو وشە پێکهاتوە و بەهار هێزی بەخشیوەتە ناونیشان و تەمەن، چونکە عومر بەتەنها ئەو کاریگەریەی نابێت، بەڵام هێنانی بەهار بۆ تەمەنێکی دیاریکراو، ئەو ئاماژەیە دەداتە خوێنەر، کە وەرزی خۆشییەکان زۆر کەمن، بۆیە دەیەوێت ئەو هۆی خراپ تێپەڕاندنەی ژیانی شاعیر بزانین، بۆیە ئەوەی لێرە دەخوێنرێتەوە، یان ئەبێت شاعیر باس لە بەهاری تەمەنی بە شێوەی خۆشی و دڵگیری بکات، کە ئەوکاتە دەچێتە خانەی پیاهەڵدان و وەسف، یان دەبێ بەپێچەوانەوە بەهارەکەی وەرزی خەم و ماتەم و ناخۆشی بێت، ئەمەش دیالێکتیکی بۆ دەقە شیعرییەکە درووستدەکات، چونکە بەهار گەشاوەیەو سروشتی وایە، بەڵکو ئەوە گرنگە بۆچی بەهارەکەی گەشاوە

نییە، ئەوە پرسیاری ناونیشانە، یان خوێنەری دەقە، کەوایە شاعیر لەم دەقەدا دەیەوێت وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە، بەهاری عومری کە بریتییە لە وەرزی خۆشەویستی لەگەڵ یارەکەی، کەزۆر کورتەو وشکە بەهارەیە بەهۆی زوو دوورکەوتنەوەو دابڕان لە خۆشەویستەکەی لەگەڵ خستنەرووی هۆکارەکان بۆ نموونە :

**بەهاری عومرم بێ باران بوو**

**وەرزی دڵداریم هەر گرانی بوو**

**هەر یەکەم بەهار گوڵی ئاواتم**

**کەوتە بەر زوقم و وەیشومەی هاتم**

**..فەرهەنگی خەم(1)، ل 88**

ئـەوەی ئەم بەهارەی وشك و غەمبارکردوە ئەوەیە، لەگەڵ ئەوەی دووچاری ئەم دابڕانە بووەو بەهاری بووەتە پایز، لەگەڵیشیدا شێوەی یاریش وردە وردە بەهۆی دابڕان و تێپەڕبوونی کاتەکانەوە بیردەچێتەوە، وەك دەڵێت:

**خۆشەویستەکەم بەنازو نیان**

**تا شێوەت بکەم لام خۆشە ژیان**

**پێکی رژاوم وا خۆڵ ئەیمژێ**

**واچاوەڕوانیم خۆزگە ئەیکوژێ**

**چۆلەکەی دڵم دا بەدەم باوە**

**نە پەیامی نارد نە خۆی گەڕاوە**

**ئەی خۆشەویستم ئەگەر گوێت لێمە**

**ها وەربگرە ئەم وێنەی پێمە**

**چوارچێوە ئەشکێ وێنە ئەمێنێ**

**هەر زستانی سارد بەهار ئەهێنێ**

**..فەرهەنگی خەم(1)، ل89**

کەواتە تاوەکو ئەم ساتەش لەگەڵ ئەو هەموو کۆسپ و ڕێگریانە، شاعیر بێهیوا نەبووە، چونکە پێیوایە دەشێ دابڕێت، سەرزەنشت بکرێت...تاد، بەڵام هەر ئەمانەن پەیوەندییەکە بەهێزتردەکەن و تاسەی بەیەکگەیشتن بەدوای خۆیدا دەهێنن، کەوایە ساتی پەیوەندی لەگەڵ یاردا ساتێکی کورت و پڕ کۆسپ بووە.

**6- کامل ژیر:** لە شیعری(کێ کردی و کێ بردی)( 1965) ناونیشان بریتییە لە ڕستەیەکی لێکدراو، لەهەمانکاتدا ناونیشان بۆخۆی پرسیارەو دەیەوێت دوای ئەم دوو پرسیارەی کە بکەر کێیەو ببەر کێیە بکەوێت، ئەمەش دەرخستنی ململانێی دوو بەرەی جیاواز پیشان دەدات، کە لە ئادەمەوە ئەم ململانێیە بەردەوامە، ئەگەرچی ڕاستەوخۆ وەرگیراوی پەندی کوردی(کێ کردی و کێ خواردی) وەرگیراوە، بەڵام دواجار ناونیشان ئەو پەیامە دەبەخشێ کە لە ژیاندا دوو هێز هەیە، بەردەوام هێزێکیان ئەوی دی لە خزمەت خۆیدا بەکاردەهێنێت، یاخود لایەنێك دەچەوسێنێتەوە، بۆئەوەی بەرژەوەندی خۆی بهێنێتە دی، لەبەرامبەریشدا تاکە ڕێگری ئەم تاوانەش هێزە، وەك دەڵێت :

**لەوکاتەوە ئاسۆی ژیان داویە مژدەی**
**ڕۆژی شەبەق**
**دوو هێز لە جەنگ و زۆراندان، هێزی هەق و**
**هێزی ناهەق**
**بەرئەنجامی ئەم ڕاستییە**
**پەندێکە با باش تێبگەن**
**هەق مافێکە بەدەست نایەت**
**بەزۆر نەبێ و بەنوکی شەق**
**هەق بێ شەق تاوانێکە**
**سەری لەپێناودا ئەچێ**

**.. هەڵبەستەکان ل 254**

لەگەڵ ململانێی ئەم دوو هێزەدا، هێزی دادو نادادی چەقی سەرەکی ئەم دەقەو ناونیشانن، بەوەی ستەمکاران بەردەوام مافی چەوساوەو هەژاریان خواردووەو بەهۆی ئەمەشەوە سوتەمەنی کارو شۆڕش و رەنجبەخەسارن، واتە ئەمانە کاردەکەن و رەنجەکەش مافی ئەمانە، بەڵام رەنجەکەیان بۆ خەڵکی ترە، بۆیە شاعیر ئەم بێدەنگییەی بەرامبەر بەم ماف خواردنە بەگەمژەو بێعەقڵی دەزانێت، چونکە تاکە هۆکاری رزگاربوون لەم چەوسانەوەیە هێزی عەقڵ و بازوی خۆیانە، بەواتایەکی دی ئەوە خۆیانن بەرامبەر ماف خواردنەکەیان سەرشۆڕ دەکەن، بۆیە رووبەرووی ئەم ماف خواردنە بوونەتەوە، چونکە وەرگرتنەوەی مافی هەوڵی دەوێت، وەك دەڵێت:

**کۆشکێکی بەرزیان دروست کرد**
**بەکۆڵی کەری بەسەزمان**
**تەواو بوو، پاداشتی چاکە**
**درا بە شێرێکی چاو زەق!**
**نەکەسێ بوو، نەدەزگایەك، نەکۆمەڵێك**
**نەیاسایەك**
**نەزەمیرێك، خاوەن بیرێك، دادی پرسێ**
**بۆ رەوای هەق**




**..هەڵبەستەکان، ل 255**

7- **دیلان:** لەشیعری(تاوان 2)( 1967) ناونیشان بریتییە لە ناوێك و باسکردنە لە یاساکانی ژیان و کەوتنە شوێن خواستەکان، بەبێ گوێدانە یاساو پایە مرۆییەکان، بۆیە ئەم شیعرە دەرخستنی تاوانە بە شێوەیەکی گشتی و خستنە رووی ناوەڕۆکی مرۆڤەکانە، لەپێناو پۆزش هێنانەوە بۆ هەندێ لەتاوانەکانیان و دڵ کردنە بنەمای باشبوون، بەوەی دڵ و دەستیان پاکە، لەگەڵ ئەوەی دزو خراپەکار دژی گەل و نەتەوە کاردەکەن و بوونەتە پیاوی بێگانەو ئەو پۆزشە دێنێتەوە، کە دەتوانێت لەم رێگەیەوە خزمەتی خەڵکی

بکات، بەڵام تاوان پۆزشی نییە، بۆیە ئەم هەڵوێستە ناکاتە ئەوەی تاوانەکان لەسەر مرۆڤ لاببات، یاخود نەرمی نواندن شوناسی پیاوچاکی پێببەخشیت، تاوان کردن ئاسانە، بەڵام باشبوون یان راستگۆیی گرانە، ئاشکراشە تاوانکردن ئاسانە و بەردەوامیشی پێگەی خراپ دەکات، چونکە کۆتایی هەموو تاوانێك کەوتنە،وەك دەڵێت:

**تاوان مەردی و تاوان باری ئاسانە**

**زۆرکردنی... مایەی پایەی گرانە**

**چەن دەست پاك بێ،چەندەی تر دڵ خاوێن بێ**

**پارە ناکا.. نەبێ دەستەو داوێن بێ**

**ئەبێ بە دز بە خواوەندی فێڵ بازی**

**بڵێ ی گەورەم... هۆی سەربەرزی و شانازی**

**ئەبێ بە ڕۆژ کە چەن رووناك و پاکە**

**بڵێ ی شەوە زۆر تاریك و سامناکە..ل 144**

شاعیر مەبەستییەتی بڵێت تاوان چەندێك مێژوو رەشیە، بەڵام وات لێدەکات لەدۆخێکدا بژیت نەتوانیت راست بڕۆیت، چونکە ژیان بەدەست فێڵبازەکانەوەیە، بۆیە چوارلایەکی دژ لەنێوان( چاکەو خراپە،شەو، رۆژ، جاران و ئێستا،مەردی و فێڵبازی) دروستکردوە لەڕێگەی ئەم دژیەتییەوە پەیامەکەی دەگەیەنێت، وەك دەڵێت:

**جاری جاران مەڵبەندی جوامێری بوو**

**پڕ لە نرکەو بازرەقەی شێری بوو**

**کەچی ئێستا هەموو شتێ گۆڕاوە**

**رەش و سپی لەجێی خۆی نەماوە.. ل146**

تاوان لای دیلان تاوانکردنە بەرامبەر نیشتمان، بەوەی هەندێك خەڵك کەوتونەتە جاسوسی و خراپەکاری بەرامبەر دڵسۆزانی نیشتمان، ئەمەش دیلانی هێناوەتە گریان و بەتاوانێکی گەورەی دادەنێت و لێرەوە ناونیشان دەخوێنینەوە، وەك دەڵێت:

**گریانێکی لەداخانا نەك لە ترسان**
**لە بێگانە. بۆ دوژمنی خۆمان**
**بۆ ئازادی جەرگ بڕو بۆ ئیشێ**
**دار پوازی لەخۆی نەبێ ناقڵیشێ**
**ئای کەنەنگە ئای کە ئابڕو تکانە**
**کە گەورەیە ئەنجامی ئەم تاوانە.. ل147**

**8- کامەران موکری :** لەشیعری(پشکۆی هۆنراوە)(1968)دا ناونیشان بریتییە لە دەستەواژەیەك و لەم دەستەواژەیەشدا دیارخراو هێزی مانای لەسەرە، چونکە هۆنراوە پشکۆی نییە، کەواتە ئەوە چییە دەتوانێت ببێتە پشکۆی هۆنراوەو لێرەوە دەتوانرێ خوێندنەوەی جیاجیا بۆ ناونیشان بکرێ، بەواتایەکی تر لە بنچینەدا هۆنراوە پەیامی شاعیرەو بەدوای هۆنراوەیەکی بەهێزدا وێڵە، کە سەرچاوەی ئەم پشکۆبوونەی بە سروشت دەزانێت، بۆیە چیاو دەشتەکان دەگەڕێت، تاوەکو ئەم ئیلهامی جوانییە لە سروشتەوە بەدەست بهێنێت، بۆیە بەپشکۆ بوونی ئەم کردارانەی بەرهەمهێناوەو هۆنراوە بووەتە پرسیار لەچوارچێوەی پاراتێکستدا، لەم ناونیشانەدا شاعیر وێڵە بەداوی ئەو هێزەی کە شیعر دەگەشێنێتەوە، یان بووەتە هێزی کارلێك و کارلێکراوی، ئەوەش لە دیمەنی کروزانەوەی کۆرپەکەدا دەبینێتەوە، کە لە بنچینەدا باسکردنە لەو زوڵمەی کە لە کورد دەکرێ، واتە کروزانەوەی منداڵەکە کاریگەری بەهێزتر بووە لەسەر شاعیر وەك لە دایکەکە، بۆیە ئەم رووداوە شیعرێك بەرهەمدێنێت، کە سروشت و پێکهاتەی پشکۆ ئاسا بێت، چونکە دەیەوێت شیعری سور بنوسێت، بۆیە پشکۆی هۆنراوەی پشکۆی شیعرێکی سورە خودی پشکۆی سوریش لەلایەك بریتییە لە گڕی تاسەی دەروون، لەبەرامبەر ئەمەشدا بریتییە لە پەیامی خەبات و دەستەبەرکردنی ئازادی و یەکسانی چینی کرێکارو نەهێشتنی چەوسانەوە، وەك دەڵێت:

بۆ هۆنراوەی جوان و ڕازاوەو بەتام
چیای سەخت و پێ دەشت و گوڵزار گەڕام
لە گزنگ و زەردەپەڕو هاژەی چەم
لەنیگای گەش، زەردەخەنەو بزەی دەم
بەڵام دەنگی کروزانەوەی کۆرپە
کاتێ ڕشتی لە دڵما ژیلەی خورپە
سۆزی گریەی ئەو دایکەی لە ئاگرا
جەرگی وەکو چراوگ هەڵکرا
لەهێزی خست دەست و پەنجەی هۆنراوەم
کەوتە ناوگڕ چەپکە شیعری رازاوەم
هەرچیم هەیە، لە ئۆقرەی دڵ لەتاسە
هەمووم بەخشی بەو مناڵە کەساسە
ئەبێ شعرم لە گرا پەروەردە بێ
باسی( ژینی) سامناکی ئەم کوردە بێ
ئەی فریشتەی هۆنراوەی ئاگرینم
ئەی بەخشندەی وشەی بەسۆزو تینم
ملم لارت ئەپاڕێمەوە لە تۆ
پێم ببەخشی هۆنراوەیەك وەك پشکۆ
هەر ئەم جارەو ئیتر داوام کۆتاییە
هەرچەند ئەکەم شیعری سوورم بۆنایە.. ل220

**9- شێرکۆ بێکەس:** لەشیعری(دیاری ئەمجارە)(1968) ناونیشان بریتییە لە دەستەواژەیەك و لەڕێگەی وشەی ئەمجارەوە دەیەوێت جۆرێك ڕوانیین و سەرنج بخاتەروو، بەوەی دیاری ئەم جارەی جیاوازترە لە رابردوو، یان هێزی جەخت لەسەر کردنەوەیان نەبووە، بەڵام ئەم جارە ئەو هێزی جەختکردنەوەیە دەردەخـات، کە شاعیر مەبەستییەتی، بۆیە شاعیریش

لەلایەك دیاریەكە بۆ نـەورۆزەو لەلایەكی تریشەوە شیعرەكەی تایبەت كردوەو لەسەرەتادا نوسراوە بۆ(ن)ی خۆشەویست، بە ناونیشاندا ئەوەمان بۆ دەخوێنرێتەوە لە گەشتێكدا دەیەوێت دیارییێك بۆ دڵدارەكەی بكڕێت، لەگەڵ ئەمەشدا نایەوێت لە ناونیشان یان دەقدا ناوی بەرێت، بۆیە تەنها پیتێكی ناوەكەی نوسیوە، ئەمەش ئەوە دەردەخات، كە شاعیر نایەوێت ئەم خۆشەویستەی ئاشكرا بكات، ئەگەر وایە ئەوا بەئاسانی ناوەكەی دەنوسی نەك پیتێكی، گرنگی ئەم شیعرە لەوەدایە لەكوێ ئەو دیاریانەی كە شاعیر پێویستە بۆ خۆشەویستەكەی بكڕێت، هەر لە گوڵی سەر سنگ و ملوانكەو موستیلە......تاد، هەموویان دەخاتەگۆ، بۆئەوەی لەوە دڵنیابێت، كە خاوەنی ئەو تایبەتمەندیانەیە بیكاتە دیارییەك، شیاوی خۆشەویستیەكەی بێت یان نا، بەڵام دواجار شاعیر لە ئەنجامی ڕۆچوون لە خۆشەویستی یارەكەی لەناو دەقدا، لەبیری چووەتەوە كە لە پاراستێكستدا تەنها پیتێكی خۆشەویستەكەی دركاندوە كـە(ن)، بـەڵام لە ناوەڕاستی دەقـدا، نـاوی خۆشەویستەكەی دەدركێنێت كە ناوی(نیان)ە، ئەمەش ئەوە دەردەخات شێركۆ لەكاتی نوسینی ئەم دەقەدا بەنەست و زاڵبوونی ئەم پەیوەندیە خۆشەویستییە بەسەریدا ئەم شیعرەی نوسیوە، وەك:

**لەسەر ڕێگەی گەڕانەوەم،**
**چی بێ دیاری سەردانەوەم؟!**
**بۆ ئەمجارە،**
**بۆ نەورۆزی ئەم بەهارە**
**چی بەسەندی یادگارە؟!**
**چی بێ گوڵی دڵ و دەستم**
**بۆ تاقانەی خۆشەویستم؟!**
**ئەم كۆگایە**
**جێ ی سەرپەڕی لەبەر چاوە**
**ناوی(بوكی) لەخۆی ناوە**

**با بزانم دیاری بووکی**
**ئێسك سوکی**
**منی تیایە**

**.. تریفەی هەڵبەست، ل10**

واتە لەگەڵ ئـەوەی کۆگاکە ناوی بووکەو شتی بوکی تێدایە، بەڵام شاعیر فەزڵی خۆشەویستەکەی خۆی دەدات بەسەر هەموو شتەکانیدا، بە ناوەکەشەوە، بۆیە هیچ ناکرێت، لەگەڵ ئەوەی ملوانکەیەك خۆی یەکسان دەکات بەنیان و خۆی بەشیاوی ملی دەزانێت، وەك دەڵێت:

**ئەو ملوانکەیە پێم ئەڵێ:**
**بۆ گەردنی، گەلێ جوانم**
**زۆر دەمێکە، من پەسەندی**
**دەست و دڵی، دڵدارانم**
**ئەم سەفەرە**
**بۆ یارەکەت من هەڵگرە**
**من نیانم**
**من قەدری گەردنی بەرزی،**
**چاك ئەزانم**

**.. تریفەی هەڵبەست ل 10 - 13**

بەڵام شاعیر لەکۆی دیاریەکان ئەو دیاریەی کە خۆی لە پاراتێکستدا نوسیویەتی»دیاری ئەم جارە بۆ(ن) ی خۆشەویست« خودی ئەم دەقەیە، واتە دیاری ئەم جارەی شاعیر بۆ یار ئەم دەقە شیعریەیە، هەرئەمەش دیاری ئەم جارەی جیاوازتر کردوە لەوانەی پێشووتر، بۆیە لە کۆتایی دەقدا بەراشکاوی تەنها خۆی ئەم شیعرە بە شیاوی دیاری دەزانێت بۆ خۆشەویستەکەی، بەمەش ئەم دەقە لە هەموو دیاریەکانی تر بەرزترو جوانتر دەزانێت، دەڵێت :

**لەسەر ڕێگەی گەڕانەوەم**
**جانتا، ئامادەی سەفەرم**
**چی بێ دیاری، سەردانەوەم ؟!**
**چی بۆ بەرم ؟**
**بۆ ئەم جارە**
**چی پەسەندی یادگارە ؟**
**بۆ ئەم جارە**
**ئەم هەڵبەستە،**
**پێشکەش بێ بەو خۆشەویستە!**

**.. تریفەی هەڵبەست، ل15**

**10- عەبدوڵڵا پەشێو:** لەشیعری(نیازێك....هەڵوەری)( 1/13/ 1969) لەخودی خۆیدا ناونیشان بریتییە لە رستەیەك و بەهۆی ئەو چەند خاڵەوە ئەوەندەی تر چەند مەدلولی کردووە، بەوەی یەك نیازی هێناوە، واتە شاعیر لەناونیشاندا نیازێك دەکاتە نموونەی نیازەکانی تر لە هەڵوەرینداو لەم پێناوەشدا شیعرەکەی کردوەتە پەرەگراف پەرەگراف و لە کۆی شیعرەکە چەندین نیاز دەخاتەروو، ئەمەش رادەی دڵسۆزی و خۆشەویستی شاعیر دەردەخات، بەڵام پێکهاتەی ناونیشان دووکرداری پێچەوانەیە، بەوەی نیازێك زۆر ڕاستگۆیانەو لە دڵێکی شەقەوە بۆ خۆشەویستێك کە شاعیر چەندین نیازی لەسەر هەڵچنیوون وەك(بتکەم بەچەپکە نێرگز، سەرینی ناز، پرچت بکەم بە هێلانە، شادی بکەم بە گەردانە، پەلکە زێڕینەت بۆ بگرم،....تاد) بۆیە شیعرەکە بریتییە لە دەرخستنی رادەی دەربەست نەبوونی شاعیر لەئاست ئەو شتانەی کە بۆ بەرامبەری دەکات، بەڵام دواجار لەخۆبایی بوونی بەرامبەر، دەبێتە هۆی هەڵوەرینی تەواوی ئەو نیازانەی کە شاعیر بۆی بنیادناوە، لەبەرئەوەی شاعیر شەیدای جوانی یارەو لەخۆبایی بوونیی ئەم جوانییەی لەلا پێچەوانەدەکاتەوەو شاعیر جوانی لەشیعر، ئاسمان، ئەستێرەو مانگدا دەبینێتەوە، بۆیە دەربەست نییە، چونکە شاعیر بە تەواوی دژی لەخۆباییبوونە، لەبەرئەوەی جگە لە هەڵوەرینی دەشیخاتە ژێر پێیەوە، وەك دەڵێت :

نیازم وابوو....
بتکەم.... بە چەپکە نێرگزێ،
بۆسەر مێزم
لەسەرمای شەوی زستانا
گەرمت کاتەوە..... ئامێزم
نیازم وابوو...
پرچت..بکەم بەهێلانە

..دیوانی عەبدوڵڵا پەشێو، ل 105

یان :

تۆ دەربەستی!
من دەربەست نیم
شیعر..ئاسمان..ئەستێرە..مانگ
هەموو جوانن، بۆیان ئەژیم!
من دەربەست نیم
ئەمڕۆ..
سبەی..
لە شیعرێکی، خەم ڕەوێنا
لە دەفتەری، بچکۆڵەی بیرەوەریما..
لە هەزاران، شادەمارو مێشك و خوێنا..
تۆمار ئەکەم، سەرگوزشتەی،
ئەو مێخەکەی،
چەنەم شل بوو،ئەوەندەی شیعری بۆ بڵێم
لە دواییشا، کە بایی بوو،
هەڵم وەراند.. خستمە ژێر پێم!

.. دیوانی عەبدوڵڵا پەشێو ل 108

لەمەشەوە ناونیشان بریتییە لە سڕینەوە، یاخود مراندنی ئەو خۆشەویست و جوانییەی کەلە یاردا دیویەتی، لەبەرامبەر ئەو بێمروەتییەی کە یار دڵی شاعیری پێ ئازار داوە، بەئەندازەیەك شاعیر بەتەواوی بیسڕێتەوەو بیخاتە ژێرپێیەوە، کەوایە پەیامی ناونیشان لەوەدا چڕبووەتەوە، ئەگەر چەندێك شیعرم بۆ وتبێت، پیایدا هەڵدابێت.....تاد، بەڵام لەبەرامبەر لەخۆباییوونیدا، هەموو ئەم نیازانەی هەڵدەوەرێنێت، چونکە شاعیر راستگۆیی و چاکی دەوێت.

**11-لەتیف هەڵمەت:** لەشیعری(پەیکەرێك لە پشکۆ)(1969) لەگەڵ ئەوەی پەیکەر بێگیانە، بەڵام شاعیر گیانی پێبەخشیوە، چونکە پەیکەر لێرەدا قەدو باڵای کچێکەو، بەهۆی ئەو تایبەتمەندیانەی کە لە کچەکەدا هەن، شاعیر وەك پەیکەرێکی خاوەن تایبەتمەندی دروستکراو دەیبینێت و لەو روانگەوە سەیری دەکات، لەبەرئەمەشە شاعیر هەرئەمەی دیوەو سەرسامی جوانی و رووخساری کچەکە بووە، بۆیە ئەم سیما جوانییەی بووەتە پشکۆ بۆ ناخی شاعیر، بەوەی نزیك بوونەوە، یان قسەکردن لەگەڵ کچەکەدا قەدەغەو نادروستە و وەك پشکۆ دەیخاتەروو، لەبەرامبەر ئەوەی ناتوانێت لێی نزیك ببێتەوە خوازیارە گوێی لێبگرێت، تاوەکو پشکۆکانی ناخی دەرببڕێت، بەواتا شاعیر بە پشکۆی ناخی ئەم دەقەی درووستکردوە، چونکە کچێکی چاو ڕەش کە درووستکراوی خوایەو خاوەن تایبەتمەندێکی زۆر جوانە، توانیویەتی جۆشێك لای شاعیر دروستبکات، وەك دەڵێت :

**گشت ئاوازێکی دەریای ئەو نازە**
**ئەخاتە دڵم زامێکی تازە**
**پێم ئەدرکێنێ نهێنی لاوی**
**رازی دەروونی پەست و خەماوی**
**سەرم سوڕماوە خوا چۆن تۆی نەخشی**
**ئەو گشت ئەفسونەی چۆن بەتۆ بەخشی**
**بۆ چاوت لەکوێ هاوردی ڕەشی**

**ئەی بۆ ڕوومەتت لەکوێ ی بوو گەشی**
**بەئاواتەوە گوێ رابگرە لێم**
**هەڵبەستی گەرم و گوڕت بۆ بڵێم**
**.. دیوانی لەتیف هەڵمەت، ل 11**

کەوایە ئەوەی کە نهێنی لاوی پێدەدرکێنێ، خودی وێنەی ئەو ئافرەتەیە، کە شاعیری راکێشاوەو کەوتوەتە گفتوگۆ لەگەڵ جەستەی دا، ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە پەیکەری بە پشکۆبوون، ئەو سوتانەو رەنگدانەوەی، یان وروژاندنییە کە لای شاعیری دروستکردوە.

هەروەها لەشیعری(سەرەتای پرسیارێکی تر)( 1968)دا ناونیشان بریتییە لە دەستەواژەیەك و راستەوخۆ ئەوەمان پێدەڵێت، لەبارەی نوسەرەوە چەندین پرسیارکراوە، هەریەکەشیان بە شێوازێك و بە روانینێك وەڵامیداوەتەوە، بۆ دواجار شاعیر دەیەوێت بڵێت هەموو ئەو وەڵامانە هەڵەن و سەرەتای پرسیارێکی نوێ بۆ خوێنەر دەکاتەوە، لەپێناو گەڕان بەدوای وەڵامی راستدا، لە بنچینەشدا ئەمە مەبەستە سەرەکیەکەی شاعیرە، نەك وەڵامەکەی، چونکە خۆی لەکۆتایی دەقەکەدا وەڵامدەداتەوە، بە شێوازێك کە دەبێتە پرسیارێکی نوێ بۆ چەندین پرسیاری تر، کە شەیدایی بوونی شاعیرە بۆ خۆری ئازادی، وەك دەڵێت :

**کێ پێی وتن...؟ من هەستیارم**
**کێ پێی وتن.... من دڵدارم**
**کێ پێی وتن هۆنراوەکەم**
**گلێنەی هەردوو چاوەکەم**
**تابلۆی گیانی خۆشەویستە سووتاوەکەم**
**خەمم... زامم... ئازارم**
**تاسەم... خەوم.... یادگارم**
**ئەبەخشمە یەکەم یارم**
**کێ پێی وتن.... کێ پێی وتن**
**ئەم هەڵمەتە هەژارە**
**بۆ تۆزێ خۆر شێت و هارە!**

**..دیوانی لەتیف هەڵمەت، ل 119**

واتە لە کۆتاییدا هەر خودی شاعیر ئەو پرسیارە دەکات، کە کێ پێیوتن، بەڵام دواجار خۆی واتە( هەڵمەت) سەرەتای پرسیارە نوێکە دەدرکێنێت، کە شەیداو شێتی خۆرە و لێرەوە پرسیار لەسەر ئەو خۆرە دەست پێدەکات، کە شاعیر شێت و هاری بووە، خۆریش نیشانەی تیشکی ئازادییە، کە لەتەواوی دەقەکاندا بەدواییدا وێڵە.

**12-ئەنوەر شاکەلی:** لەشیعری(بەندیخانەو شەقامی شەو)(20-1969/10/27) هەر لە خودی ناونیشانەوە ئەو پەیامە دەداتە خوێنەر، کە بەندیخانە لەگەڵ ئەوەی رووبەری دیاریکراو و کەمە، لەهەمانکاتدا شوێنی ئەشکەنجەو ئازارو سزای دەروونییە، هەرچی شەقامی شەویشە تاریکە و بێدەنگی کۆنترۆڵی کردوە، ئەم ئارامیەش شوناسێکی مەترسیداری پێدەبەخشێ، لەبەرئەوە خودی ناونیشان باسکردنە لەشاری کفری کە بووەتە بەندیخانەیەك، ئەگەرچی رووبەری فراوانە، بەڵام ئەشکەنجەو ئازارو سزا دەروونییەکان زۆر خراپترن لە زیندان، چونکە پەیوەستن بە بیرو ئایدیاو نەتەوەوە، بەوەی تاریکی و دواکەوتویی باڵی بەسەر شاردا کێشاوە، کەواتە ئەم شارە بەندیخانەیە لە ڕوانگەی ترس و ئازاردانەوەو شەقامی شەویش تاریکی و دواکەوتوییە، وەك دەڵێت :

**شەقامەکانی شارەکەم**
**تاریکی یەك دای پۆشیون**
**لە بیابانی وشەی رەش**
**تێپەڕ ئەبێ مۆسیقای دڵ**
**تەمی پاییز**
**ئاوازەکان دەگرێتە خۆی**
**شەقامەکان**
**ئەخاتە سەر چڵی تاوان**

**.. پرۆژەی کودەتایەکی نهێنی، ل 45**

پێیوایە ئەم ئازارو سەرکوتکردنانە لەقووڵایی ئەشکەوتدان و هاواری ئازادی، مەگەر لەگەڵ لێزمەی بەهاردا سەربکەوێت، چونکە بەهار بۆ کورد هێزی زیندوبوونەوەیە، وەك دەڵێت:

**بەندیخانەی ترس و ئازار،**
**چاوگەی موچڕکی ناخی دڵ،**
**بێشکەی چریکەی توڕەیی**
**شۆڕشی گیان،**
**داخی تۆڵەی ژەنگ داگرتووە**
**کەلەپچەی ئاسنی لاواز**
**قاقای دەروونی مانگرتوو**
**لەقووڵایی ئەشکەوتدایە**
**سەرناکەوێ**
**تا تریفە مانگی شیرین**
**نەڕژێتە خوار**
**لەگەڵ هاژەی لێزمەی بەهار**

**..پڕۆژەی کودەتایەکی نهێنی، ل 47**

## قۆناغی چوارەم : 1970 - 1975

**1-حسیب قـەرەداغـی:** لەشیعری(هەوەڵ مـــەزات)(3/26/ 1971) ئەگەرچی ناونیشان دەستـەواژەیـەکـە، بـەڵام لـەم دەسـتـەواژەیـەوە ئاماژەیەکی نێگەتیڤ دەبەخشێت، چونکە باسکردنە لە خستنە بازاڕی دەقە شیعریەکانی، خستنە مەزاتیش بۆ خۆی ئەگەر بۆ شتی تر بەسود بێت، بەڵام بۆ دەقی شیعریی لە پێگەی دەقەکە کەم دەکاتەوە، چونکە شیعر بۆ مەزات نییە، کەوایە ئەمەش بۆخۆی پرسیارە بۆچی خستنەمەزات، واتە

ئەم دەقە بە ئاشکرا دەلالەتی نێگەتیڤ دەگەیەنێت و داوای خستنەمەزاتی پەیامەکەی بە شێوەیەکی ئاشکرا دەکات، واتە ڕاگەیاندنی نرخ، دابەزینی شیعرەکانییەتی لە ڕوانگەی خودی خۆیەوە، نەك خەڵکی ئەم کارەیان کردبێت، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئەم مەزاتکردنەی شیعری شاعیر لە ڕوانگەی خۆیەوە هۆکەی چییە ؟ کەواتە ناونیشان پاراتێکستی دەقەو بە پێی پەیامی دەق هەڵبژاردوە، بۆیە هەر لەناونیشانەوە شاعیر ئەوە رادەگەیەنێت کە نایەوێت پەیامی شیعریی وەك ئەوەی بەرامبەر دەیەوێت بیڵێت، بۆیە بە رەقی دەزانێت، واتە شاعیر بۆ خۆی دەنوسێ و بە خواستی خۆی دەنوسێ، بەڵام خەڵکی بەپێچەوانەوە گوێ بۆ شتێك دەگرێت کە خۆی دەیەوێت، کەوایە خەڵکی نایەوێت ئەم وتانەی شاعیر ببیستێت، بەمەش پەیامی ناگات،بۆیە بە کەم نرخی دادەنێت، وەك دەڵێت:

**هەوەڵ مەزات، هەوەڵ مەزات**

**شیعرو وتار**

**حەرفی چڕاو**

**دێڕی بە فرمێسك هەڵ کراو**

**گوێم لێ بگرن خەڵکی وڵات...**

**هۆنراوەی کۆن،**

**هۆنراوەی نوێ...**

**دوا چۆڕی ئامانجی هۆشم**

**وا بە هەرزان**

**وابە تاڵان**

**ئەی فرۆشم!**

**.. فەرهەنگی غەم1، ل70**

یان:
**خەتام نییە حەرفم رەقە،**
**جێی راوەستانم وا لەقە!**
**هەوڵ مەزات، هەوڵ مەزات**
**خواوەندی وەرزی بەهات**
**هەتا ئاوی ڕووم نەتکاوە**
**هەتا خامەم سەری بەرزە**
**لەبرسا لوتکی نەشکاوە!**
**هەتا حەرفم، هەتا دێڕم**
**لەڕێی(جەنگیزا) نەرژاوە**
**هەتا لە(تور)**
**رووم وەرنەگێڕاوە لە ژوور**
**بێن بمگەنێ**

**..فەرهەنگی غەم 1، ل71**

شاعیر لەگەڵ خستنە مەزاتی دەقەکانی لەروانگەی خۆیەوە لەبەرگی ئاڤێستاو بەشەکانیدا دەیرخێنێت، واتە شیعرەکانی لەئاست ئەواندا دەبینێت، ئەمەش لەئەنجامی هەستکردن بەوەی کە بەگشتی لەلایەك خەڵکی دواکەوتو و نەزانە، لەلایەکی تـرەوە بێبایەخ بوونی دەق بەگشتی و شیعرەکانی بەتایبەتی، لەگەڵ ئەمەشدا مەزاتی شیعر زۆر جیاوازتر دەبینێت لە مەزاتی کاڵا، چونکە مەزاتی شیعر یەك ساتەو ئەم ساتەش دەقەکە بەتەواوی دەکوژێت، وەك دەڵێت:

**هەوەڵ مەزاد، هەوەڵ مەزاد**
**خەڵکی وڵات**
**(پازەند)و( زەند) و( ئاوێستا)م**
**بۆ مەزاتە**
**خەڵکینە بڕوام پێ بکەن**
**ماوەی مەزات بۆ یەك ساتە**

**..فەرهەنگی غەم 1،ل72**

2- **لەتیف هەڵمەت:** لەشیعری( چیمان گۆڕی)(1971) ناونیشان بریتییە لە رستەیەك ولەهەمانکاتدا رستەکە دەبێتە پرسیار لەو ئەنجامەی کە بەیانی یانزەی ئازاری 1970 بەدوای خۆیدا هێنای، بەواتایەکی تر ناونیشان پاراتکێستی دەقەو تێیدا رەخنە لەوە دەگرێت کە بەرهەمی یانزەی ئازار چ گۆڕانێکی نەتەوەیی و نیشتمانی، مێژوویی.....تاد بەدوای خۆیدا هێناوە، ئەم رەخنەیەش کە هێزی ناونیشانەکەیە، لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە گۆڕینەکان بریتیین لە گۆڕینی شتە لاوەکییەکان کە هیچ پەیوەندێکیان بە ڕێکەوتنە سیاسییکەوە نییە، چونکە تەنها ناو و کەسایەتییەکان گۆڕاون، بۆیە هەر لەناونیشانەوە دەرئەنجام لە روانگەی بەپرسیارکردنی ناونیشانەوە وەردەگرینەوە، کە هیچمان نەگۆڕیوە، وەك دەڵێت:

**هەرچیمان وت...**
**هەرچی دەڵێین درۆیە**
**ژەنگ و درزی پردەکانی**
**نێوانمانی**
**پێ سواغ دەدەین وەکو بۆیە...**
**گۆڕینی چی... چیمان گۆڕی؟**
**ئاو یا بۆڕی؟**
**شۆرینی چی...چیمان شۆری**
**مەڵێن وشەو رەنگمان گۆڕی..**
**کیش و سەرواو دەنگمان گۆڕی..**
**رواڵەتی ژینمان گۆڕی**
**ناوی مەم و زینمان گۆڕی**
**گۆڕی مردوەکانمان گۆڕی**
**ناوی هیتلەرمان گۆڕی**
**جێگای پەیکەرمان گۆڕی**
**بەڵام دڵمان لێی نەبڕا تاڵی و شۆری**

**.. دیوانی لەتیف هەڵمەت،ل258**

کەواتە ئەوەی ناوی گۆڕینە بریتییە لە شتێك کە پەیوەندی بە دۆزە سیاسییەکەوە نییە، یان بەئەندازەی دۆزە سیاسیەکە بەرهەمی نەبووە، بۆیە گۆڕینەکان لاوەکین و کێشەکان بە هەڵپەسێراوی ماونەتەوە، چونکە ناسۆریەکانی ژیان هەر وەك خۆیانن و سەرکردە عیراقییەکان چوونەتە بەرگێکی ترەوە نەك گۆڕابن، بۆیە شاعیر لەبەرامبەر ئەم گۆڕینەدا، داوای بەڵگە لەسەر ئەم هەل و دەسکەوتە سیاسیان دەکات، وەك دەڵێت:

**گۆڕینی چی چیمان گۆڕی؟**
**چ بیرێکی کۆنمان پسان**
**قەڵای کام زۆردارمان رمان...؟**
**دوای هەزاران چەنەبازی و خۆهەڵکێشان**
**دوای ئەو گشت بگرەو بەردەیە**
**چیمان بەخشی بەبێکارو هەژاری ئەم نەتەوەیە**
**چی فێرکردین راپەرینی برسێکانی ئەم سەدەیە؟.**

**.. دیوانی لەتیف هەڵمەت،ل260**

شاعیر پێیوایە هەموو ئەم گۆڕینەش لەوەوەیە کە تا ئێستا ئێمە نە خۆمان ناسیوە، نە توانیومانە خۆمان بەبەرامبەر بناسێنین، نە دوژمنمان ناسیوە، چونکە ئێمە بەهوشیاری سیاسییەوە بە دوای دۆزی خۆمانەوە نین، ئێمە هەڵگری بیری سیاسی و نەتەوەیی نین، وەك دەڵێت:

**من زوو وتم: خۆشەویستی لە خوێنماندا نەماوە**
**من زوو وتم: کاتژمێری دەستی گشتمان وەستاوە**
**چونکە ئێمە دڵدار نین**
**چونکە ئێمە...چقڵی چاوی زۆردار نین**
**چونکەئێمە تامەزرۆی بۆنی بەهار نین**
**چونکە ئێمە دڵسۆز نین**

**.. دیوانی لەتیف هەڵمەت،ل270**

**3- ئەنوەر شاکەلی:** لە شیعری(پرۆژەی کودەتایەکی نهێنی)(1971/2/14) ناونیشان بریتییە لە دوو دەستەواژەو ناونیشان ئاشکرایە، کە کودەتا دەبێت بەنهێنی بێت، بەڵام راگەیاندنی ئەم پرۆژەیە بە شیعر، ئەوە خودی پرسیارە سەرەکییەکەی ناونیشانە، بۆیە شاعیر مەبەستییەتی ئەو پرۆژە نهێنییەی، کە بەرامبەر کورد گیراوەتەبەر بخاتەروو، هەر لەبەرئەمەش ئەم ناونیشانە ناونیشانی هەمان دیوانەو لەسەرەتادا نوسراوە سێ دەنگ لە مێژووەوە، بیرۆکەی کودەتاکەش لەم مێژوەوە دەخوینرێتەوە، دەنگی یەکەمیان باس لەو زوڵم و دژواری و نالەباریانە دەکات کە ژیانی گرتوەتەوە، بە شێوازێك ئەم پەنگ خواردنەوەیە دەرئەنجامە و لەپڕ پەرچەکردارێکی خراپی دەبێ، ئەم پەرچەکردارەش هێزی چەوساوەکانەو لێرەوە ئیندێکسی چەکوشی بەکارهێناوە، واتە هێزی کار دەبێـتە هێزی بازووی و ڕزگار بوون، وەك دەڵێت:

**لەسەر گلێنەی چاوەکان**
**دیواری کۆشك دامەزراوە،**
**وەك نەخشێکی ئێجگار گران**
**کەللە سەرێك هەڵواسراوە**
**لەناکاوا**
**کورەی ئاگر کۆشك و دیوار وێران ئەکا**
**گلێنەی چاو دیمەنی ژیان ئەخواتەوە**
**چەکوش ئاوی تینوێتی یە**

**.. پرۆژەی کودەتایەکی نهێنی، ل 23**

دەنگی دووەمیش باس لە بڵاوبوونەوەی ئاینی دورگەی عەرەبی دەکات بەسەر شاخ و دەشتی وڵاتان و شەقامەکان، بەشێوازێك ئەم تەسلیمبوونەی هەندێ خەڵکی بە ئاین و عەرەب وایکردوە لەی عەرەبستان بە پیرۆز راگرن، وەك دەڵێت :

**بیابانی دوورگەی عەرەب**
**گەردو لمی ئاگرینی**
**ئەڕژێتە شاخو دەشتی وڵاتەکان**
**شەقامەکان داپۆشراون**
**بۆ دامەزراندنی مزگەوت**
**بەردو داریی**
**شاخەکانیان کرد بە دیوار،**
**لمی دورگەی عەرەبیان کرد**
**بە مرواری**

**.. پرۆژەە کودەتایەکی نهێنی، ل 23**

بەڵام دەنگی سێیەمی سوار چاکی کوردستانە، کە لەئەنجامی ئەو زوڵمەی کە لە کورد کراوە، سوارچاکان چەشنی سپارتاکۆس و سیزیف توڕەن، بەڵام لەگەڵ ئەم دڵسۆزیەدا، سیاسەت و ئایدیاکی بەهێزو یەکگرتوویان بۆ گەیشتنە ئەم ئاسۆیە دیاری نەکربوو، بۆیە سوارەکان تەنها دڵسۆزی و خۆشەویستی نیشتمان وایکردوە، دوای ئەم خەباتە بکەون، وەك :

**ئاسۆ دیار بوو کەسوارەکان بەتاو هاتن**
**ئاڵای ڕۆژیان هەڵگرتبوو**
**روخساری پڕ لە توورەیی- سپارتاکۆس،**
**چاوی – سیزیف-،**
**لە رومەتیانا دەر ئەکەوت**
**لەژێر گەردو تۆزی چڕی**
**سمی وڵاخەکانیانا**
**ئاسۆ لەچاو ون بوو، نەما.**
**لەبیریان چوو!**
**وشەی نهێنی دابنینن**
**چەکوش، چرا لەگەڵ خۆیانا هەڵگرن**

**..پرۆژەی کودەتایەکی نهێنی، ل 24**

**4- ئەنوەر قادر**: لەشیعری(پشکۆکانی ناخم)( 1972) ناونیشان لە سێ وشە پێکهاتوەو بریتییە دوو دەستەواژە، ئەوەی ناونیشانی پڕ واتا کردوە پشکۆیە، چونکە پشکۆ هەڵگری خاسیەتی سوتان و گڕە، بۆیە ناونیشان یەکێکە لەو ناونیشانەی کە هەر لەسەرەتاوە ئەو ئاماژەیەمان پێدەبەخشێت، کە سەرتاپای شیعرەکە باس لەو خەمانە دەکات، کە لەناخی شاعیردا هەن، بەدیاریکراوی لە نەستی شاعیردا کۆبوونەتەوە و بوونەتە بەشێك لە خودی شاعیر و بەجێی ناهێڵن، پشکۆکانیش خۆیان لە(ژانی تاڵی، دڕکی خەم، ئازاری ناخ، دابڕان،....) هەموو ئەمانەش بەهۆی ئەو ئازارانەوەیە، کە دووچـاری شاعیربوون و بوونەتە پشکۆ، یاخود ئەو کۆسپ و بەربەستانەی کە لەگەڵ ڕێبازو ئایدیایدا ناگونجێن و ئازاری دەدەن، بەڵام دواجار کۆی ئەمانە بریتیین لە خودی شاعیرو ئەو خەمانەی کە بوونەتە پشکۆو لە نەستی شاعیردان ئازاری دەدەن، یان لە بیری دەرناچێ، بەواتا شاعیر بۆ هەریەك لەم پشکۆیانە نموونەیەکی هێناوەتەوە، بۆ ئەوەی رادەی بەهێزی ئەو پشکۆیانەی کە لە ناخیدا هەن، بە خوێنەر بناسێنێت، لەبەرامبەریشدا شاعیر سورە لەسەر رووبەرووبوونەوەیان و دەیەوێت باوەش بۆ هەتاوی ژیان بکاتەوە، بۆ نموونە :

**گزەبای کێوی ژانی تاڵ**
**گەڵای زەردی وەریوی گیان**
**ئەوروژێنی...**
**کاتێ بەداسی تیژی گڕی ڕقی سوور**
**دروێنەی دڕکی خەم ئەکەم**
**باوەشم بۆ چەپکێ هەتاو واڵا ئەکەم**
**لە کفنی گۆڕستانی تاری ناودڵما**
**چاوی مردن تێر خەو ئەکەم**
**خۆشەویستم**

**کاتێ سامآڵ.... سامآڵی سڕ**
**بە دڵێکەوە پڕ لە گڕ**
**بۆ باوەشی نشێوەکان**
**بۆ دەس بازیی نەمامە باڵا سەوزەکانی ئەچێ**
**زۆر دەمێکە دەنووکی واشەی ژانی تاڵ**
**جەرگی جەستەی چاوەڕوانیم هەڵئەدڕێ**
**زۆر دەمێکە هوزاری تاسەی دەروونم**
**ڕێبوارێکە**

**.. زریان، ل 5**

**5- شێرکۆ بێکەس:** لەشیعری(من تینوێتیم بەگڕ دەشکێ)(22/ مارت/1972) ئەگەرچی ناونیشانی ئەم دەقە شیعریە ناونیشانی هەمان دیوانە، کەوایە یەکێکە لە شیعرە جوانو بەهێزەکان لای خودی شاعیر، بۆیە کردویەتیەوە بە ناونیشانی دیوانەکەی و بریتییە لە رستەیەك، تینویەتی هەرگیز بەگڕ ناشکێ و ئەوەی لەگەڵ ی تەبایە ئاوە، بە پێچەوانەوە گڕ کردارێکی سوتێنەرە واتە(تینویەتی + ئاو - گر)(گر + ئاگر - ئاو) ە، بەڵام خودی شاعیر لەخۆیەوە ئەم ناونیشانەی هەڵنەبژاردووە، کەوایە مەدلولی تر لەپشت ئەم ناونیشانەوە هەیە، بۆیە پەیامی سەرەکی دەق تینووی شاعیرە بۆ ئازاد و رزگاری، لەو سەردەمەدا ئازادی و ڕزگاری بە روو بەڕووبوونەوە بووە، لەم پێناویشیدا چەندین قوربانی دراوە، بۆیە شاعیر تینوی گڕە بۆ ڕزگاربوون و تەنها ئەم گڕە دەتوانێت ئازادییەکان بهێنێت، چونکە سەرچاوەکانی ئازادی لە شەوێکی سوێردا هەڵدەقووڵێت، یان ئازادی لە چنگی ئاسندایەو دژە ئاسنیش گڕە، کەواتە مەدلولەکانی تینویەتی، ئازادی و رزگاری و یەکسانییە، گڕیش واتە خەبات و شۆڕش و رووبەرووبوونەوە چەکداری، وەك دەڵێت :

**ئاوم .... ئاوم**
**ئاوی تینوم...**
**سەرچاوەکەم ... لەدەمی شەوێکی،**
**سوێردا هەڵ ئەقووڵێ**
**جێ پێ ی شەپۆلی خنکاوی،**
**خۆی هەڵ ئەگرێ.**
**ئاوی تینوم ....**
**رووباری ئاواتی ماندووی ڕوەو زەریا..**
**سەرهەڵ گرتووم**
**بەژێر پردی ئیسکی شەهیدی نۆساڵەو،**
**سبەینێ دا.. تێ ئەپەڕم**
**ڕۆخی خوێناویی خۆم ئەسڕم.**
**ئاوی تینوم**
**هەتا سەربەرەو خوار بڕۆم**
**دەم و چاوی غەریبیم،**
**لە ڕێگەی دوورترا بشۆم،**
**لە تینوێتیم ئەخورێتەوەو... خۆم هەر تینوم!**

**...من تینوێتیم بەگڕ دەشکێ،ل 35**

شاعیر لەبەرئەوەی لەو ساتەدا دەرفەتی یان هەلومەرجی بەو جۆرە تینوشکاندنەی نەبووە، بەڵام هۆکاری شکاندنی تینویی گەلی عەرەب بووەو هاوکاری کردون لە قۆناغەکانی رابـردودا، بەڵام دواجار پشتیان لە کورد کردوە، بۆیە هانای بۆ شیعر هێناوە تا تینوێتی بشکێنێ، بۆئەوەی بەشێك لەم گڕەی دەربڕێت، وەك دەڵێت:

**من.. تینیوێتیم ئەمخواتەوە ...**
**من.. تینوێتیم بە کڕ ئەشکێ ...**
**بۆیە هاتووم.**

**بەسواری ئەسپی ڕەشەبای شیعر هاتووم**
**ئاگر دانی - ساردەوە بووم -،**
**بۆ پشكۆی هۆنراوە هاتووم**

**.. من تینوێتیم ل 38**

هەروەها ئاماژە بەو شەهیدان و قوربانیدانەی كە لە ڕێگەیدا دراون دەكات و باس لە بابا گوڕ و ژێردەستەیی و چەخماخەی شۆڕش و مانەوەی بەرگری دەكات، بەوەی ڕۆژێك دێت ئەو گڕو هێزە شـاراوەی، كە شاعیر وەك نموونەی كورد هێناونی، رووبـەرووی ئەو بەربەستانە دەبێتەوەو تینویەتییەكەی دەشكێنێت، هەروەك چۆن بولبول شەیدای گوڵە، وەك دەڵێت:

نەورۆزێكم.... هێشتاكو نەكراومەتەوە
نێرگزێكم هەتاكو ئێستە نەڕواوم
بەفرێكم نەتواومەتەوە....
**پرسەیەكم هەڵ نەساوم**
**جۆگەیەكم.. لەكەنارما خەم شین ئەبێ..**
**ئازار ئەڕوێ و گوڵ دەرئەكا**
**چڵ....تاجی گر لەسەر كا**
**خوێن بولبولەو بۆی ئەخوێنێ**

**..من تینوێتیم بە گڕ دەشكێ،ل 44**

**6- عەبدوڵڵا پەشێو:** لە شیعری(شیعر)(1975 /2/19) ناونیشان بریتییە لە ناوێك و بنچینەی كاری شاعیرە، لای شاعیر شیعر تەنها بریتی نییە لە ریزكردنی وشەو چ كاتێك بتەوێت بینوسیت، بۆیە شیعر لای شاعیر لەگەڵ ئەوەی بۆ هاتن، یاخود نوسینی ئاسان نییە، لەهەمانكاتدا پێویستی بە ئەزموون و توانست هەیە، لەم پێناوەشدا بەراوردێك دەكات و دەیەوێت ژن وەك كچێكی دوو دڵ و ڕاڕا بخاتە روو، بەوەی لەكاتی پەیمانی ژواندا، یان

هەر ناچێت، یان بەدەگمەن دەچێت، دەیەوێ بڵێت شیعر زۆر بە زەحمەت خۆی دەدات بە دەستەوە و زۆر جار شاعیر لە کاتی هاتنیدا دووچاری دوو دڵی دەکات، بۆیە شیعر و ژن و بە دەگمەن هاتنەکە بەخشینی ئیستاتیکایە بە دەق،ئەمەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، بەدەگمەن هاتنەکەی جوانی و بەبایەخی دەردەخات، نەهاتنەکەشی قورسی و گرانی وەك دەڵێت:

**تادێ شیعرم خۆشتر دەوێ**

**چونکە شیعر، وەك شوخێکی دوودڵ وایە**

**هەموو رۆژێ،**

**جێ و کاتی ژوان نیشان دەکەین،**

**بەدەگمەن دێ... یا هەر نایە**

**..دیوانی عەبدوڵڵا پەشێو، ل 28**

هەروەها لەشیعری(دوا لاپەڕەی یادداشتی دڵدارێك)(1971/11/10)دا، ئەگەرچی ناونیشان پێکهاتەیەکە لە دوالاپەڕەو یاداشت و دڵدار، بەمەش بووە بە دەستەواژەیەك و لەناو ئەم سێ وشەیەشدا دڵدارەکە یاداشتەکە بەهێز دەکات و لەناو ئەمانەشدا دوا لاپەڕەکە، چونکە دوا لاپەڕە دوا دەرفەتی درکاندنی رازەکان و داننانە بەرابردودا، هەروەها واتە دوا پەیامی شاعیر، بەمەش ئەم شیعرە، شیعرێکە بریتییە لە دانپێدانی شاعیرێك بەڕاستی رابردووی خۆی، چونکە نەیتوانییەوە لەسەرەتاوە ئەمە بە خۆشەویستەکەی بڵێت، ئەمەش لەپێناو سەرلەنوێ بنیادنانەوەی ژیانێکی نوێ، کە لەسەر راستگۆیی و متمانە بەخۆبوون بنیادبنرێت، جگە لەمەش لاپەڕە واتە کۆتایی هێنان بە نهێنییەکان، بەڵام بەو مەرجەی ئەم دڵدارەی ببێتە ئاسمان و باران و هەناسەی شاعیر، چونکە ئەم هەڵوێستەی متمانەی لەلا دروستدەکات، کەوایە دوا لاپەڕە بەڵێننامەو بەستنی پەیامی راستگۆییە لەنێوان هەردووکیاندا، وەك دەڵێت:

**بەڵێن بدە :**
**کە تاریکیم بۆ ڕاناخەیت**
**بەڵێن بدە :**
**کە شەختە بەند ناکەیت بەرپێم**
**منیش.. بەڵێنت پێ ئەدەم،**
**دان بە ڕابردووما بنێم!**

**..دیوانی عەبدوڵڵا پەشێو ل 133**

جگەلەمەش شاعیر ئەو پەیامە بەیار دەڵێت، کە چوونە ناو دەقی شیعریەوە، پەیوەستە بە چوونە ناو رۆحی شاعیرەوە، ئەم هەنگاوەش بەو بەڵێنانە دەبێت، کە لە دوا لاپەڕەدا خراونەتەروو، وەك دەڵێت:

**گەر ئەتەوێ...**
**خوێنی دەمارو شیعرم بیت**
**داستانێك بیت..بێ کۆتایی**
**بەڵێن بدە :**
**هاناسەم بیت... سێبەرم بیت.... بارانم بیت**
**تاکو منیش،**
**شانۆی کۆنم جێ بهێڵم**
**دەمامکی ڕووم، فڕێ بدەم**
**دوو باڵی پڕ خۆشەویستیم،**
**لەگەردنت گرێ بدەم!**

**... دیوانی عەبدوڵڵا پەشێو ل 134**

7- **جەلالی میرزا کەریم :** شیعری(لەکوێم)( 1975)ناونیشان بریتییە لە رستەیەك، بەڵام لە هەمانکاتدا هاوەڵکاری پرسی بەکارهێناوە، بۆیە ناونیشان پڕە لە دیالێکتیکی نێوان(شاعیر، نیشتمان، دایك) و پەیوەندیەتی ئەم سیانە و

دابڕان و هۆکاری دابڕاندنەکە دەخاتەروو، وڵات واتە دایك بەپێچەوانەشەوە ڕاستە، بۆیە شاعیر شیرەخۆرەیەو شیری مەمکە پڕ زوخاوەکانی نیشتمان دەخوات، بۆیە لە ئامادەبوون و نەبوونییەتی وڵات و دایکدا، وایکردوە وێڵی ئەم شوێنکەوتنە بێت و بەدوای نیشتماندا بگەڕێت، بۆیە شاعیر دەیەوێت شوێن و حاڵەتی خۆی لە ناونیشاندا بە خوێنەر بڵێت، بەڵام لە دەستپێکەوە بە ئەحواڵپرسین لە نیشتمان یان وڵات و دایکەوە دەست پێدەکات، بەڵام دواتر پرسیارکردنە لەو، دوای ئەمانەش وەڵامی لەکوێی بوونی خۆی دەداتەوە وەك:

**وڵاتەکەم... ئافرەتێکە،**
**مەمکەکانی.. دوو دەریاچەی پڕ زووخاوە**
**«منیش هێشتا، شیرەخۆرەم»**
**- دایە لەکوێیت ؟**
**دایە! پێیان وتم : ئەمریت!**
**وتم : لەکوێیت ؟**
**خوایە! پێیان وتم : ئەژیت :**
**وتم لەکوێیت ؟**
**.. ڕێگا دورەکان،ل 15**

یان:

**تەنیا خۆمم،**
**نازانم... کام ڕێگا ئەمبا ؟**
**کام ڕەشەبای ئاگراوی هەڵمئەگرێ ؟**
**ئەمجارەش توولە ڕێی کێوی هیوا ئەگرم،**
**گیانم....... لەناو گۆڕی خۆیدا،**
**چەکی مردووم ئەشواتەوە،**
**هەوراز ئەبڕم**
**.. ڕێگا دورەکان،ل 1-718**

## 2- سیمیۆلۆژیای کەسایەتی

کەسایەتی لە سیمیۆلۆژیادا، بریتییە لە نیشانەیەك و بەنیشانەبوونیشی لەدەقی ئەدەبییدا، کۆمەڵێك ئەرکی گرنگی ئەکەوێتە ئەستۆ، لەم روانگەوە حمید لحمدانی دەڵێت» کەسایەتی پێکهاتەیەکی گێڕانەوەییە و وەك نیشانە(SIGNE) وایەو خاوەن هەردوو ڕووی(دال(SIGNI FIANT) مەدلول(SIGNIFIE)ە، لەگەڵ نیشانەی زمانی جیاواز «50 یاخود بریتییە لەبەکارهێنانی ناو، یان کەسایەتییەکان لەناو دەقی ئەدەبییدا، بەمەبەستی کورتکردنەوەی ئەو رۆڵانەی، کە ئەم کەسایەتییانە لە ژیانیاندا گێڕاویانە، یان خستنەرووی وەك دەلالەتێك لەو دەلالەتانەی، کە رۆڵەکانی ئەم کەسایەتییە دەیانگەیەنێت، واتە کۆمەڵێك پەیوەندییە لەنێوان کەسەکان و ئەو رۆڵانەی پێیهەستاون، بەمەش تۆڕێکی پەیوەندی بەیەکداچوون و لەرێگەی ئەم تۆڕەوە، هەست بە رۆڵەکان دەکرێت، یاخود ئەو کارانەی، کە ئەم کەسایەتیانە ئەنجامیانداوە و بەهۆیانەوە لە کۆمەڵگەدا بوونەتە خاوەن پێگەی تایبەت، یان پێی ناسراون و لەبری ئەوەی باس لەو پێگەو رۆڵانەیان بکرێت، ناوی کەسایەتییەکان دەهێنرێنە ناو دەقە ئەدەبییەکانەوە، دەشێت ڕۆڵێك لەو ڕۆڵانەی کە دەقەکە دەیخوازێت و لەم کەسایەتییەوە هەڵبهێنجرێت، کە دەیگێڕێت، واتە دەکرێ یەکێك لە ڕۆڵەکانی، یان چەند ڕۆڵێکی، لەو دەقەدا بەکاربهێنرێت، دەکرێ سیمای ناوخۆیی، یان بونیادی دەرەکی کەسایەتییەکە پیشانبدرێت، بەوەی سیاقی دەرەکی شێوەی چۆنە، ڕەنگی چاوی، یان سیمای دەم و چاوی و باڵای هەڵسوکەوتی و تۆنی دەنگی.... تاد، ئەوەی لەم شێوانەوە هەڵدەهێنجرێت، دەتوانرێت دەلالەتی جیاوازی لێبهۆنرێتەوەو لە ڕێگەیانەوە نوسەر مەبەستی بگەیەنێتە خوێنەر.

یان بە پێچەوانەوە سیفاتی ناوخۆیی کەسایەتییەکە، کە بریتییە لە سیفاتی دەروونـی و بیرکردنەوەو لایەنی کۆمەڵایەتی وەك دڵ پیسی و ئیرەیی، توڕەبوون، زیرەکی....تاد، کە لە دەقەکەدا بەرجەستەیدەکات، ئەمانە

یارمەتیدەرن بۆ ناسینی کەسەکەو چەندێکیش لەسەریان چڕبیتەوە، هۆکارن بۆ لێکۆڵینەوە لە دەقەکە لە روانگەی سیمیۆلۆژیەوە.

کەسایەتی سیمیۆلۆژی ئەو کەسایەتیانەن، کە لەرووی واقیعیەوە ئەم پێگەیان بۆ خۆیان دیاریکردوە، یاخود دەشێ کەسایەتییەکی مێژوویی و ئەفسانەیی....تاد بـن، بـەڵام لە بـواری خۆیاندا خـاوەن رۆڵـن، بۆیە «کەسایەتییەکان درێژکراوەی کەسایەتی واقیعین، ئەمەش بە پرەنسیپی گونجاندنی دەلالی رەها دەبێت، لە نێوان جیهانی دەق و جیهانی واقعیدا»51

بوونی کەسایەتی لەدەقدا، لەپێناو وێناکردنی بونیادی واتایی و نیشانەی دەقە شیعریەکەیە، بەوەی کەسایەتییەکە هۆکاری بەرهەمهێنانی کۆمەڵێك دەلالەتی جۆراوجۆرە، یاخود لەناو کەسیەتیەکەدا کۆمەڵێك بابەت بەیەکەوە پەیوەستدەکات، بەمەش کەسایەتی لەدەقی شیعرییدا، بریتییە لەو دەنگە شاراوانەی، کە دەنگ و پەیامە نەگوتراوەکان تەواودەکات.

ئیڤێس روتێر دەڵێت» کەسایەتی لە دەقدا، هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی کارێك لە رێڕەوی کاتی لە چوارچێوەی شوێنێکی دیاریکراودا»52 هەروەها فلیپ هامون دەڵێت» کەسایەتی یەکەیەکی دەلالییە، بەو پێیەی مەدلولێکەو شیاوی لێکدانەوەو وەسفە، وا سەیری کەسایەتی دەکریت، کە ناوێك بێت بەدوای مانادا بگەڕێت، یاخود دالێك بێت بەدوای مەدلەلەکەیدا بگەڕێت»53

لەڕاستیدا خوێنەر لە ڕێگەی ئەو ڕۆڵـەی، کە وشەکە لەرستەکەدا دەیگێڕێت و لە ڕێگەی ئەو پەیوەندیەی کە لەگەڵ وشەکانی تردا هەیەتی، واتاو مەبەستەکە وەردەگرێتەوە، واتە ئەوە کۆنتێکستی رستە شیعریەکەیە، کەسایەتیەکە دەکاتە نیشانەیەك، بۆ ئەو مەبەستەی شاعیر دەیەوێت بیخاتەروو، ئەمەش بەهۆی ڕۆڵی کارنامەییەوە، دەتوانرێت ئەم بە نیشانە بوونە بەرهەمبهێنرێت.

شاعیر کەسایەتی وەك خود و بوونییەت و ڕۆڵەکانی گرنگی پێدەدات، واتە تەنها لە ڕۆڵەکانیدا گرنگی پێنەداوە، بەڵکو لەخودی خۆشیدا بایەخداریکردوە..

تیۆرەکەی(فلیب هامونPHILIP HAMON) لەبارەی کەسایەتییەوە، یەکێکە لە تیۆرە نوێکان و دەڵێت «کەسایەتی بە پلەی یەکەم وەك نیشانە وایەو هەردوو رووی دال و مەدلولی هەیە»54 هەرکاتێکیش ئەم کەسایەتییە گوازرایەوە بۆ دەق و بونیادنرا، ئەم رۆڵە دەگێڕێت، واتە پێشتر ئامادەسازی بۆ نەکراوە.

تزفیتان تۆدۆرۆف پێیوایە «کەسایەتی لە پێکهاتە دەلالیەکەیدا، لەسەر کارنامە وشەسازییەکەی وەستاوە، واتە کەسایەتی وەك نیشانەیەکی زمانی دادەنرێت و پێکهاتوە لە دال و مەدلول»54، نیشانەش لەروانگەی سیمیۆلۆژییەوە یەکەیەکی زمانییە، دالێکی ئامادەو مەدلولێکی نائامادە، کە پەیوەندێکی بە هێزیان بەیەکەوە هەیە، کەواتە کەسایەتی نیشانەیەو پێکهاتوە لەم دوو رەگەزە، دال ناو یان کەسایەتی و مەدلولیش هەڵگری ئەو دەلالەتانەیە، کە لە ناخیدایە، فلیپ هامون دەڵیت»ئەگەر کەسایەتی مەدلول بێت، واتە رەگەزێکە لە نیشانە، ئەوا لەرێگەی دالەوە نەبێت دەرناکەوێت «55 بەمەش نیشانە زمانییەکە فراوان دەبێت، بۆئەوەی بتوانێت تەواوی پێکهاتەکانی دەق لەخۆ بگرێت، لەگەڵ ئەوەشدا چەمکی کەسایەتی، سەربەخۆیە لە سەرچاوەکەی، بەوەی تەنها ئەوەی لێ رەچاودەکرێت، کە دەقەکە دەیخوازێت.

کەسایەتی لەدەقەدا دوو کارنامەی هەیە، یەکێکیان لە رستەکەدا دەیگێڕێت، هەر وەك وشەکە لە رستەداو لەگەڵ وشەکانی تردا واتا وەردەگرێت، ئەوی دیکەیان ئەدەبییەو لە ڕێگەی سیستمی رۆشنیری و ئیلهامی جوانی، کە دەقەکە لەخۆی گرتوە دیاریدەکرێت، کەسایەتی خاون مەدلولی خۆیەتی، بەوپێیەی پەیوەندی بە کۆمەڵێك وەسفی کەسایەتی و کارنامەوە هەیە، کە بنچینەی سەرەکی پێکهاتەی ئەم مەدلولەی کەسایەتین.

هەروەها بەراوردکردنی کەسایەتییەکان لە نێوان خۆیان و کارەکانیان، چونکە لەلایەك پەیوەندیدارن بە یەکەوە، لەلایەکی ترەوە مەدلولەکەی ڕووندەکاتەوە و سیفەتەکانی بەرزتردەکاتەوە بەهۆی ئەو پەیوەندیە

لێکچوون ودژیەوە، کەواتە ئامادەبوونی کەسایەتی لەدەقدا، لەسەر بنەمای پەیوەندی گونجاندن دەبێت وەك:

-پەیوەندی کەسەکان بە یەکترییەوە : بەوەی کەسایەتییەکان لەگەڵ یەکتری سیفاتی هاوبەش و کارنامەی هاوبەشیان هەیە.

-شاعیر لە شیعردا کەسایەتییەکان لەخۆوە هەڵنابژێرێت.

دەکرێ لە دەقی شیعرییدا ناوەکان وەك خودی ناو بەکاربهێنرێت، بەڵام بەکارهێنانی بەم شێوە سادەیە لەناو دەقی شیعرییدا هەروا نامێنێتەوە، بەڵکو کاریگەری لەسەر دەقەکە هەر دەبێت، چونکە لەناو دەقدا دەشێ ناوەکە نیشانە بێت، هەروەها دەکرێ لەدەقی شیعرییدا هەر کەسایەتی بەکارنەهێنرێت، دەقی شیعریی بەهێزیش بنوسرێت، بەڵام هێنانی کەسایەتی بۆ ناو دەقی شیعریی بەو مەبەستە نییە، کە ئەو کەسایەتییە بنەمایەکی سەرەکییەو هەر دەبێت بوونی هەبێت، بەڵکو بۆ ئامانجێکی دیاریکراوە، کە لەناو نیشانەکەدا هەڵگیراوە.

بۆیە کەسایەتی بەئامادە بوونی لەناو دەقی شیعرییدا، پێویستە کارنامەی هەبێت، بەمەش کیان و بەهایەك لەناو دەقەکەدا دروستدەکات، سیمیۆلۆژییەکان وایدەبینن، ناوی کەسایەتی نیشانەیەکە، خاوەن دەلالەتەو حاڵەتێکی گەڕانەوەیی و سەرچاوەییە «56 جاری واش هەیە خودی ناوەکان دەبنە ناونیشانی دەقەکان، ئیدی شیعریی بێت، یان چیرۆك و ڕۆمان، لەگەڵ ئەمەشدا لێکۆڵینەوە لەسەر پەیوەندی نێوان ناوەکەو کەسایەتییەکە، ناو و ناونیشان، دەکرێت کەسایەتییەکە ببێتە ئاماژەیەك، بە گشتیش ئەو کەسایەتیانەی کە لە دەقی شیعرییدا بەکاردێن، کەسایەتی واقیعین، بەڵام بە خستنەڕوویەکی جیاوازتر لەوەی لە کۆمەڵگەدا ناسراون، یاخود خوێندنەوەیان بۆ دەکرێت.

بەکارهێنانی ناو، یان کەسایەتی وەك نیشانە، ڕۆڵیان وەك ئیکۆنۆمیکردن لەزمانی شیعرییدا هەیە، بۆیە کەسایەتی تەنها پەیوەست نییە بە ئاستی رووکەشەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە زیاتر لەقووڵایی دەقەکەدا ڕۆڵی هەیە،

بەمەش بەهای کەسایەتییەکان لەو روانین و ڕۆڵەدا دەردەکەوێت، کە لە دەقەکەدا ڕەگەزەکان سیفاتی کەسەکەیان بونیاد ناوە. بەمەش پەیوەندی لێکدانەوەیی لە نێوان کەسایەتی و ڕۆڵەکانی ناو بونیاتە دەلالیەکاندا هەیە، بۆیە» ئەگەر مامەڵە لەگەڵ کەسایەتییەکەدا بکرێت، وەك یەکەیەکی دەقی درێژنەکراوی ئەوەی، کە لە دەرەوە بونیادی دەقەکەی پێکهێناوە، واتە دورخستنەوەی هەموو ئەو تێڕوانینانەی، کە ئەم کەسایەتییە دەکەنەوە بە بەهاو واتای کائنێکی زیندو»57 وەك تزفیتان تۆدۆرۆف دەڵێت» دەبێتە کائنێکی وەرەقی» 58 واتە سیماکانی لە ڕێگەی لاپەڕەکانەوە وەردەگرێت، لەبەرئەوە جیهانی کەسایەتی کراوەیە بە ئەندازەی ئەو کرانەوەیەی، کە لای خوێنەر هەبێت، یان دروستدەبێت.

بەکارهێنانی کەسایەتی لەناو دەقی شیعرییدا، بەخشینی دەلالەتی ئەو کەسایەتییەیە بە ناوەکە، علی عشری زاید دەڵێت»کەسایەتی بریتییە لەبەکارهێنانی گوزارشتێك، کە هەڵگری رەهەندێك لە ڕەهەندەکانی ئەزموونی شاعیری هاوچەرخە، واتە دەبێتە هۆکاری گوزارشت و ئیجا لە دەستی شاعیردا و لە ڕێگەیەوە گوزارشت لەوێناو ڕوانینی هاوچەرخی دەکات «59 مەرجیش نییە هەموو کات هەر ناو، یان کەسایەتی لە دەقی شیعرییدا بەکاربهێنرێت، چونکە هەندێك جار» شاعیر بۆئەوەی گوزارشت لە کەسایەتییەك بکات، هەوڵدەدات لە ڕێگەی هێنانی هەڵوێستێك، یان پرەنسیپێك یان بیرێکەوە، کە ئەو کەسایەتییە هەڵگریەتی، یان پارێزگاریلێکردون، ئاماژەی پێببەخشێت»60

کەواتە شاعیر لە بارێکدایە دەیەوێت کەسایەتی، کە لە روانگەی هەڵوێستەکانییەوە لەبەرامبەر دۆزە نەتەوەیی، سیاسی، کۆمەڵایەتی.... تاد کە گوزارشتیان لێبکات بەکاربهێنێت، یاخود کەسایەتیەکان، کە بە گشتی پۆلینکراون بۆ(مێژویی، کۆمەڵایەتی، ئەفسانەیی، مەجازی....)تاد هەریەکەیان لە دەقی ئەدەبیدا، بەپێی ئەم پۆلێنەی خۆی رۆڵی پێببەخشرێتەوە، جگەلەمەش ئەو کەسایەتیانەی، کە لە شیعردا بەرجەستە دەبن، بەگشتی هەڵگری نیشانە و کۆدێکن، ئەمەش لە لاپەڕەکانەوە دەیانباتەوە بۆ جیهانی واقیع، جگە

لەمەش ناونیشانی کەسەکە، هەمان رۆڵ دەگێڕێت، بۆیە ابراهیم محمد دەڵێت» بەکارهێنانی ناونیشان بەراستەوخۆیی وەك ئاماژەی دیاریکردنە، بەڵام نازناو لەیەککاتدا ئاماژەیەکی وەسفی و دیاریکردنە «61یاخود هەندێ جاریش»بەکارهێنانی ڕۆڵ، مەبەست لە خستنە ڕووی کەسایەتی ڕۆڵگێڕە، کە لە ژیانیدا یان لە قۆناغێك لە قۆناغەکانی ژیاندا گێڕاویەتی، بەبێ ئەوەی ناوی لەناو دەقدا هەبێت، واتە بەکارهێنانی ڕۆڵ، ئاماژەیەکە بۆ وێنەی کەسایەتی ناونەهێنراو و ئامادەکردنی لەبیری خوێنەرداو کۆنتێکستیش تاکە هێڵی جیاکەرەوەیە بۆ دیاریکردنی رۆڵی مەبەستدار»62

بونیاتی کەسایەتی نەکردارێکی لەخۆوەییە، نەملکەچی مەزاجی داهێنەرو خوێنەرە، بەڵکو «پرۆسەیەکی هۆشیاریەو ملکەچی کۆمەڵێك کۆتەو ناشتوانرێ وەك کیانێکی زیندو دروستبکرێت، تەنها لەڕێگەی ئەم کۆتانەوە نەبێت، واتە پرۆسەی داهێنان مەحکومە بە کۆمەڵێك پێوەری تەکنیکی جێگیر لەو بەرهەمە ئەدەبیەدا «63

بەکارهێنانی کەسایەتییەکان زۆربەی کات لە دەقی شیعریدا بەمەبەست بەکاردێت، لەپێناو ئاماژەکردن بە دەلالەتێکی دیاریکراو، کە خوێنەر لە ڕێگەی کەسایەتییەکەوە لەلای خۆی دروستیدەکات، بۆیە بەگشتی لە دەقی شیعرییدا، ئەو کەسایەتییە ڕۆڵی گرنگی لەسەر رووداوی دەق و واتا و مەدلولی دەقەوە هەیە.

کەسایەتی ئەوە دێنێتەدی کە خاوەنییەتی، لەم پێناوەدا( فلیپ هامون) سێ جۆری کەسایەتی لەدەقدا دیاریدەکات64:

1- **کەسایەتی سەرچاوەیی:** بریتییە لەو کەسایەتیانەی، کە پێگەیەکی کەسایەتیان لە قۆناغێك لە قۆناغەکاندا بۆ خۆیان دیاریکردووە، کەسایەتییە مێژویی، ئەفسانەیی وەك(ڤینۆس، زیۆس) و داستانی و کۆمەڵایەتیەکان وەك سوارچاکەکان دەگرێتەوە، هەر یەکە لەمانە واتایەکی جێگیر لەخۆدەکرێت، کە رۆشنبیری دیاریدەکات و خوێنەریش لە دروستکردنیدا بەشداری تێدادەکات، هەروەها محمد عزام پێیوایە»ئەو کەسایەتیە مێژویی و ئەفسانەیی و خوازەیی

و کۆمەڵایەتیانە دەگرێتەوە، کە لە دەقەکەدا بەکارهێنراون65.

**2- کەسایەتی ئاماژەیی:** ئەو کەسایەتییانەیە، کە هێڵی میانەن بەناوی نوسەرەوە، یان ئەو کەسایەتییانە دەگرێتەوە تەنها و بەناوی نوسەرەوە، یان لەبەرگی نوسەردا دەردەکەون.

**3- کەسایەتی بیرهێنانەوەی:** «ئەو کەسایەتیانەن، کە خاوەن کۆنتێکستێکی تایبەتە بۆ کارێك، کە شوناس دیاریدەکات «66،یان ئەو کەسایەتیانەن، تەنها وەك بیر هێنانەوە لەدەقدا بەکاردەهێنرێن.

بە گشتی ئەم کەسایەتیانەش لەدەقی شیعرییدا، بە پێی دەلالەتەکانیان بریتین لە :

**1.کەسایەتی نیشتمانی و دڵسۆز،** کە خەڵکی بە گشتی خۆشیان دەوێن و ڕێزیان لێدەگرن، بە شێوازێك لەگەڵ بوونی گرفت و ئاوارەیی و هەژاری.... تاد، خۆی تەسلیم ناکات و بەردەوامە لەسەر ڕوبەڕوبونەوەی ناحەقیەکان.

**2.کەسایەتی هەلپەرست،** ئەو کەسایەتیانەن خاوەن پارەو دەسەڵاتن و تەنها بەدوای بەرژەوەندیەکانی خۆیەوەیەتی.

هەروەها(هامون) سێ میحوەر بۆ لێکنزیکردنەوەی کەسایەتییەکان دەکات:

**أ.پەیوەستە بە مەدلولی کەسایەتییەکەوە.**

**ب.پەیوەستە بە دالی کەسایەتیەکەوە.**

**ج.پەیوەستە بە ئاستەکانی لێکدانەوەوە «67**

کەوایە ئەگەر کەسایەتی مەدلولی پێببەخشرێ، ئەوا ئێمە مامەڵە لەگەڵ پرۆسەیەکی دەلالیدا دەکەین، کە دەق بەرهەمیدەهێنێت، بەڵام خوێنەر لێکدانەوەی بۆ دەکات، بۆیە مەدلولەکە پەیوەست دەبێت بە خوێندنەوەو هۆشیاری خوێنەرەوە.

بە گشتی کەسایەتی لە دەقی شیعری کوردیدا، وەك ڕەگەزێکە لەوێنە، لە هەندێکی تریاندا بەشێکە لە دەقەکە، لەهەندێکیاندا چەقی سەرەکی،

هەندێ جار هێنانی کەسایەتی وەك خزمەتکردنێکە بە دەقەکە و ئەزمونی شیعری شاعیر دێت، هەندێك جاریش ئەو هۆکارانەی، کە شاعیر لە ڕێگەیەوە کەسایەتییەکە دەخاتەروو، کاریگەری لەسەر خوێنەر دەبێت، لەگەڵ دیاریکردنی کارلێکردنی لەگەڵ سیاقە شیعرییەکەدا.

کەواتە کەسایەتی یەکەیەکی دەلالی تێدایە و بەدرێژایی دەق گەشە دەکات، کەسایەتی مەدلولێکە جیاوازە لە مەدلولی زمانی، بەو پێیەی جێگیر نییە و پەیوەستە بە کرداری پەیوەندیەکان، کە دەقی تەحەکومی پێوە دەکات، بەمەش بەهۆی خوێندنەوەی بەردەوامەوە دەیناسین.

### قۆناغی یەکەم: 1950-1958

**1-دیلان:** لەشیعری(شیرین)(1954) یەکێکە لەو شیعرانەی، کە بۆ خۆشەویستەکەی نوسیوە، بۆیە کەسایەتییەکی واقیعی شاعیرە، لەسیمیۆلۆژیادا گرنگ نییە شیرین کێیەو کچی کێ بووە، ئەوەی گرنگە ڕۆڵ و پێگەی شیرینە لەدەقەکەدا، ئەگەرچی لەم ڕووەوە کۆمەڵێك بۆچوون لەسەر شیعری(شیرین) خراونەتە ڕوو، بەڵام د. دڵشاد عەلی بە پشت بەستن بە ئەرشیفی دیلان ئەوەی یەکلاییکردوەتەوە، کە شیرین کەسەو دەڵێت» گومان لەوەدا نامێنێ، کە شیرین ناوێکی خواستراوە بۆ کەسێکی دیایکراو، دیارە ئەمەش بە تەنها بنیاتی تاقیکردنەوە شیعرییەکەی، ناکات بە بنیاتی دەقێکی ڕەمزی، وەك دیلان بۆی دیاریکردووە، بە گشتی و ئەگەر دیلانیش خۆی هێمای بۆ ئەوە نەکردایە، کە مەبەستی کەسێکی دیاریکراوە، ئەوا دەتوانرێ لە سنوری دەقەکە خۆیدا ئەو مەبەستەی بدۆزێتەوەو ئەو ڕاستیە بخرێتە بەردەست، کە وشەی(شیرین) مانایەکی هەڵگرتوە، نەك ئەو(هەزاران) مانایەی، کە لەلای دیلان دەشێ خوێنەر و گوێگر لێیهەڵێنجن»68، کەوایە شیرین کەسایەتییەکی واقیعییەو پۆتانی دەقی داگیرکردوە، بۆیە شاعیر هەر لەیەکەم بەیتەوە لەگەڵ شیریندا دەدوێ و دەیەوێ پێگەی شیرین لە ژیان و ڕوانینی خۆیدا دەربڕێ، کەوایە شیرین ئەگەر بۆ ئێمە لەدەرەوەی دەق کەسێکی ئاسایی بێت، بەڵام

لای شاعیر کەسایەتییەکە و خاوەن پێگەی تایبەتە، هەرئەمەش وا دەکات خوێنەر ناچاربکات لە دەقدا لە پۆلێنی کەسایەتییدا مامەڵەی لەگەڵ دا بکات، بۆ نموونە:

**شیرین! بەستەی گوڵاڵەی سوور تریفەی مانگم**

**شیرین! گەشەی ئەستێرەی دوور گفتوگۆ و بانگم**

**شیرین! تیشکی ڕۆژی دەم کەل بۆ وێرانەی دڵ**

**شیرین! هاژە و جریوەی مەل بۆ وەنەوشەو گوڵ**

**شیرین! تۆ بووی یەکەم بینین کارەبای نازت**

**چاو هەڵبڕین، زەردەخەنەت، سروەکەی رازت.. ل 53**

لەم دەستپێکەدا بە ئاشکرا دیارە، کە شیرین بووەتە تریفەی مانگ و ئەستێرە و تیشکی ڕۆژ بۆ شاعیر، ئەمەش واتە شیرین هێزو ئاراستەی ژیان و هیواو ئومێدی شاعیرە و بەبێ شیرین ژیان وێرانە، ئەمە جگە لە وەسفکردنی چاو وزەردەخەنەکەی، بەئەندازەی شیرین دڵ راچڵەکێنێت، بۆیەدەڵێت :

**لێی شێواندم تەلی تاری هەڵبەست و خەیاڵ**

**بووم بەو مەلەی بێ لانەیە و زامدارەو بێ باڵ..**

**نەتەبیعەت نە جوانییەکەی نە فەڕو نرخی**

**جارێکی تر وای تەمابێ و خۆش بکا مرخی**

**وابزانی بە پەڕەی گوڵ بە سیحری جوانی**

**راچڵەکێنێ ئا ئەو دڵەی کە تۆی میوانی**

**چونکی لەگەڵ هەر کامێکیان بەراورد بکرێی**

**تۆ پێی بەرزی بەرەو ئاسمان بە سەریا ئەنێی..ل53**

(نە مانگ و ئەستێرە، نە تریفەی شەونم، نە سروشت و جوانییەکەی) هەموویان لە بەرامبەر ئەو دڵەی، کە شیرینی لا میوانە بێبایەخ دەکات و شیرین بەرزدەکاتەوە، کەوایە شیرین و ئەو پیاهەڵدان و وەسف و میوانی دڵە، سەرچاوەی سەرەکی پەیوەندی مرۆڤبوونن، جگە لەمەش باس لەو دابڕانەی

شاعیر لە شیرین و ئەو کۆسپانەی، کە بوونەتە هۆکاری بۆ ئەوەی بۆ شاعیر نەبێت، ئەمەش لای شاعیر چەسپیوە، بۆیە ناوی راستەقینەی پاراستوە، واتە ناونەهێنانیش لەبەر ئەو هۆکارانەو پێگەی کەسایەتی و پاراستنی خودی شیرینە، بۆیە لەبەرامبەر دا خۆی بەهەژارو کڵۆڵ و لاواز نیشاندەدات، شیرین نزیك بووە لە شاعیرەوە، ئیدی وەك خزم، یان گەڕەك و کار، چونکە شاعیر ئاشکرا باس لە نزیکی کۆسپەکانی و گرانیان دەکات وەك:

**هەی هوو هەی هوو، ماوە پان و رێ پڕ لە خێوە**

**کۆسپی بەرلووت بڵندترە لەو شاخ و کێوە..ل54**

کەواتە پێگەی شیرین لەسەر ژیانی شاعیرو دەقە شیعرەکەدا هەیە، چونکە هەموو ئەم گوزارشت و روانینانەی لە شیرینەوە وەرگرتوە، بۆیە ئەوەندە پێوەی بەندەو ناتوانێت وازی لێبهێنێت و چاوەڕێ هیوای ژیانییەتی وەك دەڵێت:

**یا وەك بولبول هەر بەتەمای گەیین بە ئاوات**

**بەرەو هیوا باڵ ئەکوتم بم بات و بم بات..ل55**

هەروەها لە شیعری(شێخ مەحمودی زینـدوو)(1956) دا ئەگەرچی شیعرەکە شینە بۆ کۆچی دوایی شێخ مەحمود، بەڵام شێخ وەك کەساتییەکی ناو دەق، لە ڕووی مەعریفەوە دەقەکەی کردوەتە خاوەن چەمك و مەدلولی جیاواز، واتە دواجار لەم دەقەدا کەسایەتیەك دەدۆزیتەوە ئەوەت پێدەڵێت، کە شێخ کەسایەتێکی نەتەوەیی و نیشتمانییە، نەك تەواوی خەڵکی کوردستان، بەڵکو سروشتیش(ئاسمان شین نییە، تار خاوە، شەڕی شمشاڵ، بولبول دنیای لا گۆڕی تەنگە....تاد) بەرامبەر بەم کۆچە لە ساتی ماتەمیدایە، ئەمەش واتە بەرێزی و پیرۆزی شیخ و دڵسۆزی شێخ مەحمودە، بۆ پرۆسەی سیاسی و نەتەوەیی و کورد و کارکردن بۆ ئازادکردن، لەو پێناوەدا دوورکەوتنەوەو بەندیخانەو ئازاری چەشتوە و دەشیتوانی ئەمە نەبینێت، ئەو ئەزموونەی شێخ وایکردوە ئەرکی بەرپرسیارێتی بەباشی پیادەبکات و توانیویەتی خەڵکی

بەگشتی لەبەرامبەر ئینگلیزدا ڕێکیان بخات و رووبەرووی ئینگلیز زۆر بە ئازایانەو بەو کەرەستەو توانستە سەربازیە کەمەی کە هەیبوە بووەستێتەوە، وەك دەڵیت:

**پاییز.... خەزانی تەماوی و مەنگە**

**گەڵا لق پۆپ خونچە بە ژەنگە**

**ئاسمان نەشینە نەپیرۆزەیی**

**نە شەو جریوەی ئەستێرەی شەنگە**

**پۆلە چۆلەکەی مۆڵی ئێواران**

**کڕ و کش و مات وڕو بێ دەنگە**

**خاڵ خاڵی لوتکەی شیرین و هەڵگورد**

**لەگەڵ فرمێسکا تواوەی پەنگە..ل 80**

کەواتە پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە، خەزانی گەڵاو گوڵ و ماتی چۆلەکەو گریانی شاخ و....تاد ئەو دەلالەتەمان پێدەبەخشێت، کە شێخ لەکوردستاندا کەسایەتییەکی نەتەوەیی و سیاسی بووەو ئەم پێگەیەش وایکردوە خەڵکی بەگشتی بیکەنە سیمبولی ئازایەتی و رووبەرووبوونەوە، واتە کەسایەتی شێخ کەسایەتییەکی نەتەوەیی وپاڵەوانییە، هەرئەمەش کردویەتییە کەسایەتییەکی نموونەیی، وەك دەڵێت:

**کورد شۆڕە سواری وەك شێخی بووبێ**

**سەر نەوی ناکا لەبۆ بێگانە**

**بنو لەباوەش دایکی دڵسۆزا**

**بۆی هەڵبژێرە دەردو هیجرانت**

**ئەو ڕێیەی کە تۆ گرتت لەژینا**

**ئێستەش بەجێت هێشت بۆ ڕۆڵەکانت**

**کوردستان... بگرە چەپکە نێرگسێ**

**سووك دای بهێڵە و بیخە گوڵدانت..ل8384-**

2- **گۆران:** لەشیعری(بانگێك... بۆ پۆل رۆپسن)69(1954) رۆپسن یەكێكە لە گۆرانیبێژە بەناوبانگەكانی جیهان و كەسایەتییە دیارەكان لە بواری كاركردن لەسەر ئازادی و نەهێشتنی رەگەزپەرستیدا، چونكە بەدرێژایی ژیانی لەبواری مافی مرۆڤ،و پشتگیركردنی رەش پێستەكان و هەوڵدان بۆ ئازادی كاریكردوە، لەم پێناوەشدا باجی زۆرداوە، بۆیە ئەمڕۆ بە تێكۆشەری ئاشتی و یەكسانی و دادپەروەری ناسراوەو رۆپسن هەڵگری بیری شیوعی بوو، هەوڵیداوە كۆمەڵگەی ئەمریكی بەرەو سۆسیالیستی بەرێت، هەر لەبەرئەمەش لە تەمەنی لاوێتییەوە خۆی یەكلایی كردوەتەوە بۆ چەسپاندنی ئاشتی و داد پەروەری و نەهێشتنی رەگەز پەرستی لەسەرتاسەری جیهان، ئەمەش لە تەوای كارە جیاوازەكانی دا خستوەتەروو.

ئەم بیرو ئایدیاو كارانەی پۆل رۆپسن، كاری لە گۆران كردوە، بۆیە ئەم سووربوون و هەوڵدانە جیهانیی و بیرە مرۆییەی، وایكردوە گۆران لە تەوای ڕووداوەكانی ژیانی، شیعرێكی بۆ تەرخان بكات، چونكە رۆپسن بووەتە كەسایەتێكی دیاری ئاشتی و نەهێشتنی رەگەزپەرستی وەك دەڵێت:

**ئەی بلبلی ئاشتی خوازی، پۆلی رۆپسن!**
**ئەو شێتانەی لەخوێندنت ئەترسن**
**دەمیان گرتی، نیازیان هەبوو ئاوازە**
**قەدەغەكەن لەگوێچكەی دنیای تازە..**
**بەر نەگیرا بۆیان لەڕۆژ.. ناچاربوون**
**ڕێی فڕینت لێ ببەستن بۆ دەرچوون!**
**نایەڵن بێی بۆ گەلانی ڕۆژهەڵات**
**بەستە بڵێی، تیژكەی ئاگری خەبات!**
**(جۆلیۆ نەیوت : راستی و گۆرانیی رۆپسن**
**بێ پەساپۆرت سنوور ببڕن، نەترسن؟)**
**ئاهەنگەیتێ و بە ئاوازەی وەك هەنگوین**

**لەناومانا بخوێنی بۆ: ئاشتی و ژین**
**پۆل رۆپسن!ئەی پۆل رۆپسن! ئەی پۆل رۆپسن**
**پاڵەوانی ئاشتی!بلبلی وتن**
**تا ناو دۆڵی دوورو کلای کوردستان**
**ناوو دەنگت ئاشنان بە گوێچکەی ئینسان**
**کوڕی ساوای حەوت ساڵانم ئەتناسێ**
**ناوت ئەبا، وەك هی مامی دراوسێ**

**.. گۆران، ل 278**

دەنگی رۆپسن واتە بڵندگۆی ئازادی، قبووڵنەکردنی نادادی و ژێردەستەیی، هوشیاری گەلان بەرامبەر ئیمپریالیزم، هێنانی ئاشتی بۆ ژیان، لێرەوە رۆپسن دەلالەتی هوشیاری و راپەڕاندنی گەلان بەرامبەر بەمافەکانیان لەخۆدەگرێت، بەمەش گۆران بە ئاشکرا کەسایەتی رۆپسن ئەوەندە بەرزدەکاتەوە، کە ناو ودەنگی ئاشنای مرۆڤ بەگشتی و دواجار منداڵە حەوت ساڵانەکەی دەیناسێ، واتە پێگەی لای گەورەو بچوك هەیە، ئەمەش واتە بوونی ئەو خواستانەی کە گۆران و منداڵەکەی دەیخوازن لە بیرو رێبازو کارکردنی رۆپسندا، کەوایە رۆپسن کەسایەتییەکی جیهانییە لەبواری بەرزکردنەوەی داخوازی ئاشتی و یەکسانی مافی گەلاندا، چونکە ئەم داخوازیانە بیری شیوعی وای لە گۆران کردوە کە بەگوێچکەی ئاشنا بن.

3- **حەسیب قەرەداغی:** لەشیعری(بۆ شانازی گەلی کورد سەید عەلی ئەسغەر)(1955/9/10)دا شاعیر هەوڵێکی جدی داوە بۆ خوێندنەوەی سەید عەلی ئەسغەر و ڕۆڵی لە جیهانی هونەری کوردییدا، بۆیە عەلی ئەسغەر وادەبینێت کە دەنگێکی رەسەن و نەمری کوردە بە شێوەیەك بووەتە ئیلهامی ئاوازی جیهان و گەروی مانا دەبەخشێتە ژیان، جگە لەوەش بە پێغەمبەری

وەحی دەنگ خۆشی دەزانێت، لە سونگەی ئەم پێگەو ڕۆڵەی کە لە دنیای هونەریدا هەیەتی، وایکردووە دەنگ و ئاوازی عەلی عەسغەر ببێتە ناسنامەی هونەری کوردستان، هەر لەبەرئەمەش بەردەوام کاریگەری لەسەر هونەری کورد بەجێدەهێڵێت، بەمەش سەید عەلی ئەسغەر بووەتە شوناسی دەنگی رەسەنی کوردی و پێکهاتەی دەقی شاعیر، بەهۆی ئەم پێگە بەهێزەوە عەلی ئەسغەر وەك کەسایەتییەکی ناسراوی هونەری رەسەنی کوردی، کاریگەری لەسەر شاعیر دروستکردوە، بەمەش شاعیر دەیەوێت بڵێت، کورد خاوەنی دەنگی رەسەنەو توانای ململانێی لەگەڵ هونەری جیهانیدا هەیە، وەك دەڵێت:

**فریشتەی دەنگ و ئاوازی دڵگیر**
**سەید علی ئەسغر**
**سەید هەڵگری ئیلهامی ئاواز**
**بۆ هەموو جیهان**
**گەروت بوو لانەی پیرۆزترین ڕاز**
**مەعنا بۆ ژیان**
**ئەی پێغەمبەری وەحی خۆش دەنگ**
**ئەی سۆزە بەکار**
**گوایا تۆ مردووی نەماوە ناوت**
**ئیتر بەجارێ! ؟**
**ناڵەو چریکەی وەك تاڤگەی ئاوت..**
**چوونە ژێر غارێ!؟**
**نەخێر فریشتەی کزەی خەم ڕەوێن**
**خەمی هەژاران**
**ئەم کوردستانە ئەم دەشت و کێوی**
**قەوانی دەنگتە**

**..فەرهەنگی غەم(1)، ل 276**

کەواتە عەلی ئەسغەر لەم دەقەدا واتە رەسەنایەتی ئاواز، پەیامهێنەری ئیلهامی گۆرانی، جوانی ژیان، رابەری و لوتکەی دەنگ خۆشی نەك کوردستان، بەڵکو جیهان، زیندویەتی و ژیان لە دڵی هەموو خەڵکی کوردستان.

**4- نوری وەشتی :** لەشیعری(بۆ نەسرین)( 1955/12/21) ئەگەرچی نەسرین کەسایەتێکی دیار نییە، بەڵام بۆ شاعیر و دەقەکەی، ناوێکە هەمان پێگەی کەسایەتی دەقی هەیە، چونکە بەناوکردنی دەقێك بەناوی نەسرینەوە بۆ خۆی پرسیارە، سەلماندنی کەسایەتی، بوونی نەسرینە لای شاعیر تا ساتی نوسینی دەق، چونکە دواجار بەهۆی تێکچوونی پەیوەندی نێوانیان بە خیانەتکار تاوانباری دەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خۆشەویستیو رادەی کاریگەری ئەم خۆشەویستییەی نەسرین لەسەر شاعیر، نەیتوانیوە لەبیری خۆی بباتەوە، بۆیە لەرێگەی نەستەوە ئەم حەقیقەتەی لەدەقدا خستوەتەڕوو، ئەم باسکردنەی نەسرین لەرێگەی نەستەوە، ئەوندەی تر پێگەی نەسرین لەدەقدا بەهێز دەکات، بۆیە لەدەستپێکی شیعرەکەشدا دووجار سڵاوی لێدەکات، وەك دەڵێت:

**نەسرین سڵاو**
**نەسرین سڵاو**
**سڵاوێکی گەرمو بەتاو**
**سڵاوی ئینسانێکی جەرگ بڕاو**
**نەسرین سەرت هەڵبڕە**
**فرمێسکی چاوت بسڕە**
**بڕوانە من کێم**
**بزانە لەرەوشتم لەرۆیشتنی رێم**
**ئەوساکە**
**کەبۆت دەرکەوت خراپەو چاکە**
**دڵ هەڵبژێرە**

**سەرزەنشت توانجت خستۆتە لاوە..ل61**

یان:

**بەڵام ئەوە بزانە**
**کەناموس بۆ کچ گەلێك جوانە**
**بۆیە شکانم دڵت**
**بۆیە سیسم کرد گوڵت**
**چونکی ئەی جوان**
**هەر رابواردن نییە ژیان**
**دەشتێکی فراوانە**
**زۆران بازیو هەڵسانە**
**چاکەو خراپەیە**
**کەچی تۆ ئەمە نازانی**
**کەوتویتە خراپەو زیانی**
**بۆیە پێت دەڵێم**
**کەهەڵخەڵەتاوی**
**کە بەساختە تەفرەدراوی..ل62**

کەواتە بەناوکردنی دەقەکەو لەسەرەتا ناوهێنان و دواجار سووربوون لەسەر ئامۆژگاری نەسرین، ئەودەلالەتەمان پێدەبەخشێت، تا ئەو ساتەش نەسرین، واتە خۆشەویست و هیواو ئومێدی گەڕانەوە، واتە لەگەڵ ئەوەی شاعیر بەلوت بەرزو تەفرەدراو و هەڵخەڵەتاوی دەزانێت و لێشی بێهیوایە، بەڵام داوای دەورکەوتنەوە لەو رێگەیەو گەڕانەوە بۆ ژیانو چاکەی لێدەکات، بۆیە جەخت لەسەر بیرکردنەوە دەکات، چونکە بیرکردنەوە بەعەقڵ، راستی بۆ دەردەکەوێت، ئەمەش واتە گەڕانەوەو چوونە کۆڕەوە لەپێناو بردنەوەی گرەوی ژیان، کە گرەوەکەی بریتییە لە پێگە مرۆییەکەی، کە پێشتر هەیبووە، بەمەش شاعیر لەنەسرین خۆش دەبێت، چونکە بەم هەنگاوەی داواکاریەکەی شاعیری جێبەجێکردوە، هەر لەبەر لادان لە بۆچوونەکانی شاعیر، دڵی شکاوە، ئەم خەمخۆریەی شاعیریش ئەوە دەردەخات کە نەسرین کەسایەتی فەزای

جیهانی خۆشەویستی و ئەوین و خەیاڵی شاعیرە، وەك دەڵێت:

**ئەزانیت کەهەڵخەڵەتاوی**
**کەلەژیانا ناتەواوی**
**کە دواکەوتووی**
**کەهێشتا لەخەوا نوستووی**
**بیربکەرەوە**
**دیسان بیربکەرەوە**
**بگەڕێرەوە**
**بۆچاکە وەرە کۆڕەوە**
**گرەوی ژیان بەرەوە..ل67**

5- **کامەران موکری:** لەشیعری(جمیلە)71( 1958/2/15) یەکێکە لەو شیعرانەی کە شاعیر تایبەتی کردوە بە کەسایەتی شۆڕشگێڕ(جەمیلە بوحرید) کە نەك تەنها ڕەمزێك نییە بۆ شۆڕشی جەزائیر، بەڵکو بووەتە نیشانەی بەرەنگاری لای ئەو بزوتنەوە ئازادیخوازانەی، کە دەیانەوێت دەستی داگیرکەر بشکێنن، چونکە لەگەڵ باسکردن لە شۆڕشی ئـازادی، باس لە جەمیلەی جەزائیری دەکرێت، هەر ئەم هەڵوێستە شۆڕشگێڕیانەی جەمیلە وایکردووە، شاعیر بیکاتە کەسایەتییەکی سیاسی و شۆڕگێڕی دیاری ناو دەقە شیعرییەکەی.

بەدەر لەم هەڵوێستە شۆڕشگێڕانەی جەمیلە، لە تەمەنی(22)ساڵیدا گیراو خرایە بەندیخانەی سەربازی لە بەندیخانەی ژمارە(90)، ئەمەش ئەوەندەی تر کەسایەتی ئەم کچەی لە پێگەی ئازادیدا بەهێزتر و بەربڵاوتر کرد، بۆیە خۆپیشاندان لە دژی ئەم دەستگیرکردنە دەستپێکردەوە، ئەم خۆراگری و قوربانیدانەی ئەم ژنە، وایکرد دۆزێکی جیهانی لەبەرامبەر خواستی ئازادی و سەربەخۆیی بوروژێت، بەواتا ئەو جوامێریەی بوویە هێزی بەرەنگاری لای ئەو گەلانەی کە ژێردەستەن و دەیانەوێت بە شۆڕش ئازادی بەدەست بهێنن و لە کاتی پەلاماردانداناوی جەمیلە هێزی رووبەرووبوونەوە بووە،وەك دەڵێت:

**ئەی جەمیلە......**

**سڵاو،لە ئاگرو ژیلە**

**لە حەیرانا، لە لاووکا**

**کاتێ کچ لەگەڵ باوکا**

**هەڵمەت ئەبەن بەرەو مردن**

**بەرەو قەڵای سەختی دوژمن**

**ناوت وەکو وشەی نەمر**

**ئەڕژێتە ناو گەردی ئاگر**

**..دیوانی کامەران موکری، ل99**

شاعیر دەیەوێت ئەوەمان پێبڵێت، کە هێزی بڕواو رووبەڕووبوونەوەی جەمیلە لای میللەتی کورد ئامادەیەو یەکێکە لە چەکەکانی بەرەنگاربوونەوەی دوژمن، لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژە بەوە دەدات کە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان بەهەمان ئیرادەی نەتەوەییەوە، چ هێزی بازو، چ وەك چەك هەڵگرتن، توانیویانە لەدەربەندی بازیان شکست بە ئینگلیز بهێنن، بۆیە لەو شوێنانەی، کە هێزی دوژمن هەبووەو شکستیان خواردوە، بنوسین جەمیلە، واتە ئەم کوردستانەش خاوەنی چەندین خەباتگێڕی وەك جەمیلەیەو دەتوانێت راپەڕین بەرپابکات، وەك دەڵێت :

**بەتیشکی سوری ئاگرین**

**باوێنەی تەورێك بکێشین**

**وێنەی تەورو، دەس و بۆمبا**

**وێنەی رووی جەمیلەی ئازا**

**با لەدەربەندەکەی بازیان**

**کە دوژمنی کورد ئەگریان**

**لەو شوێنەدا، شوێنی هەرا**

**کە ئاڵامان(تیا هەڵکرا)**

**یا، لە چیا، لە شیو،لە هەرد**

**جەمیلە بنوسین لەبەرد**
**زیندان بێنینە لەرزەو جۆش**
**راپەڕێنین شاری خامۆش**

**.. دیوانی کامەران موکری، ل 100**

لەم دەقەشدا زیندان شاری سلێمانییەو بەهۆی ستمەوە خامۆش بووە، بۆیە داوای راپەڕن لەم شارەدەکات، لێرەشدا پرسیار ئەوەیە بۆچی دەربەندی بازیان، کەوایە دەربەندی بازیان لوتکەی بەرەنگاری کورد پیشاندەدات دژی ستەمکاری، بەهەمان شێوەش جەمیلە رەمزی ئەم هێزی بەرەنگاربوونەوەیە، شاعیریش دەیەوێت ئەوە بیربێنێتەوە لەهەر شوێنێك خەباتکار هەبێت، چارەنوسی دوژمن شکست و گریانە، هەروەها دەڵێت:

**لەهەموو، شوێنی کوردستان**
**باسی تۆیە ئەی قارەمان**
**چونکە کچ و کوڕی ئێمەش**
**کە روو ئەکەنە گڕی گەش**
**ناترسن وەکو تۆ ئازان**
**لە مەرگ و سزا، بێ پەروان**
**کچەکەی نەغەدە بەخشی**
**بۆ کوردستان هەردوو چاوی گەشی**

**..دیوانی کامەران موکری ل 101**

کەوایە هێزی بەرەنگاری و سوربوونی جەمیلە لەسەر رزگاری، کاریگەری لەسەر هێزی بزوتی سیاسی ناو شاری سلێمانی و شۆڕشگێڕەکان هەبووە، شاعیر مەبەستیەتی ئەوەش بڵێت لەهەر شوێنێك داگیرکەر هەبێت، چەندین جەمیلە هەیەو خەباتی ئازادی دەکەن، نموونەش کچەکەی نەغەدەیە کە هەردوو چاوی بەخشیە کوردستان.

**قۆناغی دووەم : 1958 – 1961**

**1- کامل ژیر:** لەشیعری(عەولە سیسی قارەمان)72(1958) عەولەسیس ئەگەرچی بەئەندازەیەکی زۆر ژیانی ئاشکرا نییە، بەڵام ئەو هەڵوێستەی کە لە راپەڕینی بەردەرکی سەرادا نواندی، کردیە کەسایەتییەکی شۆڕشگێڕو ناسراو، بوویە سیمبوڵی ئازایەتی و رووبەرووبونەوەو قوربانیدان و شکانی بێدەنگی و ترس، هەرلەبەر ئەم پێگەیەش شاعیر شیعرێکی بۆ نوسیوەو لە پێشەکی شیعرەکەی دا دەڵێت «گیانی قوربانیدان لەپێناو بیروباوەڕی نەتەوایەتی دا، پتر لە هەموو پێناوێکی ترە، چونکە بیروباوەڕی نەتەوایەتی لەسەروی هەموو بیروباوەڕێکی ترەوەیە، هەر لەبەرئەمەشە ئەوانەی ئەبنە قۆچی قوربانی لەپێناو نەتەوەو نیشتمانەکەیاندا، هەرگیز نامرن و لەدڵی ئەو نەتەوەیەدا ئەژین»73 ئەم جوامێریەی عەولە سیس لە فیلمی سینەمایی دەچێ، بەڵام پاڵەوانێکی واقیعی و گیان بەختکەری نیشتمانی کوردەو، بووەتە ئەستێرەیەکی پاڵەوانی مێژووی کورد، وەك دەڵێت:

**بڕوانە شاری خرۆشاو!**
**دیمەنی دایکی کوڕ کوژراو!**
**بڕوانە کوشتاری بێ هۆ**
**سۆزی زریکەی «کاکە ڕۆ!»**
**هەر هێرشەو شەپۆل ئەدا**
**بەرەو باخی دەرکی سەرا**
**ئەڵێن: ئێمەین کوردی بێکەس**
**نامانەوێ پەیمان و دەس**
**نامانەوێ هەڵبژاردن**
**پەرلەمانی مل کەچ کردن**
**ئای لەو دیمەنە سامناکە!!**
**لەم کوردە ئازاو بێباکە!!**
**لوولەی شەست تیرو مەترەلۆز**

**کەوتە دروێنەی بەری هۆز!..ل44**

لەئەنجامی ئەم رەشەکوژیەی کە سوپا لەبەرامبەر خەڵکی راپەڕیوی شاری سلێمانیدا ئەنجامیدا، بەڵام عەولەسیس دەبێتە هۆکاری وەستانی ئەو رەشەکوژیە، لەهەمانکاتدا دەبێتە هۆی شکاندنی دوژمن، ئەویش بە قوربانی کردنی گیانی خۆی، بۆیە شاری سلێمانی بەشاری عەولەسیس و چەندین کەسایەتی تری وەك عەولەسیس بەناوبانگەو تائێستاش ئەم پێگەیەی لەدەق و مێژوودا هەیە، وەك دەڵێت:

**سێ لاوی ئازای قارەمان**
**وەکو شێری نەڕی مەیدان**
**دەست بە خەنجەری رووتەوە**
**بەدەم:» با بژی کورد«ەوە**
**بەرەو شەستیر تەکان ئەدەن**
**دڕ بە هێزی ئەوان ئەدەن**
**ئەی داخ!! ئەوا دوانیان کوژرا!**
**تەنها عەولە سیس ئەڕوا**
**بژی عەول ئەوا گەیشت**
**دەستم شکێ ئەویشیان کوشت**
**نەخێر عەول هەستایەوە**
**دیسان تەوژمی دایەوە!**
**نیشتە سەر مەترەلۆز تەقێن**
**جەستەی کردە خەڵتانی خوێن**
**وەی بەقوربانی دەستت بم**
**فیدای باوەڕو هەستت بم**
**مردن هەردوو بەسەر یەکا**
**تەقەو کوشتار، نەماو وەستا.......... ل 46**

ئەوەی لەم شیعرەدا گرنگە، خودی عەولە سیسە، بەڵام لەمەش ئەو

هەڵوێستی هەستانەوەی عەولەسیسە دوای بریندا بوونی و کوشتنی ئەو کەسەی مەتەلۆزەکەی پێبووە، پاشان گیان دەسپێرێ، بەمەش تەقەکردنەکە دەوەستێت، ئەمەش واتە شکستهێنانی دوژمن وسەرخستنی خۆپیشاندان، واتە بەهێزی گەل و ئامادەبوون بۆ گیان بەختکردن، واتە قبوڵنەکردنی نادادی، ئەمەش هێزی ناو دەقەکە دەردەخات.

هەروەها لە شیعری(بۆ بەشیر موشیر)74(1960) کە تێیدا باس لە پێگەو رۆڵی بەشیر موشیر دەکات، کە یەکێکە لە کەسایەتی رۆشنبیرییەکان لەمێژووی نوێی کوردیدا و پەیوەندێکی بەهێزی لەگەڵ زۆربەی ڕۆشنبیرە کوردەکان هەبووە، مارف خەزنەدار دووکانە بچوکەی بەشیر موشیر بە سەفارەتی کوردستان ناوبردوە75 چونکە هەموو ڕۆشنبیرە کوردەکان لێرەدا کۆدەبوونەتەوە، پیاوێکی نەتەوەیی و قسە خۆش بووە. پیاوێك بووە زۆر گرنگی بە لایەنی نەتەوەیی و زمانی کوردی داوە، بە کردار لەناو بەغدا ئەم هەڵوێستانەی نواندوە، یەکەم حزبی نەتەوەیی(کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان) لەم دوکانەی ئەمدا لەدایك بووە، لەبەر ئەم هەڵوێستە جوامێرانەی، شاعیر بە کەسایەتێکی دیاری مێژوویی و نەتەوەیی دادەنێت،و بەکەسێکی کامل و ژیرو قەڵغانی کوردی دەزانێت، بۆیە ئەم رۆڵ گرنگەی لە دەقەکەدا پێ بەخشیوە، هەرچەندە بۆچوونی جیاواز لەسەر بەکەسایەتی بوونی بەشیر موشیر هەیە، بەڵام ئەوەی وای لە شاعیر کردوە بیکاتە کەسایەتی، هێزی نەتەوەیی، وەك دەڵێت:

**گەلێ ئازادی لەیادو بیربێ**
**خاوەن ڕۆڵەی وەکو بەشیر بێ**
**بەشیر موشیر بێ، کامڵ و ژیر بێ**
**بۆ کوردستانی قەڵغانی شیربێ**
**ئەو گەلە ئەبێ بگا بە ئاوات**
**سەربەخۆ هەڵکات بەیداخی وڵات**

**..هەڵبەستەکانی ژیر، ل 161**

کەواتە کامل و ژیرو بەقەڵغانبوونی بەشیر موشیر ئەو ئاماژانەن، کە یەکێکە لە کەسایەتییە ڕۆشنبیرو دڵسۆزو خەمخۆرو نەتەوەییەکانی کوردستان و لەم پێناوەشدا هەڵوێستی جوامێری لەناوجەرگەی بەغدا نواندوە، ئەمەش ئەوەندەی تر بەڵگەی کەسایەتی بەهێزتر دەکەن.

2- **گۆران:** لەشیعری(ڕێگای لەنین)(1959) دا ئەگەرچی خودی ڕێگا بریتییە لەو ڕێبازو ئایدیۆلۆژیایەی کە لینین دیاریکردوە،لێرەوە شاعیر لینین وەك کەسایەتییێکی ئایدۆلۆژی و سیاسی ئەوەندە بەرزەکاتەوە، دەیکاتە روناکێکی درەوشاوە، ئەمەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێ، لینین کەسایەتیەکی جیهانی سەدەی بیستەمە، هەم سەرچاوەی بیرو ئایدلۆژیای گۆرانە، شاعیر دەیەوێت بڵێت روناکی جیهان، یاخود رزگاربوون لەجیهان، لەروناکی لینینەوە سەرچاوەی گرت، کەواتە لینین لەم دەقەدا بریتییە لە(فریادڕەس، فەراهەمکردنی ئـازادی، هیوا، دیاریکردنی ریبازی ژیان) ئەم دەلالەتانە ئەوەندە لای شاعیر کاریگەرن، تەنانەت بە بینینی پەیکەری لینین ئەم دەلالەتانە دەخاتەروو، بۆیە دەیکاتە دەلالەتی ئازادبوونی رۆژهەڵات لەو دواکەوتوییەی کە تێیکەوتوە، بەمەش لینین واتە( رۆژ، هیواو ئاسۆ،ژیانەوە) شاعیریش دوای ئەم رووناکییە کەوت و کردیە ڕێگای رزگاری خەبات وەك دەڵێت :

**لەگەڵ کۆتر شوێن رووناکی ڕۆژ کەوتم**

**نەڕۆژ، نەشەو.. نەخەوتم**

**چیاو چیا، دەشتاو دەشت، دەریاو دەریا**

**پێوانەم کرد بەرەو باکورو رووی دونیا**

**فڕیم بەناو هەوری بەرزی ئاسمانا**

**بەسەر هەزار هەزار دیمەنی جوانا....**

**تا گەیشتمە بەر دەروازەی کرەملین**

**ژێر سێبەری پەیکەری بەرزی لەنین!**
**رووی سەرەنجم کردە هەر کوێ لەنین بوو**
**هەر خۆی باوك، سەرۆك، مامۆستای چین بوو..**
**دیم : نە بەرەنگ دیم : نە بە دەنگ : نەبەبیر**
**لەکیس چووە، بۆ ئیسنان، لەنینی ژیر!**
**ئێستاش دەستی درێژ ئەکاو، بەئەمووست**
**شەقامی راست پیشان ئەدا بست بە بست،**
**لەتاریکی دنیای پڕ ئارەق و خوێن**
**دنیای شەڕ و دنیای جەورو دنیایی جوێن**
**پەل کێش ئەکا ئینسان بۆ دنیای تازە،**
**ئەو دنیایەی هەر خۆشی یەو هەر نازە!..ل306**

ئەگەرچی لەو سەدەی پر شەڕو کارەسەتەدا، لینین توانی ئایدۆلۆژیایەکی چەپ بکاتە روانینێك بۆ کۆکردنەوەی زۆرێـك لە چەوساوەکان وەك ئایزەربایجان، بەڵام دواجار نەبوویە فریادرەسی کوردستان، وەك دەڵێت:

**لەو گەلانەی کە شوێن بڕوای ڕاست کەوتن،**
**وەك گەلانی دواکەوتووی تر نەخەوتن!**
**(ئارەزری )بوو، ئازەربایجان وڵاتی**
**ڕێگای لەنین کەوتە فریای نەجاتی!..ل307**

ئەمەش لـەوەوە سەرچاوە دەگـرێ، کە شۆڕشی لینین بـووە مایەی رزگاربوونی سۆڤیەت لە وڵاتانی دراوسێی سۆڤیەت، نەك هەر ئەوەش، بەڵکو ئەو وڵاتانەی کە هەڵگری ئەم ڕێبازەی لینینن، دواجاریش دەیەوێت بڵێت، ڕۆژئاوا روناکییەو رۆژهەڵاتیش تاریکی، بۆئەوەی بژی و لەدنیا بگەیت، دەبێت ئەو روناکیەی لینین لە ئەوروپاوە وەربگرێت، وەك ئەو وڵاتانەی کە رزگاریان بووەو ئەم تیشکەیان وەرگرتوە وەك دەڵێت:

**بەڵام ئەمڕۆ خاکی ئازەربایجانی،**

**کە دووڕۆژە هاتوویت بووین بە میوانی**
**وا لە تیژگی رۆژی لەنینا نوقمە**
**ئەڵێی لەبەر خۆرا گوڵی ئاوریشمە**

**..گۆران،ل 307**

**3- دیلان:** شیعری(لۆمۆمبا)(1960) ی لەسەر شۆڕشگێڕی کۆنگۆ نوسیوە، بەهۆی ئەوەی دژی داگیرکەری لیجی بۆ ماوەی هەشت ساڵ وەستاوەتەوە، بەڵام دواجار گیانی خۆی کردوەتە قوربانی، ئەم ئەم هەوڵوێستەی کاریگەری جدی لەسەر شاعیر کردوە، بۆیە شاعیریش لەم دەقەدا دەیەوێت لەسەرەتاوە ئەو هەڵوێستانەی کە لۆمۆمبای(76)کردوەتە کەسایەتیەکی شۆرشِگێڕو رابەرو قارەمانی جیهانی و هێزی بەرەنگاربوونەوەی ئیمپریالیزم بخاتەروو، بۆیە باسکردن لە ژیان و ئەو زوڵم و زۆرانەی، کە لە خەڵکی هەژارو رەشپێستەکان کراوە دەستپێدەکات، دواتر ئەو مەترسیانەی کە رووبەرووی شۆڕشگێڕان بوونەتەوە کردوە، وەك دەڵێت:

**چۆن ئەژیام.. ؟**
**ژیانێکی بی َدەنگ و کڕ**
**بێشکەی ئارام و ئامانم**
**دارستان بوو**
**بێ سنورو زەبەنگ و چڕ**
**جەنگەڵێکی پڕ سامان بوو**
**بە فرمان بوو..!**
**جار جارێ رەشەبای بەهێز**
**هەڵی ئەکرد**
**کورپەی ئەکوشت**
**یان.... جار جارێ درندەیەك**
**لەبرسانا... کوشندێیك**

**لەناو جەرگەی دارستانا**
**دەر ئەپەڕی**
**سکی ساوایانی ئەدڕی**

**..دیلان، ل 106**

بەڵام لەگەڵ ئەم قوربانیدانەدا هێزی گەل بەهێزتربوو، لۆمۆمبا سەرکردایەتی شۆڕشی کردوەو رووبەرووی ئەو دەستانە دەبوویەوە کە ئیمپریالیزم لەبەرامبەر شۆڕشگێڕاندا بەرزیکردبوونەوە، بۆیە لۆمۆمبا مەبەستیەتی ئەو پەیامە بڵێت کە زەوی موڵکی هەموو خەڵکییەو مافی کەسی بەسەرەوە نییە، ئەمەش هێزی پەیامی ئاشتی و یەکسانی ئەم سەرکردەیەبوو، وەك دەڵێت:

**بی خنکێنێ... بی سوتێنێ**
**لەبەر ئەوەی(خودای ئاڵتون)77**
**لچی لێ هەڵئەقورتێنێ**
**وا ئەژین**
**هەتا رۆژێ**
**تەپ دوو کەوتە سەر ملە**
**دەنگی تەپڵ**
**جۆشی ئەسەن پلە پلە**
**شێر نەڕاندی**
**پڵنگ بازرەقەی لێ بەستو**
**زریکاندی**
**دارستان دەنگی دایەوە**
**ئاگر**
**لەم لاو لەولای وڵات کرایەوە!!**
**پۆلە مەلی(تەرەی) کوشتار**
**گەڕایەوە**

**وتی..... بە دەنگێکی زوڵاڵ**
**ئەی گەورەکان**
**پیاو خۆرەکان....!**
**ئەم ئەستێرەی مرۆڤ دارە**
**جێگای گشتە... هی هەر چوارە**

**..دیلان، ل 109**

کەواتە لۆمۆمبا لەم دەقەدا واتە هێزی بەرەنگاربوونەوەو قبوڵنەکردنی ژێردەستی و جیاوازی و بەرەنگاریکردن لە نیشتمان و مرۆڤایەتی، واتە هیوایەك بۆ سەرکەوتنی شۆڕشی هەژارن، هەر ئەم نیشانەی قارەمانەتییەش دەبێتە درووستکردنی هێزی بەرەنگاری لە وڵاتانی تری ژێردەستە، لێرەشدا دیلان ئەم راستییە دەردەخات، کە لۆمۆمبا لە سەرکردەیەکەوە بووەتە رێبازو ئایدۆلۆژیایەك سنوری وڵاتانی بڕیوە، لەگەڵ ئەوەی بـەردەوام داگیرکەر هەوڵی نەهێشتنی دەنگە ئازادەکانی داوە، بەڵام نەیتوانی ببێتە رێگر لەبەردەم زیندوهێشتنەوەی ئەم کەسایەتییە، وەك دەڵێت :

**بۆیی ئاگر، گوللە و بۆمبا**
**رووی کردە مەرزی(لۆمۆمبا)**
**بۆیی‌و لۆمۆبا ئەکوژێ**
**ئەزانێ(ڕێگاو ڕێ بازی)**
**ئەبێ بەچەك**
**بەرامبەر بە ئەو دەستانەی**
**خوێن ئەمژێ**

**..دیلان ل 111**

شاعیر مەبەستییەتی بڵێت، ئەم گیان بەخشیەی لۆمۆمبا ئەوەندەی تر کەسایەتی و رێبازی کارکردنی پشتڕاستکردوەتەوەو بووەیە هیماو هێزی ئازادی و خەباتی رزگاری خوازی گەلانی تر، ئەم روانینەش روانینێکی ئەنتەر ناسیونالستی شاعیرە بەرامبەر بە رووداو و کارەساتەکان، وەك دەڵێت :

**ئەی لۆمۆمبای هەموو گەلان**
**ئێمەش لەخاکی کوردستان**
**ئەت کەین بە بەستەی سەر زمان**
**ئەت کەین**
**بە پەیکەرێکی بەرز بۆ تێکۆشان**

**.. دیلان، ل112**

4- **گـۆران:** لەشیعری(یادی پیرەمێردی بـوێـژ)(1961)دا شاعیر پێگەی ڕۆشنبیری و کەسایەتی پیرەمێرد دەخاتە روو، بۆیە ئەو شوێنەی کە بووەتە مەنزڵی پیرەمێرد، یاخود شوناسێك بە پیرەمێرد دەبەخشێت و شاعیر راستەخۆ بەکاریهێناوەو کردویەتی بە وشەی سەرەکی شیعرەکەی، واتە لەم دەقەدا پیرەمێرد، مامەیارە دەکاتە فەرهەنگی شیعری گۆران، چونکە لێرەدا مامەیارە ئاماژەیە بۆ بوونییەتی پیرەمێرد وەك هەڵوێستی نەتەوەیی، ئەمانەش بۆ ئەوەمان دەبەن کە پیرەمێرد لە بەهاراندا بە زیندوکردنەوەی یادی نەورۆزو هەڵکردنی ئاگر، رووی لە گردی یارە کردووەو ئەم شوێنە بووەتە سەکۆی راگەیاندنی ئازادی و بەرزڕاگرتنی یادی بەهارو نەورۆز، لەگەڵ ئەمەشدا لەدژی هەموو ئەو قسانەی لەبارەیەوە کراون وەستانەوە، ئەم سوربوونەی پیرەمێرد لەسەر یادی بەهارو نەورۆز لە گردی یارە وایکردوە، ئێستەش کەباس لە مامەیارە دەکریت، پیرەمێردمان بیردەخاتەوە، هەر لەبەر ئەمەشە شاعیر دەڵێت :

**ئەم بەهارە**
**لەسەر گردی مامە یارە،**
**بۆ یانزە جار،**
**نوێ گوڵاڵەی سوری بەهار**
**خوێنی رژایە سەر گیای سەوز**

**.. گۆران، ل 342**

ئەم شیعرە لە ساڵی 1961 نـوسراوە و(یانزە جاریش)، واتە کۆچی دوای پیرەمێرد یانزە ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە، بۆیە نەك هەر شاعیر، گیای گردی یارەش خەمباری لەدەستدانی پیرەمێردە، ئەمەش ئەو پرسیارەیە کە

بۆچی مامەیارە غەمبارە، یاخود بۆچی شاعیر لەگەڵ ئەوەی باس لە یادی پیرەمێرد دەکات، بەڵام هێزی باسکردن لەسەر گردی یارەیە، کەوایە لەلایەك پیرەمێرد پەیوەندیەکی گیانی و پیرۆزیەتی بە ژینگەو سلێمانی و مامە یارەوە دەبەستێتەوە، یان مامەیارە جێنزرگەی خەباتی سیاسی و رۆشنبیری و هێزو داینەمۆی خەباتی پیرەمێرد بوو، لەلایەکی تریشەوە لەرێگەی مامەیارەوە دەیەوێت پێگەو دەلالەتی پیرەمێرد کە بریتییە لە دڵسۆزی و خەباتی رۆشنبیری و سیاسی بخاتەروو، وەك دەڵێت :

**بۆ یانزە جار،**
**سەوزە گیای گردی یارە**
**مووی سپی کرد وەك چۆڕی شیر،**
**توکی کەللەی بۆ یانزە جار**
**با ڕشتییە بەرپێی رێبوار!**
**پوشی دەساڵ ئێستە خۆڵە**
**لەو ڕۆژەوە جێی پیرەمێرد**
**(قۆچی تینوو بۆ دەمی کێرد)**

**..گۆران، ل 342**

دواجار شاعیر پیرەمێرد بە گوڵە هیرۆ دەزانێت، چونکە گوڵە هێرۆ خاوەن رەگێکی قووڵەو زاڵە بەسەر دڕکەکاندا، بەمەش دەیەوێت بڵێت پیرەمێرد رەگی نەتەوایەتی و خەبات و کارکردنی زۆر قوڵە، هەر لەبەرئەمەش لەگەڵ گەڕانەوەی بۆ سلێمانی دەست لە پسپۆڕی و بڕوانامەکەی دەهێنێت و کار بۆ نەتەوەو نیشتمان کردوەو بەسەر هەموو ئەو کۆسپانەشدا زاڵ بووە، کەدەسەڵاتە جیاجیاکان بۆیان دروستکردوەو تاوەکو کۆتایی ژیانیشی سەرلقی پیرەمێرد ئاڵەو لە دڵی میللەتدا دەژی، وەك دەڵێت:

**هێرۆم بۆیە لا پەسەندە:**
**لەسەر رەگێکی قووڵ و بەندە**
**بەسەر دڕکی ژینا زاڵە،**
**تا ئەمرێ، سەرلقی ئاڵە..ل343**

## قۆناغی سێیەم: 1961 - 1970

**1-شێرکۆ بێکەس:** لە شیعری(مامۆستام گـۆران)(1962) لەو شیعرەدا گۆران بە میری شاعیران ناو دەبات، بەدەر لەوەی لەخودی ناونیشانەوە بە مامۆستای خۆی و، گیانی مەولەوی سەردەمی خۆی داناوە، چونکە گۆران ئەو ئاراستەو ستایلەی هێنایەئاراوە، جیاوازبوو لەوانەی پێشووتر و توانی ئەم ئاراستەیە بگەیەنەتە نەوەی دوای خۆی، ئەمە جگە لەوەی کە گۆرانی بە شاعیری جوانی دەزانی و ئەوە دەخاتە روو، کە گۆران بەردەوام لەگەڵ جوانیدا دەژی و هەتا جوانی هەبێ گۆران زیندووە، ئەم بەرز راگرتنەی گۆران لەو سۆنگەوەیە کە سروشت و جوانی و ئافرەتی لە دەقی شیعریدا بەرجەستە کرد، جگە لەوەش شاعیر ئاماژە بەو بەرهەمانەی کە شاعیری پێناسراوە(جوانی و ئافرەت، سروشت)، بۆیە گۆران لە دەقدا کارئەکتەری سەرەکی بەهێزکردنی واتای جیاوازی دەقە، وەك دەڵێت:

**ئەی جێ نزرگەی یارانی خامۆش**
**میری شاعیران نەکەی فەرامۆش**
**میوانی تازەت تەرمی(گۆران)ـە**
**گەوهەری دنیای شیعری کوردانە**
**گیانی مەولەوی سەدەی ئێستایە**
**پەنجەی نەخشاوی وردی هیوایە**
**گۆران ئەبینم لە جوانی یا**
**ئەژی لە ئاسۆی دەم بەیانی یا**
**هەتاکوو جوانی بژی و بمێنێ**
**گوڵاوی شیعری ئەو ئەپرژێنێ**

**-98100 ل تریفە..**

کەواتە جێنزرگە کە یارانی خامۆش کردوە، نابێت میری شاعیران فەرامۆش بکات، کەوایە لەلایەك بۆ فەرامۆشی نەکات، لەلایەکی ترەوە بۆ گۆران میری شاعیرانە، ئەمەش ئەو دەلالەتانە دەردەخات کەلە گۆراندا بوونیان هەیە، کە

بریتییه له رابەریی، گەورەیی، توانستی شیعریی، زمان پاراویی، گەوهەری ئەدەبیات، مەولەوی نوێ، هیوای نوێ.

گۆران بەدەر لەوەی شاعیرێکە ڕێڕەوی شیعری کوردی لە قۆناغێکەوە گواستەوە بۆ قۆناغێکی دی، لەهەمانکاتیشدا کاریگەری لەسەر زۆربەی شاعیرانی سەردەمی خۆی و دوای خۆی هەبووە، بۆیە لەناو فەرهەنگ و ئەدەبی کردیدا، گۆران خاوەن پێگەیەکی کەسایەتی خۆیەتی، ئەم حەقیقەتە لەم شیعرەی شاعیر بە ئاشکرا دەردەکەوێت، ئەگەرچی بەبۆنەی تیپەڕبوونی چوارساڵەی گۆرانەوە نوسراوە، بەڵام ئەوە دەخاتەروو، کە ئەم کۆچە تەنها بۆ مرۆڤ نەبوو، بەڵکو ڕەنگدانەوەی لەسەر سروشتیش هەبووە.

2- **کامەران موکری:** شیعری(گیڤارا)78( 1968) شیعرێکە بۆ باسکردن وپێگەو ڕۆڵـی گیڤارا نـوسراوەو دەیەوێت گیڤارا وەك کەسایەتیەکی شۆڕشگێڕی جیهانی و گیان لەسەردەست لە دژی دوژمن و داگیرکەرو زاڵمان بخاتە روو، کە ئەم دەرخستنانەش خاسیەتی گیڤاران، بەڵام شاعیر مەبەستیەتی ئەم مەردایەتییەی گیڤارا بە کوردستان بناسێنێ، لە ڕاستیدا گیڤارا کەسایەتیەکی مێژوویی و شۆڕشگێڕییە، گیڤارا لەم دەقەدا دەلالەتی هێزی رووبەرووبوونەوەی دەستە ڕەشەکانە، خەباتکەرێکە لەپێناو مرۆڤایەتییداو کار بۆنەمانی چینایەتی و چەوسانەوەی هـەژاران دەکـات، بەواتا گیڤارا ئاماژەی فریادڕەسی خەڵکی چەوساوەو ژیانە بۆ مرۆڤایەتی، وەك دەڵێت:

**لە دەشتێکا دەمەو بەیان**
**بە سروەی شەماڵی نیان**
**کاتێ گوڵ کەوتە شنە شن**
**بزووت دەست و پەنجەی مردن**
**برادۆی پەروەردەی تاوان**
**لەسەر پیلکە پەنجەی جوڵاو**
**خوێنی دڵی گیڤارای ڕشت**

**گەورەترین دلێری کوشت**
**ڕۆژ گیڤارای گرتە باوەش**
**بە پۆشینی خوێنی گەش**
**بەتیشکی گەرم و پڕ جۆشی**
**تەرمی پیرۆزی داپۆشی ..ل 246**

هەروەها گیڤارا لای شاعیر هێزی خەبات و ڕووبەڕووبونەوەیە، ئەم هێزەش هێزی چینی هەژارو چەوساوەکانە نەك وڵاتێك، هەر ئەم ڕێچکەی کە گیڤارا داینا، کردیە ئەو کەسایەتییە شۆڕشگێڕییە مێژویی و جیهانییە، بوویە هێزی بزاوتی ڕووخانی قەڵای ستەم، وەك دەڵێت:

**بە دوا وتاری گیڤارا**
**لەچیاو کەژو نزارا**
**خۆشترین ئاوازی دانا**
**لە خەبات و کۆڵ نەدانا**
**ئەرجەنتین ئەڵێ گیڤارام**
**ڕمانی قەڵای ترس و سام**
**هەڵمەت بەرن پەلامارە**
**لەسەر ڕێ و شوێنی گیڤارا**
**لە پۆلیڤیا پێشمەرگە**
**ئەڵێ هەرکەسێ بە جەرگە**
**خێرا دەست بداتە تفەنگ**
**بەرەو کۆڕی کوشتارو جەنگ**
**بۆ ئامانج و تۆڵە سەندن**
**لە هێزی زۆردارو دوژمن..ل 247**

شاعیر وتەکانی گیڤارا بە هۆکارێکی ڕاستەوخۆی بزاوتی شۆڕش و خەبات دەزانێت لە پولیڤیا و لە کوردستانیش، واتە وتەکانی گیڤاراش هێزی خەباتبوون، هەر ئەم دڵسۆزی و شوڕشگێڕیەی گیڤارا بۆ چەوساوەکانی

پۆلیڤیا، وایکرد قەڵای ستەم بروخێ و گیڤاراش بەزیندویی بمێنێتەوە، چونکە بۆ ئەوە ژیاوە ئازادی بۆ مرۆڤەکان وەرگرێتەوە، ئیدی ئەوانە لەهەر کوێیەك بن، وەك دەڵێت:

**تۆش شۆڕش بووی لە هەموو شوێن**
**ڕۆڵەی ئاگر بووی ڕۆڵەی خوێن**
**هەر کە ئەووترا گیڤارا**
**ئەمدیت لە کۆڕی کوشتارا**
**بانگت ئەکرد ئادەمیزاد**
**ئەبێ بژی شاد و ئازاد**
**لەسەر وێنەکەت ئەنوسم**
**لەچوار چێوەی یادی ئەگرم**
**ئەیانخەمە ناو شوشەی دڵ**
**بۆیان ئەڵێم شیعری بەکوڵ**
**گیڤارا هەتا هەتایە**
**یادت ڕووناکی دنیایە..ل 249**

کەوایە ئەوەی یادی بەڕووناکی لە دنیادا دەهێڵێتەوە، ئەو پێگە کەسایەتی و شۆڕشگێڕییەیەتی، کە لەپێناو ئازادی و سەربەستی گەلاندا گرتیەبەرو خۆی کردە قوربانی ئازادییان.

**3-سوارەی ئێلخانی زادە:** سوارە شیعرێکی لەیادی کۆچی گۆراندا بەناوی(بێشکەی خەیاڵ)(1968)نوسیوە، بەڵام ئەوەی گرنگە لەم شیعرەدا ناسینی یان خستنە رووی کەسایەتی و توانای ناخی گۆرانە لە ڕوانگەی سوارەوە، کەواتە سوارە بەم شیعرە پێگەی شیعری گۆران لە سەردەمی گۆرانەو تا ساڵانی حەفتاکان بەلوتکەی شیعری کوردی داناوە، جگەلەمەش لە جوانی ئافرەتیشدا زۆر بە زەحمەت شوێنی پڕ دەبێتەوە، بەواتا پێگەی کەسایەتی شیعری گۆران بەو شێوەی کە هەیە دەرخستوە، چونکە گۆران لە

شیعری کوردیدا بووەتە قیبلەی هەڵبەستی نوێی کوردی، بۆ نموونە :

**ئیتر لەسەر لێوی بەیان، زەردەخەنەی رۆژ نابینین**

**ئیتر لەبێشکەی خەیاڵا،کۆرپەی ئاواتمان نانوێنین**

**لە جێی(جریوەی دارستان) ناڵەی دڵی کۆست کەوتوە**

**(گۆران) خوای شیعری کوردی، لە خاکی رەشا خەوتوە**

**خودات لەگەڵ بێت ئەی گۆران! ئەی خودای هەڵبەستی کوردی**

**ئەو جار لەدڵمانا زیندووی، ئەگەر لەبەر چاومان مردی**

**..خەوە بەردینە، ل 53**

لێرەوە دەلالەتەکانی گـۆران لەو پرسیارانەی کە شاعیر دەیانکات وەردەگیرێتەوە، بەوەی ئیدی زەردەخەنەی رۆژ نابینین، دەنگی نزمی عودێ لەجەرگی پەردەوە ناتکێ، وەنەوشە بۆ گۆران پەرۆشە، کەواتە ئەوە گۆران بوو توانی بزەی بەیانی بناسێنێت، یەکەمین کەسە شانۆ بخاتە ناو دەقی شیعرییەوە، ئیدی کێ هەیە ئیستاتیکای جەرگی پەردەمان لا خۆشەویست بکاتەوە، یاخود هێنانی چەمکی خوای شیعری کوردی دەلالەتی جیاجیا دەگرێتەخۆ، خوایی واتە لوتکەی دەسەڵات، بەهێزی و خاوەن بڕیار لەشیعری نوێی کوردیدا، بەمەش گۆران هێمای شیعری نوێی کوردیە، کە توانیویەتی ئەم دەلالەتانە بەهۆی شیعرەکانییەوە لەخۆیدا کۆبکاتەوە، کەوایە سوارە بەڕاشکاوی ئەوە دەخاتەروو، کە گۆران لە دنیای شیعری کوردیدا خاوەن پێگەیەکی مەعریفیەو لەئەنجامی ئەو توانستەی، بووەتە داهێنەری شیعری نوێی کوردی، لەبارەی دەرخستنی جوانی سروشت و ناسینی ئەو جوانییە سروشتیە بە خوێنەر، دەیەوێت بڵێت لە پێگەی ئەم توانستەی گۆرانەوە بۆ خستنە رووی سروشت و جوانی، خودی سروشتیش بیری گۆران دەکات، واتە ئەو کەسەی کە سروشتی جوانتر لە خۆی لەدەقدا بەخوێنەر دەناسێنێت، وەك دەڵێت :

**تۆ عاشقی جوانییەك بووی کە شاردراوەو نادیاری بێ**
**مەفتوونی ئەو دنیا بووی کە پڕ لەسەفاو یاری بێ**
**بەڵام ئەو دنیا رووناکە، بەو هەستە خاوێن و پاکە**
**لە فکری تۆدا خۆی نواند، نەك لەسەر ئەو زەوی و خاکە**
**حەیف! نەمای و تەماشاکەی، کوردستان چەند جوان و خۆشە**
**ئێستا لەبن(تووترِکی سوور، وەنەوشە بۆ تۆ پەرۆشە)**
**..خەوە بەردینە ل54**

**4- عەبدوڵا پەشێو:** لەشیعری(کەژاوەی گریان)( 1969/8/15) کە ناونیشانی یەکەم دیوانی شێرکۆ بێکەسەو لەپێناو دەرخستنی کاریگەری گرنگی دەقەکانی شاعیر ئەم شیعرەی نوسیوە، ئەگەرچی لێرەدا راستەوخۆ عەبدوڵڵا پەشێو نەچووەتە سەر شێرکۆ بێکەس، بەڵکو تەنها پشتگیری لێکردوە، بەڵام جەخت لەسەر دیوانی( کەژاوەی گریان) دەکاتەوە، ئەمەش دەچێتە خانەی سیمیۆلۆژیای ناوەوە، بەڵام هەموو ئەو دەلالاتانەی کە پەشێو مەبەستییەتی لەکەژاوەی گریاندا، راستەوخۆ دەبنەوە بە موڵکی شێرکۆ بێکەس وەك شاعیر، بۆیە دەلالەتەکانیش هەمان کەسایەتی دەگرێتەوە، لە راستیدا هەڵبژاردنی ئەم دیوانەش واتە بوونی گرنگی و کاریگەری شێرکۆ لای شاعیر، شێرکۆش هەر لەگەڵ دەسپێکی یەکەم دیوانیدا بە یەکێك لەو شاعیرانە دانراوە، کە رەوتی شیعری کوردی بەرەو ئاسۆیەکی دیار دەبەن، بۆیە شێرکۆ خاوەن کەسایەتیەکی شاعیری ڕۆشنبیری و شۆڕشگێڕ بووە، کەژاوەی گریان دەلالەت لە مێژوو و رابردووی کورد و خودی شێرکۆ بێکەس دەکات، بۆیە کۆکۆدنەوەی ئەزموونی شێرکۆیە لەم دیوانەداو بووەتە دەلالەتی ئازارەکان و ئەو نەهامەتی و دواکەوتوییەی کە گەل دیویەتی، وەك دەڵێت :

**برام شێرکۆ...**
**کەژاوەکەی گریانی تۆ**

وەك ئادەمرادی79 ڕاپەڕیو
گیانی گەرمی لەبەردابوو
خەنجەرێکی جەوهەرداری
«کۆر پاشا» لەکەمەردا بوو
لە پێشەنگی، کەژاوەتا،
ئاڵای خوێنینی مەهاباد... هەڵکرابوو
وشەکانی
وەك پریشکی ئاگر وابوون
هی ڕۆژانی ئاوێستابوون
برام شێرکۆ
بەو چاوەم دیم،
زەردە خەنەی لەدواوە بوو،
کەژاوەکەی، گریانی تۆ
لەتنۆکی فرمێسکتا،
دەماری بازووی کاوەم دی
لاشەی کەوتوی زوحاکم دی
ئاڵای بەرزی شەکاوەم دی
ئاسۆیەکی ڕووناکم دی!

..دیوانی عەبدوڵڵا پەشیو ل 98 – 99

هەروەها کەژاوەی گریانی شێرکۆ، هێزی بازوی لاوان و چەوساوەکانە، لەم پێناوەشدا کاوەی کردوەتە نموونەیان، ئەم کۆدەنگییەی کە شێرکۆ درووستیکردوە، زاڵم رادەماڵێت و زوحاکی کردوەتە نموونە،بۆیە لەدەرئەنجامی هێزی ئەم دیوانەشدا هیوا دەبینین، بۆیە کەژاوەی گریان هێزی گۆڕینی ئایندەیە.

## قۆناغی چوارەم: 1970 – 1975

**1- فەرهاد شاکەلی:** ئەگەرچی شیعرێکی تایبەت نەکردوە بە کەسێکەوە، بەڵام لە شیعری(نامەی شەیدایەکی بێـزار)(1972/1/10) دا دەیەوێت ئەو بێزاریەی کە هەیە لە ڕێگەی مەولەوی و عەنبەر خاتوون و تاوەگۆزیەوە بشارێتەوە، یاخود بڕەوێنێتەوە، یان بکاتە هۆکارێك بۆ نەهێشتنی ئەو بێزاریە، چونکە بیزارکردنەکە لەبەرامبەردایەو ئەو دروستیکردوە، ئەگینا بەپێی نامەکە شاعیر شەیدایە، بەڵام بێزارکراوە، بۆیە دەیەوێت خۆی بداتە پاڵ مەولەوی و کەسایەتی مەولەوی و پەیوەندی لەگەڵ عەنبەر خاتون، چونکە مەولەوی لە شینی عەنبەر خاتون لوتکەی خۆشەویستی و پەیوەندی سۆزداری خۆی و عەنبەر خاتون بە خوێنەرەکەی دەڵێت، وتنەکەشی لەوپەڕی راستگۆیانەدایە، بۆیە شاعیر سودی لەم راستگۆیی و سۆزدارییەی مەولەوی وەردەگرێ و دەیەوێت بیکاتە دوا هۆکاری ناساندنی ناوەڕۆکی خۆی بە بەرابەر، واتە کەسایەتی مەولەوی دەهێنێتە ناو خۆیەوە، بۆئەوەی پەیامی خۆشەویستی رابگەیەنێت، کە مەولەوی بەعەنبەر خاتونی دەڵێـت، یاخود کەسایەتی مەولەوی وەك هێزی دەربڕین بەکاردەهێنێت بۆ گەیاندنی پەیامەکە، وەك دەڵێت :

**ئەمشەو لە ناخما(مەولەوی)**
**فرمێسکی شەیدای دڵسۆزت بۆ ئەنێرێ.**
**چەپکی وشەی ساکاری پڕ خۆشەویستی ی**
**لەگەڵ نمەی بارانێکا**
**ئەنیرێ بۆ**
**(عەنبەر خاتوون) ی ناو نیگای پێکەنینت**
**وا ئەمشەو گیانی(مەولەوی)**
**لە ئەستێرەی دڵداریوە هاتە زەوی**
**تا هۆنراوەی وەك مرواریت پێ ببەخشێ**

**..پرۆژەی کودەتایەکی نهێنی، ل 18**

کەواتە دەلالەتی مەولەوی بریتییە لە دڵسۆزی و خەمخۆری، بەوەفایی و رێزگرتن.

**2- شێرکۆ بێکەس:** لە شیعری(بۆ بارزانی)( 1973) دا شاعیر دەیەوێت ڕۆڵِ و پێگە بارزانی بە ئەندازەی پێویستیەتی لەناو کۆمەڵگەو کایە سیاسییەکەدا لەڕوانگەی خۆیەوە بخاتەروو، چونکە بارزانی لەو سەردەمەدا یەکێکە بووە لە سەرکردە دیارەکانی شۆڕش،و لەپێناو بەدەستهێنانی مافەکانی کورد خەباتی چەکداری دەستپیکرد، بۆیە خۆشەویستی خەڵکی لەو کاتانەدا بۆ بارزانی خۆشەویستییێکی نیشتمانی و نەتەوەیی بووەو بەبڕواو هیواو ئومێدەوە دوای کەوتون، بەڵام ئەوەی لەم دەقەدا ئەم خۆشەویستیە دەردەخات، وەرگرتنی هەڵوێستی پەرچەکردارە بەرامبەر دەرخستنی رادەی خۆشەویستی بارزانی، بەواتا دەیەوێت بڵێت بارزانی لەوە دەرچووە کەسایەتییەك بێت و بەس، بەڵکو هێمایەکی نەتەوەییەو گەل بەگشتی بەهەموو شێوازێك لەگەڵ یدایە، بۆنموونە:

**خۆشمان ئەوێ ی...**

**بەقەد رقی شمشێری ناوچاوی ئەوان**

**خۆشمان ئەوێ ی**

**ئەوەندەی برسی ی نانی خۆش ئەوێ**

**بەقەد ناڵەی تی ئین تی ناو،**

**جانتاکانیان...خۆشمان ئەوێ**

**..من تینوێتم بەگڕ دەشکێ، ل 121 - 122**

یان:

**لە کاتێکا کتێبخانەی چاوەکانم ئەپشکێنرا**

**بۆت ئەگەڕان.... بینیانی:**

**چیرۆکێکی دەماو دەم لوتکەی شاخەکان ئەتگێڕنەوە**

**لق و پۆپی درەختەکان بە گۆرانیی ئەتڵێنەوە**

**..من تینوێتیم بەگڕ دەشکێ، ل123**

کەواتە ئەم پەیوەستبوونەی شاعیر بە بەرزانییەوە، پەیوەستبوونێکی رۆحی و نەتەوەییە و ئەمەش لەسەر بنەمای ئەرك و رۆڵ و دڵسۆزی بنیاددەنرێت، بەمەش بارزانی لەم دەقەدا هێزی دیالێکتیکی و ئارگیومێنتی نێوان بوون و نەبوون، نادادی و دادپەروەری و خەبات و قوربانیدانە، وەك دەڵێت:

**ئەی بارزانیی لەگەڵ تاین چۆن بنار لەگەڵ ،**
**لوتکەدایە**
**لەگەڵ تاین چۆن چاوت لەگەڵ سەرنجتایە**
**هەناسەت لەگەڵ سییتایە**
**دەنگت لەگەڵ گەروتایە**
**لەگەڵ تاین چۆن خەنجەرەکەت لەگەڵ تایە**
**ئەی بارزانیی**

**..من تینوێتیم بەگڕ ئەشکێ،ل124**

کەواتە کۆی ئەم یەکبوون و پەیوەندییەی نێوان بارزانی و شاعیر، چ وەك خود یان خەڵکی لە چییەوە سەرچاوەی گرتوە، یان بۆچی دەگەڕێتەوە، ئەمەش لەوەڵامی دەلالەتەکەدا بەدەست دێت، بۆیە بارزانی لەو ساڵانەدا تاکە هیوای کورد بوو، بۆیە دەلالەتی هیواو ئومێد، ئاسۆی ژیان، رزگاربوون، سەرکەوتن....دەبەخشێت.

3- **ئەنوەر قادر:** لە شیعری(وەرزی سەرهەڵدانی فەرهاد)(1973) دا ئەگەرچی شیعرەکە پڕە لە نیشانەو هێما، بەڵام ئەوەش حەقیقەتە کە کەسایەتی فەرهاد بەشێکی سەرەکیو بەرهەمهێنانی دەقە، نەك هەر ئەوەندەش ئەو کەسایەتی و بەهێزیەی فەرهادە، ئەم دەقەی ئەوەندەی تر بەهێز کردوە،

هۆکاری سەرەکی هانا بردنی شاعیریش بۆ فەرهاد هەر ئەمەیە، واتە ئەوە فەرهادە توانیویەتی ئەم ڕۆڵ و هێزەی لێبەرهەم بهێنرێتەوە بۆ کەسێکی دی کە شاعیر دەیەوێت، ئەگەرچی فەرهاد کەسایەتییێکی داستانیش بێت، بەڵام بووەتە پاڵەوانێکی شێوە واقیعی لەرووی گەیاندنی هێزو کاریگەری و کالێکردنەوە، وەك دەڵێت:

**فەرهاد!... فەرهاد!**
**قووڵنگەکەت بوەستێنە**
**لەدڵی رەقی بێستونا**
**بۆ شارێکی برسی و تینوو**
**ئاو دەربێنە.. گوڵ بڕوێنە**

**.. زریان و زاڵەو زنار،ل13**

واتە شاعیر راستەوخۆ ئەوە دەڵێت کە فەرهاد دەتوانێت لەسەختترین شوێندا خواستەکان بهێنێتەدی، ئەم بڕیارەش لەوەوە سەرچاوەی گرتوە، کە توانیویەتی بێستون لەبەرامبەر خۆشەویستەکەیدا دابتاشێت، ئەمەش ئاماژەو هێمای خۆشەویستی راستەقینەیە، کەواتە فەرهاد هێزی بڕیاردان و جێبەجێکردنە، راستگۆیی و دڵسۆزی و وەفاداریە، هەروەها دەڵێت:

**هۆ شیرین گیان**
**دووای وەرزی قووڵنگ وەشاندن**
**دووای ماندووبوون**
**هەناسەکەم کە ئەڕژێتە سەر رووی بێستون**
**وێنەی شیرین نەخش ئەکا**

**.. زریان و زاڵەو زنار، ل14**

**4- لەتیف هەڵمەت:** لەشیعری(پێشنیاری رێبوارێکی دەربەدەر)(1973) دوو کەسایەتی بەکارهێناوە، یەکێکیان فەرهادەو کەسایەتییێکی داستانییەو هێنانی فەرهاد تەنها بۆ دەرخستنی ئەو ئەرکە گرانەی، کە لەسەرشانی بووە

لەپێناو دڵدارەکەیدا ئەنجامیداوە، چونکە دواتر شاعیر خۆی وەك فەرهاد دەردەخات، ئەمیش لەبەر ئەو ئەرکە گران و پیرۆزەی کە لەسەرشانییەتی، لەپێناو گەڕانەوە بۆ نیشتمان، چونکە دەربەدەرە، واتە کارکردن دەبێتە هێزی ڕۆخاندنی کۆشکی شەداد، لەپێناو گەڕانەوەی دادپەروەری و بەرزکردنەوەی چینی هەژارەکان، کەواتە ئەرکە پیرۆزەکەی شاعیر هێزی فریادرەسی هەژاران و دابینکردنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی، وەك دەڵێت:

**منم فەرهاد...گیانە..گیانە...منم فەرهاد**

**بەڵام بەڵام هاتنی من...بۆ تاشینی بێستون نییە**

**هاتنی من لەبەرچاوی شیرین نییە**

**من ئەم جارە بەزەبری کینەی پاچی داد**

**ئەروخێنم دوا بناغەی کۆشکی شەداد**

**لەسەر بەردی هەوارەکەی بەهەشتی عاد**

**نامەیەتر بۆ هەژارەکان ئەنووسم..ل115**

جگە لەمەش بیلال لەگەڵ ئەوەی کەسایەتییەکی ئایینیە هێناوە، بەڵام هێنانی بیلال وەك دەلالەتی دەنگی ئازادی و ڕاگەیاندنی دەنگە کپەکان و بانگی ڕاستیی و شکاندنی بەربەستی ترسە، ئەم دەنگەش لەگەڵ هەڵبوونیدا دژەکانی ڕادەماڵێت، چونکە دەنگی ڕاستی و ئازادی و چینی چەوساوەکانە، بوونی ئەمانەش واتە نەمانی بەرامبەر، وەك دەڵێت:

**هەرگیز دەنگی بلال نامرێ**

**بانگی ڕاستی بە هیچ هێزێك کپ ناکرێ**

**لە گشت جێگایەك ئەبیسترێ**

**دەنگی بلال.. دەنگی باوەڕ.. دەنگی تۆڵە**

**دەنگی هەموو ڕەش و رووتەکانی ئەم خۆڵە..ل116**

**5- جەلالی میرزا کەریم:** لە شیعری(پێشکەشە بەو: شۆڕشگێڕانەی هێشتا نەمریون)(1975) هەرچەندە شاعیر باس لەکۆی ئەو شەهیدە شۆڕشگێڕانە

دەكات، كە لەدژی شای ئێران خەباتیان كردوەو شەهیدبوون، بەڵام لەكۆی گشتیدا وەك رابەری ئەم شەهیدانە باس لەچوار راهی خەم و قازی محەمەد دەكات، قازیش بۆ خۆی كەسایەتێكە خاوەن چەندین رەهەندی جیاوازی سیاسی و فكری و مێژوییە، قازی واتە حكومەتی كوردستان، رابەری، ژیان بۆ گەل و بەوەفایی، رووبەرووبوونەوەو قبووڵنەكردنی ژێردەستەیی، واتە بوونی زوڵم و ماف خواردن، كۆدەنگی كورد، بەوەی سەركردەیەكە توانی بەبێ جیاوازی كەسە جیاوازەكان هەم لەئایدیاو هەم لەپارچەكانی تردا كۆبكاتەوەو بەراستی خۆی تەرخانكرد بۆ شۆڕش و میللەتەكەی، چونكە دوا بڕیاری ئەم ڕاستیەی سەلماند، وەك دەڵێت:

**ئەی خەرمانەی**

**ئەو چاوە پڕ هیوایانەی لەگەڵ هەورن!**

**ئەی هێلانەی**

**سەر درەختی باڵە فڕێی**

**هاژەی دەنگەكانی گەروو!**

**ئەی ئەوانەی**

**جێ پێی سەرچاوەی خوێن، ئەگرن!**

**ئەی دوا وانەی**

**منداڵانی(چوار راهی خەم)**

**.. ڕێگا دورەكان، ل 19**

دەیەوێت ئەوە بڵێت قازی وهاوڕێكانی، یان شەهیدەكان بەدوای خۆری ئازادیەوە بوون، ئەم دواكەوتنەش بە قوربانی بەدەست دێت، بۆیە خۆی كردە قوربانی، بۆئەوەی ئەو تەلیسمە بسڕنەوە، كە بووەتە بەربەستی خۆری ئازادی كوردستان، جگەلەمەش بەدەستهێنانی خۆری ئازادی، ئەركی سەرشانی ئەوانەیە كە نرخ و بەهای دەزانـن، ئیدی بەهەر نرخێك بێت، هەوڵی بەدەستهێنانی دەدەن، ئەمەش بەپلەی یەكەم ئەركی كەسایەتییە نیشتمان پەروەرییەكانە، چونكە تەنها ئەمانە دەتوانن ئەم رێگە تەلیسماویە

ببڕن، وەك دەڵێت:

**هەناسەی تر**
**ماون لەڕێی ماچی خۆرا هەڵبواسرێن**
**هەن بکوژرێن**
**هەن تا ماون لەزیندان شیعر بڵێن**
**هەن وەك چرا.. هەڵبگیرسێن**
**بەڵام لەکوێن ؟**
**هەواڵەکانی ڕۆژنامەی**
**مەرگی(قازی)،**
**گۆرانییەکمان فێر ئەکا**
**کەسێك رێی خۆر بگرێ ئەبێ**
**بەتەلیسمی شەودا بڕوا .. ل 20**

### 3- سیمیۆلۆژیای وێنەی شیعریی

وێنە لەروانگەی سیمیۆلۆژییەوە بریتییە لە گۆڕینی شتەکان یان سیمای سروشت بۆ نوێنراو، بەم پێیەش بێت، وێنە کرۆکی هونەری بینراوە، لەگەڵ ئەوەی هەندێك هونەر پێویستیان بە دەنگە بۆ گوزارشتکردن لە شتەکان، یان وێنە بریتییە لە وێنە یان دیمەنێك کە گوزارشت لە شتێکی دیاریکراو دەکات، لەم بارەوە د.مصطفی ناصف دەڵێت» وێنە بۆ دەلالەتکردن لە هەرشتێك بەکاردەهێنرێت، کە پەیوەندی بە گوزارشتە حسییەکەوە هەیە»80 هەروەها د. جابر عصفور دەڵێت»وێنە رێگەیەکی تایبەتە لەرێگەکانی گوزارشت، یان سیمایەکە لە سیماکانی دەلالەت وگرنگیەکەی لەمانا تایبەت و کاریگەریەکاندا دەردەکەوێت»81 بەهۆی ئەمەشەوە دەبێتە هۆکارێك کە وەرگر لەسەری بوەستێت و لەرێگەیەوە بچێت بۆ جیهانی نەبینراوی کاری هونەری و ئەدەبی، ڤان لەبارەی وێنەوە دەلێت»وێنە قسەیەکی بارگاوی بەهێزەو لەچەند رەگەزێکی هەستەوەر، نەیسج، جوڵە، تاریکی، پێکهاتوەو هەڵگری بیرێك یان سۆزێکە و لە رەنگدانەوەی واقیعی دەرەکی زیاتر لە مانایایەك دەبەخشێت و دواجار پێکهاتەیەکی گونجاو بەرهەمدێت»82 هەروەها د. احمد نصیف الجنابی دەڵێت» وێنە بریتییە لە هێزو توانای وشەکان»83

هەر ئەم هەنگاوە گرنگەش وایکردوە، کە وێنە لە شیعری نوێدا کاریگەری گەورەی لەسەر دروستکردنی چەمکی نوێ هەبێت، لەگەڵ ئەمەشدا وێنە بەشێوە گشتییەکەی نیشانەیەکی ئایکۆنییەو لەرێگەی ئەم رەهەندە ئایکۆنییەوە کار لەسەر رەهەندی پێکهاتەیی دەکرێت، ئەمەش لەوەوەیە کە باس لە هەندێ شتی تایبەت بە مرۆڤ دەکرێت و پەیوەست دەبێت بە وێنەکەو لێرەوە واتای واتامان دەستدەکەوێت.

وێنەی شیعریی بریتییە لە وێنەو هێڵە نەسیجیەکانی وشەکان، بۆیە وێنە خۆی لەخۆیدا لەخۆگری کۆمەڵێك کۆدو دەلالەتە، کە لە ڕێگەی شێوەبەندی زمانەوە بەرهەمدێت و لە ڕێگەی خوێندنەوەشەوە ئەم کۆدو دەلالەتانە بەپێی جۆرو میکانیزمی خوێندنەوەکە دەدۆزرێـنـەوە، واتە زانیاریەکان

کاتێك دەزانرێن، کە خوێندنەوەیەکی بە بەرهەمبێت، بەو واتایەی سنوری بینراوی دەبەزێنێت و دەچێتەناو کۆدەکانەوە، بەم پێیەش سیمیۆلۆژیای وێنە لێکدانەوەی پێکهاتەی وێنەکەیە، لەپێناو ئاشکراکردنی پەیوەندیە دروستکراوە جیاوازەکان، ئەمەش لە ڕێگەی هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندیەکان و هێڵە ناوخۆییەکانەوە دەبێت، کە کۆد و دەلالەتەکان شاردویانەتەوە، لەهەمانکاتیشدا ئۆرگانی پەیوەندیش لە نێوان دەق و خوێنەرەکەیدا دیاریدەکات، خوێندنەوەی وێنە لەسەر دوو ئاست دەبێت :

1.خوێندنەوەیەکی فۆرمی،لەپێناو زانینی ناوەڕۆك و پێکهاتەی وێنەکە.

2.ئاستی تێگەیشتنی ناوخۆیی وێنەکە، بۆئەوەی لە دەلالەتی وێنەکەو ئەو ڕەمزەی کە دەینوێنێت بکۆڵرێتەوە.

نازك الملائکە دەڵێت «ئامادەنەبوونی وێنە لەناو شیعردا، دەبێتە هۆی لەدەستدانی جوانی و ڕەسەنایەتی شیعرەکە»84 لەراستیدا سیمیۆلۆژیا لە هەموو میتۆدەکانی تر ئەم وێنەیە بەرجەستەدەکات و واتای هەمەجۆری پێدەبەخشێت، لەبەرئەوە «وێنە ئامرازێکی رازێنەرەوەی شیعر نییە، بەڵکو دەبێت وەکو وێنە کە بنەمایەکی سەرەکی شیعرە، ڕۆڵی خۆی ببینێت»85

سیمۆلۆژیای وێنە، وێنەی فۆتۆگرافی تێدەپەڕێنێت بۆ وێنەیەکی بەیانی و خەیاڵزایی، کە لە سیمیۆلۆژیادا پێگەی زۆری هەیە، بەو پێیەی سەرچاوەی دەلالەتەکانە، هەروەها چەند نیشانەیەکی تێدا کۆبووەتەوە و هەریەکەشیان سود لەوی دی وەردەگرێت، یان هاوکاری ئەوی دی دەکات، بەگشتی وێنە لە شیعری نوێ بەگشتی و هاوچەرخ بەتایبەتی، وێنەیەکی ئاڵۆزەو لەڕێگەی پارچەکانی تری ناو دەقەکەوە، ئەم وێنە ئاڵۆزە دروستدەبێتەوەو لەهەمانکاتیشدا لەرێگەی وێنە بچوکەکانەوە دەتوانرێت مانای شیعرەکە لێکبدرێتەوە، واتە وێنەکان ئاڵۆزن و شیعرێك خاوەنی چەند وێنەو مانای جیاوازە لە چوارچێوەی یەك ماناو دەقدا، بۆیە وێنە بریتییە لەبەرجەستەکردنی دیمەنێك، ئیدی ئەو دیمەنە واقیعی بێت یان شاعیر

لەخەیاڵزایدا دروستیکرادبێت و لەچوارچێوەی دەقدا خرابێتەروو، بەمەش «وێنەی شیعریی یەکێکە لەو ڕەگەزە سەرەکیانەی کە دەبێتە چەقی پێکهاتەی شیعریی، پێکهاتەیەك کە تەواوی سیما شیعرییەکە بۆ خۆی کۆنترۆڵ دەکات، بە شێوازێك زۆرجار لەڕێگەی کۆد و دەلالەتەکانی وێنەوە، دەتوانرێت شتە نهێنی و داهێنانەکانی شیعرەکە بخرێنەڕوو «86.

لای ڕۆژئاواییەکان زاراوەی وێنە خۆی لە پێنج دەلالەتدا دەبینێتەوە( دەلالـەتـی زمانەوانی، زەینی، دەروونــی، رەوانبێژی، رەمــزی)87، لە سیمیۆلۆژیاشدا کار لەسەر ئەم دەلالەتانە دەکات کە وێنەکە لەخۆی گرتون.

کەواتە وێنەی هونەری و ئیستاتیکی، بریتییە لە وێنەی هونەری هەڵچوون و هەست و دژەکان، دارمانە خودیەکان، روداوەکان کە نوسەر دیونی و نەیتوانیوە لەخۆیدا هەڵیانگرێت، یان بیانشارێتەوە، بۆیە دواجار لە وێنەدا دەیانخاتەروو، یاخود وێنە بریتییە لە کرۆکی هونەرە بینراوەکان و وێناکراوەکان لەناو دەقدا، بەو واتایەی هەندێ لەکارو هونەرەکان پێویستیان بە وشەو دەنگێك هەیە بۆ گوزارشتکردن لەسەر شتەکان، وێنەش زمانێکی نوێ دروستدەکات، ئەمەش لەئەنجامی ڕۆڵ و گرنگی وێنەیە لەسەر خوێنەر، چونکە وێنە ڕۆڵی گرنگی لەسەر دروستکردنی واتا و چەمکە نوێکان هەیە، بۆیە هەموو وێنەیەك لەپێناو بەدەلالەتکردنی لەرێگەی یەکێك لەو هۆکارانەی کە ئەم کاریگەرییانە دروستدەکات، دروستدەبێت، بەم شێوە:



لەوێنەدا ئەوەی گرنگە دیاریکردنی ڕەگەزی ئەو رووداو و گرفتانەیە کە وێنەکەیان دروستکردوە، لەگەڵ ئەمەشدا خـودی ناونیشان وێنەی یەکـەم بۆ دەق دەستنیشان دەکات، یاخود وێنە هاوتەریب و یەکسانە لەگەڵ ناونیشان.

بەپێی سیمیۆلۆژیا شتێك لەدەرەوەی دەقەوە بوونی نییە، بەو واتایەی ناو دەق، دەرەوەی دەقیشی تێدایە، ناونیشان و دەق و ئاماژەکان و وێنەکان بەشێکی دانەبڕاون لە گوتارو هەشیانە ئاماژەن و هەریەکەیان ئەوی دی تەواودەکات.

وێنەش وەك هەر ڕژێمێکی تر، سیستمێکی دەلالییەو خـاوەن دوو ئاستە(ئاستی گوزارشتی، ئاستی پێکهاتەیی) ئاستی گوزارشتی ئەو گەیاندنە بیریە دەگرێتەوە، کە شاعیر مەبەستیەتی لەڕێگەی وێنەو کۆدەکانییەوە بە وەرگری بگەیەنێت، ئاستی پێکهاتەیی یەکەکانی دەقەکەی بەرهەمهێناوەو دەتوانێت لە ڕێگەی کۆدەکانییەوە گوزارشتەکان بەهێزو هەمە جۆر بکات.

## قۆناغی یەکەم: 1950-1958

**1-دیـلان:** لەشیعری(شەڕو ئاشتی)( 1954) وێنە شیعرییەکە بریتییە لەپیرەمێردێکی ڕیش سپی و کۆمەڵێك منداڵی لەخۆی کۆکردوەتەوەو باسی مێژووی رابردوو، ئەو شەڕو ماڵویرانی و چەوسانەوەی کە خەڵکی دووچاری بوون و برینداربوونیان لەسەنگدەردا دەکات، لەم بارەوە د. دڵشاد عەلی دەڵێت» ئاوەڕدانەوەی دیلان لە چیرۆکێکی شیعری دەربـارەی جەنگ و چنینی بنیاتەکەی بەو وێنانە بۆ خۆی ئاکامێکی ئاسایی ئەو ڕێڕەوە بووە، کە ئەدەبیاتی پارتە سیاسیەکانی بەگشتی و بزوتنەوەی ئاشتی خوازی بەتایبەتی گرتبوویانە بەرو بانگەوازی ئەو باوەڕو تێڕوانینەیان پێدەکرد، کەبەلایانەوە رزگاری و سەرفرازی گەلانی ژێردەست و چەوساوە بەندە بە ئاشتی جیهانەوەو لەژێر باڵی ئەو ئاشتییەدا دەتوانرێ مافی زەوتکراوی گەلان بەدەست بهێنرێتەوەو ژیانێکی ئاسودەیان بۆ بنیادبنرێ»88 کەواتە کەرەستە سەرەکییەکانی وێنەکە پیرەمێردی ریش سپی و منداڵ و پۆلە کۆترن، خودی

پیرەمێرد نیشانەی بەئەزموونی و مێژو و باسکردنی جەنگی جیهانی دووەم، کۆترەکانیش نیشانەی خواست لەسەر ئاشتی و منداڵانیش نیشانەی پاکی و هیوای دوارۆژن، وەك دەڵێت:

**مامەی پیرە، مامەی ریش پان گێڕایەوە باسی جاران**
**وتی : ئەی بچکۆلەکانم**
**هۆی ئارامی دڵو گیانم**
**بۆتان باس ئەکەم رابردوو**
**بەکۆمەڵ نەوەك یەك و دوو..ل40**

یان:

**وتی: ئیتر رۆڵەی وردم**
**بۆم نایە(قافیە فەردم)**
**بەڵام منداڵی دەوری پیر**
**مامەی پیریان هێنایە گیر**
**تاتەواو نەبێ داستانت**
**بەری نادەین ریشی پانت**
**ئەزانن چیم بۆ باسکردن**
**یان بۆ چی شوێنێکم بردن**
**بۆم باس کردن هەواڵی شەڕ**
**تێم گەیاندن رازی پڕبەر..ل52**




باسکردنی برسێیەتی و کوشتن، بەڵام دواجار وێنەکە ئەو پەیامە دەردەخات شەڕ ئاشتی بەدوادادێت و هیوایەك دەبەخشێتەوە بەمنداڵان وەك دەڵێت:

**مامە وتی: سەرهەڵبڕن**
**ئەوە چین پۆل بەپۆل ئەفڕن؟**
**وتیان: مامە ئای لەوانە**
**لەو هەموو(کوترە) جوانە..ل52**

دواجار کۆتری هێناوەتەوە، بۆئەوەی ئەوە بخاتەروو، کە هەموو شەڕێك دەبێت بە ئاشتی کۆتایی بێت و بەمەش تابلۆکە پێکهاتەیەکە لەمنداڵو مامەپیرەو پۆلە کۆتری ئاسمان، کۆی گشتی دەقەکەش ئاماژەدانە بۆ دورکەوتنەوە لەشەڕو چوون بەرەو ئاشتی، چونکە ئاشتی ئەگەر سەری خۆتی لێنەوی نەکەی، بەردەوام لەگەڵ مرۆڤدایە، مامە پیرە نیشانەی ئەزموون و خەبات و مێژووە، منداڵەکانیش نیشانەی هیواو ئومێدو هێزی ئایندەن، ناساندنی رابردوش لەلایەن مامە پیرەوە بە منداڵان، لەپێناو بنیادنانەوەی ژیانە لەسەر بنەمای ئاشتی، بەمەش وێنەکە باسکردنە لە رابردوو، واتە ئێستا نییەو شەڕکردنە نەك ئاشتی، بۆیە دەبێت ئێستا پێچەوانەی رابردوو بێت.

**2-گـۆران:** لەشیعری(سەگ وەڕ)( 1954) دا، وێنە شیعرییەکە بریتییە لەسەگێك لە بەردەرکی ماڵی ئاغا بەحەق‌و ناحەق لە خەڵکی دەگەفێت و بــەردەوام کلکی لەسەر شانە، لەبەرامبەریشدا گـۆران هەندێ کەس لێیکەوتونەتە تەقە وەك ئەو سەگانە، بەڵام ئەم وەڵامیان نەداتەوە، کەواتە وێنەیەکی واقیعی بووەتە وێنەیەکی شیعری گۆران، ئەگەرچی سەگ لەماڵی ئاساییدا نیشانەی وەفادارییە، بەڵام لەبەردەم ماڵی ئاغادا نیشانەی نۆکەری و کلکە لەقێنییەو سیخوڕی....تاد، لەپێناو نانەکەیان لەهەموو کەسێك دەگەفن، بۆئەوەی ئاغاکەیان لێیان ڕازی بێت، خەڵکانێکش هەن بەهەمان شێوەن لەبەرامبەر گۆراندا، بۆیە گۆران بۆئەوەی ئەم خاسیەتی سەگی بەردەرکی ئاغایان بەسەردا بسەلمێنێت، مەنگی هەڵدەبژێرێت، وەك دەڵێت:

**تولەی دەرگای ئاغایان گشت**

**کلکی نایە سەر نەڕەی پشت!**

**گوێچکەی قوت کرد... گوێچکە قوت بوو**

**کەبۆی مڕان.... بۆی مڕان، زوو**

**منیش هەندێ کەس، پاشملە**

**لێم کەوتوونە تەقەی زلە**

**بەڵام من وەك حەوزێكی مەنگ**
**هەرگیز لێیان نایەمە دەنگ**
**با بۆ خۆیان هەر بگەفن**
**هەر خۆیان هەردوو تەرەفن..ل3-92393**

خودی وێنەکەش ماڵی ئاغایە کە نیشانەو ئاماژەی دەسەڵات و زاڵمیەو سەگەکانیش سیخورو جەلادەکان، گۆرانیش قوربانیدەری ئەم دوو لایەنەیەو هەڵبژاردنی بێدەنگی بۆئەوەیە کە بیسەلمێنێت ئەمانە سەگن و سەگیش کاری هەر پاسکردن و وەڕینە، بۆیە مەنگی هەڵدەبژێرێت و دەڵێت با خۆیان هەردوو تەرەف بن، واتە وەڵامدانەوەیان چوونە بەرەی ئەوانە، چونکە باشترین وەڵامی سەگی پاسی ماڵی ئاغا بێدەنگییەو بێدەنگی گۆرانیش نیشانەی ئارامی و بەهێزی ئەوەو دەزانێت لەکوێدا وەڵام بداتەوە.

3-**کامەران:** لەشیعری(بووکی لادێ)(1957)دا،وێـنـەی بووکی لادێیەك دەخـاتـەڕوو، کەکچێك لـەلایـدا شـوودەکـات و بەشێوازێکی لادێیانە دەیڕازێننەوەو شێوازی رازانـدنـەوەی بوکی لادێ دەکێشێت، بەهەمان شێوەش وێنەی زاواو ئاغای دێکەش کەبەشێوەیەکی فیزاویی و وردو نەرم دێتو دەچێ، ئەم ئاماژەی فیزبوونەو لەگەڵ یشدا بەشداریکردن لەشایی جوتیارێکدا، ئاماژەی تەڵەکەبازی ئاغایە، بۆیە هەر ئەو شەوە زاوا دەکوژێو دواتر بەبیانووی تۆڵەسەندنەوە، ژنەکەی مارە دەکات، بوكو زاوا نیشانەی ژیانی نوێو خۆشیو پێکەوە ژیانە، ئاغاش نیشانەی زوڵمو ستەم، وێنەکەش دواجار زاڵمی ئاغا لەبەرگی دڵسۆزیدا نیشاندەدات، واتە لەهەر کوێیەك ئاغا هەبوو، شادی بوونی نییە، چونکە شادی واتە نەمانی ئاغا، بەواتایەکی تر ئاغا هەر ئاغایی دەوێت و ناتوانێت لەگەڵ چینی جوتیاردا بژێت، ئەگەر بیری ئاغایی هەبێت، وەك دەڵێت:

**چاوی کاڵیان ئەڕشت بەکل**
**بۆیان پێچا سەرپێچی زل**

**پانی بەرزەکەی ڕەنگاورەنگ**
**هەیاسە، بۆکەمەری تەنگ**
**ئاغاش، بەفیز، دێت و دەچێ**
**ورد، ورد نەرم هەنگاو ئەنێ**
**لەنیوە شەودا، کوتوپڕ**
**دەست ڕێژێکیان لێکرد لەپڕ**
**کوشتیان.. ئاغاش فرمێسکی ڕشت!!**
**بمزانیایە کێ بوو.. ئەمکوشت!!**
**دوای فرمێسکی درۆ، ڕشتن**
**بەڵێنی(تاوانبار) کوشتن**
**ژنی جوتیاری مارە کرد**
**خونچەی(تازە پشکوتوی) برد..ل4-547**

هەروەها لەشیعری( کچە بەرتیلە)(1957)دا ئەگەرچی شیعرەکە باس لە ڕووداو وێنەیەکی واقیعی دەکات، بەڵام دەلالەتی پێدانی کچێك بە بەرتیل لە ڕووداوە واقیعیەکەدا، کەمبایخکردنی کچ لەڕوانگەی پیرەژنەوە بەهۆی ژمارە زۆریان لەبەرامبەر زوو ناونوسکردنیان، بەڵام بنچینەی ڕووداوەکە یان وێنەکە ئەمە نییە، بەڵکو دەقەکە ئەو دەلالەتەمان دەداتێ لەلایەك حەزکردنی پیرەژن بە زوو شوکردنی کچەکە، چونکە شەش کچی هەیەو ئەم حاڵەتەش پەیوەندی بە لایەنە کۆمەڵایەتی و داب و نەریتەوە هەیە، کە بە گرفتێکی گەورەی دەزانێت، لەلایەکی تریشەوە بەشاری و ئەفەندییەك، بەڵام ئەم زوو ناونوسینەی کردوەتە دەروازەی باس، لەگەڵ ئەمەشدا دەلالەتی ئەم وێنەیە لەو دیمەنە شاراوانەی لادێدایە کە کچەکە خاوەن دۆزەکەیەو پێی ڕازییە، چونکە ئەوەمان پێدەڵێت کە لادێ واتە ژیانی گران، کارکردن، ژێردەستەیی، گۆشەگیریی، بەدڵ شونەکردن، زوڵمکردن...تاد، وەك دەڵێت:

**پیرەژنێك هات، گاڵۆك خوار**
**بەژنی وەك كۆتەرەدار**
**نوارییە رووم، بنمیچی رەش**
**دواتیشكی زەردی خۆری گەش**
**وتی و دەمی پڕ پێكەنین**
**ئەی شارستانی روو، شیرین**
**نە پارەم هەیە نەماڵات**
**بەتۆی لاوی بكەم خەڵات**
**ئەگەر ناومان بنوسی یەكسەر**
**ئەتنیمە سەرچاو، تەپڵی سەر..ل132**
یان:
**بەرتیلیش نەبم هەر بمبە**
**لەم ژیانە رزگارم كە**
**چیلكە چنینەوەو بژار**
**نانی گاڵ و زەبری زۆردار**
**جوانی رووم، بەژن، قژی خاو**
**ئەكوژن، بابێم ئەی كوڕی لاو**
**ئەوسام ئێستەم بوایە بەراست**
**ئەو كچە نەشمیلەم ئەخواست..ل133**

**4-كامل ژیر:** لەشیعری(بۆجوانێكی دیل)(1957)،دەقە شیعریە باس لەوێنەی كچێكی جوانی لادێ دەكات كەكچی سەپانێكی چەوساوەیەو بەو گەرمای هاوینەو لەدەشت سەرقاڵی كاركردنەو دورە لەزانستو خوێندنەوە، ئەمەش زوڵمێكە لەمافی ئەو كچە كراوەو بەخۆشی نەزانیوەو پاشەڕۆژی فەوتاوە، بۆیە پێویستی بەشۆڕشێك هەیە، كە مافی لەدەست زۆردارو دەرەبەگ وەرگرێتەوە.

وێنەی سەرەکی کچێکی جوانی ئیشکەر، ئاساییە ئەگەر کچێك کارئەکتەری وێنەکە بێت، بەوەی کار بە کچەکە دەکرێت، بەڵام ئەو دەلالەتەی کە شاعیر مەبەستیەتی نائاساییە، چونکە کچەکە ئەرکێکی لەسەر شانە کە ئەرکی خۆی نییە، بۆیە دیمەنی کچەکە لەم دەقەدا واتە ماف خـواردن، چەوسانەوە، نەخوێنەواری، ملکەچی و دواکەوتویی، هەموو ئەمانەش پێویستی بەهەوڵو تێکۆشانەو پێویستە کچانو ژنان هەوڵی بۆ بدەن، وەك دەڵێت:

**هۆداس بەدەستی ئامادە بۆ کار**
**کچی سەپانی چەوساوەو هەژار**
**تۆیەك بەدیمەن، بێ وێنەو شیرین**
**ناسكو نەرمین، هێمن، نازەنین**
**دوربێ لەزانست لەشارستانی**
**لەهونەر، خوێندن، لەکامەرانی**
**هۆ جوان، هۆ دیلی داوی زۆرداری**
**وڕو تاساوای پەلی هەژاری**
**ریشەکێشراوی بەخۆ نەزانیو**
**بەرهەمی بەری تەقەلا نەدیو**
**بۆ راپەڕینێ، هەوڵێ کۆششێ**
**لەخەو هەڵسانێ، دەنگێ، شۆڕشی**
**بۆ ئازادبوونو مافی کوردستان**
**زۆردار، دەرەبەگ، لەگۆڕو چاڵ نان**
**کەواتە، ها، دەی، گورجو بێ وەستان**
**دوم کەوە بۆ کۆڕ کۆڕی تێکۆشان**

**..نازەنین،ل5-761**

## قۆناغی دووەم:1958-1969

**1-کامل ژیر:**(ئاسۆی هیوا)( 1959)، ئەگەرچی باس لەوێنەیەکی گوزارشتی دەکات، بەوەی وێنەی هەڵهاتنی خۆری بەیان لەئاسۆی کەلدا، لێرەدا خۆر رەمزی ئازادی و هیواو ژیانەوەیە، چونکە کورد لەو سەردەمەدا کاری بۆ ئازادی و رزگاربوون دەکرد، بەمەش هەرلەسەرەتاوە باس لە بیری نوێ دەکات و دواجاریش بە هەڵهاتنی خۆرێکی نوێ کۆتایی بەو وێنە دێنێت، لێرەوە هەردووکیان وەك دوو کەرەستەی سەرەکی ناودەق یەکدەگرن بۆ یەك ئامانجی شاعیر، بریتییە لەم بیرە نوێیەی کورد گرتویەتییە بەر، دەیگەیەنێتە ئازادی و رزگاربوون، وەك دەڵێت:

**بیری تازەی کوردایەتی　　ڕێبازمانە**
**ئێمە کوردین، مەردایەتی　　ئاوازمانە**
**ئەی وڵاتی کوردی ئازا　　خۆری بەیان**
**ئەبێ هەر لەم ئاسۆیەدا　　هەڵبێ لێمان**

**.. هەڵبەستەکانی ژیر،ل29**

**2-دیلان:** شیعری(رەشەبا)(1960)دا، کە ئەگەرچی وێنەکە باسکردنە لەرەشەباو کەوتنە شوێن کڵاوی بابردوی لـەوەرزی بەهارداو بـەردەوام بەدەشت و دەرو چیاکاندا بەدوایدا ئەلورێنێ، دواجار هەڕەشەی ئەوە دەکات کە ئیدی ناهێڵێت نیزگز، نەدەنگی شمشاڵ دەرکەون، بەڵام رەشەبا لەوەرزی بەهارداو کەوتنە دوای کڵاو، وێنەیەکە کەسێکی نەزان بەدوای شتێکەوە کەئەنجامی نییە، هێنانی بەهاریش ئاماژەی ئەم شکستەیە، چونکە بەهار سەرەتای ژیانەوەی سروشت و هیواکانەو هیچ شتێك بەر بەم ژیانەوەیەی ناگرێت، بەڵام هەموو ئەم هەڕەشانە بۆ کەسێکی لەم شێوەیە وەك کەفی هەڵچوو، یان سەراب وایە لەبەرامبەر هێزی گەلدا وەك دەڵێت:

**رەشەبای تیژ**

**دەمەو بەهار کەوتۆتە دووی**

**کڵاوی(تۆفی) بابردووی**

**لەدەم چیا بەرەو پێ دەشت**

**روەو خواروو بەرەو بای دەشت**

**نەپەڵەی گوڵاڵەی قەد پاڵا**

**نەسۆزی دەرونی شمشال**

**نایەڵم هیچیان دەرکەون**

**ئەڵێ ئیمساڵ منی بەفیز**

**بە وژە یا بەگیزە گیز**

**رێ لە( درەوشە) ئەتەنم**

**چاڵ بۆ(گەشە) هەڵ ئەکەنم**

**بەڵێ: ئەم کۆمەڵی خەڵکی ئەم وڵاتە**

**دەمێکە چاوەڕێی گەیین بەئاواتە**

**کەسەری دەرهێنا چووزی ئازادکردن**

**هێز نییە لەناوەڕاستا بیوەستێنێ..ل12-2124**

لەم وێنەدا رەشەبا ئاماژەیە بۆ هێزێکی ستەمکار، کە هەموو شتێك لەگەڵ خۆیدا رادەماڵێ و دەیەوێت هەرخۆی بێت، بۆ ئەمەش گوڵاڵەو نێرگز کە هیوای ژیانەوەو نوێبوونەوەن، لەبن دەردەکات، چونکە بوونی ئەمانە واتە نەمانی خۆی، بەڵام دواجار ئەو ئاماژە لە وێنەکەدا نیشاندەدات، کە پەلەکردن و زۆرکردن بۆ گەیشتنە خواستەکان نزیککردنەوەیە لە لەناوچوون، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، زۆربوونی تاوان، واتە زیادبوونی رق و هێزی گەل و گەیشتنە ئاوات و ئازادی، دواجاریش واتە لەناوبردنی دەسەڵات.

## قۆناغی سێیەم: 1961-1970

**1- گۆران:** لەشیعری(بێشکەی منداڵ)(1962/6/12)دا، باس لەمنداڵێکی ساوای ناو بێشکەدەکات، کەچۆن دایكو باوك ئەوپەڕی هەوڵدەدەن بۆ پەروەردەو بەخێوکردنی، هەرئەمەش وێنە واقیعییەکەیە، دەلالەتەکانی ئەم وێنەیەش منداڵی ساوا هیواو پاکیو ژیانە، ئاوەدانی ماڵ، هێزی پتەوکردنی خێزانە، بەڵام ئەوەی ئەم ژیانە تێکدەدات خودی شەڕە، چونکە شەڕ، گەورەو منداڵا ناناسێت و سوتێنەرە، بۆیە وێنەکە بریتییە لە لانکی منداڵ کە لانکی ژیان و هیواو ئومێدە، دەخوازێت ئەم لانکە دوور بێ لە ململانێ و شەڕی دایك و باوك، ئەگەر نا باجی دایك و باوك منداڵ دەیدات، ئەمەش تاوانە گەورەکەیە کە لە ئەستۆی دایك و باوکدایە، وەك دەڵێت:

**دایك دای رەنج، بۆ مناڵا دای**
**بۆ بزەی ناوبێشکەی ئارام،**
**باوك هەچ ئارەقێکی ڕشت**
**بۆئەوەی رشت-من دڵنیام-**
**ئای ئەو ماڵە چەند ئاوایە**
**ئای چەن خۆشە: ماڵێك بێ وا:**
**دڵنیابین بێشکەی ساوا**
**نابێ بە خۆڵەمێشی شەڕ..ل326**

**2- عەبدوڵلا پەشێو:** لەشیعری(تابلۆی ژیانم)(1966/6/18)ئەگەرچی کۆی گشتی شیعرەکە پێکهاتوە لە پێنج وێنە و هەر وێنەیەکیان تایبەتمەندی خۆی هەیە، بۆنموونە لە وێنەی یەکەمدا باس لە تابلۆ ناسۆریەکانی ژیانی دەکات، کە پەیوەستن بە دوورو نزیکی نیشتمانەوە، بە ئەندازەیەك ئەم دابڕانە دەروونییە کاریگەریەکی زۆری لەسەر شاعیر درووستکردوە وبووەتە هۆی دروستکردنی وێنەی ژیانی، هەموو ئەمانەش ناسۆری خودی نیین، بەڵکو نەتەوەیین و پەیوەستن بەو ئازارانەی نەتەوەو نیشتمانەوەو شاعیر ئـازاردەدەن، بۆیە

ناسۆریەکان لەخۆیدا دەبینێتەوە، بۆیە دەلالەتی نیشتمان واتە ژیان، گەشانەوە، هێزی شیعر، وەك دەڵێت:

**منم : ژیانی پڕ لە ناسۆری**
**لە نیشتمانا، نزیك و دووری**
**کاری کردە سەر ناخی گیانەوە**
**پەنجەی بردم بۆ خامەی جەسووری..ل196**

جگەلەمەش خۆی بەوێنەی لایەلایەی رۆژگاری هەژارو ئازارەکانیان دەخاتەروو، بەشێوازێك ئەم ئازارانە تەمەنی دەهەژێنێت و گوێچکەی دەزرنگێنێتەوە، ئەمەش واتە گرنگیدان بە ژیان لەگەڵ بوونی ئەم ئازارانە، بۆیە هەوڵ بۆ هێنانەدی بەهاری هەژار دەدات و بەو هیوایەوە کاردەکات، کەواتە ژیان پڕە لە هەژاری و ئازارو ئەم سیاسەتی چەوسانەوەو برسیکردنە بە درێژایی ژیانی شاعیر لەگەڵ ئەم گەلەدا بەردەوام بووە، ئەم چەوسانەوەیەش دەبێتە هێزە کارو رووبەرووبوونەوەی شاعیر، وەك دەڵێت:

**منم: لای لایەی هەژاری و رۆژگار**
**ناڵەی دەوروپشت، هەناسەی ئازار**
**گوێچکەی تەمەنیان زرینگاندمەوە**
**خستمیانە کار، بە هیوای( بەهار)..ل196**

دواتر دیمەنێکی تری ژیانی پیشاندەدات، کە خستنەرووی ئەو ئازارانەیەو بەهۆشیەوە هیوای منداڵی کوشتوە، بەڵام ئەم کوشتنەش نەبووەتە هۆی لەبیرچوونەوە، بەڵکو ئێستاش بە هیوای منداڵی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو حەزە منداڵیانەی، واتە ئازارو ناخۆشییەکانی رابردو، خۆشی منداڵانی نەهێشتبوو، بەواتایەکی تر مناڵ تەمەنی منداڵی بەسەر نەبردوە، بەڵام پاکی و جوانی مناڵی وایلێدەکات بگەڕێتەوە بۆ منداڵی، چونکە منداڵ واتە دەست و دڵ پاکی، سەخاوەتی، بێکینەو رق....تاد، وەك دەڵێت:

**منم: شەپۆلی، ئازار و تاڵیم**

**خەندەی کوشت لەسەر لێوی منالْیم**
**بەڵام، زۆر بیری بەرزی ژیانی**
**بەرەو دەماخی...ساوا... رامالْیم..ل196**

بـەڵام دواتـر قۆناغی کۆتایی ژیانی بە هیواو ئومێدێك دەزانێت و بەسروشت و هونەرو جوانی و هەڵبەست دەزانێت، بۆیە چەندێك توانی لەپێناویاندا شیعری بۆ وتون، وەك دەڵێت:

**منم: سروشت و هونەرو جوانی**
**ئاوازو هەڵبەست، نوزەیی، گۆرانی**
**یەکە بەیەکە، لێویان ماچ کردم**
**منیش بۆم وتن، هەرچەندم توانی..ل196**

**3-شێرکۆ بێکەس:** لەشیعری(دوو وێنە)(1967)دا ئەگەرچی دەرخستنی دوو دیمەنی کچێکە لەبەیانیو ئێوارەدا، دوو وێنەی جیاواز لەیەکتری پیشاندەدات، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەو ئایکۆنەی کەلەهەردوو وێنەکەدا بەکاریهێناوە ئایکۆنێکی ئیستاتیکی و وردی دەقە، دیمەنی بەیانی بەشێوازی سەرلقی بەهارو نیزگسی سالْی دەزانـێو بزەی لێویشی وەك مانگەشەو کراوەو جوان، بەڵام دیمەنی ئێوارەی تەواو پێچەوانەی بەیانییەو بەدیمەنی پایزی دەچوێنێت، لەشی بووەتە خۆراکی دڕك، هەموو ئەمانەش لەپێناو نیشاندانی قۆناغی ژیان بەگشتیو قۆناغی کارو تەمەن، هەموو کاتێك وەك خۆی نامێنێتەوەو پێویستە کار بۆ ساتە جیاوازەکان بکرێت، وەك دەڵێت:

**بەیانی دیم، وەکو بەهار، سەر لقی ئاڵ بوو**
**بۆ نەورۆزی مژدەیی ژیان، نێرگزی سالْی بوو**
**گەشەی گیانی لەباوەشی، دایکی شادیا**
**وەك جریوەی، دەم ئەستێرەی، خۆشی سامالا بوو**
**بەیانی دیم، بزەی لێوی، وەکو مانگە شەو**
**سەر روومەتی گۆمی شینی، هیوای ماچ ئەکرد**

**ئێوارەش دیم، وەکو پایز، کزو زەبوون بوو**
**لەشی جوانی، خۆراکی درك، بۆ زەبری بەرد بوو**
**بزەی لێوو، گەشەی گیانو ئاواتی دەروون**
**نمێ فرمێسك، ئاخێکی قووڵ رەنگێکی زەرد بوو**
**..تریفەی هەڵبەست، ل123**




**4- لەتیف هەڵمەت:** لەشیعری(هەڵبەستێك لەناو رەگی تەمەنما)(1967) ئەم شیعرە باسکردنە لەو ئازارانەی لەناو جەرگەی ژیانی شاعیردا بوون کە تەمەنی لاویەتییە، چونکە لاویەتی هێزی ژیان و تەمەنە، بۆیە لاویەتی رەگی تەمەنی شاعیرە، لاویەتیش واتە ژیاندۆستی، خۆشگوزەرانی، پێکەنین، کرانەوەو هیواو دوارۆژ، بەڵام شاعیر بەپێچەوانەی ئەمانەوە، دەیەوێت ئەم قۆناغە بخاتەروو کە بەهاری تەمەنی بریتییە لە گەشەو ژیان، لەگەڵ یشیدا لوتکەی ئەم گەشەیە کە چرۆکەیەتی هەڵوەریوە، ئەمەش واتە مردنی هیوای ئەو قۆناغە و هەڵنەدانەوەی، چونکە هەڵوەرینی چرۆی بەهار، واتە نەژیانەوەی ئەو قۆناغە، دابڕان لە ژیان و خۆشی، خنکانی ئاوازی لاویەتی، وەك دەڵێت:

**باخ و گوڵزاری بەهاری بەختم**
**کەوتە بەر تەمی هەناسەی خەزان**
**هەڵوەری چرۆی پۆپەی درەختم**
**وەکو پرشنگی ئەستێرەی بەیان**
**کەفی شەوگاری رەش و ناوەختم**
**سازی کەمانی لاویمی خنکان..ل45**

جگەلەمەش ئەم ئازارانە هەر لە رابردودا لەگەڵیدا بوون، لەم قۆناغەشدا دیسانەوە بوونەتە هۆی زیادکردنی ئازارەکانی، بەمەش ئاوازی هیواو خۆشی ژیان لەناو ئەم ئازارانەدا رەوینەتەوەو هەڵیانداوەتەوە، چونکە مردون، وەك دەڵێت:

**بەستەی ئومێدو بزەی تەمەنم**
**ون بوو لە هەردەی پشکۆی ژیانا**
**لەرەی بروسکەی شادی رابردووم**
**وەکو دڕکەزی چەقی بە گیانا**
**هەوری سامناکی ئاسۆی پایزم**
**توێژی برینی قووڵی داماڵی..ل45**

**5- کامەران موکری:** لەشیعری( چرا)( 1968) دا لەم شیعرەدا وێنەی چرا بە وێنەی دڵدارێك دەکێشێت، کە دەبێتە روناککەرەوەی دڵی کچۆڵەیەك، بەڵام لادان لەم پەیمانی دڵدارییە بەهۆی نەفامییەوە، چرای رووناکی دەروونیش دەکوژێتەوە، کەوایە دڵداری وێنە سەرەکییەکەیەو پێگەی لە واتای شیعرەکەدا هەیە، چونکە دڵداری توانەوەی دەروونەکانە، هیوای ژیان و ژیاندۆستیە- ئایندەیە، بۆیە لادان لەمەش گەڕانەوەی نائومێدی و رەشبینییەو تێکدانی ئایندەیە، واتە دڵداری روناکردنەوەی دڵ و دەروونەکانەو ئەوەی دڵداریش ناشرین دەکات،و ئەم هیواو ئومێدە لەناودەبات، نەفامی و نەزانین یان نەناسینییەتی، وەك دەڵێت:

**دڵداریی من، ئەی کچۆڵەی شۆخ و شەنگ**
**چرایەك بوو، رووناك لە ژوور سەرینت**
**کەچی لەپڕ دەس و پەنجەی نەفامیت**
**بەگوڕ ماڵی بە چرادا، بلووریا**
**بەخۆڕایی کەوتیتە دوای ناکامیت**
**بۆیە بە کوڵ فریشتەی دڵت گریا**
**تاکو ئێستەش لەشەوی غەمگینی یا**

**سەرلێشێواو خەمبار، لەپەل کوتانای**
**لەناو گۆمی لێڵی پەشیمانی یا**
**کۆست کەوتوانە هەمیشە لە گریانای.. ل218**

**قۆناغی چوارەم1970-1975**

1-**سوارەی ئیلخانی زادە:** لەشیعری(من زیندوم)( 1971)دا دەیەوێت زیندوبوونمان لە وێنەیەکی شیعرییدا پیشان بدات، بەوەی مردن بریتییە لە کوژانەوەی تەمەن و نەمانی رۆح، بەڵام مردو ئەوانەن کە بەبێ ناونیشانن و نەیانتوانیوە یادەوری و مێژوویەك بۆ خۆیان تۆماربکەن، کەواتە دەلالەتی زیندو لەم وێنەدا واتە مێژوو، رۆڵ و ئەرك، باسکردن، وەك دەڵێت:

**ئەگەر چرای ژینم**
**لەسەر سەرینی سەرەمەرگم**
**پرشنگی ساردی دوایی بدا**
**وامەزانن من مردووم، من زیندووم**
**بەڵام ئەگەر گۆڕی بێ ناونیشان**
**لەگۆشەیەکی ئەم جیهانە پانەدا داکەوێ**
**وە بیرەوەریم لە یادی خەڵکا بێ رەنگ بێ**
**ئاخ...!ئەو کاتەیە کە من ئەمرم..ل50**

کەواتە زیندویەتی بەهەناسەو جوڵە نییە، بەڵکو ئەوە ئەو رۆڵ و ئەرکە مرۆیی و نەتەوەیی و نیشتمانییانەن، کە مرۆڤ بە زیندویەتی رادەگرن، کە کەسێك لە ژیاندا کاریان لەسەردەکات، مێژووی ئەم راستیەی سەلماندوە.



**2- ئەنوەر قادر:** لەشیعری(ئێوارەیەو کۆچ ئاگرەو ناکۆژێتەوە) ( 1972)دا، باس لەدوری خۆی لەگۆمەکەی دەربەند دەکات، باسکردن لەمەش واتە تاسەی دوری شارەکەی، وێنەکە رامانی شاعیرە لەناخی خۆی و کۆچکردنی دەروونییە بۆ دەربەندیخان، واتە نامۆیی ناخی شاعیری داگیرکردوەو شاعیر لەڕێگەی ئەم وێنەیەوە دەریدەبڕێت، ئەم تاسەیەش لەوێنەی هەڵدانی دەواری دەرونو بارگەی وشەدا دەخاتەڕوو، چونکە ئەگەر هەوار ماتەم و تەم بێت، بێگومان دەروونیش ماتە، ئەگەرچی دواتر وڵاتیش دەبێتە بەشێك لەوێنە شیعریە گەورەکەی، بەڵام جەختی شاعیر لەزێدی خۆی لەناو پۆتانی وڵاتدایە، واتە هەوارو هەڵدانی دەوار، ئەو دەلالەتانەن کە ئەم دوری و دابڕانە دەردەخەن، سەرهەڵدانی ئەم دابڕانەش، بیرکردنەوەو گەڕانەوە بۆ رابردووی زێدی خۆی سەرچاوەی گرتوەو یەکێك لە هۆکارەکانی شکاندنی ئەم تاسەیە، وێنەو دیمەنە جوانەکانی ناو خودی شاعیرە، وەك دەڵێت:

**لەهەواری ماتی تەما**

**دەواری دەرون هەڵئەدەم**

**بەکۆچە ڕێ دووری خەما**

**بارگەی وشەم بەڕێ ئەخەم**

**هەورەکانی ئاسمانی شار**

**بۆ باوەشی گۆماوەکەی(دەربەند) ئەفڕین**

**ئەی وڵاتە شیرینەکەم**

**وڵاتی سوێو بەفرو بەهار**

**وێنەکەی تۆ لەقووڵایی زامەکانما**

**هەڵئەکەم..**

**زریان و زایەڵەو ونار.. ل28**

واتە وێنەیەکی گشتی زێدی شاعیرەو ئەگەرچی وێنەکە تێکەڵا، یاخود ئاڵوزەو پێویستی بەلێکدانەوەی بەشەکانی وێنەکە هەیە بۆ دروستکردنەوەی وێنە گەورەکە، بۆنموونە زێد دەریایەو شیعری شاعیریش ماسی، کەواتە شیعر زێد و تەواوکەری وێنەوماناکەن و ماسی واتە شیعری شاعیر بەبێ دەریا واتە وڵات ناژی، چونکە ئاو بێ ماسی گرفتی نییە، کەوایە ئەوە شاعیرە تاسەی نیشتمان دەکات،وەك دەڵێت:

**ئەو دەریایەو خەم دەریایەو**

**شیعرەکانی منیش ماسی**

**بێ ئەو ناژین، بێ خەم ناژین..ل29**

کەواتە شاعیر لەناخیدا خولیای زێدی خۆیەتی، دواجاریش ئاوابوون و بێهیوابوونی ئەو ئەگەڕانەی، کەشاعیر بەهۆی باوکیەوە چاوەڕێی کردووە.

**3-شێرکۆ بێکەس:** لەشیعری(وێنەیەك)( 1973)دا،باس لە وێنەی پەیوەندی مرۆڤەکان لەناوخۆیاندا دەکاتو پاشانیش بەراوردی دەکات بەسروشت کەبەهەمان شێوەن، بەمەش بەگشتی وێنە پەیوەندێکی نێگەتیڤ دەبەخشێتە جیهان، ئەمەش ئەوەی لێدەخوێنرێتەوە کەمرۆڤ(شت)لەکاتی خۆشی و بەرژوەندییاندا سەرچاوەو رەسەنایەتی خۆیان نەك بیردەچێتەوە، بەڵکو کوێردەکەنەوە، ئەمەش واتە ژیان لەپێناو بەرژەوەندی و خواستدا، بەمەش ژیان لەم وێنەدا ژیانی ململانێی بەرژەوەندیەکانە، وەك دەڵێت:

**نەك هەرخۆمان**

**بگرە هەتاکو سروشتی**

**ئاوی، شاخی، تا... درەختی**

**ناو نیشتمان**

**ئێمە چۆنین لەگەڵ یەکا**

**ئەوانیش وان**

**روبارەکان...**

**کاتێ بەدەریاو گۆم ئەگەن**

**تف لەسەرچاوەی خۆی ئەکەن**
**درەختەکان**
**فەرشی سێبەر: بۆ دڕكو داڵا**
**بۆ چقڵی ناحەز... رائەخەن**
**هەور ڕقی لەهەتاوە...**
**هەتاویش سێبەری بچوك ئەسوتێنێ**
**ئاویش.. لەئاودا خنكاوە**

**..من تینویەتیم بەگر دەشكێ،ل184**

دەیەوێت بڵێت كورد ئەوەندە لەگەڵ یەكتریدا ناكۆكن، سرۆشتیشی وەك خۆی لێكردوە، بۆیە تفكردن لە سەرچاوە واتە بێڕێزی لە مێژووی خۆمان، درەختیش واتە خەبات و هێزی مانەوە، بەڵام لەخزمەت بێگانەدایە.

**4-عەبدوڵڵا پەشێو:** لەشیعری(ناكەوین)(1975/7/8)دا، وێنەی مرۆڤێك لەشێوەی درەختێك دەكێشێت، بەوەی بەردەوام بەپێوەیەو خۆراگرە، مرۆڤیش دەكرێ لەخەباتی بەردەوامیدا هەڵەیەك یان وچانێكی سیاسی بدات، بەڵام هەرگیز ناكەوێت، بۆیە وەك شوانی دوای شەو پیشانیدەدات، ئەم شوانە دەبێت بەردەوام لەتاركییەكانی شەو بە ئاگابێت، تاوەكو گورگ مەڕەكانی نەخوات، بەڵام بەهۆی ئەم كارە گرانەی، دەشێ خەو بەپێوە وەنەوزی پێبدات، بەڵام نایخەوێنێت یان نایخات، لێرەدا دوو وێنەی بۆ خستنەرووی خۆڕاگری و بەهێزی كورد هێناوەتەوە، یەكێكیان درەختە كە نیشانەی مێژوو و بەهێزییە بەهۆی رەگەكانییەوە، لەلایەكی تریشەوە وێنەی شوانێكی هێناوە، كە شەوانە بەپێوەیەو بەهۆی ماندوبوونەوە وەنەوزدەدات، بەڵام ڕانەكەی وەلانانێت، واتە ململانێ دەكات لەپێناو مەڕەكانیدا، وەك دەڵێت:

**ئێمە وەك درەختین:**
**جار هەیە دەخەوین**
**وەك شوانی دوای شەوین**

**بەڵام،لەخەویشدا**

**بەپێوەین ناکەوین..ل48**

هەروەها لەشیعری( بۆم نـانـوسرێ)(1973/6/10) دا ئەو وێنەمان نیشاندەدات کە شاعیر شیعر بۆ شیعر دەنوسێت، نەك بۆ کەسی دیکە، بۆیە داواکردنی نوسینی شیعرێك پێویستی بە پێنوسی خوێنەو خوێنەکەش لەجەستەی خۆی بێت، ئەمەش واتە نوسینی شیعر بەخوێنی خۆی، لەراستیشدا شیعر زادەی قووڵایی نەست و ناو دەمارەکانی شاعیرە، بەڵام وێنەکە بریتییە لە ئامادەبوون لەبەردەم نەشتەردا بەبێ ئەوەی ئامادە بێت قەڵەمەکەی بۆ شیعرێك بخاتە گەڕ کە خۆی نەیەوێت، وەك دەڵێت:

**بۆم نانوسرێ**

**بەخوێن نەبێ بۆم نانوسرێ**

**نووکی رمەکانتان تیژکەن**

**خەنجەرتان سواری هەسان کەن،**

**سەراپای لەشم بکەنە کێڵگەی برین،**

**من راهاتووم**

**خوێن بکەمە مەرەکەبی شیعر نووسین..ل22**

تیژکردنی رم و خەنجەر، واتە ئامادەبوون بۆ هێرش و کوشتن، نوسینی شیعریش بە خوێن، واتە شیعرێك کەلە شادەماری شاعیرەوە سەرچاوە دەگرێت، لەپێناو ئازادی و سەربەخۆیی گەلەکەیداو ئامادە نییە لەبەرامبەر هەڕەشەی دوژمن دەست لەم جۆرە شیعرانە هەڵگرێ، بۆیە شاعیر تەنها دەتوانێت ئەم شیعرانە بنووسێت،و ئامادەشە لەپێناویدا گیان بەختبکات، چونکە شاعیر لەم هەڕەشانە بێباکە.

## 4- سیمیۆلۆژیای شوێن

شوێن بە واتـا فیزیکییەکەی ئـەو فـەزاو چوارچێوەیە، کە مرۆڤ لەخۆدەگرێت، بەڵام لەدەقی ئەدەبییدا، دەبێتە سیستمێك لەپێناو پێکهێنانی کەشێکی ئەدەبی، لەگەڵ دیاریکردنی رێگەو پەیوەندییەکانی لەناو دەقدا، بەمەش شوێن دەتوانێت ببێتە نیشانەیەك لەو نیشانانەی، کە راستەوخۆ هەستیان پێدەکەین(بینین، هەستکردن، مەعریفی) مادام نیشانە هەر شتێکە، کە لە جێگەی شتێکی تر یان رووداوێك بەکاردەهێنرێت، شوێن راستییەکی واقیعی و ژیانییەو هەر شوێنەو دەلالەتی خۆی هەیە، لە دەقی شیعریشدا شاعیر پەیوەست دەبێتەوە بە شوێنەکانی رابردو یان داهاتووەوە، بەمەش پەیوەندی نێوان خود و شوێن بۆ خوێنەر دەخاتەروو، ئەم پەیوەندیەش دەگۆڕێت بۆ رەهەندی نوێ لەبری ناوخۆیی و دەرەکی، لەپێناو وەرگرتنی فەزای نوێ، یاخود پەیوەندی خودو خود، یان خودو نوسین.

بریتییە لەو رەهەندو پانتاییە مەعریفیانەی، کە شوێن لەدەقەکەدا لەخۆی گرتون و لەڕێگەی شوێنەکانەوە دەلالەتی جیاواز بەدەقەکە دەبەخشێت، شوێن بۆخۆی خاوەنی پێگەو دەلالەتی خۆیەتی و چەندێك شوێنەکە هەڵگری دەلالەتە جیاوازەکان بێت، ئەوەندەش شیعر بە دەلالی بوون دەکات، چونکە «مرۆڤ شوێنی واقیعی دروستدەکات، بەو پێیەی خۆی دەیەوێت، بۆیە پێی دڵخۆشە، لەبەرئەمەش شێوەیەکی تایبەتی وەردەگرێت و دەلالەتی کۆمەڵایەتی، مێژویی... تاد هەیە»89

هەموو کارێکی ئەدەبی و لێکۆڵینەوە قسەو باس لەسەر ئەو کاتە دەکات، کە ڕوداوەکەی تێدا ڕوداوە، لەگەڵ رادەی پەیوەستبوونی بە ڕابردوو یان ئاینەوە، چەندێکیش بگەڕێینەوە بۆ کاتی ڕابـردوو، ماوەکەی درێژتر دەبێتەوە، بەمەش ناودەبرێت بە زەمەنی مێژوویی، ئەو پەیوەندیەش کە بە شوێن و کاتەوە دەبەستێتەوە بریتییە لە پەیوەندی تەواوکاری و کەسێکیان دەستبەرداری ئەوی تریان نابێت، پەیوەندییەکیشە دیالێکتیکی لە ژیان و

واقیعدا دیاریدەکات، بۆیە «لەڕەخنەی سیمیۆلۆژیدا ناتوانرێت کات و شوێن لە یەکتری جیا بکرێنەوە»90، ئەمەش بەو واتایەی ئەگەر باس لە شوێن بکەین، کاتیش ئامادەیەو بەپێچەوانەشەوە دروستە، هەروەها شوێن بەپێی گۆڕینی دەق و روانینەکان بۆ شوێن، یاخود ئاماژەکانی دەگۆڕێت، بەدەر لەمەش شوێن تایبەتمەندی و شوناسی خۆی هەیەو دەتوانێت کەسایەتییەکەی دیاریبکات، واتە شوێن دەبێتە نیشانەیەك بۆ ئاشکراکردنی کەسایەتییەکە.

«بیری فەزاو شوێن ڕۆڵێکی گرنگ لە هەڵسوکەوت و بیری مرۆڤدا دەبینێت، و پەیوەستە بە بوونی خودی مرۆڤەوە، یاخود پەیوەندی زەوی و مرۆڤە، کە پەیوەندێکی دانەبڕاوە، چونکە مەنزڵگەی سۆزداریەتی»91ئەگەرچی «پەیوەندی مرۆڤ بە شوێنەوە پەیوەندێکی کرۆکیە و پەیوەستە بە خودی مرۆڤ وکیانەکەیەوە»20

شوێن ڕۆڵێکی گرنگ لە دەقدا دەگێڕێت، ئەگەر چی زیاتر لە چیرۆك و ڕۆماندا رۆڵی پلەیەکی هەیە، بەڵام لە دەقی شیعریشدا رۆڵی خۆ هەیە، چونکە شیعر جۆرێکی ئەدەبیە و گێڕانەوەو رووداو، دابڕاو نییە لە شیعر، لەگەڵ ئەوەی شوێن بوارێکی ئەندازەیی نییە، سنورو رەهەندو پێوەرەکان دیاریبکات، هەروەها شوێن پەیوەندێکی بەهێزی بە ئاستی کەسایەتی و باری کۆمەڵایەتیەوە هەیە و زۆر جاریش شوێن ڕەنگدانەوەی حاڵەتی دەروونی و باری ژیانی کەسەکەیە، لەم سۆنگەوە شوێن نیشانەیەکە دەلالەتی جیاواز لەخۆدەگرێت.

## قۆناغی یەکەم: 1950-1958

**1- گۆران:** لەشیعری( گەڕانەوە لە زیـنـدان)(1952/11/20) ئەگەرچی شیعرەکە باس لە ساتی دەرچوون لە زیندان دەکات، بەڵام ئەو ئاماژانەمان دەداتێ، کە زیندان بە بڕوای دوژمن بریتییە لە شوێنی تۆڵە سەندنەوەو دورکەوتنەوە لە ئایدیۆلۆژیاو سیاسەت و لاوازکردنی بیروباوەڕ، بەڵام

گۆران هەر لەسەرەتاوە بەپێچەوانەی ئەم پەیامەی دوژمنەوە دەستپێدەکات و ئەو دەلالەتە دەخاتەروو، کە دەرچوون لە زیندان واتە پساندنی کۆت و بەندەکان، نەك رزگاربوون، واتە گۆران بە ئیرادەی بەهێزی ناچاریکردن ئازادی بکەن، یان زیندانی بەسەر بردوە، نەك بەو ئیرادەی کە ئیتر گەیشتوەتە ئەوەی هەڵەی وا دووبارە ناکاتەوە، بچێتەوە زیندان، واتە زیندان جێگەی ئامادەکردنەوە(تاهیل)نەبوو بۆ گۆران، بەڵکو شوێنی پێگەیاندن بوو، بۆیە نیشانەی پسانی زیندانی بەکارهێناوە، بۆئەوەی ئەو دەلالەتەمان پێبلێت، کە زیندان قوتابخانەی پێگەیاندنی ئایدۆلۆژیاو باوەڕو ئیرادە بوو، جێگەی کۆکردنەوەی رقی تۆڵەسەندنەوە بوو، پشووی بازوو، گەشەی بیرو ئیرادە بوو، بۆیە بە هێزێکی بووركانای لەزیندان دێتەدەرەوە، وەك دەڵێت:

**دەرچووم...دەرچووم...بەندم پسان**
**لەگەڵ هاوڕێ و برادەران**
**هاتینەوە دەر لە زیندان**
**دڵ پڕ لە کینەی زۆرداران**
**وەك دەمی بورکانی خرۆشان**
**لەتاریکیدا درەوشاین**
**گرتمانە دەس(مەشخەڵ) بۆ ڕێ**
**لەو نرکەی تۆپانەی کە دێ**
**لە بەند، لەزنجیر....ناترسین**
**( لەگیان بووردوو)ی ڕێگای ئاشتین.. ل440**

2- **دیلان:** لە شیعری(گواتیمالا)(1954) دا،خودی ناونیشان لەهەمانکاتدا شوێنەو پرسیاریشە بۆچی گواتیمالا 93، بۆچی بەسەرچاوەی پرشنگێکی درەوشاوەی دەزانێت، ئەمەش لە خودی دەقەوە وەردەگرینەوە، کە بەهۆی نەهێشتنی دیکاتۆری و سەرهەڵدانی سیستمی دیموکراسی و پیادەکردنی

هەڵبژاردنی ئازاد لەم وڵاتەدا، شاعیر وەك نیشانەیەك بەكاریهێناوە، بەو واتایەی ئەم وڵاتەی لەو قەبارەی كە هەیەتی گەورەتركردوەو زاڵی كردوە بەسەر جیهاندا، هەموو ئەم بەرزڕاگرتنەش، پەیام و دەلالەتی ئەم هەڵبژاردنەو كۆتاییهێنان بە دیكتاتۆری لەم وڵاتەدا دەزانێت، چونكە ئەو كاتانەش سیستمی دیموكراسی، سیستمێكی لاواز بوو، بەڵام ئەم هەنگاوەی گواتیمالا، دیلان بەسەرەتای پرشنگی ئازادی و زەنگی كۆتاییهێنان بە دیكتاتۆری لەسەر تاسەری جیهان دەزانێ، ئەمەش واتە درووستبوونی هیواو ئومێدو رزگاربوون لە دیكتاتۆرییەت، واتە پێیوایە مادام خۆری ئازادی و دیموكراسی لەم وڵاتەوە سەرچاوەی گرت و پەلدەهاوێت بۆ رۆژهـەڵات، كە ئەمە جەختكردنەوە سەرەكییەكەی دیلان و دروستكردنی هیوای رزگارییە، تاوەكو لەرێگەیەوە خێروبێری نیشتمان بۆ خەڵكەكەی بێت، واتە گواتیمالا لێرەدا نیشانەی سەرەتای دەستپێكردنی ئاشتی و هیوای گەیشتنە دەسەڵاتی دادپەروەری و رزگارییە، هێزی بزاوتی شۆڕشەكانە، بۆیە دیلانیش بەهەمان شێوە دەكەوێتە ژێركاریگەری گواتیمالاوە، لەم بارەوە د.دڵشاد عەلی دەڵێت«دیلان خۆی وەك خەباتكەرو تێكۆشەرێكی ئەنتەرناسیونالست دەگەیەنێتە شۆڕشگێڕە راپەڕیوەكانی و بزوتنەوەی رزگاری خوازییەكەیان بە ئەلقەیەكی ئەو زنجیرەی تێكۆشانی گەلانە دادەنێت كە خۆیا لێرە ئەلقەیەكی بوون»92 وەك دەڵێت:

**پرشنگێكی درەوشەدار**
**پریسكی ئەڕوا شارەو شار**
**بگاتە هەچ لوتكەو چۆڵێ**
**گەروویێ، چاوەیێ، دۆڵێ**
**ئەو پرشنگە هەرچەندە وا**
**سەری هەڵدا لە ڕۆژ ئاوا**
**بەڵام روناكی یەكەی هەرگیز**
**ناپرسێ هاوین و پایز.....!**
**لە ڕۆژئاوا تا ڕۆژ هەڵات**

**ڕووناکی یەکەی(تەم) لا ئەبات....!**
**گوێ ناداتە ڕەگەز... نەوە**
**سپی بێ ڕەش بێ.... هەر ئەوە**

**..دیلان،ل 72**

یان:

**ئەو وولاتەی هەرچەند دوورە**
**بەڵام هێجگار پشت ئەستورە**
**ئەو «پرشنگە» دێنەوە جۆش**
**ئەکەونە جۆش و خرۆش**
**منیش لەم خاکە دیلەوە**
**بەدەم ئاوازی زیلەوە**
**ئەڵێم نیشتمانی خەڵکی**
**خێرو بێرو فەڕو خەڵکی**
**ئەبێ بۆ خەڵکەکانی بێ**
**بەری بۆ ڕەنجی شانی بێ**

**..دیلان، ل 73**

یاخود لە شیعری(گولی سارای خواروو)( 1955) دا کە مەبەست لێی نوگرە سەلمانەو باس لەو کاتانە دەکات کە نەفی کراوە بۆ نوگرە سەلمان، نوگرە سەلمان ناو و مێژوویەکی ڕەشە بۆ کورد، چونکە بە درێژایی دەسەڵاتی کۆماری بووەتە شوێنی سزادانی دەروونی و جەستەی کورد، بۆیە نوگرە سەلمان شوێنێکی بەرفراوان، بەڵام پڕ لەئازارو ئەشکەنجەو شەڕی دەروونی، ئەوەی لێرەدا مایەی سەرنجە گفتوگۆیەکی مەنەلۆگی دیلانە لەگەڵ گوڵێك کە لەو دەشتە لماویە و گەرمایەدا دەیبینێت، ئەگەر چی لاواز و گەشە نەکردووە، بەڵام نەمردوەو سەوزە، لێرەوە ئەوە دەخاتە روو ئەو گوڵە مادام ئەوەندە

بەهێزەو توانیویەتی رووبەرووی ئەم گەرماو بیابانە بگرێت، گوڵی کوردستانە و رەشەبا هێناویەتی، ئەگەر نا گولی عەرەبستان ئەوەندە بەهێز نییەو بەرگەی ئەم هەموو گەرمایە ناگرێت، لەهەمانکاتیشدا ئاماژەیە بە بەهێزی و خۆراگری خەڵکی کوردستان لەبەرامبەر ئەم شوێنە، بۆیە دیلانیش هەمان هەڵوێستی گوڵەکە دەگریتە بەر لەو دەشتە کاکی بەکاکیەدا، بەمەش لەلایەك باس لە بەهێزی و خۆراگری خەڵکی کوردستان و خەباتەکەی دەکات، لەلایەکی تریشەوە گوڵەکانیش بەهەمان شێوەی کوردستان خۆڕاگرن، کەواتە شوێن لێرەدا شوێنی چەوسانەوەو بەندکردنی خەڵکی کوردستانە، لەهەمانکاتدا گوڵەکەش نیشانەی بەرگری و مانەوەیە، وەك دەڵێت:

**گوڵە شینەکەی لاسك کورت و سەوز**
**بای نەرمی دەشتی کاکی بەکاکی**
**رات ئەژەنێت وپێت ئەدا وەنەوز**
**ئەزانێ وێڵ و تەریك و تاکی**
**چی گەیاندیتێ ئەم مەرزو بوومە**
**چۆن روای کام بای سەروو هێناوتی**
**یا وەك دەمێکە و من زوو وتومە**
**تۆش پەرەوازەی دەستی خەباتی**

**.. دیلان ل 76**

**یان: نەك دەسکەنەم کەن بم خەنە گوڵدان**
**بم بەنە بەردەم بتانی ستەم**
**بم خەنە ژووری کورنووش و وەستان**
**شەماڵ و هەتاو نەبینم بە چەم**
**لەجیاتی دەنگی لوولك و بەستە**
**تەدبیرکردنی زنجیرکردن بێ**
**چرپەی چۆنییەتی ئازاری جەستە**

**مۆسیقای شەوی بەسەربردن بێ..!**
**تۆ ئەوێت نەویست رەشەبای قایم**
**تۆوی فڕانی بۆ ئەم پەڕی دوور**
**بۆ ئەو جێگایەی هەمیشە و دایم**
**پڕ لە loورەیە و لە نینۆکی سوور**

**.. دیلان ل 77**

3- **نوری وەشتی:** لەشیعری(ناڵەی لێقەوماو) دا ئەگەرچی بەبۆنەی لافاوەکەی شاری سلێمانی لە(1957/10/18) دا نوسراوە، بەڵام پەیامی دەق باس لە گرنگیو رۆڵی شاری سلێمانی بەدرێژایی مێژوو دەکات، سلێمانی بەقەڵای کوردان و لانکەی بابانو قارەمان دەزانێت، واتە شاری سلێمانی شاری قوربانی و خەبات و لاوی بەئەمەك و قارەمانە، شاری کوڕی بوێرو پەلامارو هێرشبردنە، هەر ئەمانەش کردویەتییە قەڵای کوردان و هێزی بەرەنگاری، چونکە سلێمانی لەسەردەمی سەفەر بەلەکدا رووبەرووی شاڵاوی ڕەشبگیری بوویەوەو دواتریش گرتنی رۆڵەکانی ئەم شارەو لەسێدارەدانیان، نەیتوانیوە ئیرادەی خۆڕاگرییان لەق بکات، هەرئەوەش وایکردوە کە نوری وەشتی بە بەهێزتر لە پۆڵای بزانێت، ئەمەش دەلالەتە سەرەکییەکەی دەقەکەیە، وەك دەڵێت:

**ئەی شاری بەنرخ، ئەی قەڵای کوردان**
**لانەی بابان و جێی قارەمان**
**ناڵەی بەسۆزت دڵ ئەجۆشێنێ**
**ئەیخاتە بەرچاو قەوماوی دوێنێ**
**دوێنێ کەپڕە لەفرمێسك و خوێن**
**لەو قوتابیانەی کەبوون بە هەوێن**
**پڕە لە مردن، لەخنکان،کوشتن**
**لەبرسا مردوو، لە زیندو ناشتن**

**لەدەربەدەری و ئەشکەنجەو زیان**
**لەڕێی ژیانا سەر لەنوێ هەڵسان**
**خۆ سەفەر بەلك زۆری کرد بەتۆ**
**کەم ماڵ بێ بەش لە گریەو رۆڕۆ**
**چەند گەنجت نرا بەنیشانەوە**
**چەندنی ترت دوور خرانەوە**
**چەندت لێکوژرا لە کۆڕی شەڕا**
**لاشە بەبێ گۆڕ کەوت و نەنێژرا**
**پۆڵای خۆڕاگر، شکا توایەوە**
**بەڵام ناوی تۆی نەمر مایەوە**
**بوویتە مەڵبەندو جێی شانازی کورد**
**ئاڵای روو سووریت بەخوێن رەنگین کرد..ل145**

کەواتە نەمری و مانەوەی ناوی پەیوەستە بەو قوربانی و خەباتەی کە ئەم شارە کردویەتی، بەهۆی ئەو رووبەرووونەوە بەردەوامانەی ئەم شارە، بووەتە جێگەی شانازی کورد.

4- **کامەران موکری:** لە شیعری(لە زیندانەوە)( 1957) ئەگەر چی دەبوو تەواوی شیعرەکەی بۆ ناخۆشی و کێشەکانی ناو زیندان و هەڵسەنگاندنی تەرخان بکردایە، بەڵام شاعیر ژیانی زیندانی دابەشدەکات بەسەر دوو جۆر ژیاندا، یەکەم : ژیانێك جەستە لەناو زیندان و گیان لە دەرەوەو لەناو دەشت و دەرو جوانی کوردستان، شاعیریش دەیەوێت ئەوەمان پێبلێت، کە هێزی بەرەنگاری ناو زیندان، بەهێزکردنی گیانە بە خۆشەویستی کوردستان، واتە لەم دەقەدا زیندان قوتابخانەیە بۆ شاعیر، هەموو ئەمانەش لەرێگەی ئاماژەوە دەخاتە روو، وەك دەڵێت:

**بەچاوی خەیاڵ دوور لە دەشت**
**کچان دەبینم دێن بۆ(گەشت)**
**سەوزە گیایە، گوڵە، هۆزار**

**قاقایە، تریفەی نازدار**
**یادی ئێوە، هاوڕێینە**
**لە باخی دڵما شیرینە**
**نوێنەکەم و قوژبنی ژوور**
**پەنجەرەی بچکۆلانەی سوور**
**سڵاوتان لێ ئەکەن هەموو**
**لە ئێوە و لە کێل و مردوو**
**لە ئێوەوە لە گردی سەیوان**
**لە گزنگ و لەئەرخەوان**

**..دیلان، ل148**

ژیانی دووەم ژیانی بەندیخانەکە دەخاتە روو، لەگەڵ ئەوەی هەوڵدەدات هێزی بەرگری و مانەوە لە زینداندا بەهێزبکات، بەڵام ئەو حەقیقەتە دەخاتە روو، زیندان لەهەر شوێنێکدا بێت، مادام ناوی زیندانی لێنراوەو لە دەرەوە دادەبڕێت ناخۆشە، بۆیە زیندان واتە خەم، دابڕان، ئەشکەنجەو برسی بوون، وەك دەڵێت :

**ژیانی من هاوڕێینە**
**وشکە، بێ تامە، خەمگینە**
**ژیانم وەك، یەك گۆرانی**
**بەشەو هەتاوەکو بەیانی**
**زیندان ناخۆشە، تەنگ و مات**
**گەرچی(وچانە،بۆ خەبات)**
**بەڵام هەر نوێنەو پەڕۆی خوان**
**زنجیرەکەم و نەختێ نان**
**هەزار سڵاو لە خاکەکەم**
**کە خۆمی بۆ وا لێئەکەم**

**.. کامەران موکری،ل 149**

شاعیر ئەگەر چی زیندان بە ناخۆش و تەنگ و مات دەزانێ، بەڵام بەو شێوەیەش سەیری دەکات، کە قوتابخانەیەکەو لەپێناو خاکەکەیدا ئامادەیە بیبڕێت، واتە لەگەڵ ئەوەی گوزەرانی سەختە، بەڵام بۆئەوەی ئەم گیانی بەرگرییە بەهێز بێت، خەڵك و نیشتمان دەکاتە هێزی بەرگریکردن، کەواتە زیندانیکردنی کامەران لەسەر نەتەوەو نیشتمانە، نەك مەسەلەی کەسی.

**قۆناغی دووەم 1958 – 1961 :**

**1- گۆران:** لە شیعری(لەزیندانا چواردەی تەموز)(1958) ئەم شیعرە ئەگەرچی دەبوو باس لە ئازارەکانی ناو زیندان بکات، بەوپێیەی زیندان جێگەی تاوانبارو ئـازاری دەروونـی و دابڕانە، گۆڕی زیندوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە باسکردنە لە هیوایەك کە شاعیر چاوەڕێی ئەوەی لێدەکات، کە ببێتە ڕزگارکەری گەل و نەهێشتنی زوڵم و کوشت و کوشتار، ئەو ساتانە پیشاندەدات، کە زیندانییەکان دەبێتـە خۆشی و شادیان بەهۆی ئەو گۆڕانەی کە لە دەسەڵاتی پاشایەتییەوە دەبێتە کۆماری، واتە باسکردنە لە ساتێك لە ساتەکانی ژیانی زیندان، کەرۆژی چواردەی تەموزە، وەك دەڵێت :

**دەنگێکی دوور،**
**دوور ئێجگار دوور....**
**بە ئاستەمێك ئەگاتە ژوور!**
**ئاخۆ سپیت، یان رەش، یان سوور ؟**
**وەرە پێشتر**
**چۆن ئاو ئەڕژێتە ناو ئاگر،**
**لە ڕێی گوێوە بڕژێرە گیان،**
**زیندانم پڕکە لە کۆڵ دان..ل 280**

ئەمە ئەوە دەردەخات زیندانیان زیندانی سیاسین و لە زینداندا ئازاری دەروونی و جەستەیی هەیەو هەریەکەشیان بڕیارێکی نادادپەروەرانەی بەسەردا دراوە، بۆیە زیندان ئازادی دەوێ، ئەو گۆڕانەش(دەنگ) گرنگ

نییە كێ كردویەتی، بەڵكو گرنگ ئەو گۆڕانەیە كە پێویستە روبدات، ئەم رەنگدانەوەیە یان هەواڵە بەدەمی گەیشتوەتە زیندان، چونكە ئەوان لە زینداندان، كەوایە ئەم گۆڕانە ئەوەندە گرنگە تەنانەت بە بیستنیشی، هەمان كاریگەری لای شاعیر، یاخود خەڵكی دروستكردوە، تەنانەت شاعیر لە سەرەتادا بە خەویشی دەزانێت،وەك دەڵێت:

**لە لێشاوی غەڵبە غەڵبا**

**بانگێكی دا لە گوێچكەم(با) :**

**«... رەژێمی جەمهوری بژی!..**

**«خەو ئەبینم جەمهوری چی ؟**

**- نە ْ، خەو نییە...**

**شایلۆغانی جەمهوری یە**

**ئەم دەنگ و مژدەی دووریە...**

**سا لەشی زیندانی مردوو :**

**بێرە سەما!**

**ئەی لە بستێ گۆڕا زیندوو!**

**مردنی نەما!..ل 281**

یاخود شیعری(مۆسكۆی جــوان)(1958) مۆسكۆ وەك هەر شارێكی دی جوانە، ئەگەرچی شاعیر مۆسكۆ بە بوكێك دەزانێت، بەڵام بە بووك زانینی لەلایەن شاعیرەوە لەوەوەیە، كە سەرچاوەی جوانییەكانی ئەم شارە دەگەڕێتەوە بۆ شۆڕشی ئەكتۆبەر، كە بەڕابەری لینین لەپێناو دامەزراندنی دەوڵەتێكی شیوعی و شۆڕشی بەلشەفیكی ئەنجامدراو یەكەم شۆڕشی شیوعیە لەسەدەی بیستەمدا، ئەم شۆڕشە چەند قۆناغێكی لەدوای خۆی دروستكردوەو بەرهەمەكەش ئەو ئۆركێستراو بالێ و ئۆپێرایە، كە ئێستا خاوەنییەتی و لە ڕێگەی قوربانیدانەكانی مەیدانی سورەوە، بۆیە زۆر جاریش بە ئۆكتۆبەری سور ناو دەبرێ، كەواتە دەلالەت و پێگەی مۆسكۆ لە خودی رابەرەكەیدایە، ئەمەش وێنەی جوان وئایدیای بەدەقەكەی بەخشیوە، وەك:

**ئەی مۆسکۆ! ئەی ژنی جوانی سپی پۆش!**
**ناودەمی ئاڵ پڕ لە گۆرانیی خۆش حۆش!**
**بە ئاوازی(ئۆرکسترا)ت وا مەستم،**
**هەر شەپۆلی شیعرە و ئەدا لە هەستم!**
**ئەی مۆسکۆی جوان، گەورە کچی ئۆکتۆبەر!**
**حەوت ئەستێرەی یاقووت کە داوتن لەسەر،**
**تاقە گولی سوری جقەی دانشگات،**
**عەتری شەپۆل ئەدا وڵات بە وڵات**
**رۆژ لەنینەو لەسەر سەرت وەستاوە**
**رێگات رووناك وەك بەفری بەر هەتاوە..ل 304**

دەلالەتی مۆسکۆ بریتییە لە پەیامی ئاشتی و شاری دەنگ و رەنگ، بنکەی خەبات و کۆکردنەوەی کرێکاران و جوتیاران لەسەر رێبازێکی ئایدۆلۆژی و هەنگاو نان بەرەو شۆڕشی کرێکاری لە جیهاندا، حەوت ئەستێرەکەی ئەم شارەش مەبەستی لەو حەوت مەرسومەیە، کە وەك ئەنجامی شۆڕشی ئۆکتۆبەر دەرکران(راستگۆیی لەگەڵ جوتیاران، خۆماڵیکردنی بانکەکان، دەرکردنی حسابی بانکی تایبەت، خۆبەریکردن لە قەرزی دەرەکی، مافی بەکاربردنی کارگەکان، چاککردنی موچە، یەکسانی کۆمەڵایەتی)، بەهۆی ئەم ئایدیایەشەوە، سیستمی سۆسیالیستی بوو بە سیستمی دەسەڵات.

2- **کامل ژیر:** لە شیعری(کوردستانی من)(1959) دا دەیەوێت ئەو پەیامە بڵێت، کە خۆشەویستی کوردستان تەنها بە وتەو قسەکردن و شیعر نوسین نییە، بەڵکو بەشێکە لە بوونییەتی خودی شاعیر، بۆیە دەڵێت «خۆشەویستی کوردستان و کوردایەتی بە تەنها عاتیفەی رووت نییە، بەڵکو بەرەنجامی فەلسەفەی گۆڕان و پێویستی ژیانی کوردەواریشە، کوردستان خۆشەویستی نەتەوەی کوردە، چونکە نیشتمانییەتی و سەرچاوەی ژیانییەتی «95

هەروەها دەڵێت «کوردێکی خاوەن بیرو باوەڕی کوردایەتی ئامادەبێ

گیانی خۆی لەم پێناوەدا بەخت کات، واتا هۆگری هەموو گەنجێکی کوردستانە96 کەوایە خودی کوردستان لەم دەقەدا، واتە خۆشەویستی و قوربانیدان، ئیدی تاك بێت لەبری گشت، یاخود گشت بەم کارە هەستن، لەپێناو یەکگرتن وئازادی کوردستاندا وەك دەڵێت :

**کوردستانم فراوانە**

**بووکی رازاوەی جیهانە**

**پەیمانە دوا تنۆکی خوێن**

**لێرە بێ یاخود لەهەر شوێن**

**بە قوربانی ئەوی ئەکەم**

**بۆ ئەو ئەژیم، سامانەکەم**

**لەگەڵ گۆشت و ئێسکی لەشم**

**بۆ ئەوەو خۆم لێ ی بێ بەشم**

**ئەمڕۆ ئەبینم نیشتمان**

**وەك گوڵاڵەی بەهاری جوان**

**کوڵمی سورو چاوی گەشە**

**تومەز بیرێکی بێ غەشە**

**تیا بڵاوەو ئەڵێ:دەی زوو**

**بۆ کوردستانی یەکگرتوو**

**.. هەڵبەستەکانی ژێر، ل31**

کەواتە دەلالەتی کوردستان لەم دەقەدا، واتە بوون و ژیان بێ کوردستان واتە نەبوون، بۆیە ژیانی لە هەر شوێنێك بێت ژیانە بۆ کوردستان، کوردستانیش واتە جوانی و هیواو پێکەوە ژیان، چونکە کوردستان بۆ خۆی و دەوروبەری راستگۆیە، بەڵام نەیتوانیوە ئەو ئامانجەی کە بریتییە لە یەکگرتویی بیهێنێتە دی.

**قۆناغی سێیەم 1961 – 1970**

1-شێرکۆ: لە شیعری(شارەکەم)(1963) دا لەژێر کاریگەری نامەکەی نالی ئەم نامە شیعریەی نوسیوە و بەهەمان شێوە دەیەوێت هەواڵی شاری سلێمانی لە بەغداوە بزانێت، لەم شیعرەدا دەیەوێت بە پەرۆش و بە وردی هەواڵی شارەکەی بزانێت، بەڵام لەبەرئەوەی لەیەك کاتدا هەواڵەکەش دەزانێت، پرس و وەڵام لە شیعرەکەدا هەیە، لەراستیدا یەکەمین شاڵاوی مەترسی بەعسیەکان لە ساڵی 1963 دەستیپێکردوە، چونکە لە 8 / 2 / 1963 دەسەڵاتیان گرتە دەست.

لەم دەقەدا شاری سێمانی شارێکە وەك هەمیشە قوربانی داوە، بۆیە شار بەخامۆشی پیشاندەدات، وەك ئەرخەوان بەسەوزی سوتێنرا، ئاوی سەرچنار لیخنە، گردی یارە دڕکی لێڕواوە، هەموو ئەمانەش ئاماژەی ئەنجامدانی تاوانە بەرامبەر بەم شارە، لە هەمانکاتیشدا ئەم شارە هێزی هەستانەوەو رووبەرووبوونەوەیە، بۆیە شاری سلێمانی بە شاری قبووڵنەکردنی لەکە دەزانێت و بێدەنگ نابێت، دەیەوێت بڵێت بەم تاوانە شاری سلێمانی تیرۆر ناکرێت، بەڵکو بێدەنگی دەشکێنێت و رەشەبای تۆڵە هەڵدەکات، بۆیە دەلالەتی شاری سلێمانی لەم دەقەدا شاری فشارە، نەبەزینە، بێ ئۆقرەییە، قبوڵنەکردنی دەستدرێژییە، وەك دەڵێت:

**ئەی شارەکەی گلێنەی چاو**
**بزەی لێوی هەڵ قرچاوم**
**ئەی بەهاری بەبێ هەتاو**
**دایکی زۆرجار سك سوتاوم**
**ئەی شارەکەی ئارام نەگر!**
**کەی لەکەی عارت بیستوە ؟**
**ئەی چاوگی خوێن و ئاگر..!**
**کەی ناپیاوت پەرستوە ؟!**
**شارەکەم تاکەی بێ دەنگی**
**هەڵ بکە ڕەشەبای دەرونت!**

**.. تریفەی هەڵبەست، ل 80**

بەمەش شاعیر بە شاری هێزو وەستانەوە لە دژی داگیرکەری دەزانێت، پێیوایە سیفاتی ئەم شارە قبوڵ نەکردنی نادادپەروەری و ناحەقیەو بەردەوام لەسەر ماف و ئازادی دەنگی بەرزدەکاتەوە، هەر ئەمەشە ئەو شکۆییەی پێبەخشیوە، بەڵام دەکرێ لە قۆناغ و ماوەیەکدا بێدەنگ بووبێت، بەڵام بێدەنگی بووەتە گەردەلول، وەك دەڵێت:

**شارەکەم تاکەی بێدەنگی!؟**
**هەڵ کە رەشەبای دەروونت!**
**راپێچی کە جارچی و «دەنگی»**
**نیشانم بە ئاسۆی ڕوونت.. ل 80**

2- **سوارەی ئیلخانی زادە:** لە شیعری(سوورە قەڵا) کە لەساڵی 1964 لەگەڵ هاوارو چاوەو چەند کەسێکی تردا، بەتاوانی پشتیوانی شۆڕشی کوردستانی عیراق و جیاخوازی لە ئێران لە بەندیخانەی(قزڵ قەڵای) تاران بەندکراوە، لەو بەندیخانەدا ئازاری جەستەیی و دەروونی زۆردراوە، بە گشتی بۆ هەموو بەندەکان هەروابووە، چونکە بەندیخانەیەکە لە خراپی و کۆنی و بەرتەسکی.... تاد بێوێنەیە، بە شێوازێك سوارە پێیوایە بەندیخانەی(باستیل) لەچاو ئەم بەندیخانەیە(سورە قەڵا) بەهەشتە و بەندیخانەی(ئەلکاترازا) جێگەی گەشتیارنە، پرسیاریش ئەوەیە ئەم بەراوردە لە نێوان ئەم دووزیندانانە بۆ؟ لەکاتێکدا ئەم دوو زیندانە لە ئەنجامی خراپی و ئەشکەنجەدان و نەبوونی هیچ مەرجێك و سزادانی جۆراوجۆر تیاندا داخراون، و لە مێژوودا بەخراپترین زیندانی ناسراون، کەوایە سورە قەڵا بریتی بووە لە زیندانی سیاسی ئێران و جێگەی سزادانی جەستەیی و دەروونی ئازادیخوازان بووە، بۆیە بەراستی دایکی بەڵابووە، ئەمەش واتە پیسی، ئەشکەنجەدان،ژووری تاك،شەڕی دەروونی،وەك دەڵێت:

**سورە قەڵا دایکی بەڵا**
**لەچاو تۆ(باستیل)97 بەهەشتە**

**(ئەلکاترازا)98 یش جێگای گەشتە**
**«شیلان» بە ڕەنگی وەك شیلان**
**بۆتە جێی دیلان بۆ دیلان**
**سورە قەڵا دایکی بەڵا**

**..خەوەبەردینە،ل 52**

**3- حەسیب قەرەداغی:** شیعری(ئەم شەقامە)(1968/4/8) لە بەغدا نوسراوە، کە باس لە ترس و دڵەڕاوکێی شەقام دەکات، کە شەقام لەم دەقەدا مانای خەیاڵزایی و زەینییەکەیەو مەبەست لەو ڕێڕەوەی ژیانە کە دەسەڵات بەترس و تۆقین کۆنترۆڵی کردوە، لەبەرئەوەی قەدەغەکراوە لە هەموو شتێك، تەنانەت نۆژەنکردنەوەی خانوەکانی دەوروبەریشی، لەم شەقامەدا خەڵکی باجی ژیان و ئازادی دەدەن، و چەندین گەنج و لاو... تاد لەم شوێنەدا کوژراون، ئەوەی بێتە ئەم شوێنە دەبێت لەژێر ئەشکەنجەدا دۆسیەیەکی بۆ بکەنەوە بۆئەوەی بیکوژن، تەنانەت شاعیر نموونەی مریەمی روسوری هێناوەتەوە کە لەم تاوانانە دەرناچێت، ئەمەش هێماو ئاماژەی زاڵمی و نادادی و دیکتاتۆری بیرو کرداری دەسەڵاتە، بە شێوازێك هیچ جیاوازیەك لەنێوان شەقامی سەرەکیو ڕێبازی حزبدا نییە، واتە لەیەککاتدا شەقامی بیرو ئایدیای حزب، ڕێڕەوی ژیانی خەڵکی دەردەخات، بەڵام بەبەرگێکی هونەرییەوە، بۆ نموونە:

**ئەم شەقامە پڕ**
**لەسامە**
**لەگشت لاوە**
**بەسەر گیانی رووناکیا**
**سێبەری سارد بۆی کشاوە**
**ئەم بەرەو بەر**
**لادیواری..**
**سەد کەلاوەی تێ ترشاوە**

**.. فەرهەنگی غەم، ل 243**

لەراستیدا ئەم شەقامە سنورەکەی بەرتەسککراوەتەوە، ئەگینا باسکردنە لەشاری بەغدا بەگشتی و دەسەڵات لەعێراقدا بەتایبەتی، بەڵام ئەم شەقامەی بەنموونە وەرگرتوە، بەوەی شارەکانی عێراق بوونەتە زیندان و بە هەموو شێوەیەك دەنگی ئازادی لێبڕاوە، وەك دەڵێت:

**چەند کاروانی تیا چەقیوە**

**قۆناخێکی لێ نەبڕیوە**

**خانووی هەموو روەو شەوە**

**گۆڕی هۆشە**

**ئاشی خەوە**

**پڕ لە کوپەی تاڵ و ژاڵە**

**جێگەی بووسەی خێو و هاڵە**

**«بلالی تیا ئەخنکێنن**

**ئینجیلی تیا ئەسوتێنن**

**دەرحەق بە مریەمی ڕوو سوور**

**هەزار ناحەقی ئەدرکێنن**

**ئەم شەقامە**

**پڕ لە سامە**

**ئەمپەڕی وا!**

**ئەی ئەوپەڕی لەکوێیە ؟**

**لەکام ڕۆژا!؟**

**لەکام ساڵا!؟**

**دەنگی ئێمە ئەگاتە خوا! ..ل 24-4245**

یاخود لە شیعری(شاری کپ) دا کە مەبەستی لە شاری سلێمانییە، شار مانایەکی ئاسایی هەیەو کپیش دەلالەتی چەوسانەوەیە، بۆیە تێیدا باس لە بێدەنگکردنی دەنگەکان و ئازادیەکانی ئەم شارەیە دەکات، چونکە شیعرەکە لە 14 / 3 / 1966 دا نوسراوە، تێیدا ئەوپەڕی ئامادەباشی بۆ کپکردنەوەی

خرۆشانی نەورۆزی ئەو ساڵە کراوە و تێیدا زەبرو زەنگێکی زۆی بەرامبەر هاووڵاتیانی شاری سلێمانی کراوە، بۆیە شاعیر سلێمانی لە شاری هەڵمەت و قوربانی و جۆش و خرۆشەوە بە شاری کپ ناوی دەبات وەك:

**شاری نیوە خاپوور**
**شەوە**
**تاریك، نوتك**
**خنکاوی ناو دەریای خەوە**
**خەوێ: نیوە مردنێکە**
**گیان لە ئاوات کردنێکە**
**خەوی کفتیی گەرمە شینە**
**سزاو ئازارو برینە**
**تەلیسمی دێوە - جادووە**
**عیسا هێشتا هەڵواسراوە**
**پەڕەی ئینجیل**
**سوتێنراوە**

**..فەرهەنگی خەم 1،ل 246**

کەواتە بە ئاشکرا ئەو کپ و خنکاوی خەوڵیخراویەی شاعیر، لەو ئازاردان و کوشتنەوەیە کە خەڵکەکەی رووبەروو بووەتەوە، ئەمەش دوژمن بەکاریهێناوە بۆ یەك خستنی چالاکی نەورۆزو وەك تەلیسمی جادو کاریگەری هەبووە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا باس لەو پەرچەکردارە دەکات کە لەبەرامبەر ئەم تاوانە سەرهەڵدەدات، وەك:

**عیسا**
**سا تۆ کەی هەڵ ئەسی!**
**لەزەنگ بدەی**
**شاری کپم بۆ دەنگ بدەی..ل248**

**4- کامەران موکری:** شیعری(ئەی شارەکەم سلێمانی)(1968/4/22) لەگەڵ ئەوەی نازناوی شاری هەڵمەت و قوربانی لێناوە، ئەم نازناوەش خۆی لەخۆیدا بریتییە لە خوێندنەوەو هەڵسەنگاندنی شاری سلێمانی بە درێژایی مێژوو، واتە سلێمانی شارێکە بەردەوام خاوەنی روبەروو بوونەوەی دوژمن و هەڵمەت بردنە بۆ دوژمن، لەم دەقەشدا ئەوە دەخاتە روو، کە دەرەنجامی ئەم چالاکی و بزێویەی شاری سلێمانی وایکردوە نادادی قبوڵ نەکات، لەگەڵ ئەوەی ئازارو کوشتاری زۆر دیوە، بۆیە دەلالەتی خۆڕاگری پێدەبەخشێت، وەك دەڵێت :

**سلێمانی.....شاری خەم چێژ**

**راهاتوی کوشتارو دەست رێژ**

**سلێمانی یەکەی بەرگەگر**

**یەکسەر هەمووی بوو بە ئاگر**

**..کامەران موکری، ل 365**

دەرەنجامی ئەم بەرگریەی شاری سلێمانی، ڕژێم کۆمەڵێك تانك و زرێپۆشی لەشاردا جوڵاندو چەندین کەسی گرت و لە حامیەی شاردا گولە بارانی کردن و کردنی بەژێر خۆڵەوە وەك دەڵێت:

**تانك،زرێ پۆش، تۆپی مەزن**

**بانگیان ئەکرد : ئەبێ بمرن**

**لەناو شاردا بەبێ وچان**

**تۆوی ترس و مەرگی ئەچان**

**..کامەران موکری، ل 365**

لەگەڵ ئەمانەشدا وەك ناساندن و پێگەی شارەکە دەیەوێت بڵێت، شاری سلێمانی هەرگیز ئەمانە ساردی نەکردوەتەوەو گوێی نەداوەتە توانا و دڕندەیی دوژمن، بۆیە دەڵێت :

**سلێمانی...شاری دڵ تەنگ**
**بانگی لێ هەڵساوە بەیەك دەنگ**
**وتی : دوژمنی ترسنۆك**
**ڕۆڵەی کورد نایەنە سەر چۆك**
**ها..ئەوە رووم، دڵم، سنگم**
**ئەوە بازووم، ئەوە چنگم**
**پێشکەش بێ بە گوللەی دوژمن**
**مل کەچ کردن نازانم من..ل367**

کەواتە بەئاشکرا دەڵێت سلێمانی هەموو کاتێ ئامادەی قوربانیدانەو ملنەدان نازانێت، بۆیە هەر ئەم بەرگری و بەهێزیەی ئەم شارەیە، کە بەردەوام دوژمنان لێی ترساون، هەرچەندەتاوانی گەورەیان بە مەبەستی چاوترسێنکردنی خەڵکی شاری سلێمانی ئەنجامداوە، بەڵام شکستیان هێناوە و ئەو قسەیەش هەیە کە سەدام حسێن وتویەتی سلێمانی سەری مارەکەیە، بۆیە لەم شارەدا لە هەموو سەردەمەکاندا تاوانیان ئەنجامداوە، زۆربەی جاریش رەشەکوژیان لەم شارەدا کردوە، بەڵام دواجار شکستیان خواردوە، وەك دەڵێت:

**چاڵێکیان هەڵکەند فراوان**
**قووڵ وەکو دەروونی تاوان**
**هەشتا لاوی کوردیان ریز کرد**
**لەدڵ بەهێزەکانی کورد**
**براو هاوڕێ کوڕو باوك**
**درانە بەر شێلگەی تفەنگ**
**نرانە چاڵەوە بێ دەنگ**
**خۆڵیان پیاکردن سەرانسەر**
**تەخت کران بە گرێدەر**

**.. کامران ل 368**

کەواتە لەکۆی گشتی ئەم شیعرەوە ئەوە دەخوێنرێتەوە، کە شاری سلێمانی شارێکە وچان و ماندو بوون نازانێت وترس و تۆقاندن ناناسێت، ئیتر هەرکەسێك بیکات، شارێکە بەردەوام دەیەوێت بۆخۆی بژی و بەوەی کە خۆی دەیەوێت نەك دوژمن و زاڵمان بیانەوێت، ئەم شارە خاوەن سیفات و تایبەتمەندی خۆیەتی و شارێکە بەردەوام بەدوای ئازادی و سەربەستیدا وێڵە و لەم پێناوەدا هەموو جۆرە قوربانییەك دەدەن.

5- **فەرهاد شاکەلی:** لەشیعری(هۆنراوێك بۆ سلێمانی)( 1969/11/9) واتە لە هۆنراوەکەوە سلێمانیمان پێدەناسێنێت و دەلالەتەکەیمان پێدەڵێت، بۆیە ئەم شیعرەی بە شێوەیەکی گشتی دابەشیکردووە بەسەر دوو تەوەردا، یەکێکیان(داستانی خەبات)ە، کە شاعیر دەیەوێت باس لەو ئازارو ناحەقیانەی کە بەسەر شاری سلێمانیدا هاتوون بکات، دواتریش کردویەتییە نموونەیەك بۆ هەموو کوردستان، لە ئەنجامی پەنگخواردنی ئەم برین و نەهامەتیانەی کەبەسەر کوردستاندا هاتون، بۆیە دواجار دەیەوێت ئەو ئاماژەمان پێبڵێن، کە سروشتی سلێمانی وایە شەقام قسەی دەبێ و دواجـار قسەی خۆی دەکات، ئیدی باجەکەی هەرچییەك بێت بەلایەوە گرنگ نییە، بەڵکو گرنگ وەڵامدانەوەیە بەرامبەر بەو شتەی بڕوای پێیەتی، وەك دەڵێت:

**بەسەر تاپۆی شەونمێکا**
**برینی قووڵ تیمار ئەکا،**
**هاواری ئەو هەموو ساڵە،**
**فرمێسکی ئەو هەموو ساڵە،**
**گریانی شەو، خوێنی ڕژاو،**
**ئەو تەمەنە ڕەش و تاڵە،**
**شەقامەکان ئەخاتە سەر**

**بڵسەو گڕ،**

**شۆڕش، توڕەیی، ڕقی چڕ**

**..پڕۆژەی کودەتایەکی نهێنی ل15**

**6- شێرکۆ بێکەس:** لەشیعری(باباگوڕ گوڕ)( 1969)دا ئەوە دەخاتەڕوو، کەکەرکوك سەرچاوەی هەڵبەستەکانییەتی، چونکە کەرکوك واتە کوردو کوردستان، بێ کەرکوك، کوردو ژیانو هەڵبەست بوونی نابێ، بۆیە مەچەكو بازوی لاو و پێشمەرگە دەکاتە هۆکاری بەردەوام گەشانەوەی، کەئەمەش ڕاستییەکە تائێستاش کەرکوك بۆ کورد ژیانەو ئامادەین لەپێناو ژیانەوەیدا هەموو باجێك بدەین، وەك دەڵێت:

**هەڵبەستەکانم...جۆگەن**

**چاوەکانت...،**

**سەرچاوەن**

**پەل وپۆو لقە**

**ژیانت.. رەنگ و ریشەن..204**

کەوایە شاعیر کەرکوك بەسەرچاوەو ژیان دەزانێت بۆ هەڵبەستەکانی، وخودی ئەمانیش واتە شێرکۆ و شێرکۆش واتە کوردستان،وەك ریزبەندکردنی جۆگە بۆ سەرچاوەکەی، هەروەها دەڵێت:

**بۆ ئالای... بڵێسەکەت**

**مەچەکی لاوی،**

**مێژووم**

**بۆ ئاسۆی...سەنگەرەکەت**

**خۆری خوێنی،**

**هەڵا هاتووم**

**بەپێش مەرگەی.. رەشەبام**

**کوورەت.. ئەگەشێنمەوە**

**دەنگم**
**لەناو دڵتایە**
**ناوم**
**وا لە شێوەتا**
**هەناسەم..لەسنگتایە**
**هەنگاوم**
**لەرێگەتا**
**..من نتیویەتیم، ل204**

کەوایە باباگوڕگۆڕ بوونییەت و ناسنامەی شاعیرەو لەم پێناوەدا شاعیر ئامادەی قوربانیدانە.

**قۆناغی چوارەم 1970 - 1975**

**1- سوارەی ئیلخانی زادە:** لە شیعری(شار)(1971/6/18)دا، بە ئاشکرا ئەوە دەخاتە ڕوو، کە شار پڕە لە ژاوەژاو و پیسبوون بەهۆی کارگەکان و ئوتومبێل و.... تاد، بۆیە دەیەوێت ئەوە بە خەڵکی بڵێت ئەوەی دەیەوێت بژێت بۆ ژیان، گەڕانەوە بۆ لادێ و سروشتی کوردستان، تاکە ڕێگەیەو هەستکردنە بەجوانی ژیان و سەرچاوەی لەش ساغی و چالاکی مرۆڤ، چونکە شار بۆخۆی جێگەی ململانێ و دەسەڵاتی سەرمایەداری و چەوسانەوەی هەژارانە، بۆیە بە ڕەمزی ئاسن و منارەی دەزانێت، وەك دەڵێت :

**گوڵم!**
**دڵم پڕ لە دەردو گوڵ**
**ئەڵێم بڕۆم لە شارەکەت**
**ئەڵێم بەجامێ ئاوی کانیاوی دێیەکەم**
**عیلاجی کەم**
**کوڵی دڵی پڕم**



**لەدەردی ئینتزارەکەت**
**وەڕەز بوو گیانی من لە شارو هاڕە هاڕی ئەو**
**لە شارەکەت کە رەمزی ئاسن و مەنارەیە**
**مەلی ئەوین غەوارەیە**

**خەوە بەردینە ل23..**

مەلی ئەوینی سوارە، بۆ عەشیرەت و ناوچەکەی خۆی، وایلێدەکات ناتوانێ هەندێك شت هەزم بکات، هەروەها بوونی ئەو جیاوازیە چینایەتییەی کە شاری گرتوەتەوە، دەبێتە هۆکاری بێزاربوون لە شارو گەڕانەوەی بۆ لادێ، وەك دەڵێن:

**دووکەڵێ کە دێتە دەر لە ماڵی دەوڵەمەند**
**تیشکی بێ گوناهی خۆرەتاو ئەخاتە بەند**
**لەشارەکەت زەلیلە شێر**
**باوی ڕێویە**
**من کوڕی عەشیرەتم**
**هۆگرم بە ئاسمانی شین و سافی سامڕەند**
**گوڵە! هەرێمی زۆنگ و زەل**
**چلۆنە ئەبێتە جاڕە گوڵ؟**

**خەوە بەردینە ل24..**

کەواتە شار لەم دەقەدا دەلالەتی(ژاوەژاوی، نەخۆشی، سەرمایەداری....) لەخۆگرتوەو هۆکارێکە بۆ چەوسانەوەی هەژاران و نەمانی پەیوەندی و جوانییەکانی ژیان، بەپێچەوانەشەوە لادێ سەرچاوەی ژیان و جوانی و تەندروستی و ئارامییە.

2- **شێرکۆ بێکەس:** لە شیعری(بەغدا)(1973) دا شاعیر بە ئاشکرا ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە بەغدا ناوێکە بێسودە، هیچ بایەخێکی بۆ کورد بەگشتی

نییە، چونکە بەغدا لە بەرامبەر شێرکۆدا بێسودە، شێرکۆش وەك کورد دەڕوانێتە بەغدا، چونکە دواجار بەغدا بەزیانبەخشی کوردو ماف خواردنی دەزانێت، لەبەرئەوەی بەغدا داخراوەو ئەم داخرانەش بۆ خودو لە دەرەوەی خود، واتە سودی بۆ کەسێکی دی نییە، چونکە سودی لە کرانەوەکەیدایەو نەبوونی کلیلیش ئەم دەلالەتی بێسودیەمان بۆ روونتر دەکاتەوە، جگەلەمش پیاوەکانی بەغدای بە ماسیەکانی دیجلە پیشانداوە، واتە بەغدا شاری دەسەڵاتەو بەردەوام دژە کوردەو هیچ کاتێك بەغدا سودی بۆ کورد نییەو نابێت، چونکە لەبەرژەوەندی خۆی کاردەکات، وەك دەڵێت:

**بەغدا... قفڵێکی داخراو**
**کلیلەکەی لە گیرفانی،**
**دڵدارێکی ون بوودایە.**
**بەغدا..نانێکی سوتاوە،**
**لەناو قوڕگی برسیی یەکاندایە.... هاوار دەکات**
**بەغدا.... بەغدا.... هەسانێکە بێ چەقۆیە**
**لەسکی ماسی دیجلە دا**
**ماسی - سیروان - ئەبینمەوە**

**..من تینویەتیم ل 56**

3- **لەتیف هەڵمەت:** لە شیعری(گەڕانەوەیەك بۆ سەرەتا)(1973) شاعیر لە پایەتەختەوە دەیەوێت بە گەڕانەوەی بۆ کفری پێگەی کفری وەك شار و وەك زێدی خۆشەویستیش بە ئێمە بناسێنێ، شاعیر دەیەوێت کفری و بەغدا بەراورد بکات، بەڵام بە گەرمای پایەتەخت دەستپێدەکات، بۆئەوەی گەرمای کفری لەلا ساردتر بێتەوەو بیکاتە کوێستان، لە کاتێکدا کفریش گەرمیانە، بۆیە کفری بۆ شاعیر بوون و ژیانە، رابردوە، منداڵیە، یادگارییە، چونکە زێد هەروا بەئاسانی لەبیرناچێتەوەو بەردەوامیش لای کەسەکە لە هەموو شوێنێك خۆشترەو بەردەوام بەرزرادەگیرێت، چونکە بریتییە لە بوونی خود، وەك دەڵێت:

**هەموو شەوێ گەرمای پایتەخت..**
**وەکو شارە سیرە مۆزە**
**دوام ئەکەوێ**
**گەرمای پایتەخت بێسنورە..**
**ئەو کوێستانەی خۆشم دەوێ**
**زۆر زۆر دوورە..**
**ئای گەر ئێستا دەمتوانی بەڕاستی نەك بە خەیاڵ**
**دەبوومەوە بە مناڵ**
**چمکی کراسە شۆڕەکەمم**
**توند توند دەگرت بەدەم**
**بەرەو کفری هەڵدەفڕیم بەپێ نەك بە باڵ**
**لە قووڵایی گۆمی چەمە ماتەکەیدا**
**ڕێژنەی رەشی عارەقم**
**دەشۆردەوەو و خۆم دەدایە بەر شاباڵی شنەی شەماڵ**

**.. دیوان ل 137**

هەروەها لەشیعری( بۆنی هەوری وڵاتەکەم دەناسم)(1975) باسکردنە لە وڵاتی شاعیر کە کوردستانەو کوردستان بۆ شاعیر واتە بوون و ژیان و ناسنامەو ئارامی بەخشین، بۆیە ئەوەندە پێوەی پەیوەستە هەر بە بۆن و بەو مەودا دووریە، هەوری وڵات دەناسێت، ئەمەش ئەو پەیوەست بوونە رۆحی و خۆشەویستیەی شاعیر دەردەخات بەرامبەر نیشتمان، هەروەك یەعقوب و یوسف، کە بە مەودایەکی دوور بۆنی یوسف دەکات، چونکە( یوسف، وڵات) واتە بوون و ئایندەو هیواو ئومێد بەخشە بە ئایندە، چونکە کوردستان هێشتا نەبووەتە وڵات، بەڵام هێزی گۆڕین و نەهێشتنی بەربەستەکانی هەیە، وەك دەڵێت:

**من بۆنی هەوری وڵاتەکەم دەناسم**
**من بۆنی ئەو هەورانە دەناسم**
**کەبەسەر هەندرێن و**
**ئەزمەڕو**

**باوەشاسواردا**
**تێدەپەڕن**
**بۆنی هەوری وڵاتەکەم**
**چۆلەکەیەکە هەمیشە**
**دەنوك لە پەنجەرەی دڵم دەدات**
**ئەرێ هەوری وڵاتە دورەکەم وەرە..**
**ئەم ئاسمانە چڵکنە ونکە**
**بەناودڵما بباریێ و**
**بۆنی کوردستان لە خوێنمدا بچێنە..ل195**

کەواتە وڵات لەم دەقەدا واتە بوون، هێزی ژیان، خەون و هیواو ئومێد و ئاینده.

هەروەها لە شیعری(نیشتمانەکەی خـۆم)( 1975) ئەم شیعرە لە بەغدا نوسراوە، واتە لە دووری نیشتمانەکەی کە کوردستانە نوسراوە، کەواتە دەق بۆ زێد نەنوسراوە، بەڵکو بۆ نیشتمان نوسراوە، کەوایە دەقەکە پەیوەندی بە شاعیرو وڵات و نەتەوەکەیەوە هەیە، لێرەوە ئەو دەلالەتەمان پێدەبەخشێت کە نیشتمان واتە بوون و ئارامی و خۆشەویستی، بیرکردن، وەك دەڵێت:

**ئەڕۆمەوە بۆ نیشتمانەکەم و**
**لەبەر خۆرەتاوی وەرزێکی دا دەمرم**
**دەرۆمەوە بۆ وڵاتەکەم**
**لەبناری شاخێکی بەفریندا بە برسێتی رادەکشێم و**
**لەگەڵ کانییەکاندا پێدەکەنم**
**ئەڕۆمەوە بۆ شارەکەی خۆم**
**بەس نییە لەشم**
**تێکەڵی خاك و خۆڵی کوردستان دەبێ..ل189**

بەدەر لەمەش پەیوەست بوونی رۆحی شاعیر بە نیشتمانەوە ئەوەندە بەهێزە، هیچ یەکێك لەو کۆسپ و گرفتانەی کە بۆی دروستدەکەن، لەپێناو لاوازکردنی ئەم پەیوەندیەدا، نەك لاوازی ناکات، بەڵکو بەپێچەوانەوە هیواکان لە دڵیدا بەهێزتر دەبن، وەك دەڵێت:

دڵم دڵۆپە بارانێکەو
لووتکەی هەڵگورد دەدۆزێتەوە
بۆ هەرکوێم بەرن
ئەستێرەی ئاسمانی وڵاتەکەم دیارە
گەر چاوم هەڵکۆڵن بۆنی دەکەم
گەر دەستم ببڕن
بانگی دەکەم
گەر زمانم ببڕن
هەموو تۆزقاڵێکی لەشم گۆرانی بۆ دەڵێ..ل190

## ئەنجام

**لە ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەگەینە ئەوەی کە:**

**ئەنجامە گشتییەکان:**

1-بیرو هزری بیرمەندو فەیلەسوفەکان، لۆژیکی بنچینەیی سەرهەڵدانی سیمیۆلۆژیایە، بەڵام مێژووی کارکردن وەك میتۆدی سیمیۆلۆژی دەگەڕێتەوە بۆ کارەکانی پێرس.

2-سیمیۆلۆژیا لای پێرس پەیوەستە بە لۆژیك و لای سۆسێر پەیوەستە بە زمانەوە.

3-سیمیۆلۆژیا میتۆدێکە تایبەتە بە لێکدانەوەی نیشانەکان و ئامانجیش لێکۆڵینەوەیە لە مانا شاراوەکان، یان پەیوەندی مانا بە سەرچاوەکەیەوە لە دەقی شیعریی نوێی کوردییدا.

**ئەنجامە تایبەتییەکان:**

4-ئایکۆن لە دەقی شیعریی کوردییدا پێگەیەکی بەهێزو بەرفراوانی هەیە، چونکە زۆر لە وشەکان دەتوانن ببنە ئایکۆن، بۆیە لەڕێگەی ئایکۆنەوە دەتوانرێت زۆر لە ماناو جوانییەکانی دەقی شیعریی کوردی بخرێنەروو.

5- ئیندێکس نیشانەیەکە کار لەسەر سەرچاوەو هۆکارەکانی نیشانەو ئەنجامی هۆکارەکان دەکات، ئەمەش لەپێناو خستنەرووی جوانی و بەهێزی دەقی شیعریی کوردی.

6-هیما نیشانەیەکە کرانەوەیی لەبەرامبەر دەقدا دەکاتەوە، بەوەی زۆر لەماناو مەدلولەکانی دەق لەخۆدەگرێت، بەو مانایەی چەند مەدلولێك لە یەك هێمادا کۆدەکاتەوە.

7-ناونیشان یەکەمین بەربەست و ناسنامەی دەقەو لەهەمانکاتیشدا هەڵگری ئاماژەو کۆدەکانە، چونکە ئەمە وادەکات کە خوێنەر بەتامەزرۆیی و متمانەوە رووبەرووی دەقەکە ببێتەوە، جگەلەمەش کارنامەی ناونیشان دەقەکە دیاریدەکات، بۆیە پێویستە ناونیشان لەدەق، یان دەق لەناونیشاندا بدۆزینەوە.

8- ناونیشان دەشێ(وشەیەك، دەستەواژەیەك، رستەیەك) بێت، لەگەڵ ئەمەشدا هەمان هێزی دەقی هەیەو بووەتە پاراتێکستی دەق، چونکە دەق و ناونیشان لە دەقی شیعری نوێی کوردیدا تەواوکەری یەکترین.

9-رووداوە سیاسییەکان بەپێی قۆناغەکان کاریگەرییان لەسەر نیشانەو ناونیشان و کەسایەتییەکانی دەق لەرووی بەکارهێنان، یاخود پێبەخشینی رۆڵەوە هەبووە.

10-کەسایەتی لەدەقی شیعرییدا بریتییە لەو نیشانەیەی کە کۆی خاسیەتەکانی کەسایەتییەکە لەرێگەی ناوەکەوە لەدەقدا بەرجەستەو ئامادە دەکاتەوە، واتە ناوێك وەك نیشانە وزەیەکی چڕکراوەی تێدایەو لەسەر خوێنەرە ئەم هێزە دەربخات.

11-کەسایەتییەکان لە قۆناغی یەکەم و دووەم دەقی شیعریی کوردیدا زیاتر کەسایەتی ئەنتەرناسیونالیستین، بەڵام لە قۆناغی سێیەم و چوارەمدا زیاتر کەسایەتی نەتەوەیین.

12-شوێن لە سیمیۆلۆژیادا لە چوارچێوەی ناو و شانۆ دەردەچێت، بۆ ئەو دەلالەتانەی کە شوێن بەپێی مێژوو و رووداوەکان لە خۆی گرتوون.

13-وێنەی شیعریی بە هەمان شێوە پێکهاتەیەکی رەنگاڵەییەو لەرێگەی سیمیۆلۆژیاوە دەتوانرێت بەشە بچوکەکانی وێنەکەو ئەو ئاماژەو نیشانانەی وێنە شیعرییەکە بە وردی لێکبدرێتەوە، لەپێناو وێنە گەورەکەدا کە وێنە شیعرییەکەیە.

14-وێنەی شیعریی لە هەموو قۆناغەکاندا خاوەن نیشانەی خۆیانن، بەڵام لە قۆناغی چوارەمدا وێناکان ئاڵۆزتر دەبن و لێکدانەوەیان لەگەڵ دەلالەتەکان ئاڵۆزترە.

15-بیرو ئایدۆلۆژیا رۆڵـی هەیە لە هەڵبژاردن، یان بەکارهێنانی کەسایەتییەکاندا، بەواتا ئەو شاعیرانەی لەگەڵ دۆزی کوردستاندان، زیاتر کەسایەتی کوردستانی بەکاردەهێنن، ئەوانەی ئەنتەرناسیونالستی بیریانکردوەتەوە، زیاتر کەسایەتی ئەنتەرناسیونالیستی بەکاردەهێنن.

## پەراوێزەکانی بەشی سێیەم:

1.LEO H.HOCK ، LA MARQUE DU TITRE ، DISPOSITIFS SEMIOTIQUES D،UNE PRATIQUE TEXTUELLE ، MOTION PUBBLISHERS ، THE HAGUE ، PARIS ، NEWYOURK ، 1981 ، P5 .

2. محمد مفتاح، دينامية النص تنظير و انجاز،المركز الثقافى العربى، بيروت،لبنان،ط2، 1990،ص57

3. د. خاليد حسين ، شؤون العلامات ، من التشفير الى التأويل ، دار التكوين للتأليف و الترجمة والنشر ، دمشق ، 2008 ، ص 47

4. GERARD GENETTER ، INTRODUCTION TO THE PARATEXT ، TRANS: MARIE MACLEAN ، NEW LITERARY HISTORY ، VOL ، 22 . NO . 2 ، SPRNG 1992 ، P 261 .

5. LEO HOEK، LA MARQUE DU TITRE، DISPOSITIFS SEMIOTIQUES D'UNE PRATIQE TEXTUELLE، MOUTON PUBLISHER، THE HAGUE ، PARIS، 1981، P5.

6. د. جميل حمداوى ، السيموطيقا والعنونة HTTP://ALMOTHAQAF.COM/INDEX.PHP/ARAAA/43096.HTML

7. G.GENETTE، PALIMPSESTS،COLL. POETIQUE EA.SEUIL ، PARIS ، 1982 . P 7

8. مجلة (الثقافة) الجامعة الاردنية ، عدد (56) 2002 ، ص 286 .

9.G.GENETTE، PALIMPSESTS، COLL. POETIQUE EA.SEUIL ، PARIS ، 1982 . P 7 .

10. عمر سطايحى، من جيفة الصيف الى فاكهة الخريف ، حول الرواية عيسى شريط(الجيفة)،جريدة الشروق،اكتوبر2004،عدد(1213) ص15

11. بسام قطوس ، سيمياء العنوان ، وزارة الثقافة ، عمان ، الاردن ، ط ، 2001 ، ص 31

12. عبدالله محمد الغذامى ، الخطيئةو التكفير ، النادي الادبي الثقافي ، جده ، السعودية ، ط1 ، 1985 ، ص 234.

13. عدنان حسين قاسم، الاتجاه الاسلوبى البنيوى في نقد الشعر العربى، الدار العربية للنشر والتوزيع، مصر، 2000، ص 291

14. JOESP BESA CAMPRUBI ، LES FONCTIONS DU TITRES ، NOUVEAUX ACTES SEMIOTIQUES ، PULIM ، UNIVERSITE DE LIMOGES . 2002 . P5 .

15. عبدالمالك مرتاض ، تحليل الخطاب السردي ، معالجة تفكيكية سيميائية مركبة لرواية (زقاق المدق) ،ديوان المطبوعات الجامعية ، بن عكنون ، الجزائر ، ط 1 ، 1995 ، ص 277

16. LEO H.HOCK . P5 .

17. الطيب بو دربالة ، قراءة في كتاب سيمياء العنوان للدكتور بسام قطوس ، مجلة السيمياء و النص الادبى ، جامعة محمد خيضر ،15 ابريل 2002 ، ص 28 .

18. محمد الهادى المطوى ، مجلة عالم الفكر، العدد (1) 1999 ، ص 455 .

19. JOSEP BESA . P.7 .

20. عبدالقادر رحيم ، العنوان فى النص الابداعى ، مجلة كلية الاداب والعلوم الانسانية والاجتماعية ، العدد (2-3) ، 2008 ،ص 28 .

21. JOSEP BESA CAMPRUBI:LES FUNCTIONS DU TITRE . P8 .

22. الطيب بو دربالة ، مجلة السيمياء و النص الادبى ، جامعة محمد خيضر ،15 ابريل 2002 ،ص 28 .

23. عبدالقادر رحيم ، العنوان فى النص الابداعى ، ص 85 .

24. عبدالقادر رحيم ، علم العنونة ، دار التكوين ، دمشق ، سوريا ، 2010 ، ص 48 .

25. محمد صابر العبيد، جماليه العنوان و فلسفة فنونه، جريدة الاسبوع الادبى، العدد 835 ،2002/11/10 ،دمشق،سوريا، ص 4 .

26. محمد فكرى الجزار ، لسانيات الاختلاف(الخصائص الجمالية لمستويات بناء النص في شعر الحداثة)، إيتراك للطباعةو النشر و التوزيع ، مصر الجديدة ، ط 1، 2001 ، ص181

27. صلاح فضل ، بلاغه الخطاب وعلم النص ، عالم المعرفة ، كويت ، 1992 ، ص 236 .

28. م. نورى، جووت و گا شتێکی چاکە، ڕۆژنامەی پێشکەوتن، ژمارە(30)، ساڵی18،1920/11/1،ل2

29. م. فەوزی، ڕۆژنامەی پێشکەوتن، ژمارە(51)، ساڵی 18،1920/11/1،ل1

30. م. فەوزی، ڕۆژنامەی پێشکەوتن، ژمارە(51)، ساڵی18،1920/11/1،ل2

31. زێوەر، بەهار، ڕۆژنامەی پێشکەوتن، ژمارە(52)، ساڵی21،1921/4/1،ل2

32. عبدالله محمد الغذامى،تشريح النص،مقاربات تشريحيه لنصوص شعرية معاصرة، دار الطليعة للطباعة و النشر، بيروت، لبنان،ط1، 1987،ص110

33.GRERARD.GENETTE، SEUILS،EITION DE SEUIL، PARIS،1987،P95

34. محمد مفتاح ، ديناميه النص تنظير وإنجاز ، المركز الثقافي العربى ، بيروت ، لبنان ، ط 2 ، 1990 ، ص 72 .

35. محمد فكرى الجزار، العنوان و سيميوطيقا الاتصال الادبي، الهيئة المصرية العامة للكتاب، مصر، ط 1، 1998، ص15

36. عبدالرحمن طنكول ،خطاب الكتابة وكتابة الخطاب ،مجلة كلية الاداب والعلوم الانسانية، فاس، العدد(9)1987،ص 135

37. محمد الهادى المطوى ، شعريه عنوان كتاب الساق على الساق فيما هو الفارياق ، مجلة عالم الفكر ، العدد (1) 1999 ، ص 457 .

38. شادية شقرش ،سيميائيات العنوان فى ديوان مقام البوح عبداللة القيس، سيمياء و النص الادبي،جامعة بسكر،7 نوفمبر2000، ص 270

39. محمد الهادى المطوى ، مجلة عالم الفكر ، ص 457 .

40. شادية شقرش ،سيميائيات العنوان فى ديوان مقام البوح عبداللة القيس،

ص270

41. محمد الهادى المطوى ، مجلة عالم الفكر ، ص 457 .

42. شادية شقرش، سيميائيات العنوان فى مقام البوح عبداللة القيس، ص 270

43. محمد الهادى المطوى ، مجلة عالم الفكر ، ص 475 .

44. شادية شقرش ،سيميائيات العنوان فى مقام البوح ، سيمياء و النص الادبى،جامعة بسكر،7 نوفمبر2000، ص 270

45. ئەحمەد هەردى، رازى تەنيايى، چاپخانەى زانكۆى سەلاحەدين،چاپى دووەم،1984،ل16

46. هەمان سەرچاوە،ل17

47. د. دڵشاد عەلى ، ديلان و تاقيكردنەوەى شيعرى ، دەزگاى چاپ و پەخشى سەردەم ، سلێمانى، چ 1 ، 2007، ل86

48. كامل ژير، هەڵبەستەكانى ژير،ل34

49. د. دڵشاد عەلى ، ديلان و تاقيكردنەوەى شيعرى ، ل113

50. حميد لحمدانى ، بنية النص السردى من منظور النقد الادبى، المركز الثقافى العربى للطباعة والنشر والتوزيع، الدار البيضاء المغربى ، ط 3 ، 2000 ، ص 51

51. عبدالرحمن بدعلى ، شخصيات النص السردي ، مجلة علامات ، عدد (8) ، 1999 ، ص 76 .

52. YVES REUTER، INTRODUCTION À L'ANALYSE DU ROMAN، EDITIONS NOATHAN/HER.PARIS،P51

53. فليب هامون ، سيميولوجية الشخصية الروائية، ترجمة : سعيد بنكراد، دار الكلام الرباط ، المغرب، 1990، ص33

54.BARTH W.KAYSER. W BOOTH PH.HAMON: POEITQUE ED ITION DU SEUIL ، PARIS 1977 . P 117 .

55. حسن بحراوى، بنية الشكل الروائى( الفضاء، الزمن، الشخصية)، المركز

الثقافى العربى، بيروت، الدار البيضاء،ط1، 1990،ص207
56. فليب هامون ، سيميولوجية الشخصية الروائية، ترجمة : سعيد بنكراد ، دار الكلام الرباط ، المغرب ، 1990 ، ص9
57. د. جميل حمداوى ، سيمياء اسم العلم الشخصى في الرواية العربية . WWW.DOROOB
58. پێگەی SAIDBENGRAD . FREE.FR.OUR/ SPN .
59. فليب هامون، سيميولوجية الشخصية الروائية، ص80
60. على عشرى زايد، استدعاء الشخصيات التراثية في الشعر العربى المعاصر، دار الفكر العربى، القاهرة، مصر،1997، ص13
61. عبدالقادر رحيم ، علم العنونة، ص 264 .
62. ابراهيم محمد محمد عبدالرحمن ، استدعاء شخصية الحسين بن على فى الشعر العربى الحديث ، رسالة دكتورا ، جامعة القاهرة ، 2004 ، ص 84 .
63. د. خليل الموسى ، قراءات في الشعر العربى الحديث و المعاصر ، منشورات اتحاد الكتاب العربى ، 2000 ، ص 35 .
64. سعيد بنكراد ، سيميولوجية الشخصيات السردية ، دار مجدلاوى ، عمان ، 2003 ، ، ص 106 .
65. فليث هامون، سيميولوجية الشخصية الروائية،ص80
66. محمد عـزام، شعرية الخطاب الـسردى، الاتحاد الكتاب العرب، دمشق،2005 ، ص 11 .
67. فيليب هامون ، سيمولوجيه الشخصيات الروائية، ص 218 .
68. فيليب هامون ، سيمولوجيه الشخصيات الروائية، ص 9 .
69. د. دڵشاد عەلی، دیلان و تاقیکردنەوەی شیعری، ل 90
70. .پۆل رۆپسن 9 / 4 / 18-98 1976 لە برنستون(نیوجەرسی) لەدایك بووە، لە ساڵی 1920 – 1923 لە زانكۆی كۆڵۆمبیا وانەی وتوەتەوە و لەكۆمپانیای یاسایی كاریكردوە، بەڵام زوو وازیهێناوە،لەساڵی 1930 ڕێز لێنانی جیهانی وەرگرتوە، بەدەر لەمەش دەنگخۆش بووەو زۆربەی گۆرانییەكانی لەسەر

سرودی ئاینی زنجی و سەردەمی کۆیلایەتی و کارکردن و لایەنی کۆمەڵایەتین، بە(25) زمان گۆرانی بۆ ئاشتی و دادپـەروەری وتووە، لە چلەکانی سەدەی بیستەمەوە دژی ڕەگەز پەرستی وەستاوەتەوە پشتیوانی کرێکارانی کردووە، لە ساڵی 1950 ئەمریکا پاسپۆرتەکەی لێوەرگرتەوەو(8)ساڵ ململانێی کرد بۆ وەرگرتنەوەی و پاش وەرگرتنەوەی دەستیکردەوە بە گەشتکردن، لە ساڵی 1963 بەهۆی باری تەندروستیەوە وازی لەکار کردن هێناوە.

71. جەمیلە لە ساڵی 1935 لە گەڕەکی قسبەی کۆن لە جەزائیری پایتەخت، لە باوکێکی بەڕەگەز تونسیو دایکێکی جەزائیری ڕۆشنبیر لەدایك بووە، تاقانەی حەوت برا بووە، ئەم شۆڕشگێڕیەی لە باوك و دایکیەوە وەرگرتوە، لە ساڵی 1956 هاوکاری شۆڕشی جەزائیری کردوە، لەگەڵ ئەوەی خوێندکار بووە و کاری زۆری بە جەرگانەی کردوە، چەکی دەگواستەوەو بۆمبی دەچاند لەو شوێنانەی کە داگیرکەرەکان پێیدا تێدەپەڕین، ئەمەش وایکرد ببێتە داواکار لای فەرەنسیەکان، لە ساڵی 1957 شانیبریندار کراو بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لە خەستەخانە ڕوبەڕوی چەندین ئەشکەنجە بوویەوە، وەك هەڵواسین و کارەبا تاوەکو هاوەڵەکانی ئاشکرا بکات، بەڵام یەك وشەی نەدرکاند، بۆیە ناچار بوون لە 7 / 5 / 1958 سزای لەسێدارەدانی بۆ دەربکەن، لەبەرامبەر دادگادا وتی دەزانن بە کوشتنم ئازادیش لە وڵاتەکەماندا دەکوژن، دوای سێ ساڵ زیندانی گواسترایەوە بۆ فەرەنسا، بۆئەوەی سێ ساڵی تر لەوێ بەند بکرێ، پارێزەرە فەرەنسیەکەی کە(جاك فیرجیس) بڕوای بە مافی گەلان هەبوو، ئەم دۆسیەی بەرەو رای گشتی بردو لە وڵاتانی ئەوروپی چەندین پشتیوانی بۆ کۆکردەوە و کێشەکەی بووە کێشەیەکی جیهانی و مافی مرۆڤ، ئەمەش فەرەنسیەکانی ناچارکرد کە لەسێدارەدانی جەمیلە دوابخەن و لە ساڵی 1962 بەهۆی دانوسان و ڕێکەوتنی(پیغیان) ئازادکراو گەڕایەوە جەزائیر و بووبە سەرۆکی یەکیەتی ژنانی جەزائیر و شویکرد بە پارێزەرەکەی.

72. عەولەسیس بە ناوەکەیدا کەسێکی لاواز پیشان دەدات، بەڵام لاوێکی باڵا بەرز و باریك بووە و سیسیەکەی بۆ باریکیەکەی دەگەڕێتەوە، یەکێك بووە

له ئەندامانی کۆمەڵەی لاوان و زۆرجار چالاك بووە و کوڕێکی کورد ویست بووەو بە جدی دڵسۆزی گەل و نیشتمان بووە، لە ڕاپەڕینی بەردەرکی سەرای سلێمانی 1930 کە دژی هەڵبژاردن وەستانەوە، لەگەڵ لەبێکەسدا یەکەم هەڵمەتی پەلاماردانی دەستپێکردوە، ئەم پیاوە بەبێ سڵکردنەوە هێرشی بردووە و دوای ئەوەی بەسەختی دەپێکرێت، بەڵام هەڵدەستێتەوە و ئەو چەکدارەی کە خەڵکێکی زۆری کوشت و بریندار کرد، عەولە سیس پەلاماری دەدات و دەیکوژێ، ئینجا خۆیشی شەهید دەبێ.

73. هەڵبەستەکانی ژێر،ل43

74. بەشیر موشیر لە پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا، لەناوچەی حەیدەرخانە لەناوەڕاستی بەغدا بەرگدروو بـووە، بەدەرلەمەش بەرگدرووی تایبەتی کەسایەتییە سەربازیەکان و بنەماڵەی پاشایەتی بوو، چونکە بەوە ناسرابوو، کە خاوەن مەقەستێکی ئاڵتوونی بووە، دواتر دوکانەکەی دەکاتە کتێبخانە.

75. HTTP://WWW.KURDIPEDIA.ORG/?LNG=11&Q=2611

76. لە ساڵی 1925 لە(کیسانگان)ی بەشی کۆنگۆی ڕۆژهەڵات لەدایك بووە، لە هەڵبژاردنی ئایاری 1960 پاش ململانێکی زۆر لەگەڵ ڕکەبەرەکانی کە زیاتر لە(100) حزب دەبوون، سەرکەوتنی بەدەستهێنا، بەڵام بەلیجیکا ویستی هەڵبژاردنەکە هەڵبوەشێنێتەوە، بەڵام فشاری گەل ناچاردکرد، داوا لە لۆمۆمبا بکات حکومەت پێکبهێنێت و یەکەمین حکومەتی کۆنگۆی هەڵبژێراو لە 23 / 6 / 1960 دروستکراو پاشای بەلجیکا(بودوان) بە فەرمی حکومی تەسلیمکرد و لە یەنایەری 1961 بەلجیکیەکان تیرۆریانکرد.

لۆمۆمبا بزوتنەوەیەکی نیشتمانی لەساڵی 1958 دروستکردوە، کە بەهێزترین بزوتنەوەی سیاسی بووە لە کۆنگۆ و خاوەن جەماوەرێکی زۆربووە و خۆپیشاندانی زۆری دژی داگیرکەران کردووە، بۆ ماوەی ساڵێك گیراو بەهۆی دانوسانەوە ئازادکراوە، بەمەش لەگەڵ ئەوەی ژیانی بۆ ئازادی و سەربەخۆیی گەلەکەی لە دژی داگیرکەر تەرخانکردبوو، بەڵام دواجاریش گیانی دەکاتە قوربانی نیشتمان.

77. .ئیمپریالی

78 .گیڤارا(14/یۆنیۆ/192-89/10/1967 شۆڕشگێڕێکی کوبی ومارکسیەکی ئەرژەنتینی، دکتۆرو سەرکردەی سەربازی بووەو یەکێکە لە کەسایەتییە جیهانیەکان و بووەتە هیمای رووبەرووبوونەوەی گەلان،و تا ئێستاش چەندین وتار و شیعر و فلیم... تاد لەسەر نوسراوە، بەپێی گۆڤاری تایمی ئەمریکی لەناو ئەو سەد کەسەدایە کە زۆرترین کاریگەریان لەسەدەی بیستەمدا هەبووە، یەکێك لە هەڵوێستە گرنگەکانی لەساڵی 1964 بە نوێنەری کوبا چووە ئەمریکا، بۆئەوەی وتەی کوبا لە نەتەوە یەکگرتوەکان بخوێنێتەوە و تێیدا زۆر بە توندی رەخنەی لە نەتەوە یەکگرتوەکان گرت، کە توانای رووبەروبوونەوەی ئەو سیاسەتە وەحشیانەیەی نییە، کە دژی رەشپێستەکان دەکرێ لە باشوری ئەفریقا و ڕۆژانە منداڵەکانیان دەکوژن، تەنها لەبەرئەوەی ڕشپێستن.

لە راستیدا گیڤارا بەهۆی یەکێك لە هاوەڵەکانی کە سیخوی بۆ(CIA) دەکرد، پاش ئەشکەنجە شوێنەکەیان زانی و 15000 سەربازی پۆلیڤی لە دۆڵێکدا(16) کەس گەمارۆدەدەن، پاش شەڕێکی زۆر گیڤارا بە پێکراوی دەگیرێ، بە فەرمانی سەرۆکی پۆلیڤیا(رینییە بارییینتۆس) فەرمانی کوشتنی دەدا، بەڵام(ماریو تیوانی) دەیکوژێت، نەك برادۆی.

79. .دەبێت ئادەمیزاد بێـت

80 .د. مصطفى ناصف،الصوره الادبيه،دار مصر للطباعه، القاهره،1958،ص3

81 .د.جابر احمد عصفور، الصوره الفنيه فى التراث النقدى و البلاغى،دار الثقافه للطباعه و النشر، القاهره،1974،ص323

82 .روز غـريـب، التمهيد فـى النقد الـحـديـث، دار المكشوف، بيروت،1971،ص192

83. .د. احمد نصيف الجنابى، فى الرؤيه الشعريه المعاصره، مطبعه الجمهوريه، بغداد،د.ط،ص119

84 .نازك الملائكه، الصومعه و الشرفه الحمراء، بيروت،ط2، 1979،ص160

85. .سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری

کوردیدا(1970 - 1991)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی،، 2004، ل 42

86. .لوقمان رەئوف، بنەماکانی مۆدێرنە لە شیعرەکانی شاعیردا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی،2009،ل 67

87. .سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا(1970 - 1991)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2004، ل 47

88.د. دڵشاد عەلی، دیلان و تاقیکردنەوەی شیعری،ل84

89.د. کاظم مؤنس، دراسات نقدیە فی جمالیات، عالم الکتب الحدیث، الاردن، 2006، ص 111.

90 .د. عماد الخطیب، مبادی النقد التطبقی، دار الجنان للنشر والتوزیع، عمان، گ 3، 2003، ص 68.

91 .د. کاظم مؤنس، دراسات نقدیە فی جمالیات، عالم الکتب الحدیث، الاردن، 2006، ص 111.

92 .والاس مارتن، نظریات السرد الحدیثە، ترجمە : حیاە جاسم، الهیئە العامە لشؤون المطابع الامیریە، 1998، ص60

93 . گواتیمالا دەکەوێتە ئەمریکای ناوەڕاست لە باکوریو باشوریشەوە مەکسیك و لە باکوری ڕۆژئاواوە زەریای هادی، لە 4 یۆنیۆی 1944 بەهۆی خۆپیشاندان مانگرتنی سەرتاسەریەوە(خۆرخی ئوبیکۆ) ناچارکرا ئیستیقالە بکات و جەنەراڵ(خوان فرید بوسنی) وەك بەدیل چووە شوێنی، بەڵام لە(20) ئۆکتۆبەری هەمان ساڵ بە کودەتای سەربازی فرانسیسکو خافیر لەسەر کار لابراو لیژنەی سەربازی وڵاتی بەڕێوەبرد، بەهۆی هەڵبژاردنەوە نوسەر و مامۆستای بەناوبانگ و گەورە(خوسیە ئەریفالو بیرمیحۆ) کە لە منفاو لە ئەرجەنتین بۆ ماوەی(14) ساڵ دەژیا، 85% دەنگەکانی بەدەستهێنا حوکمی گرتە دەست، بەمەش بووە یەکەمین سەرۆکی هەڵبژێراوی وڵات، دوای ئەمیش(جاکوبو ئەربینز غوزمان) حوکمی گرتە دەست، لە ساڵی 1954 دا

بەپێی کودەتایەك کە ئەمریکا ڕێکی خستبوو لەسەر کار لابرا، چونکە غوزمان سۆسیالیستی بوو، لەترسی ئەوەی نەچێتە پاڵ روسیا، چونکە لەوکاتەدا شەڕی سارد لە نێوان ئەمریکا و روسیا چەند ساڵێك بوو دەستی پێکرد بوو، لەساڵی 1954 کۆلۆنیۆل(کارلۆس کاسیتو) بووە سەرۆك و لە ساڵی(1957) لە لایەن پاسەوانەکانییەوە تیرۆر کرا، پاشان بە هەڵبژاردن جەنەراڵ(میگێل بدیغو راس فوینتس) بە هەڵبژاردن دەسەڵاتی گرتە دەست.

94. د. دڵشاد عەلی، دیلان و تاقیکردنەوەی شیعری،ل88

95. کامل ژیر، هەڵبەستەکانی ژیر، دەزگای چاپەمەنی ڕۆژ، سوید، 2002، ل 30.

96. .هەمان سەرچاوە، ل 30.

97. بەندیخانەی باستیل لە بنچینەدا وشـەی(BASTIDE) بە فەرەنسی واتە قەڵا، یەکێکە لەو بەندیخانانەی کە لە فەرەنسا لە نێوان(1370-1382) وەك قەڵای بەرەنگاریکردن لە پاریس دروستکراوە، پاشان بووەتە بەندیخانەی نەیارو سیاسی و ئاینیەکان کە دژی دەوڵەتن، بۆ ماوەیەك زۆر سمبڵی زوڵم و تاوان بوو، شۆڕشی فەرەنسی لە 14 یۆلیۆ 1789 یەکەم بروسکەی لێرەوە سەریهەڵداو تا ئێستاش فەرەنسا لەم یادەدا ئاهەنگ دەگێڕێت بەوەی ڕۆژی نیشتمانی فەرەنسایە.

98. کاتراز لە دوورگەیەکدا لە سانفرانسیسکۆ لە ئەمریکا کە بە بەندیخانەی بەردەکەش ناوبراوە، لە ساڵانی(185-91933) بەندیخانەی سەربازی بووە و لە ساڵی 1934 بووە بە بەندیخانەی ئەمریکاو لەساڵی 1963 داخرا، بە دایکی بەندیخانەکانی ئەمریکا ناسراوە و تێیدا تاوانبارە مەترسیدارەکانی تێدا بەنددەکرێت، چونکە ترسی راکردنیان هەیە، یان ئەوانەی مەترسیدارن و تێیدا هەموو جۆرە سزادانێك ئەنجامدراوە و پاش داخستنی بووەتە شوێنی گەشتیار و تا ئێستاش چەندین فیلمی سینەمای لەسەر دەرکراوە.

## سەرچاوەکان

### یەکەم : کوردییەکان:

### 1- دیوانەکان:

1.ئەنوەر قادر محەمەد، زریان و زایەڵەو زنار، بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاپ و بڵاو کردنەوە، سلێمانی، 2004

2.ئەنوەر شاکەلی، پرۆژەی کودەتایەکی نهێنی، دار الجاحڤ، بەغدا، 1973

3.ئەفشین بەهاری زەڕ، خەوەبەردینە، پەخشگای ئازادی، کوردستان، 2709

4.ئەحمەد هەردی، رازی تەنیایی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین،چ 2، 1984

5.تەحسین ئیبراهیم دۆسکی، مەم و زینا ئەحمەدێ خانی، دەزگای سپیرێز، دهۆك،2008

6.جلالی میرزاکەریم، رێگا دوورەکانی چاومان، کتێبخانەی سلێمانی، 1992

7.حەسیب قەرەداخی، فەرهەنگی خەم،(بەرگی یەکەم،دووەم)، دەزگای ئاراس، 2002

8.دلێر میرزا: دیوانی نوری وەشتی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاپ و بڵاو کردنەوە، سلێمانی، 2002

9.صادق بهاالدین ئامێدی، دیوانی مەلای جەزیری، چاپی یەك، کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا،1977.

10.شێرکۆ بێکەس،تریفەی هەڵبەست، چاپخانەی سلمان الاعظمی، بغداد، 1968

11.شێرکۆ بێکەس، دیوانی شێرکۆ بێکەس، پـرۆژەی کتێبی دانسقە، سلێمانی، 2002

12.شێرکۆ بێکەس، من تینویەتیم بە گڕ دەشکێ، دار الحریه للگباعه، بغداد، 1973

13.عبدوڵلا پەشێو، دیوانی دکتۆر عەبدوڵلا پەشێو، هەولێر، 1996

14. عەبدوڵڵا ئاگرین، دیوانی کامەران موکری، چاپخانەی رۆشنبیری و لاوان، 1987
15. کامل ژیر، نازەنین، چاپخانەی نور، بەغدا، 1957
16. کامل ژیر، هەڵبەستەکانی ژیر، دەزگای چاپەمەنیی رۆژ، سوید، 2002
17.کیومرس نیك رەفتار، دیوانی بێسارانی، ئەمینداری گشتی رۆشنبیری و لاوان، 1982
18.گیو موکریانی، دیوانی سالم، کردستان، 3594
19. لەتیف هەڵمەت، دیوانی لەتیف هەڵمەت، بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی، 2005
20. د. مارف خەزنەدار، دیوانی دیلان،چاپخانەی ئەسعەد، بەغدا، 1969
21.محەمەدی مەلا کەریم، دیوانی گۆران، کۆڕی زانیاری عیراق، 1980
22. مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، فاتح عەبدولکەریم، دیوانی نالی، انتشارات کوردستان،سنە،1389
23. مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، محەمەدی مەلا کەریم، دیوانی مەحوی، انتشارات کوردستان،1389
24. مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، دیوانی مەولەوی، بڵاوکەرەوەی کوردستان،1378

**2- کتێبەکان**

25.د.دڵشاد عەلی، دیلان و تاقیکردنەوەی شیعری، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، چ 1، 2007.
26. سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا(1970 - 1991)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2004
27. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، 2011

**دووەم: عەرەبییەکان:**

28. د. ابراهيم انيس، دلالة الالفاض، مكتبة الانجلو المصرية،ط5، 1985.

29. احمد مؤمن، اللسانيات النشأة والتطور، ديوان المطبوعات الجامعية، بن عكنون، الجزائر، 2002

30. د.احمد نصيف الجنابي، في الرؤية الشعرية المعاصرة، مطبعة الجمهورية، بغداد،د.ط

31.احمد يوسف، الدلالات المفتوحة، مقاربة السيميائية في فلسفة العلامة، الدار العربية للعلوم،2005

32. احمد يوسف، السيميائيات الواصفة، المنطق السيمائي وجبر العلاقات، مركز الثقافي العربي، بيروت، 2005.

33. امبرتو ايكو، العلامة، تحليل المفهوم و تاريخة، ترجمة :سعيد بنكراد، المركز الثقافي العربي،بيروت،2007

34. اميل بنفنست، في مدخل الي السيميوطيقا، ت : سيزا قاسم، دار الياس العصرية، ب. ط، ج 2.

35. ان اينو، السميائية الاصول و القواعد و التاريخ، ترجمة: رشيد بن المالك، دار مجدلاوي للنشر و التوزيع، 2008

36. اندرية مارتيية، مبادي اللسانيات العامة، ت: د.احمد جمعة، دمشق،1984

37.برنارد توسان، ما هي السيميولوجيا، ترجمة: محمد نظيف،دار افريقيا الشرق، 2000

38. بسام طقوس، سيمياء العنوان، وزارة الثقافة، عمان، الاردن، ط1، 2001.

39. د. بشير تاوريريت، مناهج النقد الادبي المعاصر، الهيئة المصرية العامة للكتاب،2008

40. بولي كوبلي، ليتسا جانز، اقدم لك علم العلامات، ترجمة جمال الجزيري، المجلس الاعلي للثقافة، 2005.

41. بيير غيرو، السيمياء، ترجمة : أنطوان أبو زيد، منشورات عويدات، بيروت، باريس، 1984.

42. بيير جيرو، الاسلوب والاسلوبية، ترجمة:د. منذر عياشي، مركز الانماو القومي، لبنان،2008

43. تريكو جول، المنطق الصوري، ترجمة: محمود يعقوبي، ديوان مطبوعات، ط 1، 1992.

44. تزفيتان تودوروف، ميخائيل باختين المبدا الحواري، ترجمة: فخري صالح، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت،ط2، 1996

45. توماشفسكي، الشكلانيون الروس، نظرية المنهج الشكلي، ترجمة: ابراهيم الخطيب، شركة المغربيه للناشرين المتحدين، الرباط، ط 1، 1983.

46. د.جابر احمد عصفور، الصورة الفنيية في التراث النقدي و البلاغي،دار الثقافة للطباعة و النشر، القاهرة،1974

47. جان ماري و الاخرون، العلاماتية و العلم النص، ترجمة: منذر عياشي، مركز الانماو الحضاري، سوريا،2009

48. د. جميل حمداوي، بناء المعني السيميائي في النصوص و الخطابات، مغرب، 2011.

49.جورج مونان، مقدمة للسيميولوجيا، باريس،1970.

50.جوزيف ميشال شريم، دليل الدراسات الاسلوبية، المؤسسة الجامعية للدراسات و للنشر، بيروت، 1987.

51. جيرار دولودال، السيميائيات أو نظرية العلاقات، ترجمة : د. عبدالرحمن بوعلي، دار الحوار، سوريا، ط 1، 2004.

52. حامد خليل، المنطق البراجماتي عند تشارلز بيرس، مؤسسة البراجماتية، دار ينابيع، سورية،1996.

53. حسن بحراوي، بنيه الشكل الروائي، المركز الثقافي العربي، بيروت، الدار البيضاو، ط 1، 1990.

54. حميد لحمداني، بنيية النص السردي من منظور النقد الادبي، المركز الثقافي العربي للطباعة والنشر والتوزيع، الدار البيضاو المغربي، ط 3، 2000.

55. حنون مبارك: دروس في السيميائيات، دار توبقال للنشر، الدار البيضاو، المغرب، ط1، 1987.

56. د.خاليد حسين، شؤون العلامات، من التشفير الي التأويل، دار التكوين للتأليف و الترجمة والنشر، دمشق، 2008

57. د.خليل الموسي، قراوات في الشعر العربي الحديث و المعاصر، منشورات الاتحاد الكتاب العربي، 2000.

58. دانيال تشاندلر،اسس السيميائية، ترجمة:د. طلال وهبة، المنظمة العربية للترجمة، بيروت،2008

59. د.رظوان ظاظا، مدخل الي مناهج النقد الادبي، عالم المعرفة، كويت،1997.

60. روبرت شولز، السيمياء والتأويل، ترجمة: سعيد الغانمي، المؤسسة العربية للدراسات والنشر،ط1، 1994

61. روز غريب، التمهيد في النقد الحديث، دار المكشوف، بيروت،1971.

62. سامي سويدان، مقاربه سيميائية قصصية، اللص والكلاب لنجيب محفوض، الفكر العربي المعاصر، بيروت، 1982

63. ستيفن اولمان، دور الكلمة في اللغة، ترجمة: كمال بشر، دار غريب للطباعة و النشرو التوزيع، القاهرة،1974،

64. سعيد بنكراد، السيميائيات و مفاهيمها وتطبيقاتها، دار الحوار للنشر والتوزيع، لازقية سورية، ط 3، 2012

65. سعيد بنكراد، سيميولوجية الشخصيات السردية، دار مجدلاوي، عمان، 2003.

66. سعيد بنكراد، مدخل الي السميائيات، السردية، منشورات الاختلاف، الجزائر، ط 2، 2003.

67. د.سعيد علوش، معجم المصطلحات الادبية المعاصرة، دار الكتاب اللبناني، بيروت، 1985.

68. سيزا قاسم، نصر حامد ابو زيد و أخرون، مدخل الي السيموطيقا، الدار البيضاو، المغرب ط 1987.

69. سيزا قاسم، حول بعض المفاهيم و الابعاد السيميوطيقا، دار الياس المصرية، القاهرة، ط1986،1،

70. شكري محمد عياد، للغة والإبــداع، مبادئ علم الاسلوب العربي، انترناشيونال برس، القاهرة، ط1، 1988
71. صلاح فضل، بلاغه الخطاب وعلم النص، عالم المعرفة، كويت، 1992.
72. د.صلاح فضل،علم الاسلوب والنظرية البنائية، دار الكتاب اللبناني، بيروت، دار الكتاب المصري، القاهرة، ط1،.2007
73. عادل فاخوري، السيمياء( التيارات في السيمياء) الموسوعة الفلسفية العربية، معهد الانماو العربي،ط1، 1988
74. عبدالرحمن بدوي، منطق ارستو، دار المطبوعات ودار القلم الكويت، بيروت، 1980.
75. عبدالقادر رحيم، علم العنون، دار التكوين للتأليف والترجمة والنشر، دمشق، سوريا، 2010.
76. عبدالله ابراهيم واخرون، معرفة الاخر، مدخل الي المناهج النقدية الحديثة، المركز الثقافي العربي، دار البيضاء، المغرب، ط 2، 1996
77. عبدالله محمد الغذامي، الخطيئةو التكفير، النادي الادبي الثقافي، جده، السعودية، ط1، 1985.
78. عبدالله محمد الغذامي،تشريح النص،مقاربات تشريحية لنصوص الشعرية المعاصرة، دار الطليعة للطباعة و النشر، بيروت، لبنان،ط1، 1987
79. عبدالملك مرتاض، تحليل الخطاب السردي، معالجة تفكيكية سيميائية مركبة لرواية(زقاق المدق)،ديوان المطبوعات الجامعية، بن عكنون، الجزائر، ط 1، 1995.
80. عبدالملك مرتاض، التحليل السيميائي للخطاب الشعري، منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق، 2005.
81. عبدالواحد المرابط، السيمياء العامة و سيمياء الادب، الدار العربية للعلوم ناشرون، بيروت، 2010
82. عثمان امين، الفلسفة الرواقية، مكتبة النهضة المصرية، ط2، 109،1958.
83. عدنان حسين قاسم، الاتجاه الاسلوبي البنيوي في نقد الشعر العربي، الدار العربية للنشر والتوزيع، مصر، 2000

84. عزت محمد جاد، نظرية المصطلح النقدي، الهيئة العربية العامة،د. ط، د. ت.
85. د. عصام خلف كامل، الاتجاه السيميولوجي و نقد الشعر،دار فرحة للنشر و التوزيع، مصر، 2003
86. علي عشري زايد، استدعاو الشخصيات التراثية في الشعر العربي المعاصر، دار الفكر العربي، القاهرة، مصر، ط، 1997
87. د.عماد الخطيب، مبادي النقد التطبقي، دار الجنان للنشر والتوزيع، عمان، ط 3، 2003.
88. غريب اسكندر، الاتجاه السيمائي في نقد الشعر العربي، دار الشؤون الثقافة العامة، بغداد، 2009
89. فاطمة الطبال بركة، النظرية الالسنيية عند رومان ياكوبسن، المؤسسة الجامعة للدراسة والنشر والتوزيع، بيروت، 1993.
90. فرانسواز ارمينكو، المقاربة التداولية، ترجمة: سعيد علوش، مركز الانماو القومي، بيروت، 1987.
91. فاضل ثامر، اللغة الثانيية(في اشكالية المنهج و النظريةو المصطلح الخطاب النقدي العربي الحديث، المركز الثقافي العربي، الدار البيظاو، المغرب،1994.
92. د. فرج عبدالقادر طه و أخرون، موسوعة علم النفس والتحليل النفسي، دار سعاد الصباح، الكويت، ط 1، 1993.
93. فرديناد دي سوسور، علم اللغة العام، ت : يوئيل يوسف عزيز،يَفاق العربية، بغداد،ط1، 1985.
94. فرديناد دي سوسير، محاضرات في الالسنيه العامة، ترجمة: يوسف غازي، مجيد النصر، منشورات الموسسة الجزائريه للطباعة، الجزائر، 1987.
95. فليب هامون، سيميولوجية الشخصية الروائية، ترجمة : سعيد بنكراد، دار الكلام الرباط، المغرب، 1990.
96. فيصل الاحمر، معجم السيميائيات، منشورات الاختلاف،الجزائر، 2010.

97. د.كاظم مؤنس، دراسات نقدية في جماليات، عالم الكتب الحديث، الاردن، 2006.

98. الكسندر ماكوفلسكي، تأريخ علم المنطق، ترجمة:علاءالدين و ابراهيم فتحي، دار الفرابي، بيروت، ط، 1987.

99. مارسيلو داسكال، الاتجاهات السيميولوجية المعاصرة، ت: حمديد لحميداني و الاخرون، دار افريقيا للنشر، المغرب،ط1، 1987.

100. د.مازن الوعر، علم الاشارة،ت: منذر عياشي، دار طلال للدراسات و الترجمة،ط1، 1988

101. د.محمد السرغيني، محاضرات في السيمولوجيا،دار الثقافة للنشر والتوزيع، الدار البيضاء،1987

102. محمد الصغير بناني، المدارس اللسانيية في التراث العربي و في الدراسات الحديثة، دار المحكمة، الجزائر،ط 1، 2002

103. د.محمد سالم سعدالله، مملكة النص، التحليل السيمائي للنقد البلاغي، عالم الكتب الحيث، الاردن، 2007

104. محمد عزام، النقد والدلالة، نحو تحليل السيميائي للادب، منشورات وزارة الثقافة، سورية، دمشق، 1996،

105. محمد عـزام، شعرية الخطاب الـسردي، الاتحاد الكتاب العرب، دمشق،2005.

106. محمد فكري الجزار، العنوان سيميوطيقا الاتصال الادبي، الهيئة العربية للكتاب، مصر، 1998.

107. محمد فكري الجزار، لسانيات الاختلاف، الخصائص الجمالية لمستويات بناء النص في شعر الحداثة، إيتراك للطباعة، مصر، ط، 2001.

108. د. محمد فكري الجزار، سيميوطيقا التشبية، منتدي سور الازبكية، مصر،2007

109. د.محمد مفتاح، التشابة و الاختلاف، المركز الثقافي العربي، بيروت،1996

110. محمد مفتاح، ديناميه النص تنظير وإنجاز، المركز الثقافي العربي، بيروت، لبنان، ط 2، 1990.

111. محمد مفتاح، في سيمياو الشعر القديم، دراسة نظرية و تطبيقيه، دار الثقافة، المغرب،1982.

112. مراد عبدالرحمن مـبروك، جيوبوليتيكا النص الادبي، دار الوفاو، الاسكندرية،ط2، 2002.

113. د. مصطفي ناصف،الصورة الادبية،دار مصر للطباعة، القاهرة،1958

114. معين زياده واخرون، الموسوعة الفلسفية العربية، لوبنان، 1986

115. منذر عياشي، العلاماتية وعلم النص، المركز الثقافي العربي، الدار البيضاو، بيروت، لبنان، 2004.

116.د.ميجان الرويلي- د. سعد البازعي، دليل الناقد الادبي، المركز الثقافي العربي،بيروت، طبعة الثانيية، 2000.

117. ميشال ارفيه و اخـرون، أصولها وقواعدها، ترجمه رشيد مالك، السيمائيه، منشورات الاختلاف، الجزائر، 2002

118. ميلكافينتش، اتجاهات البحث للساني، ترجمة:سعد عبدالعزيز معلوم- وفاو كامل فايد، المجلس الاعلي الثقافة، الطبعة الثانيية، 2000.

119. نبيل راغب، موسوعة النظريات الادبية، الشركة المصرية العالمية للنشر، مصر، 2003.

120. والاس مارتن، نظريات السرد الحديثة،ترجمة : حياة جاسم، الهيئة العامة لشؤون المطابع الاميرية، 1998.

121. يوسف اسكندر، اتجاهات الشعرية الحديثة، الاصول و المقولات، دار الشؤون الثقافة العامة، بغداد، 2004.

**سێیەم: فارسییەکان**

122. M.H، ابرامز، فرهنگی توصیفی اصطلاحات ادبی، ترجمه : سعید سبزیان -مراد بادی، ویرایشی هفتم، انتشرات، هما، تهران، 1382.

123. انه ماری دینەسن، در امدی برنشانه شناسی، ترجمان : مظفر قهرمان، نشر پرسش، 1380

124. بابك احمدی، از نیشانەهای تصویری تا متن، نشر مرکز، تهران، 1371

125. بابك احمدی، ساختار وتأویل متن، نشر مرکز، چاپ هفتم، تهران، 1384.

126. پی یر گیرو، نشانه شناسی، ترجمه : محمد بنوی، انتشارات اگاه، تهران، چاپ دوم، 1383.

127. رولان بارت، نوشتەی رولان بارت، ترجمه: پیام یزدانجو، نشر مرکز،1383.

128. ژان ایو تادیه، نقد ادبی در قرن بیستم، ترجمه : مهشید نونهالی، انتشارات نیلوفر، نشر گولبان، تهران، 1378.

129. فردیناد سیوسیر، دوره زبانشناسی عمومی، ترجمه : کورش صفوی، نشر هرمس، چاپ دوم، تهران، 1382.

130. محمد ضمیران، در امدی برنشانه شناسی هنر، نشر قصه، ج2، تهران، 1383.

131. مهیار علوی مقدم، نظریەهای نقد ادبی معاصر، انتشارات ارمان مطالعه وتدوین کتب علوم انسانی، دانشگاه تهران، 1377.

**چوارەم:بیانی**

132. -BARTH W.KAYSER. BOOTH PH.HAMON : POECITEDITIONDUSEUIL ، PARIS 1977. P 117.

133. GROUPE DENTRERERNES: ANALYSE SEMIOTIQUE DES TEXTS. E.D.TOUBKAL CASABLANCA.1987.

134. JULIAKRISTERA: SEMIOTIQUE،RECHERCHÉ POUR UNE SEMANLYSE(ED.SEUIL،PARIS)

135. COQUET ET AUTRES : LA SEMIOTIQUE : LE COLE DE PARIS ، PARIS.

136. J.C. COQUET ET AUTRES، SEMIOTQUE: L‘ECOLE DE PARIS. HACHETTE PARES 1982.

137. JOSEPH BESA CAMPRUBI ، LES FUNCTIONS DU TITRES ، NOUVEAUX ACTES SEMIOTIQUES ، PULIM ، UNIVERSITE DE LIMOGES. 2002.

138. JOLLE GARDES – TAMINE، DICTIONNAIRE DE CRITIQUE LITTERAIRE ، CERES EDITIONS، TUNIS، 1997.

139. JOSETTE REY DEBOVE، SEMIOTIQUE، EDITION TRIMESTER، UNIVERSITAIRE DE FRANCE، 1979.

140. LA PHILOSOPHIE KANTIENNE SE DONNE POUR L`OBJECT DE RESPONDER A TRIOS QUESTIONS QUE PUIS – JE SAVOIR? QUE DOIS-JE FAIR? QUE M`EST IL PERMIS DESPERER? ELLE VEUT AINSI DEFINER LES LIMITES DE LA CONNAISSANCE VOIR KANT FONDEMENTS DE LA METAPHYSIQUE DES AMOEURS PAR OLIVIERS DEKENS PRES ET COMMENTAIRE BREAL 2001، P 102.

141.

142. LEO H.HOCK ، LA MARQUE DUTITE ، DISPOSITIFS SEMIOTIQUES DUNE PRATIQUE TEXTUELLE ، MOUTON PUBLISHERS ، THE HAGUE ، PARIS ، NEWYOURK ، 1981.

143. U.ECO: LA RECHERCHE LA STRUCTURE ABSENTE. INTRODUCTION SEMIOTIQUE، PARIS، 1972.

144. UMBERTO ECO. SEMIOTIQUE ET PHILOSOPHIE DU LANGAGE TRAD. MEYRIEM BOUZAHER، PARIS. ED PUF، 1988.

145. UMBERTO ECO.:SEMIOTIQUE ET PHILOSPHIE DU LANGAGE(ED.P.U.F.PARIS)،1988.

146. V.GOLDSCHMIDT: LE SYSTEMM DES STOICIEMS ET PIED DU TEMPS ED.VRIN.PARIS.1969.

147. BENJAMIN HUMPHREY SMART: BEGINNING OF A NEW SCHOOL OF METAPHYSICS، 2004.

148. CHARES MORRIS، WRITING ON THE GENERAL THEORY OF SIGNS(THE HOGUE: MOUTOM. 1971.

149. CHARLES S.PEIRCE: COLLECTED PAPERS: THE BELKNAP PRESS OF HARVARD UNIVERSITY PRESS، CAMBRIDGE، MASSACHUSETTS. 1965.

150. GERARD GENETTER، INTRODUCTION TO THE PARA TEXT، TRANS: MARIE MACLEAN، NEW LITERARY HISTORY، VOL، 22. NO. 2، SPRING 1992.

151. GREENLEE: D: PIERS CONCEPT OF SIGN COLLECTED PAPERS. HARVARD UNIVERSITY PRESS، 1931.

152. HARTMAN، R.R. AND FIC.STORK، DICTIONARY OF LANGUAGE AND LINGUISTICS، APPLIED SCIENCE PUBLISHES، 1972.

153. JOHN LOCK، AN ESSAY CONCERNING HUMAN UNDERSTANDING، ABRIDGED AND EDITED BY A.S.PRINGLE – PATTISON. THE HARVESTER PRESS، NEW JERSEY. 1978.

154. KARL BUHLER، THE KEY PRINCIPLE: THE SIGN – CHARACTER OF LANGUAGE، IN: ROBERT E. INNIS: SEMIOTICS AN INTRODUCTORY ANTHOLOGY، INDIANA

UNIVERSITY. PRESS BLOOMINGTON، 1985.

155. L-HELMSLEY، STRUCTURAL ANALYSIS OF LANGUAGE. IN: JERROLD – KATZ. 2 ED. THE PHILOSOPHY OF LINGUISTICS OXFORD UNIVERSITY، PRESS، 1985.

156. TZVETAN TODOROV، THEORIES OF THE SYMBOL، TEA: CA THEREIN PARTED، CORNELL UNIVERSITY، LTHACA.NEW-YORK.1982.

157. F.DE SAUSSURE:COURS DE LINGUISTIQUE GENERALE E.D.PAYOT،PARIS.1985.

158. CHARLES MORRIS: FONDEMENTDE LA THEORIE DES SIGNES IN LANGAGES N.35، SEPTEMBER 1974. P 15

159. CH.MORRIS. FONDEMENTS DE LA THEORIE DES SIGNES، IN LANGAGES. N.35 SEPTEMBERE.1974.

160. JEAN NE MARTINET، CLEFS POUR LA SEMIOLOGY COP.CITE، VOIR PARIS، 1973.

161. VOIR PLATON، SOPHISTE ،TRED ، EMIK CHAMBRAY IN OCUVRES T،5 ED.GARNIER FRÈRES.PARIS 1939، ET ALAIN REY THEORIES DU SIGNE ET DU SENT LECTURES I، ED ، KILINCKSIECK، PARIS 1973.

162. GEORGE MOUNIN: CLEFS POUR LA LINGUISTIQUE، COLLECTION، CLEFS، 19 EDITIONS، PARIS.

163. CHARLES PERCES. LETTERS TO LADY WALLABY– ED PRELAW. LIED. 1953

164.ROLAND BORTHES: ELEMENTS DE SEMIOLOGIE(COMMUNICATION.N4)،1964 REPRIS DANS R.BARTHES AVENTURE SEMIOLOGIQUE(OP. CITE).P9

165. JACQUES LACAN: ECRITS(ED،SEUIL،PARIS)، 1966.

166.V.GOLD SCHMID: ESSAIS SUR LE CRATYLE.(ED.P.U.F PARIS)، 1969.

167. GREENLEE: PEIRCE S CONCEPT OF SIGN MOUTON، 1973.

168. CH. S PEIRCE :ECRITE SUR LE SIGNE ،(E.D SEUIL)،1978.

169. PIERCE، ECRITS SUR LE SIGNE ، SEUIL ، PARIS ، 1978

170. ARISTOT: LA POETIQUE(E.D SEUIL،PARIS)،1979.

171.G.GENETTE، PALIMPSESTS، COLL. POETIQUE EA.SEUIL، PARIS، 1982.

172.SANDER HARVEY: SEMIOTIC PERSPECTIVES، GEORGE ALLEN، LONDON، 1982.

173.GERARD GENETE، SEUIL، ET SEUIL ، COLL، POETIQUE، PARIS، 1987.

174. GRERARD GENETTE، SEUILS، EDITION DE SEUIL، PARIS، 1987.

175. UMBERTO ECO.: KANT ET LORNITHORINQUE، ED GRASSET، 1997.

176. TIM MURPHY: ELEMENTS OF SEMIOTIC THEORY OF RELIGION LEIDEN: 2003.

**گۆڤارەکان:**

**1- کوردییەکان»**

177.گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ژمارە(10) ساڵی 2003.

178. گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە(20) حوزەیرانی 2007

179. گۆڤاری(سەراب) ژمارە(1) ساڵی(1997)

180. گۆڤاری(کاروان) ژماره(28) ساڵی 1985
181. لەگۆڤاری(کاروان) ژماره(12) ساڵی(1992)
182. گۆڤاری گەلاوێژ،ژ(2-7 28)،ساڵی 2007.

**2-عەرەبیەکان:**

183. مجله أيقونات،العدد(1،2،3)) جامعه معسكر، الجزائر،2011.
184. مجله دراسات أدبيه واللسانييه، العدد(5)، 1986.
185. مجله الثقافه، الجامعه الاردنييه، العدد(56) 2002.
186. مجله الحوار الاكاديمى والجامعى، العدد(1)، السنه(1) يناير 1988.
187. مجله جسر الثقافه،العدد(31)، 9 / مايو / 2011.
188. مجله جامعه دمشق، العدد(2)، 2002
189. مجله الحوليات، العدد(10)،1977
190. مجله السيمياء و النص الادبى، جامعه محمد خيضر، بسكره، العدد(45-) 2002،العدد( 1-516) ابريل 2008.
191. مجله سيميائيات، العدد(1) جامعه وهران، 2005
192. مجله عالم الفكر،العدد(3،1) كويت، مارس، 1996.
193. مجله العرب و الفكر العالمى، بيروت، العدد(3) 1988.، العدد(25)،1998
194. مجله علامات، العدد(8)، 1999.
195. مجله الفكر العربى، بيروت،العدد(2-529)،1982
196. مجله كليه الاداب و العلوم الانسانييه و الاجتماعيه، العدد(23-)، 2008، العدد(6)،2010.
197. مجله الموقف الادبى،، العدد(379) تشرينى الثانى،2002، العدد(397) ايار 2004
198. مجله المعرفه، العدد(127)، دمشق، 1976.

**ڕۆژنامە:**

199. ڕۆژنامەی ڕەخنەی چاودێر، ژمارە(318) 2012/6/18

200. جريده الاسيوس، العدد، 10،2002/11/835.

201. جريده الشروق، العدد(1213)، اكتوبر2004

202. ڕۆژنامەی(العراق) 1988/11/17

**نامەکان:**

**یەکەم: کوردییەکان:**

203. سیمیۆلۆژیای زمانی سۆفیگەری لە شیعرەکانی(مەلای جزیری) دا، کامەران ئیبراهیم خەلیل مشەختی، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، 2007.

**دووەم: عەرەبییەکان:**

204. ابراهيم محمد محمد عبدالرحمن، استدعاء شخصيه الحسين بن على فى الشعر العربى الحديث، رساله دكتورا، جامعه القاهره، 2004

205. احمد حسانى، العلامه فى تراپ اللسانى العربى، رساله دكتورا الدوله، جامعه وهران، 1992.

206. ربعيه رويقى، سيمائيه العلامه فى المسرح الجزائرى، رساله ماجستير، جامعه الحاج الخضر(بانته) الجزائر، 2011.

## النص الشعري الكردي من منظور سيمولوجي
## (1950-1975) الكرمانجية الجنوبية

يتناول هذا البحث علم السيمولوجيا ، باعتباره أحد المناهج النقدية الحديثة مابعد البنيوية ، ومع ذلك فقد استخدم هذا العلم منذ القدم في المجالات المختلفة ، كالمنطق ، الفكر ، اللغة ، الأدب ، النقد ...الخ

ولهذا يولى به اليوم إهتماماً بالغاً ضمن المناهج النقدية الحديثة، ويعزى هذا الأهتمام به إلى كونه منهجاً وافياً وشاملاً ، ومع ذلك فان للفكر السيمولوجي تاريخاً قديماً وجد مع ظهور الفكر والمنطق ، غير انه عرف نفسه من خلال المنطق والعمل الطبي ، بعدئذ خطا خطوات جيدة في عهد الرواقيين واغسطين وجون لوك . طبقاً لهذا اصبح يمتلك تاريخاً طويلا واتجاهاً واسعاً للعمل في المجالات المختلفة ، غير انه غدا علماً مستقلاً في زمن بيرس وسوسير .

وأصبح الأمريكيون يستعملون بفضل بـيرس في دراساتهم كلمة (SEMOTIQE-) للمصطلح بينما استخدم الاوربيون(SEMOLOGE) طبقاً لما أشاعه سوسير .

ان هذه الرسالة محاولة لتحديد وعرض مقام ودور المنهج السيمولوجي وتبيان العلامة وأنواعها في النص ، وطبقت على نماذج (14) شاعراً من جيل 1950 - 1975 وهم (عبدلله كوران ، ديلان ، كامران موكري ، أحمد هردى ، كامل زير ، نور وه شتى ، حسيب قرداغى ، شيركو بيكه س ، عبدلله به شيو ، أنور شاكلى ، جلال ميرزا كريم ، لطيف هلمت ، أنور قادر محمد ، سواره ).

وقد وزعوا على أربع مراحل : المرحلة الأولى 1950 1958- ، المرحلة الثانيية 1958 - 1961 ، المرحلة الثالثة -1961 1970 ، المرحلة الثالثة -1970 1975 لذا تضمن البحث ثلاثة فصول ومحاور : الفصل الأول الذي يتكون من ثلاثة محاور ، المحور الأول يتناول مفهوم وتعريف السيمولوجيا وكمدخل تعريفي استعرض الباحث تعريفات مختلفة ، ثم سلط الضوء على تاريخ السيمولوجيا إبتداءاً من اليونان ، الرواقيين ، بيرس وسوسير ، روسيا ، بريطانيا ، والجهود عند العرب والكرد ) عقب ذلك تناول الباحث مواضيع سيمولوجية (المنطق ، اللغة ، الأدب)

وفي المحور الثاني ، تم الحديث عن المدارس السيمولوجية وهي (الأمريكية ، الفرنسية ، الروسية ، الأيطالية ) وفي المحور الثالث تناول الباحث مناهج التفسير السيمولوجي للأدب .

وتناول في الفصل الثاني أنواع العلامة في نصوص الشعراء ، ومن أجل توضيح ذلك ألقي الضوء على تعريفات متنوعة للعلامة ، ووجودها لدى كل من (بيرس ، سوسير ، اوكدن وريجارد ، موريس ) ووضحت عناصر العلامة (الايقون ، ايندیکس ، الرمز ) وفق أربع مراحل وذكر أمثلة لكل من هذه العناصر .

وخصص الفصل الثالث لأنواع السيمولوجيا في نصوص الشعراء ، ولتوضيح ذلك تناول الباحث سيمولوجيا العنوان ، سيمولوجيا الشخصية ، سيمولوجيا الصورة الشعرية ، سيمولوجيا المكان .

## THE TEXT OF KURDISH POETRY FROM SEMIOLOGY PERSPECTIVE

1950 - 1975 SOUTH KIRMANJ

THIS THESIS DEALS WITH THE SCIENCE OF SEMIOLOGY، REGARDING SEMIOLOGY IS ONE OF THE NEW CRITICAL METHODS AFTER STRUCTURALISM ،BESIDES ALONG HISTORY IT AFFECTED THE DIFFERENT FIELDS SUCH AS LOGICS، THOUGHT، LANGUAGE، LITERATURE، CRITICISM، ETC. THAT›S WHY THIS METHOD HAS AN IMPORTANT VALUE IN THE MODERN CRITICAL METHODS TODAY ، AND THIS VALUE COMES FROM THE GENERALIZATION OF THIS METHOD ; FURTHERMORE، THE IDEA OF SEMIOLOGY IS A THOUGHT WHICH HAS A VERY ANCIENT HISTORY AND IT EXISTED WITH THINKING AND LOGICS. BUT IT INTRODUCED ITSELF THROUGH MEDICAL WORKS. THEN IT SKIPPED A GOOD STEP IN THE ERA OF THE STOICS، AGOSTINDA AND JOHN LOCKE. ACCORDINGLY IT BECAME THE OWNER OF A LONG HISTORY AND A WIDE DIRECTION OF WORKING IN THE DIFFERENT FIELDS. BUT IN THE ERA OF PERRSE AND SAUSSURE IT BECAME AN INDEPENDENT SCIENCE AND SEPARATED FROM THE OTHER SCIENCES. THAT›S WHY THE AMERICANS USE THE WORD(SEMIOTIQUE) DUE TO

PERSSE›S TERM، AND THE EUROPEANS USE THE TERM OF( SEMIOLOGIE ) OF SAUSSURE.

THIS THESIS IS AN EFFORT TO IDENTIFY AND DISPLAY THE LOCATION AND THE ROLE OF SEMIOLOGY METHOD ، AND FINALLY THE SIGNS AND THE SORTS OF SIGNS IN THE TEXT. FOR THIS PURPOSE( 14 ) POETS ARE USED BETWEEN THE YEARS 1950 – 1975، THEY ARE( GORAN ، DILAN ، KAMARAN MUKRI ، AHMAD HARDI ، KAMIL ZHEER ، NURI WASHTI ، HASSIB QARADAKHI، SHERKO BEKAS،ABDULLA PASHEW ، ANWAR SHAKALI ،JALALI MERZA KARIM ، LATIF HALMAT، ANWAR QADIR MUHAMAD، SWARA ) AND DIVIDED ON FOUR STAGES THAT ARE : FIRST STAGE 1950- 1957. SECOND STAGE 1958-1963. THIRD STAGE 19641969-. FOURTH STAGE 1970- 1975. THAT›S WHY THE THESIS CONSISTS OF THREE CHAPTERS. THE FIRST CHAPTER CONSISTS OF THREE TOPICS. FIRST WHICH DEALS WITH THE CONCEPT AND DEFINITION OF SEMIOLOGY، AND FOR THIS PURPOSE AS AN ENTRY TO INTRODUCE THE THESIS SOME DIFFERENT DEFINITIONS ARE DISPLAYED. THEN THE HISTORY OF SEMIOLOGY IS DISCUSSED AND FOR THIS PURPOSE THE HISTORY OF(GREEKS، STOICS، PERRSE، SAUSSURE ، RUSSIA ، BRITAIN ،ARABS، KURDS ) IS DISCUSSED. LATER THE SUBJECTS OF SEMIOLGY WHICH ARE : LOGICS، LINGUISTICS ، AND

LITERATURE ARE DISPLAYED. IN THE SECOND TOPIC ، THE SCHOOLS OF SEMIOLOGY ARE DISCUSSED WHICH ARE : AMERICAN، FRENCH ، RUSSIAN ، AND ITALIAN. THEN IN THE THIRD TOPIC ، THE EXPLANATORY METHODS OF LITERATURE SEMIOLOGY ARE DISCUSSED WHICH INCLUDING THE METHODS OF EXPLANATION OF SEMIOLOGY ، DIVISIONAL EXPLANATION، METHODS OF TELQUEL ، METHODS OF LOTTMAN AND THE METHODS OF MODERN SEMIOLOGY.

SECOND CHAPTER DEALS WITH THE SORTS OF SIGNS IN THE POEMS OF THE POETS AND FOR THIS PURPOSE NUMEROUS DEFINITIONS OF SIGNS ARE DISPLAYED. THEN ،SIGNS AT EACH OF( PERSSE، SAUSSURE، OGDEN ،RICHARDS، MORRIS ) ARE IDENTIFIED. THEN THE ELEMENTS OF SIGNS WHICH ARE( ICON ،INDEX، SYMBOLS ) ، ACCORDING TO THE FOUR STAGES AND EXAMPLES ARE GIVEN TO EACH OF THESE ELEMENTS OF SIGNS.

THIRD CHAPTER DEALS WITH THE SORTS OF SEMIOLOGY IN THE POEMS OF POETS، FOR THIS PURPOSE( SEMIOLOG OF TITLE ، SEMIOLOGY OF PERSONALITY، SEMIOLOGY OF POETIC IMAGES، SEMIOLOGY OF PLACE ) ARE DISCUSSED ANDACCORDING TO THE STAGES EXAMPLES OF POEMS OF THE POETS ARE GIVEN.

**پێڕستی نوسەرەکان:**

1.جۆن لۆك(JOHM LOCKE/632-1/8/29 1704/10/28)، فەیلەسوفی تەجریبی و بیرمەندی سیاسی ئینگلیزی.

2.سۆسێر(FERDINAD DE SAUSSUR/7-185/11/26 /2/22، 1913 ژنێف(ژنۆ) لەدایك بووە، زانای زمانەوانی سویسری و دامەزرێنەری قوتابخانەی زمانەوانی بونیادگەری. لە لایپزیك و پاریس خوێندویەتی(18-911881)،لەماوەی(10) ساڵ( سۆربۆن سەرقاڵی وانەوتەوە بووە، 1906 بەشی زماناسی گشتی لەزانکۆی ژنێف گرتە دەست، 190-61911 سێ خولی لەبارەی وانەی زمانی وتوەتەوە، دوایی لەساڵی 1916بەناوی(وانەیەك لەبارەی زمانەوە) بڵاوکرایەوە.

3.سمارت بنجامین همفری(SMART BENJAMIN HUMPHREY)175-6 1872 زانای رێزمان و دەنگ ودەربڕینی زمانی ئینگلیزی و کاری لەسەر گوتار کردوە

4.چارلس ساندرس پێرس((CHARLES SANDERS PEIRCE 183/9/10-9 1914/4/19 زانای پراگماتی و سیمیۆلۆژی ئەمریکی. هەندێ کات بە فەیلەسوفی سەدەی بیست ناودەبرێت، ئەمەش بەبەڵگەی ئەوەی بەقووڵی بیرکردنەوەکانی وایکردوە دەرگای بۆ چەندین زانستی جیاوازکردوەتەوە، لەکاتی مردنیدا(80000) لاپەڕە دەستنوس بەجێهێشت و ژنەکەی تەواوی دەستنوسەکانی فرۆشت بەزانکۆی هارفارد.

5.-کارل بوهلیر(187/5/27-1963/10/924) زانای زمانەوانی و دەروونناسی ئەڵمانی،چوار کارنامەی بۆ زمان دەستنیشانکرد(- کارنامەی گوزارشتی هەڵچونی کە پەیوەستە بە نێرەرەوە.- کارنامەی کاریگەریەتی کە پەیوەستە بە دوێنراوەوە.- کارنامەی نوێنراوی(التمپیلیه) کە پەیوەستە بە کانگاوە.- کارنامەی پاساوداری(الوڤیفه الحجاجیه)

6.ئەلخیرداس جولیان گریماس((ALGIRDAS JULIEN GREIMAS 191-7 1992 زانای زمانەوان و سیمیۆلۆژی روسی بەرەگەز لیتوانی،

لـەسـاڵـی1949دکـتـۆرای لـەزانـکـۆی سـۆربـۆن هـێـناوە، لەشارەکانی ئەسکەندەرونە،ئەنقەرە، ئەستنبول، وانەی وتوەتەوە.

7.جوزیف ری دوبـوف(9-192/11/JOSEFFE REY- DEBOVE)16 2005/2/22 ژنە زانای فەرهەنگی(معجمی) و سیمیۆلۆژی فەرەنسی.

8.ئەمبرتۆ ئیکۆ(1932/1/UMBERTO ECO)5 فەیلەسوف و رۆماننوسی ئیتالی و لێکۆڵەری سەدەکانی ناوەڕاست.

9.رۆلان بـارت(5-191/11/ROLAND BARTHES) 12 1980/3/25 فەیلەسوف و رەخنەگری ئەدەبی، دەلالی و تیۆرسینی کۆمەڵایەتی فەرەنسی

10.پییر گیرۆ(2-191/9/PIERRE GUIRAUD)26 1983/2/2 زانای زمانەوانی فەرەنسی.

11.ئانیسیدیمۆس فەیلەسوفی گوماناوی یۆنانی، لە کنوسوس لە دورگەی کریت لەدایکبووەو لە سەدەی هەشتەمی پێش زاین ژیاوە.

12.دوگـلاس گرینلی(193 51979-DOU GLAS GREENLEE) فەیلەسوفی ئەمریکی

13.جۆن دۆنس سکوت(JOHN DUNS SCOTS)فەیلەسوفی لاهوتی ئوسکوتلەندی

14.ژولیا کریستڤا(1941/7/JULIA KRISTEVA) 24 زانای زمانەوان و ئەدەبیات و دەرووناس و فەلسەفەی فێمێنیزمی فەرەنسی بەڕەگەز بولگاری

15.قەشە سان ئۆگەستین(54-3/11/AUGUSTANS)13 430/8/28 قەشەی کڵێسا بووەو کاری لەسەرلاهوتی و فەلسەفە کردوە.

16.ئارنست کاسیرەر(1-8741945 فەیلەسوفی ئەڵمانی و مێژوونوسی فەلسەفی.

17.ئەمیل بێنڤێنست(2-190/5/EMIL BENVENISTE) 27 1976/10/3 زانای زمانەوانی و سیمیۆلۆژی فەرەنسی.

18.مایکل ئەلکسەندەر کیرکەگورد هالیدای، 1925/3/13

19.ابن منظور(12-321311ز) نوسەرو مێژونوس و زانای فیقهی ئیسلامی و زمانی عەرەبی.

20.جاکوب یوهان فون ئۆکسکول(8 (JAKOBVON YEXKULL/1/9-
864 1944/7/25 زانای زیندەوەرماسی ئەڵمانی.

21.تۆماس ئەلبێرت سیبوك(SEBEOK/11/1920-2001/12/21)9 زانای سیمیۆلۆژیای ئاژەڵناسی ئەمریکی بەڕەگەز مەجەڕی.

22.جیـرداس جولیان گریماس 191-7 1992 بیرمەندی سیمیۆلۆژی فەرەنسی بەرەگەز لیتوانی.

23.میشیل ئاریڤی MICHEL ARRIVE/12/1936 7 زانای زمانەوانی فەرەنسی.

24.S 1930 کلود شابرول C.CHABROL)-2010رەخنەگری سینەمایی و دەرهێنەری فەرەنسی.

25.ڤلادیمێر بروب 985-1/4/29 1970/8/22 زانای بونیادگەری رووسی.

26.(جان جاك ناتیی 12/(JEAN JACQUES NATTIERZ/1945 کار لە سیمیۆلۆژیای میوزیکدا دەکات لە کەنەدا

27.یوری لوتمان 1922/2/28 – 1993/10/28 لێکۆڵەری ئەدەبی و زانانی ئاماژەکان، لە زانکۆی تارتۆ کاریدەکرد و دامەزرێنەری قوتابخانەی تارتۆی سیمیۆلۆژییە،یەکەم بونیادگەری روسییە بەهۆی زوو نوسینی وتارەکانییەوە.

28.فیلیپ سۆلرز (FHILIP SOLLERS/11/1936)28 نوسەرو رەخنەگری فەرەنسی

29.مایك هوارد ئـابـرامـز(23 (M.H.ABRAMS/7/1912) رەخنەگری ئەمریکی و بەوە ناسراوە کە کاری لەسەر رۆمانسییەت کردوە.

30.لویس هیلمسلیف(LOUIS HJELMSLEV/10/189-9 1965/4/30)3 زانای زمانەوانی دانیمارکی.

31.ئارنست کاسیرر 1874 1945- فەیلەسوف ومێژونوسی فەلسەفی، سەر بە قوتابخانەی(ماربورج)ی فەلسەفەی کانتی نوێ.

1.32 (ROSSI LANDI-9211985زانای سیمیۆلۆژی و فەلسەفەی زمان و ئابوری و سیاسی وئەنسرۆپۆلۆژی روسی

# بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| ژ | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆرش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان رووف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە  جان جاك رۆسۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت | عوسمان حەمە رەشید | | 2014 |
| 18 | ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و  شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمات رووف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە درێدا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجد خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماو تسی تۆنگ | فازل حسێن مەلا رەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانی | ستران عەبدوڵلا | | 2014 |
| 29 | گەندەڵی | سابیر عەبدوڵلا کەریم | | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێك نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | ئەنوەر حسێن  شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | رێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 35 | گروپی قەیرانی چارەسەری پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیا و پەکەکە | ماجید خەلیل | | 2015 |
| 36 | گۆڕینی رژێم و شۆڕشەکان ئەو روداوانەی سیستمی سەدەیەکیان سڕییەوە | سەجعان میلاد ئەلقزی | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2015 |
| 37 | ئاشنابوون بە بێرکلی | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 38 | ئاشنابوون بە باشلار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 39 | ئاشنابوون بە دیکارت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 40 | ئاشنابوون بە هایدگەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 41 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 42 | ئاشنابوون بە جیل دۆڵۆز 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 43 | ئاشنابوون بە هانا ئارێنت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 44 | ئاشنابوون بە هیگڵ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 45 | ئاشنابوون بە سارتەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 46 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 47 | ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 48 | ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەك | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 49 | ئاشنابوون بە مارکس 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 50 | ئاشنابوون بە مارکس 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 51 | ئاشنابوون بە مارکس 3 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 52 | ئاشنابوون بە مارکس 4 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 53 | ئاشنابوون بە مارکس 5 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 54 | ئاشنابوون بە مارکس 6 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 55 | ئاشنابوون بە مارکس 7 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 56 | ئاشنابوون بە مارکس 8 | جەلال حەمید | | 2015 |
| 57 | بۆچی مارکس لە سەرحەق بوو؟ | تێری ئیگڵتۆن | پێشڕەو محەمەد | 2015 |
| 58 | خەوتن لەگەڵ شەیتان | رۆبێرت بایەر | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |
| 59 | ئاشنابوون بە فیورباخ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 60 | ئاشنابوون بە تۆماس مۆر | وریا غەفووری | | 2015 |
| 61 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 62 | ئاشنابوون بە گرامشی 1 | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 63 | ئاشنابوون بە گرامشی 2 | ئومێد عوسمان | | 2015 |
| 64 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 65 | ئاشنابوون بە دیموکراسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 66 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 67 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 68 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 3 | مستەفا زاهیدی | | 2015 |
| 69 | ئاشنابوون بە ئەرکون | د.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد | | 2015 |
| 70 | ئاشنابوون بە فۆکۆ | جەبار ئەحمەد | | 2015 |
| 71 | ئاشنابوون بە ئەکیونی | ماجید خەلیل | | 2015 |
| 72 | ئاشنابوون بە ئەنگڵس | ئارۆ هەورامی | | 2015 |
| 73 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 74 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 75 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 3 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 76 | ئاشنابوون بە جاك لاکان | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 77 | ئاشنابوون بە لایبنتز | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 78 | ئاشنابوون بە میکاڤیلی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 79 | مارکس کێ بوو؟ | د. عبدلعلی مقبل | مەجید مارابی جەواد حەیدەری | 2015 |
| 80 | حَركَة الحَداثَة في الشِعر الكُردي | د. سَرْوَر عَبدُالله | | 2015 |
| 81 | فیتنە | هشام جعیط | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 82 | داعش و میلیشییاکان | ئەنوەر حسێن | | 2016 |
| 83 | ئاشنابوون بە پۆڵ ریکۆر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 84 | ئاشنابوون بە ئاڵتۆسێر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 85 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | 2016 |
| 86 | ئاشنابوون بە پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 87 | ئاشنابوون بە دۆرکهایم | ئارام مەحمود - دانا لەتیف جەلال | 2016 |
| 88 | ئاشنابوون بە دریدا | ئارام مەحمود | 2016 |
| 89 | ئاشنابوون بە لیوتار | ماجد خەلیل | 2016 |
| 90 | ئاشنابوون بە لینین1 | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 91 | ئاشنابوون بە لینین2 | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 92 | ئاشنابوون بە ترۆتسکی | پێشڕەو محەمەد | 2016 |
| 93 | ئاشنابوون بە بێرتراند راسڵ | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 94 | ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم1 | ب- لیڤا | 2016 |
| 95 | ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم2 | ب- لیڤا | 2016 |
| 96 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 97 | ئاشنابوون بە رۆزا لۆکسۆمبۆرگ | ئاکام بەسیم | 2016 |
| 98 | ئاشنابوون بە رۆزا لۆکسۆمبۆرگ | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 99 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | شاسوار کەمال | 2016 |
| 100 | ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم1 | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 101 | ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم2 | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 102 | ئاشنابوون بە مانیفێستی حزبی کۆمۆنیست | موصلّح شێخ ئیسلامی | 2016 |
| 103 | سێگۆشەی گڕگرتوو | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 104 | دەروازەیەك بۆ ناسینی جەنگ | هەڵگورد جەلال | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 105 | گەشتی دوورودرێژی ئەتۆمی ئێران تێوون و مەترسییەکان | سۆران عەلی | 2016 |
| 106 | دەرهاویشتە ئەمنییەکانی چەتەکانی دەریا لە باشوری خۆرهەڵاتی ئاسیا | هەڵگورد جەلال | 2016 |
| 107 | خەبات لە پێناو فرەییدا دوای شۆڕشەکانی باکوری ئەفریقیا | سۆران عەلی | 2016 |
| 108 | جوڵانەوەی ئەمازیغی و دینامیکیای ژیانی سیاسی لیبیا | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 109 | نەوت و گازی شیلی ئەمەریکا و ئاکامە جیۆپۆلەتیکەکانی | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 110 | کۆچ لە جیهانێکی بێئۆقرەدا | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 111 | چین و سیستەمی بازرگانیی جیهانی | بابان ئەنوەر | 2016 |
| 112 | چەتەکانی دەریا لە باشوری خۆرهەڵاتی | هەڵگورد جەلال | 2016 |
| 113 | ئومێدی خۆرەتاوی من | سەرهەنگعەبدولڕەحمان | 2016 |
| 114 | ئازدی و خیانەت لە ئازادی | ئەرسەلان حەسەن | 206 |
| 115 | فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی رەوتە ئیسلامییەکان | فوئاد مەجید میسری | 2016 |
| 116 | کوردو ئیسلام لە یەکتربڕدا | نەوزاد جەمال | 2016 |
| 117 | کارڵ مارکس و لیۆن ترۆتسکی | بابان ئەنوەر | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 2016 | بژار سەردار | مارکسیزم لە هەزارەی سێیەمدا | 118 |
| 2016 | مەریوان هەڵەبجەیی | چوار سندوق | 119 |
| 2016 | مەریوان هەڵەبجەیی | گفتوگۆ | 120 |
| 2016 | مەریوان هەڵەبجەیی | سەڵتەکان | 121 |
| 2016 | مەریوان هەڵەبجەیی | چیرۆکی ورچەکانی پاندا | 122 |
| 2016 | مەریوان هەڵەبجەیی | وردەتاوانەکانی ژیانی هاوسەرێتیی | 123 |
| 2016 | د. کەیوان ئازاد ئەنوەر | کوردو مێژووی جەژنی نەورۆز | 124 |
| 2016 | ساراڵ فەهمی شەریف، هێمن تاهیر | ئەو شتانەی لێیان بێدەنگ بووم | 125 |
| 2016 | سۆران سێوکانی | چۆن ئیسلامی میانڕەو دەبێتە کارگەی بەرهەمهێنانی تیرۆر؟ | 126 |
| 2016 | یاسین محەمەد عەلی - هێمن تاهیر | ئومێد بە زیندویی بهێڵەرەوە | 127 |
| 2016 | سۆران عەلی | باوەڕدارە تیرۆریستەکە | 128 |
| 2016 | پێشڕەو محەمەد و هێرۆ خوسرەوی | پێغەمبەر و پرۆلیتاریا | 129 |
| 2016 | بابان ئەنوەر | مارکسیزم چۆن کار دەکات | 130 |
| 2016 | شاسوار کەمال | ئامانجی فەلسەفە | 131 |
| 2016 | عادل عەلی | پرسی ژن | 132 |
| 2016 | ئەکرەم میهرداد | چەپی نوێ | 133 |
| 2016 | فەرشید شەریفی | نامیلکەی لێبوردەیی | 134 |
| 2016 | ستران عەبدوڵلا | یاداشتەکانی جەنگ | 135 |
| 2016 | دڵشاد محەمەد - هێمن تاهیر | ژنێك لەنێو سەردەستەی میلیشیاکاندا | 136 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 137 | مارکس و رەخنەی سیاسەت | هاوار محەمەد | 2016 |
| 138 | لەبڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان | یوسف محەمەد بەرزنجی | 2016 |
| 139 | فەلسەفە لەئێستادا | دانا شوانی | 2016 |
| 140 | تیۆری زانینی زانستییانە | دکتۆر حەمید عەزیز | 2016 |
| 141 | مارکس و ئازادی | دانا شوانی | 2016 |
| 142 | شرۆڤەی ئەفسانەی سیزیف | ئیسماعیل ئیسماعیل زادە | 2016 |
| 143 | سەلەفییەت لەکوردستانی ئێران | ماجد خەلیل | 2016 |
| 144 | هەژموونی نەوت | سۆران عەلی | 2016 |
| 145 | دەوڵەت | سمکۆ محەمەد | 2016 |
| 146 | مێژووی ئابوری جیهان | محەمەد چیا | 2016 |
| 147 | لەتوڵەیتوڵەوە بۆ ناوزەنگ | خەڵەف غوفوور | 2016 |
| 148 | پارت و رێکخراوە سیاسییەکان لە تورکیا | محەمەد فاتح | 2016 |